ئەلیف شەفەق

# شەڕەف

رۆمان

و. لە ئینگلیزییەوە:
شەفیقی حاجی خدر

ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
ژمارەی بڵاوکراوە: 250

# شەڕەف

**بابەت:** ڕۆمان

**نووسینی:** **ئەلیف شەفەق**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزی:** شەفیقی حاجی خدر

**تایپ:** وەرگێڕ

**دیزاینی ناوەوە:** عةلی خةلیل هیدایةت مام شیَخ

**بەرگ:** ئاکار جةلیل کاکةوةیس

**چاپی یەکەم:** 2015

**شوێنی چاپ:** ضاثخانةی ڕۆذهةلآت/هةولیَر

**تیراژ:** (**1000**) دانة

**نرخ:** (**10000**) دینار

**لە بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (649) بۆ ساڵی 2015 پێ دراوە**

ناوەندی ئاوێر
بۆچاپ و بڵاوکردنەوە
ناونیشان:هەولێر-پشت پارێزگا-بەرانبەر دەرگای قەڵات

ژمارەی مۆبایل: 07504209495 - 07504242101

ئیمەیڵ : Nawendi.awer@yahoo.com
فەیس بووک: www.facebook.com/nawendi Awer

## یەک دوو قسەی وەرگێڕ

نوسـەری ئەم رۆمـانە تـا ئێسـتا ١٣ کتێبـی بڵاوکـردونەتەوە، نـۆ لەو کتێبانە رۆمانن. کتێبەکانی لە زیاتر لە ٤٠ وڵاتدا چاپ و پەخش بـوون، بـۆیە زۆر لەوە ناسـراوترە مـن لێـرەدا وەک وەرگێڕێـک بە خـوێنەرانی بناسێنم. لەنێو ئەو چل وڵات و زمانانەشـدا دوو کتێبـی وەرگێـڕدراونەتە سەر زمانی زگماکیمان، کە (چل رێساکەی عەشق) و (گوڵی ساردۆنیا)یە، شایانی باسە چل رێسـاکە دووجـار و لەلایەن دوو وەرگێـڕی بە توانـاوە کراوەتە کوردی.

(شەڕەف) هەشتەم رۆمانی ئەلیف شەفەقە، کە بە ئینگلیزی نوسـیبێتی و دواتـر وەرگێـڕدراوەتە سـەر تـورکی و بەنـاوی پاڵەوانەکەی(ئیسکەندەر) بڵاوکراوەتەوە.

ئەلیـف شـەفەق لە رۆمانەکانیـدا قەڵەمێکـی بـوێری هەیە، پرسـگەلێگ لەنێو کۆمەڵگای تورکیای وروژاندووە، کە مـاوەیەک بەر لە ئێسـتا بـڤە بــووە، وەک باسـکردن لە ئەرمەن و کـورد. رۆمــانی "بیژمـۆتەکەی ئەسـتەمبۆل" لەسـەر ئەرمەن و ئەمەشـیان تـایبەتە بە خێزانێکـی بە ڕەچەڵەک کورد.

لە مـاڵپەڕە فەرمـیەکەی خۆیـدا، وا باسـی رۆمـانی شـەڕەف دەکـا؛ "رۆمـانەکە دەمەتەقێیەکـی گەرمـی سـەبارەت بە خێزانـی تـورکی، بە خۆشەویستی، ئازادی، دەربازبوون لە پیاوسـالاری داهێنـا. لە هـاوینی ٢٠١٣ خەڵاتی Prix Relay des voyageursی لەفەڕەنسا بەدەستهێنا، بەربژاریش بوو بـۆ پاداشـی خەڵاتـی ئەدەبـی پیـاوی ئاسـیایی لە ٢٠١٢، خەڵاتی ژن بۆ فیکشن لە ٢٠١٤ و پاداشی نێودەوڵەتی دبلنی ئەدەبیات لە ٢٠١٤دا. "

شەڕەف...........................................................

ئەم خەڵات و پاداشتانەی سەرو تایبەتن بە رۆمانی "شەڕەف" دەنا لەسەر بەرهەمەکانی دیکەی، خەڵات و پاداشتی زیاتری وەرگرتووە.
من نامەوێ ئەم کورتە پێشەکییەم درێژبکەمەوە، با راستەوخۆ خوێنەری بەڕێز رۆمانەکە بخوێنێتەوە، بەڵام پێمباشە لێرەدا دوو تێبینی بنوسم:
یەکەمیان: رۆماننوس جۆرە تەکنیکێکی تێکچڕژاوی لەم رۆمانەدا بەکارهێناوە، جیاوازە لە رۆمانەکانی دیکەی، لەکاتی خوێندنەوەیدا هەندێ لێوردبوونەوەی دەوێ، هەر بۆیەشە وەک دەقە ماکەکەی خۆی رەچاوی خاڵبەندی و چۆنیەتی گۆڕانی شێوە فۆنتی تایپکردنەکەم کردووە.
دووهەمیان: نوسەر لەبەر ئەوەی دوو کاراکتەری سەرەکی رۆمانەکە بە دایباب کوردن و ئەوانی دیکەش تێکەڵەی کورد-تورکن، بۆیە لەهەندێ شوێندا یەکدوو وشە و دەستەواژەی کوردی بەکارهێناوە، منیش دەق وەک خۆیم نوسیونەتەوە و لە شوێنی خۆشیدا ئاماژەشم پێکردووە.
ئەوەندە ماوەتەوە لە کۆتاییدا وەک هەموو جارێک کە لە کتێبێک دەبمەوە، وەنەبێ هەر لە ئەرک و ماندوبوونیدا تەنها بم، بەڵکو کەسانی دیکەشم پێوە سەرقاڵ کردووە. بۆیە سوپاس و پێزانینی ئەمجارەشیان بۆ کاک لوقمان شلانی، کە لەگەڵم ماندوو بوو، سەرەتا بە نیوەی دەستنوسەکەمدا چۆتەوە و کۆمەڵێ هەڵەی تایپی بۆ لێگرتووم، هەروەها کاک هەندرێن مارف جێژنەش هەندێ لەو ماندوبوونەی بەرکەوتووە.
مامۆستا محەمەد نەبیش بۆجاری دووهەم بە سەرجەم کتێبەکەدا چۆتەوە، بە سەلیقە و زمانزانیی خۆیەوە هەم فلتەرێکی باشی هەڵەچن بووە هەم لە کۆمەڵێ لایەنی زمانەوانیشدا ئاگاداری کردومەتەوە.
هەروەک هەمیشەش پشودرێژیی هاوسەرەکەم، کنێر جەمیل خەیلانی و کاکە(ڕا)ی جگەرگۆشەم، یاوەر و هاندەری بەدیهێنانی کارەکەم بووە.
ئیدی خوێنەری خۆشەویست، هیوادارم لە ڕێی ئەم وەرگێڕانەدا چێژ لە خوێندنەوەی "شەڕەف" وەربگری.

وەرگێڕ
هەولێر، ١٣-٠٩-٢٠١٥

## ئەسما

لەندەن، ١٢ سیپتێمبەر ١٩٩٢

دایکم دوو جاران مرد. بەڵێنم بەخۆم دابوو، لێنەگەڕێم چیرۆکەکەی فەرامۆشبکرێ، لێ گەلۆ هەرگیز نەکاتم دۆزیەوە و نە توانستی ئازایەتیش تا سەربردەکەی بنوسمەوە. ئەمە وابوو، تا ئەم دواییانە. پێموانییە هەرگیز ببمە نوسەرێکی راستەقینە، هەنوکەش ئەوە زۆر راستە. من گەیشتومەتە تەمەنێک، زیاتر لەپاڵ سنورداری و شکستیەکانم لێم پاڵداوەتەوە. بەڵام خۆ هەر دەشبێ چیرۆکەکە بگێڕمەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ یەک کەسیش بێ. دەبێ گێڕانەوەکەشم بۆ هەندێ گۆشەی ئەم دنیایە بنێرم، دوور لە ئێمە، تا ئازادانە باڵبگرێ. من ئەو ئازادییە قەرزباری دایکم. هەر دەشبێ ئەمساڵ تەواوی بکەم. بەر لەوەی ئەو لە زیندانەکەی ئازاد بکرێ.

لەماوەی چەند سەعاتێکی کەمدا حەلوای کونجیم لە نێو فڕنی دەرهێنا و لەسەر سینیەکەم دانا تا سارد ببێتەوە، ماچێکیشم لە هاوسەرەکەم کرد، واشم خۆنمایش کرد، سەیری نێو چاوەکانی نەکەم، نەبادا نیگەرانییەکانی تێدا ببینم. ئەوسا لەگەڵ کچە جمکەکانم، کە حەفت ساڵان بوون، هەر چوار خولەکیش نێوانیان بوو، بۆ ئاهەنگێکی لەدایکبوون لەماڵ دەرچووم. ئەوان لەڕێگادا هەر شەڕوهەرایان بوو، کەچی بۆ چرکەساتێکیش بێ بەسەرمدا نەقیژاندن. ئەوانیش لەوە واق وڕماوبوون، تۆبڵێی خەندەلێویک(لیبوکێک) لە ئاهەنگەکە بێ، یاخود لەوەش باشتر بەڵکو جادوگەرێکی لێبێ.

'وەک هاری هودینی،' من وامگوت.

'هاری کێ؟'

'هو دینی،' ئەو وایگوت، 'ئەریٚ تۆ گێلی!'
'دایکە، ئەریٚ ئەو کێیە؟'
ئەوەش مایەی ئازارە، وەک ئەوەی زەردەواڵەیەک پێتەوەبدا، نەوەک هەر لەسەر پێستەکە بەڵکو زورانەوەکە لەناوەوە بێ. من لەوە تێدەگەم و زۆر بۆنەی دیکەشم تێپەڕاندووە، ئەوان حەشتەبایان لەبارەی مێژوی خانەوداکەی خۆیان نەدەزانی، چونکە زۆر کەمم لەبارەوە بۆ باسکردبون. رۆژێک دێ، ئەوان و منیش بۆ گێڕانەوەکەی ئامادەبین.
دوای ئەوەی کچەکانم دانان، هەندێ قسەم لەگەڵ چەند دایکێک کرد، کە لەوێ بوون. ئاگاداری خانەخوێی ئاهەنگەکەشم کرد، ئاخر کچێکم حەساسییەی بە کاکڵ هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەیەک جیاکردنەوە و ناسینەوەیان ئاسان نەبوو، بۆیە داوام لێکردن کاکڵ نزیکی خواردنی هیچ کامێکیان نەکەن، بە کێکی لەدایکبوونیشەوە. هەرچەندە هەندێ نادادییش بوو بەرامبەر کچەکەی دیکەمەوە، بەڵام لەنێوان خوشکە جمکەکان هەندێک شت هەر رودەدا، مەبەستم هەندێ نادادپەروەریی هەر رو دەدا.
ئەوسا گەڕامەوە لای ترومبێلەکەم، ئاستین مۆنتێگیۆیەکی سوربوو، من و هاوسەرەکەم بە نۆرە لێمان دەخوڕی. گەشتی لەندەن بۆ شریۆزبێری Shrewbury سێ سعات و نیوی پێدەچوو. دەبووایە بەر لەوەی بگەمە بێرمنگهام کەمێک بوەستم. رادیۆشم بەردەوام دەکردەوە، بەڵکو تارمایی مۆتەکەکان بە موزیک بڕەوێنمەوە.
خۆ زۆر جاری وا هەبوو بیرم لەوە دەکردەوە، ئەو بکوژم. نەخشەیەکی پڕ وردەکاری پەیوەندیدار بە دەمانچە، ژەهر، یان لەوەش باشتر خەنجەرێک و هۆنینەوەیەکی دادپەروەرانە و شتی لەو جۆرەشم دادەڕشت. هەروەها بیرم لە لێبوردنیش کردبووەوە، لێخۆشبونێکی راست و سەرتاسەری. لەکۆتاییشدا بە هیچیان نەگەیشتم.

❖

کاتێکیش گەیشتمە شریۆزبێری، ترومبێلەکەم لە بەردەم وێستگەی شەمەندەفەردا راگرت، بە پێیان پێنج خولەک تا باڵەخانە پیس‌وپۆخڵەکەی زیندانەکە رۆیشتم. لە شەقامەکە پەڕیمەوە، پاڵم بە دیوارە سەرەکیەکە دابوو، چاوەڕێی ئەو بووم بێتەدەر. نەشمدەزانی چەندی پێدەچێ. هەروەها ئەوەشم نەدەزانی ئاخۆ بە بینینی من چ

کاردانەوەیەکی دەبێ. زیاتر لە ساڵێک دەبێ سەردانم نەکردبوو. پێشتر بەردەوام سەرم لێدەدا، کاتێکیش رۆژی بەردانەکەی نزیکتر دەبووە، ئیدی لە خۆوە لەسەردانکردنی وەستام.
خۆ دەرگا قەبەکە لەناوەوە هەر دەکرێتەوە، ئیدی ئەوی لێدەردەکەوێ. چاوێک بەرەو ئاسمان بەرزدەکاتەوە، ئاخر چواردە ساڵە دوای دەستگیرکردن، ئەو ئاسمانی بەرفراوانی لەسەر سەری خۆی نەبینیوە. بێنە بەرچاوی خۆت هەروەک بونەوەرێکی نێو تاریکایی چاوی لەبەر تیشکی رۆژدا هەڵنایەت. لەوکاتەدا وەستابووم، لەبەر خۆم تا دە یان سەد یاخود سێ هەزارم ژمارد. ئێمە نەماندەویست یەکدی لە ئامێز بگرین. نەماندەویست دەستی یەکیش بگوشین. ئاماژەیەکی بێدەنگ و سڵاولێککردنێکی سەرزاریی بە دەنگێکی تاساوەوە. کاتێکیش دەگەینە بەردەم وێستگەکە، خۆی فڕێدەداتە نێو تڕومبێلەکە. من لەوە سەرم سوڕدەمێنێ، چەند وەرزشوانانە دەیبینم. هەرچۆنێک بێ دوای ئەو هەموو شتانەش، هێشتا هەر گەنج دیارە.
تۆبڵێی ئەو داوای جگەرەیەک بکا، خۆمن رەتی ناکەمەوە، هەرچەندە رقیشم لە بۆنی جگەرە دەبێتەوە و رێگەنادەم مێردەکەم نە لەنێو تڕومبێل نە لە ماڵیشدا جگەرە بکێشێ. ئێمە بە رێگای دێهاتییدا لێدەخوڕین، بەچەندان کێڵگە و چیمەندا تێدەپەڕین. ئەو سەبارەت بە کچەکان لێم دەپرسێ. منیش پێیدەڵێم ئەوان خێرا گەورە دەبن و گەشەدەکەن. ئەو مسکە دەبێتەوە، هەرچەندە هیچ بیرۆکەیەکی وای دەربارەی هاوسەرایەتی نییە. من هیچ شتێکی لێ داواناکەم بمداتەوە.
من کاسێتێکم پێیە و دەیخەمە سەر تڕومبێلەکە و پێیدەکەم. ئەویش مەزنترین گۆرانی ئاباABBAیە. ئەو گۆرانیەی، دایکم لەکاتی چێشت لێناندا، یان لەکاتی گەسک دانددا منگەمنگێکی لەبەر لێوەدەهات. 'دەرفەتێکم بدەرێ'، ماما میا'، 'سەمای شاژن'، 'ناوی یارییەکە'... من دڵنیام بۆ ئەوە دایکم سەیری دەکردین. ئاخر کاتێ دایکەکان دەمرن، خۆ دەمودەست ناچنە بەهەشت. ئەوان مۆڵەتێکی تایبەتیان لەیەزدانەوە پێیە، کە هەندێکی دیکە بمێننەوە تا تەماشای جگەرگۆشەکانیان بکەن، جا ئەوەش چ قەیدی ناکا گەر هەرشتێکیش لە کورتە ژیانی دنیای فانییدا لەنێوانیاندا پەیدابووبێ.

گەڕاینەوە لەندەن. کاتێکی گەیشتینە گۆڕەپانی بارنسبێری Barnsbury Square، بە پرتەوبۆڵەوە بەدوای شوێنێکدا گەڕام، ترومبێلەکەی لێڕابگرم. تازەش دەستی بە بارانبارین کردبوو، دلۆپە بارانی کریستاڵی دەهاتنەخوار. لەکۆتاییدا، دوای دەمێک گەڕان و سوڕان شوێنێکم بۆ پارککردنی ترومبێلەکە دۆزیەوە. هەمیشە تا کار دەگەیشتە سەر پارککردن، خۆم وا هەڵدەخەڵەتاند، کە لێخوڕێکی باشم. مەراقیش مام ئاخۆ ئەو گاڵتە بەنمونەی ژنە شوفێرێکی وەک من دەکا. خۆ ئەو جارێک وایکرد.
ئێمە بەیەکەوە بەرەو ماڵ بووینەوە، ئەو شەقامەی بەردەممان ئارام و روناک بوو. بۆ چرکە ساتێک ژینگەی خانوەکەی ئێستا لەگەڵ ماڵە کۆنەکەی هاکنی Hackny لە لێڤندەر گرۆڤ بەراورد دەکەین، ئای چەند سەیرە، جیاوازی زۆریان لەگەڵ یەکدا هەیە، ئای چەند جاران بەرەو ئەوێ چووە، تەنانەت ئەگەر نەشی توانیبا هەر دەچوو.
کاتێکیش چووینە نێو خانووەکە و پێڵاوەکانمان داکەندن، سۆلەیەکی بەسەر پێیان وەکرد، کە هی مێردەکەم بوو، منیش نەعلە سورباوە گوڵگوڵیەکەی خۆم. کاتێک چاوی پێکەوت هەندێ گرژ بوو، بۆئەوەی شتەکەی لەمێشک دەرکەم، پێمگوت ئەمەیان دیاری کچەکانمە. ئەوسا هێور بووەوە، لێ تێگەیشت، کە هی خانمەکە نین. لەیەکچوونەکە رێکەوت بوو.
لە دەرگاوە سەیری کردم خەریکی دێمکردنی چا بووم. پیاڵە چایەکم بە شیر و بڕێکی زۆر لەشەکر، لەپێش دانا، مەگەر خووخدەی خۆی گۆڕیبێ، دەنا هەروای دەخواردەوە. ئەوسا حەلوای کونجیشم بۆ هێنا، ئینجا لەبەردەم پەنجەرەکەدا دانیشتین، ئیستیکان و دەفرەکانیشمان هەروەک دوو غەریبە بەدەستەوە بوو، سەیری بارانبارینی باخچەکەی ماڵەکەمان دەکرد. ئەو پەسنی شیوشیلانی من دەکا، دەڵێ ئای چەند غەریبی حەلواکەی دەستی منی کردوە، هەرچەندە بە رێزیشەوە چیدیکەی لێهەناگرێ. منیش پێی دەڵێم رەچەتەی دروستکردنەکەی بەگوێرەی نامەی دایکمە، کەچی هەرگیزیش وەک هی ئەو دەرناچێ. ئیدی بەمە بێدەنگی دەکەم. سەیری یەکدی ناکەین، بێدەنگییەکە قورس دەکەوێتەوە. ئەوسا بەتکا لێکردنەوە پاساوێک بۆخۆی دەبینێتەوە،

شەڕەف.......................................................

دەڵێت ماندووە و دەیەوێ پشو بدا. ئیدی ژوورەکەی نیشان دەدەم و بە هێواشیش دەرگای لەسەر دادەخەم.
من لەوێ، لە هۆدەیەکی ماڵەکەمدا جێیدەهێڵم. نە ئەوەندە دوور نە نزیکیش. لەنێو ئەو چوار دیوارەدا، لەنێوان قین و خۆشەویستیدا بەندی دەکەم، ئاخر بۆ هیچیشیان ناتوانم یارمەتی بدەم، بەڵام ئەوەندە هەیە، هەستی پێدەکەم، ئەوەش بۆ هەمیشە لەنێو قەفەزی سینەم دەمێنێتەوە.
ئەو، برای منە.
ئەو، بکوژە.

## ناوەکان وەک کلۆی شەکرن

گوندێک لە نزیک فرات، ١٩٤٥

کاتێک پەمبێ Pembe لەدایکبوو، نازێی دایکی ئەوەندە خەمگین بوو، هەموو شتێکی بیست و شەش سعاتەکەی پێشتری لەبیر چووبووە، ئەو خوێنی لە نێو گەڵدا دەهاتەخوار، هەوڵیشی دەدا خۆی کۆبکاتەوە و هەڵسێتەوە سەر پێی و بڕوا. هەرچۆنێک بێ خۆ ئەوە لەسەر زاروزمانی هەمووان بوو، هەمووان لە رۆژە بە هاتوهاوارەکە لە هۆدەکەدا بوون.

هەروەک چۆن نازێ حەزی دەکرد لەوێ هەڵسێ بڕوا، کەچی نەشیدەتوانی لە شوێنی خۆی هەڵسێ. بۆ مایەی سەرسامی ژنە ئامادەبووانی هۆدەکە و برزۆی مێردی، کە لە حەوشەکە چاوەڕێ بوو، ناچارکرا لە سەر پێخەفەکەی پاڵبکەوێ و روبەروی ژانی دیکە ببێتەوە. سێ خولەک دواتر سەری مەلۆتکەیەکی دیکەش بەدەرکەوت. پرچێکی زۆر، پیستێکی سورباو، هەمووی تەڕو چرچولۆچ. کیژۆڵەیەکی دیکە، تەنها ئەوەندە بوو، بچکۆلانەتر بوو.

ئەمجارەیان نازێ هەوڵی نەدا لەوێ بڕوا. ئاهێکی هاتەوەبەر، سەری خۆی بە بالیفێک داپۆشی و روی لە پەنجەرە کراوەکە کرد وەک ئەوەی لەبەر با، کە وەک شیر شیرتێن بوو، گوێ لەسرتەی چارەنوسی خۆی بگرێ. پێیوابوو کاتێ بە ئاگادارییەوە گوێ لەبا بگرێ، لەوانەیە لە ئاسمانەوە وەڵام وەربگرێتەوە. خۆ لەدوای هەموو شتێکیشدا هۆیەک هەر هەیە، رەوایەتییێکی نادیار، بەڵام بە دڵنیاییەوە شتەکە لە خودا وەیە، کە بۆچی دوو کچی دیکەی پێ بەخشیون، لەکاتێکدا پێشتر شەشی دیکەی هەبوون، هیچ کامێکیشیان کوڕ نەبوون.

ئیدی نازێ لێوەکانی لەسەر یەک گیرساندن وەک ئەوەی قەدیان بکا، بڕیاریشی دا قولماتی لەدەمدا نەیەتەدەر تا خوا بە شێوەیەکی رون و قەناعەتپێهەنەرانە، شتەکەی بۆی رون دەکاتەوە، کە مەبەستێک لەپشت کردەکەیەوە هەیە. تەنانەت لەکاتی خەوتنیشدا دەمی توند لەسەر یەک گیرساندبوو. لە ماوەی چل رۆژ و چل شەوی دواتردا، تاکە وشەیەکیشی لەدەم نەهاتەدەر. نە لەکاتی ئامادەکردنی ئاشی نۆکاو بە دونگی مەڕ، نە لەو کاتەی لە نێو تەشتە گەورەکەدا هەر شەش کچەکەی دەشوشت، نە لەو کاتەش کە پەنیری بە سیری کێوی و داودەرمانی دروست دەکرد، تەنانەت نە لەو کاتەش، کە مێردەکەی داوای لێکرد، ئاخۆ ناوی چی لە هەردوو زراسکەکان بنێ. هەروەک گۆڕستانی سەر گردەکە کە باب و باپیرانی تێدا بەخاک سپێردرابوون، رۆژێک لە رۆژانیش دەبووە جێ ئارامگەی خۆیشی، بێدەنگ مایەوە.

ئەوێ گوندێکی سەختی کوردنشین بوو، نەڕێ وبانی هەبوو نە پزیشک و نە قوتابخانە.  بە ئاستەم هەواڵێک لەجیهانی دەرەوەدا دەگەیشتە ئەم کوێرە دێیە لاپەڕگە و دابڕاوە. پاش ئەنجامی جەنگی دووهەمی جیهان، بۆمبی ئەتۆمی... گوندنشینیان گوێیان لەم شتانە هیچیان نەببوو. هێشتاش لەو بڕوایەدا بوون، کە شتی سەیروسەمەرە لە دنیادا رویداوە، ئەوەش لەودیو کەنارەکانی فراتەوە، جیهان ئەوەبوو کە هەبوو، هیچ خاڵێکی واش رەچاونەدەکرا، کە بدۆزرێتەوە. هەموو شتێک کە بووە و هەموو شتێکیش کە دەکرێ ببێ، لەوێدا هەنوکە و ئێستا بوو. لای ئەوان مرۆڤایەتی وەک دار و بەرد وابوو، جێگیر و نەگۆڕ. مەگەر توشی یەکێ لەم سێیانەی خوارەوە بوو‌بی: سۆفیەکی گەڕۆک رابردووی خۆی ونکردبێ، شێتێک عەقڵی سەری خۆی لەدەست دابێ یان مەجنونێک[1] خۆشەویستەکەی لەدەستدا بێ.

دەرویش، غەریبە و عاشقەکان لەلایەک، بۆ باقی دیکەی خەڵک هیچ شتێک سەیر نەبوو، هەموو شتێک ئەوەبوو کە دەبێ وابێ. هەر شتێک لەهەر کونجێک رویدابێ راستەخۆ لای هەمووان بیستراوە. نهێنی شتێکی

[1]نوسەر لەم رۆمانەدا هەندێ وشە و دەستەواژەی بە کرمانجی بە کارهێناوە، منیش ئەوانەم دەق وەک خۆی گواستۆتەوە.-وەرگێڕ-

لوکسەیە و تەنها لای دەوڵەمەندان هەیە، ئەم گوندەش کە ناوی مالا چار بایانە[2]، هیچ کەسێکی تێدا دەوڵەمەند نەبوو.

ریشسپییانی گوندەکە سێ کەسی پەیکەر ئاسابوون، سیمایان کاڵ بووبووەوە، زۆربەی تەمەنیان لە چایەخانە بەدەم بیرکردنەوە لە نهێنییەکانی ئاوەزی خودایی و گەوجایەتی سیاسەتبازان خەرجکردبوو، بەدەم بیرکردنەوەشدا چایان لە ئیستکانێکی تەنک وەک توێکڵی هێلکە و ناسک وەک ژیان دەخواردەوە. کاتێکیش گوێیان لە سوێندی بێدەنگیی نازێ بوو، بڕیاریان دا سەرێکی لێبدەن.

'ئێمە هاتووین ئاگادارت بکەینەوە، تۆ خەریکی شتێکی ناپیرۆز بکەی،' ئەمە پیاوەکەی یەکەم بوو وای پێگوت، پیاوەکە ئەوەندە پیر بوو، بە شنە بایەکیش دەکەوتە خوار.

'ئاخر چۆن چاوەڕێی ئەوە دەکەی، خوای گەورە ڕێگای خۆی بەتۆ نیشان بدا، کاتێک ئەو تەنها لەگەڵ پێغەمبەراندا قسە دەکا؟، ئەمەش تێبینی ریشسپییەکەی دووهەم بوو، هەر چەند ددانێکی کەمی لەدەمدا مابوون. 'بەدڵنیاییشەوە هیچ ژنێک لەنێو پێغەمبەرەکانیدا نەبووە.'

ریشسپی سێهەمیشیان دەستەکانی راوەشاندن، دەستەکانی وەک رەگی درەخت رەق و گرێگرێ بوون. 'خوا دەیەوێ گوێی لە قسەی تۆ بێ! خۆ ئەگەر هیچ ڕێگایەکی دیکە هەبووایە، ئەوا دەیکردیە ماسی.'

نازێ گوێیگرت، هەنوکە چاوی لەگەڵ پەچەکەی نەویکرد. بۆ چرکەساتێک وای خەیاڵ کرد بۆتە ماسی، ماسیەکی بۆرەی گەورەی نێو روبار، پەڕەکانی لەبەر رۆژدا دەبریقانەوە، پەڵەکانی کاڵببونەوە. خۆ شتێکی واشی نەکرد، دەشیزانی منداڵەکان و نەوەکانی لە تەمەنی جیاجیای خۆیاندا، حەزیان لە جۆرە ماسییەک بوو، مەیل هەبوون بۆ جیهانی بن ئاو لەنێو خانەوەدەکەیدا بۆ نەوەکانی گواستراوەتەوە.

'دە قسە بکە، دەی!' پیرەمێردی یەکەم وای پێگوت. 'ئاخر ئەو بێدەنگییەی تۆ دژی سروشتە. ئەوەی دژی سروشت بێ، دژی ویستی خواشە.'

هێشتاش نازێ قولماتی لەدەم نەهاتەدەر.

---

[2] ناوی گوندەکە دەق وا نوسراوە Mala çar Bayan

کاتێکیش میوانە شەرەفمەندەکان رۆیشتن، نازێ لە لانکەکە نزیک بووەوە، کە مەلۆتکەکانی تێدا نواندبوون. بڵێسەی پەنگری ئاگردانەکە، هۆدەکەی زەردباو کردبوو، پێستی نەرمی زراسکەکانی هەروەک فریشتە درەوشاندبووەوە. دڵی نەرم بوو. روی لە شەش کچەکانی کرد، کە لە درێژترینان تا کورترینیان بەریز لە تەنیشتی دانیشتبوون، ئەوسا بە دەنگێک، هەم گڕ و هەم قوڵ بوو گوتی: 'دەزانم ناوی چیان لێبنێم.'
'دەی، دایکە، دە پێمان بڵێ!' کچەکان داوایان لێکرد، دڵخۆشیش بوون، گوێیان لە دەنگی دایکیان بووەوە.
نازێ گەروی خۆی پاککردەوە، ئەوسا بە تێبینیێکی شکستخواردوو گوتی، 'ئەمەیان ناوی بەخت و ئەوی دیکەشیان ناوی بەسێ.'
'بەخت و بەسێ[3]،' کچەکان بە یەکدەنگی وایان گوتەوە.
'بەڵێ، رۆڵەکان.'
لەگەڵ گوتنی ئەم شتەدا، تامی لێوەکانی خۆی کرد، هەروەک ئەوەی ناوەکان لەسەر زمانیدا تامێکیان جێهێشتبێ، تامێکی سوێر و ترش. بەخت و بەسێ بە کوردییە، بەتورکی واتای قەدەر و یەتەر دەدا، واتە بەخت و بەس بە هەموو زمانێک. ئەوەش رەنگبێ رێگایەک بێ، بۆ خوای خۆی ئاشکرا بکا، کە هەرچەندە وەک موسڵمانێکی چاک، ملکەچی قەدەرەکەیەتی، بەڵام تائێستا هەر کچی بوون و لێیان تێر بووە، ئیدی گەر جارێکی دیکە دووگیان ببێتەوە، دەزانێ کەوا دوا جارییەتی، چونکە تەمەنی گەیشتۆتە چل و یەک ساڵ و تافی خۆی تێپەڕاندووە، بەڵکو ئەمجارەیان خودا کوڕێکی پێ ببەخشێ، تەنها کوڕێک.

هەر هەمان شەو، کاتێک باوکیان هاتەوە ماڵ، کچەکان غاریان دایێ هەواڵی خۆشی پێڕابگەیەنن: 'باوکە! باوکە! دایکە قسەی کردن.'
دڵخۆش بوو بەوەی ژنەکەی دووبارە کەوتۆتە سەر قسەکردن، ئیدی کاتێ برزۆ گوێی لێبوو، کە ژنەکەی ناوی بۆ زراسکەکانی دۆزیونەتەوە، تەمی سەر دەموچاوی رەویەوە. ئینجا سەرێکی بادا و بۆ چەند خولەکێکیش بێدەنگ ما.

---

[3] Bext , Base

'بەخـت و بەسـێ،' لەکۆتاییـدا وای منگەمنـگ کـرد، وەک ئەوەی بیـر لەخۆی بکاتەوە. 'بەڵام لەراستیدا خۆ تـۆ نـاوت لە منـداڵەکان نەنـاوە، بەڵکو سکاڵانامەیەکت بۆ ئاسمانەکان ناردووە.'

نـازێش سـەری نەوی کـرد و لە پێیەکـانی خـۆی روانـی، سـەیری کـونە گۆرەوەیە خورییەکەی دەکرد.

'ناوەکان، کە لە هەستێکی قیناوییەوە بێنەدەر، دەکرێ پەروەدگار تـوڕە بکا،' برزۆ بەم جۆرە لەسەر قسەکانی بەردەوام بـوو. 'ئـاخر وای لێـدێ؛ ئەرێ بـۆچی ئەمەی بەسـەرماندا هێنـاوە؟ باشـتر وایە لەنـاوی ئاسـایی بگەڕێی و ئاسودە پاڵی لێبدەیتەوە.'

دەگوترێ پیاوەکە ناوی جێگرەوەی لە مێشکدا هەبوون: پەمبـێ Pembe[1] و جەمـیلە Jamila– پەمبـێ و جـوان. ناوەکـان وەک کڵـوی شـەکر وان لەنێـو چایەکەتـدا دەتـاوێنەوە، شـیرین و خۆشـن، بـێ ئەوەی هـیچ قەراخێکی تیژیشیان هەبێ.

برزۆ وا بیرکردەوە، کە بڕیـارەکەی یەکـلاکەرەوەیە. بەڵام خـۆ بـژاردەی نازێ هی ئەوە نەبوو بە ئاسانی لەبەین ببردرێ. ناوەکان لە یادەوەریی هەمووان مابوونەوە، توند بەدرەختی خانەوەدەکە گیرسابوون، هەروەک چۆن کۆلارەیەک بە لقوپۆکانی دارەوە گیردەخوا. ئیدی دوو کچە جمکەکە هەر دوو جـوت نـاوەکانیـان هەبـوون: پەمبـێ کـادەر (بەخـت) و جەمـیلە یەتەر(بەسێ)– پەمبێ بەخت و بەسێ جوان. ئـاخر کـێ دەیزانـێ رۆژێـک دادێ یەکێ لە ناوەکان دەچێتە سـەر روپەڕی رۆژنامەکـانی سەرتاسـەری جیهان؟

## ڕەنگەکان

گوندێک لە نزیک فرات، ١٩٥٣

پەمبێ هەر لەوکاتەی منداڵ بوو، متوی سەگان بوو. بە شێوازە ڕێگای سەگەکان کارانگاز بوو، کە دەیانتوانی گیانی خەڵک ببینن، تەنانەت لەو کاتانەشدا، کە چاوەکانیان داخستووە. زۆر لەهەراشەکان پێیان وایە، سەگ لە شتان تێناگا، بەڵام ئەو بڕوای بەمە نەبوو. سەگەکان لە هەموو شتێک تێدەگەن. بەڵام ئەوەندە هەیە لە بیرکراون.

سەگێکی نێو پەزی تایبەتمەند هەبوو، بەلای پەمبێ خۆشەویست بوو. گوێ شۆڕ، قەپۆز درێژ، فەروێکی توکنی ڕەش و سپی و قاوەییەکی کاڵ. جانەوەرێکی سروشتکردی گونجاوبوو، حەزی لە ڕاونانی پەپولە و یاری فڕێدانی پەلەدار و هەڵگرتنەوە بوو، هەموو شتێکیشی دەخوارد. بە قتمیر بانگیان دەکرد، بەڵام ناوی کوۆتۆ و دۆدۆشی هەبوو. هەمیشەش ناوەکەی دەگۆڕا.

ڕۆژێکیان، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، جانەوەرەکە نائاساییانە جوڵایەوە، وەک ئەوەی جنۆکە سواری کۆڵی بووبن. کاتێک پەمبێ ویستی دەست بەسەر سینگیدا بهێنێ، خۆی لێ موڕ کردەوە و قەپاڵێکی لەدەستی دا. زیاتر لەو برینە سوکەی کە حەپەکەی پەیدایکرد، گۆڕانی هەڵسوکەوتەکەی بووە مایەی نیگەرانی خەڵکی گوند. لەو دواییانانەشدا چەند کسۆکێک هارببون، بۆیە سێ ڕیشسپییەکانی ئاواییەکە سووربوون لەسەر ئەوەی کیژە گازلێگراوەکە بنێردرێتە لای دکتۆر، کە شەست میل لێیانەوە دووربوو.

ئاوا، پەمبێی کیژۆڵە و برزۆی باوکی لەبەیانییەکی زوودا سواری مینیبوسێک بوون، پاشان بە پاسێک بەرەو شارە گەورەکەی ئورفە بەڕێکەوتن. بیرۆکەی دورکەوتنەوەی ڕۆژێک لە جەمیلەی جمکەکەی تەزوێکی ساردی بە مۆغەرەی پشتدا هێنا، بەڵام لەهەمان کاتیشدا

شادمان بوو، کە هەموو ڕۆژەکە باوکی، خۆی بۆ ئەو بە تەنها تەرخانکردووە.
برزۆ گۆشەگیرانە هەڵکەوتبوو، پیاوێکی چوارشانە و ئامار کەڵەگەت و سمێڵ گەورە بوو، دەستەکانی دەستی جوتیارێک بوون، پرچیشی لەلاجانگدا ماشوبرنجی بوو. چاوە قووڵە قاوەییەکانی دلۆڤانانە بوون. بەدەر لەو حاڵەتەی، میزاجی هێمنانەی خۆی نمایش دەکرد، بە گشتی پیاوێکی هێمن بوو، تەنانەت لە قولایی خەمبارییەکەشی کە تا ئێستا لەو هەموو وەچەیەی ناویەتەوە، نێرینەیەکی تێدا نەبوو تا لەسەر ئەم زەوییەدا ناوەکەی لەدوای خۆیدا هەڵبگرێ. هەرچەندە پیاوەکە کەمدوو کەم خەندەش بوو، بەڵام باشتر لە ژنەکەی دەیتوانی لەگەڵ منداڵەکانیدا بێتەوە. لەبەرامبەریشدا هەر هەشت کچەکانی لەسەر بە دەستهێنانی خۆشەویستیەکەی کێبەرکێیان بوو، وەک ئەوەی چۆن مریشک پڕ بەدەنوک دان هەڵدەگرن.
گەشتکردن بۆ شار هەم خۆش و هەم سەرسامییش بوو؛ بەڵام چاوەڕوانکردن لە نەخۆشخانەکەدا هیچی نەبوو. ریزبەستن لەبەردەم دەرگای دکتۆر، کە بیست و سێهەمین کەس نۆرەیان دەهات. پەمبێ کتومت ژمارەی نۆرەکەی دەزانی، چونکە وەک کیژە هەشت ساڵییەکانی دیکەی گوند نەبوو، ئاخر لەگەڵ جەمیلە دەچوونە قوتابخانە و ژماردنیشیان دەزانی. زۆپایەک لە نێوەڕاستی پۆلەکەی قوتابخانەیان هەبوو، دووکەڵی زیاتر دەکرد لەوەی گەرمی بداتەوە. منداڵە بچکۆڵەکان لەلایەک و لەوان هەڕاشتریش لەلایەکی دیکە دادەنیشتن. کاتێکیش پەنجەرەکە بە دەگمەن دەکرایەوە، هەوای ناو هۆدەکە بۆگەن و تیر بوو وەک هاردی بڕدنەی مشار.
بەرلەوەی قوتابخانەکە بکرێتەوە، پەمبێ وا دڵنیاکرابوو، کە زمانی هەموو جیهان کوردییە. بەڵام هەنوکە تێگەیشت، پرسەکە وانییە. هەندێک خەڵک هەبوون هەر هەر هیچ کوردییان نە دەزانی. نمونەش مامۆستاکەیان بوو. مامۆستاکە پیاوێکی کورتەبنەی پرچ پڕی چاو خەمگین بوو. وەک ئەوەی دەستبەرداری ژیان بووبێ، ئەستەمبۆلی لەدوای خۆی بەجێهێشتبوو. ئەوەش دەهری کردبوو، کە نێردراوەتە کوێرە گوندێکی فەرامۆشکراو. ئەو زۆر لەوە پەست دەبوو، کە قوتابیەکان لە زمانەکەی نەدەگەیشتن یاخود کاتێ نوکتەیان بە کوردی

دەکرد وایدەزانی لەسەر ئەوە. بەم دواییانەش چەند ڕێسای دانان: هەر یەکێکیان یەک وشە بە کوردی بڵێ، دەبێ لەلای تەختەڕەشەکە لەسەر یەک پێ بوەستێ و پشتیشی لە هاوپۆلەکانی بێ. زۆر لە قوتابیەکان لەوێ بۆچەندان خولەک لەسەر یەک قاچ دەوەستێندران، دواتر بە مەرجێک لێیان خۆش دەبوو، دەبێ هەڵەکەیان دووبارە نەکەنەوە؛ بەڵام ناوە ناوە ئەم شتەیان لەبیر دەکرد، بۆیە بە سعات لەو بارەی سزادراوەیاندا دەوەستان. ڕێساکە کاردانەوەی پێچەوانەی لای جمکەکان پەیداکردبوو. لەو کاتەی جەمیلە بەتەواوی قڕوقەپی لێکردبوو، ڕەتی کردەوە بەهیچ زمانێک ئەوسا هەرچیەک بێ، بدوێ، کەچی پەمبێ هەوڵیدا لە تورکییدا سەربکەوێ. بڕیاریدا زمانەکەی مامۆستا فێرببێ، ئیدی لەو سۆنگەیەشەوە دڵی مامۆستا بەدەست بێنێ.

لەو کاتەشدا نازێی دایکیان هیچ خێری لەوەدا نەدەبینی کچەکانی ئەو ماوە دورودرێژە بە پێ ببڕن، تا مشتێ وشە و ژمارە فێربن، چونکە خۆ هەر هەمووان دەبووایە چووبانە ڕێی ماڵ و مێردیان. بەڵام مێردەکەی سوربوو لەسەر ئەوەی کچەکانی دەبێ فێرە خوێندەواری ببن.

'هەموو ڕۆژێک، کە ئەوان بۆ ئەو دوورە دەڕۆن و دەگەڕێنەوە، پێڵاوەکانیان دەدڕێنن،' ئەوە نازێ بوو پرتەوبۆڵەی بوو. 'ئاخر ئەمە بۆچی؟'

برزۆش گوتی، ' بۆئەوەی بتوانن دەستورەکە بخوێننەوە.'

نازێش بە سەرسوڕمانەوە پرسی، 'جا دەستور چیە؟'

'قانونەکە، هەی ژنی نەزان! کتێبە گەورەکە! لەوێدا شتگەلێک هەن ڕێگەپێدراون، شتیش هەیە قەدەغە کراوە. خۆ ئەگەر جیاوازی نێوانیان نەزانی، توشی گێرمەکێشەی قووڵ دەبی.'

نازێ قرتەیەکی لەزمان هات، هێشتاش قەناعەتی نەهاتبوو. 'ئاخر ئەوە چۆن بەهانای کچەکانمەوە دێ، کە شوبکەن؟'

'ئاخر تۆ چی دەزانی؟ خۆ ئەگەر ڕۆژێک مێردەکەیان بەخراپی لێیان بدا، دەبێ مشوری خۆیان بخۆن. دەتوانن پەلی منداڵەکانیان بگرن و ماڵی مێردیان بەجێبێڵن.'

'ئاوا، ئەدی بۆ کوێ بڕۆن؟'

برزۆ بیری لەمە نەکردبووەوە. 'هەڵبەتە دەتوانن بێنەوە بن هەنوانی ماڵە باوانیان.'

'ئممم، ئا بۆ ئەمە هەموو رۆژێ ئەم ماوە دورودرێژە دەبڕن تا مێشکیان بەم شتانە پڕبکەن؟ بۆ ئەوەی بێنەوە ئەو ماڵەی، کە لێی لەدایک بوون؟' برزۆ بە توندی وەڵامی دایەوە، 'دەبڕۆ چایەکم بۆ بێنە. ئای، کە زۆر لەوچە دەکەی.'

'بیرێکی پوچ،' نازێ بە پرتە و بۆڵەوە بەرەو نان‌دین. 'کیژی من نابێ لەماڵە مێردی بڕوا. خۆ ئەگەر واش بکا، ئەوا لێی دەدەم و دەری دەکەم، تەنانەت ئەگەر بشمرم. دوای مردن وەک تارمای مۆتەکە دەگەڕێمەوە.'

ئەو گەفە کاتی خۆی هیچ و پوچ بوو، دواتر بووە پێشبینی. تەنانەت زۆر دوای کۆچی دوایی کردنی، نازێ بەدوای راوی کچەکانیەوە بوو، هەندێکیان لە هەندێکیان زیاتر. هەرچۆنێک بێ، نازێ ژنێکی کەللەڕەق بوو. هەرگیز شتی لەبیر نەدەکرد. هەرگیزیش لێخۆش نەدەبوو.

هەنوکە کاتێ لە نەخۆشخانەکە چاوەڕێیان دەکرد، پەمبێ بە چاوی منداڵانە، سەیری ریزی پیاو و ژنەکانی نێو داڵانەکەی دەکرد. هەندێکیان جگەرەیان دەکێشا، هەندێکیشیان نانی پانیان دەخوارد، کە لەماڵەوە لەگەڵ خۆیان هێنابوو. هەندێکیان برینیان تیماردەکرد، هەندێکیش لەبن باری ئازاردا دەیاننالاند. لەسەر هەموو شتێک بۆنی قوڕسی ئارەقە، دەرمانی کۆخە و هەوکردن دەهات.

کاتێکیش کیژۆڵەکە سەیری هەر نەخۆشێکی دەکرد، ئەوەندە هەستی کارانگازبوونی بە پزیشکەکە زیاد دەبوو. ئاخر لای خۆی وا بڕیاریدا، ئەو پیاوەی چارەی ئەو هەموو نەخۆش و دەردەدارانە بکا هەڵبەتە دەبێ پیاوێکی ناوازە بێ. حەکیم و لوقمان بێ. جادوگەرێکی هەمیشە گەنجی دەست و پەنجە موفەرک بێ. بەڵام کاتێک نۆرەی خۆی هات، بەو پەڕی پەرۆشیەوە بۆ ژورەکەی دکتۆر بەدوای باوکی کەوت.

لەناوەوە هەموو شتێک سپی پۆش بوو. سپییەکە وەک ئەو کەفاوەی قەڵبەزەکە نەبوو کە جلی لێ دەشوشتن. هەروەها وەک ئەو بەفرەی شەوانی زستانانیش نەبوو کە لەدەرەوە دەکەوتە سەریەک، یان وەک ئەو شێوازە نەبوو کە سیری کێوی لەگەڵ پەنیر لێکدەدا. بەڵکو سپییێک بوو پێشتر نەیبینی بوو؛ سپییێکی بێ هاتوهاوار و ناسروشت. سپییەکە ئەوەندە سارد بوو لەرزەی لێوەهێنا. کورسیەکان، دیوارەکان، کاشی ناوکەوەکە، مێزی پشکنینەکە، تەنانەت کوپ و چەقۆی نەشتەرگەری

بەو رەنـگە لەهـیچ نەچـووە، شـورابووبنەوە. هەرگیـز ئەوە بە مێشـکی پەمبێدا نەدەهات، کە رەنگی سپی بەم جـۆرە شـڵەژێن و ئەوەنـدە دور و ئەوەندە تاریک بێ.

ئەوەی پتـر مـایەی سەرسـامی بـوو، دکتـۆرەکە ژن بـوو، بەڵام شـتێکی جیـاواز بـوو لە دایکـی، لە پـوری، لە دراوسـێکانی. هەروەک ئەوەی ژورەکە لە بـێ رەنگیـدا پێچـرابێتەوە، پزیشـکەکەی بەردەمـی هـیچ ئەدگارێکی مێینـایەتی تێدانەبوو کە پەمبێ پێیەوە ئاشنا بـوو. لەژێـر کۆتە درێژەکەیدا، تەنورەیەکی تا سەرچۆکان لەبەردا بـوو، گـۆرەوییەکی خوری تەنک لەبەردابوو، جزمەیەکیشی لەپێدا بوو. چاویلکەیەکی وا چوارگۆشـەیی لەچاوانـدا بـوو چاوەکـانی کونـدەبەبووی بە بیـردا هێنـایەوە. ئـای کە چەنـد جیـاواز بـوو لەو ژنـانەی لە کێڵگەکانـدا لە بەیانی رۆژهەڵات تا رۆژئاوا کاریان دەکرد، دەموچاویان لەبەر خۆرەتاو چـرچ و لـۆچ دەبـوو، ئەوەندەشیان منداڵ دەنـانەوە تـا بـایی ئەوەنـدە کوڕیـــان دەبـــوون بەس بـــێ. کەچـــی لێـــرەدا ژنێـــک هەیە خەڵکـــی لەبەردەســـتدایە بە پیاویشـــەوە و قسەشـــی دەڕوا. تەنـــانەت بـــرزۆش کڵاوەکەی داگرت و لە حزوری پزیشکەکەدا شانەکانی وێکهاتنەوە.

دکتـۆرەکە ئەوەنـدە بـایەخی پێنەدان، هەر سـەرنجێکی بێباکـانە نەبـێ. هەروەک ئەوەی زۆر شـەکەت و مانـدوو بـووبێ وەک ئەوەی لەپڕیشـەوە بـێ. ئەوان بـێ گومـان دوا کەسـی رۆژە جەنجـاڵەکەی چارەسـەرکردنەکە بوون. زۆری لەگەڵدا نەدوا، لێگەڕا پەرستارەکە پرسیارەکانیان لێبکـا. ئایا سەگەکە چـۆن بـوو؟ لیکـاوی لەسـەر برینەکە هەبـوو؟ کـاتێ ئـاوی دەدەی جـوڵەی نامۆیـانەی دەکـرد؟ گـازی لەکەسـێکی دیکەی نـاو گونـد گرتوە؟ ئایا دوای ئەوە پشکنینی بۆکراوە؟ پەرستارەکە زۆر خێـرا دەدوا، وەک ئەوەی سـەعات لە شـوێنێک لەئـان و سـات چکچکەی خـۆی بـێ و کاتیش تەواو بووبێ. پەمبێ دڵشادبوو لەوەی دایکی لەگەڵـدا نەهـاتبوو. ئـاخر نـازێ نەیـدەتوانی لەو دەمەتەقێیە خێـراییە بگـا، ئیـدی هەمـوو شتێکی بە شاشی وەردەگرت.

کاتێک پزیشکەکە ڕەچێتەکەی دەنوسی، پەرسـتارەکە دەرزییەکـی لە زگـی منداڵەکەی دا، قیرژنـی وێ هێنـا. کاتێـک هـاتبوونە دەر و گەیشـتبوونە دالانەکەش، ئەو هێشتا هەر دەگریا، بەمەش سەرنجی غەریبانی بۆخۆی راکێشـا . ئیـدی لەو سـاتەدا بـاوکی سـەری بـردە بـن گـوێی کیـژەکەی،

چرپاندی ئەگەر بێ بێدەنگ بێ، وەک کچێکی عاقڵ رەفتار بنوێنێ، دەیباتە سینەما.
دەستبەجێ پەمبێ کڕ بووەوە، چاوەکانی لەچاوەڕوانیدا گەشانەوە. وشەی سینەما وەک نوقڵێکی پێچراو وابوو: ئاخر نەیدەزانی چی لەنێودایە، بەڵام دڵنیابوو شتێکی جوانە.

❖

لە شارەکەدا دوو تیاترۆ هەبوون. گەورەکەیان بۆ هاموشۆی سیاسەتوانان بوو زیاتر لەوەی لەلایەن نمایشکەرە جۆجیی و موزیکوانەکان بێ. پێش و پاش هەڵبژاردنەکان ئەوێ جمەی دەهات لە وتاردەرە بە جۆش و خرۆشەکان، تیایدا بەڵێن و پڕوپاگەندەی خۆیان دەکرد، ئەوێ وەک کورەی هەنگ وابوو.
هی دووهەمیان خاکەڕاییانەتر بوو، بەڵام بە جەماوەرتر بوو. هەموو جۆرە فیلمێکی نمایش دەکرد، ئەمەش بەگوێرەی زەوقی خاوەنەکەی، کە حەزی لە فیلمی سەرچڵی بوو زیاترلەوەی فیلمی سیاسی دورودرێژ. پارەی زیاتری دەدایە قاچاخچییەکان تا لەپاڵ توتن و چادا فیلمی نوێی لەو جۆرەی بۆ بێنن. کەواتە خەڵکی ئورفە ژمارەیەک لە فیلمەکانی،
John Wayne Weaterns, the man from the Alamoو
یوللیوس سیزار یان هەروەک Gold rush the و و فیلمەکانی دیکەی کۆمێدی ئەو پیاوە وردیلە سمێڵ ڕەشەیان بینیبوو.
لەم رۆژەشدا کە برزۆ و کچەکەی چوونە سینەما، فیلمێکی رەش و سپی تورکی نمایش دەکرا، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتاییەکەی پەمبێ بە حەپەساویی و دەمکراوەیی سەیری کرد. پاڵەوانە مێینەکە کچێکی هەژار و نەدار بوو، کیژێکی ناسک و نازدار، کوڕێکی دەوڵەمەندی بێ باک خۆشی دەویست، بەڵام دوایی کورەکە گۆڕا. وەک ئەوەی خۆشەویستیەکە جادوێیک بێ. لەکاتێکدا لەگەڵ دایبابی کوڕەکە هەوڵیان دەدا جوتەکە لەیەک بکەن و بڕوایانی پێبێنن دەستبەرداری کچەکە ببێ، کەچی جوتەکە بە دزییەوە لە بن داری چیمەنەکەی سەر لێواری روبارەکە جێژوانیان گرتبوو. لەوێ دەستیان لەناو دەستی یەکدی دابوو، گۆرانیشیان بە ئاهێکی خەمگین و ساردەوە دەچڕی.
پەمبێ هەموو شتێکی دەربارەی سینەماوە خۆشویست، داڵانە رازاوەکە، پەردە قورس و ئەستورەکان، هاتنی گڵۆپ کوژانەوەکە. حەجمانی

نەمابوو تا دەگەڕێتەوە و ئەو شتە عاجباتییە بۆ جەمیلەی جمکی دەگێڕێتەوە. لەنێو پاسیش، لەکاتی گەڕانەوەدا، گۆرانی فیلمەکەی، کە لەبەر کردبوو، دەگوتەوە.

ناوەکەت لەسەر قەدەرم نەخشاوە

ئەڤینیت بەدەمارەکانمدا گەڕاوە

خۆ گەر بزە بۆ هەر کەسێکی دیکە بکەی

یان خۆم دەکوژم یان خەفەت یەکجار دەمباتە لاوە

کاتێکیش پەمبێ لێوەکانی دەجولاّ و دەستی بادەدا، سەرنشینانی پاسەکە دڵ بە جۆش بوون و چەپڵەیان لێدەدا. لەکاتێکیشدا بێدەنگ بوو، ئەوەش زیاتر لەبەر بێزاری لەوەی هەست بە تایبەتمەندیەک بکا، باوکی پێکەنی و چرچولۆچی چاوەکانی باشتر دەرکەوتن.

'کچە بەهرەدارەکەم،' بە دەنگێکی پڕ لە شانازییەوە وای پێگوت. پەمبێش سەری لەسەر سینگە پانوپۆڕەکەی باوکی دانا دەموچاوی شاردنەوە، هەناسەیەکی هەڵمژی بۆنی چەوری سمێڵەکانی باوکی کرد. ئەو بەخۆی نەیدەزانی، بەلاّم ئەم ساتەیان لە خۆشترین ساتەکانی ژیان بوو.

❖

کاتێکیش گەڕانەوە ماڵ، بینیان جەمیلە لە بارێکی زۆر ناخۆش دایە دەم و چاوی پەنماوە. هەموو رۆژەکە لەبەر پەنجەرە چاوەڕیی دەکردن، گەمەی بەتیکە پرچەکانی دەکردن و لێوەکانی خۆیشی دەکرۆشتن. هەروا لە هیکەوە، بەبێ هیچ هۆکارێکیش، دەستی بەگریانێکی ترسناک کرد. لەوەش هەر گەڕێ، چۆن دایکی و خوشکەکان بێ ئەنجام هەوڵیانداوە ژێری بکەنەوە، بەلاّم بێهودە بوو.

'کاتێک جەمیلە کەوتە گریان، چ دەم بوو؟' ئەوە پەمبێ بوو وای لێپرسین. نازێ هەندێ بیرۆکەی پێدان. 'پێموابوو دوای نیوەڕۆ بوو. باشە بۆ دەپرسی؟'

پەمبێ هیچ وەلاّمێکی نەدایەوە. ئەوە فێرببوو، کە دەیەویست بزانێ. خۆی و خوشکە جمکەکەی، کە بەچەندان میل لەیەک دوورکەوتنەوە، لەکاتێکدا خوشکەکەی لەپڕمەی گریان دەدا، ئەو چرکە ساتەیە دەرزیێکی لەزگ دەدەن. خەڵکی دەڵێن، جمکەکان گیانێکن لە دوو جەستەدا. بەلاّم خۆ ئەوان زۆر لەوە زیاترن. ئەوان یەک گیان و یەک جەستەن. بەخت و بەسێ. کاتێک یەکێکیان چاوەکانی لێکدەنی، هی ئەویدیکە وەختە کوێر

ببێ. ئەگەر یەکێک ئازاری پێبگا، خوێن لە ئەویدیکە دێ. کاتێک یەکێکیان خەونێکی مۆتەکە دەبینێ، ئەوە دڵی ئەوەکەی دیکەیە لەنێو قەفەزی سینگیدا کوتەکوتیەتی.

هەر هەمان شەو، پەمبێ سەماکەی نێو فیلمی سینەمای نیشانی جەمیلە دا. هەوڵیاندا بە نۆرە لاسایی خاتونە پاڵەوانی فیلمەکە بکەنەوە، خۆیان لەیەک ئاڵاند، وەک چۆن دوو کەسی عاشق یەکدییان راموسی و لەقاقای پێکەنینیشیان دەدا.

'ئەو دەنگە چییە؟'

ئەوە دەنگی نازێ بوو، بە رەقی و سوکایتی پێکردنەوە. دیاربوو لەسەر سینییێکی پەل برنجی دەبژارد.

چاوەکانی پەمبێ لە پەستیان مۆللەق مان. 'هیچمان نەدەکرد هەندێک سەمامان کرد.'

'ئاخر بۆ واتان کرد؟' ئەوە دەنگی نازێ بوو دیسان هاتەوە. 'مەگەر ئێوە بڕیارتان دابێ ببنە قەحپە.'

پەمبێ نەیدەزانی قەحپە چییە، بەڵام نەشیدەوێرا بپرسی. هەستێکی پەست دایگرتبوو، تۆبڵێی، بۆچی دایکی حەز بەچارەی گۆرانیەکە نەکا وەک چۆن سەرنشینانی پاسەکە پێیان خۆش بوو؟ باشە بۆچی ئەو لایدە و غەوارانە لێبوردەتربوون لە ژنێک کە پەمبێی بەجگەر گۆشەی خۆی دادەنا؟ ئەو هەر لە کەیەنوبەینەی لێکدانەوەی ئەو پرسیارانەدا بوو کاتێک جەمیلە هەنگاوێک چووە پێشەوە و بە بردەبردێکی خۆ بەسوچبارزانین گوتی، 'دایکە، داوای لێبوردن دەکەین، جارێکی دیکە دووبارەی ناکەینەوە.'

پەمبێ چاوێکی لە خوشکە جمکەکەی کرد، هەستی کرد ناپاکیی لێکراوە.

'ئاخر ئەوە من بۆ ئێوەمە کەوا دەڵێم. خۆ ئەگەر ئەمڕۆ ئێوە زۆر پێبکەنن، ئەوا بەیانی دەگریێن. باشترە هەنوکە هەست بە خەمباری بکەن لەوەی دواتر.'

'ئاخر من لەوە تێناگەم بۆچی ئێمە ناتوانین ئەمڕۆ، بەیانی و دووبەیانیش پێبکەنین،' پەمبێ ئەم تێبینییەی دەربڕی.

ئیدی نۆرەی جەمیلە بوو گرژو مۆن بێ. ئاخر بێ ئەدەبی خوشکەکەی هەر مایەی سەروسوڕمان نەبوو، بەڵکو خستیە هەڵوێستێکی ناخۆشیشەوە. هەناسەیەکی هەڵکێشا، لەو شتەی بەدوایدا دەهات

دەترسا: لە دار تیرۆک. هەر کاتێک یەکێ لە کچەکان سنوری خۆی ببەزاندبا، ئەوا نازێ بەدار تیرۆکی ناندین سزای هەردووکیانی دەدا. قەتیش لەدەموچاوی نەدەدان، چونکە جوانی کچان مارەییان بوو، بەڵام لە پشت و قونی دەدان. کچەکان پێیان سەیر بوو کە چەند رقیان لەو داردەستەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەستورکە خۆشانەی پێدروست دەکرێن، کە زۆر مجێزیان لێیەتی.

هێشتاش نازێ سزای کەسی نەدا. دەستێکی بۆ کەپووی برد، سەرێکی بادا و چاوی لەخاڵێکی دورکرد وەک ئەوەی حەز بکا لەشوێنێکی دیکە بێ. کاتێکش وەدەنگ هاتەوە، ئەمجارەیان بە دەنگێکی هێورەوە. 'حەیا و شەرم تاکە قەڵغانی کیژانە. ئەوە وەک ئەڵقە لەگوێ بگرن: ئەگەر ئەمەتان لەدەست دا، ئیدی قرۆشێکی قەڵپ ناهێنن. ئەم جیهانە دڵڕەقە. بەزەیی پێتاندا نایتەوە.'

لە چاوی مێشکی نازێدا پەمبێ دراوێکی بەهەوادا هەڵدا، چاوی لێبوو تا لە ناو لەپیدا گیرسایەوە. دیارە دراوەکە هەر بەتەنها دوو روی هەن. بردنەوە یان دۆڕان. شکۆ یان لەکە. بۆئەوەش کە روە هەڵەکەی بەردەکەوێ، دڵنەواییێکی زۆر کەم لەگۆڕێدا هەیە.

ئەوەش کە وەک نازی لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، هەمووی لەبەر ئەوەیە کە ژن لە قوماشێکی کەتانی ناسک دروستکراوە، لەوکاتەی پیاو لە فابریکەیەکی تاریک و ئەستورە. ئەوەش هەر ئەوەیە کە خوا ئەو دووانەی وا چێکردووە: یەکێکیان بەسەر ئەویدیکە زاڵە. کاتێکیش خواوەند شتێکی وا بکا، بۆ بنیادەم نییە پرسیار لەبارەیەوە بکا. ئاخر لەچی دەگۆڕێ کە رەنگی رەش پەڵەی لە سەر دەرناکەوێ بە پێچەوانەی رەنگی سپی، کە کەمترین پەڵەی پیسی لە سەردا دەردەکەوێ. لەروانگەی هەمان نیشانەوە، ئەو ژنانەی لەکەدار دەبن دەمودەست دەستنیشان دەکرێن و لەباقی ئەوانی دیکە جیادەکرێنەوە، هەروەک کەپەک لە دانەوێڵە جیادەکرێتەوە. لێرەوە کاتێ پاکیزەیەک خۆی دەداتە دەست پیاوێک –تەنانەت گەر پیاوەکە ئەو کەسەش بێ، کە خۆشی دەوێ– ئەوا ژنەکە هەموو شتێکی خۆی لەدەست دەدا، لەکاتێک پیاوەکە بە ڕەهاییەوە هیچ شتێک نادۆڕێنێ.

ئاوها، ئەوە ئەو نیشتمانە بوو، کە پەمبێ بەخت و بەسێ جەمیلە تیایدا لەدایکبوون، 'شەرەف' شتێک بوو زیاتر لە وشە. هەروەها

شەڕەف ناویش بوو. تۆ دەتوانی رۆڵەکەی خۆت ناو بنێی 'شەڕەف' بە مەرجێک کوڕ بێ. ئیدی پیاوەکەمان دەبێتە مایەی شەڕەف. پیاوە پیرەکان، تەمەن مام ناوەندییەکان، تەنانەت قوتابیانیش، ئەوانەی بۆنی شیری خاوی دایکیان لێوە دێ، ژنانە شەڕەفییان نییە. لەبری ئەوە شەرم و شورەییان هەیە. هەروەک هەموو کەسێکیش دەزانێ، شەرم ناوێکی بەستەزمانە کە هەڵبگیرێ.

کاتێکیش ئەوان گوێیان دەگرت، پەمبێ ئەو رەنگە سپییە زەقەی نۆرینگەی دکتۆری هاتەوە پێش چاوان. ئەو ناڕەحەتیەی هەنووکە بۆتە هەستێکی فرەئەوەندە. مەڕاقی دەربارەی رەنگەکانی دیکە ما، شینی دەریایی، کەسکی بەستە، بۆرەی بندەق– فابریکەکانی دیکە، مەخمەل، گابەردین، قوماشی نەخش و نیگاری چیینی. ئاخر ئەو جۆرە لە دنیادا هەن، بەدڵنیاییەوە زیاتر لەوەی لەسەر سینیە برنج بژێرەکەی دایکیدا هەن.

ئەوەی مایەی تەوسە ئەوەیە، ئەو شتانەی پەمبێ لەژیانی خۆیدا رقی لێدەبووە و لە نازێی دایکی ببیستبوو، بەگوێی کچەکەی خۆی، بەگوێی ئەسمای دادایەوە، هەمووشی چەندان ساڵ دواتر لە ئینگلتەرەدا وشەبەوشە پێیدەگوتەوە.

## ئەسکەندەر... ئەسکەندەر...
گوندێک لە نزیک فرات ٧-١٩٦٢

پەمبێ ژنی هزری بێ بنچینە و ترسی ناڕەوا بوو. ئەم بەشەی ژیانی وەنەبێ لەگەڵ ساڵەکانی تەمەنیدا هاتبێ، بەڵکو خورافیاتەکان لەپڕ سەریان هەڵدا، هەمووشیان لە شەوێکدا لێیبوونە میوان و بەرۆکیشیان بەرنەدا: ئەو شەوەی ئەسکەندەری تێدا لەدایکبوو.
پەمبێ حەڤدە ساڵان بوو، کە بووە دایکێکی جوان و تێگەیشتوو. لەوێدا لە هۆدەیەکی تاریکدا خۆی شوشت، لە لانکەکەش نزببووەوە، وەک ئەوەی هێشتا باوەڕ نەکا، مەلۆتکەکەی بەو پەنجە نەرم و پەمبانە، بەو پێستە ناسکە، بەو نیشانە ئەرخەوانییەی سەر کەپووی، ئەو هەموو دارِسانانەی تێپەڕاندووە و لەخەم ڕەخسیوە؛ ئیدی لەمڕۆ بەدواوە دەبێتە رۆڵەی ئەو، بەتەنها هی ئەو. ئێ لێرە خۆ کوڕێک هەیە، کوڕێک کە دایکی خواستبووی، لە سەرتاپای ژیانیدا نزای بۆکردبوو.
نازێ جارێکی دیکە دوای لەدایکبوونی پەمبێ بەخت و وبەسێ جوان دووگیان بووەوە. ئەمجارەیان هەر دەبێ کوڕ بێ، ئاخر خۆ هیچ دەرەتانی دیکە نەماوەتەوە. خوا ئەوەی بۆ بەشایستە داناوە؛ *ئاخر خوا قەزربارمە،* نازێ بوو وای دەگوت، تەنانەت دەشیزانی ئەم قسەیەی خۆی لەخۆیدا کفرە. ئاخر خۆ ئەوەش ڕێکەوتنێکی ژێربەژێری نێوان خۆی و پەروەردگار بوو. دوای ئەو هەموو کچانە، یەزدان کوڕێکی پێدەبەخشێ. ئەوەش ئەو باوەڕ بەخۆهێنانەبوو، کە لەبەر خۆیدا پەتۆی بچکۆڵانەی دەڕست، گۆرەوی و فانیلەی شین لەو شەوە بە باوبۆرانانە دەدروی، هەمووشیان بۆئەوەی پڕ بەپێستی مەلۆتکەیەکی بچکۆلانە بێ. ئەو گوێشی لە هیچ کەس نەدەگرت، تەنانەت مامانەکەشی دوای ئەوەی ئاوەکەی وەستا و پشکنی و بە دەنگێکی هێورەوە پێگوتبوو، مەلۆتکەکە لەناو ڕەحمیدا بە سەقەتی دانیشتوە و پێویست دەکا سەرێکی شار بدا.

هێشتاش کات بەدەستەوە مابوو. خۆ ئەگەر لە ئێستاوە بچنە نەخۆشخانە، دەتوانن بەر ژانەکانی کەوتن بگەنە ئەوێ.
'قسەی قۆڕ،' نازێ لەوەڵامدا وای گوت، بە چاوێکی ئاگراویشەوە لە مامانەکەی ڕوانی.
هەموو شتێک تەواوە. هەموو شتێک لە دەستی خودا دایە. ئەو تەمەنی گەیشتبووە چل و نۆ ساڵان، ئەوەش خۆ شتێکی پەڕجوانەیە، منداڵی ببێ. ئەو هەر لێرە لەبەر ئاگردانی ماڵەکەی خۆیدا منداڵەکەی دەبێ، هەروەک چۆن پێشتر هەموو جارێک منداڵەکانی هەروا بوونە. ئەمجارەشیان بە تەنهایە، ئیدی هەر کوڕ دەبێ.
لەدایکبوونێکی پێشوەختە. مەلۆتکەکە زۆر لە قەبارەی خۆی گەورەتر بوو، بە شاشیش لە نێو ڕەحمەکەدا دانیشتبوو. کەسیش پێی حیساب نەدەکرا، ئاخۆ ئەم بارە چ بەدبەختییەکی بەدوادایە. سەربارى ئەوەش، تەنها خودایە خاوەنی کات، سعات سعاتی خوداییە. ئەوەی بۆ مرۆڤی فانی سەردەمێکی دورودرێژ بێ، بۆ یەزدان چرکە ساتێکە. کەواتە ئەو کاتژمێرەی، کە بە قوماشێکی مەخمەڵ داپۆشرابوو، بە دیوارەکە هەڵواسرابوو، وەک هەموو یادەوەرییەکی ماڵەکە، هەر یەکەیان دەروازەی شتێکی نەناسراو بوون.
'ئاخر ئەو ناتوانێ چی دیکە پاڵ بنێ،' ئەوە دەنگی یەکێ لە ژنە ئامادەبووەکان بوو، وایگوت.
'کەواتە ئێمە دەبێ کارەکەی بۆ بکەین،' لێبڕاوانە مامانەکەی وای پێگوتن، بەڵام چاوەکانی دوور بوون لەو ترسەی حەشاری دابوو.
مامانەکە دەستی بۆ ناوگەڵی نازێ برد، تا گەیشتە لینجاوی وەڵاشەکە، مەلۆتکەکەی لەبەر پەنجەکان هەڵدەخلیسکا. دڵێکی کز لێیدەدا، وەک ئەوەی مۆمێک لە ئاخروئۆخری کوژانەوەی دابێ. بە هێواشی و بەڵام لێبڕاوانە هەوڵیدا مەلۆتکەکە لە پزدانەکە دەربێنێ. یەکجار، دووجار، جاری سێهەم بێ دوودڵی ناوی خوای لێهێنا و بەهەستێکی ناچاری و پێویستی جوڵایەوە. مەلۆتکەکە وەک میلی سعات سوڕا، بەڵام هێشتا ئەوەندەش بەس نەبوو. سەری مەلۆتکەکە پاڵەپەستۆی خستبووە سەر ناوکەپەتک، ئەوەش مەترسی بوو، چونکە خەریکبوو وشکی بکا و ڕێگەی ئۆکسجینی لێببڕێ.

نازێ خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیی بوو، ڕەنگی گۆناکانی، کە ڕەنگی بەهاری بوو، هەڵبزڕکابوو. دەبوو وایە بڕیارەکەش بدرێ. مامانەکە دەیزانی یان دایک یان کۆرپەلەکەیە، لە دووان، هەر یەک ڕزگاریان دەبێ. هیچ ڕێگایەکیش نەمابۆوە ژیانی هەردووکیان پێ قوتاربکرێ. هەست و ویژدان وەک شەوێکی بێ مانگ بێدەنگ و تاریک بوون. دەستبەجێ هزری خۆی یەکلاکردەوە، مامانەکە دایکەکەی پێشنۆرە دانا.
لەو ساتەدا نازێ کەوتبوو، چاوەکانی داخرابوون، لە سەمای مەرگ دابوو، بەهەست برینداریيەوە خوێنی لەبەر دەڕۆیشت، سەرێکی بەرزکردەوە و قیژاندی: 'نەکەی، تۆ قەحپەی!'
هاوارەکە ئەوەندە بەهێز و خورت بوو، دەنگێک نەبوو لە گەروی ئادەمیزادێک بێتەدەر. ژنە پاڵکەوتووەکە بووە جانەوەرێکی کێوی و ئامادەبوو پەلاماری هەر کەسێک بدا، ڕێی پێبگرێ. ئەو لە لێڕێکی چڕوپڕدا غاری دەدا، کە زەردەی ڕۆژ لەگەڵ دارەکانی دەدان وەک ئاڵتون بریسکەیان دەدایەوە، وای هەست کرد ئەوەندە ئازادە وەک ئەوەی هەرگیز وانەبووبێ. ئەوانەی لەدوور بوون وایان زانی هۆشی لەدەست داوە. تەنها پیاو دەیتوانی وا هاوار بکا.
'ئەی جادوگەر، بمبڕە و دەری بێنە!' نازێ وای فەرمان بەسەر مامانەکەدا کرد و پێکەنی، وەک ئەوەی لە دەروازەیەک پەڕیبێتەوە و هەموو شتێک هەر نوکتە بێ. 'ئاخر ئەوە کوڕە، ئایا نایبینی؟ کوڕەکەم خەریکە بێتەدەر! تۆی حەسود، ئێرەیی پێ دەبەی، هەی قەحپە. دەی مقەسەکەت هەڵگرە! زگەکەم بدڕە و کوڕەکەم دەربێنە!'
ڕەوە مێشیکیش بەنێو هەوای ژورەکەدا دەسوڕانەوە، وەک ئەوەی داڵ بن و چاوەڕێی کەلاکی نێچیرەکەیان بکەن. توڕەیی و پەستییەکی زۆر بەسەر دار و دیواری ژورەکەوە هەبوو. هەوای ناو هۆدەکە زۆر ساردوسڕ و زۆر قوڕسیش ببوو. مێشەکان... مەگەر هەر مێشەکان بۆ ئەوە دروستکرابن، کە ون ببن.
نازێ قوتاری نەبوو. مەلۆتکەکش ماوەیەکی زۆر نەمایەوە. ڕەگەزەکەشی، کە هەموو کاتێک لای خۆی بەشتێکی دیکە دانابوو، هەڵە بوو، وا دەرنەچوو. نۆهەمین ساوا، ئەوەی، کە بووە سەرەخۆرەی دایکی و هەر لە بێشکەدا سەری نایەوە، کیژۆڵەیێکی دیکە بوو.

ئاوها . ئەویٚ ڕۆژیٚ لە نۆڤێمبەری ١٩٦٢دا، کاتێک دوای ژانەکانی منداڵ بوون لەسەر پێخەفی دایکایەتی بێداربووەوە، هزرێک، کە خوا نارەوایانەیە، پەمبێی شڵەژاند. ئەوە خۆیەتی، تەمەنی هەر حەڤدە ساڵانە و کوڕە زراسکێکی شیرمژەی هەیە. هەرچەندی دەشیکرد نەیدەتوانی ئەو گومانە لەمێشکی خۆی دەربکا، کە دایکی بەسەر سەریەوە لە شوێنێکی بەهەشت، لەژێر ئەو تیشکە ئاوییەدا بە ئێرەییەوە تەماشای دەکا. *ئاخر هەشت ژانی لەدایکبوون، پێنج منداڵ لەبەرچوون، مەڵۆتکەیەکی مردوو، بەڵام شتاقیشیان کوڕ نەبوون... کەچی تۆ لێرەدا کوڕێکی ساغ سەلیمت بەخشیوەتە کچەکەم. ئاخر خودایە، بۆچی؟*

دەنگی نازی وا لە گوێی پەمبێدا دەزرینگایەوە، بووە تۆپێک و گلۆر بووە نێو سینگی و لەوێشەوە گەیشتە سەر گەدەی. گرمۆڵکردنەکە ئەوەندە توند بوو، هەرچەند هەوڵیدەدا نیگەرانییەکەی بڕەوێنێتەوە، بەڵام بە شتێکی دیکەی نویٚ کۆتایی هات. لەمێشکیدا چەند بازنەیەکی نەخشاند، گلۆڵەکەی هەر هەڵدەوێزنیەوە، لەپڕێکەوە وایلێهات هیچ شوێنێک نەبوو لەبەر چاوی شەیتانییەکەی دایکە ڕەحمەتییەکەی پەنای بۆببا. لەهیکەوە هزرەکە سەرنجی راکێشا، تێبینی ئەوەی کرد نیگاکە لە هەموو شوێنێکە. خۆ ئەوە دانەوێڵە و کاکڵە گوێز بوو لەدەستاڕدا دەیهاڕی و دەیکردە پاستە و دەیخوارد و شیری پیٚ زیاد دەکرد. خۆ ئەوە جۆگەلەی بارانـاوی دار بـادەم بـوو هەمـوو بەیانیـان پرچـی خـۆی پێدەشوشت، شیری هەڵقرچاوەی سەر سۆبەکەش بوو بەکاری دەهێنا.

*'ئای خوای میهرەبان، تکایە چاوەکانی دایکم لە نێو گۆڕەکەی دابخە،کوڕەکەشم بەهێز و تەندروست بکە'* پەمبیٚ وا دوعای دەکرد، خۆی دەهێنا و دەبرد، وەک ئەوەی ئەو پێویستی بە خەو بیٚ نەوەک کۆرپەلەکەی.

❖

ئەو شەوەی ئەسکەندەر لەدایک بوو، پەمبیٚ مۆتەکەی لەخەودا بینی، هەروەک زۆرجاران لەکاتی دوگیییان بوونەکەی بینیبووی. بەڵام ئەمجارەیان هەستی کرد ئەوەندە راستییە، کە بەشێکی هەرگیز راستی نەکردەوە، هەرگیز لە وڵاتی شلەی خەونەکان نەگەڕایەوە.

لەسەر پشت لەسەر مافورە ڕەنگینەکە پاڵکەوتبوو، چاوەکانی ئەبڵەق راگرتبوون، زگەکەشی پەنما بوو. لەسەرەوی ئەویشەوە چەند پەڵە هەورێک لە ئاسماندا دەرۆیشتن. وەختێک بوو گەرمابوو، زۆریش گەرم

بوو. ئەوسا درکی بەوەکرد، مافورەکە سەر ئـاو کەوت، روبـارێکی شـێت بە بـن قورسـاییەکەی ئەودا تێـدەپەڕی. *ئاخر ئەوە چۆنە، تقوم نابم،* لەبەر خـۆیەوە وای بیرلێـدەکردەوە. لەبـری وەڵام وەرگـرتنەوە ئاسـمان شـەق بـوو، جـوتە دەسـتێک هـاتنەدەر و شـۆڕبوونەوە. ئەرێ ئەوانە دەسـتی خودابوون؟ یاخود دەستی دایکە رەحمەتیەکەی بوون؟ ئەو لێی نەدەزانی. دەستەکان زگیان هەڵدڕی. لەمەدا هیچ ئازارێکی نەبوو، تەنها ئەو ترس و تـۆقینە بـوو، کە لەبەرچاویـدا ئەم شـتە رودەدا. ئەوسـا دەسـتەکان کۆرپەلەکەیـان دەرهێنـا. ئەویـش خڕوپـڕ و وردیـلانە بـوو، رەنگـی چاوەکـانی لمێکـی رەش بـوون. بەر لەوەی پەمبـێ دەسـتی لێبـدا و لە باوەشی بگرێ، دەستەکان کۆرپەلەکەیان فڕێدایە نێو ئـاو. کـۆرپەلـەکە لەسەر پارچەدارێک سەرئاوکەوتبوو، وەک چۆن موسا و ناو زەمبیلەکە. پەمبـێ خەونەکەی تەنهـا بـۆ یەک کەس گێـڕایەوە، ئەویـش لەگەڵ گێـڕانەوەکەدا چاوەکـانی گڕیـان تێبەربـوو، وەک ئەوەی تـا گرتبێتـی. جەمـیلە گوێیگرتبـوو، چـونکە بەتەواوی بـڕوای پێکردبـوو یـاخود دەیویست خوشکە جمکەکەی لە دەست مۆتەکەکە قوتـار بکـا، ئیـدی ئەو رونکردنەوەیەکی بۆ هەبوو.

'تۆ هەردەبێ دەستیان لێدابی. لەوانەیە جنۆکە دەستیان لێوەشاندبی.'

'جنۆکە،' دەنگی پەمبێ بوو، سەدای دایەوە.

'بەڵـێ، شـیرینەکەم. جنـۆکە حەزیـان لێـیە لەسـەر کورسـی و قەنەفە سەرخەو بشکێنن، بۆ تۆ ئەوە نازانی؟ جنۆکە هەراشەکان کـاتی بنیـادەم دەبیـنن خێـرا دەردەپەڕن، بەڵام سـاواکانیان ئەوەنـدە خێـرا نـین. ژنـی دووگیـانیش قوڕسە، حۆل و ناقۆڵایە. تـۆ هەردەبـێ لەسـەر جنـۆکەیەکی ساوا دانیشتبێتی و پلیشاندبێتەوە.'

'ئۆو، ئای خوایە.'

جەمـیلە کەپـوی خـۆی وا راتەکانـد وەک ئەوەی بـۆن بـۆگەنیێکی بەرکەوتبێ. 'پێموایە هەر دەبێ دایکمان بۆ تۆڵەکردنەوە هاتبێ و شـتێکی بۆ دانابی.'

'بەڵام ئەدی من چی بکەم؟'

'خەم مەخۆ، هەمیشە رێگایەک هەیە بۆ خـۆ لەشـەڕلادانی جنـۆکە، جـا هەرچەندی تورەش بێ،' جەمیلە ئەمەی بەزاڵبوونەوە گوت.

ئاوها، لەوکاتەی پەمبێ خەریکی تازە ساواکەی بوو، جەمیلە پەلکە نانێکی وشکی بۆ سەگە تۆڕییەکان هەڵدا و ئاوڕیشی لەدوای خۆی نەدایەوە؛ تۆزێک خوێی ڕژاندە سەر باڵی چەپ و هەندێک شەکریشی فڕێدایە سەر باڵی ڕاست؛ بەنێو کێڵگە کێڵڕاوەکە و بە بن تەونی جاڵجاڵۆکەدا ڕۆیشت؛ گوڵاوی پیرۆزی بەناو هەموو درزەکانی ماڵدا کرد، نوشتەیەکیشی بۆ ماوەی چل ڕۆژ بۆ کردە خەناوکە. ئیدی جەمیلە هیوای وابوو بەم کارانەی پەمبێ لەترسی دایکی ڕەحمەتیان چاک دەکاتەوە. لەبری ئەوەدا، ئەو دەرگای خورافیاتی کردەوە، ئەو دەرگایەی هەمیشە بۆ پەمبێ هەبووە، هەرگیزیش پێشتر سەرچڵی ئەوەی نەبوو بە نێویدا بڕوا.

لەوکاتەی ئەسکەندەر گەورە دەبوو، ڕەنگی پێستی لێمکی گەرمین، پرچە ڕەشە بریقەدارەکەی وەک زیخ و چەو، چاوە پڕە زیانبەخشەکان و نیشانەی لەدایکبوونی لەمێژبوو نەمابوو، پێکەنینە چڕوپڕەکەی مایەی خۆ خۆشەویستکردن بوو. هەرچەند کوڕەکەی قۆز دەبوو، ئەوەندە دایکی دەترسا، شتگەلی وای لێڕوبدا لە جڵەوکردن دەربچێ؛ بەوەی نەیدەتوانی کۆنترۆلی بومەلەرزە، ڕنی و ڕۆچوون، لافاو، ئاگری لێڕەوار، نەخۆشییە درمییەکان، تووڕەیی تارمایی نازێ، تۆڵەی جنۆکەکانی دایکی بکا. دنیا هەمیشە شوێنێکی ناسەلامەت بوو، بەڵام لەپڕێکەوە مەترسییەکە ئەوەندە ڕاست بوو، ئەوەندەش نزیک بوو.

بۆیە بۆ پەمبێ ئاسان نەبوو، کە ڕەتی کردەوە ناوێک لە جگەرگۆشەکەی بنێ. ئەوەش ڕێگایەک بوو تا لەدەستی عیزرائیل، فریشتەی گیان کێشانی بپارێزێ. خۆ ئەگەر منداڵەکە پەیوەندییەکی نەبێ، ئەو وای بیرلێکردەوە، ئیدی عیزرائیل ناتوانێت بیدۆزێتەوە، ئەگەرچی حەزیشی لێبێ. بەمشێوەیە کوڕەکەساڵی یەکەمی تەمەنی بەبێ ناو مایەوە، وەک ئەوەی زەرفە نامەیەکی بێ ناوونیشان بێ. کار هەر بەمجۆرە ڕۆیشت، ساڵی دووهەم، سێهەم و چوارەمیش هەر بێ ناو مایەوە. کاتێکیش بانگیان دەکرد، پێیان دەگوت، 'هۆ کوڕەکە، گەنجۆ'!

بەڵام بۆچی ئادەمی مێردی ئەو شتە بێ واتایەی پەژراند؟ بۆ جڵەوی کاری نەگرتە دەست و وەک هەر پیاوێک ناوێکی بۆ کوڕەکەی نەدۆزییەوە؟ ئاخر خۆ شتێک هەبوو دەی سەنگراندەوە، شتێک بەهێزتر بوو لە میزاجە تیژڕۆکە و شانازییە نەرمییەکەی، شتێکی نهێنی لەنێوان

ئەم دووەدا هەبوو، پەمبێی بەهێز دەکرد و ئادەمیش زەبوون، وایلێدەکرد پیاوەکە بکشێتە جیهانی ژێرزەمینی ئەستەمبۆل، کە لەوێدا دەیتوانی قومار بکا و ببێتە پاشا، تەنانەت ئەگەر بۆ تاکە شەوێکیش بێ.
ئەوەش خایاندی تا منداڵەکە تەمەنی گەیشتە پێنج ساڵان، ئەوسا ئادەم جڵەوی گرتە دەست و رایگەیاند، کە ناتوانێ چیدیکە بوەستێ. بەو زوانە کوڕەکەی دەبێ بچێتە قوتابخانە، خۆئەگەر تا ئەوکات ناوێکی لێنەنێ، ئەوا لەلایەن باقی منداڵەکاندا و بێگومان ناوێکی زۆر ناشیرینی بۆ دەدۆزنەوە. بەرە بەرە پەمبێ هاتە ژێربار، بەڵام تەنها بە یەک مەرج. ئەو دەبێ منداڵەکەی بباتەوە زێدەکەی، لەوێوە موفەرکنامەی جمکەکەی و ماڵباتەکەی پێوەربگرێ. هەر لەوێش دەکرێ ئامۆژگاری سێ ڕێشسپییەکان وەربگرێ، کە تا هەنوکە بەقەد کێوی ئارارات پیربوونە، بەڵام هی ئەوەن راوێژیان پێبکرێ.

❖

'مایەی ژیریی بوو، هاتیەوە لامان،' ئەمە قسەی یەکەمین ریشسپی بوو، ئەوەندە لەڕولاواز ببوو، کاتیک دەرگاکە بەقایم داخرا، ئەو لەجێی خۆی لەرزی.
'ئەوەش زۆر باشبوو هەر بەخۆت سورنەبووی، ناوێک لە کوڕەکەت بنێی، وەک هەندێک لە ژنانی ئەم رۆژگارە دەیکەن،' ئەمەش تێبینی دووهەمین ریشسپی بوو، کە تەنها یەک ددانی لەنێو دەمدا مابووەوە، گەوهەرێکی وردیلە دەبریسکایەوە وەک ئەوەی یەکەمین ددانی منداڵی بێ.
سێهەمین ریشسپیش قسەی خۆی کرد، بەڵام دەنگەکەی ئەوەندە نزم و خەفە بوو، وشەکانی هەر بردەبرد بوون، کەس لێی تێنەگەیشت.
دوای هەندێ گفتوگۆ و دەمەتەقێی دیکە، ریشسپییەکان گەیشتنە بڕیارێک: غەوارەیەک دەبێ ناو لەو منداڵە بنێ، کەسێک، کە هیچ شتێک دەربارەی ئەو خێزانە نەزانێ، بەکەین و بەینی نازێ بەڵەد نەبێ.
بە متمانەیەکی تەواوە پەمبێ بەم نەخشەیە قایل بوو. چەند میلێک لەدوری ئەوانەوە، روبارێک هەبوو، بەزستانان نزم و کەم، بە بەهارانیش بەرز و هاروهاج. جوتیارەکان بە کەڵەکێکی خۆکرد بەسەر روبارەکەدا دەپەڕینەوە، پەتێک لەهەردوو رەخی روبارەکە بە دارێکی قەبەوە چەسپ کرابوو. پەڕینەوە بەسەر روبارەکەدا سەلامەت نەبوو،

هەموو ساڵێکیش خەڵک لەسەر پردە کەڵەکەکە بەردەبوونە نێو ئـاوەکە. ئیدی بڕیار وابوو پەمبێ لەمسەری پـردە کەڵەکەکە بوەستێ، چـاوەڕێی هـاتنی کەڵەک بکـا، بەڵکـو یەکەم پیـاو، کە دەپەڕێـتەوە ناوێـک لە کوڕەکەی بنێ. لەوکاتەشدا ریشسپییەکانی گونـدەکە لەنێـو داروتەڕاشـی قـۆپەنە دارێـک خۆیـان حەشـاردابوو، تـا لەکـاتی پێویسـت خۆیـان تێهەڵبقورتێنن.
پەمبێ و کوڕەکەی وەستان، چاوەڕێ بوون. دایـکەکە کراسـێکی سـەرتاپا سوری لەبەردابوو تـا سـەر قـولـەپێی دەهـات و شـاڵێکی رەشیشـی لەمل کربوو. کـوڕەکەش قـاتەکەی خـۆی لەبەر دابـوو، وەک نیـوە پیـاو دیـار بوو. کات دەڕۆیشت و تـادەهـاتیش کـوڕەکە لە بەر چـاودێریکردن بێـزار دەبوو. پەمبێ خـەریکی گێـڕانەوەی هەنـدێ حیکـایەت بـوو تـا کـوڕەکەی پێـوە بخـافڵێنێ. هەنوکەشـی لەگەڵـدا بـێ یەکـێ لە حەکایەتەکـانی هەر لەیادەورییدا ماوە و هەرگیز لەبیری ناچێتەوە.
*'کاتێک ناسرەدین خواجە کە مناڵ بوو، ئەو سێوی چاوی دایکی بوو.'*
کوڕەکەش لێیپرسی؛ 'ئایا سێوێک لەچاوی دایکیدا هەبوو؟'
'نەخێر، سوڵتانەکەم، ئەوە تەنها دەربـڕینێکە. واتـای ئەوەیە. دایـکەکە زۆری خۆشدەویست. *هەردووکیان بەیەکەوە لە کۆڵیتێکی جوانی قەراخ شار دەژیان.*
'ئەدی باوکەکەی لەکوێ بوو؟'
'ئەو لەشـەڕدا سـەری تێـدا چووبـو. هەنـوکە گـوێبگرە. *رۆژێکیـان دایکەکە دەبووایە بچێتە بازاڕ. ژنەکە وای پێگوت. "تۆ دەبێ لەماڵ بمێنیتەوە و سەیری دەرگا بکەی. خۆ ئەگەر سواڵکەرێکت بینی هەوڵبدا بەزۆر بێتە ژور، بەهەمـوو دەنگـی خۆت بقیـژێنە و هاوار بکە. ئەوەش دەیترسێنێ و دەڕوا. مـن بەرلەوەی مانـگ هەڵبـێ دەگەڕێمەوە." ئیـدی ناسرەدین وایکرد وەک داوای لێکرابوو. چاوی بۆ ساتێکیش لەسەر دەرگاکە لانەچوو.'*
'ئایا ئەو میزی نەدەهات؟'
'ئاخر تەنەکەیەکی پێبوو.'
'ئەدی برسی نەبوو؟'
'دایکەکەی خواردنی بۆ بەجێهێشتبوو.'
'نوقڵ و شیرینی؟'
'لەگەڵ حەلـوای کـونجی،' پەمبـێ وای پێگـوت، کـوڕەکەی خۆشـی بـاش دەنـاسی. *'دوای سعاتێک، لەدەرگاکە درا. لەدەرگادەرەکەش مامی ناسرەدین بوو، هاتبوو بزانێ ئاخۆ چی دەکا. لە کوڕەکەی پرسی دایکی لەکوێیە، ئەویش پێیگوت؛ " زۆر باشە،*

*بڕۆ بە دایکت بڵێ ، زوو بگەڕێتەوە فراوینی نیوەڕۆمان بۆ ئامادە بکا. خێزانەکەم بۆسەردان دێن."*
بەڵام هەر چاودێری دەرگاکەی دەکرد!
'کتومت. *ئەمە مەتەڵێک بوو بۆ نەسرەدین. ئاخر دایکی داوای یەک ئیشی لێکردبوو، هەنوکەش مامی داوای ئیشێکی دیکەی لێدەکا. ئەویش نەیدەویست ملکەچی هیچییان نەبێ. بۆیە دەرگاکەی لێکردەوە و خستیەکۆڵی خۆی و بەرەو لای دایکی رۆیشت.'*
کوڕەکە حەپەسا، بەڵام هەر زوو شتەکەی بە هەند هەڵگرت. 'من هەرگیز شتی واناکەم. من هەمیشە فەرمانی دایکم لەسەروی مامم دادەنێم.'
لەوکاتەی ئەو لەقسەکەی بووە، گوێی لەدەنگێک بوو. دیاربوو یەکێک بەسەر پردە کەڵەکە دەپەڕییەوە و بەرەو رویان دەهات. بۆ مایەی تێبینی پەمبێ و هەر سێ ریشسپییەکان، دیاربوو رێبوارەکە پیرەژنێک بوو. لوتێکی چەماوەی سەیری هەبوو، رومەتی بەسەریەکدا قوپابونەوە، ددانەکانیشی شەتوخوار ببوون. چاوە دەنکە مۆروییەکانی بەردەوام لەجوڵەدابوون و لەسەر شتێک قەراریان نەدەگرت.
پەمبێ لێینزیک بووەوە، پێیراگەیاند کوڕەکەی پێویستی بەناوێک هەیە، بۆیە داوای یارمەتی لێکرد، بێ ئەوەی هیچ شتێکیش دەربارەی تارمایی مۆتەکەی خەونی نازێ بۆباس بکا، هەروەها بۆشی نەدرکاند، کە ریشسپییەکانی گوند لەنێو تەڕاشەکاندا خۆیان حەشارداوە.
دیاربوو پیرەژنەکە بەو پێگوتنە هیچ سەرسام نەبوو. بەسەر گۆپاڵەکەی کووڕ ببووەوە، شتێکی لەمێشکیدا هەڵدەسەنگاند، هێواش و بە ئۆقرە بوو، وەک ئەوەی لێی داوادەکرێ، شتێکی زۆر ئاساییانەی ئەم دنیایە بێ.
'دایکە، ئەوە کێیە؟' کوڕەکە بوو لەدایکی پرسی.
'شێرەکە، وس. ئەو ژنە جوانە ناوێکت بۆ دەدۆزێتەوە.'
'بەڵام، خۆ ئەو ناشیرینە.'
پیرەژنەکەش وای خۆنمایش کرد، کە گوێی لێ نەبووبێ. هەنگاوێک نزیککەوتەوە، کوڕەکەی پشکنی. 'ئاوها، پێموابێ تا ئێتسا تۆ ناوێکت نییە.'
منداڵەکە برۆ پڕەکانی بەرزکردنەوە، رەتی کردەوە هیچ قسەیەک لەسەر قسەکەی بکا.

'زۆر باشە، من هەنوکە تێنووم،' وای بەکوڕەکە گوت و ئاماژەشی بە جۆگەلەیەکی ئاو کرد. 'باشە دەکرێ بچی کوپە ئاوێکم بۆبێنی؟'
'ئاخر من هیچ کوپم پێ نییە.'
'ناولەپی دەستەکانت بەکاربێنە.' پیرەژنەکە ئەمەی بە مکوڕبوونەوە پێگوت.
بە لێموڕبوونەوە، کوڕەکە نیگایەکی لە پیرەژنەکە بڕی، ئەوسا ڕوی وەرگێڕایە سەر دایکی، جارێکی دیکە سەیری ژنە لایدەکەی کردەوە.
'نەخێر،' وای پێگوت، بە دەنگێکی نێرەوە. 'بۆچی بەخۆت ناچی ئاوی خۆت بخۆیتەوە؟ خۆ من خولامی تۆ نیم؟'
ژنەکە سەری لادا، وەک ئەوەی وشەکانی منداڵەکە بەردێک بن تێیگیرابن. 'ئەو نایەوێ خزمەت بکا، ئایا دەیەوێ؟ تەنها دەیەوێ خزمەت بکرێ.'
لەوکاتەدا پەمبێ دڵنییا بوو کەسێکی هەڵەی هەڵبژاردووە. بەڵام بۆئەوەی ڕەوشەکە ئارام بکاتەوە بە تۆنەدەنگێکی دڵنەواییکردنەوە گوتی، 'خۆم دەچم ئاوەکەت بۆدێنم.'
بەڵام خۆ پیرەژنەکە ئاوەکەی بۆ خواردنەوە نەبوو، ئەو ئاوەی خستە نێولەپ، بۆ خوێندنەوە بوو.
'کیژەکەم، ئەم کوڕە بۆ ماوەیەکی زۆر هەر بە منداڵی دەمێنێتەوە تا دەگاتە تەمەنێکی مامناوەندی. ئەو زۆر بە درەنگەوە هەراش دەبێ و پێدەگا.'
پەمبێ زاری لێبەش بوو. خۆماکانە پێیوابوو پیرەژنەکە خەریکی ڕازدرکاندنێکە، شتێک بوو گریمانەی وانەبوو ئاشکرابکرێ.
'هەندێک منداڵ وەک فرات وان، زۆر خێرا و هاروهاجن. دایبابیان پێیان ڕاناگەن. دەترسم کوڕەکەت دڵت بشکێنێ و وردوخاشی بکا.'
ئەو وشانەی نێوانیان وەک گاشەبەردێک وابوون، کە لەشوێنێکی نادیارەوە هاتبن.
'بەڵام خۆ من داوای ئەوەم لێنەکردووی،' پەمبێ بە هەندێک گرژییەوە واپێگوت. 'ئایا هیچ بیرۆکەیەکت بۆ ناولێنانەکەی هەیە؟'
'بەڵێ، هەمە. لێرەدا دوو ناو هەن بۆی بشێن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قایلبوونی خۆت. یەکیان سەلیم. ئەو لە ڕۆژگاری خۆیدا سوڵتان بوو.

شاعر و موزیکژەنێکی لێهاتوو بوو. دەکرێ کوڕەکەی تۆش شتی جوان فێربێ و ناوەکەی ئەو هەڵگرێ.'
'ئەدی ناوەکەی دیکە؟' پەمبێ پشێکی پڕ ئومێدی خواردەوە. تەنانەت هەنوکە کوڕەکەش مەیلی گوێگرتنی دەمەتەقێکەی هەبوو.
'دووهەمیشیان ناوی فەرماندەیەکی مەزنە، هەمیشە لەپێشەوەی سەربازەکانی بوو، وەک بەور دەجەنگا، هەموو شەڕێکیشی بردەوە، دوژمنەکانی تێکوپێک شکاند، وڵات لەدوای وڵاتی داگیرکردن، ئەمسەر و ئەوسەری دنیای یەکخست، رۆژهەڵات و رۆژئاوای کردەیەک و هەر زیاتریشی دەویست. دەکرێ کوڕەکەی تۆش وا لەبن و خواست بەهێز بێ و بەسەر پیاوانی دیکەدا زاڵ بێ، دەکرێ ناوی ئەو کەڵە پیاوە هەڵبگرێ.'
'ئەمەیان باشترە،' پەمبێ وایگوت و روشی گەشبووەوە.
'زۆر باشە، کەواتە کاری تۆ لەگەڵ من تەواو بوو.'
بەم قسەیە، پیرەژنەکە دەستی دایەوە گۆچانەکەی، گورج و گۆڵانە کەوتەوە سەر رێگای خۆی. ئیدی چەند چرکەیەکی خایاند تا پەمبێ هاتەوە سەر خۆی و بەدوای پیرەژنەکەدا غاریدا.
'بەڵام ئەو چییە؟'
'چی ئەو چییە؟' پیرەژنەکە ئاوڕیی لێدایەوە لێیڕوانی، وەک ئەوەی ژنەکەی لەبیرچووبێتەوە.
'ناوەکە! ئاخر تۆ ناوەکەت پێ نەگوتم.'
'ئۆو! ئەو ناوی ئەسکەندر بوو.'
'ئەکسەندەر... ئەسکەندەر...' پەمبێ بەدڵخۆشییەوە ناوەکەی دووبارە کردەوە.
کاتێکیش گەڕایەوە ئەستەمبول ناوی کوڕەکەی لە تۆمارنامەدا ناونوس کرد. دوای چەندان ساڵ، بە تکاو پاڕانەوە و بەرتیلێکی باش، ناوەکەی بەشێوەیەکی قانونی تۆمارکرا. ناوەکەی لەسەر کارتی وەرگرتنی قوتابخانە وا تۆمارکرا: ئیسکەندەر تۆپراک Toprak Iskender.
'ناوەکە ناوی سەرکرەیەکی شایستەی جیهانە،' پەمبێ وایگوت. ئیدی لەوکاتەوە زانی، ئەسکەندەری مەزن کێ بووە.
ئاوهـا، ئەوە یەکەمین کوڕی بوو، سێوی(گلێنەی) چاوەکەی، کە بەکوردی ئەکسەندەر و بەتورکیش دەبێتە ئیسکەندەر. کاتێکیش

خـــانەوادەکە بەرەو لەنـــدەن کۆچیـــان کـــرد، منـــداڵ و مامۆســـتاکانی قوتابخانە هەر بە ئەلێکس Alex بانگیان دەکرد. ئەوەش ئەو ناوە بوو، کە لە زیندانی شریۆزبێری لەلایەن زیندانییان و پاسەوانان بانگ دەکرا.

-

## شازادەیەک لەسەر دار
*ئەستەمبول، ١٩٦٩*

لەو بەهاردا، هێشتا ئەسکەندەر تەمەنی نەگەیشتبووە حەفت ساڵان، لەبەر پیاوێک هەڵات، کە هەرگیز نەیبینیبوو، بەڵام ئەوەندە هەیە زۆری لەبارەوە بیستبوو. هەرچەندە پیاوەکە لەوەی خەیاڵی بۆدەچوو جیاواز بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە وایلێنەکرد ترسەکەی کەم ببێتەوە. پیاوەکە چاویلکەیەکی ئەستوری لەچاودابوو تا سەر کەپوی هاتبوو، جگەرەیەکیشی بەسەر لێوەوە بوو، هەگبەیەکی پێستینەی رەشیشی لە دەستدابوو، بەگوێرەی بەندوباوەکان تیغی زۆر تیژ لەگەڵ ئەو پارچە پێستەیەی، کە لە هەر قوربانیەکی خۆی دەکردەوە.
هەر بە نیونیگایەکیش، کاتێ ئەسکەندەر پیاوەکەی بینی هەستی بە موچرکێکی ترس کرد، کە لە بڕبڕەی پشتیەوە هات. قەدەمی دەستوپێی بە جارێک شکا. توترکی لەدەستدا تەقی بوو، پەڵەی لە کراسە سپیەکەکەی دابوو وەک پەڵە خوێن لەسەر بەفر رژابێ وابوو. هەوڵی دا پەڵەکان لاببا، سەرەتا بە دەستە روتەکانی، ئینجا بەسەردەستەی کراسەکەی. بەڵام خۆ ئەمە هەمووی بێ سود بوو. قاتە جوانەکەی تازە پیس بوو.
پەڵە هەبووبێ یان نەبووبێ، ئەو هێشتا وەک شازادەیەک لەنێو قاتە زیوینە قۆپچە بە باقوبریقەکانیدا وابوو. لەو دوای نیوەڕۆیەدا وەک خانەدانێک لەسەر کورسیێک دانیشتبوو، هەرچەندە لەچاو کورسیەکەدا بچوک دیاربوو، ئاخر هەموو کورسییەکانی بۆ گەورەبوون. لەدەستە چەپی چوار کوڕیژگە دانیشتبوون، گەورەتر و درێژتربوون لەو، بەڵام بەهەمان شێوە پۆشتەوپەرداخ بوون. بۆ دۆزینەوەی ئاوکوفی خۆی بۆ

شەڕ، لە تەوقی سەر تا بەری پێی لێیان راما، بینی قاتەکانیان وەک هی ئەو سەرنجڕاکێش نین.
لەو کاتەی شازادەکانی دیکە کێک و نوقڵیان دەخوارد و بە نوکتەکان پێدەکەنین، ئەسکەندەر چاوەڕوان بوو، لاقەکانی هەر دەهەژاند. تۆبڵێ ئەوان چۆن هێندە گەوج رەفتار بن ، کە سور دەیانزانی چیان بەسەرد دێ؟ چاوەکانی لەپەشێویدا مۆللەق ببوون. ئاخر لەو هۆدەیەدا زۆر کەسی لێبوو، ئاشکراشە کەس بە هانایەوە ناچێ، تەنانەت دایکیشی بە هاوارییەوە نارِوا، نەخاسمە خودی پەمبێش. دایکی هەموو بەیانیەکەی هەر دەگریا، پێیگوتبوو، چەند شانازی پێوەدەکا، کە کوڕە بچکۆلانەکەی هەنوکە دەبێتە پیاو. بۆ ئەم شتەش هەرکاتێ خەتەنە کرای ئەوا دەبیتە: پیاو.
ئاخر ئەسکەندەر لەژیانی خۆی لەوە نەدەگەیشت چۆن بە برِینێکی چەقۆیەک دەبێتە پیاو. ئەمەش مەتەڵێک بوو، هەڵهێنانی سەخت بوو. بە لێکەمکردنەوەت تۆ زۆرت بۆ دێ. لەوەش تێنەدەگەیشت، کە بۆچی پێیدەگوترێ، نەگریێ. هەرچەندە ئەوەش رونوئاشکرا بوو کە ئازار دەدرێ، لەکاتێکدا دایکی لەناخەوە دەگریا هەرچەندە هیچ شتێکیشی لێنەقەومابوو.
بەتیلە چاوێ، سەیرێکی کابرای خاوەن هەگبە رەشەکەی کرد، بینی، کەوا جێبرینێکی لەسەر لا رومەتی چەپە بەرەو شەویلاگی درێژبۆتەوە. لەوانەیە یەکێ لەو کوڕانەی کە نەشتەرگەری بۆ کردووە، بریندرای کردبێ. بۆ خولەکێک لەکەڵکەڵەی ئەو بیرۆکەیە راچوو، خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو، کاتێ پیاوەکە بەخۆی و تیغە تیژەکە خەریکی سونەتکردنی دەبێ، خۆی لەبەر دەست رابپسکێنێ و تیغەکەی لە لارومەتی راستەوە بدا و بە مەرەدی چەپەی لێبکا. ئیدی بەمجۆرە یارمەتی کوڕەکانی دیکە دەدا تا بەیەکەوە سەرکەوتوانە لەدەرگاکەدا غاربدەن و بۆی دەرچن. بەلام فەنتازیاکە رەوایەوە و ژورەکە کەوتەوە گەرموگوڕی، حافزێکی نابینا دەستی بە خوێندنەوەی قورئان کرد و ژنەکانیش چا و بادەمیان دەگێرا، میوانەکانیش بەسرتەوە قسەیان دەکرد، تا دەهاتیش ساتە ترسە دژوارییەکە، نزیکتر دەبووەوە.
ئیدی پێدزیلکانە لەسەرخۆ ئەسکەندەر لەسەر کورسیەکەی خۆی خزاندە خوار. پێیەکانی گەیشتنە سەر ناوکەوەکە، مافورەکەی لەبن پێدا نەرم

بوو. شەنقاوێکی هەڵدا و هەناسەشی راگرت، چاوەڕێیکرد ئاخۆ کەس چاودێری دەکا و شتێکی پێبڵێ، بەڵام هیچ نەبوو. بە سەری پەنجەی پێ لەو دۆشەکە دوو نەفەریـیە، کە لە سوچەکە دانرابوو رەتبوو، دۆشەکەکە لەسەر چوارپایەکی ئاسن بوو، سەرینەکەی نەخشێندرابوو، لەپکە شینێک و چاوێکی بەدخووانەی لەسەر بوو، چەند مۆروە شینیشی پێوەکرابوون. شین رەنگی خۆشەویستەکەی ئەسکەندەر بوو. ئاخر ئەوەش رەنگی کوڕانە بوو، واتای ئەوەی دەگەیاند، کە ئاسمانیش کوڕە. هەروەها روبار، دەریاچە و زەریاش کە حەزی دەکرد بیبینێ.
لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا هەستی بەئازایەتی و سوک تێپەڕین دەکرد، لەدەرگای پشتەوە خۆی گەیاندە دەرەوەی خانووەکە. ئیدی لەدەرەوەڕا کەوتە غاردان، تا توانای تێدابوو بەدەوری باخچەکە، بە دەوری کارێزەکە، دواتر بەرێگا خۆڵاویەکەدا شۆڕبووەوە، ماڵە دراوسێکانیشی بڕی تا گەیشتە سەر گردەکە. هەرچەندە قاتەکەی پیس ببوو، بەڵام خۆ چیدیکە باکی پێنەمابوو. ئەسکەندەر بیری لە دەستەکانی دایکی دەکردەوە، چۆن سەری بە شانە دادەهێنێ، چۆن ماست دەکاتە کوپی قوڕین، چۆن گۆناکانی دەگوشێ، چۆن هەویر دەشێلێ. بەدەم ئەم هزرانەوە گەیشتە لای دار بەڕووەکە، ئەو هەر لە خەیاڵبازییەکەی دابوو، هیچی دیکە.
ئەوەش داربەڕوێکی تەمەنداربوو، رەگەکانی بەهەر چوارلادا رۆیشتبوون، لق و پۆپەکانیشی بەرەو هەور بۆ باڵا پەرشوبڵاو ببوونەوە. هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو، دەستی بە بەسەرکەوتنی دارەکە کرد، خێرا و مەحکەمانە سەرکەوت. دوو جاران دەستی خلیسکا، خەریکبوو بکەوێ، بەڵام هەردوو جاران توانی خۆی بگرێتەوە. ئەو تا ئێستاشی لەگەڵدابێ ئەوەندە بەرز نەبۆتەوە، هەندێکیش نائومێد ببوو، کە کەس نەیبینبوو وا ئازایانە بەسەر دارەکە کەوتووە. لەسەرەوە پێدەچوو ئاسمان زۆر نزیک بێ و دەستی بگاتێ. لەژێر رایەخی هەورەکاندا، بە لەخۆڕازیبوون و شانازییەوە لێیدانیشت، تا ئەوکاتەی پەی بەوە برد، کە نازانێ چۆن دابەزێتە خوارەوە.
سەعاتێک دواتر قەلەڕەشێک چەند پێ لەو دوور نیشتەوە. ئای چ بوونەوەرێکی سەیر بوو، بەخۆی و باڵە هێڵە زەردەکانی دەورەی چاوەکانی و خەتی سورباو و سپی لە باڵەکانیدا هەبوو. جارێکیان

قیغەقیغی کرد، زۆر ناسک ونەرم بوو، بەڵام پڕ چالاکی بوو. مەلەکە زیاتر لێینزیک بووەوە، ئەسکەندەر دەیتوانی بیگرێ، بیخاتە نێو لەپی دەستی و گوێ لە دڵە بچکۆڵەکەی بگرێ کە چۆن لە پێستەکەی دەدا. دەکرا ئەو هەنوانێک بۆ مەلەکە پەیدابکا و بیپارێزێ، بەڵام بەیەک جوڵەش دەکرا ملی بقرتێنێ.
زۆر زوونەبوو بیرۆکەیەکی بەمێشکدا هات و هەستێکی پەشیمانی نقورچی لێگرت. خۆ مەنجەڵی گەورە گەورە لە دۆزەخدا هەن و لەبەر کوڵان هەر بڵقەبڵقیان دێ، مەنجەڵەکانیش بۆ ئەو کەسانە داندراون، کە بیرۆکەی گوناهیان لەمێشکدا هەیە. چاوەکانی ئاویان تێزا. دڵنیابوو لەوەی دایکی تێبینی ئەوە دەکا، کە هەڵهاتووە، ئیدی خەڵکی بەدوادا دەنێرێ، بەڵام هێشتاش کەس پەیدا نەبوو. خۆ ئەو لێرە لەبرسان دەمرێ. ئاخر دواتر خەڵک چی دەڵێن، کەوا ئەو نەوەک لەبەر نەخۆشی یان بە روداوێک مردووە، بەڵکو بەهۆی ترسنۆکییەوە مردووە؟
بەڵکو ئەوان لە هەموو کونجوکەلەبەرێک بەدوایدا گەڕابن و زانیبێتیان، هەڵاتووە. لەوانەیە وا بیری لێبکەنەوە گورگ پەلاماری دابێ، بەڵام خۆ ئەو ناوچەیەش هیچ گورگی لێنەبوو. ئەو لەخەیاڵی خۆی مەرگێکی ترسناکانەی نەخشاند، کە بە کەڵبەی چڕنوکی ئاژەڵێکی دڕندەوە کۆتایی پێبێ. تۆبڵێی دایکی لە حەسرەتان بمرێ یاخود دڵشاد بێ بەوەی دەمێکی لێ کەم بۆتەوە تا خواردنی پێبدا؟
بیرکردنەوە لە دایکی، کە چۆن خواردن ئامادە دەکا، هێندەی دیکە هەستی بە برسیبوون کرد. زۆر خێرا و ناچاریش میزی هات. نەشیدەتوانی زیاتر خۆی بگرێ، پانتلۆنەکەی داکێشا و زگی خۆی راگرت، بنەچەکەی هەموو تەنگەتاوبوونێکی. تازە خەریکی خۆخاڵیکردن بوو کاتێک گوێی لێبوو یەکێ هاواری کرد.
'هۆو، خۆ ئەوە لێرەیە لەسەر دارەکە! وەرن دۆزیمەوە!'
چەند خولەکێکی کەمی پێچوو، پیاوێک پەیدابوو، ئینجا یەکێکی دیکەش، ئەوسا زیاتر لە دە کەس. هەموویان لەلای دارەکە وەستان، تەماشایان کرد. لەژێر نیگای ئەوان، ئەسکەندەر بەردەوام بوو لەسەر میزکردن وەک ئەوەی میزڵدانەکەی دوو جاران بەقەد قەبارەی خۆی لێککشابێتەوە. لەدواییدا زنجیری پانتلۆنەکەی قایمکردەوە، لە

سەروبەندی ئەوەدابوو داوای یارمەتییان لێبکا، ئاخۆ چۆن دابەزێتە خوار، بینی لەنێو ئاپۆراکەدا پیاوە هەگبە رەشەکەش هات.
ئەوەش ئەوکاتە بوو، کە شتە سەیرەکە قەوما: ئەسکەندەر لەشوێنی خۆی چەقی. پەراسوەکانی شل بوون، زمانی گۆد بوو، گەدەشی بوو بە بەرد. لەوێوە گوێی لە خەڵکەکە بوو، لێیدەپاڕانەوە بێتە خوار، بەڵام خۆ لەتوانایدا نەبوو وەڵامیان بداتەوە. بێ هەستوقوست مابووەوە، هەروەک ئەوەی ببووبێتە بەشێک لە درەختەکە. پێوەی رەقببوو.
سەرەتا تەماشاکەرانی خوارو وایان زانی نمایشی مردوو دەکا، پەرۆش بوون زیاتر سەرنجی رابکێشن. تەنها لەوکاتەی، کە زانیان خۆی نمایش ناکا و بەڕاستیەتی، بەوەی کوڕەکە رەق و گۆد بووە، بیریان کردەوە ئاخۆ چۆن دایببەزێننە خوارەوە. پیاوێک بەسەر دارەکە کەوت، بەڵام نەیتوانی بگاتە سەر ئەو لقەی، کە ئەسکەندەر لەسەری هەڵنیشتبوو. یەکێکی دیکە هەوڵی دا کارامەیی خۆی بەکاربێنێ، ئەویش بەهەمان دەرد چوو. لەوکاتەدا ئەوانی دیکە پەتۆیەکیان هێنا و لەژێرەوە رایان گرت، بەڵکو خۆی فڕێبداو بیگرنەوە، بەڵام نەیانزانی چی لێ بکەن، هیچ شتێک دادی نەدا. پلیکانەکان کورتیان هێنا، پەتەکان باریک بوون، کوڕەکەش هاوکارییان نەبوو.
ئیدی هەر ئەوکات دەنگێک لەهەوا هات و دڕی پێدان. 'ئەرێ ئەو لەوێ چی دەکا؟' پەمبێ وا هاواریکرد، بە پەلەپروزێش سەرگردەکە دەکەوت.
یەکێک رونیکردەوە، 'ناتوانێ دابەزێتەوە.'
'ئۆو، ناتوانێ! خۆ کوڕێکی گەورەیە،' پەمبێ چاوی لە قاچە باریکەلەکانی کوڕەکەی کردبوو، کە بە لقەکەدا شۆڕببونەوە. ' دەی، هەر ئەم چرکە ساتە وەرە خوارە!'
وەک ئەوەی سەهۆڵ لەژێر خۆرەتاوی رۆژدا بتاوێتەوە، ئەسکەندەر هەموو جەستەی لەباریەک هەڵدەوەشا.
'دابەزە، هەی نارەسەن! تۆ باوکی خۆت شەرمەزارکرد. هەموو کوڕەکان سونەتکران. هەرتۆ بەتەنها وەک ساوایەک رەفتارت نواند.'
هەوڵیدا ئەوەی داوای لێکرا، وا بکا، بەڵام نەیتوانی لەجێی خۆی بجولێ. لەبری ئەوە چاوی لەخوارەوە کرد و بزە گرتی. بەڵکو ئەگەر بارەکەیان لەسەر سوک کردبا، سوکتر دەهاتە بەردەست. بەڵام خۆئەوەش هەر هەڵە بوو. هەموو فشارێک لەناخی دایکیدا دەبووە

تــوڕەیی و دەهریبــوون کــاتێ دەیبینــی ئەو لەســەرەوە بۆیــان مســکە دەبێتەوە.

'تـۆ کـوڕێکی لاسـارو چەتـونی! دەسـتبەجێ دابەزە دەنـا ئێسکوپروسکت دەشکێنم! ئایا ناتەوێ ببیە پیاو؟'

ئەسکەندەر هزری خۆی خڕکردەوە، لەدواییدا گوتی؛ 'نەخێر.'

'خۆ ئەگەر هەربە کوڕی بمێنیتەوە ئەوا هەرگیز نـابیە خـاوەن تڕومبێلـی خۆت'

ئەو شانی بۆ هەڵتەکاند. ئەو دەتوانێ بۆ هەرلایەک بڕوا یاخود بە پاس بڕوا.

'هەروەها نابیتە خاوەن ماڵ.'

ئەسکەندەر شانێکی دیکەی بۆ هەڵتەکاند. دەکرێ هەروەک قەرەجێک لە خێوەت بژی.

'هەرەوها ژنێکی جوانیشت نابێ.'

دەربڕینێکـی مەتەڵ ئاسـا لەسـەر روخسـاری ئەسکەندەر پەیـدابوو. ئەو دەیویسـت ژنــی هەبــێ. یەکێـک لەدایکـی بچــێ، بەڵام هەرگیـز گـاڵتەی پێنەکا. لێوەکانی خۆی جـوینەوە، خەم دایگـرت. دوای ئەوەی پێـدەچوو کۆتـایی چـاوەڕوانیکردن بـێ، خـۆی کـۆکردەوە، تەکـانێکی دابەرخـۆی و ئاوڕێکی لەخوارەوە دایەوە، سەیری چاوەکانی دایکی کردن، دوو چـاوی رەش و کەسـک، دەڵێـی دوو تـاڵی لاولاوی نەرمونیـانن بەڵام لێبـڕاوانە بەرەو دایکی دەکشێن.

'زۆر باشە،' پەمبێ بەدەم ئاە هەڵکێشانەوە گوتـی، 'تۆ بردتەوە، منـیش دۆڕاندم. تۆ نـاتەوێ سونەت بکرێی. منیش لێنـاگەڕێم کەس دەسـتت بـۆ بەرێ.'

'بەڵێن بێ؟'

'بەڵێن بێ، سوڵتانەکەم.'

دەنــگەکەی گەرموگــوڕ و دڵنیــاکەرەوانە بــوو. کاتێــک وا قســەی کــرد، ئەسـکەندەر ترسـوتۆقینەکەی رەویەوە. پەنجەکـانی جوڵانــدن، ئینجــا پێیەکانی توانی چەند لقێک دابەزێ، تا ئەو شـوێنەی پیاوەکـان لەسـەر پلیکانەیەکی بەرز چاوەڕیی بوون و دایان بەزاند. کاتێکیش بە سەلامەتی گەیشتە ژێر دارەکە، یەکسەر بەرەو لای دایکی هەڵات، دەستی بەهەنسکی گریان کرد.

'کـــــوڕەکەم، پەمبـــــێ وای پێگـــــوت هەروەک ئەوەی پێویســــتی بە پەسندکردنەوە بێ، لە ئامێزی گرت و زۆر توند بەسنگییەوە گوشی. 'مالا من[4]، سوڵتانەکەم."

ئەسکەندەر شـادمان بـوو بەوەی پێـی گەیشـتنەوە سـەر زەوی، لەوەش دڵشادتر بوو کە غەریبی دایکی کردبوو، بەڵام هێشتاش شتێکی خنکێـنەر دەربارەی لەباوەشگرتنەکەی هەبوو، شیرینیەکی تاڵ. لێوەکانی لەسـەر لاملـی، هەناسـەکەی، دەسـتەکانی وا گرتبوویـان وەک ئەوەی کفـن بـێ وابوو.

وەک ئەوەی مێشکی کوڕەکەی بخوێنێتەوە، پەمبـێ شـانەکانی کـوڕەکەی توند گرتن، پـاڵێکی پێوەنـا بـۆ دواوە گەڕایەوە تـا بتـوانێ سـەیری دوڕ چاوەکانی بکا، ئینجا یەک زلـلـەی تونـدی لێدا. پێشـی گـوت، 'جـارێکی دیکە شەرمەزارم مەکە!'

بەنیوە غارێکیش بۆ لای پیاوە هەگبە چەرمینەکە رۆیشـت، ئەمەشـی بـۆ زیادکرد، 'دەی، ها بیگرە!'

روخساری ئەسکەندەر هەڵبزڕکـا. زیـاتر توشـی هێـدمەگرتن بـوو لەوەی بشێوێ. ئاخر دایکەکەی لەبەر چاوی هەمووان خاپاندی، لێشیدا. دایکـی هەرگیز پێشتر لێینەداوە. ئەو ئەگەرە هەرگیز نەهاتبووە پێش. هەوڵێکی زۆری دا، قسەیەک بکا، بەڵام وشـەکان وەک بەردە مەڕمەڕیـان لێهـات، گەروییان خڕ داخست.

لە شەوەکەشــدا هەمــووان پەســنی ئەســکەندەریان کــرد، کە لەکــاتی سونەتکردنەکەدا ئازا بووە. ئەوان گوتیان تەنانەت دڵـۆپە فرمێسکێکشـی نەبارانــد. بەڵام خــۆ ئەو دەیزانـــی ئەم نمایشـــەی ئەو فــڕی بەســـەر ئازایەتییەوە نەبوو. بەڵکو بەهۆی ئەوە بوو هێشتا هەر بیری لەکـردەی دایکـــی دەکـــردەوە، ئـــاخۆ بـــۆ وایکـــرد، ئەو بە نەشـــتەرگەریەکە تێکنەچووبوو. چونکە هەرگیز ئەوەی لێ رونەدابوو، لەلایەن کەسێکەوە بخاپێنـدرێ کە خۆشـی دەویسـت. تـا ئەو رۆژە. نەیـدەزانی کەسـێک ئەوەندە لەناخی دڵەوە خۆشی بـوێ، ئامـادەبێ وا ئـازاری بـدا. ئەوەش یەکەمین وانەی ئاڵۆزی خۆشەویستی بوو.

---

[4] نوسەر دەق ئەو دەستەواژە کوردیەی بەکارهێناوە، Malanamin.

## فوارەی مرازان
*شوێنێک لە نزیک فرات، ١٩٧٧*

هەنوکە پەمبێ رۆیشتووە، رەنگدانەوەی روخسارەکەی لە ئاوێنە و لەسەر روی ئاوەکان هێشتا ماوە. ئێستا لەژێر ئاسمانێکی دیکەدا دەخەوێ و زۆرجاران نامە و پۆستکاردی وێنەی پاسی سور و دوو تاوەری گەورە بۆ جەمیلە دەنێرێ. کاتێکیش بۆ سەردانیان هاتبووەوە، جلەکانی بۆنی دیکەیان لێدەهات، کە دەستیشی لێدەدا، هەستی کرد نەرمونیانە. ئەوەش ئەو پارچە شتەیە، کە زۆرجاران جەمیلە رادەهەژێنێ: دەبینێ کە خوشکەکەی هەگبەکەی دەکاتەوە، بۆنێکی بۆ هێناوە، تامی فابریکەیەکی وڵاتێکی بێگانەی لێدێ. پەمبێ بە بێدەنگی ئەوێی جێهێشت بەو گریمانەیەی هەموو شتێک وەک خۆی بێ تا دەگەڕێتەوە، بەڵام خۆ هیچ شتێک وەک خۆی نەمابووەوە. ئێ خۆ ئەویش بە یەکجاری هەر نەگەڕایەوە.
چوار ساڵە پەمبێ نامە بۆ جەمیلە دەنێرێ، باسی ژیانی خۆی لە ئینگلستاندا بۆ دەکا. منداڵەکانیش لەگەڵیدا هەموو جارێکیش منداڵەکانیشی چەند دێڕێکی بۆ دەنوسن، لە هەمووشیان زیاتر یونس بۆی دەنوسێ. جەمیلە هەموو ئەو نامانەی لەناو باولێکدا داناون و لەژێر پێخەفەکەیدا وەک ئەوەی گەنجینەیەک بێ، هەڵیگرتوون. بە رێکوپێکیش وەڵامی دەدانەوە، هەرچەندە زۆر شتی کەمیشی هەبوو بۆیان بنوسێ، یاخود هەر بەو شێوە بیری دەکردەوە. لەم دواییانە پرسیاری لە یونس کردبوو ئاخۆ شاژنی بینیوە، ئەگەر واش بێ، ئایا چۆنەو لە کێ دەچێ؟. یونسیش وەڵامی دابووەوە.

*شاژن لە کۆشک دەژی. کۆشکەکەش ئەوەندە گەورەیە تیایدا ون دەبیٚ. بەڵام دەیدۆزنەوە و دووبارە لەسەر تەختی دایدەنێنەوە. ئەو هەمو رۆژێک جلی جیاواز لەبەردەکا، هەروەها شەپقەی سەیرسەیریش. رەنگی شەپقەکانی دەبیٚ لە هی کراسەکانی بیٚ. دەستەکانی زۆر شل و نەرمن، چونکە دەستوانە لەدەست دەکا و زۆر کرێمیشی لێدەدا، هەروەها ئەو قاپوقاچاخ ناشوا. من وێنەکەیم لە تەلەفزیۆن بینی. جوانیش دیارە.*

جەمیلە نەیدەتوانی لەوە بگا، چۆن ئەو خێزانە، کە ئەو هەموو ماوە دورو درێژە لە دورگەکەدا دەژین، کەچی هێشتا چاویان بە شاژن نەکەوتووە و هەر لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بینیویانە. هەندێک جار بە گومان بوو لە سەرچڵی پەمبیٚ لە ژینگەکەی کە لێی دەژیا. خۆ ئەگەر هەر لەنێو چوار دیواریماڵدا بمێنێتەوە، کەواتە سودی چی بوو کۆچ بۆ وڵاتێکی وا دور بکا؟ ئاخر بۆچی ئادەمیزاد لەو شوێنەی لێی لەدایک دەبیٚ ناژی و نامریٚ؟ جەمیلە لە شارە گەورەکاندا توشی خەفەقان دەهات، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، کە شوێنی نەناسراون؛ باڵەخانە، گەڕەک و حەشامات خۆیان لەیەک هەڵدەسون کە دەڕۆن، و هەواشی تێدا قەتیس ماوە.

لە نامەکانیدا، ئاساییانەش لە دوا بڕگەیدا پەمبیٚ نوسیبووی، 'ئەریٚ خوشکەکەم ئایا تۆ لەمن توڕەی؟ دەکریٚ لە دڵەوە گەردنم ئازاد بکەی؟' بەڵام خۆ هەر بەخۆیشی وەڵامەکەی دەزانی. جەمیلە نە لە خوشکە جمکەکەی و نە لە هیچ کەسێکی دیکە توڕە بوو، کەچی جەمیلە دەیزانی، ئەم پرسیارەی جار لەدوای جار هەر لێدەکرێتەوە، وەک ئەوەی برینێک پێویستی بە درونەوە و بەستنی بەردەوام هەبیٚ.

خەڵکی ئەویٚ پێیان دەگوت قز ئیبە Kiz Ebe مامانی پاکیزە. ئەوان دەیانگوت جەمیلە باشترین مامانە لەو دەڤەرە هەژارنشینە کوردییە و بۆ سەدان ساڵیش دەبیٚ مامانێکی وای لێهەڵنەکەوتووە. ژنە دووگیانەکان بە گەیشتنی ئەو هەستیان بە ئاسودەیی دەکرد، پێیان وابوو لە منداڵبوونیان دڵنیا دەبن و دەستی عیزرائیلیشیان لیٚ بە دوور دەگریٚ. مێردەکانیشیان بە زانینەوە سەریان دەلەقێنن و دەڵێن، 'مامانە پاکیزەکە راسپاردەیە. هەموو شتێک باش دەبیٚ. یەکەمجار سوپاس بۆ خودا، پاشان بۆ ئەو.'

ئەم وشانە حسێبییان لەسەر نەدەکرا؛ تەنها ترسی جەمیلەیان لەلای چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا قووڵ دەکردەوە. ئەو دەیزانی مامانێکی باشە، بەهرەیەکی تێدا هەیە بەرلەوەی دەست بەکارەکەی بکا و تەمەنی بەسەر بچێ، ئەوەش تەنها تێڕوانینێک بوو یاخود بەد بەختییەک. وەک هەموو مامانەکان، لەوە دەترسا ناوەکەی هاوشانی ئافەریدەکار دەرببڕدرێ. کاتێکیش گوێی لە جوتیارەکان دەبوو، کە کفرێکی وایان دەکرد، جەمیلە لەبەر خۆیەوە دەیگوت تۆبە، تۆبە[5]. ئەوان گوێیان لەوە نەدەبوو، تەنها خودا بەس بوو، ئەویش گوێی لێدەبوو. جەمیلە دەبووایە بۆ خوا رون بکاتەوە، کە نە مجێزی لەدەسەڵاتی ئەوە و نە رکابەرێتیشی، چونکە هەر خوا بەتاک و تەنیا گیان بە بونەوەران دەبەخشێ.

جەمیلە دەیزانی ئەو سەهۆڵەی لەسەری دەڕوا چەند تەنکە. تۆ ئەوەندە دەزانی، کە ئەزموون و زانیارییت هەیە تا دەگەیتە سەر ئەو خاڵەی ترس داتدەگرێ، وات لێدەکا وەک ئەوەی یەکەمین جارت بێ. هەموو جارێک ئەوسا و داهاتو لەوانەیە شتێکی شاش روبدا، هەڵەیەکی ترسناک، هەرچەندە هەموو هەوڵێکی خۆیشی بۆ دەخەیتە گەڕ. جاری واش هەیە پێویست بە هەوڵ و هیممەتی ئەو نەدەبوو، چونکە کاتێک دەگەیشتە سەر ژنە دووگیانەکە، دەیبینی تازە و هەر بەخۆی منداڵەکەی داناوە، جاری وا هەیە هەر بە خۆشیان ناوکە پەتکیان بە تیغێکی تیژ دەبڕی و بە داوە مووی سەریان دەیان بەستی. جەمیلە ئەو پێشهاتانەی بە نیشانەیەک لە خواوە دەزانی بۆ ئەوەی درک بە سنورداریێتی و دەستلایەزی خۆی بزانێ.

ئەوان لە ئاوایی دوردور و شوێنی دورەدەست دەهاتن و لەگەڵ خۆیان دەیانبرد. هەرچەندە مامانی نزیکتریش لە ماڵەکەیان هەبوو، بەڵام دڵیان بە جەمیلە نەبا ئاوی نەدەخواردەوە. ئەو لەو بەشە دابڕاوەی جیهانەدا زۆر خۆشەویست بوو. بە دەرزەن کچی تازە لەدایکبوو هەبوون بە ناوی ئەوەوە، واتە بەناوی بەسێ جوان، ناونران.

---

[5] ئەم وشەیەش دەق وەک خۆی بەکارهاتووە.

'ئەرێ دەکرێ ساواکەم بەناوی تۆوە ناو بنێم، بەڵکو هێندەی نیوەی تۆ پاکیزەیی بەربکەوێ،' ئەوە داوای ئەو باوکانە بوو، کە لەسەر دەستی ئەودا چاویان بەم جیهانە دەپشکوت.
جەمیلەش سەری بۆ دەلەقاندن، هیچیشی نەدەگوت، هەستی بە رەوشەکە دەکرد. ئەوان خوازیاربوون کچەکانیان بەشەرم و حەیا بن، کەسانی بە ناموس بن، دەیانویست بە روسوری بچنە ماڵ و مێردی خۆیان و وەچە بنێنەوە. دەکرێ ناو و پێگەی کچەکانیان وەک جەمیلەی مامان بێ، لێ چارەنوسیان باشتر بێ.
لە پەنجەرەکە نزیک دەکەوتەوە، شاڵەکەی بەسەر شان دادەدا، دەستی دەدایە چرایەکە، ئیدی جەمیلە لەنێو تاریکاییدا بزردەبوو. لەژێر باڵی شەودا، دۆڵەکە کشومات خەوتبوو، بەیار و بەراوی، لێڕ و بیشەڵانی تاریکستان بوو. هەمیشە وای دەهاتە پێشچاوان، نەرمایییەک لە پشت ئەو دیمەنە رەقانیەی دەرەوە هەیە، بە شێوەیەک ئەو لە پیاوێک دەچوو دڵێکی نەرمونیانانەی شاردبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا حەزی نەدەکرد بە تەنها لەشوێنێکی دورەدەستدا بژی. خۆ دەکرا ئەویش کۆچ بکا، بڕواتە شوێنێک، ئەوسا هەر شوێنێک بێ. نەک لەبەر ئەوەی کەرەستەی وای هەیە یان خزمەکانی حەزیان لێیە یارمەتی بدەن تا ژیانێکی نوێ لە شوێنێک دەستپێبکاتەوە. خۆ ئەو هەنوکە تەمەنی سی و دوو ساڵی تێپەڕاندووە، ئەو تافی سەرەکی ژیانی خۆی بەسەربردووە، گەیشتۆتە پشت تەمەنی شوکردن. ئیدی درەنگ کەوتووە ژیانێکی خێزانداری پێکەوە بنێ. *رەحمێکی وشک وەک گندۆرەیەکی خراپبوو وایە؛ لە دەرەوە جوان و لەناوەوەش رزی، بۆ هیچ شتێک دەستنادا*، ئاوها جوتیاران لەبارەی ژنێکی وەک ئەو قسەیان دەکرد.
تەنانەت لەگەڵ ئەو بارەشدا، دەکرا مێرد بە پەککەوتەیەک یان پیرێک بکا، دەکرێ قایلبێ بەوەی ببێتە ژنی دووهەم یان سێهەم و چوارەمی یەکێک. هەرچەندە ئەوەش دەگمەن بوو. چونکە هەر ئەو ژنانەی یەکەمین جار مێردیان دەکرد و ژنی یەکەم بوون، رەوا بوون. هەڵبەتە ئەوان دەکرا بچنە نەخۆشخانە، یان ژوری دادگا، یان نوسینگەی باجرێکخەر و داوای قانونییانەی خۆیان وەک ژنێکی هاوسەردار و خاوەن منداڵ بکەن. بەڵام خۆ لەم گۆشەی سەر ئەم

وڵاتە کەسێک ناچێتە ئەو جێگایانە، مەگەر توشی گێرمەوکێشەیەکی ترسناک نەبێ یان بە دەردە ئافاتێکی تەنینەوە نەچێ یاخود بە نیازێکی باش بچێتە شوێنگەلی وا، ئەمەش چ بۆ ژنی یەکەم بی یان هی چوارەوەم هەروەک یەک وایە.

ماڵەکەی-خۆگەر وشەکە بەرامبەر هی ئەو راستودروست بێ- لە نزمایەکی نزیک دۆڵێکی دەرەوەی ئاوایی مالا چار بایانە. لەخوارەوە چەندان خرەبەردی لێیە، دوای ئەوەی رۆژ هەڵدێ وەک گەوهەر بەسەر ئەو ناوەدا دەدرەوشێنەوە. زۆر ئەفسانەش سەبارەت بەو گاشەبەردانە هەن، لەپشت هەر ئەفسانەیەکیش هەقایەتێکی خۆشەویستی هەیە. بۆ سەدە گەلێکە کریستیان، موسڵمان، زەردەشتی و ئێزدی لەپاڵ یەک ژیاون. هەر لەپاڵ یەکیش یەکدیان خۆشویستووە کۆچی دواییشیان کردووە. نەوەکانیشیان، کە زۆر لەمێژە لەوێ نەماون و کۆچیان کردۆتە عەرد و بەردی دیکە. بەڵام خۆ بەقەد ژمارەی پەنجەی دەست لەو دەڤەرە ماونەوتەوە، لەنێویشیاندا جەمیلەیە.

شوێنە چۆڵکراوەکە سەردەمانێک لە ژیان جمەی دەهات، جۆرێک لە ماتەم، تارمایی مۆتەکە، بە با هەڵیدەکا و شەقارشەقاری زەویەکەی پڕدەکا. بەڵکو لەبەر ئەوەش بێ دوای ماوەیەک، خەڵکە کۆچکردووەکە ئەو شوێنە جێهێڵاوەیان بەوە شوبهاندبێ: بێدەنگ، وێرانە و خامۆش. بەڵام ئەوە هەر لەسەر روکارەکەیەتی و لەگەڵ خەڵکەکە وایە وەک چۆن لەگەڵ خاکەکەدا، کە روخسارەکەی بەدەگمەن وایە وەک کرۆکەکە هەمان شت بێ.

لەژێر ئاوەڵکراسیدا، کە بۆ خۆگەرمکەردنەوە پۆشیبووی، ژنەکە جەمیلەیەکی دیکە بوو، گەنج، جوان و رۆح سوک و بەپێکەنێک وەک تینگەی پەرداخ لەسەر پەرداخ. ئەو بە دەگمەن ئەو رۆژانە دەردەچوو، وەک ژنێکی کردەیی بە داربڕین، چونە چیمەن و ئاوهێنان و داودەرمان دروستکردن خەریکبوو. لەکاتی خۆی هەستی بە ژیریی خۆی دەکرد. دیاربوو ئەم تەنهاییە زۆرەی کاری خۆی تێکردبوو، وردەوردە گازی لە مێشکی دەگرت.

کاتێکیش لە شاخە دورەکانەوە بایەک هەڵی دەکرد، بۆنوبەرامەی گوڵە کێویەکانی لەگەڵ خۆی دەهێنا، بۆنوبەرامەی تازەی

خونچەگـوڵی دارودرەخـت و گژوگیـای دەرمانـاویی. بەڵام لەهەمـان کاتیشدا بۆنی گۆشتی بۆگەنی لەگەڵ خۆی دەهێنـا، کە لێرە و لەوێ بە کەلاک و پێستەکەیەوە مابووەوە. ئاخر لەو نـاوچەیەدا قاچـاخچی و چەتەش هەبوون، لەوناوەدا لە ئەشکەت و نواڵەکاندا دەسوڕانەوە هەرگیـزیش لە شـوێنێک بـۆ رۆژێـک جێگیـر نەدەبـوون. لە شـەوانی مـانگە شـەودا هـۆبە ئـاگر لەنێـو تاریکـایی دوردا وەک ئەسـتێرەی ئاوابوو دەدیتران. بۆن و بەرامەی بە هەوا گواستراوەش لەسـەر ئەوە بەند بوو ئاخۆ ئەوان چی دەخۆن و چەندیش نزیکن.
لەوێدا گورگیش هەبوون. جەمیلە بە رۆژ، ئێـوارە درەنگـان و شـەوان گوێی لە لورەیـان دەبـوو. ئەوان مڕەیـان دەکـرد و لورەیـان دەهـات، هەنـدێکجار لەسـەر قـوچەکی بەرز و هەنـدێک جـاریش بەڕێـوە لولەلورەیان دەکرد. هەموو جارێکیش، کە دەردەکەوتن و لەدەروازەی مـاڵەکەی نزیـک دەبـوونەوە، حیلەبـازانە بـۆنی گەشـەگیرییەکەیان دەکرد و وندەبوون. لموزیان لەهەوا دەکرد و ئەوێیان جێدەهێلا وەک ئەوەی بە باشی بانگهێشتی سەر خوانە ئاهەنگێک نەکرابن. جەمیلە لە گـورگ نەدەترسـا. ئەوان دوژمنـی ئەو نەبـوون. هەروەهـا چەتەکانیش هەقیان بەسەرد ئەودا نەبوو، بەڵکو لە پـاروی چەورتـر دەگەڕان. لەدڵەوە جەمیلە لەو بڕوایەدا بـوو، هەمیشە مەترسی لەو شوێنەوە دێ، کە کەمتر لێی چاوەڕانە.
ئـاگرو پەنگـرەکە ئەوسـا گەش دەبـوو، کـاتێ کـۆلکەدار دادەگیرسـا، دەبـووە مەشـخەڵان. روخسـاری جەمـیلەش دەگەشـایەوە، هەرچەنـدە باقی ماڵەکە لە نێو تاریکاییدا نقـوم ببـوو. ئەو گومـانی هەبـوو، کە جوتیارەکان خۆشـیان بـوێ، بەڵام رێزیشـیان لێـدەنا. بەسـەر پشـتی ئەسـپ، هێسـتر و کەر دەرۆیشـت و پێـی دەهاوێشـتە سـەر هەنـدێک شوێن، کە جێگای هیچ ژنێک نەبوو بۆی بچێ. زۆر جـاران کەسـانێک یاوەری بوون دەیناسین، بەڵام غەوارەش هەبوون یاوەریان دەکرد.
پیاوێـک کە هەرگیـز نەیبینـی بـوو، رەنگبـوایە بە درەنگـانێکی شـەو لەدەرگاکەی بدابایە و لێیبپاڕابایەوە، 'تکایە خێرابە، لێتدەپاڕێمەوە! ژنەکەم لەئانوساتی منداڵبووندایە، ژنەکەم لەگوندە و خەریکە وابـێ و وانەبێ. ئێمە دەبێ خێرا بین. ئاخر رەوشەکەی ژنەکەم باش نییە.'

دەکرێ ئەمە درۆ بێ. هەمیشە ئەو ئەگەرە هەیە، هەرچەندە فیتی حەرامزادانە زوو دەناسرێتەوە. کاتێک ئەو لە نیوەی شەودا بە دوای پیاوەکەدا دەکەوێتە رێ، ئاگادارە لەوانەیە برفێندرێ، لەوانەیە لاقەی بکرێ و بشکوژرێ. بەڵام ئەو متمانەی هەیە، نەوەک بە پیاوەکە بەڵکو بە خودا. خۆ ئەوەش راستە، کە لە دنیادا رێسای نەنوسراو هەن، هەق نییە کەس بوێرێ تێکیان بدا. مامان، ئەو کەسەی مەلۆتکەکان دێنێتە سەر روی زەوی، نیمچە پیرۆزە. ئەو دەکەوێتە جیهانێکی بینرا و نەبینراوەوە، هێڵەکەی ئەوەندە ناسکە هەروەک تەونی جاڵجاڵۆکە وایە.

بە دار راپێشکردنی زیاتر بۆ سەر ئاگرەکە، جەمیلە جزوە مسینەکەی خستە سەر. ئاو، شەکر و قاوە هەموو ئەو شتانەن کە کەمن. بەڵام خانەوادەکان هەموو کات دیاریی لەگەڵ خۆیان دەهێنن؛ خەنە، بسکوێت، زەعفەران، فستەق، بادام و توتنیش لەودیوە ئاودیو دەکەن. جەمیلە دەزانێ گەر پارەی بدرێتێ، ئەوا هەر بۆ یەکجار دەیردێتێ و دەبرێتەوە. بەڵام ئەگەر خشڵ و ئاڵتون بێ ئەوا بۆ هەتا هەتایە بۆت دەمێنێتەوە.

ئەو قاوەکەی بە هێواشی تێکدا. ***قاوە وەک خۆشەویستی وایە***، ئەوان دەیانگوت، ***هەرچەند لەگەڵی بە حەوسەڵە بیت ئەوەندە تامی خۆشتر دەبێ.*** بەڵام جەمیلە زۆر شتی لەو بارەیەوە نەدەزانی. ئەو جارێکیان کەتبووە داوی خۆشەویستییەوە، بەڵام تامەکەی تفتوتاڵ بوو. سەری زمانی سوتاند، هەرگیز بۆکەسیشی باس نەکردووە.

کاتێک چاوی لە کەفاوی هەڵچووی قاوەکە کرد، لەودیوە گوێی لە دەنگێک بوو. ئاخر، دۆڵەکە لە رۆحەکان جمەی دێ. لەوێ بونەوەرگەلێک هەن لە دەنکە برنج گەورەتر نین، ئەوان بە چاوی روت نابیندرێن، بەڵام هێز و مەترسیەکەیان هی گاڵتەپێکردن نییە. مەلەکان دێنە لای پەنجەرە، مێشومەگەز بە شڵخە بەسەر ئاو لە گۆمەکە دا دەپەڕنەوە. هەموو شتێکیش زمانی خۆی هەیە. ئاخر بڕوای ئەو وابوو. هەورەتریشقە، خوناوی بەیانییان، ئەو مێروانەی دەوری شەکردانەکە دەدەن... هەندێکجار بڕوای وابوو، کە لێیان تێدەگا چیدەڵێن.

ئەو هیچیشی بەقەد ئەوە خۆشنەدەویست، کە بۆتە مامان. ئەوەش ئەرکی ئەو بوو،سەر و سامانی ئەوبوو. ئیدی چ تەمومژ بێ، چ خۆرەتاوی قرچەی رۆژ یان سی ئینج بەفر بێ، هەر کاتێک بێ، شەو یان رۆژ، ئەو لەسەر ئانوساتی بانگردنە، چاوەڕێ دەکا کەی لەدەرگای بدرێ. ئەوەش کەس نەیدەزانی، بەڵام لەناخی دڵیدا ئەو لەمێژبوو شوی کردبوو؛ جەمیلە مێردی بە چارەنوسی خۆی کردبوو.

❖

لەدەرەوە شنەی با لە شیشی پەنجەرەکەی دەدا. جەمیلە قاوەکەی سەر گوڕیە ئاگرەکەی هەڵگرت و کەمێکی لە کوپێکی دەسکدار کرد. قومێکی لە قاوەکە دا. ئاگرەکە کەمێک لە ژیانی ئەو دەچوو، لەناخیدا گڕی دەدا، لێنەدەگەڕا کەسی لێ نزیک ببێتەوە، ساتە شیرینەکان وەک خەونە مردوەکان پشکۆئاسا دادەگیرسان.

لە زۆر دورەوە مەلێک خوێندی، خۆ ئەوە کوندەبۆ بوو، خۆجێیەکان دەیانگوت دایکی وێرانەیە. دیسان خوێندییەوە، ئەمجارەیان زۆر خراپتر. جەمیلە لەوێ دانیشتبوو، چاوەکانیشی لەسەر یەک دانابوون و بیریشی هەڵبەزودابەزی دەکرد. سەرباری ناخۆشیی، تافی منداڵیی وەک شادمانێک بیرکەوتەوە. لەوکاتدا خۆی و جمکەکەی یاری دایک و ساواکەیان دەکرد. هەرچەندە بە سێ خولەک ئەو بە تەمەنتر بوو، بۆیە هەمیشە پەمبێ رۆڵی ساواکە و جەمیلەش رۆڵی دایکی دەگێڕا، هەوڵی دەدا بیلاوێنێتەوە، ژێری بکاتەوە. ویستی هەندێکی راژەنێ، گۆرانی بۆ بڵێ، هەقایەتی بۆ بگێڕێتەوە. گەڕایەوە سەر ئەو جۆرە یارییانە، جەمیلە حەپەسا بەوەی، کە ئەوکات چەند جدی بوو.

ئەوەشی بیرهاتەوە، جارێکیان باوکیان برزۆ، هەردووکیانی بردە شار، لای فوارەی مرازان. ئەو ژنانەی مەڕاقبوون منداڵیان ببێ، ئەو خەسوانەی دەیانویست بەسەر سەری بوکەکانیانەوە بن، پاکیزەکان نزایان وابوو لێرە شۆڕەسواری خۆیان بدۆزنەوە، ئیدی پارەوپولیان دەخستە نێو ئاوی فوارەکە، بەڵکو مرازیان حاسڵ بێ. کاتێکش هەموو رۆیشتن، پەمبێ قاچی خۆی هەڵکرد و چووە نێو ئاوەکە، بازیدا دراوی نێو فوارەکە هەڵبگرێتەوە. ئەوسا هەردووکیان بەیەکەوە

بەوپەڕی زەوقەوە بەرەو نزیکترین دوکـان غاریـان دا، لـەوێ هەنـدێ نوقڵ و شتی وایان کڕی و هاتنەوە.
هەرچەندە جەمیلە زەوقـی بە سـەرچڵیەکەی هـات، بەڵام پاشـئەنجام هەستی بە سوچباریی کرد. ئـاخر ئەوان ببوونە دز. لەوەش پۆلکتر. دزینـی مـرازی خەڵـک لـەوە زۆر خراپتـر بـوو، کە جـوزدانی خەڵـک بدزی.
'ئاوها هەستیار مەبە،' پەمبـێ پێیگـوت، ئەوەش لەوکـاتەدا بـوو، کە جەمـیلە نیگەرانیـیەکەی بـۆ درکانـدبوو. 'خـۆ ئەوان ئەو پـارە و پولانەیـان هەر فـڕێ دەدا، ئـێمەش هەڵمـان گـرتنەوە. ئەمە هەمـوو شتەکە بوو.'
'بەڵێ، بەڵام خـۆ ئەو پـارە و پـولانە بە دوعـاوە گرێـدرابوون. ئەگەر یەکێ مرازە نهێنییەکەی تۆ بدزێ، ئایا پەست نابی؟ مەبەستمە بڵـێم، من پەست دەبم.'
پەمبێ پێکەنی و پێگوت، 'کەواتە مرازە نهێنییەکەت چییە؟'
جەمـیلە خـرایە کونجێـک، خـرایە داو. راسـتە رۆژێـک لـە رۆژان دەیەویست شـو بکـا، کراسـی بـوکێنی و کێکـی بە کـرێم وەک زۆربەی ئەوانەی لە شارە هاوچەرخەکان دەیکەن، هەیبێ، بەڵام خۆ ئەوە زۆر گرنـگ نەبـوو. ئەو منـداڵی خۆشدەویسـتن، ئەوەش لـەبەر ئەوەبـوو، هەموو کەسێک بۆیان دەپاڕایەوە یاخود وای پێـدەگوت کەوا بکـا؟ خـۆ زۆر خۆش بوو کێڵگەیەکـی هەبـێ، بەڵام ئەوە ئارەزوێـک بـوو لـەوەی حەز و خواست بێ. کاتێک توندتر بیریکردەوە، جەمیلە خۆشحـاڵ بوو لەوەی تـەنها دزی دراوی فـوارەکە بـووە نەوەک سـەردانکەری فـوارەی مـرازان. خـۆ ئەگەر پـولێکی لەبەرامـبەر مرازێـک دابـایە، ئەوا قەت شتێکی وای بۆ نەدەهات.
کاتێ پەمبێ گاڵتەی بە دوودڵییەکەی کرد، چاوەکانی گەش بـوونەوە. 'من دەبـێ ببمە گەڕۆک و بە جیهانـدا بگەڕێم. هەمـوو هەفـتەیەک لـە بەندەرێک بگیرسێمەوە.'
جەمـیلە هەرگیـز بەقەد ئەوکـات هەسـتی بە تەنیـایی نەکـرد. ئەو تێگەیشتبوو، لـە هەمـوو رویـێکەوە هاوشـێوەن، بەڵام یەک جیـاوازی کوشندەشـییان تێـدا هەیە: ئەویـش ئـاواتی بەرز(بەرزخـوازیی) بـوو. پەمبێ خوازیاربوو جیهانەکەی ئەودیو فـرات ببینـێ. ئەو دەمـاری بە

دواداچوونی دڵخوازی هەبوو، باکیشی بەوە نەبوو ئاخۆ ئەوانی دیکە چی لەبارەوە دەڵـێن. بـۆ سـاتێکی نغرۆبـوون لەبیرکـردنەوەدا، ئەوە بەمێشـــکی جەمـــیلەدا هـــات، کە ژیـــانی لەیەک جودابـــوونەوە لەنێوچاوانی خۆی و خوشکەکەیدا نوسراوە.
باوکەکەیان لێبڕاوانە دەیگوت، جمک هەرچەندە پیرۆز بن ئەوەنـدەش نەفرەتلێکـراون. ئەوان مـوفەڕک و پیـرۆزن چـونکە هەمیشـە کەسـێک هەیە پشتی پێببەستن. هەروەها نەفرەتلێکراویشن چونکە گەر یەکێـک نامرادانە بناڵێنێ، ئەوا لەچارەیان نوسراوە بەیەکەوە و دووئەوەندە بناڵێنن. خۆئەگەر پرسەکەش وابێ وەک جەمیلە پێـی سەرسـام بـوو، تۆبڵێی ژانوناسۆری دیکە لە چییەوە سەرچاوە بگرێ، ئایـا لە حەزی خوشکەکەیەتی یاخود لە کورتهێنانەکەی خۆی بۆ هەردووکیان؟

## یادەوەرییەکان

*لەندەن، دیسێمبەر ١٩٧٧*

کاتێک ئـادەم دەسـتی دایە بسکوێتە جۆداس(شۆفان)ەکان و لەسـەر ئەو قایشەی بە بەردەمیدا دەڕۆیشت، لابرد و خستیە نـاو سندوقێکی دیکە، بیرۆکەیەکی سروشتئامێزانەی بۆ هـات: ئـاخر چیـدیکە روخسـاری دایکـی بیـرنەدەکەوتەوە. خولەکێـک لە شـوێنی خـۆی چەقـی، مـوچڕکێکی بە سـەرتاپای جەسـتەدا هـات، ئەو وەسـتانە بـووە مـایەی ئەوەی دەسـتە بسکوێتەکانی دیکە لەدەستبدات و نەیانخـاتە نێو سندوقەکەی خۆیـان. بیلالیش، کە چەند پێیەک لەخوار ئەو لەریزەکە وەستابوو، هەستی بە هەڵەی ئادەم کرد و بە هێوری ئیشەکەی بۆ راستکردەوە. ئەگەر ئـادەم بیزانیبا چی رویدا، دەستی سوپاسگوزاریی بۆ بـرادەرەکەی دەهەژانـد، بەڵام لەو چرکەسـاتەدا هەر هەوڵــی دەدا ئەوە بە بیرخــۆی بێنێــتەوە، ئاخۆ روخساری دایکی لە کێ دەچوو.

هەڵــبەتە، وێــنەی ژنێــک لەپاشــخانی هــزری ئەودا هەبــوو، دوور و تەمــومژاوی، وەک ئەوەی لەنێــو تەمێکــی تەنکــدا وەســتابێ. ژنەکە بەژندرێژ و باریک بوو، سیمای لە بەردی مەڕمەڕ دەچوو، رەنگبزڕکاو، هێمن و نـیگەران. تیشکی خۆرەتاوێک لە پەردەی پەنـجەرەکەوە کەوتە سـەر پشتەسـەری، نیـوەی روخسـاری لەتاریکیـدا هێشـتەوە. پـرچەکەی قــاوەیەکی مـس ئاسـابوو، رەنگـی گەڵای پـایزیی هەبـوو. کـاتێکیش روناکییەکە کوژایەوە، وێنە تارماییەکە رەش هەڵگەڕا. لێوەکانی خڕوپڕ بـوون. بەڵکـو واش نەبـێ، ئـاخر خـۆ ئـادەم دڵنیـا نەبـوو. لەوانەیە لێوەکـانی تەنـک بـن و بە سـوچەکانیدا شـۆڕببوونەوە. دیـاربوو ژنەکە هەموو چرکە ساتێک دەگۆڕا. بیچمەکەی لە مۆمێکی تواوە هەڵکۆڵرابوو. لەوانەشە یـادەوەریەکەی لێتێکچـووبێ، ئەو ژنەی، کە هێنـاویەتە سـەر دنیـا لەگەڵ وێـنەی ژنەکەی خـۆی تێکەڵـوپێکەڵ کردبـێ. پـرچە درێـژ و

قاوەیەکەی، کە هەنوکە دەیدی هی پەمبێیە، هی دایکی نییە، کە ناوی ئایشە بوو. تۆبڵێی ژنەکەی وای لێهاتبێ و ببێتە بەشێکی دانەبڕاوە لە یادەوەریی و ئاوهای لێتێکەڵ بێ، تەنانەت ئەمە بەرلەوەی هەر یەکدیش بناسن؟ ئەو قوڕسایییەکەی خۆی لەسەر قاچێک گواستەوە سەر قاچەکەی دیکە و چاوەکانی لێکنان.
یادەوەرییێکی دیکەشی بۆ هات. خۆی و دایکی لەسەر کێڵگەیەکی سەرتاپا کەسک، کە بەسەر بەنداوێکدا دەیڕوانی، بینی. لەوانەیە ئەو هەر هەشت ساڵان بووبێ. دایکی پرچەکەی بەردابووەوە، بایە ناودارەکەی ئەستەمبۆل (پۆیراز) هەر دەیهێنایە سەر دەموچاوی. لەبەردەم ئەوانیشدا ئاسمان شین بوو، لە دورەوە گردۆڵکەکانیش وەک دەفری زیو و ئاڵتونی دیاربوون. لەو دەرگا بێژمارانەی بەنداوەکەدا تەنها کەمێکیان کرابونەوە، ئاستی ئاوی دەریاچەکەش نزم بوو. کاتێ کوڕەکە سەیری ئاوەکەی کرد لە بەرپێیاندا دەڕژێتەخوار، هەستی بە سەرسوڕان کرد. ڕۆژێکی دیکە دایکی هۆشداری پێدا، نزیکی لێوارەکە نەبێتەوە، بەڵام شتێکی سەیر بوو ئەو ڕۆژە وای پێینەگوت.
'شەیتان لەسەر لێوارەکە وەستاوە، هەر کەس نزیک بێتەوە بۆ خوارەوە پاڵی پێوەدەنێ.' هەر بۆیەشە هەموو کاتێک ئەوان ئەو منداڵانەی پاڵ بە رایەڵەی قەپەنگەوە دەنێن، ئەو کابانانەی دەچنە سەر لێواری پەنجەرەکان جامەکان پاکدەکەنەوە، یان ئەوانەی لولەی کوورەکان خاوێن دەکەنەوە، هەردەم دەکەونە خوار. شەیتان لەوێدا هەنیشکیان دەگرێ و بە چڕنوکی خۆی فڕێیان دەداتە بۆشاییە بەتاڵەکەی بنەوە. تەنها پشیلەکان لەبەری قوتار دەبن چونکە نۆ گیانن، ئیدی دەبێ هەشت جاری دیکە بمرن ئەنجا کۆتاییان پێدێ.
دەست لەناو دەست ئەوان بەگردەکەدا دابەزین، تا گەیشتنە لای دیوارە کەتەکە، کە بەلایەکی بەنداوەکە دەهاتەخوار. ئایشە لەسەر لوتکەی گەلیەکە ئاهێکی هەڵکێشا، لێوەکانیشی جوڵان. دیاربوو لەبیری کردبوو، کە شەیتان بەو نزیکانە خۆی لێ مەڵاس داون. خۆ ڕەنگبێ واش نەبێ، چونکە جارێکیان ئەو بینی، دایکی تیشکۆی بیری خۆی لەسەر شتێک کۆکردۆتەوە، کوڕەکەی تێگەیشت دایکەکەی دوعا دەکا، دوعا تا لەبەلای ناگەهان بە دور بێ، ئەمەش لای ئەو گومانی تێدا نەبوو. ئەو ئاسودە بوو، بەڵام بۆ تەنها ساتێک. ئاخر تۆ چیدەڵێی گەر شەیتان

خۆی لەپەنا تەڕاشێک حەشاردابێ، ئامادەبێ فڕێیان بداتە نێو قۆرتێک؟ بە تەکانێکی لەپڕ، دەستی لەدەستی دایکی کشاندەوە و ئاوڕێکی لەدەوروبەر دایەوە ئەوسا دڵنیابوو، کە کەسی لێنییە. کاتێکیش دووبارە ئاوڕی دایەوە، دایکیشی لە تەنیشتی نەبوو.

ورده ورده، چرکە لەدوای چرکە، سەیری کەوتنی دایکی کرد.

❖

ئادەم چاوەکانی کردنەوە، بینی بیلالە لێیەوە نزبۆتەوە و شتێکی هۆشدارانەشی لەسەر دەموچاودا هەیە.

'ئەرێ، پیاو، ئەوە چی شاش رویدا؟' بیلال لەبەر دەنگی هاشوهوشی دەزگاکە وای لێپرسی. 'تۆ زیاتر لە یەک دەرزەن دەستەت لەدەست دان.'

'هیچ شتێک نییە.' ئادەم دەستی راستی لەسەر دڵی دانا. "نەخێر، من باشم.'

خەندەکەی بیلال لەسەرخۆ بوو، بەڵام راستگۆیانەش بوو. بەسەر لەقاندنەوە چووەوە سەر کارەکەی و ئادەمیش هەروای کرد. لەماوەی پشوی دوای نیوەڕۆدا توانی مشوری هەموو بسکوێتە لەدەستدەرچووەکان بخوا. بەڵام ئەوانەی دەیانناسی، زانیان ئەو ماستە بێ موو نییە. شتێک هەبوو لە ناخەوە دەیهەژاند، جڵەوەکەی لەدەست خۆی نەمابوو، خۆی پێڕانەدەگیرا، ئەوەندە رەشبین وەک ئەوە هەوری باهۆزێک وابوو.

ئەو دەیزانی چییەتی: ترسی ئاژەڵێکی نیگەران. هەستی کرد راوەدوو دەنرێ، لەزەوی دەدرێ وەک ئەوەی دەرزییەکی ژاراوییان لێدابێ، کە راستەوخۆ نەیکوژێ بەڵام بەهێواشی لەپەلوپۆی بخا. روی لەهەر کوێیەک کردبا تارمایی راوەدونەرانی دەبینی. شوێنێک نەبوو پەنای بۆ ببا، مەگەر بۆ هەتا هەتایە ئینگلستان جێبهێڵێ. بەڵام خۆ نەیدەتوانی رابکا، ئاخر ئۆباڵی ژن و منداڵەکانی لەئەستۆ دایە. خۆ ئەگەر بیەوێ ماڵ و منداڵەکانیشی لەگەڵ خۆی ببا، دەبووایە پارەی لەبەردەست دابووایە. پارەیەکی زۆریش، ئیدی ئەو ئەمەی نەبوو. چینییەکانیش درکیان بەو شتە کردبوو. هەر بۆیە هەموو رۆژ چاودێرییان نەدەکرد. ئەوان دەیانزانی هەر کاتێک بیانەوێ، هەر کاتێک لەپارەداندا وەخرا، لەکوێ بیدۆزنەوە. بەڵام خۆ هۆکارێکی دیکەش هەبوو، کە ئادەم نەیدەتوانی بۆ هیچ کوێیەک بڕوا: ئەویش رۆکسانا بوو.

❖

بەر لە شەش هەفتە، بەیانییەکیان کە ئادەم لەخەو رابوو، هەستێکی ئاسودە و سروشتیکی وای بۆهاتبوو وەک ئەوەی لەنێو خەونیکدا بالْبگرێ. هێما مژدەبەخشەکان لەوێ بوون. پێشتر هەرگیز نیشانەکان ناپاکییان لەگەلْدا نەکردبوو. ناو لەپی دەستی دەخورا، دلْیشی لە جارانی ئاسایی کوتەکوتی زیاتر دەکرد، چاوی چەپەشی بەسوکی دەزورایەوە. هیچ شتێکی بێزارکەر لەگۆڕیدا نەبوو. سوکە موچڕکێک هات و رۆیشت، هەروەک کۆدی پەیامێک لە ئاسمانەکانەوە هاتبێ. لە هەموو رویێکیشیەوە رۆژێکی ئاسایی بوو، بەلاّم ئەو هەستی خۆی هەر هەبوو. هەموو دوای نیوەڕۆکەی هەمووان لەگەلْیدا بەڕێز بوون ئەویش لەگەلْ ئەوان وابوو. ئەویش رۆژێکی خۆش بوو، هەتاو بەدەروە بوو، یەکشەممە بوو، رۆژ بەسەر روباری تایمزدا بەگەرموگوڕ و پڕ بەلێن دەشکایەوە.

دوای رۆژئاوابوون، سەری بە بنکەی قوماردا کردەوە. رۆژیکی زو، زۆریش لەمڕۆ دور نییە، دەیەوێ بە جارێک لە قومارکردن بوەستێ. ئەو دەیەوێ خوەکەی بشکێنێ، ئەو شتەی لە جەستەدا دامبالْی، وەک چۆن پەلێکی وشک و نەخۆش لە دارێکی تەندروستدا دەبڕێتەوە. هەروەک چۆن ئەستەمە درەختەکە ئەو لقە بڕاوە شینبکاتەوە، ئەویش ئاوا شتەکەی دووبارە ناکاتەوە. بەلاّم نەوەک ئەمڕۆ. ئەو هێشتا ئامادەنەبوو بە تەواوی دەستی لێبەربدا. *بۆ ئەمڕۆ قەیناکا*، ئەو وا خۆی دلْنیاکردەوە. *ئەمڕۆ نیشانەکان رێبەرمن.*

ژێرزەمینی بالْەخانە دوو روکارەکەی بێتنال گرین تەمەنێکی درێژی هەیە. ناوەوەی ژێرزەمینەکە دنیایەکی جیاواز بوو. لەوێدا پێنج ژوور هەبوون: لەهەر یەکێکیاندا پیاوان یاری سنوکەریان دەکرد یاخود لەدەوری مێزی رۆلێت، بیست و یەک یان پۆکەر گردبوببوونەوە. هەوا بە دوکەلْ چڕ و ئەستور بوو. ئەوانەی پارەیەکی زۆریان هەیە و کەمتر دەترسن لە ژورێکی پاشخان دان. لە پشت دەرگا داخراوەکەشدا مرۆ گوێی لە بردەبردێک، هەندێک جار لە پرخەپرخ و مرخەمرخ و تەقەی سوڕانی رۆلێت دەبێ.

ئەوێ شوێنی پیاوان بوو. ئەو چەند ژنانەی لەوێش بوون پێشتر قسەیان لەگەلْ کرابوو بۆیە هی خۆنزیککردن نەبوون. هیندی، پاکستانی، ئیندۆنیسی، بەنگلادیشی، کاریبیی، ئێرانی، تورک، گریکی

و ئیتالییەکان... هەموویان بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد، بەڵام جوێن و پیلانگێڕیی و نزایان بەزمانی زگماکی دایکییان بوو. ناویان لەو شوێنە نابوو لانە. شوێنەکە لەلایەن مالباتێکی چینیی کەمدوو بەڕێوە دەچوو، کە بۆ چەندان نەوە لە ڤێتنام دەژیان، بەڵام دوای جەنگەکە ناچارکرابوون ئەوێ جێبهێڵن. هەمیشە لەپەنای ئەواندا هەستی بە نائاسودەیی دەکرد. چینییەکان وەک ئیتالیەکان یەکدییان نەدەپاراست هەروەها وەک ئایرشییەکانیش تیژ میزاج نەبوون. هەمیشە رەفتارێکی نەناسراوییان هەبوو. وەک کەشو هەوا قابیلی گۆڕان بوون.

ئەم شەویان ئادەم گەمەی بیستویەکی کرد، یەک دوو دەست یارییەکەی کرد، پاشان روی بۆ رۆلێت وەرگێڕا. لە یەکەم جار، کە جێی خۆی گرت گرەوی لەسەر رەش کرد. ئەوەش دەستپێکێکی مژدەبەخشانە بوو. لە جاری دووهەمدا گرەوی لەسەر تێکەڵەکە کرد. جارێکی دیکە بردیەوە، بەڵام بردنەوەکە زۆر نەبوو. ئەمجارەیان بایدایەوە سەر سور و سێ کەڕەت بردیەوە. هەر جارێکیش دەیبردەوە دەیخستە سەر گرەوی داهاتووی. خۆ ئەوە ساتێکی جادووییانە بوو کاتێک هەستی بە خەڕەکی رۆلێتەکە کرد. رۆلێتەکەش هەروەک ئەو لە یاوەرێکی تۆکمەی کەم بوو. خۆ تۆ دەتوانی گرەو لەسەر گرەو بکەی، ئیدی دەرفەتی بردنەوەت هەروەک خۆی دەبێ. رۆلێت هیچ لە رەگەزەکانی ناناسێتەوە. بۆیە ئەو بەبێ یادەوەریی یاریەکەی کرد، تیشکۆی خۆی خستە سەر گرەوی نوێ وەک ئەوەی یەکەم و دوا جاری بێ.

پیاوەکانی ژورەکە پەنجەی گەورەیان بۆ بەرزکردەوە، دەستیان لەسەر شان دانا و چەند وشەیەکی هاندەرانەشیان پێگوت. خۆ ئەوەش هەستێکی سەیرە، لەلایەن کەسانی غەوارەوە رێزت بگیرێ، سەرسامت بن و ئێرەیشت پێببەن. ئەو گێمێکی دیکەش یارییەکەی کردەوە، هێشتاش هەر براوە بوو. هەنوکە تا دەهات ئاپۆرای دەوری مێزەکەی پڕتر دەبوو. پانزدە خولەک دواتر ئەو هێشتا هەر تۆپەکەی هەڵدەدایە سەر رۆلێتەکە و دەسوڕا، هەر دەیبردەوە. دەڵاڵەکەش داوای وچانێکی کرد.

بۆئەوەی هەوایەکی تەڕوتازە هەڵمژێ، ئادەم لە لانەکە هاتەدەر. لەوێ کابرایەکی کەتەی درێژی مۆراکۆیی هەبوو، هەر لە کارگەکەوە

دەیناسـی، لە تەنیشـت ئەو لەسـەر شۆسـتەی شـەقامی بەردەم لانەکە دانیشت.
'تۆ پیاوێکی بەبەختی،' مۆراکۆییەکە بە تێبینییەوە پێیگوت.
'قسمەت[6]. هەموو رۆژێک وەک ئەمرۆ نابێ.'
'کـێ نـاڵی خـوا تاقیـت ناکـاتەوە،' پیـاوەکە ئیسـتێکی کـرد، نیگـایەکی راگوزەرانەی تێبڕی. 'ئایا دەزانی ئەوان چی دەڵـێن. *ئەوەی سواری ئەسپێکی تیژڕۆ ببێ، لەوانەیە پشتیشی بشکێنێ، بەڵام هەردەبێ ئەسپەکە بازبازێنی خۆی بکا.'*
'بۆ خاتری جەهەننەم، ئەوە واتای چی دەگەیەنێ؟'
'منیش نازانم، بەڵام وتەکەم لێخۆش هاتووە.'
ئەوان پێکەنین، دەنگی پێکەنینەکەیان دڕی بە بێدەنگی شەوەکە دا.
'گوێ لە گوتەیەکی جـوان بگـرە،' ئـادەم وایگـوت؛ *'مرۆ دەکارێ تا ئەوپەڕی کۆتایی دنیا هەڵبێ، بەڵام ناتوانی لەوەی بەجێیهێشتووە رابکا.'*
'ئممم،' مۆراکۆییەکە خەریکی بەرزکردنەوەی پێکەکەی بوو، بەڵام تێبینی ئەوەی کرد، برادەرەکەی دەست بەتاڵە.
'من ناخۆمەوە،' ئادەم وا شتەکەی بۆرونکردەوە.
ئەم قسەیە، کابرای بەرامـبەری هێنـایە پێکەنـین. 'ئـای لەوە. سـەیرێکی خۆت ناکەی! تۆ لە قوماردا نغـرۆ بـووی، بەڵام کـاتێ دێـتە سـەر مەی، لێم دەبیتە موسڵمانیکی تەرکە دنیا.'
روی ئادەم بە جارێک گیرا. ئاخر خۆ ئەو هۆگر(ئـالودە، مـدمن) نەبـوو. هەرکاتێـک ویسـتبای دەیتـوانی واز لە قومـارکردن بێنـێ. سـەبارەت بە هۆکاری نەخواردنەوەکەشـی، زۆر بە دەگـمەن قسـەی لەبـارەوە دەکـرد، بەتایبەتیش بە کەسانی لایەدە. بەڵام ئەمشەوە ریزپەڕبوو. راسـتو رەوان درکاندی، 'باوکم مەشرۆبخۆرێکی ناقۆڵا بوو.'
زۆری نەخایاند گەڕایەوە ژێر زەمینەکەو چراکانیش کوژانەوە. جـارێکی دیکە کارەبا کوژایەوە، ئەمە سـێیەمین جـارە لەم هەفـتەیەدا روبـدا. لەم رۆژانەدا لەندەن لە بەیانیاندا لەبەر هەوری باراناوی خۆڵەمێشی ببوو، بە شـەوانیش لەبەر کارەبـا کـوژانەوە تاریـک تاریـک بـوو. *دوکانی مۆم فرۆشەکە لێیداوە*، ئادەم وا بیری لێکردەوە. پـارەی بـاش لە فرۆشـتنی مـۆم دەستدەکەوت، بزنسێک بوو کەلوپەلەکانیان وەک نان و شیر دەفرۆشرا.

[6] نوسەر دەق وشەی kismet ی بەکارهێناوە. ــوەرگێڕ-

ئـادەم زۆری لەچاوەکـانی کـرد تـا لەدالأنە نـیمچە رونـاکەکەدا بچێـتە هۆدەکەی پشتەوە. لەوێدا سێ چینیی لەسەر مێزەکە بە دەوری چرایەکـی نەوتی دانیشتبوون، پیاوگەلێکی کەمدوو بەڵام دەربڕینی کاریگەر. ئـادەم زانـی کـاتی رۆیشـتنی هـاتووە. ئەو بەو بـڕە پـارەیەی، کە بردبـوویەوە رەزامەند بوو. دەستی دایە چاکەتەکەی، دەستێکی لەسەر شانی دەڵالەکە دا، لەسەر ئانوساتی ئەوەبوو بڕوا، بەڵام لەپڕ وەستا.

دواتر کاتێ ئەوساتەی بیردەکەوێتەوە، کە زۆر جارانیش وایـدەکرد، ئەو دەبووایە بیر لە دەسکی ناکاوی شـەمەندەفەر بکـاتەوە. هەرگیـز هەوڵـی نەداوە دەسـکی دەرگـایەکی وا نـاکـاو رابکێشـێ. ئەوەشـی دەزانـی گەر کەسێک وابکا، ئەوا لەپڕێکەوە شەمەندەفەڕەکە دەوەستێ. ئەو شـەوەی، ئەو لە سەر رۆیشتنی لانەکەدا وەستا، وەک ئەوە وابوو دەسکی دەرگـای وەستانی لەناکاوی شـەمەندەفەرێک بۆخـۆی کـێش بکـا و کەسـێکیش لە نێوەڕاستی دەرگاکە گیری خواردبێ.

ژنێکی گەنج لێوەژور هۆدەکە کەوت، وەک ئەوەی سایەی خۆی جێبێڵـێ. لەبەر تیشکی لامپـایەکەدا پـرچە لمیـنەکەی سـەیر ئـاسـا بریسکایەوە، تیسکەکانی لەپشت گوێی خولیـان خواردبـوو، باریـک و ناسـک. کورتە تەنــورەیەکی چەرمـــین، کە رۆخەکـــانی ســـەروی بەداوی ئاوریشـــم نەخشـابوو، پێڵاوێکـی پـانی بەرزی لاتیـژ لەپێـدابوو. هەمـوو ئینجێکـی روخسارە کەی، کە شێوەی دڵی لەخۆ گرتبوو، پەیـامێکی وایدەگەیانـد، کە بەخۆشی خۆی نەهاتۆتە ئەم شوێنە، ئەو دەبووایە لەبـری ئەوە لە شـوێنێکی دیـکەدا بـووایە. بینـــی خـــانمەکە لە تەنیشـــت کـــابرایەکی سەرکەچەڵەی ورگنی چینی دانیشت، خۆی وانمـایش دەکـرد سـەردارەکە بێ، خۆ لەوانەشە وابووبێ، شتێکیشیان چرپانـدە گـوێی. پیـاوەکە بـزە دایگرت، نیمچە بزەیەک و دەستێکیشی لەسەر رانی خانمەکە دانا. ئیـدی بەمە شتێک لە هەناوی ئادەم پچڕا.

'ئاوهـا، دیـارە تـا ئێسـتا هەر مـاوی. ئەرێ بـرادەرەکەم، حەزت لێـیە گێمێکی دیکەش یاری بکەی؟'

پیـــاوەکە بە شـــێوەیەک پرســـیارەکەی کـــرد، بـــێ ئەوەی ســـەریش بەرزبکاتەوە سەیری هـیچ کامێکیـان بکـا. هێشـتاش ئـادەم وەک هەمـوو ئامادەبووانی ئەوێ دەیزانی، ئەم پرسیارە راستەوخۆ بـۆ ئەو بـوو. ئەو هەسـتی بە نیگـای هەمـوو کەسـێکی ئەوێ کـرد، بەڵام خـۆ هەر چـاوی

خانمەکە بوو، ئەو دوو یاقوتە شینە بوون جەرگی بڕی. ئەو هەرگیز چاوی وا گەورە، رون و شینی نەدیبوون. خۆ ئەگەر ژنەکەی ئەم خانمە ببینێ، ئەوا لەچاوی شەیتان دەترسێ. بە گوێرەی بیروباوەڕی پەمبێ، ئەگەر ژنێک بەم چاوانە لێتبڕوانێ، تەنانەت گەر بۆ ساتێکیش بێ، ئەوا دەبێ راستەوڕاست بگەڕێیتەوە ماڵ و هەندێک خوێ لەناو ئاگردانەکەدا بسوتێنێ.

روی ئادەم گڕی گرت. بینی کتومت ئەو چرکەساتە هاتبوو، کە نابوترین هەڵە لە قومارکردندا بکا. خۆ نابێ لەژیاندا وا داتبڕسێنێ. بەڵام تێشگەیشت، ئەمە شتێکە مایەی قایلبوونە. بە هەندێ سەربەرزکردنەوە وەڵامی کابرای دایەوە، 'بەڵی، یاری دەکەم.'

دیسان یاریەکەی کردەوە، واش بیری کردەوە، ئەم جارەیان جیاوازە. ئەو وزە و تینوتاوی دەوروخولی ئەو گۆڕابوو. ئەو خولخولۆکەی رۆلێتەکە دوو قەوارەی لەیەک جیابووەوە بوون، چیدیکە هاودەم نەبوون. هێشتاش نەچەمایەوە، بە پشتڕاستی لەسەر کورسیەکەی خۆی دانیشتبوو، سەیری خوای جوانییەکەی دەکرد، کە چاوی لە تۆپە خولخواردوەوکەی رۆلێتەکە کردبوو.

چراکان هەڵبوونەوە. ئەمەی بە نیشانەیەکی مژدەبەخش زانی و لەسەر گرەوکردنەکە بەردەوام بوو. دیسان بردیەوە و هەر بردییەوە. گرەوکان بەرزبوون. ئەمەش مەترسیدار بوو. شتێکی ناقۆڵا بوو. چینییەکە نەشڵەژاو دیاربوو، بەڵام دەمارگرژییەکەی خەریکبوو لێدەربکەوێ. لەنێو خەڵکە گردبووەکەدا ئادەم چاوی بە کابرای مۆراکۆیی کەوت، برۆکانی لە ترساندا هەڵچووبوون. سەرێکی هەژاند، لێویشی بزواندن، 'براکەم، بەسیەتی!'

بەڵام خۆ نەدەکرا ئادەم بێدەنگ بێ. خانمەکەش لەمسەری مێزەکەوە لێیدەڕوانی، لێوەکانی وەک گێلاس وابوون، پڕ و گەیوو، ئیدی ئادەم هەستی کرد دەرفەتە. ئەگەری یەک لەهەزار گەر بێت ولەسەر بردنەوەی رۆلێت بەردوام بێ ئەوا دڵی خانمە بۆخۆی بەدەست دینێ. چەند چرکەیەک دواتر، گوێی لێبوو یەکێک بانگی خانمەکە دەکا: رۆکسانا. بەم جۆرە ناوەکەی بۆ ئاشکرابوو.

ئیدی راستەوڕاست گرەوی لەسەر هەموو مایەکە کرد. هەموو پوولی یارییەکانی لەسەر ژمارە چاردە دانا. تۆپەکەش لەسەر خولخولۆکەدا

سورا، وەک دوو ڕاکێشی ژیانی ئەو، خێزان و ئازادییەکەی، کە بە ئاراستەی پێچەوانەی یەکدییان رادەکێشا. ئاپۆراکەش واژەواژی پێکەوت، دڵۆپە ئاوەکان بەر کەنارەکە کەوتن. هەنوکە تۆپەکە بەر لەوەی لە شەقاری خۆی بوەستێ هەر هەڵبەز و دابەزی دەکرد. خولخولۆکەکە گەڕێکی دیکەش وەرسوڕایەوە. روخساری خانمەکەش سەرسامانە سوپاسگوزاربوو، وەک شتێک پێیەوە کارانگاز بێ. خۆ پێویستیشی نەدەکرد ئادەم ئاوڕ بداتەوە تا بزانێ بردویەتیەوە.
ئەوەش لەوکاتەدا بوو کابرای چینیی لەگەڵ هەناسەدانەوە بردەبردێکی لێوەهات، بە دەنگێکی بیستراوەوە گوتی، 'ئەرێ برادەر، خێزانت نییە چاوەڕێت بکا؟ ئاخر هەنوکە بۆت نیگەران بوونە، کاتەکە وەدرەنگ کەوتووە.'
ئەو هۆشدارییە حەشاردراوە و دەربڕینی وشەی خێزان، پەردەیەکی ئەستوری نێوان ئەو و رۆلێتەکە، خۆی و ژورەکە، خۆی و خانمەکە بوو. ئادەم پولەکانی خڕکردنەوە، خستیە سندوقێک و بەپارەی کاشی گۆڕییەوە. ئەوسا ناسیاوێکی تا نیوەی رێگای بردەوە و نیوەکەی دیکەشی بە پێیان بڕی.
لەوێ لەسەر شەقامی ئیست لەندەندا زبڵ و خاشاک بڵاو ببووەوە، بۆگەن و رزی و بەملا و ئەولادا کەوتبوو. دنیا هاروهاج ببوو. هەموو کەسێک لە باری شڵەژاندا بوو: ئاگرکوژێنەوە، کرێکاری کانەکان، نانەواکان، کارمەندانی نەخۆشخانەکان، پیاوانی خاشاک. هیچیان نەیاندەویست یارییەکی دیکە بکەنەوە. کەسیان مەگەر قومارچییەکان نەبێ.
سەروبەندی سعات چار بوو کاتێ گەیشتەوە ماڵەکەی خۆی لە لاڤندەر گرۆڤ. لەسەر قەنەفەکە جگەرەیەکی کێشا، جگەرەکەی لە نێو پەنجەکانیدا کوژایەوە، سەفتە پارەکان لە تەنیشتی گەرمونەرم بوون. شازدە هەزار و چوارسەد پاوەن. لەوکاتەی هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لە حەفت خەواندا بوون، بۆیە نەدەکرا سەرکەوتنەکەیان بۆ بگێڕێتەوە. هەردەبێ جارێ چاوەڕێ بکا. لە ژورەکەدا بە چاوکراوەیی پاڵیدایەوە، هەستی تەنیایی وا گەمارۆی دابوو وەک ئەوەی یاخییێک بووبێ. لە شوێنی خۆی گوێی لە پرخەی ژنەکە و دوو کوڕو کچەکەی و تەنانەت

هەناسەی ماسییە زێڕینەکانیش بوو... هەموویان ئاسودە لەشیرین خەودابوون.
پێشتر کاتێ لە خزمەتی سەربازی لە تورکیادا، شتێکی وای تێبینی کردبوو؛ کاتێک زیاتر لە سێ کەس لە شوێنێکی تەنگەبەردا دەڕازێن، زوو یان درەنگ دەنگی هەناسە دەبنە هاوڕێک. بەڵکو ئەوەش شێوازێکی خودا بێ، کە پێمان بڵێ گەر بە سوکی شتەکان وەربگرین، ئەوا لە کۆتاییدا هەنگاوێک لەو نزیک دەبێنەوە و بێ گێرمەوکێشە دەبین. بیرۆکەکە بۆ ئەو تا ڕادەیەک شتێکی نوێ بوو، بۆیە پێیخۆش بوو هەندێ جڵەوی بۆشل بکا. بەڵام خۆ ئەگەر هاوڕێکییێکیش لەوێ هەبێ، ئاخر ئەو بەشێک نییە تیایدا. شتێکی بۆ هات، کە لە بۆنەی دیکەدا، ئەویش هەر پیاوێکە لە باقی ئەوانی دیکەدا کەمتر یان زیاتر نییە، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەو سەبارەت بە مشورخواردنی ئەوانەی لەئەستۆی ئەودان، شکستی هێناوە. بێژمار جار لەوەداماوە تۆبڵێی ئەوانەی لە خوێن و گۆشتی ئەون لەگەڵت باشتر بن یان بەبێ ئەو باشتر بن.
نەیتوانی بخەوێ، بەیانی لەگەڵ زەردە هەڵاتن لە ئەپارتمانەکەی دەرچوو. پارەکەشی لەگەڵ خۆی برد، هەرچەندە دەشیزانی ئەم ئیشەی گەوجانەیە. گەڕەکەکە پڕی دزو گیرفانبڕە، خۆ ئەگەر بزانن ئەو بڕە پارەیەی پێیە و ئەوا هەموو پەراسوەکانیشی لەگەڵ دەشکێنن. ڕۆشتنەکەی لێبووە نەرمەغار، هەر کاتێکیش لە سەر شەقامەکەدا غەریبەیەکی بەرامبەر بهاتبا و بە تەنیشتی تێپەڕیبا، لە شوێنی خۆی سارد دەبووەوە.
لە کارخانەی یەکێتی بسکوێتەکان، مامەڵەی شاهانەی لەگەڵدا دەکرا. هەموییان گوێیان لە بەسەرهاتەکە ببوو. لەماوەی پشوی خواردنی نیوەڕۆدا، تاریقی برا پیرۆزبایی لێکرد و داوای چاکەیەکیشی لێکرد.
'خۆت دەزانی ژنەکەم چۆنە،' تاریق ئەمەی بە سرتەیەکی متامەنداروەوە پێگوت. 'ئەو هەمیشە کنەی ناندینەکەی لێداوە.'
تاریق رامانی خۆی دەربارەی ناندینی ئینگلیزییەوە هەبوو: ئەوەندە وردەکار و بچوک و کەساس دروستکراوە تا هەموو کەسێک خواردنی سەفەری بۆخۆی سازبدا. دیزاینچییەکان بە پیلانگێڕییەوە ئەمەیان کردووە، هەروەها سیاسەییەکان و ئەنجومەنی شارەوانییە یەکێتییەکانیش، هەموویان لەلایەن خاوەن چێشتخانەکانەوە بە

کەڵەگایی بەرتیلیـان دراوەتـێ ، ئیـدی ئەو لەسـەر بەدباسکردنی خـۆی درێژەی پێدەدا.
ئادەم سەرێکی بە سۆزانەی بۆ لەقاند، تەنانەت هەستی پێکرد، کاکی دەیەوێ هەنــدێ پـــارەی بەقەرز لێــوەربگرێ. خـــۆ دوای ئەوەی بـــڕە پارەیەکی سنورداری بۆ رێکخستنەوەی ناندینەکە بداتێ هێشتا باقیەکەی دەمێنێـتەوە بیخـاتە سـەر دەخـیلەکەی. تـارق هەمیشـە دەسـت تونـدو پارەویسـت بـوو. بە ئاسـتەمیش بـڕوا دەکـرا، هەر ئەو پیـاوە بـێ، کە بەگەنجی بەخشندانە کۆمەکی براکانی دەکرد. کاتێک باوکیان مرد، تارق ماندوونەناسـانە کـاری کـرد و بەخێـوکردنی ئـادەم و خەلیلـی لەئەسـتۆ گرت. هەرچەندە لەو ساڵانەی دواییدا دەست قایم بوو، قوتوی مەعجونی ددانی ئەوندە دەگوشی تا دوا دڵۆپی لێدەربهێنێ، کۆبۆنی لەبڵاونامەکان دەکردەوە، هیتەری ئاوگەرمکردنی دەکوژانـدەوە، تۆچـای بەکـارهێنراوی دێم دەکردەوە، هەمـوو شـتێکی مـاڵەوەی لەدەسـتی دوو دەکـڕی، ئەوەی قەدەخە کردبوو ماڵباتەکەی بێ ئەو شـتێک بکـڕن، هەر کـاتێکیش ئەوان شتێکی وایان دەکرد، پێدەگوتن، 'ئەوە پێویست ناکا و بێ کەڵکە.'
ئادەم ئیستێکی کرد، ئەوسا گوتی، 'ئەرێ بیر لە دایکمان دەکەیتەوە؟'
لە رۆژێکـی ئاسـاییدا هەرگیـز ئـادەم رێگـای بەخـۆی نەدەدا بەم جـۆرە بـــدوێ. بەڵام هەنـــوکە، بـــراگەورەکەی داوای چـــاکەیەکی لێکـــردووە، هەستیکرد دەستی واڵا و باڵایە. لەبەرامبەر ئەوەی دەیدا پێیوابـوو هەقـی هەیە هەنـدێک یـادەوەری وەربگـرێتەوە. هێشـتاش پرسـیارەکە ئەوەنـدە ناچاوەڕوان کراوبوو، پێدەچوو تارق بۆ ساتێک خۆی لێ ون بوبێ ئاخۆ چۆن بەرسڤی بـداتەوە. قـوڵایی درزێـک کەوتە نێـوان برۆکـانی کە بەرەو نێوچەوانی دەکشان، هەندێکیش سپی پاتە ببـوون، ئەمەش جێنیشـانەی نەخۆشـیەکی تـافی منـداڵێتی پێـوە مـابووەوە. کاتێـک وەڵامـی دایەوە، دەنگەکەی گڕو بەتین بوو. 'بۆچی من وابکەم؟ ژنێـک بـوو، هیچـی باشـی نەبوو؟.'
*ئەرێ ناتەوێ بزانێ ئێستا لە ژیاندایە یان نا، هەرچەندە منداڵی دیکەشی هەبن، ئاخۆ چی دەکا، ئەرێ هەرگیز غەریبیمان دەکا؟* ئادەم ویستی پرسیار بکـا، خەریکیشـبوو وابکا. بەڵام لەجیاتی ئەوەدا بێدەنگیەک باڵی بەسەردا کێشـان، ئەوسـا بە دەنگێکی ئەستورەوە، 'مـن ئەم شـەوە دێـمە ماڵتـان و پارەکەشت بـۆ دێنم. بە براژنم بڵێ خەونی ناندیکەی دێتە دی.'

دوای رۆژئـاوابوون، شـتێکی وای بۆهـات، خـۆگەر جـارێکی دیـکە قومـار بکاتەوە و بردیەوە، ئەوا پـارەکەی دوو ئەوەنـدە لێـدێ. ئەوسـا دەکرێ بەخشـــندانە پـــارە بـــداتە بـــرایەکەی، حەوجەش نەبـــوو قرۆشـــیان لێوەربگرێتەوە. بەو هانـدانە نیازپـاکییە، بەرەو ژێـرزەمینەکەی بێنتـال گریین رۆیشتەوە و خانمە چاو شینەکەی بینییەوە. دیسان سەیری کـرد، خـانمەکە سـەیری تـۆپە خولخـواردوەکەی رۆلێـتەکە دەکـاتەوە. دیسـان یارییەکی گەورەی کرد، ئینجا دۆڕاندی. ئەمجارەیان هەموو شتێکی خۆی لەسەر دانا.

## زیندانی شریۆزبێری، ١٩٩٠

هەرگیز لەژیانمدا تا سێشەممەی گـۆڕینێ زمـانم تەتەڵەی نەکردبـوو ، ١٤ی مـانگی نـۆڤێمبەری ١٩٧٨ نەبـێ. ئەو ڕۆژەی بڕیارمـدا چەقـۆیەك بۆخـۆم پەیداکەم.

ئـێمە لەکافتێریـای قوتابخـانە بـووین. مـن و هاوپۆلەکـانم بـووین. سـینی پلاستیکی شین، بابۆڵەی شوان، مرەبا، پەرداخـی ئـاوی کـانزایی، هەراوزەنـای ئاسـایی. خولەکێـك مــن نـوکتەم دەکــرد، پاشـان وشـەکانم کەزامزیـانە تەتەڵەدەکرد. شتەکە ئەوەندە لەپڕ و خێرا هات وەك ئەوەی هەمووان پێیان وابێ پێیانڕادەبوێرم.

ئێمە دەربارەی یاریەکانی ڕۆژی داهـاتو دەدوایـن. چێڵسـی لەبەرامـبەر تیپـی داینەمۆی مۆسـکۆ گەمەی هەبـوو. ئەرشـەد، کە پاکسـتانییەکی خەپە بـوو، خەونی بەوە دەدی ڕۆڵی بەرگریکار بۆ نۆتیگهام فـۆریس ببینـێ، گـوتی گـرەو لەسـەر پـێڵاوە دۆك مارتنەینسـەکەی دەکـا، کە کوڕەکـانی ئـێمە بەڕەنگـی شینەوە دەیبەنەوە. بردنەوەکە ئەوەندە ئاسانە وەك ئەوەی بە نێو پارکەکەدا پیاسەیەك بکەن، بەڵام ئێمە پێمـان وابـوو، ئەمە تەنهـا حەلـلەق مەلـلەق کردنە. بەوە پەست بوو، کە قسەکەیمان بەهەند هەڵنەگرت، ئیـدی ئەرشـەد بە چاونوقانـدێك و بـزەیەکەوە ڕوی تێکـردم، هەروەك هەمـوو جارێـك، کە شتێکم لێ داوا بکا.

'ئەرێ خۆ تۆ محەلەبییم دەدەیتێ؟'

من سەرم بادا. 'نا... نە...خێر.. هە..ی گە...وجە... هەر ..لە ..بیری ...کە.'

ئەو وەستا و لێم ڕاما. ئەوانی دیکەش وەك ئەویان کرد، وەك ئەوەی یەکەم جار بێ بمبینن. ئینجا یەکێك  ئەوەی باسـکرد، لە پـۆلێکی دیـکە یەکێـك وا بەشێوەیەکی خراپ زمانی کەوتبووە تەتەڵە کردن، دواتر کەس قسەی لەگەڵ نەکرد. کەیفخـۆش بـووم کە گـاڵتەم پێکـردن، ئینجـا هەموویـان لە قاقـای پێکەنینان دا. منیش وەك ئەوان پێکەنیم. بەڵام لەناخی خۆمدا هەستم  بە

ترس و بیمێك كرد. سینیەكەم بردە پێش ئەرشەد و بە سەریش ئاماژەیەكی وام بـۆكرد، ئەوەی مـاوەتەوە بۆخـۆی ببـا. ئـاخر مـن مجێـزی خـواردنم لەدەستدابوو.

كـاتێكیش وچـانەكە بەسـەر چـوو، مـن بە ورەیەكـی دابەزیـوەوە گەڕامەوە پۆلەكەم. ئاخر چۆن وا لاڵ ئاسا قسەم كردن، وەك ئەوەی كـردم؟ خـۆ كەس لە خێزانەكەمان لاڵ نییە. ئاخر ئەدی ئەو شتە بۆماوەیی نییە؟ لەوانەیە واش نەبێ. دەكرێ ئەمە هەر بۆچركە ساتێك بێ، وەك گەشتێكی هەراسان بارێكی راگوزەر بێ. لەوانەشە وەك چـۆن سـەری هەڵـدا ئـاواش بـڕواتەوە. هەردەبـێ بەدوایدا بڕۆم و بیدۆزمەوە. بۆیە كاتژمێرەكەم خستەوە نێو بەرگەم و لە دوو كچ نزیك بوومەوە و پرسیاری كاتم لێكـردن. بەڵام ئەوەی لە دەمـم دەرپەڕی تەنها دەنگێكی خەفە بوو.

كچەكـان لەقـرتەی پێكەنینـان دا. ئـای لەو گەوجـانە! هەردەبـێ وایـان بە بیرداهاتبێ، كە من بەدوایانەوە بم. من گەڕامەوە، روخسارم ئاگری لێدەباری. بەتیلەی چـاومەوە سـەیرێكم كـرد، بینـیم دۆسـتەكەم (یـارەكەم) چـاودێری هەموو جـوڵەیەكم دەكـا. كـاتێكیش وانەی میـژوش دەسـتی پێكـرد، **كـاتی Katie** تیبینیەكەی لەسەر پارچە كاغەزێك بۆ فڕێدام.

***ماگی، كریستین، هیلاری. ئەگەر كوڕیشە، تۆم.***

پارچە كاغەزەكەم لول دا و خستمە گیرفانم. دەمودەست تێبینیەكەی دیكەی بۆ فڕێدام. ***ئەرێ چیت لێ قەوماوە؟***

شانەكانم هەڵتەكاندن، بەو واتایەی هیچ شتێكی بایەخـدار لە گۆڕیـدا نیـیە. بەڵام خۆ ئەگەر **كاتییش** پەیامەكەی پێگەیشتبێ، ئەوا بڕوا ناكا. منیش بۆم نوسییەوە: ***دواتر پێتدەڵێم.***

لەماوەی وانەكەدا ئەوەندە نیگەران بـووم نەبـادا هەڵمسـێنێ و پرسـیارێكم لێبكا. ئەوكـات دەبـمە گاڵتەجـاڕی هەمـووان. بەخـتم هەبـوو هـیچ پرسـیار نەكران. هەر وانەكەش تەواو بـوو، جانتا كۆڵەپشـتیەكەم هەڵگـرت و بەرەو دەرگا رۆیشتم. بڕیارمدا واز لە وانەكانی دیكەم بهێنم و بۆ یەكەمجـار وا زوو یەكسەر بەرەو ماڵ ببمەوە.

❖

كاتژمێر سێ و سی خولەك بـوو كـاتێ گەیشـتمەوە مـاڵ و لەزەنـگەكەم دا. لەكاتێكدا وەستام تا دەرگام لێبكرێتەوە، چاوەكـانم خـزانە سـەر ئەو نـاوەی لەتەنیشت زەنگەكە هەڵواسابوو:

**ئادەم تۆپراك**

ئەســـمای خوشـــکم ئەم نـــاوەی بە دەســـتخەتێکی ڕەنگینـــانە نوســـیبوو. لەبەرامبەردا، بۆئەوەی بریـارەکە ڕەوایـانەتر بـێ گـوتی: 'ئـاخر ئـێمەش لێـرە دەژین.' بە پەستێیکیشەوە وایگوت؛ 'ئەرێ بۆچی هەر ناوی باوکە بنوسرێ؟'

ئەسما کیژۆڵەیەکی ناسك بوو، بەلام هەمیشە بیرۆکەی مەزنـی دەردەبـڕین: دەرفەتـــی یەکســـان، دادی کـــۆمەڵایەتی، مافەکـــانی ژنـــان... برادەراکـــانم پێیانوابوو ئەو شێتە یان کۆمۆنیستە. خـۆ ئەگەر بە قسـەی ئەوبـا، لە بـری ئەوەی نوسراوە دەینوسی:

**خێزانی تۆپراك**

یان شتێکی دیکە،

**ئادەم، پەمبێ، ئەسکەندەر، ئەسما، یونس و ماسیە زێڕینەکە**

منیش ئەوەم ڕەتنەکردەوە. خۆم لەگەڵ ئەوەدا بووم شوێنەکە بە نەناسرواى مابایەوە. خۆ ئەوەش شیاوتر بوو، زۆریش ڕاستەوخۆتر بـوو. ئەوەش ڕەنگبـێ شێوازێکی من بێ، کە بڵێم کەس لێرەدا ناژی. بەڕاستەقینە نا. خۆ ئێمە لەو ئەپارتمانەدا نەدەژیان، تەنها تیایدا ئـاکنجی بـووین. مـاڵ بـۆ ئـێمە جیـاواز نەبوو لە هوتێلێکی یەك ئەستێرە، کە دایـکە لەجیـاتی کارەکەرێـك هەمـوو شتەکانی بشوا و پاکبکاتەوە و هەموو سبەینانیش هەمان بەرچـایی ئامـادە بکا: پەنیری سپی، زەیتونی ڕەش، چا لە ئیسـتیکاندا، هەرگیـزیش چـایەکە بە شیرەوە نەبوو.

وەك بزانم، ڕۆژێك دێ ئەرشەد لەگەڵ لیـگ دیڤیـژن وەن گەمە بکـا. ئیـدی گیرفانەکانی لە وێنەی شاژن پـڕ بکـا و ترۆمبێلەکەشـی لە مەلە جوانەکـان، بەلام کەسانێکی وەك ئێمە هەمیشە بە بێگانە دەمێننەوە. ئێمەی تـۆپراك تەنها ڕاگوزەرێکی ئەم شارەین، ئێمە خێزانێکی نیـوە تـورك، نیـوە کـوردین، بەهەڵە کەوتوینەتە لەندەن.

دیسان لە زەنگەکەم دایەوە. هیچ دەنگێك نەبوو. تۆبلێی دایکم لەکوێ بـێ؟ تۆبڵێی لە بەرگـدرووی کریسـتال سیزەر(مقەسـی کریسـتالی) بـێ. خـۆ چەنـد ڕۆژێکە ئیشەکەی ئەوێشی نەمـاوە. لەدوای ئەوەی باوکمـان ڕۆیشـت، مـن بوومەتە سەرداری ماڵ؛ منیش نەمدەویست دایکم چیدیکە کاربکـا. ئەو زۆر گریا بەلام لەسەر چوونە کارکردنیشی پێداگر نەبوو. ئاخر دەیزانی من هۆکاری خـۆم بـۆ پرسـەکە هەیە. خەڵکــی قسەوقسـەڵۆکیان هەڵدەبەسـت. لە هەر

شوێنێکیش دوکەڵ هەبـووایە، ئـاگریش لەوێ بـوو. بـۆیە پێمگـوت لەمـاڵ بمێنێتەوە. من دەبوایە مەشخەڵەکانم کوژاندبانەوە.
کەسیش لە قوتابخانە نەیدەزانی چی لە ئارادایە. منـیش هەروام دەویسـت. قوتابخـانە قوتابخـانە بـوو، مـاڵیش مـاڵ. (کـاتی)ش هیچـی نەدەزانـی. دۆستەکەت کچی خـۆت بـوو، خێزانیشـت خێزانـی خـۆت بـوو. بەدڵنییـایەوە هەندێ شت دەبێ وەك ئاو و رۆن لەیەك جیابکرێنەوە.
شتێکی وام بەخەیاڵدا هات، بەڵکو دایکە چووبێتە بازاڕکردن یان شتێك. خـۆ من دەبووایە لەو بارەشەوە قسەم لەگەڵـدا بکردبـایە. مـن کلـیلەکەی خـۆم دەرهێنا، لە کیلۆنی دەرگـاکەم راکـرد، هێنـام و بـردم، بەڵام لەشـوێنی خـۆی نەبزوت. دەرگاکە گیرببوو. لەپڕێکەوە گـوێم لە تەپەی پـێ بـوو لەڕێـرەوەکە دەهات.
'ئەوە کێیە؟' دەنگی دایکم بوو دەهات.
'ئەوە من...م ...من...دایکە.'
'ئەسکەندەر، ئەوە تۆی؟'
شوێنەواری تۆقینێك بە دەنگیەوە دیاربوو، هەروەك ئەوەی شتێکی بەد روبدا. گوێم لە چرپەیەك بوو، نزم و خێرا، ئیدی زانیم  ئەوە دایکم نەبوو. خـورپەی دڵم خێراتر بوو، هەستم کرد هەناسەم لێدەبڕێ. نەدەمتوانی قەدەمێك بچمە پێش نە بشکشێمەوە دواوە، ئاوهـا گیـرم بەدەسـت کلـیلەکەوە خواردبـوو. ئەمەش خولەکێکی دیکەی خایاند، بەڵکو پتر، ئینجا دەرگاکە کرایەوە.
دایکــم لەدەرگــاکە وەســتا و رێیگرتبــوو. لێوەکــانی بزەیــان پێوەبــوو، بەڵام چاوەکانی بە شێوەیەکی نامۆ تیژ بوون. تێبینیم کـرد چەنـد تیسـکە موێـك لەپـرچە کەزیـدارەکەی دەرهـاتبوون و قـۆپچەیەکی کراسەکەشـی لە شـوێنە راستە بەرامبەرەکەی دانەخرابوو.
'ئەسکەندەر، کوڕەکەم،' وایگوت. 'تۆ لە ماڵی.'
مەراقمام چی سەرسامی کردبێ، ئاخر چیبـوو، مـن کـوڕی ئەو، سـێ سـعات پێشتر گەڕابێتەوە ماڵ.
'ئایا تۆ باشی؟' دایکم وای پرسیار لێکردم. 'سوڵتانەکەم، پێناچێ باش بی؟'
'من دەمویست بڵێم، چیدیکە وام بانگ مەکە. بە هیچ شتێك بانگم مەکە. لەبری ئەو پێڵاوەکانم داکەند و بەرەو ژور پاڵم نا، زۆر نەمـابوو ئەو بەپشـتدا بــکەوێ. راستەوڕاســت بــۆ هــۆدەکەی خــۆم چــووم، دەرگــاکەم پێــوەدا و کورسیەکیشــم خســتە پــاڵی بــۆئەوەی کەس پێینەکــرێتەوە. چــوومە

سەرپێخەفەکەم و چەرچەفێکم بەسەر سەرم دادا و لە هەناسەدانێکدا هێزی خۆم کۆکردەوە هەروەك چۆن لە وانەی بۆکسانێدا ئێمەیان فێرکردبوو. هەناسە وەرگرە. هەناسە بدەوە. هەناسە هەڵکێشە...
لەدەرەوەش، دەنگەدەنگی رازدار هەبوون: کرتەی تەختەدارەکانی بەرپێ دەهات، با هەڵیکردبوو و نەرمە باران بەسەر شارەکەدا دەباری. لەنێو تێکەڵە دەنگەکاندا، گوێم لێبوو دەرگای پێشەوەی ماڵمان کرایەوە و یەکێك لێچووەدەرێ، بێ هەستو خوست هەروەك مشکێك.
ئەو وا ڕاهاتبوو منی لە هەمووان خۆشتر بوێ، ئاخر من نۆبەرەی بووم، یەکەمین کوڕی بووم، ڕۆنیا چاڤێ من[7]. هەنوکەش هەموو شتێك گۆڕا. لەبارێك چوو. فرمێسك بەسەر گۆنامدا هاتنەخوار. زلەم لەخۆم دا، خۆم بوەستێنم. بەڵام دادی نەدا. دیسان شەقم لەخۆم دایەوە، توند و توندتر.
گوێم لە دەنگی پێیەك بوو لە داڵانەکە دەهاتە خوار، دەنگێکی نەرم بەڵام هەروەك لێدانی دڵ جێگیر. ئەو لە پشت دەرگاکەم وەستا، بەڵام لەدەرگای نەدا. هەستم بە جوڵەکەی کرد، هەستی سوچباری ئەو، بۆنی شەرمەزای. ئێمە وا چاوەڕوان بووین، هەرخوا دەیزانی چەند وا ماینەوە، هەریەکەمان گوێی لەهەناسەدانەوەی ئەویدی دەگرت، لەو مەڕاقەدا ئاخۆ ئەوی دیکە بیر لە چی دەکاتەوە. ئینجا ئەو رۆیشت، هەروەك ئەوەی هیچی بۆ گوتن پێ نەبێ، هیچ رونکردنەوەیەك قەرزدار نەبێ، هەروەك ئەوەی بیروڕای منی لا هیچ نەبێ، یاخود تووڕەیی و ئازاری منی بەهەند هەڵنەگرتبێ. ئەو لەبەر من رۆیی.
ئەوەش ئەوکاتەبوو، کە مامم شتی دەربارەی دایکم پێگوتم، راستیش دەرچوو. ئەوکاتەی ئەو بیرۆکەیەم بۆهات، چەقۆیەك بۆ خۆم پەیدا بکەم. چەقۆکە دەسکێکی داری هەبوو تیغەکەی دەچەمایەوە و دەچووە کەلێنی هەڵکۆڵراوی خۆی. هەڵبەتە ئەم چەقۆیەش قاچاغ بوو. ئاخر کەس حەزی نەدەکرد لەگەڵ پۆلیسە پیرەکە بە فرۆشتنی چەقۆ بکەوێتە داو، بەتایبەتیش زەلامێکی وەك من. بەڵام خۆم دەمزانی چەقۆیەکی وا چۆن پەیدا بکەم. وەك پیاوێك ئەوەم زانی.
خۆ کەسم ئازار نەدەدا، هەر دەمویست بەرامبەرەکەم بترسێنم.

ئەسکەندەر تۆپراك

---

[7] رۆماننوس دەق ئەم دەستەواژە کرمانجیيەی بەکارهێناوە roniya chavemin

## پیاسەیەک لەبەر ڕۆژدا
ئیستەنبول، ١٩٥٤

ئـادەم سـەرتـاپـای هەڕەتـی منـداڵێتی لـە نێـوان دوو بـاوکـدا بەسـەربرد: باوکی هۆشیار و باوکی سـەرخۆش. هەردوو پیـاوەکە لـە یەک جەسـتەدا دەژیان، هەرچەنـدە لە یەک جەستەشدا بـوون کەچـی وەک ڕۆژ و شـەو لەیەک جودا بـوون. جیـاوازییەکەش ئەوەنـدە تیـژ بـوو، هەنـدێک جـار گومانی هەبوو لەوەی باوکە سەرخۆشـەکەی هەمـوو شـەوێک بە گیـراوە خواردنەوەیەکی جادوویانە وەردەگەڕا و میـزاجەکەی دەگۆڕا. ئـاخر خـۆ ئەو گیراوەیە بۆقی نەدەکردنە شازادە، ئەژدیهاشی نەدەکردنە جادوگەر، بەڵام ئەو پیاوەی خۆشی دەویست دەیکردە کابرایەکی غەریبە.
باوکە(هۆشیارەکە) شان چەماوە و کەسێکی بەدەودوو بوو، کەسێک بـوو حەزی دەکرد کاتی خۆی لەگەڵ سێ کوڕەکانی (تاریق، خەلیـل و ئـادەم) بەسەر ببا. خوشی بەوە گرتبوو هەرکاتێک دەرچووبایەدەر لە گـۆترەوە بـۆ خۆشەویسـتی و مشـورخۆری پەلـی کـوڕێکی دەگـرت و لەگەڵ خـۆی دەبـرد. ئەو کـوڕەش خۆشـبەخت بـوو، یـاوەری بـاوکی دەکـرد تـا برادەرەکـانی ببێنـێ و بە پیاسـە بە سـەر شـەقامی ئیسـتقلالدا یـان بـۆ بۆنەی وەک چوونە شوێنی کـارکردنی، ئەو گەراجەی نزیـک گۆڕەپـانی تەقسـیم، کە لەوێـدا ئەو سـەر وەسـتا بـوو، لەگەڵ خۆیـدا دەیبـرد. ترومبێلە گەورەکان بە خۆیان و ناوە ئالۆزەکانیان دەهێندرانە ئەوێ بـۆ پـارچە گـۆڕین و چـاککردنەوە. ترومبێلەکـانیش شـۆڤرۆلێت بێـل ئێیـر، بیوک ڕۆدماستەر، کادیلاک فیوتوود یان مارسیدیس بێنزی نـوێ بـوون. هەمـوو کەسـێکش نەیـدەتوانی ئەو مـۆدیلە نوێیـانە بکـڕێ، بە زۆری خاوەنەکانیان سیاسەتوان، بزنسمان، خاوەن گازینۆکـان یـان یـاریچیە دوو گۆلیەکان بوون. لەسەر دیواری گەراجەکەشدا وێنەی فیتەرەکـان لە گەڵ خـاوەنی ترومبێلە کەشخەکان هەڵواسرابوون.

هەنـدێک جـار ئـادەم یـاوەری بـاوکە هۆشـیارەکەی بـۆ چایەخـانەی گەڕەکەکەیان دەکرد. لەوێدا ڕۆژەکەیـان بە دەم خـواردنەوەی ماسـتاو، زەیزەفون و چـا بەسـەردەبرد و سـەیری هەمـوو تەمەنێکیـان دەکـرد، کە یاری تاوڵە و دامەیان دەکـرد. سیاسـەتیش بـابەتی گەرموگوڕی قسـە و باسـەکانیان بـوو. ئەمەیـان لەگەڵ یـاری دوو گـۆڵی و بـابەتی ڕۆژەڤـی دیکە. بە نزییکبوونەوەی هەڵبژاردنی گشتیی، چایەخانەکە جمەی دەهات و دەمەتەقێ و مشـتومڕیش زۆر گەرم. سـەرۆوەزیر –یەکەمـین سـەرکردەی هەڵبژێردراوی دیموکراسی لە مێژویی وڵاتەکەدا– داوای دەکرد پـارتەکەی لەسەرتـاســـەری وڵاتەکەیـــدا ســـەرکەوێ. دیـــاربوو کەســـیش ئەوەی هەڵنەدەهێنا کابرا بۆ جاری دووهەم هەڵـدەبژێردرێتەوە، لە کۆتاییشدا بەدەسـتی مێلیشـای جونتـاوە لە سـێدارە بـدرێ. لەو ئێـوارە تـاقەت پڕوکێنـانەدا، ئـادەم لاسـایی باوکە(هۆشـیـارەکەی) دەکـردەوە، کڵـۆ شەکرێکی لەبن زمان دادەنا، بە قـامکە لاوازەکـانی، پیـاڵە چـایەکەی لە هەوادا بەرزدەکـردەوە. لەوێـدا ئەوەنـدە چـڕە دووکەڵ هەبـوو، کاتێـک دەگەڕانەوە ماڵ پرچیان وەک تەپڵەکی جگەرەی لێدەهات. ئیدی ئایشـەی دایکی بە هێواشی لێیدەچووە پـێش و لەگەڵ خـۆی دەیبـردە گەرمـاوەکە. ئارەزوی لەوەبـوو وای لێنەکـا. چـونکە بە هـاتنی بـۆنی دوکەڵ هەستی دەکرد زوو گەورە دەبێ و دەبێتە پیاو. جارێکیشیان ئەمەی بۆ بـاوکەکەی درکاند، باوکەکەی پێکەنی و پێیگوت؛ 'لە دنیادا دوو شت هەن کە کوڕێک دەکـاتە پیـاو. یەکەمیـان خۆشەویسـتی ژنێـک. دووهەمیشـیان ڕک لێبوونەوە لە پیاوێکی دیکە.'

باوکە (هۆشیارەکە) ئەوەی رونکردەوە، ئەو کەسەی تەنها نەرمی دەزانێ ئەوا زەبوونە، ئەوەی هەر بە ڕەقی ئاشنایە، ئەوا بەردێکە لەو گـۆڕە، بەڵام ئەوەی هەردووکـی تـاقیکردوونەتەوە؛ شمشـێرێکە لە پـۆڵا. وەک وەسـتایەکی کـارامەش دەیزانـی باشـترین ڕێگـا بـۆ پتەوکردنـی پـۆڵا گەرمکردنیەتـی بە ئـاگر و سـارکردنەوەیەتی بە ئـاو. 'ئاوهـا، پیـاویش هەروایە. تۆ دەبێ بە خۆشەویستی جۆش بدرێی، بە رقـوقینیش ساردی بکەیتەوە.' ئەمە بەرەنجامی باوکەکە بـوو، پشوێکێشـی دا تـا وانەکـانی جێی خۆیان بگرن.

ئەم شـتەش ئـادەمی نـیگەران کردبـوو، ئـاخر بـاوکی هەرگیـز هەسـت و سۆزی دەرنەدەبڕی، بەڵام ئەو ئەم پەرۆشیەی بۆ خودی خۆی هێشتەوە.

لەهەمـان سـاڵدا یەکەمـین جـار توشـی پشـتەنگی (ئاسـتما) بـوو، ئەو دەردەی کە لە تافی مێردمنداڵییدا بەسەرچوو، بەڵام هەرگیز بۆ هەمیشـە لە کۆڵ جەستەکەی نەبـوەوە، بەڵکـو لەمـاوی ژیانیـدا هەر بەدوواوەی بوو.

ناوبەنـاو باوکە(هۆشـیارەکەیان) ئەوەی لە سـەربڕخانەکەدا دەمـایەوە، پـارچە گۆشت، ریخـۆڵە و سـەروپێ و ئێسکی لەگەڵ خـۆی بـۆ مـاڵەوە دەهێنـــانەوە. لەو بۆنانەشـــدا تڕومبێلـــی پیکـــابی لە بەرێـــوبەرەکەی وەردەگرت و گەشتێکی خێزانی پێدەکردن و گۆشـتیان دەبرژانـد. ئـادەم و هەردوو برایەکەی لە پشـتەوەی پیکـابەکە دادەنیشـتن، گرەویـان لەسـەر ئەوە دەکرد ئاخۆ هەریەکەیان لەیەک دانیشتندا چەند سەروپێی گۆێرەکە دەخـــوا. بـــاوکەکەش لە پێشـــەوە، ژنەکەی لەتەنیشـــت دانیشـــتبوو، نوکتەیـــان دەگێـــڕایەوە، خـــۆ ئەگەر میزاجیشـــی تەواو بـــوایە جـــامی دەرگـاکەی دەکـردەوە، تێیهەڵـدەکردە گـۆرانییەک. گۆرانییەکـان ئەونـدە خەمگینانە بوون، فرمێسکیان لەبەر دەباراندن، بەڵام ئەو بە شـێوازێکی وای دەچڕی هەر باس نەدەکرا. تڕومبێلەکەیـان پـڕ بـوو لە قاپوقاچـاخ، دڵیان  بە کەیف و زەوق، ئیدی بەسەر گردەکانی بسفۆڕدا سـەردەکەوتن. ئەوەی دڵتەنگی دەکردن ئەو گۆڕستانەی نزیک ئەوێ بوو. بەڵام خۆ شتی دیکەشـیان پێنەدەکـرا. لە مێـژە  مردوەکـانی ئیسـتەنبول لە نـاوچە سەوزاییەکان، کە باشترین دیمەنی شار بوون، دەشاردرانەوە.

جارێکیـان لەوێ، کوڕەکـان بە دوای شـتێکی شـیرین لەبەر تارمـاییەک دەگەڕان. بەر لەدانیشتینیشیان، دایکیان دەپاڕایەوە فاتیحـای بـۆ گیـانە مردووەکان دەخوێند، لێییان دەپاڕایەوە، کە مۆڵەتیان بدەن ئەو ماوەیە لە ناوچەکەیـان بەسـەر بـبەن. دوای چەنـد چـرکەیەک چـاوەڕوانکردن، ئایشە سەرێکی بۆ دەلەقانـدن، ئیـدی رایەخ بـۆ هەمـوان رادەخـسترا تـا لەسەری دابنیشن. ئەوسا تەباخە دەستیەکەی گڕ دەدا و هەمـوو شـتێکی لەسـەر دادەنـا، کە بۆخـواردن ئامـادە کرابـا. لەو بەینەشـدا کوڕەکـان هەڵدەبەزینەوە و شارە مێرولەیان تێکدەدا، بە دوای قاڵۆچەکاندا رایـان دەکرد و یاری زۆمبیان دەکـرد. کـاتێکیش بـۆنی گۆشـت گۆلـک بە هەوادا دەڕۆیشت، باوکەکە دەستەکانی لەیەک دەدان، ئەوەش ئاماژەیەک بوو، کە کاتی هەڵپچڕانی سەری یەکەم بوتڵە مەی (راکی) هاتووە.

هەنــــدێک جـــــار بە لەســــەرخۆیی دەســــتیپێدەکرد، بەڵام  بەرەبەرە خێراییەکەی زیاد دەبوو. هەندێ جاری دیکەش هەڵپەی دەکرد، سێ پێکی لە دوای یەک هەڵدەدا، کە لەبـاری ئاسـاییدا، کـاتەکە هەر بەشـی یەک پێکـی دەکـرد. بەڵام خـۆ بەهەر ڕێگـایەک بـێ، چ ئەمیـان  و چ ئەویـان، دوای تەواوبـوونی خـواردنەکە و بەهـۆی خـواردنەوەکەی جـڵەوی خـۆی لەدەست دەردەچوو.
زۆری پێنەدەچـــوو، دوای هەڵقۆڕانـــدنی بـــوتڵی یەکەم، نیشـــانەکانی بەدگۆیی لێبەدەردەکەوت. زۆر مۆن دەبـوو، جـوێنی بە خـۆی دەدایەوە، هەر زۆریشی پێنەدەچوو لەسەر شتی پڕوپـوچ، کە دواتـر کەس بیریشـی نەدەهاتەوە، دەکەوتە وێزەی منداڵەکانی و جوێنی پیس پیسی پێدەدان. هەرشـتێک بێـزاری کردبـا، ئیـدی ئەو لەترکـزە بـوو: خـواردنەکە زۆر سوێرە، نانەکە سوتـاوە، سەهۆڵەکە وەک پێویست سارد نییە. بۆئەوەی دەمارەکـانی خـۆی خـاو بکـاتەوە، دەبـووایە سـەری بـوتڵی دووهەمـیش هەڵپچڕێنێ.
بەرەبەرەی کۆتـایی هاتنی گەشتەکەیان، خەریک دەبـوو ڕۆژ ئـاوا ببـێ، نەورەسەکان  بقیژێنن، کات واپێدەچوو لە جوڵەی خۆی کەوتبێ، بـۆنی ڕازیانە لە هەوادا دەهات. باوکەکە هەندێ ئاوی بەسەر پێکەکیدا دەکـرد، سـەیری شـلە ڕونەکەی دەکـرد تـا ڕەنگـی شـیریی دەگـرت، تلـّخ وەک هزرەکـانی. دوای کەمێکـی دیـکە، بە نـاڕەحەتییەوە هەڵدەسـتایە سـەر قاچەکانی، چاوەکانی شکۆدارانە، چەناگەی بەرز و بەدیار گۆڕستـانەوە پێکەکەی هەڵدەدا و نۆشدەکرد.
'هۆ خەڵکینە خۆشی لەخۆتـان  ئێوە ئەوەندە بە بەختن،' ئەو وای گوت، 'نە کرێ دەدەن، نە نەوت و بەنزین دەکڕن، نە دەمێک بەشکراوەتەوە تـا تێـری بـکەن. نە ژن بەسـەرتـان بۆڵەبـۆڵ دەکـا، نە سـەردارێک قـانونی نەجوڵانتان بەسەردا دەسەپێنێ. ئاخر ئێوە نازانن چەند بە بەختن.'
گۆڕەکان گوێدەگرن؛ شنەبایەکە، گەڵا وەریوەکان دێنێ و دەبـا. 'ئـێمە لە گـڵەوە هـاتووین،' بـاوکەکە وای دەسـتپێکردەوە، 'هەردەبـێ بـۆ گڵـیش بگەڕێینەوە.'
لە گەڕانەوەشیاندا، ئەو لەسەر ئەوە مکوڕ دەبـوو، کوڕەکـانی دەبـێ لە پێشەوە دابنیشن. ئەوەش قەیدی نەبوو ئـاخۆ چەنـد وریـا و گـوێ ڕایەڵ بن، هەموو شتێکیان بەگوێدەکرد، بۆ ئەوەی شتێک نەقەومێ، بەڵام هەر

**روشـی دەدا و باوکەکەیـان پـێ هاروهـاج دەبـوو، لەپێسـتی خـۆی دەردەچوو. چاڵو چۆڵی ڕێگا، نەگەیشتنی بە چرای سەوزی ترافیک، هاتنە پێشەوە و وەڕینی سەگێکی تۆڕی سەر ڕێگا، هەواڵێکی رادیۆ، هەموو ئەمانە بەهانەی تەڕدەست بوون بۆی.** پیاوە نوێیکە، دیاربوو خرۆشـۆف نەیـدەزانی چـی بکـا؛ مێشـکی بە ڤۆدکـاوە بـۆگەن ببـوو، ئەو شەڕابەی ناگاتە بەرپێی راکی؛ ناسر زیاد لەپێویست لە عەرەب رەچاودەکا، ئەو کەسێکە بە هەمان زمان قسە دەکا، بەڵام هەرگیز گوێ لەیەکێکی دیکە ناگرێ؛ ئاخر ئەرێ بۆچی شای ئێران ژنی دوهەمی خۆی بەردا، ئەو ژنەی دیاربوو نەیدەتوانی جێگرەوەیەکی بۆ بنێتەوە؟

**'ئای لەو پاشاگەردانییە! وای لەو جیهانە بۆگەنە!'**

**باوکە(مەستەکە) نەفرەتی لە شارەوانیی، لە شارەوان، لە سیاسییەکان دەکرد. بۆ چەند خولەکێکی خۆش نیشانەی جاڕسبوونەکەی لە دەرەوە گرتبوو، ئەندامانی خێزانەکەی لێبواردبوو. هەڵبەتە، دەبووایە یەکێکی نێو ترومبێلەکە، شتێک بڵێ یان شتێک بکا، تا دیقی بکاتەوە. خۆ هەر دەبـووایە یەکـێ لەمنـداڵەکان، قـرپەیەک، بەرچـیچکەیەک، ترێکـی بکردبایە، ئیدی دەبووە بەزم و رۆژی حەشر.**

**لەو رۆژەدا ئایشە لێی پاڕایەوە، لەسەرەخۆ باژوا.**

**'تـۆو جەهەنـنەم ئەوە چـی خراپـت لێقەومـاوە؟' ئەمەی بە دەنگێکـی وا مکـوڕانە دەگـوت، زۆر سـەخت بـوو لە داوایەکـی راسـتگۆییانەی جیـا بکەیتەوە. 'ئاخر نابێ بۆ ساتێکیش ئاسودە ببم؟ هممم؟ ئەرێ دەتەوێ بیتەقێنیتەوە؟ ئایا تۆ ئەمەت دەوێ؟'**

**کەس وەڵامـی نەدەدایەوە. کوڕەکـان سـێرەیان لەسـەر چۆکەکانیـان گرتبـوو، یـاخود سـەیری ئەو مێشـەیان دەکـرد، کە لە جـامە کـراوەکە هاتبووە ژور و ڕێگای دەرچوونیشی نەبوو.**

**بـاوکەکە دەنگی بەرز کـردەوە. 'مـن هەمـوو رۆژێـک، لە بەیـانییەوە تـا ئێوارە، بەو پەنجانەم تا سەر ئێسقان هەروەک ئێستر کاردەکەم! هەر بۆ ئەوەی خواردنێک بۆ ئێوە پەیدابکەم. ئەرێ من کەرەدێزەی خێزانەکەمم؟'**

**یەکێک گوتی ئەستەغفروڵلا*[8]، ئەمە دەنگی لاوانـدنەیەوەک بـوو بەڵکـو هێوری بکاتەوە، نەوەک شتێکی ناخۆش روبدا.**

---

[8] لەدەقەکەدا هەروا هاتووە Estagfrullah.

'ئێوە، هەر هەمووتان خوێن مژن، خوێنی من دەمژن.' ئەو دەستی لە سوکانی ترومبێلەکە کردنەوە، تا بازەندی دەستییان نیشان بدا کە لەڕولاواز بوون. 'ئەرێ چیدیکەم خوێن تێدا ماوە تا بیمژن؟ ئایا هیچتان بۆمن هێشتۆتەوە؟'
ژنەکەی بە سرتەیەکەوە گوتی، 'تکایە دەست بە سوکانەکەوە بگرە.'
'ئەو دەمە نەفرەتییەت داخە! خۆ من ئەوەنیم تا لە تۆوە فێرە لێخوڕین بم.'
ئادەم هیچی لەدەست نەدەهات، بەڵام بۆ باوکەکەی پەرۆش بوو، رونوئاشکرا ئەو قوربانی و رەنجکێش بوو. سوچباری لەهەموو دەمارەکانیدا بوو. دیسان ئەمەی لێ سەرهەڵدایەوە. ئەمانەش پەستی دەکردن، هەرچەندە ئەو چەند جاران هۆشداری دابوونێ. تۆبڵێی چۆن ئادەم بتوانێ هێوری بکاتەوە، ئایا دەستی ماچ بکا و بەڵێنی پێبدا و چیدیکە خوێنی نەمژێ.
'ئاخر من پێتان دەڵێم چۆن شۆرباو نیسک لێبندرێ؟ هەڵبەتە نەخێر. چونکە ئەوە ئیشی من نییە. هەروەک چۆن لێخوڕێنیش کاری تۆ نییە. هۆی ژنێ! ئاخر تۆ چی لەبارەی ترومبێل لێخوڕین دەزانی؟'
جارێکی دیکە برێک وا دەگرێ، وەک ئەوەی ترومبێلەکە لەسەر سەهۆڵ بە دەوری خۆیدا بخزێ. ئیدی دەکەوێتە سەر لێواری چیمەنێک و هەر گەزێک لە گۆمەکە دوور دەبێ. ئادەم بە بێدەنگی چاوەکانی دەکاتەوە وەک ئەوەی هەرگیز بێدەنگییێکی وای دوای رودانێکی وا نەبینیبێ. بۆ یەکەمین جار تێبینی وشەوشی باو تیشکی رۆژ لەهەوادا دەکا. تاریقی برا ئەژنۆکانی توند گرتووە، دەموچاوی پڕ ئازارە، لێوەکانی پەنماون، خەریکە شتێک بڵێ، بەڵام قەت لەدەمی دەرنەهات. ئیدی بە هێواشی باوکەکە دەرگاکەی کردەوە چووە دەر و لێوی سەروی خوێنی لێدەهات. بە دەوری ترومبێلەکەدا سوڕایەوە و دەرگای لەسەر ژنەکەی کردەوە.
'وەرە دەرەوە!'
'ئۆو، تکایە،' ئایشە وایپێگوت و دەموچاویشی بزڕکابوو.
'پێمگوتی وەرە دەر!'
باوکەکە قۆڵی ژنەکەی گرت و بەرەو لای بۆنیتی ترومبێلەکەی خشاند. هێنای تا لەوێدا وەستاندی و پێیگوت، 'ئاخر خۆ تۆ لە ترومبێل دەزانی، دەی چاکی بکەرەوە.'

هیچ تاکە دەماریکیش لە روخساری دایکەکە نەجوڵا. باوکەکە سەری ژنەکەی بردە نێو ماشێنی ترومبێلەکە نەشوەستا تا گرمەی هەنیەی ژنەکە نەهات.

'چیبوو؟ ئایا پێت چاک دەکرێتەوە؟'

ژنەکەش منگەیەکی لێوەهات، وشەکان ئەوەندە بە قەتیسماوی لە گەروی دایکیان مابوونەوە نە خۆی و نەبراکانی هیچ لە واتاکانی حاڵی نەبوون. بەڵام گوێیان لە باوکیان بوو گرماندی، 'کەواتە دەمت داخە و پێم مەڵێ چۆن ترومبێل لێبخوڕم.'

بەیەکەوە، هەردوو براکە و باوکیان ترومبێلەکەیان لەسەر لێواری چیمەنەکە پاڵدا. تاریق بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێ هەر سەیری دەکردن، باسکە درزبردوەکەی بە دەستەکەی دیکە گرتبوو. دایکیشیان بەهەمان شێوە لەسەر لێوارەکە بە هەنسکەوە سەیری دەکردن. ئەوەش هەمیشە هەر هەمان شت بوو. هەموو پیاسە و گەشتێکیان بە هیوای سەوز دەستی پێدەکرد و بە گریانی یەکێک یان بەشکانی ئەندامی یەکێکیان کۆتایی پێدەهات.

لە شەودا، ئادەم ئەوەی بەبیر خۆی هێنایەوە، کە باوکەکەی دیکەیە تورە و پەستە، هەر ئەویش بوو کە لە سوکان/ دیوارەکان/ مێزەکە/ دەرگاکان/ سینییەکەی دەدا، خۆ ئەگەر کولیشی بەمە دانەمرکابایەوە ئەوا بە قایشەکەی پانتلۆنی لێیدەدان، جارێکیان شاپێکی لەنێو رانی ژنەکەی دا چەند پەیژەیەکی غلۆری خواری کردەوە. ئەوەش یارمەتی دەدا، کە وابزانن هەموو ئەو شتانەی دەکران لەبن سەری هەمان باوکەکەوە نەبوو. چونکە نەوەک هەر ئازار یان ترسکەی کەم دەکردەوە، بەڵکو کارێکی وای دەکرد، بۆ بەیانیەکەی بە ئاسانی بچنەوە باوەشی خۆشەویستی باوکە (وشیارەکە)یانەوە.

## کەمێک لە ڕاستی

لەندەن، دیسێمبەر ١٩٧٧

لەوێدا 'سالۆنێکی خۆگۆڕین'ی هونەرمەندان هەبوو. بەڵام خۆ بەدەر لە رۆکسانا کەس وای ناو نەدەهێنا. هەر ئەو بوو حەزی لە بیرۆکەی ژورێکی وا سارد، تەنگوتاری جل گۆڕین دەکرد، کە بۆنی جگەرە، پۆدرەی بن کەوش و ئارەقەی لێدەهات. ئەو شوێنە بۆ هونەرمەندەکان جێگەی حەسانەوەی بەرلەچوونە سەر تەختەبەندی شانۆ بوو. خۆ ئەمەش واتای ئەوەی نەدەگەیاند، کە خانمەکە وای بیرلێدەکردەوە، گوایە هونەرمەند بێ، چونکە ئەو هەرگیز وا نەبوو. خۆ ئەگەر پێویستی بە ناولێنانێکیش بووبا، ئەوا هەندێ وشەی دیکەی وەک ئاوەڵفرمان دەدۆزیەوە وەک نمایشەکەر، سەماکار، ئاهەنگگێڕ، سەماکارێکی بیانی. هەنوکە بۆتە نیوەی شەو. کەمتر لە پازدە خولەکی ماون، تا نۆرەی ئەویش بۆ سەر سەکۆی نمایشەکە بێ. کاتێکیش جلەکانی خۆی پشکنی، هەندێ پولەکەی زیوینی بریقەداری لەسەر سینگ دانان. بۆ یەکەمین نمایشی وەک سەماکەرێکی سامبا جلی پۆشی. تاسێکی پەڕ ئەرخەوانی کردە سەر، مەمکدانێک، کە لای سەرەوەی ریزە بەردێکی شێوە ئەڵماس رازابووەوە، پانتۆڵێکی زیوینی لەکانزاچوو پۆشیبوو، لەژێرەوەش شتێکی وا رایەڵانەی لەبەردابوو کە بەئاستەم شتی دادەپۆشی، مەبەستیش وابوو لە کۆتایی نمایشەکە شتەکە رابکێشێ و جەستەکەی دەربکەوێ. بە راهێنانێکی ئاسانەوە سێتی ئارایشتەکەی کردەوە و بە پۆدرە و فڵچەکەی قەبارە جیاوازەکان، ئارایشتەکەی خۆی رێکخست. ئەوەش باولێکی کۆنینە بوو، پێشتر زۆرجاران لە لایەن زۆر لە خانمانەوە بەکارهێندراوە. فڵچەی پۆدرەکە وەک بەرگی قارچکێکی بەرسەرچووی لێهاتبوو، فڵچەی ماسکارەکەش بەرغێکی ئەستوری لەمادە بەکارهێندراوەکان گرتبوو، رەنگەکانیش لەکۆنیدا بزرکابوون، هەندێ جێ پۆدرە و سوراوسپیاویش خاڵی ببوو. بۆنموونە نە ڕەنگی

پیرۆزەی شین، نە پلاتینیۆمی و نەشەمپانیای نەمابوو، ئەم رەنگانە رەنگە پێشنۆرەییەکانی رۆکسانا بوون، بۆیە بە ناچاری دیسان بەرەو رەنگی ئەرخەوانی رۆیشتەوە.
کاتێکیش لە دەموچاوی بووەوە، بەڕەنگی قەنەفل لێوەکانی سورکردن. لەکۆتاییشدا مەمکەکانی قیتکردنەوە تا گەورەتر دیاربن و ناوەوەی مەمکدانەکەشی بۆ ئەم مەبەستە سازاند. ئەوان لە ئینگلستاندا هەرگیز بەوانەیان نەدەگوت مەمکەکان. لەبری ئەوە ناوی سەیروسەمەرەیان لێنابوون، قیتقیتۆکە، گۆپکە، لەرلەرۆکە، شیردەرە.
جارێکیان لە بانگهێشتێکی تایبەتییانەدا سەمای بۆ پیرەپیاوێک کرد، کە ئەندام پەرلەمانێکی پارێزگاران بوو، لەپاڵیشدا بازرگانێکی گەورەی پێستە و فەروو بوو، ئیدی لەکاتی سەماکردنەکەدا خانمەکە گوێی لێبوو پێیگوتبوو، 'دەی ئازیزەکەم، بایدە و بیلەرێنەوە.' خانمەکەش چەند چرکە ساتێکی خایاند تا لەوە تێ بگا ئاخۆ چ ئەندامێکی جەستەی بۆ بابدا و بلەرێنێتەوە.
بەپێی تێپەڕینی رۆژ زمانی ئینگلیزییەکەی باشتر ببوو، بەڵام هێشتاش ئەکسێنەتەکەی رۆژە رێیەک هاواری دەکرد. لەوکاتەی بە ئانقەست دەمی لەسەر rەکان دەگیرساند، u ەکانیشی لێک درێژ دەکردنەوە، wیەکانیشی بە v دەخوێندنەوە. لەو دەمەی نەیدەتوانی دەستبەرداری شێوەزارەکەی ببێ، زیاتر شتەکەی چڕدەکردەوە بە شێوەیەک هەموو کەسێک لە ئینگلستاندا، کە بەشێوە روسی بدوێ، بۆ ئەمەش رۆکسانا بە هەمووانی گوتبوو گوایە لە روسیاوە راهاتووە.
لەراستیشدا ژنەکە بولگاری بوو. بەڵام لە ئینگلستان، تەنانەت لە ناو لەندەنیشدا، ئەو شوێنەی، کە مرۆ لەسەر شەقام گوێی لە فرە زمان و شێوەزار دەبێ، خەڵک زۆر شتیان دەربارەی زمانی زگماکی رۆکسانا نەدەزانی. بالکان وەک تەختە مەتەڵێکی قەبە وابوو، هەر پارچەیەک لەگەڵ ئەوی دیکە غەریب ئاسا نائاشنایە. خۆ ئەگەر رۆکسانا گوتبای خەڵکی بولگاریام، ئەوا سەرێکیان بۆ دەلەقاند و زیاتر لەسەری نەدەڕۆیشتن. بەڵام کاتێک تێبینی ئەوەی دا، کە لە روسیا لەدایک بووە و هەر لەوێش گەورەبووە، ئەوا بە بارستە پرسیارێک روبەڕوی دەبوونەوە. ئەوەش مایەی سەرنج راکێشان و رۆمانسیانە بوو، ئاخر

خەڵکی وڵاتی بەفر، ڤۆدکا، کاڤیار و شتە سەیرەکان و سوسەکارانی کەی جی بییە.
'کیژان کە چاویان لە باڵایە، کۆتاییەکەیان کەوتنە خوارەوەیە.' هەمیشە ئەمە هۆشداری خەڵکەکە بوو. بەڵام خۆ ئەگەر ئەمە راستیش بێ، تەنانەت گەر لە کۆتاییشدا بلەنگێ و بکەوێ، ئەگەر خەونەکەی لەژیانی پەپولەیەکیش کورتر بێ، خۆ ئەوە دەهێنێ هەوڵی بۆ بدا، ئەرێ وانییە؟ رۆکسانا خۆی دروستکەری خۆی بوو. هەر ئەویش ناوەکەی خۆی (رۆکسانا، رۆکسی هەروەک خەڵکەکە ناوەکەی وا دەگۆڕی، دانابوو)، هەربەخۆیشی رەگەزنامە، رابردووی، ئایندەی دانابوو، چیرۆکەکانی دەگێڕانەوە. راستی، هەموو راستیەکەی ئەوە نەبوو لەژێر پەردەی رایەڵەی جلەکانی بەچەشنی خانمەکانی رۆژگاری ڤیکتۆریادا شاردبێتەوە. گەیشتبووە خۆنمایشکردنەوەی، کە بلێ کیژێکی شارێکی نوستوی بولگاری، وا خۆینمایش دەکا کە روسیاییە و سەمای سەمبای بەرازیلی لە یانەیەکی خۆڕوتکردنەوە لە ناو جەرگەی لەندەندا دەکا.

❖

لەو دیو سەکۆکەوە، لەپشت پەردە ئەرخەوانییەکە، کە هەردەبێ عەیامێکی درێژ بێ نەشورابێ، لەوانەشە هەر نەشورابێ؛ رۆکسانا بە ماکیاجی تەواوەوە خۆی ساز و ئامادە کرد. درزێکی لەپەردەکە کرد، بینی یانەکە جمەی دێ. دیسان شەوێکی دیکەی پڕ ئیش و سەرقاڵبوون. لەوێدا کۆمەڵە کەسانێکی بەردەوام هەبوون، چەند مەعمیلێکی نوێشی لێهەبوون: زگورتییەکان، هەربینا ئەوانیش ژنیان هێنا، ئەوانەی تازە لە ژنەکانیان جیابوونەتەوە، ئەوانەش کە قەدەرێکی دورودرێژە ژنیان هێناوە. لەنێو ئامادەبووانیدا رەش، خۆڵەمێشی و سپیپێست هەبوون. گەنج و پیریش، بەڵام بە زۆریش تەمەن مامناوەندییەکان بوون.
ئیدی رۆکسانا ئادەمی لە بارەکەدا بەدیکرد، سۆداکەی خۆی بە هێواشی دەخواردەوە. ئەو پیاوە تورکە پرچ رەشە، کە دەربڕینی دەموچاوی بێ ژمار نامرادی پێوە دیارە، دردۆنگانە خۆی پۆشیبوو وەک ئەوەی مۆرانە لە چاکەتەکەی دابێ. خانمەکە یەکەمجار کابرای لە لانەی قومارەکە بینی، کە لەلایەن خاوەنە چینییەکەیەوە بانگهێشتکرابوو. ئیدی هەر لەوێش بوو ناوەکەی زانی، ئادەم. رۆکسانا بینی، بڕە پارەیەکی قەبەی

لە قوماری رۆلێتەکە بردەوە، دەشیزانی هەر پیاوێکی دیکە با دەڕۆیشت و پـارەکەی دەبـرد و هەمووشـی خەرج دەکـرد. بەڵام ئەو رۆژی دواتـر هـاتەوە، قومـاری لەسـەر بـڕی گەورەتـر کـرد و هەموشـی لەسـەردانا. بەشـێکی لەبەر گێلایەتیـیەکەی بێـزی لێـدەبووەوە. بەڵام هێشـتاش بەشەکەی دیکەی رۆکسانا چەپڵەی بۆ بێ باکییەکەی ئادەم لێدەدا.
لەوساوە ئادەم بۆ هەموو نمایشێکی رۆکسانا دەچوو، هەموو جـارێکیش بانگهێشـتی سـەر مێـزی خـواردنەوەی دەکـرد. ئەو خەمخـۆری بـوو، لە رابــردووی رۆکســانای پرســی، وای لێچاوەڕوانــدەکرد، گــوێی لە دانپێدانانێکی هەرە خەمگین بێ. بەڵام تاکە راستی، کە گوێی لە رۆکسانا بوو، ئەوەبوو، باوکی خوی بە بەدمەستییەوە گرتبوو.
'بەڕاستی؟' ئادەم وای پێیگوت، 'ئێ کەواتە باوکە پیرەی تۆ هەروەک هـی من وابوو؟ باوکی منیش بە پەنمانی جگەر مرد.'
ئەوەش لەوکاتەدا بوو، کە چاوەکانی تروکانـدن، وەک ئەوەی خـانمەکە کەوتبێتە داوی نەبینراوەوە. رۆکسـانا نەیدەویست سـەربردەی پیـاوەکە بزانێ. ئاخر نەیدەویست چیرۆکی خەمگینی هـیچ کەسێکی دیـکە بزانـێ. هەموو ئەوەی دەیویسـت تەنـها دروسـتکردنی چیرۆکەکـانی خـۆی بـوو، لەوەشدا ئاسودەدەبوو، دەیزانی ئەو چیرۆکانە هەرگیز راست نەبوون.
خانمەکە خوازیاربوو ئادەم پشتی تێبکا و پێی بڵـێ لێـی دوربکەوێـتەوە. ئەمەش لەوانەبوو هەستەکانی کابرا ئازار بدا، بەڵام خۆ هەر ئەوەش بۆ ئەو و خـانەوادەکەی باشتر بوو. بەڵکو ئەوکـات، هەرچەنـدە گومانیشـی لێهەبوو، متمانەی بۆ ژنەکەی بگەڕێتەوە. پیاوگەلێکی وەک ئەو، کاتێک بەردەوام سـەردانی ئەو شـوێنانە بـکەن و لێـی رابـێن، دەرچەیەکـی رۆمانسـییانە بـدۆزنەوە، کە لێـی بـێ بەش کـراون، ئیـدی بە ئاسـانی نـاگەڕێنەوە سـەر مـاڵ و حـاڵی خۆیـان، مەگەر توشـی ئەزمـونێکی لەبیرنەکراو نەبنەوە.

## سوێندی گەورە

لەندەن، ئۆکتۆبەری ١٩٧٧

بە تەنها یونس لە منداڵەکانی تۆپراک، لە ئینگلستان لەدایک ببوو. ئینگلیزییەکی رەوان، تورکییێکی شڕ، کوردیشی هیچ نەدەزانی. قژێکی قاوەیی سەرلوولی هەبوو. هەندێک خاڵی لەسەر چەناگە و گوێکانیشی گەورە دیاربوون، روخسارێکی کوڕانەی پێبەخشی بوو. کەللە سەریشی لەچاو جەستە و تەمەنی لە خۆی گەورەتر بوو، ئەمەش بەگوێرەی لێکدانەوەی دایکی، *بەهۆی زۆر بیرکردنەوە* بوو. چاوەکانیشی لە کەسکێکی قەوزەوە بۆ کەسکێکی رەیحانە دەچوو، ئەمەش پەیوەست بوو بەو جلانەی دەیپۆشین یان ئەو میزاجەی ئەو رۆژە هەیبوو. ناوەکەشی بە ناوی پێغەمبەر یونسەوە بوو، ئەو پێغەمبەرەی هەڵات: ئەو پیاوەی فێرکرابوو بچێتە لای گەلێک و راستییان پێ بڵێ، کە هێشتا ئامادەی گوێبیستنی نەببوون. ئیدی رووی لە گردەکان کرد، بەو هیوایەی خۆی لەو ئەرکەی خوا بۆی دانابوو بدزێتەوە؛ بەڵام چارەنوسی پیاوەکە بەوە کۆتایی پێهات نەهەنگێک قوتی بدا، ئیدی بۆ ماوەی سێ رۆژ و سێ شەوی تاریک بەتاک و تەنیا و بە پەشیمانییەوە لەنێو زگی نەهەنگەکەدا بمێنێتەوە.

یونس تەمەنی هەر حەفت ساڵان بوو. حەزی لەو چیرۆکە بوو، لەگەڵ گێڕانەوەدا روخساری دەگەشایەوە، ئیدی بە پەرۆشەوە ئەوەی بە خەیاڵ دەهێنایە بەرچاوی خۆی، کە زگی نەهەنگەکە چەند تەڕو قوڵ و تاریک بووە. ئاخر هۆکارێکی دیکەش هەبوو، وای لێدەکرد حەز بەو کوێرەوەرییە بکا: ئەویش هەروەک پێغەمبەرەکە، حەزی لە هەڵاتن و راکردن بوو. کاتێکیش حەزی لە قوتابخانە نەدەبوو، هەڵدەهات و دەرۆیشت، هەر کاتێکیش حەزی بە چارەیماڵباتەکەی نەکردبا رایدەکرد و لەبەرچاویان بزر دەبوو. لەگەڵ هەر سوکەڵە روداوێکیشدا، هەمیشە لەسەر پێ بوو دیسان هەڵبێتەوە. سەربای ئەو هەموو هەوڵە

کـۆڵنەدەرانەی پەمبـێش، ئەو زیـاتر کـاتی خـۆی لە دەرەوەی ماڵـدا بەسـەردەبرد، بەسـەر جـادە و کۆڵانەکـانی **هاکنیـدا** گـوزەری دەکـرد، وایلیێهات ئاراستەی شوێنەکانی نیشانی شوفێرانی تاکسیش دەدا.
پەمبێ گوتبووی هەرگیز لەوە تێناگا، ئـاخۆ بـۆچی رۆڵەکـانی ئەوەنـدە لەیەک جیاوازن، یونسیش لەوان جیـاواز بـوو. ئەو کەسـێکی گۆشـەگیر بـــوو. فەیلەســوف، خەوبیـــنەر، تەرکەدنیـــا، ئەوەی بەخەیـــاڵ لە ئەشکەوتێکدا بەتەنیا دەژیا، سەبووری بە شتی ئاسـایی دەهـاتەوە، لە گۆشـەگیریەکەدا یـاوەری بـوون، جـوانیش لەهەمـوو شـتێکدا هەبـوو.
لەکاتێکدا ئەسکەندر و ئەسما ئێرەییـان بە سـەرمایەی خەڵـک دەبـرد و بەیەک هەڵدەشاخان، هەریەکە و بە رێگای خۆی رەوشی خـۆی هەبوو، کەچی یونس رقی لەکەس هەڵنەدەگرت و هەر خۆی خاوەنی خـۆی بـوو.
هەرچەندە هەموو ئەندامانی خێـزانەکە هەسـتیان دەکـرد بێگـانەن، بەڵام یـونس بە هۆکـاری جیـاوازەوە لەبـن کراسـی خۆیـدا خـۆی ناسـی بـوو، لێشی خۆشـهاتبوو. کـاتێکیش دەگەڕایەوە باوەشـی خـۆی، زۆر ئاسـودە بوو، نەیدەویست گۆمی بێدەنگییەکەی لـێ بشـڵەقێ. خـۆ دەکـرا لە زگـی نەهەنگدا بژی و هیچیشی لێ نەیەت.
پەمبـێ لەو بڕوایەدابـوو، میزاجـی یـونس بـۆیە وایلیێهـاتووە چـونکە نە ئەوەنـدە لەزگـی ئەودا مـاوەتەوە و نە بـایی ئەوەنـدەش شـیری مەمکـی خواردووە. یونس تاکە منداڵی دایکی بوو بە پێشوەختە و ناکـام لەدایـک بوو، لەپاڵ ئەوەشدا رەتیکـردەوە مەمکـی دایکـی بخـوا، بـۆیە بە شـیری دەستکرد گەورە کرا. 'سەیرکە چی لێدەرچوو؟ وایلیێکرد دوورەپەرێـز بـێ، دەستی پێڕانەگەتیشترێ،' ئەمە سکاڵای دایکی بوو لە رەوشەکە.
لەکاتێکـدا ئەسـکەندەر بەتاسـەبوو جیهـان بخـاتە ژێـر رکێفـی خـۆی، ئەسماش خوازیار بـوو بەیەک جـار بگـۆڕێ، یـونس خوازیـار بـوو لێـی تێبگەن. ئەمەش هەموو شتێک بوو.

❖

لەسـەرەتای پـایزی ١٩٧٧دا، یـونس یەکەم کەس بـوو، تێبینـی ئەوەی کرد، کە شتێکی ناڕاست سەبارەت بە دایکی لەگۆڕێدایە. دەیبینـی خـۆی دەکێشێتەوە، لە گڤ هزراندا رادەچێ و لەنێویاندا خـۆی بزردەکـا. چەنـد جارێکیان لەبیری چووبوو پارەی گیرفانی بداتێ. هەروەهـا خواردنیشـی کەم دەدایێ، ئەوەندە چێشتی بۆ لەدەفرەکە نەدەکرد زگی پـێ تێـر ببـێ،

ئیدی هەر بەمە یونس زانی شتێکی شاش سەبارەت بەدایکی هەیە. ئاخر پەمبێ هەرگیز خواردنی ئەوی فەرامۆش نەدەکرد؛ تەنانەت گەر بەیانی رۆژی قیامەتیش بووایە، پەمبێ خۆی لەوە دڵنیا دەکردەوە، کوڕەکەی بە زگی تێرەوە رەوانەی بەهەشت بکا.
خۆ یونسیش هەر بیری لەخۆی نەدەکردەوە، هەمیشە کەسانی دیکەش هەبوون خەمی لێدەخواردن. هەرچۆنێک بێ رێگایەکی دۆزیبووەوە، پارەی گیرفانی پێ دابین بکا، زیاتر لەوەش، کە پەمبێ دەیدایێ.
لەوێ، لەڕێگای **مۆولینس رۆد**، کە چەند شەقامێک لە باکوری رۆژئاوای قوتابخانەکەیدا دووربوو، ماڵێک هەبوو. باڵەخانەیەکی گەورەی جێماوی سەردەمی ڤیکتۆریا، بە جێهێڵراو چۆڵکراو مابووەوە، تیایدا بە گوێرەی قسەی خەڵکی خۆجێی ئەوێ پڕی رۆحی دێودرنج و جانەوەر بوو؛ ئەوەی تێیچووبا، راویان دەنا. سەربانێکی لێژی هەبوو، بە دەوروبەریدا پەنجەرەی چەماوەی شەقوشڕی هەبوون. یونس لە گەڕانە بێژمارەکانی ئەوناوەدا، ئەوێی دۆزیبووەوە. کۆمەڵێ خەڵکی گەنج لەوێ هەڵکوڕمابوون. شەللاتی، ئاژاوەخواز، بڕوابەهیچ نەبوو، پاسیفیست، داڕماوە کۆمەڵایەتییەکان و سەرسەری و خوێڕی، کەسانێک کە هیچ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیان نەمابوو، لەوێ بوون.... لەوێدا دەسکە گوڵێکی هەمەڕەنگ، زۆربەشیان سور و رەشپۆش بوون. کەسیش نەیدەزانی ئاخۆ چۆن یونس بۆ یەکەم جار ئاشنای ئەو تاقمە هەڵکوڕماوەی ئەوێ بوو، بەڵام تاقمەکە ئەویان خۆشویست، بەلایانەوە کوڕێکی بچکۆڵانەی هۆشمەند بوو. ئەوان ئیشیان پێدەکرد و هەندێ ئەرکیان پێدەسپارد بە تایبەتیش کاتێک ماندوو بووبان، یاخود نەیانویستبا لە لانەکەیان دەربچن. نان، پەنیر، شیر، رانە بەراز، چوکلات، کیسە توتنی بۆ دەهێنان، ئیدی یونس فێربوو بۆ هەر یەکێک لەو شتانە باشترین شوێن بدۆزێتەوە.
هەروەها هەندێکجار داوایان لێدەکرد لای کابرا ئاسیاییەکە، کە روخسارێکی رەقی هەبوو، شتیان بۆ بێنێ. کابرا لە باڵەخانەیەکدا بوو هەر بیست خولەک بە پایسکل دوور بوو، شوێنەکە باش رۆناک نەبوو، یونسیش لە دڵی خۆیدا لەچوونە ئەوێ دەترسا، هەرچەندە پیاوەکەش حەزی بە چارەی دەکرد، بەڵام یەک پرسیاریشی لێنەدەکرد. لەوێدا بۆن بۆگەنیەکی کۆنباوی و ناخۆش دەهات. خۆ ئەو خانوەی دەستە

بێلانەکەش لەنێویدا ئاکنجی ببوون، بۆنی وای لێدەهات، هەندێکجار پۆلکتریش بوو. بەڵام هێشتاش، لەژێر ئەو بۆنە ناخۆش و قورسەی لە خانووەکە دەهات، بۆن و بەرامەیەکی دیکەش هەبوو: بۆنی گوڵەکان، بەهارات و گەڵای درەخت، ژیانێک لە باری گواستنەوەدا بوو.
لەنێو خانووەکەدا پەیژەیەکی دارین هەبوو بەرەو سێ نهۆم دەڕۆیشت، پەیژەکان ئەوەندە کۆن و سواو لێژ بوون، هەر کەسەی بەسەریدا رۆیشتبا بەلادا دەهات و دەلەرزی. دیواری ناوەوەی نهۆمی یەکەمیش شکێنرابوو، تا ژورێکی نوستنی گەورەی لێ پێک بێ، تەنانەت بانیۆکانیش کرابوونە چارپایە. نهۆمی دووهەمیش پێی دەگوترا ئاگۆرا agora. ئەوانەی خانوەکەیان کردبووە لانە، بەزۆری لەوێ کۆدەبوونەوە، وەک شارە دێرینەکانی گریک، دەهاتن لەوێ دەکەوتنە دەمەتەقێ، دەنگیان دەدا و بڕیاریشیان لەسەر ژیانی هەرەوەزیی ئەوێ دەدا.
زۆربەی کەلوپەلەکانی نێوماڵیش،هی ئەوێ، بۆ ئاگۆرا تەرخان بوون: گڵۆپەکان لە دوکانی دەستی دوو هێندرابوون، کورسی پاڵپشت بۆ دانیشتن و کورسی ناندین، هیچ کورسییەکیش بە ئەوی دیکە نەدەچوو، قەنەفەکەش بەسەرە جگەرە سوتابوو، هەمووی کون کون ببوو. لەوێدا رایەخێکی رۆخ نەخشینی سورباوی رۆژهەڵاتییانە هەبوو. کەسیش نەیدەزانی ئاخۆ مافورەکە لەکوێ هێندراوە. مافورەکە لەملا و ئەولای ریشاڵۆکی دەرچووبوو، لەهەندێک شوێن تەنک ببوو، بەڵام هێشتاش بە کەڵکی راخستن دەهات، پێدەچوو ئەوەش بە بەهاترین پارچەی ناوماڵی ئەوێ بووبێ. بە بارستەش کتێب، گۆڤار لەو ناوە کەوتبوون، هەروەها کوپە و پێکی مەی و هەندێکیشیان لاشکا و بسکوێتیش کە تامی خۆی لەدەستدا بوو لەوێ هەبوون. نەوار و کاسێتی لەکارکەوتووشی لێبوو، کەس خۆی بە چاککردنەوەی ماندوو نەدەکرد. هیچ شتێکی ئەوێ خاوەنی تایبەتی خۆی نەبوو، بەڵکو موڵکی هەمووان بوو.
ژمارەی ئاکنجییەکانیش لە هەفتەیەکەوە بۆ هەفتەیەکی دیکە دەگۆڕا. ئەم رەوشەیان یونس لە سەردانی دووەمیدا بۆی دەرکەوت، هەر لە دووهەم سەردانیدا بیچمی هەندێ کەسی نوێی بینین و هەندێکی کۆنیش لەوێ نەمابوون.

'ئەوەش وەک بەلەمێکی سەرئاو کەوتوو وایە،' ئەمە رونکردنەوەی پیاوێکیان بوو، وشکە پێکەنینێکیشی لەگەڵ قسەکەیدا کرد. 'ئەمە بەلەمەکەی ئێمەیە، بەرەو شوێنە نەزانراوێکی گەورە دەڕۆین. لەریگاشدا هەندێ رێبوار دادەبەزن و ون دەبن و هەندێکی دیکەش سەردەکەون.'

پرچی کابراکە بە زەردێکی کەنارییانە بۆیە کرابوو، تیسکەکانیشی وا هەڵچووبوون هەر دەتگوت مەشخەڵە ئاگرێکە. وا دەبینرا سەری کابرا ئاگری لێ بباریێ.

'بەڵێ، کەشتییەک،' ئەمە قسەی خانمێکی ئێرلەندی چاو بادامی پرچ رەشی خەندە گەش بوو. ئاوڕێکی لە کوڕەکە دایەوە خۆی پێناساند. 'هێی، من ـــ'

بەڵام خۆ یونس هەرگیز ناوەکەی نەبیست. نە ئەوکات و نە دواتریش. ئەو سەرقاڵی تەماشاکردنی ئەڵقەی سەر لێو، بڕۆ کەوانەکە و تاتوی سەر باسک و شان و بەشی سەرەوەی سینگە روتەکەی بوو. خانمەکە تێبینیکرد، کوڕەکە بە حەپەساوییەوە لێیرادەمێنێ، بۆیە دوای لێکرد لێینزیک ببێتەوە، ئەوسا هەموو شوێنێکی کوتراوی سەر جەستەی بینراوی خۆی نیشان دا، وەک هونەرمەندێک، تابلۆ دەستکارییەکانی نیشانی مێوانەکەی بدا.

ژنەکە وێنەی تیرەندازێکی لەسەر باسکی چەپەی کردبوو، چونکە خۆی لە بورجی تیر و کەوان بوو. لەبەر ئەوەش تیرەندازەکە بە تەنها و کەساسی نەمێنێتەوە، وێنەی فریشتەیەک بەخۆی و چەنگ(قیسارە)یەکی زێڕینی لەپاڵ دروست کردبوو. لەسەر گرمتی ملیشییەوە بەسەر هەردوو لاشانەکانیەوە پەخش بوون، وێنەی گوڵە لوتسێکی گەورەی نەخشاندبوو، گوڵێکی سپی و شینباو، رەگەکانیشی بۆ قولایی پشتی رۆچووبون. لەسەر باسکی راستیشی خونچەگوڵێکی پەمبە کوترابوو، لە ژێرەوەشی نوسرابوو: **تۆبیکۆ** Tobiko.

'ئەمە چییە؟'

"ئۆو، ئەمە چیرۆکێکی درێژە،' کچەکە ئەمەی بە شانهەڵتەکاندێکەوە وەڵام دایەوە.

'خوشکەکەم دەڵێ، شتی وا لەگۆڕێدا نییە، چیرۆکی درێژ بوونی نییە. تەنها کورتە چیرۆکەکان هەن لەگەڵ ئەو چیرۆکەی، کە ناتەوێ بیگێڕیتەوە.'

'ئاها، ئەمەیانم بەدڵە. ئەرێ خوشکەکەت چی دەکا؟'

'ئەو دەبێتە نوسەر. دەیەوێ رۆمانی وا بنوسێتەوە تیایدا نەکەوێتە داوی عەشقبازی، چونکە عەشق بۆ شێتانە.'

کچەکە پێکەنی. ئەوسا سەربردەی کوتانەکەی بۆ گێڕایەوە. جارێکیان وشەی تۆبی Tobyی لەسەر بازندی دەستی هەڵکەندبوو، ئەوەش ناوی یارەکەی بوو. ئەو عەودالی موزیک بوو، ***هەمیشەش سەرخۆش بوو.*** بەڵام کچەکە هەر خۆشی دەویست. رۆژێکیان کیژەکە پێیگوت دووگیانە، تەنانەت گەر واش نەبووبا، هەر دەیەویست شتێکی وای بۆ تاقیکردنەوە پێ بڵێ. ئاخر پیاوان، کە گوێیان لەو شتە دەبێ، دەشێوێن. هەرگیز ناتوانی ئەوە بگێڕیتەوە. ئەوان دەگۆڕێن، دلۆڤانترین کەسیان دڵڕەقانەترین کاردانەوەی دەبێ، لەکاتێکدا دوورەپەرێزترین کەس دەستەمۆ دەبێ، بێدارییەکی تەواو.

'ئەدی یارەکەت چیکرد؟' یونس وا لێیپرسی.

'ئۆو، ئەو شێت و دین بوو. مێشکی خۆی لەدەست دا، وەک هاروهاجانی لێهات!'

پرسەکەی **تۆبی** لەسەر ئەوە بوو تۆ بڵێی ئەوە کۆرپەلەی ئەوبێ، خۆ ئەگەر هی ئەویش بێ، هەر دەبێ بە جۆرێک لەکۆڵ بکرێتەوە. ئەویش لەوکاتەوە دەستبەرداری یارەکەی بوو، هەرچەندە هەستێکی بەهێزیش هانی دەدا شتی لەو جۆرە نەکا. بەڵام لابردنی تاتوەکە شتێکی ئاسان نەبوو، بێ شوێنەواریش نەدەمایەوە. هەرچەندە کچەکە دژی جێماوی برین نەبوو، ئاخر خۆ ئەوە بەشێک بوو لە ژیانی، ئەمما نەیدەویست جێماوی ئەوی پێوەبێ. بۆیە چووە لای سازدەری تاتوەکان و وشەی **تۆبی** بە **تۆبیکۆ** Tobiko گۆڕی.

'پەکوو، بەڵام ئەوە چ واتایەک دەگەیەنێ؟'

'ئۆو، ئەوە دەفرێکی ژاپۆنییە،' کچەکە وای رونکردەوە، 'هێلکەی ماسیی فڕیو.'

'هێلکەی ماسیی فڕیو،' یونس بە سرتەیەکەوە، وەک ئەوەی نەیەوێ یاریەکە بپچڕێنێ. لەبەرچاوی ئەوەوە رەوە ماسی فڕندە بە بریسکاوەیی

و لەنجەولارەوە بە ئاراستەی خۆی بازیان دەدا. یونس، ئەو کوڕەی بە ناوی ئەو پێغەمبەرە کرابووەوە، کە لەنێو زگی نەهەنگدا قوتاری بوو، کەوتە داوی خۆشەویستییەوە.
لەوکاتەوە، هەر دەرفەتی بۆ هەڵکەوتبا، لە خانوی بێ لانەکان خۆی دەبینییەوە. ئەوان لێیگەڕان لەوێ بمێنێتەوە، تەنانەت گەر هیچ ئەرکێکیشیان پێ نەسپاردبایە. ئەو لای **تۆبیکۆوە** دادەنیشت، گوێی لەهەموو قسەیەکی دەگرت، هەرچەندە بە دەگمەنیش لە دەمەتەقێکە گەیشتبا. ***بێکاریی، وێژدانی سافتە، مافەکانی کرێکاران، هەژمونی کلتوریی...*** خۆ ئەگەر لە دەرەوەی سیستمی سەرمایەدارییدا بمێنییەوە، ئەوا ئەستەم دەبێ هیچ گۆڕانێکی واتابەخش لە هەناویدا بکەی، ئەو وایان لێ فێربوو؛ بەڵام گەر تۆ ببیتە بەشێک لە ڕیساکانیان، ئەوا هەرەس بە گیانت دێنێ. ***کەواتە هاوڕێ چۆن شتێک لە نێو هەناویەوە دەگۆڕی لەهەمان کاتیشدا قۆت نەبییە بەشێک لێی؟*** یونس بەدەم چای رەش و هەندێک جارانیش بە قومێ مەیەوە، زۆری لەخۆی دەکرد سەرەداوێکیان لێهەڵبکرێنێ، هەر چۆنێکیش خۆی هەڵبکوتایە نەیدەتوانی وەڵامێکی دەستبکەوێ.
لەشەودا یونس خەونی بەماڵی لانەوازەکانەوە دەبینی، کە چۆن لەناو زێدا و لەبن ئاسمانی شیندا سەرئاوکەوتووە و نەورەسەکانیش لەبەرزیەوەکەوە پڕبایان دەبن. ئەو پەڕاگەندەکانی لەنێو ئاودا بە روتی و دەنگەدەنگ وەک پەرییەکانی دەریا بە زەوق و شەوقەوە بینی. **تۆبیکۆش** دەبێ لەوێ بێ، لەسەر خەرەندێک وەستاوە، پرچە رەشە درێژەکەی لەگەڵ هەر دەست راوەشاندێکی بۆی، دەلەرێتەوە، ئەوەش پڕ تام و جۆش بوو. یونسیش خوازیار بوو دەستی بۆ بابداتەوە، هەستی بە تیشکی رۆژ کرد لە دەموچاوی دەدا، خۆی فڕێدایە قوڵاییە شینەکە و بناوێکی لێدا، ئەوەندە مەلەی کرد تا ماسولکەکانی شەکەت بوون.
بەیانیش کە هەڵسا جێیوبالینگانی تەڕ ببوو.

❖

لە ماڵی پەراگەندەکاندا زۆر ژەم دروست نەدەکرا، زۆر جار هەر خواردنە تایبەتیەکەیان هەبوو: گۆشت بە بیبەری تیژ، قیمە، تەماتەی قاشقاشکرا و فاسۆلیا. لەبری ژەمی شێوانیش، بسکویت، چوکلات، سێو، مۆز و شیرنەمەنیەک، کە لە سوپەرمارکێتەکان وادەی

بەسەرچوونیان نزیک دەبووەوە. خۆ گەر **تۆبیکۆش** میزاجی باش بووبایە، لە پاشماوەی ئەوەی دەمایەوە کێکێکی جوانی دروستدەکرد و بڕێکی زۆریشی حەشیش تێکەڵ دەکرد.
ئەنجومەنی شارەوانی **هانکی** لەمێژبوو خەریکی ئەوەبوو ئەو پەڕاگەندانە لەو خانوە کەلاوە ئاسایە دوربخاتەوە، بەڵکو نۆژەن بکرێتەوە و بە بڕە قازانجێکی باش بفرۆشێ. بۆیە جەنگێکی بێ بڕانەوە لەنێوان هەردوولادا هەبوو. لەو دواییانەدا دەزگای کارەبای لەندەن بۆیان دەرکەوتبوو، چۆن پەڕاگەندەکان توانیبوویان هێڵی کارەبای خانوەکە بە هێڵە سەرەکییەکە گرێ بدەن، بۆیە تەکنیکارێکیان ناردبوو، کارەباکەیان لەسەر بڕین. هەنوکەش مۆم و چرای نەوتی لە هەموو نهۆمەکان دادەگیرسان، تارماییێکی ترسناکیش بەسەر دیوارەکان دادەدا. ئاودەستەکەش زوزو دادەخرا، بۆنەکە هەموو ئەو ناوەی داپۆشیبوو. یونسیش لەوە نەدەگەیشت ئاخۆ چۆن **تۆبیکۆ** تا هەنوکە دەتوانێ هەڵبکا. خۆ ئەگەر ئەو هەندێک هەراشتر بووبا، ئیشێکی هەبووبا و ئەپارتمانێکی خۆی هەبووایە، ئەوا داوای لێدەکرد لەگەڵی بژیابایە. بەڵام خۆ ئەوکاتیش رەنگبووایە ژنەکە کاپتنی لەگەڵ خۆدا هێنابایە، ئەویش تەواوی تاقمەکەی بانگهێشتکردبایە، چونکە سەرکردەکان پێویستیان بەخەڵکە تا ڕابەرایەتیان بکەن، ئیدی بەم شێوە هەمووان دەهاتن و بەماوەیەکی کەمیش وەک ئەو خانوەی پەڕاگەندانی لێدەهات.
ئەو پیاوەش، کە هەمووان بە کاپتن بانگیان دەکرد، زەلامێکی باریکەڵەی پرچ درێژ بوو، پرچی شۆڕبووە سەر چاوە خۆڵەمێشییەکانی، ددانەکانیشی لەبەر دوکەڵی توتن زەرد هەڵگەڕابوون، هەموو پەنجەکانیشی بە هەردوو پەنجە گەورەکانیشەوە ئەنگوستیلەی تێدابوو. حەزی لێبوو هەر کاتێک هاتبایە سەری بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد. حەزی لە قسەکردن بوو، قسەدانی پڕبوو، لەگەڵ هەر گۆشەنیگایەکی نوێدا دەنگی بەرزتر دەبوو، گوێگرەکانی سەرسام دەکرد. کاپتنەکە یەکەمین کەس بوو یونسی بە موزی Muzzie بانگ کرد. کوڕەکەش هەرگیز پێشتر گوێی لە وشەکە نەبوو، بەهیچ شێوەیەکیش حەزی پێنەدەکرد.

'شتەکە لەدڵ مەگرە،' کاتێک یونس نیگەرانیەکەی بۆ **تۆبیکۆ** دەربڕی، ئەویش وای پێگوت. 'سەرەڕای واپێچوونەکەی، ئەو رەگەزپەرست(راسیست) نییە. ئاخر ئەو چۆن وادەبێ لە کاتێکدا دژە فاشیسزمە، وایە؟'

یونس چاوەکانی لێکدان.

'مەبەستمە بڵێم ئەو حەزی لە پۆلێنکردنی خەڵکە، بەوەی هەر کەسە و شوێنی خۆی بگرێ. مێشکی ئەو هەر بەو شێوەیە کاردەکا.'

'ئەسمای خوشکیشم حەزی لە وشەگەلە.' یونس قسەکەی پێبڕی، دەشیزانی کۆمێنتێکی گەوجانەشە، بەڵام قسەکەشی هەر کرد.

تۆبیکۆ مسکە بووەوە. 'کاپتن حەزی لە وشە نییە. ئەو خۆشەویستییان بە بەردا دەکا.'

ئێرەیی و نامرادیی دەبووایە بە روخساری کوڕەکە بووایە، بۆیە **تۆبیکۆ** رایکێشایە لای خۆی، ماچێکی لە سەر نێوچاوان کرد. 'ئازیزەکەم، ئای چەندخۆزگەم دەخواست دە ساڵ گەورەتر بای!'

'خۆ وام لێ دێ،' یونس راستییەکەی درکاند، هەرچەندە لەشەرمانیش سورهەڵگەڕا، 'دوای دە ساڵی دیکە.'

'مەبەستت، دەساڵی دیکە، ئەوکات دەبمە خۆخێکی وشکهەڵگەراو، پیر و چرچولۆچ.' کچەکە بە دەستێک پرچی یونسی تێکدا، ئەوەش ئاماژەیەکی خۆشەویستی بوو بۆی، بەڵام یونس ئەمەی لەناخی دڵەوە پێخۆش نەبوو، هەرچەندە هەرگیز ئەمەی بۆ خودی خۆشی نەدەرکاند.

'من زوو گەورە دەبم،' یونس سەرچڵی نواند.

'ئۆو، دەزانم تۆ وات لێدێ. خۆ تۆ لە ئێستاوە بە تەمنترین کوڕیژگەی، کە تائێستا ناسیبێتم.'

بەدەم ئەم قسەیەوە جارێکی دیکە ماچی کردەوە، ئەمجارەیان لێوەکانی ماچ کرد، ماچێکی سوک و تەڕ. ئەویش هەستی کرد وەک ئەوەی ماچی بارانی کردبێ.

'نەکەی هەرگیز بگۆڕێی،' **تۆبیکۆ** ئەمەی بە سرتەیەکەوە پێگوت.

'لێنەگەڕێی سیستمی چاوچنۆکی سەرمایەداری قوتت بدا.'

'زۆر باشە.'

'سۆزی خۆتم بدەرێ. نەخێر... بوەستە. سوێندم بە شتێک بۆ بخۆ، کە لای تۆ گرنگە.'

'چی دەڵیی گەر بە قورئان سوێند بخۆم؟' یونس ئەمەی بە نەرمییەکەوە لێپرسی.
'ئۆو، ئەرێ، ئەوە نایابە.'
ئیدی ئەو کات، لێوەکانی هەڵلەرزین، کوتەکوتی دڵی زیاتر بوو، کوڕێکی تەمەن حەفت ساڵان، سوێندی بە خودا خوارد، کە هەرگیز لێنەگەڕێ سیستمی سەرمایەداری لێی نزیک بێتەوە، هەرچەندە بیرۆکەیەکی تەمومژاویشی سەبارەت بە واتای شتەکە نەبوو.

## زیندانی شریۆزبێری، ١٩٩٠

لە کۆتاییـدا شـتەکە گەیشـت. پۆسـتەرێکی هـاری هـاودینی. ئەو پیـاوەی نەدەکرێ زنجیر نە کۆتو بەند بکرێ. یاخود بۆ هەمان مەبەست زیندانی بکرێ. ئەو پێشەنگی منە. وێنەیەکی کۆنینەیە، رەش و سپی زۆر بەتارمایی وکاڵیش بۆتەوە. هاودینی لەوێنەکەدا گەنجە، جادوگەرێکی وریـای هەنـیە پـان و چـاو بەلە. سەردەستەکانی هەڵدرابوونەوە، نیو دەرزەن کۆت و زنجیـری بازنـدەکانی نیشان دەدا. هەرچی نیشانەی ترسـیش بـوو لەروخسـاری دیـار نەدەدا. تەنهـا تارماییەکی بیرکردنەوە. تۆ وا لێکیدەدەیتەوە وەك ئەوەی تـازە لەخەو بێـدار بووبێتەوە.
منیش وێنەکەم لەسەر دیوارەکە هەڵواسی. تریپـی ئەمەی بینـی و بزەیەکـی دەمداپچڕینی بۆکرد. هاوژورە زیندانییەکەم ناوی پاتریکە، بەڵام خۆ کەس ئەو نـاوەی بیرنەمـاوە. هەرچەنـدە شـتێکیش بڵـێ مـایەی سـەرنجدان بـێ، کە زۆرجاریش ئەم شتە رودەدا، تەنانەت لەشـوێنە عەنتیکەکـانی وەك ئەمەش، ئەوا دەڵێ، 'پیاو، خۆ ئەوە **تریپییە**! ئیدی لەوکاتەوە ئەو ناوەی بەسەردا بڕا.
**تریپی** لەمن بچوکترە، هەندێکیش کورتر. پێسـتێکی رەنگبزرکـاو، پرچێـك لە تۆقەسەریدا روتـاوەتەوە، دووچـاوی قـاوەیی تاریـك، دوو بـرۆی چـڕ. بەدەر لە تەمەنە تەفرەدەرەکەی، دایکی پێیوابوو ئەو کـورێکی باشـە، بەڵام دۆسـت و برادەری خراپ ئەویان تێکداوە. ئەوەش قسەی قۆڕ بوو. لەڕەوشـی تـ**ریپییـدا** ئەوە راست بوو. کورێکی باشی ستافۆرد بـوو، دەسـتی لەگەڵ هەنـدێ کـاری پیسکە تێکەڵ کردبوو. خـۆ ئەو خوێڕیـانە دەیـانتوانی لە داوەکە دەریبهێـنن، بەڵام **تریپی** بەداوەکە بوو، حوکمی دە ساڵی بە تەنـگەوە درا. ئەوەش ئاوهـا بوو. هیچ شتێك لە چەقەڵەکان رونادا، بە داوەوە نـابن، تەنهـا ئەوانە نەبـێ، کە رۆڵی چەقەڵ دەبینن. خۆ من ئەوەش ناڵێم، کە ئێمە باشـترین. هەنـدێ

جار خـۆ پەڕانـدنەوە بەوەی وەك چەقەڵ وابـی خراپتـرە لەوەی، یەکێـك بـی لەوان.

مـن هەرگیـز ئەمەم پـێ نەگوتـووە، بەڵام چاوەکـانی **تریپـی**، یونسـم یـاد دەخـاتەوە. مـن زۆر غەریبـی یـونس دەکەم. هەرگیـز پێمنەکـرا برایەکـی راستەقینەی ئەو بم. خۆ کاتێ ئەو پێویستی پێ بووم، من لەوێ نەبووم. زۆر سەرقاڵی شتی لابەلاو شەڕیکی دۆڕاو بووم.

هەنوکە یونس بـۆتە پیـاوێکی گەورە. مـوزیکزانێکی بەهـرەدار. هەر ئـاواش دەڵێن. ئەو لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵانەدا هەر دوو جار بـۆ دیـدەنیم هـاتووە. ئەسماش ناوبەناو سەرم لێـدەدا، هەرچەنـدە دواش نـاکەوێ. ئەسـما هـات پێمبڵێ، چەندی غەریبی کردووم، چەندی بەزەیی پێدادێمەوە و چەندیشی رق لـێم هەڵگرتـووە. ئیـدی ئـاوا بەو ریزبەنـدییە. بەڵام یـونس نـا، ئەو دابـڕا و رۆیشت، هەروەك هەمیشە رایدەکرد. تەنانەت قسـە تونـدەکانی ئەسـماش ئەوەندەی نادیاریی یونس ئازاری نەداوم. حەزم دەکرد گەر هاتباو لە نێو دڵیدا شوێنێکی بۆ بەخشـینم دۆزیبـایەوە، بیبوریبـام. ئەوەش نەوەك لەبەر ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بکەم، خۆشی بوێم، نەخێـر، ئەمە زۆرەخەونە، مـن دەمویسـت لەبەر خاتری خۆی بمبەخشێ. ئاخر تورەیی پیسیی و ژارە، شێرپەنجەت تـوش دەکـا. کەسـانی وەك مـن وان کە هەن، بەڵام یـونس شـایانی شـتی لەوە باشترە.

'ئەرێ ئەو پیاوە کێیە؟' **تریپی** بەدەم ئاماژەکردن بۆ سەردیوارەکە، وایپرسی.

'ئەو جادوگەرێکی مەزنە. باشترینییانە.'

'بەڕاستی؟'

'ئم، هەندێ لە فرتوفێڵەکانی هێشتاش بە تەلیسم ماونەتەوە.'

'ئەو دەتوانێ وا لە خەڵك بکا لەبەرچاوان ون بن.'

'واو، ئەوەش تریپییە!'

ئێمە ئەو ئێوارەیەمان بە باسوخواس لەسەر هاودینی بەسەربرد، مێشـکمان لە چیرۆك و سەربردەی رەوشی هاودینی پڕ و کاس ببوو. حەزم دەکرد ئەوسا و پاشـان دەرمـانم هەبـووایە، بەڵام خـۆ ئەوە حـاڵم بـوو، نە حەب، نە بـۆن. هەرگیزیش هەوڵم بۆ نەدابوو، نەشمدەویست. خـۆ مـن نـابێ بەو رێگـایەدا بڕۆم. هەر هاتێکیش بیری تریپی دەهێنمەوە، کڕ و بێـدەنگ دەبـێ، پەنـجەی گەورەی دەخاتە نێودەمی ملچەملچی مژینی لێدێنێ: 'خۆ من منداڵ نیم.'

'دەمت خڕ داخە!'

پێکەنینەکەی لە منداڵێکی چەتونی کەللە رەق دەچێ. بەڵام لەسەریشی ناڕوا. ئاخر ئەو دەزانێ تاکە کەسە بەو جۆرە لەگەڵمدا بدوێ، دەشزانێ سنوری من تا کوێیە.
کەمێک دوای ناونوسی ئێواران، مارتن لەگەڵ پاسەوانێکی کورتیلەی تێکسمڕاودا، کە هەرگیز پێشتر نەمانەدیبوو، دەردەکەوێ. پیاوەکە نیشانەیەکی لەسەر چەناگە هەبوو، پرچیشی ئەوەندە رەش بوو، وامزانی بۆیەی کردووە.
'ئەفسەر ئەندری ماک لاولین ئەمڕۆ دەست بەکاربووە. ئێمە سەردانی چەند چاوە زیندانێک دەکەین.'
زۆری پێناچی مارتن خانەنشین دەبێ، ئەویش هەوڵدەدا ئەفسەرەکە بە ئێمە بناسێنێ، تا ریزی بگرین بۆ ئەوەی جێیبگرێتەوە. ئەوسا بێدەنگییەکی هەراسان هەبوو، وەک ئەوەی جاڕس بێ و هیچ شتێکیش نەبێ بیڵێ. لە هیکەوەش چاوی مارتن پەڕیە سەر پۆستەرەکەی سەر دیوار.
'ئەوە بیرۆکەی کێ بووە؟' منگەمنگێکی کرد، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامیش بکا، روی لە من کرد. 'بیرۆکەی تۆیە، وا نییە؟'
مارتن ئەکتەرێکی ساختە بوو. ئەو پێشتر پۆستەرەکەی بینیبوو. خۆ ئەگەر ئەو رەزامەند نەبووبا، هەرگیز من نەمدەتوانی هەڵیواسم. بەڵام هەنوکە وا خۆی نمایش دەکا، گوایە یەکەم جارە بینیویەتی. ئەوەش هەر بۆئەوەیە نیشانی کوڕە نوێکەی بدا، هەرچەندە تەمەنی خانەنشینی هاتوە، بەڵام هێشتاش دەرەقەتی فرتوفێڵەکانیان دێت. لەو هەموو ساڵانەدا بینیویەتی چەندین وێنە لەسەر دیوارەکاندا هەڵواسراون، ئەوسا وێنەکان چ هی خێزان، هێمای ئایینی، پاڵەوانی فیلمەکان، یاریچییەکانی دووگۆلی و کریکێت و کچی جوان بێ؛ وەلێ هی هاودینی، ئەوە شتێکی دیکە بوو.
'لەوانەیە مێشکت لەدەست دابێ،' مارتن ئەمەی بە پێکەنینێکی بێدەنگەوە پێگوت.
'لەوانەیە'، منیش وام پێگوتەوە.
ئەفسەر ماک لاولینیش نزیک بووەوە، دەوروبەرمی بۆن کرد، وەک ئەوەی سەگێک بێ و بە بۆن بەدوای شتدا بگەڕێ. 'ئۆو، لەوانەیە نەخشەی هەڵاتنی هەبێ. ئاخر هاودینی زانایەکی هەڵاتن بوو.'
تۆبڵێی ئەمە لەکوێ هاتبێ؟ دەماری نێوچەوانم لەسەر خۆ لێیدەدا. 'ئاخر من بۆچی وادەکەم؟'

'ئم،' مارتن پرسی، چاوەکانیشی لەپرێکەوە گرژ بوون. 'بۆچی ئەو وادەکا؟' ئەوسا روی لە پیاوە نـوێکە کـرد و بـۆی رونکـردەوە. 'ئەلـێکس لە ١٩٧٨ەوە لێرەیە. ئەو تەنها دوو ساڵی دیکەی ماون.'

'ساڵێك و دە مانگ.' من بۆم راستکردەوە.

'بەڵێ،' مارتن وای گوت وەك ئەوەی کۆتایی بە هەموو شتێك بێنێ.

لە روخساری مارتندا وەك هەمیشە دوو هەست لە کێبەرکێـدا بـوون، قێـز و رێـــز. یەکەمیـــان هەر لە رۆژی یەکەمەوە هەیبـــوو هەرگیـــزیش لانەچـــوو، قێزلێبوونەوە لە کەسێك، کە بەدترین تاوان بەخەیاڵدا بێ و کردبووی، گیانی کەسێکی دەرهێنابوو، کە خوا پێیبەخشی بوو. ریزگرتنەکەش زۆر دواتـر پەیـدا بوو، زۆریش ناچاوەڕوانکراو بوو. ئێمە، من و مارتن مێژوێکـی دورودرێژمـان بەیەکەوە هەیە.

بەڵام سـیمای ئەفسـەر مـاك لاولـین چیرۆکێکـی جیـاوازتری دەگێـڕایەوە. 'پێموابێ دۆزەکەت دەزانم،' ئەو ئەمەی سەرپێیانە گوت. 'لەبیـرمە، لەبـارەی تۆم خوێندۆتەوە، لەدڵێ خۆشمدا دەمگوت تۆبڵێی کەسێکی وا هەبێ شتێکی وا دەرهەق دایکی خۆی بکا.'

درکـم بەوەکـرد ئـێمە هـاوتەمەن بـووین. نەوەك هەر ئەوەنـدەش. ئـێمە هەمان مادەش بوین. دەکرێ بەردەوام لەهەمان شەقامدا گوزەرمان کردبـێ و هەمان کچیشـمان راموسـیبێ. هەسـتێکی غەریـب دایگـرتم وەك ئەوەی سـەیری ئـاوێنەیەکی شـێواو بـکەم. مـاك لالـین ئەو پیـاوە بـوو دەکـرا گەر رێگایەکی دیکەم هەڵبژاردبا، هەمان شتی وەك ئەوم لێدەرچووبا. دەکرا مـن نەگیرابام گەر هاتباو لەدوا چرکەساتدا ئەو بۆی دەرنەچووبا.

'چواردە ساڵە، ها؟ ئای لەو شورەییە.' ئەو وای گوت.

کۆخەی مارتین گرژی نایەوە. خۆ تۆ نابێ باسی تاوانی کەسـێك بـکەی وەك ئەوەی باسی ئاوهەوا بـکەی. هەقە لەکـاتی خـۆی ئەو شـتە بـکەی. ئاسـایی کەس سەبارەت بەوەی گوزەراوە بیری ناهێنێتەوە. پیاوێکی ئامانجدار گیراوی رابردوەکەیەتی.

'ئەلێکس لەم چەند ساڵانەی دواییدا خۆی کێشـاوەتە کونجێـك،' مایـك وای خۆتێهەڵقورتاند وەك ئەوەی رێبەرێکی گەشتیاری بێ. 'ئەو بە کاتێکی سەخت و تاریکدا تێپەڕیوە، بەڵام هەنوکە خەریکە لێیدەرباز بێ.'

ئای مارتینی کۆنە ئازیز، ئەو جۆرە گەشبینییە، راستە مـن بە نێـو دۆزەخـدا رەتبووم، بەڵام خۆ ئەو، **تریپی** و خۆم و تەنـانەت تارمـایی گیـانی دایکیشـم دەزانێ، کە هێشتا هەر لێرەم.

من ناوبانگێکی ناقۆڵام هەبوو. پێموابوو هەرواش ماوەتەوە. سوك و ئاسان بوومەتە گاڵتەجاڕ. سەختیشە پێشبینی ئەوە بکرێ ، کە چـی قـۆڕترم بەسـەر دێ. تەنانەت خۆ ناشتوانم زیاتری لەبـارەوە بـدوێم. کاتێـك لـێم تێکـدەچێ بەرەو تونــــدوتیژی دەڕۆم، کۆڵەمشــــتی چەپەم ئەوەنــــدە بەهێــــزە وەك خشــتێك(بلۆکێك) وایە، ئیــدی ئــاوام پێــدەڵێن. هەنــدێك جــار منــیش دەتەقمەوە. ئەوانی دیکە، کە وەك مـن بجـوڵێنەوە بەنجخۆرەکـانن. کاتێـك پێویستیان پێدەبێ و کەلوپەکەشیان دەست ناکەوێ، هارو هاچ دەبـن. بەڵام خۆ من ئالودە (مدمن) نیم. بەڵکو ئەوەش ترسناکترم بکا. ئەمەش رەوشـی هۆشیاری مێشکمە، من خۆم ئازاری خۆم دا. سەرم، چـونکە نەمـدەزانێ چـی لەوێدا هەیە. من جگەرەم لەم لەناو لەپی دەستمدا کوژانـدەوە. پەنجەکـانم پەنمان وەك چاوی دەرپۆقیوی لێهات. من قاچەکانی خۆم بەر قـامچی دان، ئاخر زۆر گۆشـتم بەڕانەکـان، بە ئەژنـۆ و بە ئانیشـکەوە هەبـوو. بەشـی ئەو لێدانەشی دەکرد. لە شرێوزبێریدا تیخە مـوس ئەوەنـدە بەهـادارە وەك دوڕ و گەوهەر وایە، بەڵام ئەستەمە دەستت کەوێ.

'ئێوە هەردووکتان  دەکرێ یەکدی بناسن.' مارتن وایگوت.

'بەڵێ، دڵنیام  وادەبێ.' ئەفسەر ماك لاولیش وا وەڵامی دایەوە.

**تریپییش** بە ناڕەحەتیی و بە گرژیەکەوە سەیری دەکـردین. ئەو دەیزانـی چـی رودەدا. ئاخر پێشتر بینیبووی. هەندێك جار پۆلیسەکە بەیەکێکمانەوە دەگری، ئیـدی ئەمە کۆتـایی چیـڕۆکەکەیە. هەر شـتێك بە خراپــی دەسـتی پێکــرد، چاوەڕێی چاکبوونەوەی لێمەکە.

رێنــوێنە گەشــتیارەکە هەوڵێکــی دیــکەی بــۆ ئاشــتکردنەوە دا. 'ئەلــێکس بۆکسوانە. ئەو وەرزشوانی ئێمەیە. کاتێك لە قوتابخانە بوو، میـدالیای وەك پاداشت وەرگرتبوو!'

سەیروسـەمەرەیە شـتێك بــۆ داکــۆکیلیکردنم بڵێــی، کە پێویسـت نیــیە و کەسـیش پێـی پـێ نەکەنـێ. مـن دەمویسـت سوپاسـی مـارتن بـکەم بـۆ پشتگیرکردنەکەی لە من، بەڵام خۆ ئەگەر چاوم لەسـەر ئەفسـەرە گەنـجەکە بتــروکێنم، ئەگەر بــۆ چــرکە ســاتێکیش بــێ، ئەوا پەردە لەســەر روی خــۆم هەڵدەدەمەوە.

دەبووایە ئەو وای بدیبام، کە زەبون نیم. دواجار کەوا بووم، بیست ساڵ لەمەوبەر بوو. ئەوکات منداڵێك بووم لەترسی سونەتکردن چووبوومە سەر دارەکە. خۆ ئەوەش هەر سودی نەبوو. لەوکاتەوە ئیدی من هەرگیز لاواز و زەبون نەمام. بەڵام خۆ من هەڵە بووم، ئای بەنەفرەت بێ هەڵە. وەلێ هەرگیز زەبوون نەبووم. بۆیە من چاوم ناتروکێنم، چاوم هەڵناگرم، بەردەوام سەیری دوڕ چاوی ئەو ماك لاولینە دەکەم، ئەوکەسەی لەوانەیە لە هەمان سۆنگەوە سەیری نێو چاوەکانم بکا.

پاشان ئەوان ڕۆیشتن.

❖

لەپڕێکەوە، لەنیوەی شەودا لەخەو بێدار بوومەوە. سەرەتا وامزانی دایکم سەردانی کردووم. بەڵام هەرچەندی کردم، هەستم نەکرد ئەو لام ئامادەیە. لەرینەوەیەك نییە وەك کەوتنە خوارەوی گەڵایەك، شتێك نییە نەرمونیانتر لە شەوقی مانگەشەوی تابان. خۆ ئەمانە هەمووی تریپپین، پرخە، تڕوفس، سیڕەسیڕی ددانەکان، کە لەخەوندا بەرەنگاری دێوەکان بۆتەوە.

هەستامەوە قیت لەسەر پێخەفەکەم دانیشتم، سەیرێکی دەوروبەرم کرد، ئاخۆ بۆ خاتری جەهەنەم چی منی لەو خەوەمدا بێدارکردبێتەوە. ئیدی من دەیبینم. لەسەر زەویەکەدا کاغەزێك هەیە. ڕەنگبێ یەکێ لە درزی دەگاکەدا فڕێی دابێتە ژور. لەو کزە روناکیەی لە درزی دەگاکەوە دەهاتە ژور، کاغەزەکەم هەڵگرتەوە. ئەوەش پارچە ڕۆژنامەیەك بوو لێکرابووەوە. هی دێیلی ئێکسپرێس بوو.

کوڕێك دایکی خۆی لەسەر شەڕەف دەکوژێ

٢ دیسێمبەری ١٩٧٨

کوڕێکی **16** ساڵان بە ڕەچەڵەك تورك/کورد لە هاکنبی دایکی خۆی تا مردن لەسەر شەڕەف دەداتە بەر چەقۆ. ئەسکەندەر تۆپراك، پەمبێ تۆپراك لەبەردەم ماڵەوەیان لە لاڤەندەر گرۆڤ دەداتە بەر چەقۆ.

دەگوترێ، ژنە ٣٣ ساڵانەکە دایکی سێ منداڵە، پەیوندی و کەینوبەنێکی دەرەکی هەبووە. هەرچەندە ئەو هێشتا هەر لەبن باری هاوسەرێتی دابوو، بەڵام ئادەم و پەمبێ ماوەیەکی درێژە بەیەکەوە ناژین. 'کاتێکیش باوکەکە لەوێ نامێنێ، شەڕەفی پاراستنی دایکەکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی کوڕە گەورەکە، لەو بارەشدا ئەسکەندەرە،' ئەمە قسەی یەکێ لەشاهیدە ئامادەبووەکان بوو. هەنوکە پۆلیس لەوە دەکۆڵێتەوە، ئاخۆ مێرد منداڵەکە

ئەم کارەی هەر بەخۆی ئەنجامـداوە یـاخود بە دنەدانـی ئەنـدامانی دیـکەی ماڵباتەکە و کوشتنێکی بە گەلەکۆمێ بووە.
قسەکەری پۆلیسی دەڤەرەکەش بە ڕۆژنامەی ذە تایمزی ڕاگەیانـد، ئەم دۆزە لە شانشینی یەکگرتوو و ئەوروپادا نە یەکەمین و نە دوا دۆزیـش دەبـێ. ئەو وای ڕاگەیانـد لەم سـاتەدا لە بـاری کوشـتنی ١٥٠ حـاڵەتی گرێـدراو لەسـەر شەڕەف دەکۆڵنەوە. 'مـایەی خەمبـارییە ژمـارەکە هێشـتا هەر لەهەڵکشـانە، لەوکاتەی هەموو دۆزەکان نەگەیشتونەتە بەردەستی پـۆلیس،' ئەو وایگـوت، 'ماڵبـات و دراوسـێکان زیـاتر لەوە دەزانـن، کە بە پۆلیسـیان ڕاگەیانـدووە. ئەوانەی لە قوربانییەکان نزیکن، زانیاری گرنگ دەشارنەوە.'
'ئەوەش تەشـەنەکردنێکی شـێرپەنجانەیە لەنێـو کۆمەڵگـای هاوچەرخـدا،' قسەکەرەکە ئەمەشی لێزیاد کردبوو. 'بـۆ نەگبەتـی لەنێـو ئەو کـۆمەڵگە بـێ ژمارانەدا، پرسی شەڕەفی خێزان، زۆر لە شادمانی تاکەکانیان بە بایەخترە.'
دەستەکانم ئەوەندە قایم لەرزین وەك ئەوەی بایەکی بەهێز هاتبێ و پـارچە ڕۆژنـامەکەی لەنێـو لەپمـدا غلـۆرکردبێتەوە. ئـای چەنـد حەزم لە قـومە جگەرەیەك یان خواردنەوەیەك هەبوو، هەر شتێکی بە هێـز و سـادە. بـاوکم هەرگیز بەوەی نەدەزانی، بەڵام من و کوڕەکـان جاربەجـار شـەربەتی پرتەقـاڵ یان بیرەیەکمان بەسەردا دەکرد. هەرگیز ویسکیمان نەدەخواردەوە. ئاخر ئەوە پێڕێکی دیکە بوو. من لەژێر ئەم هەنوانەدا یەکەمـین قـومم لێـدا و تـامم کرد. خـۆ تـۆ هەمـوو شـتێك لە زیندانـدا دەبینـیەوە، ئەگەر بزانـی بەداویـدا بگەڕێی.
مـن پـارچە ڕۆژنـامەکەم لە نێوەڕاسـتدا دووقەد کـرد، جەمسـەرەکانم بـۆ نێوەڕاست نوشتاندەوە، کردمە چوارگۆشە، دوو سێگۆشـە، پاشـان لاکێشـە... گۆشەکانم گەیاندنەوە یەك، سێگۆشەکانم لێککێشـانەوە بـووە بەلەمێکـی کاغەز. لەسەر زەویم دانایەوە، ئاخر خۆ ئاو نیـیە تـا بـیخەمە سـەر و سـەرئاو بکەوێ. مێوانیش نەبوو چارۆگەی هەڵبدا. خۆ بیرت هەر بـۆ ئەوە دەچـی، کە ژورەکە لە چیمەنتـۆ دروسـتکراوە، وەك ئەو ئـازارەی نێـو سـینگم بـۆ هـیچ شوێنێك ناڕوا.
ئیسکەندەر تۆپراك

## ئەسما
لەندەن، دیسێمبەری ١٩٩٧

ئێمە لە هاکنی Hackney، لە شەقامێک دەژیاین ناوی لاڤێندەر گرۆڤ Lavender Grove بوو. دایکم بەردەوام لەو شوێنە دڵتەنگ بوو، چونکە بۆ ئەو هیچ درەختێکی ئەرخەوانی لێنەبوو، هەرچەندە ناوەکەشی وابوو. هەرگیز لەوەش نائومێد نەبوو، رۆژێک دابێ باخچەی کەسێک بدۆزێتەوە، یان لەدەوروبەری سوچێکدا دار ئەرخەوانێکی فەرامۆشکراو، دەریایەک لە بنەوشە ببینێ.
من گەڕەکەکەم خۆشدەویست. سالۆنی پرچ چاکردنی ئەفریقایی، قاوەخانەی جامایکایی، نانەواخەنەی جولەکە، کوڕە جەزائیرییەکەی پشت بارستەی میوە، لەدوکانەکەی خۆیدا ناوی منی بەشێوەیەکی تەنزئامێز گۆدەکرد، هەموو جارێکیش دیاریەکی بچکۆلانەی پێدەبەخشیم، موزیسانە نەدارەکان، کە لە سەر سوچی کۆلانەکەمان دەژیان، هەموو رۆژێ مەشقیان دەکرد و پەنجەرەکەشیان دەکردەوە منیشیان بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم بە شۆپان دەناساند؛ ئەو هونەرمەندەی لە مارکێتی ریدلی رۆدا بە دە شلنگ پۆرتریتی بۆ خەڵک دەکێشا، جارێکیشیان تەنها بۆ خەندەیەک وێنەیەکی کێشام. لەوێدا هەموو رەنگ و بۆیەک هەبوو.
بەر لەو ماڵە، لە ئەستەمبۆل لە ئەپارتمانێکدا بووین. ئەو شوێنەی ئەسکەندر و من سالانی بەرایی منداڵیمان تێدا بەسەر برد، بەڵام هەنوکە ئەوێ هی یەکێکی دیکەیە، وڵاتێکی دیکەشە. ئەوێش ئەو ماڵە بوو، بەرلەوەی لە ١٩٧٠دا بێینە لەندەن، کەمێک بەر لەدایکبوونی یونسی برا بچکۆلەم، لێی دەژیاین. دایکم وەک زۆر لە ئاوارەکان یادەوەرییەکی لێبژاردانەی هەبوو. لەو ژیانەی لەدوای خۆی بەجێهێشتبوو، بەزۆری خۆگەر نەشڵێم تاکو تەنها هەر ئەو یادەورەییانەی بیرمابوون کە خۆش بوون؛ خۆرەتاوی گەرمی ئەوێ، هەڕەمەکانی داودەرمان و بەهاراتی

بازاڕ، بۆنی قەوزەی دەریـا و کەبـاب، ئیـدی هەر ئەمـانەی بیرمـابوون. نیشتمان لەیادەوەرییدا هەر بە پاکی ماوەتەوە، شانگری لا Shangri–la (بەهەشـتی سـەرزەوی) ئەو هەنـوانە رەچـاوکراوەبوو، کە دەکـرا بـۆی بگەڕێیـنەوە، بەڵام خـۆ ئەگەر لەژیـانی راستەقینەشـماندا نەبـێ، ئەوا بەلای کەمییەوە دەکرا بەخەون بۆی بچینەوە.

یادکردنەوەکەی منیش شتێکی تێکەڵە بوو. دیارە لەو رابوردە هاوبەشەی بەیەکەوە هەمـان بـوو، منـداڵان کتومـت وەک دایبابیـان شـتەکانیان بیرنـاکەوێتەوە. بیـرەوەری ئەوێـم دەگەڕێـتەوە بـۆ ژێرزەمینـی مـاڵە کۆنەکەمـان: مۆبیلیـاتی ماڵەوەمـان کە بەرگـی شـینمان بۆکردبـوو؛ ئەو سەرچەفە خڕە سپییە، کە بەسـەر مێـزی قـاوە و رەفەکـانی نانـدیکەمان دادابـوو؛ ئەو هەمـوو کەڕوی هەڵـگەڕاوەی سـەر دیوارەکـان، پەنـجەرە بەرزەکـانی سـەر شـەقام... ئەو ئەپارتمـانە بە رەنگێکـی تارمـایی لەبیرەوەریەکانمدا ماوە، کە دەنگی رادیۆکە بە ناڕونی هەمـوو رۆژەکەی هەر کـراوە بـوو، بـۆنی کـۆن و بـۆگەن لە هەوادا بڵاوببـووەوە. هەمـوو کاتێک لەوێ هەر بولێڵ بوو، بەیانی و ئێـوارانیش، جیـاوازییێکی کەمـی هەبوو.

من هێشتا بچووک بووم، کە ئەوێ ماڵمان بوو. لەوێ لەسـەر مـافورەکە لە ژوری میوان دادەنیشتم، زارم نیـوە بەش بـوو، لە پەنـجەرەی نزیـک بنمیچەکە تەماشـای دەرەوەم دەکـرد. لەوێـوە ئـاپۆرای خەڵکم دەبینـی، هەر قـاچ بـوون چەپ و راسـت دەڕۆیشـتن. خەڵـک بەرەو کـارو کاسـبی خۆیان دەچوون، لە بازاڕکردن دەهاتنەوە یاخود بۆ پیاسە دەردەچوون. تەماشاکردنی لاق و شەنقاوی رێبواران و هەڵهێنانی رەوشی رۆیشتنیان، گەمەی هەرە خۆش و لەپێشی ئێمە هەرسێکمان بوو، دایکـم و ئیسکەندر و بەندە. هەر بۆ نمـونە، جوتێـک پێمـان دەبینـی قەیتـانی پێڵاوەکانیـان قـایم، بە هەنگـاوی خێـرای گورجوگـۆڵ دەڕۆیشـتن و پاژنەیـان لەسـەر شۆسـتەکە هەر رەقەی دەهـات. 'پێمـوایە ئەم کـچە دەچێـتە ژوانـی دەزگیـرانەکەی،' دایکـم وایـدەگوت و ئیـدی چیرۆکێکـی سەرنجڕاکێشـی دڵشکاوانەی خۆشەویستی بۆ دەگێڕاینەوە. ئەسکەندەریش لەو گەمەیەدا کارامە بوو. ئەویـش دەربـارەی کەسـێکی پـێڵاودڕاو و پیسـوپۆخڵی بـۆیە نەکراودا، چیرۆکێکی دەدایە پاڵ، بەوەی ماخۆکەی بێکـارە و هەنـوکە لە

نامراددییدا دەیەوێ هەڵبکوتێتە سەر بانکێکی سەر سوچەکە، ئیدی لەوێشەوە پاسەوانەکان تەقەی لێدەکەن و بەری دەدەنەوە.
لەگەڵ ئەوەش، کە ژێرزەمینەکەمان بایی پێویست تیشکی رۆژی لێنەدەدا، بەڵام بارانی زۆری بەردەکەوت. نم نمەی باران بۆ ئێمە جێی مەترسی نەبوو، وەلێ کاتێک هەڵی دەکرد و دەیکردە شەستەباران و زیاتر لەدوو ئینج لە شارەکە دەباری، ئاو دەهاتە ژورەوە، ژوری پشتەوە دەبووە گۆمێکی لێخن. تەپڵە جگەرە دارەکان، کەوگیرەکان، چوارچێوەی وێنەکان، زەمبیل و تریانەکان، مەلەوانی باش بوون. کەچی قاپوقاچاخ، دەفرەکان، کەوچکەکان و مەنجەڵەکان بارودۆخیان شڕ بوو. لەکاتێکدا گوڵدانی سەرمێزەکە خێرا نقوم دەبوو، گوڵە پلاستیکەکانیش سەرئاو دەکەوتن. پشتخورێنەیەکیشمان لەوێ هەبوو، حەزم لێبوو ئەویش بە دەردی ئەوان بچێ، نغرۆ بێ، کەچی هەرگیز وای لێنەدەهات.
دایبابم لەبارەی گواستنەوەی ئەپارتمانەکەمان قسەیان کرد، بەڵام خۆ ئەگەر هۆکاری گواستنەوەشیان بۆ ژێرزەمینێکی بەر رۆژ لە گەڕەکە هەژارنشینەکەدا هەبووایە، ئەوا دڵنیایی ئەوە لەگۆڕێدا نەبوو، لەکاتی بارانی بەخوڕ و بەدفەڕی ئەستەمبۆلدا شوێنی لەوەی خۆمانیان باشتر دەستبکەوێ. بەڵکو لەماوەی ساڵێکدا پاشخانێک بۆ ئەپارتمانەکە دروست بکەن. راستە شوێنەکە تاریک و شێدار بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ماڵ بوو.
ئەستەمبۆل... ناوی ئەو شارە، بە قوڵی و هێواشی لەماوەی ژیانی ئەوێمدا لە نێو سەدان یادەوەری جێی بۆتەوە. من ناوەکەی دەخەمە سەر زمانم، لەسەرخۆ، بە پەرۆشیشەوە دەیجومەوە وەک ئەوەی نوقڵێکی شیرین بێ. ئەگەر لەندەن شیرینییێکی سکۆتلەندی بێ، دەوڵەمەند و پڕو چڕو نەریتئاسایی، ئەوا ئەستەمبۆل هەرچەندە تامی شەربەتی گێلاس دەدا، بەڵام تێکەڵە تامێکی دژبەیەک، کە دەکرێ شیرینیەکەی سەر ترشیەکەی بکەوێ یاخۆ شیرینییەکەی ببێتە ترش.

❖

دایکم کەمێک دوای ئەوەی باوکم بە دۆڕاوی قوماری لەسەر موچەی دوومانگی کرد، دەستی بە کارکرد. لەپڕێکەوە ئەوەندە حەوجەی پارەبووین لە جاران خراپتر. لەکاتێکدا ئەسکەندەر لە قوتابخانە بوو،

دایکم دەچووە ماڵە دەوڵەمەندەکان ئاگای لە ساواکانیان دەبوو، شێوی بۆ لێدەنان، هۆدەکانی بۆ پاکدەکردنەوە، مەنجەڵ و دەفرەکانی بۆ دەشوشتن، جلەکانی بۆ لە ئوتی دەدان، لە بۆنەکانیش لەگەڵیان دەگریا و دەیلاواندنەوە. منیشی لای پیرەژنێکی دراوسێ، کە زمانی تیژ و پرچی هەڵوەرابوو، جێدەهێشت؛ بەڵام لەسەرێکی دیکەشەوە ژنێکی باش بوو.

لەشەودا دایکە وەک ئەوەی چیرۆکی بەرخەومان بۆ بگێڕێتەوە، باسی ژیانی ڤیلاکانی بۆ دەکردین، کە هەر منداڵێک هۆدەی تایبەتی خۆی هەیە و هاوسەرە هاوچەرخەکانیش بانگهێشتی ژنەکانیان دەکەن تا لەگەڵیاندا بخۆنەوە. جارێکیان ژن و مێردێکی بینی بوو لەبەر موزیکی جاز سەمایان دەکرد، ئەوەی ببووە مایەی توڕەیی و نیگەرانی ئەوەبوە، بە بێ شەرمی بە پێڵاوە بن پیسەکانیان بەسەر مافورەکان دەکەوتن، ئەوەش ئەو بیرەوباوەڕەی دەسەلماند، کە دەوڵەمەندی شتێکی ناقۆلای تێدایە. دەنا بۆچی کەس هەیە زەیتونی کەسک بخاتە نێو خواردنەوەکەی، مافورە نەرمونۆڵەکەی پیس بکا و قەپاڵ لە پەنیرە زەردەکە بدا، کە بە زلەداری ددانپاککردنەوە راگیراوە؟

دوای ئەوەی دایکم بۆ چەندان خێزان کاری کرد، ئیدی کارێکی تەواوی(هەموو رۆژەکەی) بینییەوە. ئەوان کەسانی ناودار بوون، کرێکاری خۆشیان هەبوون. ژنەکە ئەکتەرێک بوو، تازەش کیژۆڵەیەکی ببوو. هەرچی دەربارەی مێردەکەشی بوو، هەرگیز نەمانزانی ئاخۆ دەقاودەق چ ئیشێک دەکا، هەر ئەوەندەمان لێدەزانی، کە هەمیشە سەرقاڵ بوو، بەردەوامیش لە گەشتوگەڕاندا بوو. کاری دایکم ئاگالێبوون بوو لە ماڵ و لە ساواکەیان و لە دایکە ئەکتەرەکەش، دیاربوو هێشتا لە ژیانە نوێکەی باش رانەهاتبوو. ساواکە باری تەواو نەبوو، میزاجی جێگیر نەبوو، هەمیشە هەر دەگریا، هەر لەختوخۆڕاش دەگریا. کیژۆڵەیەکی جوانکیلەش بوو، چاوەکانی ئەڵماس و پرچێکی رەش، کەپوێکی قشتیلە، دەستێکی ناسک و دەمارەکانیشی تەنک و رون. خۆ ئەگەر هەوادارەکانی وایان بینیبا ئەوا هەر زوو نامراد دەبوون، بەڵام دایکم خوی پێوەگرتبوو، سەرباری رەوشە کوێرەوەریەکەشی، خۆشی دەویست.

لەو سەردەمەی دایکم ئەو ئیشەی دۆزیبووەوە، ئەو پیرەژنەی منیان لەکن دادەنا، نەخۆش کەوت؛ بۆیە بەناچاری دایکم منیشی بۆ ماڵەکە لەگەڵ خۆی دەبرد. لەو کاتەی من بە تەنها لەماڵەکە یاری خۆم دەکرد، دایکم خەریکی ڕەنجدان بوو، بە نهێنیش دەنکە هێلی بە دەوری جێخەوی خانمە ئەکتەرەکەدا ڕۆدەکرد، بەڵکو لە جنۆکە بیپارێزێ. ئەوسا دوای ئەوەی بولێڵ باڵی بەسەر شارەکەدا دەکێشا، بەپاس یان بە دۆلموش دەگەڕاینەوە ماڵەوە. دایکم بەوە قایلبوو لە هەر ڕۆژێک دابێ کرێ و مزەکەی خۆی وەربگرێ، بەڵام ئەوەندە شەرمن بوو، داوای نەدەکرد.

ئێوارەیەک، کاتێک دایکم خەریکی شێولێنان و منیش لەبن مێزی ناندینەکە بە گەمەی خۆم ژێر ببوومەوە، مێردی ژنەکە پەیدا بوو. بۆنێکی ناقۆڵای لێوەدەهات، پێدەچوو بۆنی تێکەڵەیەکی کەفاوی دوای ریش تاشین و ویسکی بێ. چاوەکانی سورهەڵگەڕابوون بەڵام دڵخۆشیش بوون. بێ باکانە لە بوونی من، بەلارەلار خۆی خزاندە لای دایکم و دامێنی گرت.

'وس،' پیاوەکە وای پێگوت، قامکێکی لەسەر لێوی خۆی دانا. 'ئەوان هەموویان نوستون.'

***ئەوان هەموو نوستون. هیچیان نامان بینن. هەر هەموویان لە مەفت خەوان راست بوونەتەوە. ئیدی دەکرێ ئێمەش برازێین. من شتی جوانت بۆ دەکڕم. پێڵاو، هەگبە، جل، جوتێک گوارەی زێڕ... تۆ ژنێکی باشی، تۆ پیرۆزی. تکایە بەزەییت پێدابێمەوە. خۆ ژنەکەم هەرگیز بەمە نازانێ. هەروەها مێردەکەی تۆش نایزانێ. ئەوان هەر هەموویان خەویان لێکەوتووە. من پیاوێکی خراپ نیم. بەڵام خۆ پیاوم، هەروەک پیاوەکانی دیکە، ئیدی منیش پێویستیم پێ هەیە. ژنەکەم چیدیکە ژن نەماوە. لەو کاتەوە ساواکەی بووە و هەردەگرێ هەردەگرێ، گۆڕاوە. ئاخر خۆ هەر هەموو شارەکە لەخەودایە.***

دایکم پاڵێکی بە پیاوەکە ناو بە دیوارەکەی دادا؛ لەبەر ئەوەی مەست بوو، نەیتوانی زۆر بەرگری بکا. دەستی بەخۆدا شۆڕکردنەوە، جەستەی خاوبووەوە، وەک ئەوەی بەتاڵ بێ. وەک ئەوەی بوکەڵەیەکی نەرمونیان بێ. دەستێکی من و دەستێکی هەگبەکەی، ئیدی دایکم بە داڵانەکەدا شۆڕ بووە، بەڵام لەپڕ زانی بایی ئەوەندە پارەمان پێ نییە.

'گەورەم...' دایکم وای پێگوت. 'تۆ کرێ و مزی پێشوت نەداومەتێ.'

**ئەویش لەبەر دەرگاکە وەستابوو، هەر لالا دەچوو. 'ئەرێ، تۆ پارەت دەوێ؟' ئەو بە دەنگێکی سەرسامانە وای پرسی.**
**'ئاخر خۆ ئەوە مانگانەکەمە ـــ'**
**ئەو قسەکەی پێ بڕی. 'تۆ بەو شێوە رەفتارم لەگەڵدا دەکەی و داوای پارەشم لێدەکەی؟ ئای چ دەڵە سەگێکی!'**
**ئێمە لە ماڵەکەی دەرچووین. سواری پاسێک بووین، لە شوێنە هەمیشەییەکەی خۆمان دابەزین، ئیدی بڕیارماندا ئەو ماوەیە تا ماڵێ سوار نەبینەوە، بکوتە بەپێیان. بەڵام خۆ دایکم ئاگای لەئاراستەکانی رێگا نەبوو بۆ کوێ دەڕوا. هەنگاو بە هەنگاو ئێمە لە گەڕەکەکەی خۆمان دور دەکەوتینەوە، تا گەیشتینە شەقامێکی پێچاو پێچ، کە بەرەو شوێنێکی نەناسراوی بردین. ئەوکاتیش تاریک داهاتبوو. ئێمە خۆمان لەسەر کەناری ئاوێک دیتەوە، پێشتر نە بۆی چووبووین نە بینی بوومان. لەوێدا گاشەبەردێکی رەشی گەورە لەسەر رۆخی ئاوەکە هەبوو، شەپۆلەکان هەر لێیان دەدا. ئیدی چیبکەین، لەوێ دانیشتین، هەناسەی خۆمان راگرت، سەیری ئەو شارەمان دەکرد، بەڵام هەمووی بۆ ئێمە وەک یەک بوو.**
**لەوێ قاقلە زیندەوەری دەریا هەبوو، ئیدی خەریکی کۆکردنەوەیان بووم. من هەر لەدەم دەریاکە گیرم خواردبوو کاتێک دوو پیاومان لێوەدەرکەوتن، لە دایکم نزیک دەبوونەوە. ئەوان گوڵەبەڕۆژەیان دەخوارد، توێکڵەکەشیان فڕی دەدا، بە چەشنی چیرۆکی هانسەل و گرێتل[9]* شوێنەواریان دوای خۆیان جێدەهێڵا.**
**'خوشکێ، ئێوارە باش، تۆ زۆر خەمگین دیاری،' یەکێکیان وایگوت. 'ئایا ژنێکی وەک تۆ لێرە چی دەکا؟'**
**'بەڵێ، واپێدەچێ پێویستیت بە یارمەتی هەبێ.' زەلامەکەی دیکە بوو وایگوت.**
**دایکم وەڵامی نەدانەوە. دەستی بە دەسکی هەگبەکەی گرتبوو، هەر هەنسکی دەدان. لەنێو جانتاکەشدا، قردێلەیەکی پرچ، کلیلی دەرگای**

---

[9]هانسەل و گرێتل (Hansel and Gretel) لە کورتە چێرۆکەکانی برایانی گریمە لە ١٨١٢دا چاپ ببووە. پیاوێکی داربڕی بەستەزمان بەخۆی و ژنەکەی و دوومنداڵەکەی، هانسلی کوڕ و گرێتێلی کیژ، لە دارستانێکدا ون دەبن. کابرا پیرە و خواردنیشی پێ نەماوە، ئیدی برسێتی و ماندووبوون تینیان بۆ دێنێ، هیچی وای پێنامێنێ برسێتیان پێ بشکێنن.

ماڵەوە، راچێتەیەک، کە دەبوووایە پارەکەی بدرێ هەبوون، چەند فستەقێکیش، کە بۆ منی دانابوون، بەڵام بیری چووبوو بمداتێ، وێنەیەکی منداڵەکانی، ئاوێنەیەک کە خەمبارانە دیاردەکرا، بەڵام هیچ دەستەسرێکیشی تێدا نەبوو.
'ئایا هیچ شوێنێکت هەیە بەم شەوە بۆی بچی؟ باشە بۆ لەگەڵ ئێمەدا نایەی؟'
زەلامەکەی دیکەش زۆر بێشەرمانە گوتی، 'ئێمە ئاگامان لێت دەبێ.'
'من پێویستیم بە یارمەتی ئێوە نییە.' دایکم ئەمەی پێگوتنەوە، دەنگەکەشی هەراسانیێکی پێوەدیاربوو. ئەوسا بەرەو لای کەنارەکە هات و هاواری کرد، 'ئەسما، خێرا وەرە!'
پیاوەکان بە بینینی من سەرسام بوون، بەڵام خۆ هەر نەشگەڕانەوە. لەبری ئەوەدا بە بێدەنگی دوامان کەوتن. ئەوەش جۆرە یارییەک بوو. دایکم دەیویست بەرگری بکا. ئەوانیش لەسەر نیازی خۆیان هەر سور بوون. دایکم خەریکبوو تەسلیم بێ.
'دەی بڕۆن لێم دورکەونەوە! ئەرێ نابینین، من ژنێکی بە مێردم؟'
یەکێک لە زەلامەکان بە گرژییەوە لێیڕوانی، بەڵام ئەوی دیکە بە گاڵتەپێکردنەوە چاوەکانی تێبڕین وەک ئەوەی بڵێ، جا چی بوو؟
تاریک و تەم، لەوێدا کەم کەم رێبوار هەبوون، هاتوچوونیش زۆر کەم. ئێمە خێرا هەنگاومان نا، بە وشیارییەوە تا لە قوژبنەکە دەرباز دەبین، لەوێ تیشکی مانگ هێڵەکانی جادەی لەیەک جیادەکردنەوە. یەکێ یان دوو ژنمان بینین، لەگەڵ مێردەکانیان یان براکانیان دەڕۆیشتن، ئەوان بەختەوەر و پارێزراو بوون. بەمجۆرە دە خولەک تێپەڕین، لەوانەیە زیاتریش، ئینجا گەیشتینە پیرەمێردێک، منداڵێکی لەگەڵدا بوو.
'سەلامون عەلەیکم، ئەرێ ئێوە باشن؟'
چاوەڕێی دایکم نەکرد تا وەڵام بداتەوە. خۆم تێهەڵقورتاند. 'ئێمە ون بووین.'
پیرەمێردەکە جوامێرانە سەری لەقاند، خەندەیەکیشی بۆکردم. 'ئێ ئازیزم، ئەدی ماڵەکەتان لە کوێیە؟'
دایکم بە چرپەیەکەوە گەڕەکەکەی پێگوت، بەڵام لەڕوی پەرۆشییەوە ئەوەندەی لێزیاد کرد، کە بڵێ پێویست ناکات بۆمان نیگەران بێ.

'باشـە، ئێـوە بەختـان هەیە. نەوەکەم و منـیش هەر بەهەمـان ڕێگـادا دەڕۆین.'
'نەخێـر، ئـێمە نـا،' کـوڕەکە قسـەکەی بـاپیرەی ڕەتکـردەوە، ئەو هەر تۆزێک لەمن گەورەتر بوو.
پیاوە پیـرەکە دەسـتێکی لەسـەر شـانی نەوەکەی دانـا. 'هەنـدێک جـاران کورترین ڕێگا ئەوەیە لەگەڵ برادەراندا ڕێ بکەی.' ئەوسـا ئـاوڕێکی لەو دوو زەلامانەی بەدوامانەوە بوون دایەوە، ئەوەندە لێیـان مـوڕ بـووەوە، چاویان تروکاند و لەپڕیش لێیان شێوا.
ئاوها دایکم، من، پیرەمێردەکە و کوڕەکە بەرەو ماڵ بووینەوە. مـن ئەو هەوا سوێرەی لە زەریاوە هەڵیکرد، هەڵممژت، ئەوەنـدە سوپاسگوزاری ئەو دوو لایدانە بووین، کە ڕەچاونەکراوانە یاوەریـان کـردین. کـاتێکیش گەیشـتینەوە سـەر شـەقامەکەمان، دایکـم پرسـیاری نـاوی کـوڕەکەی لە پیرەمێردەکە کرد.
'یونس،' ئەویش بە شانازییەوە وا وەڵامـی دایەوە. 'ئەو ئینشـاڵا مـانگی دادێ سونەت دەکرێ.'
'خۆ ئەگەر خوا کوڕێکی دیکەم بـداتێ،' دایکـم وایگـوت، 'ئەوا ئەوەم هەر لەبیر دەمێنێ و ناوی دەنێم یونس. بۆ ئەوەی ئەویش وەک تۆ بەرامـبەر کەسانی لایدە دلۆڤان بێ.'

❖

گەڕایـنەوە بـۆ ژێرزەمینـی ئەپارتمـانەکە، بـاوکم بە دەسـت بەتـاڵی لەبەردەم پەنجەرەکە دانیشتبوو، هەنیشکی دابـووە و جـگەرەی دەکێشـا. ئەو سـاتەی گـوێی لە کلیلـی دەرگـا بـوو هەڵسـایە سـەر پێیـان و قیـت بووەوە.
'ئەرێ ئێوە لەکوێ بوون؟'
'ئێمە دەبووایە بەپێ بڕۆیشـتباین،' دایکـم وای پێگـوت چاوێکیشـی لەمـن کرد، 'ئەسما چاکەتەکەت داکەنە و بڕۆ ژورەکەی خۆت.'
دایکــم منــی بەرەو دالانەکە پاڵنــا و دەرگاکەکەشــی ئەوەنــدە بە تونــد پێوەدا، لەگەڵ کاردانەوەکەدا ئیدی دەرگاکە هەندێک کرایەوە. 'من پارەی دۆڵموشەکەم نەبوو پێ بێمەوە.'
'مەبەستت چییە، کە دەڵێی پارەم نەبوو؟ ئاخر چەند پارەی دایێ؟'
'هیچ. من جارێکی بۆلای ئەو ناگەڕێمەوە کاری بۆ بکەم.'

'تۆ و جەهەننەم، ئەوە باسی چی دەکەی؟' باوکم دەنگی بەرزکردەوە، لەوە زیاتر نا. لێیپرسی 'من قەرزبارم، ئاخر خۆ تۆ ئەوە دەزانی.'
'ئاخر ئەوان پارەیان نەدامیٚ.'
بۆ ماوەی نزیکەی خولەکێک هیچ دەنگەدەنگێکم نەبیست. پاشان وەک ئەوەی لەنێو تاریکایی ئاودا سەربکەوی، باوکم هەناسەی راگرتبوو، بە دەنگێکی بەرزیشەوە گوتی، 'تۆ لەم ساتە درەنگەدا دێیتەوە ماڵ و پێتوایە بڕوا بەو درۆیانەت دەکەم. دەی پێمبڵیٚ پارەکە لەکوێیە، هەی قەحپە؟'
لەوێدا لەسەر قەنەفەکە ئامێرێکی پشتخوراندن هەبوو، زەرباو بوو، داردەستێکی رەق لە ئێسکی قۆچی بەران دروستکرابوو. لەچاوتروکانێکدا دەستی دایە و رایوەشاندە دایکم، دایکم لەبەر کاریگەری وشەکان ئاگای لەخۆ نەمابوو خۆی لابدا. شتەکە بەر لاچاوی دایکم کەوت، زرمەیەکی زۆری لێوەهات و هەندیٚ لاملی بڕی.
نەخێر، ئادەم تۆپراکی باوکم لە ژن یان لەمنداڵەکانی خۆی نەدەدا. ئەو شەویش و شەوانی ساڵەکانی دواتر، بە ئاسانی میزاجی ترش دەبوو، هەر قسەیەکی بهاتبایە سەر دەم نەیدەگێڕایەوە، دەیەویست شت بەدار و دیواردا دابدا، قینی لە دنیا دەبووە، کە بۆ ئەم شتەیان پاڵناوە، ئەمەش وایلێدەکرد لە تارمایی باوکە بەدکارەکەی بترسیٚ، کە پێیبڵیٚ تۆش لەدواییدا لەو جیاوازتر نی.

## پاکەتێک پاقلاوە

گوندێک نزیک فرات، ١٩٦١

ئادەم لەدایکبوو و پەروەردە بووی ئەستەمبول بوو، بۆ یەکەم جاریش لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا سەفەرێکی دەرەوەی ئەستەمبۆلی کردبوو. ئەوکات هەگبەیەکی پڕی لە جلی ژێرەوە و کۆلۆنیا و پاکەتێک پاقلاوەی پێبوو، بەسواری پاس ماوەی بیست و چوار سعات بەڕێوە بوو، دواتر بە وشکهەڵگەڕاوەیی و نابەڵەدی لە شارێکی باشوری رۆژهەڵات دابەزی، شتی زۆر کەمیشی دەربارەوە دەزانی. لەوێوە بەسواری پشتی لۆرییەک زیاتر بەرەو باشور بەرەو سنوری سوریا رۆیشت. ئیدی لەوێ سەردانی براکەی کرد، کە پێنج مانگ بوو لە خزمەتی سەربازیدا بوو.

رەنگی دەموچاوی خەلیل لەبەر خۆرەتاوی زستان ئەسمەر هەڵگەڕابوو، کێشەکەشی هەندێک دابەزی بوو، بەڵام گەورەترین گۆڕانکاری لەرەفتاریدا رویدابوو. چاوەکانی بریسکێکی بیرکردنەوەی تیدابوو، دیاریشبوو نائاساییانە کەمدو ببوو، هەروەک ئەوەی یەکبەرگی سەربازی خەسڵەتەکانی گۆڕیبێ. تەنانەت دەرپێ و جلی ژێرەوە کۆلۆنیاکەشی بە تێڕامانەوە وەرگرت لەوەی بە زەوقەوە بێ. ئادەم بە پەرۆشەوە لێیڕوانی، چونکە خۆشی لەماوەی ساڵێک یان لەو دەورەوبەرە دەبێتە سەرباز. ئاخر خزمەتی سەربازی بە زۆری بوو، هەر دەبوو بیکردبایە. ئەو لای خۆی وای بڕیاردابوو هەر زوو دوای تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی ببێتە سەرباز. ئاخر خۆ خوێندنی زانکۆ لەو نەدەوەشایەوە، هەرچۆنێکیش بێ ئەوێ شتێک نەبوو بۆ ئەو. دوای ئەوەی لە سەربازییش دەگەڕێتەوە ئیشێک بۆخۆی دەدۆزێتەوە، ژن دەهێنێ و شەش منداڵیشی پەیدا دەبن، سێ کوڕ و سێ کچ. بەکورتی ئەو وای لە بنی کدوی دەدا، خەیاڵی ئایندەی خۆی بەم جۆرە لێکدەدایەوە.

کاتێکیش سەردانە چەند سعاتییەکەی کۆتاهات، ئادەم برایەکەی لە مۆڵگە سەربازییەکە جێهێشت و بە سواری پشتی کەرێک گەڕایەوە نزیک گوندێکی ئەوێ. زەوی بەستبووی، هەمووی ببوە یەک پارچە ڕەنگی هەریسە، تا چاو حوکم بکا هەروا بوو. سروشت لێرەدا خۆگر و نەبەزیوە. لەکاتی تێڕامان لە سروشتەکەدا یادی کەوتەوە، کە بیری چووبوو پاکەتە پاقلاوەکە بداتە خەلیلی برای.
ئای قسمەت! وای لەبەر خۆدا بیری لێکردەوە. ڕەنگبێ بەر یەکێکی دیکە بکەوێ.
لەگەڵ گەیشتنە گوندەکەدا، ئادەم موختاری گوندی دۆزییەوە. ئەوەش ڕێکەوتێکی بەختەوەرانەبوو، کە باوکی ئەو کاتی خۆی لەگەڵ موختار لە ڕابردوودا سەروکاری سەوداکارانەیان لەگەڵ یەکدا هەبووە. هەرچەندە ئەو دوو پیاوانەش عەیامێکی درێژ بوو یەکدییان نەبینی بوو، بەڵام هێشتا دۆستایەتییەکەیان هەر مابوو. بۆیە بەر لەسەردانەکەی، ئادەم پۆستکاردێکی بۆ برادەری باوکی ناردبوو، لە چوونەکەشی ئاگاداركردبووەوە. بەڵام مایەی دردۆنگی بوو هیچ وەڵامی پێنەگەیشتبووەوە.
'پۆستکارد؟ کارتی چی؟' کاتێک ئادەم لەدەرگەی ماڵیان دا، موختارەکە وای هاوارکرد. 'من هیچم بەدەست نەگەیشتوە.'
موختارەکە پیاوێکی ڕەشئەسمەر بوو، ئەوەندەش درێژ بوو لەهەر دەرگایەک چووبایە ژوور دەبووایە خۆی بچەمێنێتەوە. سمێڵێکی ئەستوری بادراوی هەبوو. مێزی لەسەر دانیشتنەکەشی بە ماددەیەکی ڕۆنئاسا سواق دابوو.
'من... داوای لێبوردنت لێدەکەم... کەواتە باشترە بڕۆم.' ئادەم وای بە خانەخوێکە گوت.
'باشە پێتوایە بۆ کوێ دەچی؟'
'من... سەیرکە، من ــ'
'خۆ هێشتا وای لێنەهاتوە هیچ مێوانێک لەبن ئەو هەیوانەدا بەخێرنەهێندرابێ'، پیاوەکە ئاوای بەسەردا گرماند.
بەرەبەرە ئادەم تێگەیشت پیاوە کوردەکە توڕە دیار نییە. نەتوڕەیە و نە بەسەریشیدا دەقیژێنێ. ئاخر دەنگەکەی لە زگماک وا قەبە و گڕە،

تورکیەکەشی ئەوەندە قسەی پێنەکردوە بۆیە دەربڕینەکەی وادیارە تورەیە، کەچی واش نییە.
'باشە. زۆر سوپاس. بەراستی هەر بۆ شەوێکیش دەمێنمەوە.'
'شەوێک؟ تۆ نابێ ئاوا زوو بڕۆیتەوە! لەو دوو رۆژانەدا ئاهەنگی بوکگواستنەوەیەک هەیە. هەردەبێ لەگەڵماندا بی. ئەگەر نا خێزانی زاواکە لەکەدار دەبێ.'
ئاخر ئەوان چۆن لەکەدار دەبن، کە هێشتا ناشم ناسن، ئادەم دەیویست وای لێبپرسێ. بەڵام خۆ دابونەریت لەو بەشەی وڵاتە جیاوازە و زۆریش رونە. سەرباری ئەوەش هیچ هۆکارێکی وای نەبوو بە پەلەبێ بۆ گەرانەوە بۆ ئەستەمبۆل. خۆ لەوێ کەسی وای لێنەبوو تا عەوداڵی گەرانەوەی بێ.
بوکگواستنەوە، کە مایەی خۆشی و شادییە، لەمێژە بۆ ئادەم سەرچاوەی خەمبارییە، چونکە بۆنەکە ئایشەی دایکی بیردەهێنێتەوە. هەنوکە چیدی ناوەکەی لەماڵەکەی ئەوان ناهێندرێ؛ وێنەکانیشی سوتێنران، وەک ئەوەی هەر نەبووبن وایە. ئەو دەرزی و داوەی پێی پێدەکردن، ئەو دەستەسرانەی نەخشاندبوونی، ئەو خەناوکەیەی ملی دەرازاندەوە، بلوزەکانی، لەگەڵ گۆرەوی و شانە و قردێلەی سەری، هەر هەموو شتێکی لەلایەن باوکە (سەرخۆشەکە) ئاگری تێبەردرا.
ئاوها ئادەم داواکەی موختاری بۆ مانەوە لە گوندەکە پەژراند و خۆی بە کەرە و پەنیری تازە و هەنگوین بوژاندەوە. دوای نیوەرۆی رۆژی دواتر، موختارەکە دوای خواردنی ژەمێکی چەور سەرقاڵی سەرخەوشکاندنێک بوو، ژن و کچەکانیشی خەریکی قاپوقاچاخ شوشتن بوون، کورەکەشی سەرقاڵی تاوڵەکردن بوو. ئادەمیش سەر لە بەیانییەکەی برایەکەی بینیبوو. دووبارە لەیادی چووبوو پاکەتە پاقلاوەکەی بۆ بەجێبێڵێ. هەنوکەش هیچ حەزی لێنەبوو گەمەی تاوڵە لەگەڵ کورەکەی موختاردا بکا، هەرچۆنێک بێ بڕیاریدا پیاسەیەک بە ناو گونددا بکا.
ئیدی بەناو گونددا کەوتە گەران، خانوی وێرانەی بینی، دیوارەکان درزیان بردبوو، منداڵان بن نێنوکەکانیان هەمووی قرێژ بوو، شوێنەواری ئەو ترومێل و کاروانانەی بەوێدا تێدەپەرێن و هەرگیز بۆی نەدەگەرانەوە. هەمموو شتێک روتورەجاڵ و کەساسانەیە، بەڵام بەشێوەیەکی سەیریش دڵرفێنە. لەو گەران و سورانەیدا بەسەر چەند

سـەگێکی تـۆڕی پـیس و پۆخڵـدا کەوت، کە لەسـەر گـوفەکەدا دەسـوڕانەوە. یەکێکیـان کسـۆکێکی بـۆرەی کەتە بـوو، ئـاگری لەچـاو دەبـاری و کەڵبەکـانی گڕکردبـوونەوە. ئەوانـی دیکەش بەدوای کەوتـن، دەستیان بە مڕەمڕو حەپەحەپ کرد، گوێکانیشیان قوت بوونەوە. ئـادەم گەڕایەوە دواوە و هەڵات، هەرچەندە ئەوەشی دەزانی ئەم کـارەی وادەکـا زیـاتر راوی بنـێن، بە هەناسـەبڕکێ لەگـۆترەوە غـاری دەدا بـێ ئەوی هیچ ئاراستەیەکیش رەچاوبکـا، تـا بەسـەر مـاڵێکی وێرانەدا کەوت، کە مریشـکی لە بـاخچۆکەی پێشـەوەدا هەبـوون. لەوێـوە کەسـێک لەسـەر پاردەی باخچەکەدا دانیشتبوو، کەسـەکە نیـوە کـچ و نیـوە ژن بـوو، کە لێیڕامـا بە پەشـێویەکەی پێکەنـی. ئـادەم بە پەلە پـروزێ بـێ یـارمەتی لێوەرگرتن لە حەوشەوکە چووە ژور، بە متمانە بەخۆبوونەوە پەنای بۆ کیژۆڵەکە برد.

هەر چەنـد چـرکەیەک دواتـر، رەوە سەگەکەشـی بەدوادا هـاتنە نێـو حەوشەکە و پێشڕەویان دەکرد و مڕەمڕیشـیان بـوو. یەکێکیـان دژوارانە لێیهاتە پێش و خۆی خستە سەر پاشووکانی هەروەک ئەوەی پەلامـاری بـدا، ئیـدی کیـژەکەش دەسـتێکی لـێ راوەشـاند و دەنگـی دا، دەنگێـک تێکەڵەیەکی دەسەڵات و گاڵتە، وشەگەلێک ئـادەم لێیـان تێنەدەگەیشت. کـاریگەرییەکەش تەلیسـماوی بـوو. یەک لەدوای یەکـی سـەگەکان لە شوێنی خۆیان هەڵتروسکان، سەریان نەویکرد و کلکیشیان خستەوە نێـو قاچەکانیان.

ئادەم سەیری فریادڕەسـەکەی کـرد، ئەوەی پێنـاخۆش بـوو، کە لەلایەن کچـێکەوە قوتـارکرا، بەڵام لەنـاخەوەش ئاسـودەبوو. کیـژەکە چـاڵێکی لەسەر رومەتی لای چەپەی هەبوو، دوو چـاوی گەورە و بەل، بە ڕەنگـی بنی گۆمێکی بێ بن. لەنێو دەستیدا جۆرە شیرنەمەنییەک هەبـوو، ئیـدی هەر زوو گەڕایەوە سـەری، دەسـتی بە خـواردنی کـردەوە. ئـاخر ئەو هەرگیز کیژێکی وای نەبینیوە ئەوەندە بە تامەزرۆ شت بخوا.

'تۆ لە کسۆکەکان ترسای؟' کچەکە وای لێپرسی.

ئەویش هیچ وەڵامی نەدایەوە.

'خـۆ ئەگەر ئەوان بـزانن، ئەوا هەرگیـز ناترسـێنن. ئـاژەڵی زیـرەک! خوشکەکەم خۆشی دەوێن.' کچەکە هەندێ بـۆی هـاتە پێشـەوە و رازێکـی بۆ درکاند. 'من خۆشم ناوێن.'

کچەکە بە تورکی، بە ئەکسێنتێکی قوڕس دەدوا. *کچە نەزانێکی کورد*، ئەو لەبەر خۆیدا وای بیرلێکردەوە. *لەوانەیە سەری پڕ لە رشک و ئەسپێش بێ.* ئەو سەیری پرچە کەزیدارە رێکوپێکەکەی کرد، رەنگی قاوەییەکی سورباو بریسکەی زێڕو عەنبەری دەدا. ئەوەندە حەزی لێبوو دەست لەقژەکەی بدا، دەستی بەرزکردوە بەڵام لەنیوەی رێگادا گێڕایەوە.

'ئەرێ چۆن تۆ تورکی دەزانی، لەکاتێکدا زۆرینەی گوندنشینان نایزانن؟' ئادەم وای پرسی.

'من چوومەتە قوتابخانە. هەموو خوشکەکانم چوون. باوکمان سوربوو هەردەبێ بڕۆین.'

چاوەکانی ئادەم ماڵەکەی پشکنی، ئەو کراس و تەنورە و جلانەی لەسەر رستە بۆ وشکردنەوە داندرابوون گەڕا. 'بۆ، چەند خوشکت هەن؟'

'من هەشتەمین کیژی ماڵەوەم.'

'واو، هیچ کوڕێکیشی لێ نییە؟'

کچەکە سەری لەقاند. بابەتەکەشی گۆڕی. 'ئەرێ، دەتەوێ هەندێکی لێبخۆی؟ بە خۆم دروستم کردووە.'

ئەویش پارچە شیرنەمەنییێکی هەڵگرت، خستیە نێو ددانەکانی. رەچاوی نەدەکرد نوقڵەکە ئەوەندە خۆش و بەتام بێ. سەگەکانیش بەکلکە لەقێ چاودێربوون. لەبن ئەو چاوە چاودێرییانەدا هەردووکیان بەبێ دەنگی کەوتبوونە سەر نوقڵ خواردن، نەشیان دەزانی ئاخۆ گفتوگۆگەیان بۆ کوێ سەردەکێشێ.

'من لە ئەستەمبول دەژیم.' ئادەم کاتێک دەنگی خۆی دۆزییەوە، وای پێگوت.

'بەڕاستی؟ هەموو کەسێک دەڵێ ئەوێ زۆر خۆش و جوانە.'

''راستە،' ئادەمیش بەهەندێک شانازییەوە وەڵامی دایەوە. وایدانا سەرەتای ئەوەیەتی مەیلی بۆ کچەکە بچێ. تروسکاییێک لە رەفتاری کچەکەدا هەبوو، کە بۆخۆی رابکێشێ، ئەوەش یارمەتیدا تا رەوانتر قسەی لەگەڵدا بکا.

'دەکرێ شتێکت لێ بپرسم؟' لەپڕێکەوە کچەکە وایگوت و لەوێش هەڵسا بێ ئەوەی چاوەڕیی وەڵامەکەشی لێبکا. 'ئەرێ راستە بەردی شۆستەی ئەستەمبۆل لە ئاڵتونە؟'

تۆبلێی ئەوە چ جۆرە کیژێک بێ، ئادەم لەبەر خۆیەوە سەرسام بوو. ئەوەندە ئازابێ بەرەنگاری رەوە سەگێکی درِ ببێتەوە، بەلام ئەوەندە ساویلکەش بێ بڕوای بەو شتە قۆڕ و پوچانە هەبێ. هیشتاش ئەو لەژێر باندۆری جادوی دلڕفێنی کچەکەدا بوو، بۆیە گوێی لەخۆی بوو گوتی، 'بەلێ، ئەوان وان. خۆ ئەگەر مێرد بە یەکێکی وەک من بکەی، ئەوا دەکرێ بێیتە ئەستەمبۆل و بەچاوی خۆت ببینی.'

کچەکەش سورهەلگەڕا. 'بۆچی من شو بەتۆ بکەم؟'

'چونکە دەتوانم بۆ دور لەگەڵ خۆمدا بتبەم.'

'ئاخر من نامەوێ دور برۆم. لێرە زیاد لەوەی دەمەوێ، هەیە.'

ئەو هێشتا ئەوەی لێکدەدایەوە ئاخۆ چۆن وەلامی بداتەوە، کاتێک سەگەکان گوێیان لە دەنگێکی مێینە بوو لە مالەکە دەهاتەدەر. ئیدی کچەکە بازی دایە سەرپێیان روی کردە پیاوەکە، سێرەی چاوەکانی بە چڕی لەناو چاوی ئادەم کرد. ئەوسا وەرسوڕایەوە لای سەگەکان و پەنجەی لێ راوەشاندن و بەسەیاندا هاواراکرد، 'واز لەو بێنن.'

کاتێکیش کیژەکە لەبەر چاوان ونبوو، ئادەم هەلسایە سەرپێیان و لە باخچەی مالەکە چووەدەر. سەگەگورگی رەوەکە بەچڕی سەیری پیاوەکەی کرد، هەر کاتێک لەوان تێپەڕی، سەگەکە مڕاندی ئیدی ئەویش ئەو پارچە شیرینییەی پێی مابوو لەدەستی بەربووەوە. بەترسەوە سەیری بەرپێی خۆی کرد، بینی شەکرەکە تێکەلی خاکو خۆلەکە بوو.

خۆ ئەستەمبۆل شۆستەی ئالتونی لێنەبوو. ئاخر ئەم شتە لەهیچ شوێنێکی دنیادا نییە. خەونێک نییە تا بەدوایدا بچی. ئەم شتانە تەنها لە هەقایەتە ئەفسانەییەکاندا هەن. جیهانی راستەقینە بە خەلکە راستەقینەکەی لە تێکەلەیەکی شەکر و خۆل دەچێ، ئیدی کەم یان زۆر هەر هەمان تامیان هەیە. تۆبلێی کچەکە ئەمە نەزانێ؟

❖

رۆژی دواتر ئادەم لە بوکگواستنەوەکە ئامادە بوو، ئەوەش وەک ئەوە وابوو، ئەوشتەی ئەوێی هەرگیز پێشتر نەبینیبوو. حەوشەکە جمەی دەهات لە پیاوان، لە هەموو تەمەنێکیان تێدابوو، بەشێوەی بازنەیەک دانیشتبوون، دەهۆلژەنەکەش دەهۆلەکەی خۆی دەکوتا لەکاتێک زورناژەنەکەش فوی تێکردبوو، مندالەکانیش بێباکانە بە دەوریاندا

غاریان دەدا و ژنەکانیش لەسەر بان و سواندەکاندا بەنیوە سەرپۆشی و دەستی بە خەنەوە وەستابوون. ئادەم سەرنجی ئەوەی دا پیاوە بێ ژنەکان وریابوون لەوەی تەماشای بانەوە نەکەن، ئەویش هەر هەمان شتی کرد و چاوەکانی نزم راگرت.

لەلایەکی دیکەی دەروازەکە، باوکی زاوا لەگەڵ باوکی بوکدا لەپاڵ یەک دانیشتبوون، بێئەوەی یەک قسەش لەگەڵ یەکدا بکەن. بەگوێرەی پلە و پایەی خزمایەتی ریزبەندی دانیشتیەکەیان لە هەردوولا تەنیشتەنەکە دانیشتبوون. بوک و زاواش لە ناوەڕاستدا بوون، هەموو کەسێک دەیتوانی سەرنجی لێدانی دڵیان بدا. زاواکە تازە تراشی کردبوو، زۆریش مسکە دەبووەوە. ئەستەمیش بوو هەستی بوک بزاندرێ، چونکە روی بە تارایەکی سورباوی بریسکەدار شاردرابووەوە. ناوە ناوە ژنێک بەسەری پەنجان دەهاتە لای بوک و شتێکی بۆ دەهێنا بیخواتەوە. بە هەردووکیان و بەهێواشی تاراکەیان بەرز دەکردەوە تا بتوانێ خورادنەوەکە بخواتەوە بێ ئەوەی دڵۆپێکیشی لێ بڕژێتە سەر جلەکانی، هەروەها بێ ئەوەی بشدیترێ. ئادەم وایدانابوو لە سوچێک بە هێمنی بۆخۆی دابنێشی، بەڵام موختارەکە ئەوی بەدی کرد و ئاماژەی بە جێگایەکی بەتاڵی تەنیشتی خۆی بۆ کرد. 'کوڕی شار دەبێ بێتە لای من دابنیشێ.'

ئەویش هەروای کرد. ئەو لەوێ بە شەوق و زەوق لێیدانیشت و چێژی لە ئاهەنگەکە دەبینی تا ئەوکاتەی پیاوەکەی تەنیشتی دەستی دایە تفەنگەکە و چەند گوللەیەکی لەهەوادا خاڵی کردەوە. دەمودەست هەندێکی دیکەش لاساییان کردەوە و بووە تەقەکردن. دەنگی تەقەکە گوێی کەڕوکاس دەکرد. یەکێک لە گوللەکان بەر گوێسەبانەی ماڵیکی دراوسێ کەوت و کونێکی تێکرد، تۆزی لێ هەڵساند. هەستێکی پڕ لە مەترسی، نەوەک گوللەیەکی بەربکەوێ، ئادەم بە پەشۆکاوی و تۆقینەوە ئاوڕێکی لە دەوروبەری خۆی دایەوە، ئیدی لەو گێژاوە پاشاگەردانیەدا نیگای کەوتە سەر کیژەکە، کە لەسەر بانێکی تەخت راوەستابوو، ئەویش بە حەوسەڵە و ئارامیەوە سەیری ئادەمی دەکرد وەک ئەوەی لەوە تێبگا، کە تاکە شتێکە لەدنیا لەجڵەوکردن دەربچێ.

هەر کاتێکیش تەقەی تفەنگەکان وەستا، بە بیانوی ئاودەست ئادەم خۆی خشاند، لە ریگایەک دەگەڕا، خۆی بگەیەنێتە لای کیژەکە و قسەی

لەگەڵدا بکا. زۆری نەبرد  لە دەرگای سەرەکی چووەدەر و ئیدی کچەکەی بەدیکرد، کە لەلای کانییەکە وەستابوو، خەریکی ئەوەبوو بادیێکی ماستاو بخواتەوە. ئاخر تۆبڵێی کەی ئەو لەسەر بان هاتبێتە خوارەوە؟
ئادەم بە کچەکەی گوت، 'ئای چەند خۆشە، کە جارێکی دیکە دەتبینمەوە.'
کچەکە نیگایەکی سارد و سڕی تێبڕی.  'ئەرێ ئەوە تۆ باسی چیم بۆدەکەی؟'
ئەوە بەخەیاڵی ئادەمدا هات، کچەکە خۆی لێ نەبان کردوە، ئەمەش لەبەر خاکەڕایی و پێگەی خۆی، قسەشی لەسەر نییە شتی ئاوا بۆ کچان لەم شوێنەدا خوازراوە. ئەویش بڕیاری دا لەگەڵ گەمەکەدا بڕوا. 'بمبەخشە، خۆ نەدەبووایە خۆم تێ هەڵبوقورتاندایە. هەڵبەتە نام ناسییەوە. ناوم ئادەمە. دەکرێ ناوی تۆش بزانم؟'
'ئاخر بۆچی ناوی خۆمت پێبڵێم؟' بە سڵەمینێکەوە وەڵامی دایەوە، لێوەکانی لەسەر یەک چەقین، قۆرتێک لەسەر لا رومەتی راستی بەدەرکەوت.
ئاخر ئەمڕۆ چاوەکانی جیاوازتر بوون لە دوێنێ، خۆ هەرهەمان چاو بوون بەڵام هەندێک گۆڕابوون، بریسکەی فیزێکی لێوە دەهات، یان توبڵێی لەبەرچاوی ئەو وایان لێهاتبێ. بۆ  خولەکێک وای بەبیرداهات، کە کچەکە پێی رادەبوێرێ. ئیدی پۆزشتی هێنایەوە و بەڕێی خۆیدا گەڕایەوە.
کاتێکیش گەڕایەوە، لەناو داروپرچەکان میزێکی کرد و هەندێ هێور بووە، کە ئاوڕیشی دایەوە بینی کچەکە لای کانیەکە نەماوە. بوکەکەش بۆ ماڵە نوێیکە گوێزرایەوە، بەسواری ئەسپێکی رەنگ سپی، مێردمندالێک سەری رێشمەی رادەکێشا، ئەوەش بۆئەوەی بەڵکو لەداهاتودا ئەویش کوڕێکی ببێ. یاڵی ئەسپەکە بە شریتی سورباو و بەردە شین رازێندرابوە تا لەچاوی بەدکار بەدوربێ و کلکەکەشی وەک کەزی هۆنرابووەوە. لەکاتێکدا  کۆمەڵێ منداڵ و هەندێ ژن بە مەتارێزە و چەپڵەرێزانەوە بەدوای ئەسپەکەدا کەوتبوون، میوانە نێرەکانیش خەریکی دانیشتن بوون تا نانی شێوانیان بخۆن. مەجمەی فافۆنی گەورە گەورە بە دەستی گەنجەکانەوە بوو بۆ سەر سفرەیان دەهێنان. کاتێک ئادەم  هەنگاوی بۆدواوە هەڵێنا،  بۆنی نانی تیری و گۆشتی بۆ هات.

کە گەیشتەوە دەرگای سەرەکی حەوشەکەش دیسـان کیـژەکەی بینیـیەوە. بینی پەلەیەتی و ساوایەکی چاوبەگریانی پێیە.
'ئەرێ بۆچی تۆ لێم تورەی؟' رێگای بەکچەکە گرت و واشی پێگوت.
'چی؟ ئاخر بۆچی لێت تورە بم؟' ئەویـش بە قاقـای پێکەنیـنەوە وەڵامـی دایەوە. تەنانەت ساواکەی بەر ئامێزیشی پێدەچوو بێداربێتەوە، ئیـدی لەپڕ ژێربووەوە.
'ئاخر ئەدی بۆچی ناوەکەی خۆتت پێنەگوتم؟'
دەسـتێکی لە تیسـکە پرچێکـی کـراوەی دا، ئەوسـا خەنـدەیەک گرتـی، 'چونکە تۆ لەمنت نەپرسیوە؟ بەڵام هەنوکە، کە دەپرسی، من جەمیلەم.'
ئەویش بە سوپاسەوە سەری بۆ لەقاند.
'ئەدی ناوەکەی تۆ چییە؟'
'ئەدی پێش خولەکێک پێم نەگوتی،' ئـادەم لە قـورگەوە بە چـرپەیەکەوە وای پێگوت.
وەک شتێکی خۆشبەخش پەڕیبێتە سەر سیمای کـچەکە. 'لەوانەیە تـۆ بە پەمبێت گوتبێ، خوشکە جمکەکەم. ئاخر ئەوت لە کوێ بینی؟'
وەک ئەوەی پرسـیارەکە بـۆلای خـۆی کێشـکردبێ، دیسـان تەقەکـردن دەستیپێکردەوە. ساواکەی باوەشی گریایەوە، دەبووایە جەمیلەش پەلە بکات و بچێتە ناو حەوشەکە. ئادەم هەر لەوێ وەستا بوو، هەستی کـرد سەری گێژ دەخوا، بەڵام پێشی خۆش بـوو. جمکەیەک! بەڵـی، خـۆ ئەوە هەموو شتێک رون دەکـاتەوە. رەفتـارێکی رەق، نیگـایەکی رەق. ئەوەش جەمیلە نەبوو، جەمیلەی ئەو نەبوو.
لە شەودا ئادەم لای پەنجەرەکە وەستا بوو سەیری هەیڤی دەکرد لەسـەر بـان هەڵاتبـوو، تیشـکی زیـوینی بەسـەر ئـاواییەکەدا پەخـش دەکـرد. چراکانی ماڵەکان وەک تروسکایی جگەرە وابـوون لەنێـو تاریکییـدا. ئەو غەریبی ئەستەمبۆلی کـرد و شـادمانیش بـوو لەوێ دەژی. هێشـتاش تـۆ بڵێی ئەو بەبێ جەمیلە چۆن هەڵبکا؟
ئەو رۆیشت موختارەکە ببینێ، موختارەکەش بە جلی شـەوەوە قەلنێکـی بەدەستەوە بوو، دەیکێشا. لەتەنیشتیشـی چرایەکـی نەوتـی دانـدرابوو، تارمایی دەخستە سەر دیوارەکان، لەبن چاوەکانیدا چاڵێکی دەردەخست.
'مــن دەمەوێ ئەو پــاکەتە پــاقلاوەیەت پێشــکەش بــکەم و سوپاســی مێواندارییەکەشت بکەم و ـ'

'ئـاخ، مـن نـاتوانم بیخـۆم. ئـای چەنـدم حەز لێبـوو،' موختـارەکە بە نیگەرانییەوە گوتی.
'شەکرە.'
ئادەم سەیرێکی پاکەتەکەی دەستی کرد. لەوانەیە ئەمە بۆ کەسێکی دیکە داندرابێ. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. نەخشـەکەی وابـوو ناڕاسـتەوخۆ بۆ پرسەکەی بچێ، بەڵام بینی ڕێگایەکی وای لەبەردەمدا نەماوە. 'ئەمڕۆ لە ئاهەنگەکەدا کیژێکم بینی.'
'کیژێک؟'
لەســەرخۆ ئــادەم ســەیری دەموچــاوی پیــاوەکەی کــرد، چــۆن بــرۆی بەرزکردنەوە، بۆچوونی پیـاوەکەی بەرجەستەکرد، *ئای خوایە! کوڕەکە پێیوایە کەوتۆتە داوی خۆشەویستییەوە.*
'دەی باسی کیژەکەم بـۆ بـکە،' موختـارەکە لەسـەری مکـوڕ بـوو. "ئەرێ ناوی چی بوو؟'
'جەمـیلە،' ئـادەم وا وەڵامـی دایەوە، هەستیشـی کـرد دەموچـاوی گەرم داهات.
'جەمیلە... من هیچ جەمیلەیەک ناناسم.'
'پرچێکی درێژی قاوەیی. چاو گەورەی کەسک.'
چەنـد قـومێکی لە قەڵـنەکە دان، ئیـدی موختـارەکە سـەرێکی هەژانـد.
'نەخێر، هیچ کچێک بەو ناوە لێرە نییە.'
'ئاخر ئەو بە تورکیش قسەی کرد.'
'ئـۆو... پێمـوایە لە مەبەسـتەکەت گەیشـتم. کچەکـانی بـرزۆ. ئەوان هەموویان چوونەتە قوتابخانە. ئایا تۆ ئاماژە بە بەسێ جوان دەکەی؟'
'بەسێ جوان؟'
'بەڵێ، ئەو جمکەی جوت ناون. پەمبێ قەدەر و بەسێ جـوان،' پیـاوەکە وایپێگوت و هیچ ڕونکردنەوەیەکی دیکەشی بۆ نەدا. 'سەیرکە، تۆ هێشتا گەنجـی، ئەو شـتانە بزانـی، بەڵام خۆشەویسـتی پیـاو ڕەنگـدانەوەی کەسایەتییەکەیەتی.'
ئادەم گوێی گرت، نەشیزانی ئاخۆ ئەوەی دەیڵێ چییە.
'ئەگەر پیــاو شــەڕانگێز بــێ، خۆشەویسـتیەکەی ئەوەیە تەواوعەیــار بجەنگـێ. خـۆ ئەگەر هـێمن و دلۆڤـانیش بـێ، ئەوا خۆشەویسـتیەکەی هەتــوانە. خــۆ ئەگەر بەردەوامــیش بەزەیــی بەخۆیــدا بێــتەوە، ئەوا

خۆشەویستەکەی وەکو تۆزوغوبار لێهەڵدەوەرێ. ئەگەر لاوەکەش بە کەیف و زەوق بوو، خۆشەویستەکەی پڕدەبێ لە خۆشی و کامەرانی. بەر لەوەی دڵت بدەیتە ژنێک، وا پێویست دەکا لەخۆت بپرسی، ئاخۆ دەتوانی چ جۆرە خۆشیەویستییەک بە ژنەکەت ببەخشی؟'

'بەڵێ باشە، من پیاوێکی باشم.' ئادەم وایگوت.

'تاکە پیاوێکی باش بناسم، پێغەمبەرە، درودی خوای لەسەر بێ،' موختارەکە وای پێگوت، 'هەرچۆنێک بێ، برزۆ زۆر کیژی هەن. نەریتیش وا دەخوازی یەکەمجار گەورەکەیان شو بکا. جەمیلەش بچوکترینییانە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ ئەمەش زۆر باش بێتەوە. خێزانەکە بەدەست نەدارییەوە ناڵاندویەتی. نازێی دایک، بەستەزمان بە ژانی منداڵبوون مرد. حەزی دەکرد کوڕێکی ببێ. برزۆ دووبارە ژنی هێنایەوە. بەڵام ژنە نوێکەی هێشتاش هیچ منداڵی لێ نەبوون. ئینجا کچە گەورەکەیان، هەدیە...'

'چی رویدا؟'

'کوڕم، پیاوەکە نەفرەتییە. ئەو لەوانەیە بیەوێ بە زویی کچەکانی بەشو بدا. دەکرێ جەمیلە لەسەر نۆرەی خۆی رانەوەستێ.'

ئادەم خەندەیەکی هاتێ. هەرچۆنێک بێ، خۆ دوای ئەو هەموو شتەش سوکە هیوایەک هەر هەیە.

'بەڵام ئەوەت لەبیر نەچی، ئەوان هەژارن،' موختارەکە وای چرپاند. 'ناکرێ بابت و براکانت بە بوکێکی کوردی گوندنشین قایل بن. لەسەرێکی دیکەشەوە... خۆ ناوورومەتی ماڵباتەکەشت لەدوای ئەوەی دایکت رەدوی پیاوێکی دیکە کەوت، ئەوەندە باش نییە. بەڵکو بۆ تۆ واباشتر بێ لێرە، لەسەر رێگا یەکێک هەڵبژێری.'

لە پڕێکەوە روخساری ئادەم رەشهەڵگەڕا. ئەو نەیدەزانی پیاوەکە ئاگای لە شەرمەزاری خێزانەکەیان هەیە. قسە وەک هۆزە رەوەندەکان وان ناونیشانێکی جێگیرییان نییە. ئەوان بە بەرفروانی بە سەر زەویدا دێن و دەڕۆن.

## خۆشەویستی وەک ئەستێرەی کلکدارە

شوێنێک نزیک روباری فرات، دیسێمبەری ١٩٧٧

لە خامۆشییەکەی شەودا، جەمیلە لەبەردەم ئاگرداندا وەنەوزی دەدا، لەسەر تەنیشتیکەوە خۆی وەردەگێڕایە سەر تەنیشتەکەی دیکە. دەستی چەپەی بەسەر لای کورسییەکە شۆڕببووەوە و بەدەستی راستیشی نامەیەکی توند گرتبوو. ئەو لە میانەی پێنجەمین جار خوێندنەوەی نامەکەدا خەوی لەبەر لێکەوتبوو.
خەوەکەی نائاسودە بوو، خەونەکەی پڕ لە دێوەزمە بوون. ئێسقانی سەر کوڵمی هەر رەنگێکیان دەهێناو دەبرد، تیشکە هێڵێکی ئارەقە بەسەر دەموچاوی هەڵگەڕا. لە خەونەکەیدا نامۆ ئاسا خۆی لەشارێک دۆزیەوە هەم بەڵەد و هەم شوێنێکیش بوو لە هیچ جێیەکی دنیا نەدەچوو. روبارێک بەناو جەرگەی شارەکەدا دەڕۆیشت، روبارێکی پانوپۆڕ و هاروهاج، بەلەم بە هەموو جۆر و قەوارەیەک لە سەر لەنگەرگاکانیان بەرز و نزم دەبوونەوە. جەمیلە لەسەر کەناری ئاوەکەدا خۆی بە تاک و تەنیا بینیەوە، بەدزییەوە نیگای بڕیبووە سەر بەلەمێکی ماسیگر. لەنێو کابینەی بەلەمەکەشدا خەڵکانێک هەبوون قسە و دەربڕینەکانیان تورە و مڕومۆن بوو، جەستەکانیان پاڵیان بەیەک دادابووە، هەروەک ئەوەی مۆمیا کرابن. ئەوان هەژدەر هەژدەر لەبارەی ئەوەوە دەدوان.
نیوە هەنسک و نیوە ئاخێک لە لێوەکانی جەمیلە دەرچوو. پیاوێک لە نێو کۆمەڵەکەدا، کە لە ئادەم دەچوو، تێبینی کرد و سەرنجی خەڵکەکەشی بۆ وەرگێڕا. بەڕق و دەهریبوونێکەوە و بەبێ هۆش هەر هەموویان یەکە یەکە لە بەلەمەکە هاتنە دەر و سەریان لە دوو جەمیلە نا. ئەویش تا بڕستی تیدا بوو، هەڵات، بە ڕێگا و کۆڵانی پێچاوپێچدا غاری دەدا، تا دەهاتیش شەکەت و ماندی دەبوو، قاچەکانی قوڕس داهاتن، هەروەک بلۆکە چیمەنتۆیەکیان لێهات. ئەو کەمێک دەبێ بێدار بۆتەوە ئەوەش لەکاتێکدا بوو راونەرانی تا کۆڵانە تەنگەبەرە

بۆمبەستەکە بەدوایدا کەوتبوون، ئەو دەیەویست تا هێزوتینی لەبەردا ماوە خۆی لەنێو خەونەکەدا فڕێبداتە دەرەوە. بەڵام خۆ تا ئەوساتەش هیشتا هەر لەشارە مۆتەکەدا مابووەوە.

هەوای ناو کۆلێتەکەی بۆگەن و رزی بوو. دوا کۆلکەدارەکەی نێو زۆپاکەی داگیرسابوو، ببووە گڕو مەشخەڵ، هەروەک تۆزی گەسکە تەلیسماوییەکە، رێژنە پڕوشکێکی زیوینی لێپەخش بوو. لەدەرەوەی دۆڵەکەدا مەلەکان دەیانخوێند. لەوێدا هەست بە ترپەی پێ دەکرا، بەڵام دور و ناڕۆشن بوون، نەهاتنە بەر گوێی جەمیلە. ئەو هێشتا لەبەر گیانە خۆشەویستیەکەی هەر هەڵدەهات، تازە گەیشتبوو، لە شەقامە بنبەستەکە سوڕابووەوە.

هەنوکە سیما و روخساری جەمیلە لە ژنێکی تەمەن ٣٢ ساڵان پیرتر دیاربوو. چەند کوریشکێک کەوتبونە لاملی، چەند هێڵیکی ئەبجەدی نەخوێندراوە هەر وەک لەسەر قەدی دارێک بنوسرێ وابوون. راستیەکەش ئەوەبوو، جەمیلە دەمێک ساڵە هەستی ئەوەی نەماوە کە گەنجە.

بە جوڵەیەکی لەپڕەوە جەستەی جەمیلە لەسەر کورسیەکە هەندێ بۆ پشتەوە چەمایەوە، لەخەوەکەی بێدار بووەوە، لێواری کورسیەکە لەسەر لارومەتێکی هەڵکۆڵرابوو. ئازارێکی ئەوەندە ناخۆشی لە قوڵی چەپیدا هەبوو نەیدەوێرا لەشوێنی خۆشیدا بیجوڵێنێتەوە. ئیدی بەهیواشی لایە گۆدبووەکەی بە دەستێک شێلا، دایماڵی؛ لەکاتێکدا هێشتا بە دەستەکەی دیکەی نامەکەی گرتبوو. بۆ ساتێک بە چاوێکی خاڵییەوە نیگایەکی لە کاغەزەکە بڕی، هەروەک ئەوەی لە یادی کردبێ، شتەکە چییە. بەڵام بە پێچەوانەی گەمییەکانی نێو خەونەکەی، خۆ نامەکە راستی بوو، هەروەک چۆن چیاکانی دوروبەری راستی بوون، بەڵام بە چەندان ئەگەر بارگران بوون. دیسان جەمیلە نامەکەی خوێندەوە.

***خوشکی خۆم،***

***لەوکاتەوە هاتومەتە ئەو دورگەیە، لەو شوێنەی دەریام بینی، زۆر جاران خۆزگەی ئەوەم خواستووە تۆم لەگەڵدا بووایە. بەڵام هەرگیز ئەو هەستەم وەك ئەمجارە نەبووە. خۆ ئەگەر تۆ لێرە بووای، ئەوا سەرم دەخستە سەر کۆشت، پێشم دەگوتی، من نوشستیم هێنا. تۆبڵێی تۆ توند بمگری؟***

*ئادەم مێردی من نەماوە. ئەو هیچی دیکە نایەتەوە ماڵ. ئەو داڵدەی خۆی لای ژنێکی دیکە دۆزیوەتەوە. منداڵەکانیش ئەوە نازانن. من هەموو شتێکم لەنێو هەناوی خۆم شاردۆتەوە. هەروەك هەمیشە. دڵم پڕە لەوشەی نەگوتراو، فرمێسکی نەڕژاو. ئاخر، خۆمن لۆمەی ئەویش ناکەم. خۆم سەرکۆنەی خۆم دەکەم. ئەوە هەڵەیەکی کوشندەی ژیانی من بوو، لە بری تۆدا بوومە بووکی ئەو. خۆ ئەوەش راستە، ئەو هەرگیز بەو شێوەیەی تۆی خۆش ویست، منی خۆش نەویستووە. ئەو پیاوێکە زۆر پەشیمانە، بەڵام هیچ ئازایەتی تێدا نییە. من بۆ ئەویش نیگەرانم.*

*ئای چەند بریای ئەوە دەخوازم خۆم و خۆت جارێکی دیکە ببینەوە منداڵ. پول و دراو لە فوارەی مرازان بدزین. ئای ئەگەر ئەوەی ئێستا دەمانزانی ئەوکات بمزانیبایە.*

*ئەرێ ئەوەم پێگوتی، کە جارێك ئادەم چی پێگوتم؟ 'مەزم دەکرد رەشکەرەوەیەکی جادوییم هەبووایە،' ئەو وایگوت. 'ئاخر ئەوەندە شت هەن، دەمویست بگۆڕابان.' هەرچەندە ئەو بەدەمی خۆی ددانی پێدا نەنا، بەڵام دەزانم ئەو هەمیشە مەبەستەکەی ئێمە بوو. خۆ نەدەبووایە هەرگیز مێردی پێبکەم. ئاخر خۆ ئەوەش لەدەستی مندا نەبوو، بەڵام هەوڵیشم نەدا رێگری لێبکەم. بەڕاستی وام نەکرد. منیش دەمویست لە ئاواییەکە دەرباز بم. ئاخر ئەو بلیتی دەرچوونی من بوو بۆ وڵاتەکانی دیکە. جەمیلە هەردەبێ تۆ زۆرم لێ پەست بووبی، ئەرێ وایە؟ گەر من تۆ بام ، وادەبووم.*

*ئایا هەرگیز بیرت لە هەدیەی خوشکمان کردۆتەوە؟ رۆژەکەی دیکە بە خێری گیانی ئەو حەلوام دروستکردبوو. حەلواکەم بەسەر دەرودراوسێکان دابەش کرد. بەڵام بۆ ئەوان خێرەکە هەندێك سەرسوڕهێنەر بوو، چونکە بەم نەریتە بەڵەد نین. ئای چەند شەرمەزارییە وەك پێویست شین و ماتەممان بۆ دانەنا. ئەرێ تۆش هەمان هەستت هەیە؟*

*نیوە خۆشەویستەکەت، پەمبێ.*

جەمیلە هەڵسایە سەرپێیان، ناولەپی دەستی خۆی هەڵگوشی لە پەنجەرەکە نزیک کەوتەوە لە تاریکایی شەوی روانی. وایزانی گوێی لەدەنگێک بوو، بەڵام دوای گوێقوڵاخکردنێکی وریایانەتر، لەم هەستەی خۆی دوودڵ بوو. گەڕایەوە شوێنەکەی، ددەستی دایە قۆریەکەی خەریکی لە دێمنانی چا بوو.

❖

'ئای ئەمشەو ئاسمان چەند پڕ ئەستێرەیە،' ئەوە ئادەم بوو وایگوتبوو. ئەوەش شەوێک چرقەی سەرماو سایەقەیەکی ساڵی ١٩٦١ بوو.
بە لێنزیک بوونەوە، لە دەموچاوی نزبووەوە، ئادەم پێیگوت، کە هەندێ عاشق لە ئەستێرە گەشاوەکان دەچن. چاویان لە مرۆڤەکان دادەگرن، دڵیشیان پڕ ئومێد و جۆشوخرۆش دەکەن، تەنانەت لە رۆژگارە بەدەکانیشدا. هەندێک عاشقی دیکەش لە هێڵی کاکێشان دەچن، شوێنەواری تارمایی گیانی باب و باپیرانیان بەدواوەیە.
'ئەدی خۆشەویستییەکەی ئێمە چییە؟' جەمیلە وا لێپرسی. 'ئایا ئەویش هەر ئەستێرەیەکە؟'
ئادەم چاوەکانی هەندێ کوتان، وەک ئەوەی بە دوای وشەیەکدا بگەڕێ لە ئامێزی بگرێ. ئەو لەو کەینوبەینەی بیرکردنەوەیەدا بوو پێی بڵێ خۆشم دەوێی، کەچی جەمیلە راستەوراست خۆی پێیگوت. کچەکە سوکەڵەتر و ئازاتر بوو لەو. بۆ ئەو هەموو شتێک خێرا رویدا، وای لێکرد سەرەداوەکانی لێکبداوەتەوە، پێیەوە حەیران بێ. ئاخر خۆ کاتی ئەوەی نەمابوو چاوەڕێی کاتێک بکا تا دەستی پێوەبگرێ و بیقوزێتەوە. کاتی ئەوەی نەبوو دەست لەناو دەستدا پیاسەیەک بکەن و بەیەکەوە قسە بکەن، کاتی ئەوەش نەبوو تامی ماچ وموچی راگوزەرانەش بکەن، تەنانەت کاتی ئەوەش نەبوو یەکتریش بناسن.
روخساری خەندەیەکی خۆشهێنەرانەی داگرت و گوتی، 'خۆشەویستی ئێمە ئەستێرەیەکە بە جوتێ کلکی قەبەوە. ئایا دەزانی ئەوە چییە؟'
جەمیلە سەری هەژاند.
'ئەوە پێی دەڵێن ئەستێرەی کلکدار.'
'ئەستێرەی کلکدار...' هێشتاش هەر وشەکەی دەگوتەوە، ئیدی جەمیلە رابوویە سەر پێیان، دەستی دایە داسەکەی سەر دیوار و تیسکێکی درێژی لەپرچی بڕی و دایە دەستی.
'بۆ من؟' ئادەم سەرسامانە لێیپرسی.
'ئەوە منت بیردەخاتەوە. هەمیشە لەگەڵ خۆتی هەڵگرە.'
لە روخساریدا سۆز و نیگەرانی دیاربوو، شتێکی دیکەش، کە لەکەسی دیکەوە دیارنەبوو، ئەویش متمانە بوو.

'خۆ پێویست ناکا ئەوە هەمیشە لەگەڵ من بێ؛ ئاخر تۆ هەمیشە دەبێ لەتەکمەوە بی.' ئەو وای پێگوتەوە. بەڵام دیاریەکەشی لە گیرفانی باخەڵیەوە ئاخنی، وەک ئەوەی بڕوایی بە قسەکانی خۆیشی نەبێ.

سالانێک دواتر، جەمیلە زۆر شت لەبارەی ئەستێرە کلکدارەکانەوە فێربوو، دەربارەی ئەو ریگایەی پێی لێکنزیک دەبنەوە و خۆیان لێکدەدەن. هەرچەندە دیاربوو ئادەم لەو کاتەدا ئاگای لەوە نەبوو، بەڵام کچەکە پەی بەوە برد، هەروەک دوو کلکدارێک ئەوان بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر خەریکی خۆپێکدادان بوون، بەدوای خۆیاندا بەڵێنە بەجێنەهێندراوەکان و خەونە بەدینەهاتووەکانیان جێهێشت.

❖

جەمیلە کتلییەکەی لەسەر ئاگرەکە ستاندەوە، چایەکی بۆخۆی لە پیاڵەیەک کرد. بەر لە فڕی یەکەم، کلۆ شەکرێکی خستە نێو دەمی و هەڵی مژی. ئەوسا بەبێ زۆرلەخۆکردن دەستی دایە قەڵەم، وەک ئەوەی کەسێک لەقەڵەم گرتن رانەهاتبێ. بە پێچەوانەی خوشکە جمکەکەی، کە نامەکەی بەنیوە تورکی و نیوە کوردی نوسیبوو، ئەو سەرتاپای نامەکەی تەنها بە کوردی نوسی.

*پەمبێی خۆشەویستم، خوێن و گۆشتەکەم، نیوەکەی دیکەم، پەرۆشیە بێ کۆتاییەکەم،*

*من هەرگیز لە تۆ توڕە نیم. ژیانمان لە لایەن خواوە ئاخەریدە کراوە، هەر بەتەنها ئەو.*

*ئەم رۆژانە بە هەستێکی قورسەوە بێدار بوومەتەوە. دیارە شتێك لە گۆڕێدایە. هیچی دیکە ناتوانم لەناو جێوبالینگانمدا بڕازێم. هەر لەسەر کورسیەکە خەو دەمباتەوە. هیچ شتێکیش دادم نادا. من مۆتەکە لەخەوندا دەبینم. هەڵبەتە ئەوەش تێدەپەڕێ. هیچ شتێك نییە مایەی نیگەرانیت بێ.*

جەمیلە قەڵەمەکەی دانایەوە' دەستەکانی کەوتنە لەرزین، نێوچاوانیشی وێکهات. گوێیلێبوو خەڵکانێک لە باکوری رۆژئاواوە نزیک دەبوونەوە، وایدانابوو سێ چوار میوانێک دەبن. ئەو لە دەنگی چرپەی ئەو دار و پڕچکە کرەکرەی ژێر پێیان، کە لە دۆڵەکەوە دەهات، دەیزانی.

دەکرێ ئەوان سەرباز بن. دەکرێ چەتەش بن. دەکرێ هەر کەسێک بێ. جەمیلە چاوی بڕیە سەر دەرگا. دەرگاکە کلۆم درابوو، پەنجەرەکانیش بە پارچە تەختەدار داخرابوون. جەمیلە هەوریـیەکەی کردەوەسەر و

دەستی دایە تفەنگەکە، کە بە دیواروە هەڵپەسێردرابوو. خۆ لەوە زیاتر شتێکی دیکەی لەدەست نەدەهات.
حەزی لێبوو نامەکەی تەواو بکا. دەیوست زۆر شت لەبارەی ئەو هەستەی لە هەناوەیەوە چرنوکی لێدەگرێ، باس بکا ، هەروەها ئەوەشی پێبڵێ، هەموو شتێک بکا تەنها شتی بێ باک و بێبایەخ سەبارەت بە هاوسەرگیرییەکەی نا. بەڵام توٚبڵێی هەرگیز پەمبێ لەژیانیدا بە ئاگا و خۆپارێز بووبێ؟ جمکەکەی، ئەو کیژە لەڕولاوازە کە هەمیشە پرسی پڕوپوچی لێدەکرد، تەنانەت خوازیار بوو بزانێ ئاخۆ بۆچی رەگی درەختەکان لە ژێر خاکدایە، بۆچی لەهەوادا نییە تا ئاوی باران بە باشی بخۆنەوە! ئەو بەخولیای ئەو شتانە گەورە ببوو، نەشگۆڕابوو.
ئەمەی لە دڵەوە هەڵدەسەنگاند، هەروەها لەوەش نیگەران بوو، خوشکەکەی روخسارێکی هەیە وەک کتێبێکی کراوە. هەرچیەک پەمبێ هەستی پێکردبا هەر لە مێشەوە تا گامێش، هەمووی بۆ دەدرکاند. خۆ ئەگەر نەتوانێ سۆزە سوکەڵەکان بشارێتەوە، ئەدی چۆن دەتوانێ شێوەی نەگۆڕی هاوسەرگیرییەکەی خۆی لەکەس بشارێتەوە؟
لە دەرەوەش تادەهات تریەی شوێن پێیەکان لە دەرگاکەی نزیکتر دەبوونەوە. شەنقاوەکان سوکەڵە بوون، بەڵام راگیرانەش بوون. جەمیلە هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی، دوعایەکی خێرای خوێند و دەرگاکەی کردەوە.
لەبەر دەرگادا سێ پیاو وەستابوون، جوتێک سەگێکیش بەدوایانەوە بوون. ئەوان کەسانی قاچاغ بوون، دەکرا بە باشی بیانبینێ و بۆی دەربکەوێ. لەبەر قەسرین سمێڵیان بەستبووی، دڵۆپەئاویان لێشۆر ببووەوە. یەکێک لەپیاوەکانی لێهاتە پێش. پیاوێکی کەتەی چوارشانە، دووچاوی قووڵ و ددانێکی بەزێڕ کیفکراوی لەدەمدا بوو. جەمیلە پێشتر کابرای بینیبوو، ئاخر ئەو سەردەستەیان بوو.
'ژنەکەم..،' چەتەکە بە چڕوپڕی گوتی، 'تۆ دەبێ لەگەڵماندا بێی.'
'کەی ژانەکەی سەرهەڵدا؟'
'دوو سعات، لەوانەیە زیاتریش بێ.'
جەمیلە سەرێکی بۆ لەقاند و عەبا و تفەنگەکەشی هەڵگرت و بەدوایان کەوت.

دواتــر بە درەنگــانێکی شــەو خــۆی لە خــانوێکی چــۆڵکراو بینیــیەوە، دەرگاکــانی بە گــوللە دابێژرابــوون، ســەربانێکی ئاســنیش هەنــوانێکی دەروازەکەی کردبوو، روخساری خوێن و ئارەقە بوو، بەدوو دەستەکانی نامۆترین کۆرپەلەی تا ئێستا بینیبێتی، گرتبوو.

ئەوە کیژێکە، یان دەقاودەقتر کیژێک و نیوە. کیژەکە جەستەی کوڕێکی لە سنگ و زگەوە پێوەنوسابوو. ئەوان لەنێو منداڵدانی دایکیانـدا جمکە بــوون، بەڵام یەکێکیــان ببــوێ، ئەوی دیــکەش لەنیــوەی رێگــادا لە نەشونماکرد وەستابوو، وەک ئەوە لەهـاتنە سـەر دنیـا ترسابێ، بۆیە رای خــۆی گۆڕیــوە. کــۆرپە نــاتەواوەکەش بە خوشـکە جمـکەکەیەوە نوسابوو.

'تۆ دەبێ بچیتە شار.' جەمیلە وای بە کـابرا گـوت. 'ئەوان نەشـتەرگەری بــۆدەکەن. دووەم کــۆرپەلە دەبــێ لەهــی یەکەم جیــابکرێتەوە. ئەوســا ساواکەت سەلامەت دەردەچێ.'

چەتەکە لە شـوێنی خـۆی رەشــهەڵگەڕا، چاوەکـانی ئەوەنــدە تەسـک بـــوونەوە وەک ئەوەی نەبــــڕوا بکــا و نە بشــــپەژرێنێ. 'ئەرێ ئەوە نیشانەیەکی شوم نییە؟'

جەمـیلەش بە نـیمچە رەچــاوکردنێکی ئەم پرسـیارە بە نەرمـی وەڵامـی دایەوە، 'ئەمە نیشانەی شوم و بەدبەختی نییە. ئەو جۆرە لەدایبوونـانە دەگمەنن، بەڵام روش دەدەن. هەندێ جمکە لەیەک جیانابنەوە.'

'خۆ کارژیلەی پێنج پێ هەیە، ئەوەش وەک ئەوە،' پیاوەکە ئەمەی گوت وەک ئەوەی گوێی لەقسەی جەمیلە هەرنەبووبێ.

'ساواکەی تۆ تـایبەتە. پێویسـتی بە خۆشەویسـتی هەیە،' جەمـیلە وای پێگــوت و درکیشــی پێکــرد چــۆن بە چەنــد وشــەیەکی کەم دڵــی پیــاوە شــاخاویەکە بـداتەوە. 'خـۆ هەر کەسـێک شـتێکی دیـکەت پێبڵــێ، ئەوا کەسەکە دۆستت نییە. ئایا تێدەگەی؟'

پیاوەکە چاوی لەشوێنیکی دیکە کرد.

کاتێ جەمیلە گەڕایەوە کۆڵیتەکەی، مانـدو و مـردی، بەڵام نەشـیتوانی بخەوێ، لەوەدا ئەوق مابوو، تۆبڵێی ئەمە هێمایەک بێ. ئەوەش نەوەک بــۆ چەتەکە و ماڵبــاتەکەی، بەڵکــو بــۆ خــودی خــۆی. ئیــدی لەبەر نوسینەوەی نامەکەی دانیشتەوە.

هەر ئێستا لەژانی لەدایكبوونێكی سەخت هاتمەوە. جمكێكی بەیەكەوە نوساو. یەك زیند و یەكیش مردوو. خۆ ئەگەر لێرەبایت، ئەوا دەتپرسی: 'ئەرێ بۆچی خودا ڕێگەی ئەو شتانە دەدا روبدەن؟ ئاخر ئەوە نادادییە.' بەڵام من بەو نیگاوە سەیری شتەكان ناكەم. من بەبێ مەرج و بە تەواوی دەستەوەستانم، ئەوەی لەتوانامدا هەبێ بۆ یارمەتیدانی خەڵكەكە دەیكەم. خۆشەویستەكەم، ئێمە ناتوانین رابردوو بسڕینەوە. ئەوە لەنێو دەستی ئێمەدا نییە. من نە هەنوكەو نەهەرگیزیش لەتۆ و ئادەم زوێر نەبووم و نیم. ئایا دەكرێ تۆ ئەو بایەی هەڵكردووە بوستێنی؟ ئایا دەكرێ رەنگی بەفر بێجگە لە سپی بە رەنگێكی دیكە بگۆڕی؟ ئێمە سوكوئاسان دەبێ ئەوە بپەژرێنین، كە دەسەڵاتمان بەسەر سروشتدا ناشكێ. بەڵام ئاخۆ بۆچی پێ لەوە نانێن، كە ناتوانین چارەنوسمان بگۆڕین؟ خۆ ئەگەر خودا بە ڕێگای جیاوازدا رێنوێنیان بكا، هەر دەبێ هۆكارێكی لەپشتەوە هەبێ. تۆ ژیانی خۆت لەوێ هەیە؛ منیش ژیانی خۆم لێرە. ئێمە دەبێ پێی قایل بین. بەڵام سەبارەت بە هاوسەرگیرییەكەت نیگەرانم. ئایا ناكرێ زیاتر خۆتی پێوە ماندوو بكەی؟ هەردەبێ بۆ خاتری منداڵەكانت وابكەی.

تۆ ناوی هەدیەت هێنا. ئای چەند شتێكی نامۆیە، منیش بیری لێدەكەمەوە، لەو دواییانەدا زیاتر لە هەمیشە بیری لێدەكەمەوە.

خوشكە هەمیشە خۆشەویستەكەت

جەمیلە

## هیچ هۆشمەندییەک بە بێ گەوجێتی نییە
گوندێک نزیک روباری فرات، ١٩٦١

ئێوارە، دەنگی مەلا بانگدان لە گوندە بچکۆلانە کوردییەکەوە هات. ئادەم گوێیگرتبوو، هەستێکی ترسناکانەش لەهەناویدا پێچی دەخوارد. کات قورس و هەراسانکەرە، بەلام لەهەمان کاتیشدا دەبێ خێرابێ. ئەو گەشتی گەڕانەوەی بۆ ئەستەمبۆل بۆ چەند رۆژێکی دیکە وەخراند، نەشیدەتوانی لەوە زیاتر دوای بخا. ئیدی لەگەڵ کوێخای گوندەکە بەرە و مزگەوت رۆیشت، لەو کاتەی دایکی رەدوکەوتوە، بۆیەکەم جاربوو نوێژێکی دابەست.

'ئەی پەروەردگار، خودای من، لەمێژە نوێژم بۆت نەکردووە،' هەر کاتێک گەیشتە سەر بەرماڵەکە ئەمەی بە سرتەیەکەوە لەبەرخۆدا گوت.

'من نە لەدوا رەمەزاندا نە رەمەزانەکەی پێشتریش بەرۆژو نەبووم. تکایە بەهانام وەرە. تکایە شتێکی وابکە چاوەکانی جەمیلە بێجگە لەمن هەرگیز کەسی دیکە نەبینێ!'

"ئەرێ پیاو، تۆ باشی؟' لەوکاتەی لەبەر رۆژی رون دەرۆیشتن، کوێخاکە وای بە ئادەم گوت. سەربارەی ئەوەش رۆژ بەدەرەوە بوو، بەلام ئەوان لەسەرما هەر هەڵدەلەرزین.

'من دەبێ ئەو کچە بهێنم.'

'ئەرێ بۆ تۆ هێشتا زوو نییە بۆ ئەم شتە؟'

'بایی ئەوەندە گەورەم، ببمە دەزگیراندار.'

'بەڵێ، بەلام خۆ تۆ تەنانەت ئیشێکیشت نییە. هێشتا خزمەتی سەربازیشت تەواو نەکردووە. باشە ئەو هەموو هەڵپەیەت لەپای چی؟'

رۆژی پێشتر ئادەم لەمۆڵگا سەربازیەکەدا سەردانی خەلیلی برای کرد، بە یارمەتی ئەو بروسکەیەکی بۆ تاریقی کاکی لە ئەستەمبول لێدا.

*براکەم کچێکم دۆزیوەتەوە. ئەو تەنهایە. دەشزانم هێشتا گەنجم.*

*بەڵام خۆ ئەوە بانگی خودایە. دەمەوێ بیهێنم. پێویستم بە پیرۆزنامەی تۆ هەیە. هەروەها پارەش.*
ئادەم هیچێک لەم شتانەی بۆ کوێخای گوند باسنەکردبوو. لەبری ئەوەدا، پێیگوت، 'لەبەر ئەوەی کچێکم دۆزیوەتەوە، چاوەڕێی دەکەم، خۆ ئەگەر نەشیهێنم، ئەوا دەمرم.'
'تۆ دەبێ لەگەڵ باوکی کچەکە قسە بکەی.'
'ئاخر چی دەڵێی گەر باوکەکەی نەیویست بمبینێ؟'
'خەم مەخۆ. لەبەر تۆ قسە لەگەڵ برزۆ دەکەم. خۆ ناتخوا.'
'ئەرێ بۆچی یارمەتیم دەدەی؟ ئادەم دوای کورتە وچانێک وای لێپرسی. ئەمە وای لە کوێخاکە کرد بۆی پێبکەنێ. 'چونکە هەردەبێ یەکێک وا بکا. پێدەچی بە تەنها نەتوانی دەرەقەتی ئەم خوازبێنییە بێی.'
دانیشتن لەگەڵ باوکی جەمیلە، لەوە ئاسانتربوو ئادەم بیری بۆ چوبوو. ئیدی باسەکەیان هێنایە گۆڕێ، هەرچەندە پێشدەچوو خواستەکە ئەستەم بێ. برزۆ هەرگیز پیاوێکی بە دەموپل نەبوو، ئەو زیاتر دوای مردنی ژن و هەدیەی کچی کەمدو و گۆشەگیر بوو. کاتێکیش ئادەم بەخۆی و پاکەتێک پاقلاوە بە یاوەری کوێخای گوند سەردانی ماڵی جەمیلەیان کرد، بینی پیاوێکی مڕومۆنە، برۆکانی هاتبوونە خوارو بە نزبوونەوە سەیری دەکرد.
'من هاتوم تا لەبارەی کچەکەتەوە قسە بکەین،' ئادەم دوای ئەوەی چا و لەتکە هەنجیری وشکراویان خوارد، وای بە باوکی جەمیلە گوت. ئەوسا بیری کەوتەوە، پیاوەکە هێشتا زۆری لەپێش ماوە بیڵی، بۆیە ئەمەشی بۆ زیادکرد، 'مەبەستم جەمیلەی کچتە. بەسێ جوان.'
'وای ناو مەهێنە! پیاوەکە بە تورکییێکی شڕوشەق وای پێگوت.
'ببورە...،' ئادەم زمانی تێک ئالا.
باوکی جەمیلە چەند وشەیەکی بە کوردی لەدەم هاتنەدەر، کوێخاکەش بەکورتی بۆی وەرگێڕا، 'پیاوەکە دەڵێ تەنها دایکە رەحمەتییەکەی پێی دەگوت بەسێ.'
ئادەم لە ئەنجامی بێئومێدیدا بەزەیی بەخۆدا هاتەوە. بەڵام سوپاسگوزاری کوێخاکە بوو، بۆ نێوەندگیریی کەوتە نێوانیانەوە. ' ئەم پیاوە گەنجە، بەڕاستی بێگانەیە. بەڵام کەسێکی راستگۆیە و لە

ماڵباتێکی خانەدانیشە. من باوکی دەناسم. نیەتی ئادەم شەریفە. ئەو دەیەوێ کچەکەت مارە بکا.'
جارێکی دیکە باوکی جەمیلە بە کوردی کەوتەوە قسە؛ دیسان بەشێک لەوشەکانی وەرگێڕدران؛ 'ئاخر تۆبڵێی ئەو داخوازیکەر بێ؟ ئایا دایبابی لەکوێن؟'
'دایکم مردووە.' ئادەم درۆی کرد. 'باوکیشم زۆر نەساغە.' خۆ بەلای کەمی بەشێکی قسەکەی راست بوو. 'من دوو برام هەن. گەورەکەیان ناوی تاریقە، لەجێی باوکمانە. پێشتر بروسکەم بۆ لێداوە.'
بۆ هەڵلوشینی بێدەنگی نێوانیان، فڕیان لە پیاڵە چای بەردەمیان دەدا و دوا لەتکە هەنجیری وشکراویشیان خستە نێودەم. لە کۆتاییدا باوکی جەمیلە گوتی، 'تۆ ناتوانی جەمیلە بهێنی. ئەو پێشتر داخوازی کراوە.'
'چی؟ ئادەم ویکهات. ئاخر ئەدی بۆچی کچەکە پێی نەگوتبوو؟ ئادەم روی خۆی وەرسوڕاندە لای کوێخا، ئەویش خۆی لەنیگاکانی دزیەوە.
دیسانەوە بە تورکییەکی شەقوشەپڕێو برزۆ درێژەی بە قسەکانی دا، 'ئەو کچەم دەزگیرانی خزمێکمانە. ساڵی دادێ مارەی دەکا.'
'ئاخر ـــ'
'تۆ کە دەتەوێ کچێکی من بخوازی، پەمبێ مارە بکە. ئەوان وەک یەکن. کە یەکێکیانت بووێ، دەبێ ئەوی دیکەشت بوێ.'
ئادەم بە چاوێکی بێباکانەوە سەرێکی بۆ بادا. 'نەخێر، من جەمیلەم دەوێ. ئەو لەنێو دڵمدایە. تۆ پەمبێ بدە خزمەکەت.' دیاربوو ئادەم سنوری خۆی تێپەڕاندبوو، بەڵام خۆهەر نەشدەگەڕایەوە.
برزۆ دوا فڕی لە پیاڵە چایەکەی دا، منگەیەکی لەبن لێوان هاتەدەر. 'ئاخر ئەوە نابێ. ئەوەش دوا قسەمە.'
کاتێکیش هەردووکیان لەماڵەکە هاتنەدەر و گەیشتنە باخچەکە، ئادەم دەستەکانی بەرەو کوێخا درێژکردن. 'ئەرێ چی لێرە رودەدا؟ تۆ دەبێ شتەکەم بۆ رونبکەیتەوە. ئەوە چیم لێدەشاریتەوە؟'
کوێخا چیسەکەی بەرپشتی دەرهێنا و جگەرەیەکی پێچایەوە. 'ساڵێک بەر لەئێستا کامیلا، کچە گەورەکەی برزۆ خەریک بوو مارە بکرێ. هەر بەر لە گواستنەوە هەردوو ماڵباتەکە بووە شەڕیان. من هەموو شتێکم لەیاد نەماوە، بەڵام بە بەرەنجامێکی ناشیرین گەیشت. برزۆ داوای

هەڵوەشاندنەوەی مارەبڕینەکەی کرد. ماڵی زاواش بەوە زۆر پەست بوون، لە تۆڵەدا جەمیلەیان رفاند.'
'چی؟' ئادەم بە سڵەمێنەوە لێی پرسی.
'ئەوان بۆ چەند رۆژێک جەمیلەیان لای خۆیان گلدایەوە. ئیدی برزۆ بە دوایدا ناردن و قایلبوو کامیلایان بداتێ. لەبەرامبەریشدا ئەوان جەمیلەیان گەڕاندەوە.'
'ئایا ئەوان ...دەستیان لێدابوو...؟'
'هممم، کەس لەوە دڵنیا نییە. ئەوان گوتیان دەستیان لێنەداوە، بەڵام خۆ ئەوان فێڵباز بوون، کچەکەش هەرگیز هیچ شتێکی رون نەکردەوە. باوکی چەندان جار لێیدا، بەڵام قولماتی لەدەم نەهاتەدەر. مامانێکیش کیژەکەی پشکنی. پاشان گوتی کیژەکە پەردەی نەماوە، بەڵام خۆ چەندان کچ هەر لە زگماکەوە وان.'
ئادەم لەبەر ئەو قسانە لەرزە گرتی.
'هەواڵە خۆشەکەش ئەوە بوو ماڵباتی مێردی کامێلیا قایلبوون جەمیلە بۆ خزمێکی بە تەمەنیان بخوازن. بیدەنە بێوە پیاوێک. ئیدی بەمە حەیا و ناموسی پارێزراو دەبێ.'
دوای زانینی ئەم دەنگوباسە نوێیە، ئادەم چاوێکی لە کوێخا کرد. 'لەمێژە بەو باسوخواسە دەزانی.'
'کوێخا هەر شتێک لە گوندا روبدا دەزانێ.'
'باشە بۆچی پێت نەگوتم؟'
'ئاخر هێشتاش دەرفەتی ئەوە هەیە دەستت پێڕابگا. خۆ گەر واش نەبێ، تۆ دەبێ بە خۆت بۆت دەربکەوێ.'
دیاربوو ئادەم بە باشی گوێی لێڕانەگرتبوو، شێتوهاربوونەکەی نابینای کردبوو. 'وام دەزانی برادەرمی، هەی پیاوی هۆشمەند!'
'هیچ کەسێک هۆشمەند نییە،' کوێخاکە وای پێگوتەوە. 'ئێمە هەموومان نیوە گەوج و نیوە هۆشمەندین. هیچ هۆشمەندێک بەبێ گەوجێتییەوە نییە. هیچ شانازیەکیش بێ شەرمەزاری نییە.'
بەڵام خۆ ئادەم بەرێڕۆیشتنەکەدا پێی لێهەڵهێنابوون، خەریکبوو غار بدا، هەروەک ئەوەی راوەدونرابێ. لێ ئەمجارەیان رەوە سەگ بەدواوەی نەبوو. ئەو جەمیلەی لەماڵی دراوسێکەیان بینییەوە، لەگەڵ ژنانی تەمەن جۆراوجۆردا خەریکی چنینی مافور بوو. کاتێک لەپەنجەرەکەوە

ئادەمیان بیی، لەقرتەی پێکەنینیان دا و روخساری خۆشیان شاردەوە. دەستبەجێش جەمیلە بە پێی خۆی لەماڵەکە هاتەدەر.

'ئەریٚ ئەوە تۆ لێرە چی دەکەی؟ خەریکە شەرمەزارم بکەی! جەمیلە ئەم قسانەی بەئادەم گوت.

'شەرمەزاریی! بەڵێ کتومت،' ئادەم وای پێگوتەوە. 'ئەوەیە ئەو جیهانەی بەدوایدا دەگەڕێم.'

' ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟'

'باشە. تۆ پێم بڵێ. هەقە هەندێ رونکردنەوەم بدەیتێ.'

بەجارێک جەمیلە توند لێیەوە راما. 'زۆر باشە، کەواتە با قسە بکەین.'

ئەوان چوونە پشتەوەی خانوەکە، دیاربوو لەوێ کەسێک لەواشە نانی بە تەندور کردبوو، چەند پەنگرێک لەنێو خۆڵەمێشەکەدا بریسکەیان دەدایەوە. لەولاوە تەڵە گیای کەسکیش سەری لەخاک دەرهێنابوو، وەک ئەوەی مژدەی بەهار بدا.

'باوکت پێیگوتین تۆ کچێکی پاکیزە نی.' ئەو مەبەستی نەبوو ئاوا راشکاوانە بڵێ، بەڵام شێوازی وتنەکەی شتێکی ئاوای دەگەیاند.

''ئەو وای پێگوتی؟' جەمیلەش وای لێپرسی، خۆیشی لە نیگای چاوەکانی بەدور گرت.

ئادەم چاوەڕوانی کاردانەوەی توندتر بوو، بەڕوقایمی بەڕویدا هەڵشاخێتەوە و لەکانگای دڵیەوە بگری. بەڵام سەیر حەوسەڵەی گۆی گرت و سەری بەرزکردەوە تەماشای کرد.

'ئەدی لەبارەی تۆ؟' وای لێپرسی.

'چی لەبارەی من؟'

''تۆ چیت پێ گوتەوە؟'

ئەو رەچاوی ئەو پرسیارەی نەدەکرد. 'من دەمەوێ راستییەکە بزانم! ئادەم وایپێگوت.

'راستی ئەوەیە، خۆت دروستی دەکەی.'

تەوژمە توڕەییەک بەربینگی گرت. 'بێدەنگ بە. بەسیەتی پێم رامەبوێرە.'

'بەڵام من وا نیم،' جەمیلە بە روخسارێکی جوانی شەکەتانە گوتی، 'ئایا منت بەو شێوەیەی کە هەم خۆشت دەوێم؟'

ئەو هیچی نەگوت. دەیویست بڵێ 'بەڵێ' بەڵام وشەکەی لەسەرلێوان نەهاتەدەر. کە سەیری چیاکانی دەکرد، گوێی لە بردەبردێک بوو

بەرلەوەی کچەکە بڕواو بەجێی بێڵێ، پێی گوت 'زۆر باشە، پێموایە دوای هەموو شتێک خۆ من نامەوێ بەردە ئاڵتونییەکانی ئەستەمبۆل ببینم.'
ئێوارەی ئەم ڕۆژە، لەو گوندە کوردییەدا ئادەم باقی کاتەکەی بەشەڕکردن لەگەڵ خودی خۆیدا بەسەر برد. پێیەکانی بەسەر زبڵەکەدا دەنگیان دەهات، بە دەوری ماڵی جەمیلەدا دەسوڕایەوە. دەیتوانی ئەو باخچەیە ببینێ، کە یەکجار پەنای بۆبردبوو. پێنج ڕۆژە لەوکاتەی هاتۆتە ئەو گوندە دورەدەستە، لە ماوەی ئەو پێنج ڕۆژانەدا ژیانی بە شێوەیەک گۆڕا، هەرگیز وەک خۆی لێ نەیەتەوە.
بەشێکی گیانی نامرادانە خوازیار بوو سەری خۆی بە ماڵی باوکی جەمیلەدا بکا و بڵێ هەرچی بووە بووە، باکم پێ نییە. ئاخر ئەو کچەکەی خۆش دەویست، تا ئەو ڕادەیەش دەیبینی و درکی پێدەکرد، جەمیلەش ئەوی خۆش دەویست. خۆ هەر ئەوەش گرنگ بوو. هەموو شتێکی دیکە پڕوپوچ بوو. حەزی دەکرد مارەی کردبا، دەستی بگرتبا هەروەک بەڵێنی پێدا بوو بیباتە شوێنێکی دوردور.
بەڵام بەشەکەی دیکەی، هەرچەندە دردۆنگیش بوو، شێوا بوو. ئاخر جەمیلە داکۆکی لەخۆی نەکرد یان سوێندی لەسەر پاکیزەیی خۆی نەخوارد، بێدەنگییەکەی هەراسانکەر بوو. ئەرێ چی دەبێ گەر کچ نەبێ؟ ئاخر چۆن تا ژیانی ماوە لەو گومانەدا بژی؟ ئەدی چی بە تاریقی برای بڵێ، کاتێ بۆی دەردەکەوێ ژنێکی لاقەکراوی هێناوە، خۆ ئەمەش هەمان حاڵەتی دووبارەبووەوەی دایکیەتی؟
تاریق! تۆبڵێی ئەو بڕوات و پێی بڵێ؟ تا هەنوکە دەبێ بروسکەکەی بەدەست گەیشتبێ و خوێندبێتیەوە. تەنانەت بیرۆکەی ڕوبەڕوبوونەوەی کاکی، وادەکا هەراسانی بکا. ئەو نەیدەتوانی بگەڕێتەوە ئەستەمبۆڵ و بڵێ بەد لێکتێگەیشتنێکی وا ناقۆڵا لەئارادا هەبووە. چەند سعاتێک دواتر، کاتێک گەڕایەوە ماڵی کوێخاکە، بینی بەدەم قەلن کێشانەوە چاوەڕێی دەکا.
'ئاها، کوڕی شاری، ئەوە تۆی هاتیەوە! هیچ کیژێکی ئاوایی بۆ تۆ نییە، ها؟'
'ئەو شتە ڕاست نییە. من هزری خۆم نەگۆڕیوە.' ئادەم لێبڕاوانە وای پێگوتەوە. 'من دەبێ ژن بهێنم.'

'بەڕاستی؟' چاوەکانی کوێخاکە بە پێزانیەوە بریسکەیان دەهات. 'پیاو، تۆ سەرسامم دەکەی، وامزانی جەمیلەت ناوێ.'

'ئێ خۆ منیش نامەوێ،' ئادەم دوای ئیستێک وای گوت. 'من کچەکەی دیکەم دەوێ.'

'چی؟'

'جمکەکەی دیکە، دەمەوێ ئەو بهێنم.'

لە قولایی دڵیەوە، لەبن باری ئەو بوێریەی، کە خەسڵەتەکانی نمایش کرد، دەبووایە هەستی بە ئازاری پێشهاتەکان بکردبایە. بەڵام نامۆئاسا هەستی پێنەکرد. لەڕاستیدا ئەو هەستی بە هیچ شتێک نەکرد. تۆبڵێی تەختەدارێک هەست بە ئازار بکا لەکاتێکدا شەپۆلی روبارێک هەڵیدەگرێتەوە و دەیبا؟ تۆ بڵێی پەڕی مەلێک هەست بەسەرلێشێوانێک بکا، کە با لەگەڵ خۆیدا دەیفڕێنێ؟ ئەو رۆژانەش بۆ ئادەم وابوون، هەروەها بۆ زۆر لە رۆژانی دیکەی ئایندەشی.

## زیندانی شروسبێری ، ١٩٩١

تریپی ڕۆژێکی ناخۆشی هەبوو. ڕۆژانێك هەن خراپن، هەشن ئەوەنـدە خـراپ نـین، ڕۆژانێکـیش هەن لەدەرەوەی بـازنەی ڕۆژن، ئەوەش لەو کـاتەدایە، کە هەستێکی وات لاپەیدا دەبێ هەردەڵێی بـۆدییەکی تێکشـکاوی تڕومبێلێکـی. سەرباری ناوەکەشی ئەوەی دواییان بەدترینییان نییە. ڕۆژانی دەرەوەی بازنەی ڕۆژگار هەندێك لەو شـەوانە دەچـێ، کە هەسـتێکی وات هەیە سەرخۆشـی و ناشتوانی بخەوی. لە بارێکی وا ئاگات لە حەشتەبای خوای نامێنێ. ئیدی ڕەق و سڕی وەك کۆلکەدار. لەو جۆرە ڕۆژانەدا ئەوەندە دڵتەنگـی بـاکی ئەوەشـت نییە، کە داڕماوی. لەوانەیە کەسێك مشورت بخوا لەوانەشـە کەس بەلاتەوە هەر نەیەت. لەوەشیاندا هەر گوێی پێنادەی. ئەو ڕۆژانەی ئەوەندە خراپ نین لەچـاو ئەوانــی دیــکەدا مــایەی قبــوڵکردنن. هەر ڕۆژە خراپەکــانن، کە لە هەموویــــان پــــۆلکترن، ئەوەش ئەو ڕۆژەیە، کە توشــــت هــــات گیانــــت دادەهێزرێنێ.

ڕۆژژمێر داهێنانێکی گەوجانەیە. خۆ ئەگەر وەك دەڵـێن کـات بفـڕێ ئەوا لەو بەلەز تێپەڕبوونەیـدا لەهەمـوو خولەکێکیـدا وەك یەك نیـیە. ئـای گەر ئەوە دەکرا هەموو ڕۆژێکی هەفتە بە جیا ناسـرابا. لـێگەڕێن بـابڵێین ئەو ڕۆژانەی ئەوەندە خراپ نین بە ڕەنگی سپی نیشانەیان بکەین و بە یەکسـانیش یەك خاڵیـان بـدەینێ. ڕۆژانــی دەرەوەی بــازنەش بە ڕەنگــی ســور و دوو خاڵیــان پێبدەین. ڕۆژە خراپەکانیش بە ڕەنگی ڕەش و سێ خاڵی پێبدرێ.

ئەوسا ئەو پیـاوەی سـێ ڕۆژی خـراپ ژیـاوە ئەو سـێ ئەوەنـدە خێراتـرە لەو پیاوەی، کە مانگێکێ ڕەبەق بە ژیانێکی ڕۆژانی ئەوەندە خراپـدا تێنەپەڕیـوە. دەی خۆت کاری بیرکارییەکە لێکبدەرەوە ئەوسا دەزانی، کە هەندێ خەڵك بـۆ ئەوەندە زوو پیر دەبن. هەرچـی سـەبارەت بەمنیشـە، لەو کـاتەی هـاتومەتە ئێرە، ئەوەندە ڕۆژانـی خـراپم هەبـوون، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، ئیـدی ڕۆژژمێـرەکەم

ڕەش هەڵگەڕاوە. ئەوەش کلی دایکم بیردەهێنێتەوە، کە چاوەکانی پێ خەت دەدا.

ژنەکەی تریپی داوای جیابوونەوەی لێکردووە. خـۆی دەزانـێ، منـیش دەزانـم، هەمــوو کەسـێکی ئەو بەنـدیخانەیەش دەزانــێ، زو یــان درەنــگ ئەو شــتە هەردەبێ روبدا، کەچی هێشتاش هێدمە و ترس دامانده‌گرێ. لێکجیـابوونەوە و دەستلێکبەردان شـتگەلێکی ئاسـایین. بەڵام لەبەر خـاتری تریپـی لەبەریـدا دەهەژێین. کاتێك گوێت لێت دەبێ، بـرادەرەکەت ژنەکەی لێـی جیـابۆتەوە، خۆ نـاڵێی 'بەڵـێ، لەمێـژە دەزانـم ئەوشـتە هەر رودەدا.' بەم گـوتەیە لەنێـو خەڵکەکەدا سەرشۆر دەردەکەوی.

بەڵام گەر گوتت، 'بە نەفرەت، کەی ئەم شتە رویدا؟ ئای تۆ قەت لە بلعاتی ژنــان نــاگەی،' یــاخود شــتێکی لەو جــۆرە، ئیــدی بەمە دەبیــتە هــاوخەمی بەرامبەرەکەت. خۆ ئەو هەر بەشێوەیەکی تایبەت کۆستی کەوتووە.

ژنەکەی تریپی زۆر جاران کێکی کاستەری بـۆ مێـردەکەی دەهێنـا، بەڵام لەبەر پاســەوانەکان و کــونکردنی کــێکەکە لەبەر شــتی گومانــاوی، کەم وابــوو پێیدەگەیشت. هەمــوو جــارێکێش هەر یەك جــۆری دروســت دەکــرد. ژنێکــی قەدباریکی پرچ مسین، پێست رەنگ تەباشیر، پێستی باسـکی خاڵخـاڵ بـوو، دەربڕینی روخساریشی زۆر ئـارامگرانەبوو. خـۆ ئەمەش هەر خەیاڵبـازییە، دەنـا کەس نییە ئەوەندە حەوسەڵەدار بێ.

ئەمرۆ خانمەکە هاتە بەندیخانە تا باسەکەی پێبڵێ. دەبووایە بەگوێی بکەی. خۆ دەکرا ژنەکە تێبینیەکت بۆ بنێرێ، یان وەك هەندێ ژنی دیکە هەر خۆشی ماندونەکا و نەشینێرێ. بەڵام ئەو هـات و بەشـێواز و دەنـگە جگەرەکێشـیە بێتامەکەی، کە هەر وشەیەکی وەك خۆڵەمێش وابوو، رونکردنەوەی خۆی دا. ژنەکە پێی گوت، پیـاوێکی دیـکەی دۆزیـوەتەوە، کەسـێك، کە زۆر بەجـوانی لەگەڵ منداڵاندا هەڵدەکا، بەتـایبەتیش، کە کوڕەکەیـان بـۆتە پێـنج سـاڵان، ئیدی رۆڵی نێرینە لەماڵ پێویست بوو. پێیگوت کارێکی وادەکا منـداڵەکان بێنە بەندیخانە و سەردانی بکەن، چونکە ئەو باوکیانە، هیچ شتێکیش ئەمەی پێناگۆڕدرێ. ئەوسا بۆ دواجار ماچێکی کـرد و کـێکە کاستەرییەکەشـی بەجـێ هێشت و لێیدا رۆیشت!

زۆر جار لەوەدا ئەوق دەمێنم ئاخۆ چ هەستێکت دەبێ، کە ژنت هەبێ. ژنێك لاوازی و شکستییەکانت لەخۆت باشـتر دەزانـێ، هەمـوو بسـتێکت بەڵەدە و نەخشەی رۆحی تۆی لەناو لەپی دەسـت دایە و خۆشیشـی دەوێـی. کەسـێك

دڵێکـی پـڕ لە جۆشـوخرۆش ئەوەنـدە شـادمانیت بـۆ دەچەقێنـێ، کە تـۆ تـا نەگەیتە سەر ئانوساتی لەدەستدانی، پێینـازانی و بەتەواوی پەی پـێ نـابەی. هەر خوا دەزانێ من چەند پەشیمانم، کە ئەمەم نەزانیوە.

بەڵام بەداخ نیم، کە (تۆم)ی کوڕم بە یەکێکی دیکە دەڵێ باوکە، خۆ من هەر ڕۆڵێکی ئازار بەخشم بـۆ دەبینـی، ڕۆڵـی بـاوکێکی کەسـاس. ڕۆڵـی بـاوکێکی پەژموردە وەك ئەوەی ئێسکە ماسی لەگەرودا گیر بووبێ. خۆ ناشـزانی چـۆن شتە نەفرەتیەکە لە گەروی دەربێنێ، بەڵام کـاتێکیش دەریـدەهێنێ، شـتێکی لەپـاش بەجێـدەمێنێ، جێبرینێـك، کە کەس لەروی دەرەوەدا نـایبینێ، بەڵام هەمیشـە هەسـت بە شـوێنەوارەکەی دەکەی. ئـێ خـۆ کەسـیش ئەو جـۆرە خاشاکەی ناوێ.

لەبیرمە جارێکیان لەدایکم پرسی، بـۆچی مێـردی بە بـاوکم کـردوە؟ ئەوەش نزیکترین ڕێگابوو، بۆم دەربکەوێ ئاخۆ دایکم باوکمی خۆشویستووە یان نا.

دایکم ئاوڕێکی لێدامەوە و سـەیری کـردم. رونـاکی پەنـجەرەکە کەوتە سـەر چاوە کەسکەکانی دایکم. عەنبەر (بەردەزەرد) و زێڕ، بینیم چەند نازدار بوو. خۆ تۆ ئاساییانە تێبینی ئەوە ناکەی، کە دایکـت چەنـد جـوانە. بەڵام ئەوێ ڕۆژێ سادە و ڕون جـوانیەکەم بـۆ دەرکەوت. ئەوەش سـەخڵەتی کـردم. لەو چـرکە ساتەدا هەستێکی نامۆ دایگرتم، کە هیچ حەزم پێی نەبوو.

'ئەوکات جیهان جیاواز بوو،' دایکم وای وەڵام دامەوە. 'هیچ شتێك لە ژیـانی هەنوکەی لەندەنمان ناچێ. ئێوەی مێردمنداڵ هەنوکە زۆر بەختیارن.'

خۆ ئەوەش ئەو وەڵامە نەبوو، من داخـوازی بـووم. نە دەستەسـڕێکی چـوارلا نەخشـین کە پیتـی ناوکانیـان لەسـەرهەڵکەنرابێ، هەبـوو؛ نە خواسـتی شـیرنەمەنی، نە مـراز و بەڵێنـی چـرپەداری بـن داروەدرەختـی پارکەکـان لەرابردویانـدا نەبـوو. خۆشەویسـتی ئەگەرێکـی دورەدەسـت بـوو، هەرگیـز نمایشیان نەدەکرد. خوشکم ئەمەی دەزانی. دەیزانی هەبـوونی هەرسـێکمان لە سـۆنگەی ئەرك و خۆبەدەسـتەوەدان و نەبـوونی بـوو، نەوەك لەبەر خۆشەویستی بێ. هەر بۆیەشە من ملکەچ نەبووم، ئەویش یاخی و یونسیش وردبین بوو.

ئەسما و من هەمیشە بە یەکەوە قسەمان دەکرد.

'ئێوە هەردووکتان وەك ڕێژنە بارانن لە قسەکردن،' دایکمان وای پێدەگوتین. 'باران لەدەرێ و باران لە ژورێ!'

مـن شـتگەلێکم بە ئەسـما دەگـوت، بەهـیچ کەسـێکی دیـکەم نەگوتبـوو، تەنانەت بە کوڕە برادەرەکان و بە (کاتی) شم نەگوتبوو. مـن رازی خـۆم بـۆ هەڵدەڕشت چونکە هەموو کات لەبەرامـبەردا ئەو شـتێکی هەبـوو بڵـێ. ئەو لەگەڵ ووشەدا وەستا بوو. هۆیەکی دیکەش ئەوەبوو، لەناخی دڵەوە دەمزانی ئەسما تاکە کەسێکە لەنێو خێزانەکەمانـدا ئەوەنـدە لەنـاو بـازنەکەدایە، کە وێنەکەی پێ بکێشـرێ، ئەوەنـدەش لەدەرەوەی دایە، کە لەوێـنەکە دەربچـێ. من حەزم لەو بەزمە بوو تا پایزی ١٩٧٨. ئیدی شتێکم توش هـات هەرگیـز نەمتوانی چاکی بکەمەوە.

❖

تریپی هەموو دوای نیوەڕۆکەی کـڕو بێـدەنگ بـوو. ڕەنگـی دەموچـاوی وەك ڕەنگی میزێك بـوو چەنـد رۆژێـك بـێ کرابـێ. ئەو لە ژوری روبەڕوبـوونەوەکە روێکی مەردانەی نمایشـکردبوو. بە ژنەکەی گوتبـوو لە ڕەوشـەکەی تێـدەگا، بەڕاستیش لێیتێدەگا،هیوای ژیانێکی باشتری بـۆ خواسـتبوو. قەیـدی نیـیە و هیچ گرفتێکیش نییە! ئەو سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ پشتگیری ئەو هەموو ساڵانەی رابردووی بۆ دەربڕیبوو. ئەوسا ئاماژەیەکی بە پاسەوانەکە کردبوو، کە وادەی سەردانکردنەکە کۆتایی هات. تا بەردەرگا لەگەڵی رۆیشتبوو، مـاچێکی خواحافیزیشی لێکردبوو، گاڵتەی ئەوەشـی لەگەڵ کردبـوو، کە غەریبـی کـێکە کاستەرییەکەی دەکا.

هەنـوکەش لە چـاوە زیندانەکەیـدا دانیشـتووە، پشـتی داوەتە دیـوار، بە دوو چاوی زەق و ددانی رەق لەسەر یەك گیر. ئیدی لەنێـو جیهـانی واقعـدا نغـرۆ بووە، بڕواشی وایە، ئەو ژنە دڵڕەقە لەپشتەوە خەنجەری لێداوە. مرۆڤایەتیش هەر بەو شـێوەیە، ئـێمە قینمـان لەو زۆرەیە، کە بەلای ئەوانـی دیـکە خۆشەویستە.

" منیش لەو پـڕ بـووم،' ئەوە قسـەی تریپـی بـوو، دەستیشـی لەهەوادا هەر دەهات و دەچوو وەك ئەوەی زڕەگیا لە چیمەن دەربهێنێ.

'هەموو شتێك هەر تێدەپەڕێ.'

'لەپێی کە. جەهەننەمیش تێدەپەڕێ.'

من بە دەروازەیەکی دیکەدا بۆی چـووم. 'خـۆ هەمیشـە پێتـدەگوتم بە تـۆن خەڵکی دەرەوەی ئێرە کەساسە. قوڕبەسەر هەموو کەسێك بێ.'

تریپی هیچ گوێی پێنەدام. 'دڵنیام ماستەکە بێ مو نییە، ئەو وایگوت، 'زگـی لەو نەفرەتییە پڕە.'

'ئاخر چۆنت زانی؟'

هاواری کرد، 'بە نەفرەت بێ، زانیم.'

ئەو هەڵسایە سەر پێیان، لەسەر ناوکەوەکە هەندێ شەنقاوی هاوێشتن. نیگای چاوەکانی پەڕیە سەر پۆرتریتی هاودینی. بۆ ساتێك، وام بە مێشکدا هات، ئێستا پڕ دەداتە وێنەکە و دەیدڕێنێ؛ بەڵام وای نەکرد. لەبری ئەوە، روخساری رەشبینانە رەنگی تیا نەما. ئەوسا تەکانێکی بۆ پێشەوە نا، تا هێزی تێدا بوو مشتە کۆڵەیەکی لە دیوار دا.

لێدانەکە بە دەنگ و قوڵ و پەست بوو. لە هیکەوە من شتێکم لە کاتی خۆیدا بە بیردا هاتەوە. باوکم و من. ئێمە لەسەر جادە بووین، شەڕو هەرامان بوو. ئاگری لە کونە کەپو و چاودا دەباری، یان تۆبڵێی من تووڕەتر نەبووبم؟ ئیدی بەوپەڕی خێراییەوە خۆم بەدیوار دادا. چەند جارێك لەسەر یەك سەرم بە دیواردا کێشا. خەڵك بەغار هاتنە سەرمان، پاسەوانی یانەکە شێت و دین بوو.

دووەمین زەبری تریپی بەئاگای هێنامەوە. هەوڵم دا بیگرم، بەڵام ئەوەندە بەهێز پاڵی پێوەنام، بە پشتدا گەڕام. خۆم کێل کردەوە، باسکم گرت و خستمە خوار، بەڵام ئەو توانی چەند جارێکی دیکەش مشتەکۆڵە بە دیوارەکەدا بکێشێ.

'دەتۆ هەر وا بکە تا هەموو پۆلیسەکان دێنە سەرت. ئەرێ لێم تێدەگەی؟'

گرێکانی مشتەکۆڵەی خوێنیان لێدەچۆڕا، زۆری نەبرد کەوتە هەناسە بڕکێ. ئیدی گرتم و سەرم خستە نێو هەردوو ئانیشکەکانم، وەستام تا ئەو چرکە ساتەی بەسەر دەچێ.

پێمگوت، 'خۆ تۆ پێویستت بەمە نییە.'

'هەروەك خۆت دەزانی.'

'من دەزانم؟'

ئەو بە ناڕازاییەوە، 'پێویستم بەوەیە کوڵی خۆم لەشتێك دەرکەم.'

'کەواتە پێویستمان بە جۆرێکی مستلێدان(ئەو جۆرەی مەشقی لەسەر دەکرێ) هەیە.'

تریپی کڕ بووەوە. منیش دەمزانی بیر لەچی دەکاتەوە. جۆرەکە شتێکی باش نییە، چونکە بێ گیان و بێدەربەست و بێ دەنگە، ئەو دەیویست لەگەڵ لێدانی مشتەکۆڵەکانی هەست بە جێفشاری گوشت و خوێن بکا، گوێی لێبێ کە ئێسکەکان کرەکرِیان بێ. خۆ ئەگەر ئەو ئەمشەو پیاوێکی ئازاد با، ئەوا

دەچووە باڕێك، وەك ماسی شەڕابی هەڵدەقوڕاند، ئینجا شەڕی خۆی گەرم دەکرد. لەبەر ئەوەی زیوانێکی زیانبەخش بوو، بە رەقی لەگەڵی دەجولانەوە. بەڵام خۆ ئەوە وایلێدەکرد بۆ بەیانییەکەی بەگاڵتە بیگێڕیتەوە، شتێك تیشکۆی هزری خۆی بخاتەسەر.

هێشتا هەر گرتبووم، سەری خۆم کێشایە دواوە سەیری ناو چاوەکانیم کرد.

'لەمن بدە، پیام بکێشە.'

'چی؟' بەدەنگێکی تێکشکاوە وای پرسی. 'وسس، بە بێدەنگی...،' منیش وام پێگوتەوە، 'من مستوەشێنێکی راهێندراوم، چۆن، ئەوەت لەبیر چوو؟'

سەرەداوی پەشێویم لەسەر روخسارەکەی بەدیکرد. 'تۆ شێتی،' وای گوت و پێکەنی، بەڵام خۆ ئێمە هەردووکمان زانیمان، ئەمە واتای بەڵێ دەگەیەنێ.

ئەوکات جۆرێك لە شێتی گرتمی. تی شێرتەکەم لەبەرخۆ داکەند و لەولا دامنا. هەناسەیەکی قوڵم هەڵمژی، پاشان بەرمدا. بۆ ماوەیەك ئێشم لەسەر هەناسە خواردنەوە و دانەوە کرد، بەڵام هەرگیز بۆماوەیەکی درێژ پشم نەخواردەوە. هەناسە هەڵمژە، بیدەرەرە، هەڵیمژە، بیدەرەوە...

شانەکان شۆڕکەوە، زگ دەرپەڕێنە، مشتەتکۆڵەی خۆمم کۆکردەوە و ماسولکەکانم گرژکردن. تۆ دەبێ مەودایەکت هەبێ. لەنێوان خۆت و نەیارەکەت، مست و ئۆرگانە هەستیارەکانت، لەنێوان تاك و کۆمەڵ، رابردوو ئێستا، یادەوەریی و دڵ... لە هەموو شتێك، دەیکەی یان کە حەزت لێیە لەژیانتدا روبدا، پێویستیت بە مەودا هەیە. دەکرێ ئەو مەودایە بتپارێزێ. فێڵێك کە مشتە کۆڵەیەکی تووندت بەرکەوێ بەندە بەوەی چ مەودایەکی زیاتر وەردەگری.

هەموو کاتێك، تریپی توشی شتێك دەهات لێی تێنەدەگەیشت، بە برۆ بەرزکردنەوە سەیری دەکردم.

'کەواتە، هەنوکە چاوەڕێی چی دەکەی، هەی هیچ و پوچ.' ئیدی بەم قسانە تووڕەم کرد.

یەکەمین زەبری هەندێك ناجێگیر بە لادا رۆیی. زەبرەکەی زیاتر ئێشی بەو گەیاند نەوەك من. منیش فیکەیەکی دوورودرێژم بۆ کێشا.

'چی؟' تریپی بە پەستیەکەوە پرسی.

'هیچ شتێك.'وامپێگوت و بەتەوسەوە بزەیکیشم بۆکرد.

تریپی ئەو خەڵکانەی خۆشنەدەویست، کە بەتەوسەوە بزەیان بۆ دەکرد، بەڵام خۆ دادیشی نەدەدا. ئیدی وایلێکرد خوێنی لەجێی خۆی بکوڵێ: لەڕاستیشدا هیچ کەسێك لەو پنتەوە حەزی بەو جۆرە خەندانە نەدەکرد.
ماسولکەکانی زگم لەبەر ئیش رەق و توند و بەند بوون، بەڵام دووەم زەبرەی ئەو لە ناکاو بوو. هەستم بە ژانێکی تیژ لەبن پەراسووەکانم کرد، ژانەکە دەهات و دەڕۆیشت، تریپی وەستا و سەیرێکی کردم، لە هێز و توانای خۆی حەپەسا.
لەو ساتەدا یادەوەرییێکی دیکەم بیرهاتەوە. ئەو ڕۆژەم بیرکەوەتەوە، کە دایکم لەگەڵ خۆی بردمە گەرماوی ژنان. ئەو کات هەردەبێ شەش ساڵان یان لەو سەروبەندە بووبم. هەڵمەکە، گەرمایەکە، سەداکە، جەستەی روتی مێینە بەو هەموو قاچە لەیەکترازاوانە و پیرەژنی مەمك شۆڕبووەوە، ترساندمی، زەندەقم چوو، و لەپڕ دەرپەڕیم. دایکم گرتمیەوە، توند رایوەشاندم. 'ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی؟'
'ئاخر حەزم لێرە نییە.'
'خۆت گەوج مەکە. خۆ من لەگۆترە بە سوڵتانەکەم بانگت ناکەم.' وای پێگوتم. 'وەك سوڵتانێك رەفتار بنوێنە دەنا بە قەشمەر ناوت دەبەم.'
مەودا. من دەبێ مەودای زیاترم لەگەڵ یادەورییدا هەبێ. ئاخر خۆ شێتم دەکا.
خەندەیەکی دیکەشم بۆکردەوە. 'دەی ، قەشمەر وەرە! من لێرە پێڵاوەکەم پڕدەکەم!'
کۆڵەمشتی دیکەی تریپی بە زەبرتر بوو، جەختی کردبووە سەر. ئەو پیاوێکی بەخۆوە نەبوو، بەڵام هێندەش لاواز نەبوو. ئەو تازی بیرهێنامەوە، لاواز، زراو، بێ ئەوەی پشکێ بەزی لەجەستەدا هەبێ، بەڵام سەررەق و کۆڵنەدەرە.
ئێمە ماوەیەك بەو شێوەیە ماینەوە، مشتە کۆڵەی دەوەشاندن و خۆم لادەدا، تا مشتە کۆڵەیەك بە ژێر چەناگەم کەوت، ئەوی دیکە بە شوێنێکی دیکە کەوت، بە شوێنێك، کە ماسولکەی ریخۆڵە کوێرەی لەبن دایە، ئاخر ریخۆڵەکە وەك کرمێك کڕ لێی کەوتوە، مت بووە، هەرچەندە ئەندامێکی بێ کار و ناپێویستیشە، کەچی لە گۆترە لەوێ نییە، خۆ هەر ئەویش بوو، ببوە مایەی کوشتنی هاودینی.
دوای چەند خولەکێکی کەم، دەرگا ئاسنینەکەی سەر داڵانەکە تەقەی کرانەوەی هات، چراکان هەڵکرانەوە. یەکێك لە چاوە زیندانییەکی نزیك لە

بەر ژاوەژاوەکە لەخۆشیان لە قرتەی پێکەنینی دا، ئیدی هەر ئەوەنـدەم زانـی سـێ پاسـەوانی ئێشـکگر بەغـار هـاتن. ئەوان پێیـان وەرکـرد، وایـان زانـی شەڕدەکەین. تریپی دەستێکی لەمـل کـردم تـا نیشـیانیان بـدا ئـێمە شـەڕ ناکەین. خۆ ئێمە برادەری باشی یەکدین. ئەو خەنـدەیەکی بەخۆنـازینی کـرد. ئێ خۆ ئیشی خۆی کرد. مەبەستم خەندەکەیە. وەك وتم کەسـێك لەو نـاوە حەزی بەو جۆرە خەندەیە نەدەکرد.

بەرلەوەی ئێمە پێ بزانین، بووە هاتو هاوار، جوێندان، گەفکردن و تێهەڵدان، هەڕەشـەی دەسـەڵات، هێـزە تایبەتمەنـدەکە، هەروەهـا ڕونـاکی زۆر، تیـژ و هەراسـانکەر، هەمـوویـان بەرەو ڕومـان هـاتن. تریپـی و مـن هەروەك مێشولەکان بەوشەوە خۆمان لە نانديکە بینیەوە.

'ئەرێ چییە؟ ئێوە تێنـاگەن؟ خـۆ ئـێمە شـەڕمان نەدەکـرد،' هەر وا هـاواری دەکـرد' کەواتە، چیتـان دەکـرد؟' یەکێـك لەوان پێیگـوتین، "خـۆ سـەماتان نەدەکرد؟'

تریپـی سـەیرێکی کـردم، ئەوکـات سـەری لە پرسـیارەکە لێشـێوابوو. 'هەر بەڕاست، ئەرێ ئێمە چیمان دەکرد؟ ئەرێ بۆ خاتری خوا ئەوە چیمان لێبەسەر هاتووە؟'

❖

بۆ سپێدەکە، ئەندریۆ ماك لاولین هاتەلامان، فیزو پـۆزەکەی وەك سـەگێکی هار بەدوایەوە بوو. ئەو لەسەر ئیشەکەی راهاتبوو بەڵام لەسەر من نا. دیاربوو شەو راپـۆرتەکەی دەربـارەی ئـێمە خوێنـدبووەوە، گـوتی هەردەبـێ دەرمـانی بەنجکەرتان بەکارهێنابێ، چونکە هیچ پیاوێك بەم چەشنە و لە خۆڕا ئەمجۆرە شەڕانە ناکـا. ئەوەش بەهـانەیەکی بـاش بـوو تـا هەمـوو کەلوپەلەکەمـان بپشکنێ، فەرمانی بە پیاوەکانی کرد کـونبڕانە هەمـوو شـتێکمان بپشـکنێ، هەموو شـتەکان یەکە بەیەکە، کتێبەکـان، پەتۆکـان، ئەلبـومی منـداڵەکانی تریپی، دەفتەری تێبینیەکانم، تەنانت ناواخنی دۆشەکانیشمان گەڕا.

تریپی لێوەکانی لەسەر یەك گیرساندن نەوەك پێکەنینەکەی دەربچـێ. ئـێمە هەردووکمان بیرمان لەهەمان شت دەکردەوە. ئاخر ئـێمە تەواوعەیـار پـاك بووین. خۆ ئەگەر ئەم پشکنینە چەند رۆژ پێشتر رویدابایە، هەندێ شتیان هەر دەدۆزینەوە. بەڵام خۆ هەنوکە هیچیان نەمابوون. هیچ شتێکمان نەبوو بـۆی نیگەران بین.

هەر لەو کاتەش، کە خەریکی ڕۆیشتن بوون، ماك لاولینی ئۆفیسەر وەستا. شتێکی لە نێو لەپی دەستدا بوو، پرسی، ' ئایا دەزانی، ئەمە ئەوە چییە؟'
شتەکە پۆستکاردێك بوو، وێنەی سەیوانەیەك بوو لە پارکێکی ڕەنگیندا. ئەسپی دارینە و پاشخانەکەشی ڕۆناك بوو. هیچ وێنەیەکی تێدا نەبوو. تەنها میزڵدانێك لەهەوادا، پێدەچوو هێزێکی نەبیراوی لەپشت بێ، ئەویش با بوو.
ماك لاولین گوتی، 'من گوێم لێت نییە!'
نە تریپی و نە من وەڵاممان نەدایەوە. ماك لاولینی ئەفسەر بەدەنگەوە کەوت سەر خوێندنەوەی پشتی پۆستکاردەکە، هەر بۆ گاڵتەپێکردن لاسایی دەنگی ژنانەی کردەوە.

'برا خۆشەویستەکەم... یاخود هەرگیز جارێکی دیکە وا ناوت نەهێنم؟ کەواتە، ئەی چۆن بانگت بکەم؟ ئەسکەندەر؟ ئەلێکس؟ سوڵتان؟ بکوژ؟ ئایا ئەو چەترەت لەبیرە کاتێ گەیشتینە لەندەن، دایك ئێمەی بردە ئەوێ؟ ئایا ئەوە شتێك ناگەیەنێ؟ هێشتا یونس لەدایك نەبووبوو، هەر خواش دەیزانی باوکە لە کوێ بوو. هەر تەنها خۆت و خۆم و دایکە بووین.
من هەرگیز لەسەر ئەوەی قەوماندوتە، گەردنت ئازاد ناکەم. تۆ دەکرێ لە زیندان بڕزی، یان بە ئاگری دۆزەخ بسوتێی، بەڵام خۆ هیچێکیان، نە سزای شاژن و نە هی یەزدان، ئەو تاوانەت لەبەر چاوی مندا ناسڕنەوە. لە ژوری دادگادا، من پشتگیریم نەکردی. هەرچەندە مام تاریقیش پێی گوتم، بەڵام هەر دژی تۆ گەواهیم دا. ئیدی ئەمرۆ من شینی دوو مەرگ دەگێڕم: ئەویان هی دایك، ئەمەشیان هی برا ــ'
ئەسما
'خوشکت زیرەکە،' ماك لاولنی ئەفسەر وای پێگوتم، دەستیشی لەسەر دڵ دانا وەك ئەوەی ئێشی هەبێ. 'زۆر جوانە یەکێك لە بەرەبابەکەت راستی لە چەوتی دەربکا.'
کاتێ وای گوت و نامەکەی خوێندەوە سەیری هیچ کامێکمانی نەکرد، بەڵام دوای ئەوەی لە قسەکردن بووەوە، سەیری چاوەکانی منی کرد. دەستم درێژ کرد تا پۆستکاردەکەی لێ وەربگرمەوە، بەڵام ئەو بە یاریپێکردنەوە بۆ ئاسمانی بەرزکردەوە. 'نەکەی، نەکەی،' دیسان دەمی کردەوە. 'سەرەتا دەبێ وەڵامم بدەیتەوە: بۆچی لێگەڕای تریپی لێت بدا؟'

لەگەڵ بێدەنگبوونەکەمــدا، ئەفســەرەکە شــانەکانی هەڵتەکانــدن و ســەیری نێنوکەکــانی خــۆی کــرد. 'زۆر باشــە. مــن ئەوە بــۆ تــۆ جێــدێڵم،' لەکۆتاییــدا وایگوت. 'ئەلێکس، من ئەو کارتە خۆشەویستە لەگەڵ خۆم دەبەمەوە. هەر کاتێك هەستت کرد راستیەکەم پێ بڵێی، وەرە لام و کارتەکەت ببەرەوە.'

ئاخر من پێویستم بەوە نەبوو پۆستکاردەکە لەدەستم بگرم تابزانم چی تێدا نوســراوە. چــونکە ئەو نەیــدەزانی هەمــوو وشــەیەك، کە خوێنــدیەوە لەبەرم کردبوو. بە سەرجەم پنت و وێرگوڵەکانیشیەوە هەر هەموویم ئەزبەرکردبوو.

کاتێکیش ئەفسەر ماك لاولین لێیدا و رۆیشــت، مــن دانیشــتمەوە. قــوڕگم گیرا بوو، چاوەکانیشم ئاویان لێدەهات. هەوڵمدا تــابۆم بکــرێ بە هێــوری و ژیرانە بمێنمەوە، بەڵام دیسان لەدەســتم دانەوە. زلــلەم لەخــۆم دا، ئەمەش دادی نەدا. دیسان لەخۆم دایەوە. دەکرێ بڵــێم ئەم رۆژەم لێــدەبێتە رۆژێکــی خراپ.

ئیسکەندەر تۆپراك

## راسیزم و ئاردەبرنج
لەندەن، دیسێمبەری ١٩٧٧

لەو کاتەی پەمبێ وەک کچی حەوتەمی دایکێک لەدایک بوو، کە خواخوای بوو کوڕێکی ببێ، بینی جیهان ماڵی خاترخاترانە و نایەکسانییە، هەندێکیشی وای پێقایل بوو، کە شێوازێکی لەگۆڕان نەهاتووی بنیادەمە. بەڵام هەرگیز وەک خۆی توشی گێچەڵێکی وانەهات، تا ئەوێ ڕۆژێی دیسێمبەری ،١٩٧٧ کە ئەوی تیدا بینی.
تەنها یەک مەعمیل لە سالۆنی کریستیال سیزەر(مقەسی کریستالی) هەبوو، ئەویش خانمە کارمەندێکی کتێبخانەی خانەنشین بوو، پێشدەچوو پەلەی نەبێ، ئیدی پەمبێ داوای لە ریتای خاوەنی سالۆنەکە کرد، بەڵکو بۆ بازاڕکردن کورتە پشوییێکی پێ بدا. یونس تامەزرۆی محەلەبی بوو بە گوڵوکی پرتەقال، ئەویش نیازی بوو ئێوارە بۆی ئامادە بکا.
'ریتا، ئەرێ دەکرێ بۆ سعاتێک بچمەدەر؟'
ریتا نەوەک هەر خاوەن کارەکەی بوو، بەڵکو برادەریشی بوو. ژنێکی رەشپێستی سینگ و مەمک گەورەی ددانگڕ، قەبەترین خانمی ئافریقایی بوو لەوێ، خەندە و پێکەنینەکەشی وەک خۆرەتاوی ئاسمانێکی هاوین وابوو. ریتا هەمیشە حەزی لەوەبوو باسی نیشتمانەکەی خۆی (جامایکا) بکا. لەبەر گوێی پەمبێ ناوەکە وەک هەستی گوێز و شتی سورکراو وابوو.
'ئازیزم بڕۆ،' ریتا وایپێگوت. ' من مشوری خانمە کتێبخانەوانەکە دەخۆم. گرەوت لەگەڵ دەکەم ئەو هەموو شتێکم سەبارەت بە پشوەکەی لە ئیتاڵیا بۆ دەگێڕێتەوە.'
پەمبێ، کە لە سالۆنەکە دەرچوو لەیەک کاتدا هەستی بە سوکی و قوڕسییەک کرد. هەستی بە سوکەڵەییەک کرد، چونکە سعاتێکی رەبەقی

بۆ خۆی لەبەر دەست دابوو. هەستیشی بە بارگرانییێک کرد، چونکە لەم دواییانەدا کاروباری بەباشی بەڕێوە نەدەچوو. ئەسما هەمیشە مڕومۆن بوو، کتێبێکی بەدەستەوە بوو، قۆناخێکی ژیانی تێدەپەڕاند. ئەسکەندەریش خراپتر ببوو. هەمو شەوێک بە درەنگەوە دەگەڕایەوە ماڵ، خەمی ئەوەی لێدەخوارد برادەری خراپی پەیداکردبێ؛ ئەوسا مێردەکەی... بەڵێ بەراستی نەیدەزانی ئەو ماوەیە چی بەسەرهاتووە، بەهەفتە ون دەبوو، کە دەشهاتەوە بۆن و بەرامەی ژنێکی دیکەی لەگەڵ خۆی دەهێنا.

ئادەم پیاوێکی خەمگین بوو. هەردەم باسی تافی منداڵێتی خۆی دەکرد، هەر دەهاتەوە سەر یادەوەرییە لەدەستچووەکانی، ئیدی پێینەدەکرا خۆی لێ قوتاربکا. ئەوەش وەک بابۆڵەیەکی زیان بەخش وابوو، بەڵام سەربارەی تێرییش، چارەشی نەبوو دەبووایە هەر قوتی بدابایە. باسوخواسی بەبێ ئەنقەست دەبردەوە سەر رابردوو. هەرچی پەمبێش بوو، متمانەی بە رۆژگار یاخود بە نزا و ویردەکانی هەبوو، بەڵکو رۆژێک بێ بەخت یاوەری بێ، بۆیە زۆری سکاڵا نەدەکرد. بۆ ئەو ئایندە بەڵێنستان بوو. ئەو هێشتا بەوێ نەگەیشتبوو، بەڵام بڕوای هەبوو، کە ئایندەیەکی گەش و جوانی دەبێ. ئەوێ شوێنگەیەکی پڕ لە ئەگەرە، مۆزایکێکی هەمەڕەنگە بۆ خۆی، جارێک لەبارێکی رێسادار دایە، کەڕەتێکی دیکە پاشاگەردانییە، ئیدی خۆی خۆی نۆژەن دەکاتەوە.

بۆ ئەو، رابردوو مەزارگەیەکە. کاریگەر و مەحکەم و نەگۆڕ، لەسەروی هەمووشیانەوە بەردەوامە. سەلمێنەری دەستپێکی هەموو شتێکە بۆی؛ هەستێکی نێوەندگیر و پێوەنوساو بەردەوامیی پێدەدا. دڵسۆزانە چەند جاران سەری دەدا، ئەمەش کەمتر لەپێویستی بوو لەوەی لە هەستی بە ئەرک زانین بێ، هەروەک ئەوەی ملکەچی خواستێکی مەزن بێ. لەوکاتەی ئادەم سەبارەت بە رابردوو دیندارانە دەجوڵایەوە، پەمبێش بە ئایندە متمانەدار بوو.

بە پێچەوانەی خۆرە نەرمەکەی سەر لەبەیانی، دوای نیوەڕۆ کەش و هەوا سارد و بە با بوو. پەمبێ چاکەتە بۆرە قۆپچە داخراوەکانی لەبەردابوو، بەهۆیەوە لەتەمەنی خۆی گەورەتر دەبینرا، وەک ئەوەی کچێکی سەردەمی شەڕ بێ و ناچار بێ توند دەست بە قرۆشەکانی گیرفانیەوە بگرێ، ئاخر خۆ هەرواشی کرد. ئەو خێرا چووە

سوپەرمارکێتی تێسکۆ و کەلوپەلەکانی خۆی کڕین. هەر لەوکاتەش بەلای نانەواکەی لای سوچەکە تێپەڕی، جۆرە چوکلاتێکی لەپەنجەرەکەدا بینی. زۆریش گەورە نەبوو، ناوەکەی پڕ کرێم بوو ، بچوک و بریقەدار بوو، بە شێوەیەک حەزی چوێ.

خۆ بەدەگمەنیش بەدوای نەوسی خۆیدا دەچوو، بەڵام دەستبەجێ بۆ کڕینی شیرینیەکە چووە نێو دوکانەکە، لەگەڵ چوونە ژوردا زەنگی دەرگا ترینگەیەکی شادمانیانەی لێوەهات. لەژورەوە، نانەواکە خانمێکی گۆشتن بوو، دەماری قاچەکانی هەڵاوساو دیاربوون، جوت برۆیەکی تەنکی هەبوو، بەئاستەم دەبینرا، دیاربوو لەگەڵ ناسیاوێکی خەریکی قسەکردن بوو. لەوکاتەی یاریدەرەکەی لە خزمەتی مەعمیلێکیان دابوو. یاریدەدەرەکە پیاوێکی لاواز، تەمەنی نەدەگەیشتە بیست ساڵی، دووچاوی وردیلەی شینی موروئاسا، رومەتەکانی سورهەڵگەڕابوون، دیاربوو نیشانەی حەساسیەی پێستی بوون، پرچەکەشی ئەوەندە کورت تراشیبوو بە ئاستەم رەنگەکەی دەناسرایەوە. نێوچاوانیشی پڕ خاڵ بوو، دەست و قۆڵیشی پڕ لە تاتو بوو، لەنێویشیدا خاچێکی گەورەی چەماوە هەبوو.

لەبەر ئەوەی کڕیارێکی دیکە، خانمێکی رێکپۆشی تەمەندار لەپێش پەمبێ بوو، بۆیە چاوەڕێی نۆرەی خۆیی دەکرد. خولەکێک دواتر زەنگی دەرگاکە لێیدایەوە، پیاوێکی تەمەن مام ناوەندی لێوەژورکەوت، بەڵام پەمبێ بە ئاستەم بینی و نەیبینی.

پیرەژنەکە لەسەر شتەکانی زۆر راڕابوو، هەر چرکەیەک و رای خۆی لەسەر ئەو شتەی دەیکڕی دەگۆڕی. ژنەکە سێ کێکە پانە بچکۆلەکانی دەویستن، نەخێر چواری داواکردن، بەڵام تۆبڵێی کێکی ئیسکلیشی نەوێ، نەخێر بیرۆکەی خۆی گۆڕی، ئەو کێکی میوەی داخوازکرد. کێکی فراوڵەی بەدڵ بوو، بەڵام تۆبڵێی تازە بێ. تۆبڵێ بەتام بێ، ئیدی ئەوەندە بەدۆدی و بۆدی بوو. بەمجۆرە ماوەیەکی زۆری خایاند.

هەر جارێک پیرەژنەکە لەسەر شتێک رای خۆی دەگۆڕی، گەنجەکەی سەر دەخیلەکە شتەکەی لادەبرد و دەیگێڕایەوە شوێنی خۆی، دەوەستا تا خانمەکە داوای شتێکی دیکەی دەکرد. لەدواییدا کاتێ ژنەکە یەکلابووە و شتەکانی خۆی دانان، هاتە سەر ئەوەی ئاخۆ چۆنیان بپێچێتەوە، ئایا بیانخاتە بەرگێکی کاغەز کە سوک و ئاسانە، بەڵام خۆ لەوانەیە

لەڕێگا بە ئاسانی بدرێ، یاخود بیانخاتە نێو پاکەتێک، هەڵبەت ئەمە سەلامەتترە، بەڵام خۆ هەڵگرتنی قورسە. گەنجەکەی پشت دەخیلەکە چاوێکی هەڵبڕی، بینی پەمبێ لە نۆرەکەدا وەستاوە. پەمبێ تێبینی ئەوەی نەکرد، کە سەخڵەتییێک لەچاوانی کوڕەکە دایە، بەڵام ئەو کڕیارەی دوای ئەو بینی.
لەکۆتاییدا پیرەژنەکە هەرچۆنێک بێ، شتەکانی کڕین و ئەوەندەش بە هێواشی رۆیشت، زەنگی دەرگاکە لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکە لێنەدرا. هەنوکە نۆرەی پەمبێ هات و سەرێکی بۆ کوڕەکە لەقاند، بەڵام ئەو پشتگوێی خست و خەریکی رێکخستنەوەی هەندێ شتی سەر رەفەکەی پشتی بوو. ئەوسا بایداوە سەر رەفەیەکی دیکە، هەندێ سندوق و کارتۆنی بردن و گەڕاندیەوە شوێنی خۆیان.
'بەیارمەتیت،' پەمبێ وای پێگوت و ئاماژەشی بە جۆری نوقڵەکان کرد. 'دەکرێ لەوەم بدەیتێ... تکایە دوو دانە؟'
'نۆرەی خۆت بگرە،' کوڕەکە منگەیەکی وای لێهات، تۆزیشی لە دەلینگەکانی خۆی دادەکوتا. پەمبێ زیاتر بە تۆنی دەنگی گوتنەکە شڵەژا لەوەی بە واتاکەی، بۆیە بۆ ساتێک دوودڵ بوو. ئیدی لەوکاتەدا بوو، کە کڕیارەکەی دیکە هاتە نێوەوە، 'ئاخر خۆ ئەوە نۆرەی ئەوە.'
ئەم قسەیە کاری خۆی کرد. یاریدەدەرەکە وازی لە خۆداکوتان هێنا، چاوێکی سەیری لە پەمبێ کرد، 'کەواتە چیت دەوێ؟'
ئاخر پەمبێ هەرگیز پێشتر توشی روبەڕوبوونەوەیەکی وا نەهاتبووەوە، بیرۆکەی ئەوەی خەڵک لەسەر رەنگی پێست، لەسەر دیین، یان لەسەر چیین رقیان لێکبێتەوە، لای ئەو وەک بەفربارین لە چلەی هاویندا نامۆ بوو. ئەمەش ئەوەی نەدەگەیاند کە لایدە و غەوارە رەفتاری ناشیرینیان لەگەڵدا نەکردبێ، بەڵام خۆ ئەوە شتێکی کاتی بوو، ئەوە نەبوو خەڵک پێشوەخت و لێبڕاوانە لەسەر ئەو جیاوازیانە حوکمی بەسەردا بدەن. ئەو دەیزانی ماڵباتی تۆپراک لە دراوسێ ئینگلیزەکانی جیاوازە، هێشتاش تورک و کورد لێکجیاوازن، هەروەها هەندێ کوردیش بە تەواوی لە باقی کوردەکانی دیکە جیاوازن. تەنانەت لە کوێرە دێکەی سەر گوێی چۆمی فراتیش، هەموو ماڵباتێک چیرۆکی جیاوازی خۆی هەبوو. خۆ ئەگەر خوا ویستبای مرۆڤایەتی وەک یەک دروست بکا، بێگومان دەیکرد. پەمبێ هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو ئاخۆ بۆچی یەزدان ئەو

هەمــوو جیاوازییـــانەی لەنێــو بونەوەرەکانیــدا ئافرانــدووە، بەڵام ئەو بڕوای بە مەبەستی خواوەنـد لە فرە جیاوازییەکانـدا هەبـوو. قـایلبوون بەو رەوشـــە جیاوازییـــانەی خەڵکـــی، لای ئەو ریزگرتنـــی خشـــتە پیرۆزیەکەی خواوەند بوو.

راستیەکەی، کاتێـک پەمبێ دەهـاتە سـەر جیـاوازیە زگماکییەکـان، زۆر لێبوردەییانە بوو. بەڵام ئەوەی نەیدەتوانی خـۆی لەگەڵـدا رابێنـێ، ئەو جیاوازیانە بـوو کە دواتـر دەهـاتنە ئـارا. بۆنمـونە ئەو لـۆتییەی پۆڕی پرچـی وەک پـۆپنەی کەڵەبـاب لێـدەکا، ئەو مێردمنـداڵەی برۆکـانی هەڵدەکەنێ، ئەو گۆرانیبێژەی هەموو جەستەی دەکوتێ یـاخود ئەسمای کچـی، کە زۆر حەزی لە پـانتلۆن و بـازنەی دەسـتە، ئیـدی ئەو ئەم شتانەی بۆ قووت نەدەدران. ئەم تێڕامانەشی هەندێ جـاران گێچەڵـی بـۆ دەنـایەوە. بۆنمـونە کاتێـک توشـی یەکێکـی لـۆتی (هاوڕەگەزبـاز) دەبووەوە، پەمبێ دەیویست بزانـێ ئـاخۆ بەرامبەرەکەی هەر لە زگمـاک وایە، یان دواتر وایلێهاتووە. خۆ ئەگەر شتەکە خواکرد بێ، ئەوا قەیدی نیـــیە؛ بەڵام ئەگەر شـــتەکە مرۆڤکـــرد بـــێ، نەیدەســـەلماند. بەڵام خـــۆ لەدواییدا هەموو شتێک هەر بۆ خودا دەگەڕایەوە، هەر بـۆیە کەمتـر ئەو هەستە قێزەونەی بەرامبەر شتەکان دەردەبڕی.

ئیدی کاتی دوکانـدارەکە لێـی پرسـی ئـاخۆ چـی دەوێ، پەمبـی گـوێی لە پرسیارەکە بوو، بەڵام نەوەک لەو تۆنە لەبنەوە، لەبەر لێوەکانی کابرا هاتنەدەر. شایسـتە و بەڕێـزەوە وەڵامـی دایەوە، 'تکـایە یەکێـک لەمە و یەکێکیش لەوی دیکە.'

کـابرا سـەیری مەودایەکـی سـەروی ئەوی کـرد، وەک ئەوەی پەمبـێ هەر دیار نەبێ. 'تۆبڵێی ئەو شتانە ناوی خۆیان نەبێ؟' وای لێپرسی.

پەمبـێ وای بیرکـردەوە لە پرسـیارەکەی نەگەیشـتبێ، بـۆیە لە تریـانی چوکلات و کێکەکان نزیک کەوتەوە ئاماژەی پێـدان، بـێ ئەوەی ئاگاشـی لەوە بێ، کە دامێنی عەباکەی بەر تۆپەڵە دارچینیەکان بکەوێ.

'هۆو، دەست لەوانە مەدە،' کابراکە بە سەریدا قیژاند. یەکێک لە تۆپەڵە دارچینییەکانی هەڵگرتەوە و پشکنی. 'هێی، ئیدی ناتوانم چیدیکە ئەوانە بفرۆشم.'

'بۆچی؟'

'ئایا ئەو توکە نابینی بە سەریانەوە؟' بە پرتەوبۆڵەوە وایپێگوت، 'خۆ ئەوە هەمووی هی عەباکەی تۆیە. بۆیە دەبێ هەر هەموو سەبەتە دارچینیەکانم لێبکڕی.'
"تۆپەڵە موو؟' پەمبێ وشەکەی وا لەدەم دەرپەڕی وەک ئەوەی تامێکی تفتی لەسەر زمان بێ. 'نەخێر، نەخێر، من هەموو ئەمەم ناوێ،' لەبەر شپرزەیی دەستی جوڵاند، ئیدی دەستی بەر بارستە کێکێک کەوت و پاکەتێکی لێبەربووە سەر زەوی.
کابرای دوکاندار سەرێکی هەژاند. 'واو واو، تۆ هەموو شتێکت تێکوپێک دا.'
ئەو هەراو هوریایە سەرنجی خاوەن نانەواخانەکەی راکێشا، ئیدی کە گوێی لەم شتە بوو، ئەویش بەرەو رویان هات.
'ئەم ژنە هەموو کێکەکانی تێکدا و بەگۆڕێی وەرکردن. پێمگوتووە دەبێ هەر هەموویان بکڕێ، بەڵام دەڵێ نایانکڕم.'
لەبەردەم خاوەنی نانەواخانەکە دەموچاوی پەمبێ سور هەڵگەڕا.
'یاریدەدەری دوکانەکە ئەوەشی بۆ زیادکرد، 'پێموایە تەنانەت ئینگلیزیش نازانێ.'
'بەڵێ دەیزانم،' پەمبێ وای وەڵام دایەوە.
'کەواتە هەردەبێ لەو قسەیەی گەیشتبی، کە پێیگوتی،' خاوەن نانەواخانەکە بە هێواشی و بەدەنگێکی کەمێک بەرز کە پێویست نەبوو وابێ، پێیگوت، وەک ئەوەی پەمبێ گوێی گران بێ.
'بەڵام خۆ ئەو دەڵێ دەبێ هەموو تریانەکە بکڕم. منیش ئەو هەموو پارەیەم نییە.'
ئیدی یاریدەدەرەکە دەستێکی بۆسەر سینگی بردەوە و گوتی، 'کەواتە زەنگ بۆ پۆلیس لێدەدەین.'
'نا، بۆ پۆلیس، ئاخر بۆچی؟' پەمبێ خەریک بوو بتۆقێ.
'ئحم.' ئەوە دەنگی ئەو کڕیارە بوو، کە لە پشت پەمبێیەوە نۆرەی گرتبوو، کۆخەیەکی بۆ کرد. هەنووکە هەموو نیگاکان چوونە سەر پیاوەکەی ماخۆی دەنگەکە. 'من بەزموورەزمی کێکەکانم بینی،' ئەو وای گوت. ' لەسەریشمە چەند وشەیەک بڵێم. خۆ ئەگەر قانون بێتە ناو ناوانەوە، من تاکە گەواهیدەرم لێرە.'
'ئەوسا؟' یاریدەرەکە وای پێگوت.

'من ڕووەکەی دیکەی چیرۆکەکەیان پێڕادەگەیەنم.'
'ڕوی چی؟'
'تۆ بەد ڕەفتاریت لەگەڵ ئەم مەعمیلەتدا کرد، بە ڕێکوپێکی لەگەڵی نەجوڵایتەوە. تۆ فێڵباز، بێ ئەدەب، ناهاوکار، پڕکێشە و تەنانەت سەرەڕۆش بووی.'
'پەکو پەکو، پیاو،' خاوەنی نانەواخانەکە وایگوت و خەندەیەکیشی پەڕیە سەر لێوان. ئیدی تێگەیشت دۆخەکەی لەدەست دەردەچێ. 'دەی دەبا مێشێ نەکەینە گامێش. خۆ هیچ زیانێک روینەداوە. پێویستیش بە پۆلیس ناکا.'
بە هێواشی پەمبێ ئاوڕێکی لەدواوە دایەوە، سەروسیمای مەعمیلەکەی بینی، دركی بەوە کرد وەک ئەوەی یەکەمین جارە بیبینێ. چاکەتێکی کورتی ڕەنگ تۆخی لەبەردابوو، کە سەر ئانیشکەکانی چەرمین بوون. دەموچاوێکی درێژکۆڵە، لوتێکی گەورە پرچێکی بۆرەی برییسکاوە، بۆ پشتەوەی بربوەوە. چاوە ڕەنگ خۆڵەمێشییەکانی میهرەبابانە بوون، چاویلکەشی وەک هی مامۆستایانی زانکۆ دەردەکەوت.
یادیدەرەی دوکاندارەکەش بە مووڕەوە سەیرێکی کرد. دەنگێکیشی لێوەهات، 'باشە، چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟'
'یەکەمجار خانمەکە بەڕێ بکە،' کڕیارەکە وای پێگوتەوە. 'خۆ تا ئێستا ئەوت بەڕێ نەکردووە.'
❖
ئەوان بەیەکەوە لە نانەواخانەکە هاتنەدەر، دوو نامۆ، روداوێک کۆیان دەکاتەوە. خۆ شتێکی سروشتیش بوو چەند خولەکێک بەیەکەوە بڕۆن، بەو شتەی توشیان هات ئاسودەیی خۆیان دەربڕن و دۆستایەتییێک لەنێوانیاندا پەیدا ببێ. پیاوەکە سوربوو لەسەر ئەوەی شتەکانی پەمبێ هەڵبگرێ، ئەوەش هەر شتێکی ئاسایی بوو، لەکاتێکدا هەرگیز شتێکی وای لە گەڕەکەکەی نەدەپەژراند.
ئەوان ڕۆیشتن تا گەیشتنە بەردەم گۆڕەپانێکی یاری نزیک، یاریگاکە چۆڵ و هۆڵ بوو، لەوانەیە ئەمەش لەبەر باری نالەباری کەشوهەوا بێ. تا ئەوکات بایەکە ئەوەندە بەهێز بوو گەڵای داری بە هەوادا وششەیان دەهات، وەک باهۆزێک بەزەوی دادەدان. هەرچەندە ئەو لەوکاتەی هاتۆتە ئینگلستان بۆ یەکەمین جاری بووە، پەمبێ هەستێکی وای

لاپەیدا بوو، کە بەرەو کەشەکە رایدەکێشێ، سەرباری باوباران و هەورەکانیش، خەریک بوو شتێکی بە سەردابێ لە کەشەکە رابێ و خۆشی بوێ. تادەهاتیش دەبووە ژنێکی پڕ تێڕامان.
کابرا بە تیلە چاو سەیرێکی پەمبێی کرد، تێبینی ئەوەی کرد روخساری چەند لە بەندوباوی ئارایشتەوە دورە، پرچەکەشی ئازادانە بەبێ پەچە رەنگی پایزی دەدا، رەنگێکی ئەرخەوانی بریسکاوە، پێدەچوو خاوەنەکەی هەر گوێشی پێنەدا. سەرنجی ئەوەشی دا، لێوی پڕ و خاڵێکی سەر رومەتی بۆ خۆی رادەکێشێ، بەڵام بیری لەخۆی کردەوە. ئای لێبژاردەی سروشت چەند سەیرو نامۆیە، خۆ گەر ئەم خانمە لەخۆی بخەوتێ و جلوبەرگێکی دیکە بپۆشێ، خۆی بە جۆرێکی دیکە هەڵبخا، هەڵبەتە سەرنجی زۆر چاوی سەر شەقامەکە بۆخۆی رادەکێشێ.. رەنگبێ ئەوەش هەرباشتر بێ کە جوانییەکەی هەر بە نیوەیی دەرکەوتووە.
'ئەو کوڕە شێت بوو،' پەمبێ وایگوت و هێشتاش هەر بیری لەو شتەی لە نانەواخانەکە رویدا، دەکردەوە.
'خۆ کوڕەکە شێت نەبوو،' پیاوەکە قسەکەی رەتکردەوە، 'بەڵکو ئەو راسیست بوو.'
پەمبێ ئیستێکی کرد، ئەوسا هەنگاوێک کشایەوە دواوە. ***راسیست ئەو کەسانەن رەشپێستیان خۆش ناوێن و دژی ریتاشن.*** 'خۆ من رەشپێست نیم،' وای پێگوتەوە.
پیاوەکە بە نوکتەکەی پێکەنی. کاتێکیش تێگەیشت قسەکەی پەمبێ نوکتە نەبوو، سەرسوڕماوانە سەیرێکی کرد. 'خۆ پێویست ناکا لە بەردەم راسیستێکدا رەشپێست بی تا دژت بوەستێتەوە. زۆر جۆری راسیزم هەن، هەرچەندە گەر لێشم بپرسی، ئەوا پێت دەڵێم هەموویان هەر وەک یەک وان.'
پەمبێ گوێی لێگرتبوو، هەوڵیدا ئەکسێنتەکەی، کە شتێکی جیاواز بوو لەوەی تا ئێستا گوێی لێببو، پەی پێ ببا.
'سپی پێست هەن کەیفیان بە چارەی رەشپێستەکان نایە،' بەو شێوە هیوابەخشە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو؛ 'هەروەها سپی پێست هەن رقیان لە گەنم رەنگەکانە. بۆئەوەی پرسەکە ئاڵۆزوبڵۆزتر بێ، هەندێ رەشپێستیش هەن قینیان لە گەنم رەنگەکانە، گەنم رەنگیش هەن قینیان

لە رەشپێستەکانە، هەرلەوەش گەڕێ کە رەشپێست، سپی پێست و گەنم رەنگ قینیان لەخۆشیان و هەموو شتێک دەبێتەوە. ئەوسا هەڵبەتە دیین دێ، کە دابەشبوونێکی زۆری تێدایە. هەندێ موسڵمان رقیان لەهەموو جوەکانە، هەندێ جولەکەش رقیان لەهەموو موسڵمانەکانە. ئاوها هەندێ کریستیانیش هەن رقیان لە هەر هەموویانە."

'ئاخر ئەو هەموو رق و قینە بۆچی؟' پەمبێ وای لێپرسی.

زیاتر لە ناواخنی پرسیارەکە، شێوازی پرسیارەکە سادەیی و بێوەیی پەمبێی بۆ کابرا دەرخست، کە هەروەک منداڵێک وابوو. بۆی دەرکەوت خانمەکە شتەکەی زۆر بەهەند هەڵگرتبوو. بەرزبوونەوەی بێکاریی، هەژاری و نەداری، ترس لە بێگانە، بەیەکدادانی هزرەکان، قەیرانی نەوت... لەو ساتەدا هیچ لەمانەی سەرو وەڵامێکی پڕبەپێستی پرسیارە سادەکە نەبوون. کابراش، کە کەسێکی گومانکەری دێرین بوو، بێ بڕوایەکی بەردەوام و هەمیشە رەشبین بوو، پیاوێک بوو بڕوای بە هەواڵەکان و رۆژنامەکان نەبوو، گومانی لە هەموو شتێک هەبوو، بە راستیەکانی خۆشیەوە؛ پێیوابوو لەنگەرگایەکی سەلامەت لە ئایندەدا بۆ مرۆڤایەتی لەگۆڕێدا نییە، ئیدی هەر لەبەر خۆی ئەوەی دووبارە دەکردەوە، هەروەک ئەوەی لەدورەوە دەنگ بداتەوە 'ئممم خۆ ئەوەش تەواو راستە، بەڵام ئەی ئەو قینە لەپای چی؟'

دواتر هیچ کامیان ئەوەیان لەیاد نەبوو ئاخۆ بیرۆکەی کێ بوو لەو یاریگایەدا دابنیشن. پەمبێ بە ئینگلیزییە شەقوشڕەکەی پێیگوت، کە وەک دەلاکێکی ژنان لە سالۆنێک کاردەکا و تەنها وچانێکی کورتی یەک سعاتەی وەرگرتووە تاکو ئاردە برنج بکڕێ. بەڵام بەستەی لێنەبوو بیکڕێ، وای پێگوت ئیدی وەک یەکێک بگەڕێتەوە ئەستەمبۆل، گوتی دەبێ شتەکەی بە بادام بۆ دروست بکەم. بۆ مایەی سەرسامیی ژنەکە، پیاوەکە بە پەرۆشەوە گوێی بۆ راگرتبوو. پەمبێ هەرگیز بیری لەوە نەکردبووەوە پیاوێک وا موشتاقانە گوێ بۆ بۆ باسوخواسی چێشتلێنان بگرێ.

'کەواتە تۆ تورکی؟' پیاوەکە وای لێپرسی.

هەرگیز بۆنەیەکی وای بۆ نەهاتبوو بڵێ کوردم، هەموو جارێ، کاتی ویستووە تا کوردبوونەکەی خۆی ئاشکرا بکا. بۆیە لە بەرامبەر پرسیارەکەی کابرا سەری لەقاند.

پیـاوەکەش بەلاسـایی کـردنەوەی دەنگـی کچێـک و بە تـورکی پێیگـوت، 'خاتون من شیرنەمەنی تورکییم پێیە.'
پەمبێش سەرسوڕماو و چاوزەق سەیرێکی کرد. بۆ مایەی سەرسامیەکەی پیاوەکە
بە پێکەنیـــنەوە گــوتی، 'بەداخەوە بــۆ ئەو رســتەیەم، هەر هێنـــدەی لێدەزانم، هەر چەند وشەیەکی کەم دەزانم.'
'بەڵام چۆن؟'

داپیرەم گریکیی بوو.' ئەو وای پێگوت. 'داپیرەم خەڵکی ئەستەمبۆل بـوو. ئەو یەک دوو وشە تورکییەی فێرکردم. ئای، داپیـرەم چەنـد شـارەکەی خۆش دەویست.'
ئەو ئەمەی بە پەمبـێ نەگـوت، کە داپیـرەکەی لەسـەروبەندی کۆتـایی هاتنی ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانیدا، ئەسـتەمبۆلی جێهێشـتووە و پاشـان مێردی بە بازرگانێکی رۆژهەڵاتـی کردبـوو، ئیـدی تـا ئەو رۆژەی کـۆچی دواییشی کرد هەر غەریبی دراوسێ و خانوەکەی لەسـەر بسـفۆر کـرد. لە جیاتی ئەوە هەوڵیدا وشـەی زیـاتری هاوبەشـی تـورکی و گریکـی بەبیـر بێتەوە وەک: cacik–caciki, avanak–avanakis, ispank–panaki, citetelli–tsiftetli... ئەکسـێنت و گـۆکردنی وشـەکان پەمبێـی هێنـایە پێکەنین، بە شێوەیەک سەری خـۆی نەوی کـرد و دەنگیشـی نزمکـردەوە. ئەمەش شێوازێک بوو کاتێک خەڵکی بەددان دەرکەوتنی خۆیان شەرم بێ یان بیانەوێ خۆشی خۆیان بشارنەوە.
کــابرا لێیڕوانــی وەک ئەوەی هەســت بە خــولەکێکی دورودرێــژ بکـا و پێیگوت، 'خۆ تەنانەت تائێستا ناوەکەشت نازانم.'
پەمبـێ تـیکە موەکـانی سـەرچاوی لادا، هەرچەنـدە بەدەگمەنـیش نـاوە پێکهاتە دورودرێـژەکەی دەگـوتەوە و هەرگیـزیش وەرینەگێـڕاوەتە سـەر ئینگلیزی، بەڵام گوێی لەخۆی بووەوە گوتی، 'پەمبێ قەدەر، ئەوە واتای چارەنوسی پەمبێ دەگەیەنێ.'
ئەو وەک پەمبــێ رەچــاوی دەکــرد نە برۆکــانی تێکنــا و نە لە قــرتەی پێکەنینیشی دا. لەبری ئەوە لێیەوە ڕامـا هەروەک ئەوەی ژنەکە رازێکـی خەمبارانەی بۆ دەربڕیبێ. ئەوسا پێیگوت، 'ناوەکەت شعرییانەیە.'

هەنوکە پەمبێ وشەی 'شعری' بە ئینگلیزی زانی. بەڵێ دەیزانی. پێشکەنی. بۆ یەکەمین جار دوای ماوەیەکی دورو درێژ، پێکەنی. پەمبێ هەگبەکەی کردەوە، ئەو شتەی لای نانەواکەی کڕیبوو، چوکلاتێکی لێدەرهێنا، دانەیەکی دایە پیاوەکە و دانەیەکی بۆخۆی هێشتەوە. ئەویش لەبەرامبەردا ئەو میوەیەی کڕی بووی، لەگەڵیدا بەشکرد. کەوتنە سەر خواردن، سەرەتا بە بێدەنگی، پاشان وشەی مەرجداری وەک 'گەر'، 'بەڵکو'، 'خۆ من دڵنیا نیم بەڵام...' بەرە بەرە تا بازاڕی قسەیان دەربارەی راسیزم و ئاردە برنج گەرم کرد.
کابرا ناوی ئەلیاس Elias بوو. ئەویش وەک پەمبی، هەشت ساڵ دەبێ هاتۆتە لەندەن. ئەو شارەکەشی خۆش دەوێ، هیچ هەستێکی بێگانەبوونیشی نییە، چونکە ئەو لەناخی دڵ هەروا بووە: لە هەموو شوێنێک نامۆ و غەریبە. هەروەک پەمبێ گوێی لێگرتبوو، خواخوای ئەوەی بوو ئینگلیزییەکەی رەوان بووایە. بەڵام خۆ حەوجە بەوە نییە زمانێکی رەوان و پەتی بزانی تا قسەی پێ بکەی، ئایا وایە؟ خۆ لەگەڵ مێردەکەیدا بە هەمان زمانی یەکدی دەپەیڤن، بەڵام بە دەگمەن گفتوگۆیان درێژە دەکێشا، تەنانەت هەر پەیوندیشیان لەنێودا نەمابوو.
'کەواتە تۆ یۆنانی؟' پەمبێ وای لێپرسی.
ژنەکە ئەوەی بە کابراکە نەگوت، کە شوبرای تاریق چ بیروڕایەکی سەبارەت بە گریکەکان هەیە. یاخود ئەو شتە نەرێیانەی دەربارەی ئەوانی بیستبوو.
'بەڵێ. کتومت واش نیم. من چارەگێکم گریکییە، چارەگێک لوبنانی، چارەگێک ئێرانی چارەگەکەی دیکە کەنەدییم.'
'بەڵام چۆن؟'
'بەڵێ، وەک دەبینی داپیرەم مێردی بە لوبنانییەک کرد و دایکی منی بوو. ئەویش باوکمی بینی. دایبابی باوکم هاوڵاتی کەنەدی بوون، بەڵام بە ڕەچەڵەک ئێرانی بوون. من لە بەیروت لەدایک بووم، کەچی لە مۆنتریال گەورەبووم، هەنوکەش لە لەندەنم. کەواتە، ئەو هەمووە دەمکا بە چی؟'
***ئەو هەموو گەشتانە، ئەو هەموو دابڕانە و ئەو هەموو دەستپێکە تازانە لە شوێنێکی نەناسراو. تۆبڵێی ئەو لەو هەموو ناسەقامگیرییەی دەوروبەری نەتۆقابێ؟*** پەمبێ بەبیری هاتەوە، چەند حەزی لێبوو ببێتە دەریاوان، تا

دوردور بە نێو بەندەری حەفت وڵاتاندا بڕوا، وەلێ ئەم حەزەی هی سەردەمێکی لەمێژینە بوو.
وەک ئەوەی ئەلیاس هەرزی پەمبێی خوێندبێتەوە، بە خەندەیەکەوە پێیگوت، 'هێی، خۆ ئەوەش شتێکی وا خراپ نییە. هەندێک کەس سەر بە هەموو شوێنێکن.'
لەپڕ نیگای کەوتە سەر ئەڵقەی خوازبێنی دەستی. هەرچەندە پەمبێ درکی بەوە نەدەکرد، کە کەمترین هێمای ئەڵقەی هاوسەرێتی بوونی مابێ، ئەوەش لای ئەو تارمایی ژنێک بوو، دەمێکە رەویتەوە، بەڵام هێشتاش شوێنەوارەکەیی بە تەواوی رەش نەبۆتەوە.
پەمبێ لێیپرسی، 'ئەرێ تۆ کار دەکەی؟'
'بەڵێ، ئەز سەرکاری چێشتلێنەرانم.'
بەم وەڵامە، دەموچاوی پەمبێ کرانەوە، 'بە ڕاستی؟'

'بەڵێ، ئەو وایپێگوت. 'گرەوت لەگەڵ دەکەم منیش محەلەبی برنج وەک تۆ باش دروست دەکەم.'
پەمبێ بە خەیاڵ ئەوەی هێنایە بەرچاوان، کە پیاوەکە پیاز و گێزەر قاشقاش بکا لەناو مەنجەڵێکدا سوریان بکاتەوە. بیرۆکەکە ئەوەندە بۆی نامۆ بوو، پێکەنینی پێهات و قاقایەکی لێدەرچوو، ئیدی لەپڕ بێدەنگ بوو لە هەست روشانی بەرامبەرەکەی ترسا. ئەو پیاوانەی دەیناسین بە دەگمەن دەچوونە ناندین، کە دەشچوون بۆ خواردنەوەی ئاو دەچوون، تا ئیستاش کە دوو کوڕی گەورە کردووە هەروا لێڕاهاتوون، نەخاسمە ئەسکەندەر.
پێی گوت، 'ئای ژنەکەت چەند بە بەختە.'
'من و ژنەکەم لێکجیابووینەتەوە.' ئێلیاس وای پێگوت، بە دەستیش ئاماژەیەکی وای کرد وەک ئەوەی پارچە نانێک دوو لەت بکا.
زیرەکانە پەمبێ روی دەمەتەقێی بە ئاقارێکی دیکەدا برد. 'ئەدی باوکت چی پێ گوتی؟ ئایا قایل بوو ببیتە چێشتلێنەر؟'
خۆ ئەمە پرسیارێکی سەیر بوو، وەلێ هێشتاش هەر پرسیارێکی راستورەوا بوو. بۆی رونکردەوە ساڵانێکە باوکی قسەی لەگەڵدا نەکردووە، دەنگیشی بەرزونزم دەبووەوە، لەم ساڵانەی دواییدا کاروباری باش بەڕێوە دەچوو. پێشی گوت، خولیای چێشتلێنانی

دەگەڕێتەوە بۆ تافی منداڵی، ئیدی ئەو بەدوای شتێک دەگەڕا، کە خوشکەکەی پێ دڵخۆش بکا.
پەمبێش لێیپرسی،' ئایا خوشکەکەت نەخۆش بوو؟'
'نەخێر، ئەو شتێکی تایبەت بوو.'
ئەو پێیگوت منداڵانی گەڕەک وشەیەکی دیکەیان بۆ پرسی خوشکەکەی هەبوو: ئەو مێشک دواکەوتوو بوو. ئەو بەزگماک توشی داوی نەخۆشی خەمۆکی ببوو، لە روی فیزیکی و دەرونی پەککەوتە بوو. لەوکاتەی ئەو دەچووە قوتابخانەیەکی بەهرەداران، دەبوایە هەموو رۆژێ کلیۆی خوشکی رێگایەکی دور ببڕێ تا دەگاتە دەزگای تایبەت بەوان، کە لەدەرەوەی شار بوو. زۆر جاران تورە و پەست بوو، بوکەڵۆکەکانی دور تێهەڵدەدان، پرچی خۆی دەردەهێنا و گڵیشی دەخوارد. تاکە شتێک، کە ئیلیاسی گەنج بۆی دەرکەوت خوشکەکەی دڵخۆش بکا، خواردنی خۆش بوو. کێکی سێوی تەڕوتازی پێ خۆش بوو، بەمە خەندەی دەکەوتە سەرلێو، ئیدی ئەمە وایکرد بگەڕێتەوە سەر دۆخێکی ئاسایی. بەمجۆرە بەرە بەرە کوڕەکە خواردنی خۆشی بۆ کلیۆ ئامادە دەکرد. لە میانەی رۆژگاریشدا بۆی دەرکەوت، کە ئەو نییە یارمەتی زۆری خوشکەکەی بدا، بەڵکو خوشکەکەی یارمەتیدەریەتی تا ئەلیاس بەدوای خولیای دڵیدا بگەڕێ.
کاتێک هەویر دەشێلێ، زەوی رەق و توند بەنێو دەمارەکانتدا دەگەڕێ. کاتێک گۆشت لە قیمە دەدەی، رۆحیانییەتی ئاژەڵەکە قسەت بۆدەکا، ئیدی دەبێ تۆش رێزی بگری. کاتێک ماسی پاک دەکەیتەوە، گوێت لە شڵپەی ئاوەکە دەبێ، کە ماسییێک تیایدا مەلەدەکا، ئیدی تۆش دەبێ بە هێواشی لە ترش و سماقی بگری، تاکە یادەوەریی روبارەکە لە پولەکەکانی بشۆیتەوە. پەمبێ گوێیگرتبوو، قسەکانی لەبەرکرد، زۆر لەوشەکانیشی لێ ون بوو، بەڵام بۆ مایەی سەرسامی، لێشی تێگەیشت.

❖

'ئای خوایە... من دەبێ بڕۆم،' پەمبێ وای گوت، هەڵسایە سەر پێیان، ئیدی ئەوکات پەی بەوە برد، چەند کاتی خایاندووە.
'ئەرێ دەکرێ یارمەتی هەڵگرتنی شتەکانت بدەم تا لای سالۆنەکە؟'
'نا، نەخێر...' ئەمەی لێبڕاوانە گوت. 'پێم هەڵدەگیرێ.'

بروسکەیەکی بە مێشکدا هات، خۆ ئەگەر لەوساتەدا ناسیاوێک راگوزەرانە لەوێ رەتبێ و بەمجۆرە بیبینێ و دواتر بیگێڕێتەوە. خەڵکی لە قسە و قسەڵۆک ناکەون، ئیدی خۆ لەوێوە قسەکە دەگاتە بەر گوێی ماڵباتەکەی. بە دڵێکی پڕەوە تێگەیشت، نابێ چیدیکە بەم شێوەیە پیاوەکە ببینێتەوە. بەبێ ئاگایی لە هزرەکانی پەمبێ، ئێلیاس کارتێکی خۆی لەگیرفان بۆ دەرهێنا.

*ئێلیاس ستیفانۆس رۆبەرت گرۆگان*

*سەرکاری چێشتلێنەران*

پەمبێش چاوێکی لە وشەکان کرد، پێی سەیربوو ئەم هەموو ناوەی هەن، ئەمەش هەروەک پاشخانی ئەو وڵاتانەی لێیەوە هاتووە. لە پشتەوەی کارتەکەش ناوی چێشتخانەکەی لەسەر نوسرابوو.

'خۆ ئەگەر رۆژئاوابوون بێی، ئەوا ناتوانم ناندینی چێشتخانەکە جێبهێڵم. کاتی ژەمی نیوەڕۆش کاتێکی باش نییە. بەڵام دەکرێ دوای سعات چوار سەربدەی، ئەوسا بەناو چێشتخانەکەت دەگێڕم و شیوێکی خۆشیشت بۆ لێدەنێم.'

لەبەرامبەردا پەمبێ هیچی پێنەدایەوە، نە کاغەز، نە ناونیشان و نە بەڵێنیش.

ئەو خۆی بردە پێشەوە ماچێک لەسەر کوڵمی پەمبێ بکا، بەڵام پەمبێ خۆی کێشایەوە، شێوا نەوەک وەڕزی بکا، ئەمەش ئازاری دەدا، بۆیە دەستی تۆقەی بۆ درێژ کرد، ئەویش ئاگای لێنەبوو، چونکە هێشتا هەر بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ بۆچی لێنەگەڕا رومەتی ماچ بکا. لە پەشێویەکی دوولایەنەدا دەستێکی بەسەر بازندی دەستدا هێنا و پەمبێش دەستێکی لەسەر شان دا. ئەم ساتە هەراسانەیەی نێوانیان هەر پیادەڕۆیەک ئاگای لێبووایە، دەیهێنایە پێکەنین، بەڵام بۆ ئەوان سەرباری دۆخە نائاسودەکە، هەریەکەیان لەوی دیکە دورکەوتەوە، هەروەک ئەوەی دەستی بە وایەرێکی بارگاوی کەوتبێ، ئاوها بەخێرایی هەریەکە و بەڕێگای خۆیدا رۆیشت.

## شۆخ و دەعباکە

لەندەن، دیسێمبەری ١٩٧٧

ڕۆژی لەدایکبوونی خاتو **تۆبیکۆ** بوو. بەر لەساڵێک کەمتر ژیانی خێزانی تۆپراک بەرەو دارمان ڕۆیشتبوو، یونسی حەفت ساڵان لە خانوی پەراگەندەکان بە قوڵی توشی داوی خۆشەویستی ببوو.
تەمەنی تۆبیکۆ گەیشتبووە بیست ساڵان. 'من نمونەی کەلوی تیرم،' یونس وای گوێ لە کچەکە بوو، نەشیدەزانی ئاخۆ ئەمە خراپە یان باشە. یونس خۆیشی لە کەلوی شێر بوو، بەڵام خۆ ئەوە هیچ شتێکی بۆ ئەو نەدەگەیاند. تاکە شتێک، کە لای ئەو دەیخوارد ئەوەبوو تا دەهات جیاوازی تەمەنیان پتر دەبوو، ئەو تێرامانەی، کە ڕۆژێک بێ و بیگاتێ تادەهات لاوازتر دەبوو، دەپوکایەوە.
بۆیە مرو مۆن لەوێ دانیشتبوو، لە سەبەتە پلاستیکیەکەدا خەریکی گەنمەشامی خواردن بوو. سەیری پەڕاگەندەکانی دەکرد بە زەوق و شەوقەوە بە بۆنەی ساڵڕۆژی لەدایکبوونەوە دیارییەکانیان پێشکەشی کچەکە دەکەن. دیارییەکانیش بریتی بوون لە: گوارەی زیوین، قردێلەی سەر، بازنەی ڕازاوە، قایشی پشت، لێفەیەک ڕۆخەکەی وشەکانی ماریجوانای دلۆڤان لەسەر هەڵکەندرابوو، چەند ملوانکەیەکی هێمادار، پۆستەری پاتی سمیس، دوو کتێبی( خۆرەتاوی ستیڤن کینگ، باکوری بێ باشوری چارلس بوکۆسکی) شەپقەیەکی پۆلیس (لە پۆلیسێک دزرابوو کاتێ لە سەر مێزی قاوەخانەیەک لەبیری کردبوو)، پۆستەرێک لەسەری نوسرابوو بێزاریی شۆڕش لەگەڵ تیشێرتێکی ڕەش، کە وێنەی تاقمە گۆرانیبێژە نەفرەتییەکانی لەسەر نوسراوبوو.
یونس خۆی لەو هەراوزەنایە دورگرتبوو، خوازیار بوو دواکەس بێ دیارییەکەی بداتە تۆبیکۆ. بۆ ئەمەش دوو هۆ هەبوون. یەکەمیان هیوادار بوو لەگەڵ کیژەکەدا بەتەنها بێ، هەتا ئەگەر بۆ چەند خولەکێکیش بێ. بەڵام خۆ لەوەش دڵنیا نەبوو ئاخۆ کچەکە دیارییەکەی

ئەوی بەدڵ دەبێ یان نا، گومانەکەشی لە دوای ئەو هەموو ریزە دیاریانەوە هات، کە پێشکەشی کچەکە کران.
بە دڵێکی پڕگومانەوە خۆی لە کونجەکە گیرکردبوو، تا کاپتنەکەی بەسەردا هات. کاپتنەکە کاوبۆیەکی جینزی تەسکی لەبەر کردبوو، یونس هەرگیز نەیبینیبوو، چاکەتێکی چەرمینیشی لەسەر لەبەرکردبوو، لەچاو جەستەی کاپتنەکەوە زۆر بچووک بوو لەگەڵ جووت پێڵاوێکی پایسکلسوارەکان. کاپتنەکە هیچ دیارییەکی نەدابووە تۆبیکۆ. تەنها ماچێکی تەڕ و بەڵێنێک: 'ئازیزەکەم هی من دواتر.'
بۆ ساتێکی کورت و دڵێکی نغرۆبوو، یونس وای بۆهات ئەویش هەمان شت بکا. دەکرا بە خۆی و رێکپۆشی قوتابخانەی، پانتۆڵێکی رەنگ خۆڵەمێشی بلوزێکی شین، کە دایکی بۆی چنی بوو و هەڵبستێ و هەنگاو بەرە و لای تۆبیکۆوە بنێ و بەدەنگێکی تەلیسماوی پێی بڵێ 'ئازیزەکەم هی منیش دواتر.'
تۆبڵێی ئەوسا تۆبیکۆ چی کردبا؟ تۆبڵێی بەو شێوەیە، کە خەندەیەکی بۆ کاپتن کرد، بۆ ئەویش هەروابکا؟ یونس وای بیر نەکردەوە. ئەو کە دەمارەکانی هەناوی گرژداهاتن، چاوەکانی نوقاندن. دایکی هەمیشە هۆشداری پێدەدا، 'کوڕم لە کچان ئاگات لەخۆت بێ. کوڕ سادەن و ئاسانن، کیژ وا نین. ئەوان وەک ساز هەڵتدەپەڕێنن.' خۆ ئەگەر وابێ، خۆ ئەگەر تۆبیکۆ وەک ئامێرێکی مۆسیقی یاریی پێبکا، ئەوا ئەو تۆنە ئاوازەی ئەو رۆژە لە یونس دەردەچێ کزو غەمگین دەبێ.
'هۆ، هاوڕێ دەتەوێ مژێکی لێبدەی؟'
یونس چاوەکانی کردنەوە، بینی گەنجێکی پۆڕدرێژ لە بەر قاچەکانی پاڵکەوتووە. چاوەکانی مۆڵلەق لە بنمیچەکە راگرتبوون، جگەرەیەکی لەنێو قامکەکاندا بوو، کە تازە دایگرساندبوو. لەسەر باڵی تاتوێک هەبوو لێی نوسرابوو: ***کاتێک کە دەوڵەمەندێک دەچەنگێ، هەژارێک دەمرێ.*** کوڕەکە بەخۆی نەبوو بیرلەخۆی بکاتەوە، خۆ گەر پەمبێ وای ببینێ، بە ناچاری دەپرسێ، ***تۆبڵێی ئەوانە چۆن قژی خۆیان بشۆن؟*** بەخۆی نییە پرسیارەکەی دووبارە دەکاتەوە، ***'ئەرێ ئەوانە پرچی خۆیان دەشۆن، وانییە؟***'
ئاخر، پێشتر یونس بیرەی خواردبووەوە و جگەرەشی کێشابوو، بەڵام هەرگیز تخونی بەنگکێشان نەکەوتبوو. ئەوەش بابەتێکی پڕمشتومڕی

ماڵی پەڕاگەندەکان بوو. لەوێدا (لایەنگرانی بەوری رەش، فێمینیستە رادیکالەکان، مارکسیستەکان و ترۆتسکییەکان) زۆر بەتوندی دژی بەنگ و ماددە هۆشبەرەکان بوون، خەڵکانێکی دیکەش لە خاوەکەدا (هیپییەکان، هیپییە کۆنەکان) هەبوون، هەندێ ماددەی دیارکروای هۆشبەریان لاپەسەند بوو، بەڵام ئەوانی دیکە (شەللاتییەکان، نهیلیستییەکان، هەلپەرستەکان) گیایان لەجیاتی حەب و دەرمانی کیمیایی بەکاردەهێنا و وزەیەکی زۆر و تورەبوونێکی زۆریان پێ لێوەردەگرت. هێشتاش خۆ ئەو جیاوازیەی ئاکنجییەکانی ئەو ماڵە پەراگەندەیە نەبوو، وای لە یونس کرد لەبەنگ کێشان دوربکەویتەوە، بەڵکو لە ترسی لەدایکی بوو.
لێ گەلۆ خۆ هەنووکە تەنها مژێکیان پێشکەش کردووە، ئیدی شتێکی وای نەدەبینی داواکەی گەنجەکە رەتبکاتەوە. بەڵکو بەرێزەوە جگەرەکەی لێوەرگرت و مژێکی قوڵی لێداو و دەستبەجێش کۆخەی پێ گەیشتێ.
'ئایا ئەو گۆرانیەیان لە قوتابخانە فێرکردووی؟' کابرا پرچ ترسێنەرە عەنتیکەکە وای پێگوت و لەبەر خۆیەوە دەستی بە گۆرانی گوتن کرد.
*'ئەرێ مژت لێدا، خەمی مێشکت بەبادا،'*
یونس قومی لێدەدا و پێدەکەنی. لەنێوان ئەو دووەدا ئەوەندە هەراوزەنا پەیدا بوو، سەرنجی ئەوانی دیکەی بە تۆبیکۆشەوە بۆ خۆ راکێشا. کچەکە بە لێروانینێکی خەمبار و سەرسورمانەوە بۆلایان هات.
'ئازیزم، ئەمە مەکە،' ئەو وای پێگوت، ئیدی جگەرەکەی لە کورەکە سەندەوە و بە لالێوی خۆیەوە گرت. 'ئەرێ بۆ وادەکەی، تا بە ئەوانی دیکە بچی؟ ئاخر تۆ جیاوازی. هەر ئەوەش وات لێدەکا تایبەتمەند بی.'
لەبەر ئەو نیگا تێبرین و لێتێگەیشتنەی دەنگی تۆبیکا، یونس بە زەحمەت هەناسەی خۆی قوت دایەوە. لەجیاتی ئەوەی ئەو کورتە وشانەی پێشتر ئامادەی کردبوون، دەربدا، خۆی وابینیەوە بە دەنگێکی تێکەڵوپێکەڵەوە بڵێ: 'خۆ منیش دیارییەکم بۆ هێناوی.'
'ئاوها؟' تۆبیکۆ بە سەرسورمانەوە وای پێگوت. 'هۆ نازدار، دەکرێ بزانم چییە؟'
یونس هەڵسایەوە، هەروەک ئەوەی سەربازێک ئامادەی فەرمان وەرگرتن بێ، سەری بەرز راگرت و سنگی بردە پێش. ئەو پاکێتەی لە

شـەوەوە بـۆی هەڵگرتبـوو، کە قوتـوێیکی زێـرین، بەرگێکـی ئـاڵتونی، شتێکی ئاڵتونی تێدابوو، رادەستی کرد.
لەنێو قوتووەکەدا تۆپە سەهۆڵێکی موزیکی رەنگ پەمبە، ئەرخەوانـی زۆر جـوان بـوو. دوو سـیما لەنێـو تـۆپەکەدا بـوون، خاتونێـک و ئۆگریک(دەعبـایەک) لەبەردەم قەڵایەک وەسـتابوون و یەکـدییان تونـد گرتبوو. خاتونەکە فستانێکی دڵڕفێنی لەبەردابوو، کەچی دێوەزمەکە بە شـەرمنی و نـاڕەحەتییەوە لە تەنیشـتی وەسـتابوو. کـاتێکیش قـوڕمیش دەکرا، جوتەکە دەکەوتنە سـەما هەروەک عاڕەبـانەی ئایسکرێمەکە، کە بە بەر ماڵاندا تێدەپەڕێ، زرینگەیەکی لێوەدەهات. کاتێک یـونس ئەمەی بینی و تێگەیشت لە هەقایەتی 'شۆخ و دەعبا'کەوە هـاتوە، ئیـدی بیـری هاتەوە تۆبیکۆ چەند هۆگری گۆرانیەکەی دایڤد بـاوی بـووە، کە هەمـان ناونیشـانی هەبـوو. خـۆ ئەگەر حەز بە مـوزیکەکە بکـا، هەڵـبەتە ئەم دیاریەشی خۆش دەوێ.
لەراستیدا یونس نیازی وابوو دیارییەکی دیکەی بۆ بهێنێ، ئەویـش هەر تۆپەڵە بەردینێکی نـاو شوشـە بـوو، بەڵام ئـاردە بـرنج بەسـەر بـوک و زاوادا بباری کاتێ لەبەردەم کڵێسەدا یەکدی ماچ دەکەن، کەچـی ئەوکـات هەندێ دودڵ بوو نەبـادا تۆبیکـۆ شـتەکەی بەدڵ نەبـێ. ئـاخر خـاتونەکە دژی شـوکردن و دژی دینـیش بـوو، دەشـیزانی لەو دۆخەدا دژی ئەوش دەبێ  برنجی بەسەردا بپرژێنن. بۆیە تۆپەڵە بەفـرە شوشـەیەکی دیـکەی هەڵبژارد، هەرچەندە گرانیش بێ و دەخیلەکەشی بۆ بەتاڵ بکاتەوە.
لەبەر چـــاوی یونســـدا تۆبیکـــۆ هـــیچ جیـــاوازیەکی لەگەڵ خـــاتونە شازادەکاندا نەبوو، جوان و بێ لەکە بوو، لەکاتێکدا ئەویش هەنـدێ لە دێـوەزمە دەچـوو. ئەویـش لەبـن ئەو قـاتە کەشـخەیەیدا لە دەعبـایەک دەچوو، کە دەستی خاتونە شۆخەکەی بۆ سەر تەختەبەنـدی سـەماکردن گرتبێ، بەڵام بە پێچەوانەی هەقایەتەکان، ئەو هێشتا نەبـۆتە پیـاو، لێ خـۆ رۆژێـک دێ وایلێـدێ. کـوڕەکە تـافی منـداڵیتی وەک کـۆڵێکی قـوڕس هەڵگرتبوو، خواخوای بوو زوو تێپەڕێ و لێی دەرباز بێ.
سادەییە روکەشیەکەی دیـارییەکە وای لە تۆبیکـۆ کـرد خـۆی بـۆ ئامـادە نەکردبـێ. بـۆیە تـۆپە شوشـەییەکەی لەنـاو لەپـی دەسـتی گرتبـوو، هەروەک ئەوەی بێچـوە چـۆلەکەیەک بـێ، بە شـادمانییەوە روی گەش بووەوە. 'واو، ئەوە زۆر نایابە!'

یونس مسکە بووەوە، ئیدی وای دانا، کە ئەو مارەی دەکا.
'چییە ئەو شتە نایابە؟' کاپتن لەروەکەی دیکەی ژورەکە لێیپرسی، بەڵام تۆبیکۆ بەرسڤی نەدایەوە.
بزەکەی یونس تادەهات بەرفراوانتر دەبوو، ئەوندە گەورە تا باڵی بەسەر قەنەفەکانی خانوەکەدا کێشا، جاڵجاڵۆکەکانی ژێرەوەی ترساند، مێشولەی دەوری گڵۆپەکانی رەواندنەوە، مۆرانەی دارەکانی نەهێشت، بە مرازبوو هەموو شتێک دیارنەمێنی و لەبەرچاوانی بزر ببێ بە نەیارە گەورەکانیشیەوە.

❖

بۆ ئێوارە درەنگ، دەنگی موزیکی کلاش و کۆکنی ریجێکت و سێکس پیستۆل لەگەڵ کێکی قەبەی دروستکراوی چوکلات و بەنانە ئەوماڵەی جەنجاڵکرد. لەسەر کێکەکەش هیچ مۆمێکی داگیرساو نەبوو، بەڵام چرا مسینە دزراوەکانی دوکانەکە شەوق و زەوقی ئاهەنگانەی پەیداکردبوو.
تا ئەو کات یونس چەندان قومی بیرە و پارچە کێکە گوماناویەکەی لرف کردبوو. هێشتا سەری گێژ نەببوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە گەدەی پێچی دەخوارد. زۆری لەخۆ کرد بەڵکو نەڕشێتەوە، لە پشتەوە دانیشت و روی لە دیوارەکە کرد. لەوێ لە تروسکاییێکی کزدا، وێنەیەکی بینی، پێشتر نەیبینی بوو. پیاوێکی چوارشانە بە کەپوێیکی زلەوە، ریشێک بە ڕەنگی خوێ و کاغەز، قژێکیی بژیش پێویستی بە شانەکردن هەبوو. لەوکاتەشدا تۆبیکۆ ساڵڕۆژی لەدایکبوونی بوو، بۆیە وای مەزندە کرد ماخۆی وێنەکە کەسێکی نزیکی ئەو بێ. 'ئەرێ ئەو وێنەیە هی باپیرتە؟' ئەو وای لە کیژەکە پرسی و ئاماژەشی بۆ وێنە هەڵواسراوەکەی سەر دیوارەکە کرد.
بەر لەوی تۆبیکۆ ئاوڕبداتەوە ئاخۆ یونس لەگەڵ چیەتی، تا وەڵامی بداتەوە؛ پیاوە سەروپرچ تۆقینەرەکە گوێی لەپرسیارەکە بوو، بە تریقەی پێکەنینەوە روی لەئەوانی دیکە کرد، 'هێی، کوڕەکە دەپرسێ ئاخۆ کارل مارکس باپیرەی تۆبیکۆیە!'
ئیدی هەموویان لە تریقەی پێکەنینیان دا. 'ئەوە باپیرەی هەمووانە،' یەکێک لەولاوە بە زەوەقەوە وای گوت.
' باپیرەشمان دەیەوێ جیهان بگۆڕێ،' کاپتنەکەش بە شادمانی و گاڵتەوە وای خۆتێهەڵقورتاند.

یونس پەی بەوەبرد شتێکی گەلحۆیانەی لەدەم هاتەدەر، بۆیە سورایی دەموچاوی گەیشتە گوێچکەکانیشی. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرامبەر کاپتنەکە قیت بووەوە و لێیپرسی، 'ئاخر ئایا ئەو شتە لەشانی ئەو گەورەتر نییە؟'

'ئەو هەم پیرە و ئەم هۆشمەندیشە.' وەڵامێک لە یەکێکی دیکەیانەوە هات.
'هەروەها قەڵەویشە،' یونس لەسەر قسەکەی سور بوو.
دیسان دەنگی تریقەی پێکەنینێکی دیکە هاتەوە، ئەمجارەیان کاپتنەکە شتەکەی زۆر بە هەند هەڵگرت، لەپڕێکدا چاوەکانی تەسک بوونەوە.
'ئەریێ برادەر، نابێ هەندێک بەڕێزتر بی؟' ئەو پیاوە پشتی تۆی گرتووە. ئەو بۆ مافی خەڵکانێکی وەک تۆ جەنگا.'
'ئەرێ ئەو تورک بوو؟' لەگەڵ ئەوەشدا یونس ئەمەشی پرسی.
ئیدی پەڕاگەندەکان ئەوەندە توند پێکەنین، یەکێکیان لەسەر قەنەفەکە بەربووەوە، ئاویشی لەچاوان هات. هێشتاش هەر پێدەکەنین، ئەوان تامەزرۆی ئەوەبوون گوێیان لە شتی زیاتریش بێ.
'کەسانێکی وەک تۆ، واتە ئەوانەی نەدارن،' کاپتنەکە وای بۆرونکردەوە. 'نەدارەکان ئەو خەڵکەن کە مافی هەبوونیان پێ ڕەوا نەبینراوە، بۆیە دەوڵەمەندەکان سامانی زیاتر لەوەی پێویستە هەیانبێ، کەڵەکە دەکەن.'
یونس لە حەیفان لێوی خوارەوەی خۆی گەستەوە.
'هیچ نمونەی بونەوەرێک لەسەر زەوەی ئەوەندەی ئادەمیزاد چاوچنۆک نییە،' کاپتن لەسەر قسەکانی خۆی رۆیشت. 'تەواوی ئابوری سەرمایەداریی لەسەر چەوساندنەوەی نەدارەکان لەلایەن داراکانەوە رۆنراوە. تۆ، من، برادەرە بچکۆلەکەی ئێرەشمان و ماڵباتەکەشی، ئێمە هەر هەمووومان رەشوڕوتەکانین! ئێمە خوێی زەویین! نەشوراوە مەزنەکانین!'
'دایکم هەمیشە ماڵەکەمان پاکدەکاتەوە،' یونس وای گوت، ئەوەش تاکە کۆمێنت بوو کە بەبیر یونسدا هاتبێتەوە.

ئەوان پێکەنین، بەڵام ئەمجارەیان جیاواز بوو. ئەمجارەیان سنورێکی هێمنانەتریان هەبوو، پێکەنینێک تێکەڵەیەک بوو لە بەزەیی پێداهاتنەوە و لایەنداریی.
هەرچەندە کاپتن تێبینی کرد میزاجی گوێگران گۆڕابوو، بەڵام لەسەر رەوایەتی قسەکانی خۆی بەردەوامبوو. 'هۆ کوڕێژگە، هەڵسەوە راستیەکە ببینە! کەسانێک وەک دایبابی تۆ هەموو کاتێک دەچەوسێندرێنەوە بۆ ئەوەی گیرفانی کەسانی دیکە پڕ بێ.'
یونس تفی خۆی قوت دایەوە، هەوڵیدا هەڵسێتە سەر پێ، هەندێک لالا چوو. 'دایک و بابم ناچەوسێندرێنەوە و ئێمەش لە خۆ نەشۆرەکان نین. براکەشم بۆکسبازە.'
ئەوە هەر تەنها شانازی بەخۆکردن نەبوو، وای لە یونس کرد بەمجۆرە بدوێ، ئاخر یونس هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووماڵباتەکەی هەژار بێ. ئەوەش راستبوو دایکی هەندێک جاران سکاڵای لەدەست تەواوبوونی گۆشت دەکرد. بەڵام لەماڵ کەس ئاماژەی بەوە نەدەدا حەوجەدار بێ، نەدار بێ، لە چینی نزم بن یاخود وەگ دەگوترا نەبوو بن.
ئەمجارەیان کەس پێنەکەنی. لەدەرەوەش شەو تاریک داهاتبوو. لەوێ هێندە دور نەبوو، پەمبێ لەبەر گڵۆپە کزەکەی شەقامەکەیان، لە پەنجەرەی ناندینەکەی چاوەڕێ بوو، چاودێری کوڕە بچکۆلەکەی دەکرد نەهاتۆتەوە، نیگەرانی دایگرتبوو، بێدەنگی باڵی بەسەر ژەورەکەدا کێشابوو، لەسەر کورسیەکە هەڵکوڕمابوو هەردەتگوت بوکەڵۆکەیە.
'هێی، من مەبەستم لەکەدارکردنت نەبوو،' کاپتن وای پێگوت و بۆی پێکەنی تا وشەکانی دادێی لەدڵ نەگرێ. 'پێموایە تۆ هێشتا بۆ ئەو شتانە زۆر منالی.'
پوختەی شتەکان، لای یونس ئەو وشانەی دوایی خراپترین شت بوو کە قینی لێدەبووە ئەویش تەمەن، ناتوانایی و ناشایستەی ئەو بۆ خۆشەویستی بوو. بۆیە کەساسانە لەسەر کورسیەکەی هەڵکوڕمابوو.
'هەر گوێشی پێ مەدە،' تۆبیکۆ بە سرتەیەکەوە وای پێگوت. 'واخەریکە درەنگ دادێ. واباشترە بڕۆیتەوە.'
'راستە. واباشترە بڕۆمەوە،' یونس تێگەیشت و سیماشی گرژ بوو، هێشتاش گەدەی بە شێوەیەکی سەیر پێچی دەخوارد.
'ئازیزم، شەوباش.'

یونسیش دەستی خواحافیزی بۆ هەڵتەکاندن، ئەوەش نەوەک کە دەستی راستی لەسەر دڵی دابنێ، هەروەک باوک و مامی وا فێریان کردبوو، بەڵکو بە بەرزکردنەوەی یەکەم و دووەم پەنجە لەشێوەی هێمای V لەسەر شێوەی پەڕاگەندەکان. زۆری نەبرد هەنگاوی نا، بەڵام ژورەکەی لەپێش چاودا سوڕا. چراکان نەرم و کز بوون، ئیدی ئەو کەوتە جیهانێکی دیکە. بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک و لەبەردەم هەمووان‌دا، کوڕەکە بەسەر دەمدا کەوت، بەڵام نەوەک بەسەر زەوی بەڵکو بەسەر فستانی ساڵرۆژی لەدایکبوونی کچەکە و رشایەوە. 'ئۆو، نا،' نوزەیەکی لێوەهات بەرلەوەی چاوەکانی دابخا، ئیدی شتێکی بۆهات، ئاخر دوای ئەوە هەرگیز کچەکە خۆشی ناوێ.

ئەو شەوە پەڕاگەندەکان یونسیان هەڵگرت و بردیانەوە ماڵەوە. زەنگی ماڵیان لێداو بەخۆشیان بەر لەچەند چرکەیەک، کە پەمبێ دەرگاکەی بکاتەوە تێیان تەقاند و هەڵاتن، ئیدی دایکەکە بە خۆشییەوە کوڕەکەی لەبەر دەرگا بینی پرخەی دەهات.

## بلوزە خوریێکی فشۆڵ

*لەندەن، ١٨ی ئیسێمبەری ١٩٧٧*

لەگەڵ دەستپێکی خولی خوێندندا، هەرچەندە ((کاتی) ئیڤانسەر) تاڕاددەیەکیش حەزی بەچارەی ئەسکەندەر نەبوو، بەڵام بەخۆی نەبوو، خۆی لێنزیک دەکردەوە. لەدڵی خۆشیدا پێیدەگوت، ***هۆ ئەلێکس، ئەلێکسەندەر، بێزموت، لەخۆڕازی. هەمیشە لەگەڵ پێڕی خۆی دایە، وادیارە دەمڕاستی باندەکەیە***. ئەسکەندەر بەو سیما رەنگ زەیتونییە تێکەڵاوە و چاوە لێڵانەی هەندێکیش کەشخە و قۆز بوو، دەبووایە کچەکە پێی لەوە نابایە بەو. لەکۆتاییدا کچەکە خۆی کۆکردەوە و ئازایانە بەرەوپێشی چوو، داوای لێکرد بەڵکو بەیەکەوە پیاسەیەک بکەن، ئەسکەندەریش بە کورتی وەڵامی دایەوە، 'زۆر چاکە.' پێیگوت بەیانی یەکشەممە دەبێ یارمەتی دایکی بدا و لە سعات ١١ش بۆ دوو، مەشقی بۆکسبازی هەیە، بۆیە دوای ئەوکات گەر کچەکە بیەوێ، دەست بەتاڵە.

چەند سعاتێک بەر لە ژوانەکەدا، (کاتی) لەژورەکەی خۆی بوو، هەر ئەو پارچە جلەی لەبەردەکرد و فڕێی دەدا و یەکێکی دیکەی دەپۆشیەوە، هەموو کاتێکیش لەبەر پەنجەرەکە لەبەر خۆی رادەما و جل پۆشینەکەی هەڵدەسەنگاند. چاکەتە مەرەزە رەنگ کراوەکە، کاڵێک سور دەیڕوانی، یان زەردە سەدەفییەکە کەفاوی دەریا. ئەوەی لەگەڵ دایکی کڕیبوو، هی ئەوە نەبوو شایستەی دەرچونێک بێ لە ژوانێکی وادا، هەمان شتیش سەبارەت بە تەنورە ئاشیلییەکەی و پێڵاوە ماری جینەکەی. ئیدی بەچاوی ئەسکەندەر روانیە کەوەنتەری جلەکانی، کە هەمووی هەر کچانەیە. دوای ئەوە جۆرە نامرادییێک باڵی بەسەردا کێشا و نیگایەکی نیگەرانیانەشی پێوەدیاربوو. پاشان کاوبۆیەکی جینز و تیشێرتێکی شینی پۆشی. هەر تەنها سوکە ماکیاجێکی کرد، بە دیمەنی کچێکی لەخۆڕازی و متمانە بەخۆبوو لەنێو کوڕگەلدا دەرکەوت.

(کاتی) پێنج خولەک بەر لەوادەکەی خۆی گەیشتە قاوەخانەکە، لەرێگاش، لەبەردەم هەر دوکانێکدا، کە ئاوێنەی هەبووایە سەیری خۆی

دەکـرد و خـۆی ڕێکـدەکردەوە. چـل خـولەک هێشـتا سەروسـەکوتی ئەسـکەندەر هەر بەدەرنەکەوت. بەڵام کـچەکە ئەوەنـدە بەخۆنـاز بـوو نامرادییەکەی خۆی ڕەتدەکردەوە، بـۆیە داوای کۆکـا کـۆلایەکی دیکەشـی کرد. لەراستیدا حەزی دەکرد داوای کـۆکتێلێکی شـیر بە تـوی فەرەنگـی و مـۆز بکـا، چـونکە کـۆکتێلە دڵخـوازەکەی بـوو، بەڵام هەر زو رای خـۆی گۆڕی، دیاربوو داوکەی زۆر کچانە بێ.
دووەم کۆکـای (کـاتی)ش تەواو بـوو، هێشـتاش هەر لەشـوێنی خـۆی ئـۆقرەگر بـوو، ئەوکـات شـریقەی دەرگـا هـات و کـرایەوە، لەوێـوە ئەسـکەندەر یـاغر یـاغر لێـوەژورکەوت، بنێشـتی دەجـوی و هەگـبەی جومناستیکەکەشی بە پیلەوە بوو، پرچیشـی هێشـتا تەڕ بـوو، ووشـکی نەکردبـووەوە. بینـی ئەسـکەندەر بەکـاوەخۆ کـاتی خـۆی وەرگرتـووە و دوشەکەی خۆی کردووە و پرچیشی داهێناوە، هیچ بۆ ژوانەکەی بەساتی نەبوووە.
'هێی، خۆشەویستەکەم چۆنی؟' ئەسکەندەر لەگەڵ گەیشتنیدا وایگوت.
وشـەی خۆشەویسـتەکەمی ئەوەنـدە بە ساردوسـڕی و بـێ بـاکی لەدەم هـاتەدەر، بـێ تـام بـوو. ڕەنگـی کوڵمەکـانی کـچەکە هەنـدێک سـور هەڵگەڕان.
"ئەرێ زۆر چاوەڕێت کرد؟'
'دەی هیچ نییە.'
چاوە ڕەشەکانی (کاتی) خستە بەر نیگای خۆی، پرچەکەی، لێوەکـانی، ئەو بەرز هەڵچـونەی مەمـانی سـەر سـنگی، چـاوی بەهەمـوودا گێـڕا. کوڕەکە ئەوق ما، تۆبڵێی بۆچی شتی ناسکتری لەبەر نەکردووە.
'ئەرێ بۆکسێنەکە چۆن بوو؟'
'زۆر بـاش.' ئەسـکەندەر وای وەڵامـدایەوە. 'راهێـنەرەکەم نایـابە. وەک ئاسـن تونـدو ڕەقە. ئەو جەنگـاوەرێکە بۆخـۆی، لە بـاکوری ئێرلەنـدا جەنگاوە. ئەو کابرایە بەنێو شتی زۆر سامنکادا تێپەڕیوە.'
' هەرگیز تفەنگی بەکارهێناوە؟'
ئەسکەندەر بە گاڵتەپێکردنەوە. ***'ئەرێ هەرگیز تفەنگـی بەکارهێناوە؟*** خـۆ هەر دەبـێ دە کەسـی کوشـتبن. لەبەر ئـازاری قامکەکـانی بە هـۆی تەقینـەوەیەک ناڵانـدویەتی. کـابرا بە شـێوازێکی توندوبەنـد بۆکسـبازی فێربووە.'

(کاتی) هەندێک بزڕکا. بەڵام لەپڕ شادیێک دایگرت، هیچ چاکەتێکی خوری لەبەر نەکردبوو.
'ئێی، ئەریَ چیت خواردۆتەوە؟' ئەسکەندەر وای لێپرسی و ئاماژەشی بە پەرداخە بەتاڵەکەی دا.
'لەوکاتەی چاوەڕێم کردی، دوو کۆکا کۆلام خواردونەتەوە.'
'نا. من رقم لە کۆلایە.' ئیسکەندەر گوتی. 'هەست دەکەم فوم دەدا. ئاخر شتێکی تەفرەدەر لەبن سەری بڵقە کەفاوەکەیدا هەیە. من حەز بەخواردنەوەیەکی بە شیر دەکەم.'
هیچ دەمار و ماسولکەیەک لەسەر روخساری (کاتی) نەبزوت، کاتیَ ئەسکەندەر داوای دوو شتی کرد، کۆلایەکی دیکە بۆ کیژەکە و شیرێک بە توی فەرەنگی و مۆزیش بۆ ئەو. دەمەتەقێیان گەرم بوو، باسوخواسی قوتابخانەیان هێنایە گۆڕیَ، باسی ئەو قوتابیانەیان کرد، کە خۆ ناشۆن و مامۆستاکانیشیان بەرگەیان ناگرن. کچەکە بە شادمانی گوێی لێگرتبوو باسوخواسەکەی پێخۆش بوو تا لەپڕ، دەموچاوی گرژ بوو.
'(کاتی)، ئەریَ تۆ لێرە لەگەڵ من چی دەکەی؟'
بەر لەوەی روی تێبکاتەوە، بۆساتێک نیگای کچەکە دوودڵیانە بوو. تۆبڵێی دان بەوەدا بنیَ، هەموو شەوەکەی بە نەوارە تایبەتیەکەی تەرخان کردبوو، گوێی لە گۆرانی بی گییس گرتبوو، کە دەیجریکاند،
'ئای خۆشەویستیەکەت چەند قووڵە؟'
'چاکە، خۆ ئێمە هەر قسە دەکەین ــ'
'سەیرکە بە خراپ لێم تێمەگە. پێموایە تۆ ناسک و نازداری، بەڕاستیش وایە، بەڵام خۆ من و تۆ لەگەڵ یەک ناگونجێین. هەر دووکیشمان ئەوە باش دەزانین. مەبەستمە بڵێم... من ئەو کوڕە نیم لێتبوەشێمەوە. جیهانەکەی من جیاوازە.'
کچەکە لێوی خۆی گەستەوە، لەسەر لێواری گریاندا بوو، وەک ئەوەی شتێکی گرانبەهای لەدەست دابیَ. بەهۆی ئەوەی ئەسکەندەر راشکاونە ئەوی رەتکردەوە، چونکە پێیوابوو شایستەی یەک نین، لەبەر ئەوەش بە ئاسان دەستی بە کوڕەکە راناگا، بۆیە بەدەستهێنانی دڵی کوڕەکە ببووە ئامانجێکی زۆر مەزن لە ژیانیدا. 'بەڵام خۆ تۆ هێشتا من ناناسی،' ئیدی ئەم قسەیەی بە ئارایەک لەنێوان سۆز و روبەروبوونەوە پێگوت.

'ئۆو، خۆ مەبەستی من ئەوە نەبوو پەست بی،' ئەسکەندەر وای پێگوت و هیچ پەشیمانیشی پێوە دیار نەبوو. سەرسامییێکی شیرنیش ئەوە بوو، بینی (کاتی) ئیڤانس بەو شێوە ناسکەیە بکەوێتە بەردەستی، ئیدی گومانی هەبوو مەیلی بۆ نەچێ. 'دەزانی چی؟' ئێمە دەستپێکێکی خراپمان هەبوو. باشە بۆ هەوڵێکی دیکە نەدەینەوە؟' کەمێک خۆی بۆ پێشەوە بە لای کچەکەدا شکاندەوە و دەستی گرت. 'هەلۆ، ئەرێ چۆنی؟ ناوم ئەسکەندەرە. دەکرێ پێشم بڵێێ ئەلێکس.'

لێوەکانی بە ئاستەم بزوان کاتێ پێی گوتەوە، 'خۆشحاڵم بە بینینت.'

بەرلەوەی شوێنەکە جێبێڵن، ئەسکەندر بۆ سەرئاو مۆڵەتی لێخواست. لە نیوەی ڕێگای لەبەردەم پەیژەکانەوە پیاوێکی سەرتراشاوی بینی، چاوەکانی کەسک وەک دەنکە مورو وابوون، هەموو دەموچاویشی خاڵ خاڵ بوو. پیاوەکە یاریدەرەی نانەواخانەکە بوو، بە چاوێکی زەقەوە تەماشای کرد، بە گەشیشەوە سوکە خەندەیەکی بۆکرد.

کاتێکیش ئەسکەندەر چووە ئاودەستەکە، بینی پیاوێکی ڕەشپۆش خەریکی میزکردنە، فیکەیەکی بەزەوقیش لێدەدا. ئەو دەرگای لەسەر داخست و لەسەر ئەوەی بینی ئیستێکی کرد. لەسەر دیوی دەرگاکە بە ئەندازەی دوو پێ خاچێکی چەماوە و چەند دروشمێکی ڕاسستی و ناپەسەند نوسرابوون. لەخوارەوەش نوسرابوو: هێزی سپیپێست. هەندێک لە وشەکان بە ماددەیەکی کانزایی ڕەشکرابوونەوە، لەکاتێکدا باقی وشەکان بە خێرایی بە سپرایەک ڕشێندرابوو. ئەسکەندەر لە بۆیەکەی ڕوانی. خۆ هەر کەسێک وای کردبێ، ئەوا لەمێژ نییە، هەر لەوکاتانەدا بووە، کە ئەو هاتۆتە قاوەخانەکە.

خێرا میزەکەی کرد و سەرێکیشی بۆ پیاوەکە لەقاند، کە خەریکی دەستشوشتن بوو، دیاربوو پیاوەکە پەست ببوو. کاتێکیش گەڕایەوە لای (کاتی)، خواخوای بوو یەک دوو خولەک پێشتر چووبایە ئاودەسەتەکە، تا بکەرەکەی بدیبایە.

❖

ئەوان هەڵسان و پیاسەیەکیان کرد، ئەمەش بۆ (کاتی)، کە سێ کۆڵای خواردبوەوە مایەی ئاسودەیی بوو. بەبێ مەبەست بە ڕێگادا هەنگاویان نا، بە بەردەم میوەفرۆش، دەرمانخانە و دوکانەکانی گرەوکردندا ڕەتبوون، لەو ڕێڕۆیشتەندا دوا خۆرەتاو لێیدەدا. سەرباری جەنجاڵی

ڕۆژ و ئاسمانی پڕ هەور، زۆ لە خەڵکی خەریکی سەرو سەودای خۆیان بوون.
لە پارکی ڤیکتۆریادا، ئەوان لای گۆمێک وەستان، سەیری کۆترەکانیان کرد. ئەو گیایەی ژێر پێیەکانیان تەڕوتازە و هیوابەخش بوو. ئەسکەندەر دەستێکی لەسەر شانی (کاتی) دانا، بۆلای خۆی کێشکرد و ماچێکی لێکرد. ئەویش بۆنوبەرامە و تامی لێوەکانی کوڕەکەی لێخۆش هات، ئەوەشی پێخۆش بوو، لە بن جلەکانی دەستی بۆ مەمکەکانی نەبرد، هەر وەک زۆر لە گەنجەکان وایان دەکرد، بەهیوای ئەوەی شتی زۆرتر بەدەست بێنن. (کاتی) جۆش و خرۆشی لەدەنگ و ئازایەتی لە چاو و برسێتی لە گیانی ئەسکەندەردا بەدیکرد.
دەستیان لەنێو دەستی یەکدا بوو، لەسەر تەختە کورسییێک دانیشتن، سەیری پیادەڕۆکانیان دەکرد، سەریان نابووە بن گوێی یەکدی، بە پستەپست باسی هەرکەسێکیان دەکرد بە بەردەمیان گوزەری کردبا. *گەلەمۆیە، پیرە سەقاقۆڕە، سەرسواڵکەرە.* چەند راگوزەرێک بزەیان بۆدەکردن، دڵخۆش بوون ببینن جوتێکی دیکە یەکدییان خۆش دەوێ. ئەوانی دیکە هەر نیگاشیان تێنەدەبڕین.
'ئەرێ چی بەو جوتەی ئەوێ دەڵێی؟' (کاتی) وای پێگوت. "بەڕای تۆ پێ ناچێ هەندێ حیلەباز بێ؟'
چاوەکانی ئەسکەندەر بە دوای نیشانەنماکەدا گەڕان، تا بینی پیاوێکی لاوازی پرچ رەشیان لێنزیک کەوتەوە. دەمودەست پشتی رەق بوو، باسکەکانیشی، کە ئامێزییان لە (کاتی) وەرێنا بوو، شل بوون.
'چیە، ئەرێ دەیناسی؟'
بە بێ دەنگی، ئەسکەندەر روی خۆی وەرگێڕا، یەخەکانیشی بەرزکردنەوە وەک ئەوەی سیمای خۆی لەبندا بشارێتەوە. ئەو پیاوەی هەموو کەس پێیدەگوت دواندەر، دوای چەند چرکەیەک دواتر بێ ئەوەی زۆر ئاوڕ لە جوتەکەی سەر تەختە کورسیەکە بداتەوە، هەنگاوی خۆی دەهاوێشت.
'ئەرێ ئەوە چی بوو؟ کەسێک هەیە نەتەوێ بتبینێ؟' (کاتی) وای لێپرسی.
'بەڵێ، زۆر راستە. بەڵام پێمباش بوو لەگەڵ تۆدا نەم بینێ.'

ئەو شـێوازە خۆپـارێزەی ئەسکەندەر، وای لە(کـاتی) کـرد بـۆلای کـێش ببــێ، کـــاتێ پرســـیاری لێـــدەکردن و ئەویـــش وەڵامـــی نەدەدایەوە، لەنێویانـدا ئەو پرسـیار و داوایـانەی سـەبارەت بە ماڵبـاتەکە و تـافی منــداڵی بــوون. هەنــدێک لایەنــی ژیــانی هەبــوو هێشــتا کــچەکە پەی پێنەبردبوو. ئیـدی پێیوابـوو ئەسکەندەر کـوڕێکی سـەرنج راکێشـە، هـی ئەوەشـە لە تورەییـان بتەقێـتەوە. لە ئاینـدەدا –هەروەک دەشـیزانی کە جــاری دیــکەی بەدوادادێــن– هەڵســوکەوتی باشــتری لەگەڵــدا دەکــا. لەمەشیاندا (کاتی) زۆر دڵنیا بوو.

## پەڕجوەکان

*لەندەن، ٢٤ی دیسێمبەری ١٩٧٧*

لە چێشتخانەیەکی بەربەرینی چراخانی پڕ لە چێشتلێنەر و یاریدەدەراندا، ئێلیاسی ماخۆ و سەر وەستای چێشتخانەی کلیۆ لەسەر تەباخێکی گەورە راوەستا بوو، کە چەندان مەنجەڵی قەبارە جیاوازای لەسەر بوو. بە هێواشی شۆربایەکی قارچکی تیری تێکدەدا. خەریکبوو پێبگا، بەڵام هێشتا بە تەواوی نەگەیشتبوو. هەمیشە بەرلەوەی مەنجەڵەکەی لەسەر ئاگر بسەنێتەوە، تۆزقاڵێک کاکڵە گوێزی دەکردە سەر. ئەوەش رازێکی خۆی بوو. ئەمڕۆش هەموو شتێ دەبێ تەواوعەیار بێ بێ. ئاخر ئەمڕۆ ئێوارەی کرێسمسە.

ئەو لە دایک و بابێکی ئەرسەدۆکسی کریستیانی هەبوو، بە لێبژاردنی خۆیشی لادیین بوو، کەچی حەزی لە رۆحیەتی کرێسمس دەکرد: حەزی لە گۆرانیەکانی، گردبونەوەی ماڵبات بەیەکەوە، بەشکردن، بەخشندەیی، نەخاسمە حەزی لە بڕوابوون بە پەڕجووەکانی دەکرد. ئەوەش بەشە هەرە چاکەکەی کرێسمس بوو. وەک نەوجەوانێک خۆشەویسترین پیاوچاک لای ئەو سەنت ئەندریێوی کرێتا بوو، شتەکەش وەنەبێ لەبەر ئەوەی سەنتەکە لەهەمویان زیاتر تەرکە دنیا و لەخواترس بووە، بەڵکو بە جیاوازی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، ئەو بەخۆیشی پەرجوێکی رێڕۆیشتوو بوو. سەنت ئەندریێ بەزگماک لاڵ بوو، رەوشەکەشی لەگەڵدا ما تا تەمەنی گەیشتە حەفت ساڵان، ئەوسا لەپڕ کەوتە سەر قسە، قسەگەلێکی راستی، کە لەچاو تەمەنەکەی خۆی قەبەتر بوون. ئێلیاسی نەوجەوان حەزی لەو هەقایەتە کرد. لەوەدا خرۆشابوو، کە بەخەیاڵ ئەوەی دەهێنایە بەرچاو، کاتێ وەقسە هاتووە، چۆن دەموچاوی ئەوانەی لە هەمان ساتی قسەکردنەکەیدا لەدوەروبەریدا بوون، حەپەساون. بەوەش زۆر دڵخۆش دەبوو، چۆن سەنتەکە بۆتە دواندەرێکی لەبلەبان و هۆنەری سروتە دینییەکان. خۆ

ئەگەر منداڵێکی لاڵ وایلێبێ، ژیان نابێ ئەو ڕەشبینییە بێ، کە هەندێک وای دەبینن.
دوای ئەوەی کاکڵە گوێزەکانی کردە نێو مەنجەڵەکە، جارێکی دیکە شۆرباوەکەی تێکدایەوە و ئاگرەکەشی لە ژێردا کوژاندەوە. یاردیدەرەکەی هاتە لای و بە وریاییەوە بۆ ساردبوونەوە هەموو شۆرباکەی ڕۆکردە فەخفوریێکی گەورە، بەرلەوەی بیکاتە سەر ئەو پەنجا و پێنج دەفرە گۆشت گۆلکە ئامادەکراوەکە.
ئێلیاس بەرلەوەی دەست بە دەفرێکی دیکە بکا، سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد: کێکێکی هەرمێ بە کاکڵەگوێز. ئەو هیچ قاپوقاچاخێکی کانزایی بۆ ئامادەکردنی راچیتە خواردنەکانی بەکارنەدەهێنا. ئەمەش رازێکی دیکەی سەرکەوتنی بوو. هەموو شتێک دەبوو وایە لەدار بووایە. کانزا سارد و ڕەتوشکراو و زۆر حازر بەردەستە. هەرگیز شتەکانی بەیەک ناگەیەنێ، بەڵکو بەسەریاندا زاڵ دەبێ. هەرچی دارە، ناقۆڵا و زبرە بەڵام راستگۆیانەیە.
تەنها هەر حەفت سعاتی بۆ کریسمس مابوو. خۆ ئەگەر ژماردنەکە وا بڕوا، ١٩٧٨ هەر چەند ڕۆژیکی ماوە. ئێلیاس چاوەڕوانی گەورەی لە ساڵی دادێ نەبوو. بەڵی، تەنها یەک شت نەبێ، ئەوەش وەک ئەوەی هاتو و ڕۆیشت، نەبێتە ئەم ساڵ خۆزگەم بەپار.
لە پێنج دەیەی تەمەنیدا، ئەو دوازدە مانگەی رابرد، قوڕسترین ماوەی ژیانی بوو. ئێلیاس ساڵەکەی بە برەوپەیداکردنی کارنامە، لەگەڵ ژنێکی شۆخوشەنگ، ماڵێکی پانوپۆڕ لە ئیسلینگتۆن و کاروباری چێشتخانەکەی دەستپێکرد. بەڵام لە کۆتایی حەفت مانگدا بە سەڵتی لە ئەپارتمانێکی بچکۆلەی تارادەیەک بێ کەلوپەل مایەوە. بەدەر لە هەندێ برادەر، ژیانێکی کۆمەڵایەتیانەی سەختی بەڕێکرد، ئەوەش باجی ئەوەی بوو، بەباشی خۆی بۆ لێکجیابوونەوەکە ئامادە نەکردبوو. لەروی سۆزیشەوە لە شەمەندەفەرێکی بچوکراو دەچوو، کە لەکاتی سەرکەوتنی بەسەر گردێکدا پاتریەکانی مردبن. لەدوا قۆناخی هاوسەرگیریەکەیدا هەموو هەوڵێکی خۆی دا، هەموو وزەیەکی بەخشی، بەڵام نوزەی تێدا نەمابوو، تا ئەو کاتەی لەسەر سکەی خۆی لایدا و لاڕێ بوو. تەڵاقەکە شتێکی بڵح بوو، هیچ کامیشیان وەک جاری جاران ڕەفتاریان نەنواند. ئەو زیاتر سەری خستبووە سەر پرسە داراییەکان لەوەی پرسە

ســـــۆزدارییەکان، تـــــا لەدواییـــــدا لەگەڵ ژنەکەیـــــدا مـــــارەیی و یادەروەرییەکانیشی بڕۆن.
ئەو ژنەکەی خۆی خۆشدەویست، بە شێوەیەک لەشێوەکان هەنوکەش هەروایە. بە بەژنە باریکەکەی، شانە وردیلەکانی، سیما کاڵەکەی، زمانە ئینگلیزییەکەی، بیرۆکە زیرەکەکانی، ئاخر ئانابێل هۆکاربوو ئەو بێت و لەو وڵاتەدا بگیرسێتەوە. لەو دەمەی ئانابێل لە شاژن ئینگلیزتر بوو، زۆریش متوی خانەوادەکەی لە گلاوستەرشایەر بوو، لەو دەمەی کارەکەشی بە شێوەیەکی گونجاو بوو، دەیتوانی کاتی خۆی هەبێ، کەچی هی ژنەکە ئاڵۆزتربوو، چونکە دامەزرێنەری سەنتەرێکی قانونی پێشەنگی ژنان بوو. شتێکی ئاسایش بوو دوای ئەوەی لە مانگی هەنگوینی لە ئیبیزادا دەگەڕێنەوە، بێنەوە ماڵی خۆیان لە لەندەن دابنێن.
لەوکاتەی ئێلیاس هیچ نارەزایەتی سەبارەت بە هیچ قۆناخێکی ئەو پلانە دەرنەبڕی، کەچی گواستنەوەکەیان بە ئاسانی تێنەپەڕی. لەندەن لە سەرەتای حەفتاکاندا بەهەشتی چێشتخانەکان بوو. تەنها بە قەد ژمارەی دەست چێشتخانەی یەکەم کلاسی لێ هەبوون. خەڵک بە گومانەوە سەیری دەفرە خواردنی نوێیان دەکرد، هەر لەوەش گەڕێ، بچنە سەر ژەمە خواردنی کلتورە جۆربەجۆرەکانی دیکە. چێشتخانەی هیندی هەندێ خۆشەویست بوو، بەڵام ئەوەش نەبوو، کە ئێلیاس چاوی تێبڕیبوو شتێکی دیکە دابنێ. لە هەموو لایەک ناندینی ئینگلیز قورس و دابڕاو بوو، مەعمیەلەکانیش بەرەنگاری تامی نوێ بوون، کە ئەو خوازیار بوو دایان بنێ.
لەکۆتاییدا، هاوسەرگیریەکەیان چۆن دەستی پێکرد، ئاواهاش کۆتایی هات: هەستێکی مکوڕ و پێوستی دارِسان. کاتێکیش تەڵاقنامەکە بۆ واژۆکردن ئامادەکرا، هەموو ئەوەی لە ماوەی حەفت ساڵ و نیوی هاوسەرایەتی بەجێما، پشیلەیەکی تەمبەڵی بەتەمەن بوو، ناوی ماگنۆلیا بوو، لەگەڵ ئەلبومێکی وێنە، کە حەزی لێنەبوو سەیریشی بکا، وێڕای تاڵترین یادەوەری و کات و خەونەکانی.
لە ناوەڕاستی هاوینیشدا، لەدایکیەوە زەنگێکی بۆ هات، پێیڕاگەیاند، باوکی بۆ دووەم جار لێدانی زیاتری دڵ فشاری بۆ هێناوە، ئەمجارەیان لێی دەرنەچوو. لەسەرەتاوە ئێلیاس ئاگای لەمە نەبوو.

"ئەو هەموو رۆژ لەبارەی تۆوە دەدوا،' دایکی لە تەلەفوندا وایپێگوت. 'باوکت رێزی دەگرتی بۆ هەموو ئەو شتانەی لەوێ ئەنجامت دابوون. ئەو زۆر شانازی پێدەکردی، حەزی دەکرد روبەڕو پێت بڵێ.'

هێڵەکە ئەوەندە کز بوو، ئێلیاس دڵنیا نەبوو، بە باشی گوێی لە هەموو وشەکان بووە. 'دایکە، من دێمەوە.'

'ئازیزم، ئێستا نا،' دایکەکە وای گوت. 'ئەو کات وەرەوە من و کلیۆ ببینە، کە هەم تۆ باشتر و منیش باشتر بم. هەنوکە هیچمان دادی کەس نادەین. هەر لەشوێنی خۆت بمێنەوە و سەرقاڵی کاروکاسبیەکەت بە. باوکیشت هەر ئەوەی بە باش دەزانی.'

بەڵام خۆ بەبێ قسەکانی دایکیشی، ئێلیاس دەیزانی بڕیاریداوە دەستبەرداری لەندەن نەبێ. ئەو دەبێ هەر کار بکا، کۆڵنەدەر بێ، وەک ئەو کرمی ئاوریشمە بێ، هەموو پەلکێکی بەرچاوی بخوا، ئەوسا چاوەڕێی کەسێک بکا لەم دۆخەدا هەڵی بگرێ و پەرجوئاسا دۆخەکەی بگۆڕێ. تاکە شتێک کە لە ١٩٧٧ بە نەگۆڕی ماوەتەوە، کار و کاسبیەکەیەتی. چێشتخانەکەی لە هەرمێن دابوو، نیازیشی وا بوو هی دووهەمیش لە ریچمۆند بکاتەوە، بەڵکو ئەو پاشاگەردانیەی لەهەموو لایەکدا هەیە هەڵبمژێ.

تا ئەوکات ئێلیاس لەگەڵ ژان و ئازار راهاتبوو. ئازارەکەی کاتی خۆی لە گەدەیدا سەری هەڵدا، دواتر هاتە نێو قەفەزی سینگی و لە نێو سینگیدا جێگیر بوو، وایلێکردوە بە زەحمەت پێبکەنێ، تەنانەت هەندێجار بە ئاستەمیش هەناسە بدات. برادەرەکانی بەردەوامن لەسەر تەلەفون بۆکردن، هانی دەدەن بچێتە دەر و لە نۆژەنەوە خەڵک ببینێ و قسەیان لەگەڵدا بکا. پەیامیان بۆ بەجێهێشتوە، دیداریان بۆ لەگەڵ خانماندا رێکخستوە، کە بەخۆیان سەرسامن یاخود رقیان لەخۆیان دەبێتەوە. راستیەکەش زۆر بە درەنگەوە دەرکەوت، ئێلیاس بە دوای پاکانەیەکدا دەگەڕا تا بەتەنیایی بمێنێتەوە. تەنیایی هەستێکی هەراسانکەرە، ئاخر ئەو هەموو ژیانی خۆی لێی ترساوە، هەنوکەش بۆتە شتێکی بەرجەستە و فیزیکی، خەریکە وەک شلەمەنی لێدێ، لەنێو کونو کەلەبەری خانەکانی جەستەیدا دێتە دەر و هەموو دەمار و خانەکانی لەشی تەڕتەڕ کردووە، هەروەک ئەوەی ئەسفەنجێک بێ و لەئاو هەڵکێشرا بێ. سەیربوو، ئەم شتەشی پێ خراپ نەبوو.

پەمبێ چارەنوس، ئاخر خۆ ژنەکە وای ناوی خۆی هێنا. ئێلیاس نەیدەتوانی ئەو تێبینییە نەکا، کە چەند لەگەڵ ئانابێل جیاوازە. خۆ ئەگەر کۆنە ژنەکەی خۆی، پەمبێی بدیتبایە، پێدەکەنی؛ دەیزانی سادە و ساکارە. تۆبڵێی ناخی دڵی هەموو پیاوێک ئەو شتەی نەوێ؟ ژنێکی سادە، یەکێک نەپرسێ، بۆڵەبۆڵ نەکا، روبەڕوی نەبێتەوە یان رەخنەی لێنەگرێ. تەنانەت ئاوهاش بێ، ئانابێل ئەوەی بۆ زیاد دەکرد، ئەمە چارەنوسێکی ساختەیە، چونکە لەچاوی ئەو، ژنێکی بەم جۆرە سادە و ساکارە لە ئارادا نەبوو. تەنها ئەوانە هەن، کە زۆر ئاڵۆز و بڵۆزن، لەگەڵ ئەوانەی ئەو شتەیان لەنێو خۆدا شاردۆتەوە.

وێڕای ختوکەدانی ئانابێل لەپاشخانی مێشکدا، ئێلیاس بیری لە پەمبێ کردەوە. سەرەتا هیوای بەوە بوو ژنەکە سەرێکی لێبدا و بەیەکەوە قسە لەسەر ئەو شتانەی حەزیان لێیەتی بکەن، تەنانەت باسی شێولێنان بۆیەکدی بکەن. *تەنها قسەگۆڕینەوەیەکی دۆستانە، هیچی دیکە نا.* ماوەیەک بوو زۆر بایەخی بە سەروسیمای خۆی دەدا، بەڵام کە هەفتەکان تێدەپەڕین، هیوای یەکدی دینتەوەیشی نەما. باشە بۆچی وابکا؟ هەرچۆنێک بێ ئەو بیرۆکە بە سەریدا زاڵ بوو، هەر کاتێ مستی لەشتێک گیر بێ، دەستی شل دەبێ و شتەکەش رادەکا.

کارکردن وەک هەمیشە دڵنەوایی پێدەدایەوە. ئەمشەو سەرباری قەڵەباڵغی کریسمس لە چێشتخانەکەیدا، ئەوان سەرقاڵی نمایشی دوو بۆنەن. هەموو ستافی چێشتخانەکە لە جوڵەی بەردەوامدا بوون، ئەویش خۆشحاڵ بوو، کە کەس نەیپرژایە سەر ئەوەی لێیبپرسێ ئاخۆ بۆ لەدوا ساتدا شتێکی بۆ ژەمەکە زیادکردبوو: محەلەبی برنج بە گوڵی پرتەقاڵ.

سعات و نیوێک دواتر، لەوکاتەی هێشتا گۆشتەکە لەنێو شۆرباکەدا مابوو تاموبۆی وەردەگرت، یاریدەدرێکی تازەی لێنزیک بووەوە.

'سەرکار، میوانێکت هاتووە.'

ئێلیاس برۆکانی بەرزکردنەوە، هێشتا هەر لەنێو هزرەکانیدا مابووەوە.

'ئمم؟'

'یەکێک هاتوە لێت دەپرسێ.''دواتر،' ئێلیاس وایگوت. 'خۆ هەنوکە سەری خۆشم پێ ناخورێ.' کاتێک ئێلیاس بینی یاریدەرەکە شانی

بۆهەڵتەکاند و گەڕایەوە دواوە، گومانێک پەڕیە سەر دڵی. 'ساتێک بوەستە. ئەرێ ئەوەی هاتوە ژنێکی پرچ قاوەییە؟'
'ئەرێ سەرکار، ئەو پرچ قاوەییە چیە، ئەرێ ئەو...؟'
'قەیناکا،' ئێلیاس منگەیەکی لێوەهات، بڕیاریدا خۆی بچێ بزانێ کێ هاتوە.
سالانیک دوای ئەو ئێوارەی کریسمسە، ئێلیاس هەمان ساتی یادکردەوە، کە چۆن ئەو بەناو چێشتخانەکەدا رۆیشت و دەستەکانیشی بە خاولیەک پاککردنەوە، کاتێکیش ژنەکەی بینی لەشوێنی خۆی وەستا، لەدەروازەکە وەستا بوو، تەنورەکەی دەهێناوە ژێر ئەژنۆکانی، هەروەک ئەوەی لەپڕێکەوە بۆی دەرکەوتبێ زۆر کورتە، هەگبەیەکی مەخمەلی لەبن هەنگڵدایە، تارماییێکی سوچبارانەشی لەسەر روخسار دیارە، هێشتاش بڕوای نەدەکرد بۆ چۆتە ئەوێ.
ئەوان دووبەدوو لەبەردەم مێزێکی چێشتخانەکە دانیشتن، هەستێکی سەیر بوو، لەکاتێکدا دەستەکەی دەهاتن و دەچوون، ئەمەش هەستی نامۆیەکەی پتر کرد. هەر چەند خولەکێک یەکێک لە یاریدەرەکان دەهات و شتێکی لێدەپرسی، هەموو جارێکیش ئێلیاس بە تێکەڵیەک لە پەشێوی و ئارامی وەڵامی دەدانەوە.
'دەکرێ بڕۆیتە موبەقەکە.' پەمبێ ئەم قسەیەی دوای ماوەیەک پێگوت.
'نا، نەخێر،خەم مەخۆ هێشتا زۆر کاتم بە دەستەوەیە.' ئێلیاس درۆی کرد.
لێبڕاوانە، پەمبێ سەری بۆ هەژاند. 'دەی تۆ بڕۆ، بەڵام دەکرێ منیش بێم؟'
'تۆ دڵنیای؟' ئەو وای لێپرسی. 'ئاخر ئەوە ماڵە مریشکە. لەوێدا رێویەکی برسی بەڕەڵا هەیە. تەنها دوو سعاتی بۆ شێو ماوە، هەموویان نیمچە هاروهاجانە دەجولێنەوە.'
خۆگرانە خەندەیەکی بۆکرد. سالۆنی سەرتاشین ئەمڕۆ داخرابوو، لەوکاتەش ماڵباتەکەی ئاهەنگی کریسمس ناگێڕن، لەبەر خۆیەوە بڕیاریدا بوو، کاتی هەیە. وێڕای ئەوەش خۆ ئەو ماڵە مریشکی خۆش دەوێ. هێشتاش بە دوودڵیەوە ئێلیاس رێنوێنی پەمبێی بۆ ناو موبەقەکە کرد، لەوێدا هەموو کەسێک سەرقاڵ بوو، کاتی ئەوەیان نەبوو سەیریشی بکەن. ئیدی ئێلیاس یەک پۆشاکیی چێشتخانەکەی دایە

پەمبێ، ئەوسا لەسەر داوای خۆی بیبەریان دایێ تا قاش قاشی بکا، کەرەوز ورد بکا، جینجەر پاک بکاتەوە، ئیدی ئاوها. هەموو ئەمەش بێ قسەکردن، بێ ئەوەی لەکار بوەستن.
پاشان، دوای ئەوەی کاتی رۆیشتنە ماڵەوەی پەمبێ هات، ئێلیاس تا دەرگا لەگەڵی رۆیشت. لەوێ لەبەردەم تابلۆیەکی گەورەی ژنێکی سپی پێستی روت وەستان، بێ باکانە سەیری دەکردن. تابلۆکەش وێنەیەکی لەبەرگیراوی دۆستە مەزنەکەی ئینگریسە بوو. لەبەر هۆکاری جیاواز هەردووکیان هەستیان بە ناڕەحەتییەک کرد، ئیدی چاویان لە تابلۆکە نەکرد و چاویان بڕیە سەر یەکدی.
'من قەرزباری سەردانێکتم،' ئێلیاس وایپێگوت، کاتێکیش پەی بەوە برد ژنەکە لێی تێنەگەیشت، ئەوەشی بۆزیاد کرد، کە پێی بڵێ، 'سوپاس بۆ تۆ.'
'من سوپاست دەکەم،' پەمبێش پێیگوتەوە. 'ئەوێ رۆژێ تۆ یارمەتیت دام.'
وەک ئەوەی ئێلیاس قسەیەک یان شتێکی هەڵە بکا، کە لەداب و نەریتدا لایدابێ، بۆیە دەستی تەوقەکردنی بۆ درێژکرد. پەمبێش خۆی لە ئاماژەکە نەبان کرد، لێی نزیک بووە، ماچێکی نەرمی لە سەر روومەتی کرد.

## زیندانی شروسبێری، ١٩٩١

ئەم دوای نیــوەڕۆیە چــووم ئەفســەر ئەنــدرێ مــاك لاولــین ببیــنم، تــا پۆستکاردەکەی خوشکم وەرگرمەوە، خۆیشی دەیزانی، کە دەچم.
ئەفسەرەکە شتێکی وایکرد سی خولەك چاوەڕێ بم، گوایە هەندێ ئیشوکاری دیکەی هەن، بەڵام خۆ چاوەڕوانییەکە بۆ ئەوە بوو تا بە بیرم بێنێتەوە، لێرەدا کێ گەورەیە. هەروەها لەوێــدا یەکێکــی نــوێم بینــی، تــازە هــاتبوو، هەروەك ماسیەك لەنێو ئاو دەرهاتبێ وابوو. گرژ ببوو قاچەکانیشی دەلەرزین. هەنــدێ کــاغەزی بەدەســتەوە بــوو، دیــاربوو فــایلێکی پــێ بــوو ســکاڵای هەبــوو. هەر بەنیگایەکیش بۆ سەروسەکوتی کــابرا نــوێکە، بۆیــدەرکەوت کە تــازەیە و نە ماندووە و نەئازار نە ئەزمونیشی هەیە.
'گەلحۆ مەبە،' ویستم پێیبڵێم، 'هەناسەی خۆت راگرە.'
هەرگیز بیرۆکەکــی بــاش نیــیە دەم لە بەنــدکراوێك بــدەی، نەخاســمە کە لە هەفتەکانی بەراییدا بێ، لەوکــاتەی هەمــوو کەس وەك داڵ ســەیرت دەکــا، تۆش نازانی کێ کێیە. هەندێ پەنجەی گەورە هەن، نابێ پێیان لێبنێــی، خــۆ گەر وات کرد، هەردەبێ لۆمەی خۆت بکەیتەوە.
تابلۆیەك لەسەر دیوارەکە لەگەڵ چەند پۆســتەرێك ســەبارەت بە بەخشــینی کۆئەنــدامەکان هەڵواســرابوو. چارەســەری جێگــرەوە بە مــاددەی میســادۆن، کــۆمەڵەی دۆســتان و ماڵبــاتی زینــدانییان، هەوکردنــی جــگەری B و C و بەرنامەی پشتگیری بەندکراوە سامرییەکان هەڵواسرابوو. بۆ کەسیکی ئازاد لە دەرەوە ئەمە واتای ژان‌وناسۆری کەسێکی زیندانی دەگەیەنێ. بەڵام خــۆ ئەوە وانیــیە وەك مــن دەیبیــنم. دوای زیــاتر لە دە ســاڵی زینــدان، ئەوە جیهــانی دەرەوەیە، کە دەمترسێنێ.
من هەشت ساڵان و ئەسماش حەفت ساڵان دەبوو، کە هــاتینە ئینگلســتان، لێــرەش لەســەر نهــۆمی دووهەمــی پاســە ســورەکەی لەنــدەن کــاتژمێرە زەنگلێدەرەکەمان بینی، ئەوەی پێی دەڵێێن بیگ بین. ئــێمە بە پــێچەوانەی

داییباب نەخاسمە دایکە، زمانەکە زوو فێربووین. ئاخر خـۆ ئەوە هەر بـابەتی ڕێزمان نەبوو دایکم بۆی نەدەچووەسەر، بەڵکو بەگشتی  متمانەی بە ئینگلیز نەبوو. ئەمەش نەوەك لەبەر ئەوەی، کە تورکی پێخۆشتر بوو یـان تەنـانەت کوردیە زگماکییەکەی، بەڵکو بە بڕوای ئەو، وشەکان بۆ خۆیان گرفت بوون. ئاخر هەر وشەکان وایان دەکرد خەڵك لێـك حـاڵی بـبن. هەروەهـا متمـانەی بەوانەش نەبــوو وەك ڕۆژنــامەوان، پــارێزەر و نوســەران، کە دەســتەواژە تایبەتەکانیان بەکاردەهێنا. دایکە حەزی لە گۆرانی، سروت، ڕاچەتەی خـواردن و نوێژەکان بوو، وشەکانیان ڕۆڵێکی وایان نەدەدی، مەگەر لاوەکی نەبێ.
لەماڵ، دایکە لەگەڵ منداڵەکانی هەر بەتورکی دەدوا، کە پڕی وشەی کـوردی بوو. ئێمەش بە ئینگلیزی وەڵاممان دەدایەوە، ئێمە هەر بە ئینگلیزی لەگەڵ یەك دەدواین. هەمیشەش  گومـانم هەبـوو دایـکە لەوە زیـاتر تێـدەگا، کە ئاشکرای دەکا.
دیارە هەموو کۆچبەران بە زمانە نوێکە تەنگەتاو دەبن. خۆ ئەگەر فەرهەنـگە قەبەکەی ئۆکسفۆرد وەربگری، یەك دوو لاپەڕەیەکی نیشانی کۆچبەرێکی نوێ بدەی و هەندێ پرسیاری بەرایی لێبکەی، بەتایبەتیش سەبارەت بە ئیـدیۆم و وشە مەجازییەکـانی، کە لە شـتە قوڕسـەکانیەتی، بۆنمـونە هەوڵبـدە واتـای 'kicking the bucket' وەربگرە، ئەوسا تـۆ دەچـیە سـەر وشـەی کـاری ' to kick' وشـەی 'bucket' تـۆ بەجیـا واتـای هەردووکیـان دەزانـی، بەڵام بـۆ نەگبەتـی هەرچەنـدە خۆشـت مانـدووبکەی واتـای دەسـتەواژەکە بەیەکەوە تێناگەی. ئیدی ڕەوانبێژی هەندێ لە هێڵی سور دەچی، وات لێدەکا هەست بە بچوکی و ناسکی خۆت بکەی.
خوشکەکەم لەمەدا جیاواز بوو. ئەسما حەزی لە زمان بـوو. مـراوی نێـو ئـاو بوو. خۆ ئەگەر یەکێك دەربڕینێکی بە بەرگـوێ خسـتبا، کە لای ئاشـنا نەبـوو، هەموو شـتێکی دەکـرد تـا لێـی تێدەگەیشـت، هەروەك ئەو ئارەزومەنـدەی خولیای کۆکردنەوەی پولی دەگمەن بێ. ئەو عاشقی وشە بوو، عەوداڵـی واتـا شـاراوەکانی بـوو. دایـکە نـیگەران بـوو، کە زەوقـی زۆر خوێنـدنەوە لەسـەر شوکردن ڕەشی دەکا. هەرچی دەربارەی منیش بوو، کاتی کتێب خوێنـدنەوەم نەبوو. زیاتر بەختم لەگەڵ زمانی ڕەشۆکی هەبوو، چونکە بۆ من هێـز و پـارە بوو. ئەوەش وا ڕۆیشت تا ئەو ڕۆژەی تێگیرام.
من لێرە گۆڕام. ئەوەش لەشەو ڕۆژێکدا ڕوی نەدا، بەڵکو بەرەبەرە واملێهات. لەو کاتەی متمانەم بە هاوزینـدانیم نەبـوو، مـارتن ئەو زێـدەمافەی پێـدام

زیاتر لە کتێبخانە کار بکەم. خوێندمەوە، لێمکۆڵیەوە و بیرم لێکردەوە، ئیدی ئەو سێ شتە گەورانە واتلێدەکەن هەنگاوێك لە دۆزەخ یان بەهەشتت نزیك بکەنەوە، ئەمەش پەیوەست بوو بەوەی ئاخۆ شتەکان چۆن دەبینی.
تۆ بە خەیاڵ ئەوە دەهێنیە پێشچاوی خۆت، کە هەموان رقیان لە بابایەکی وەك تۆ دەبێتەوە. بەڵام سەیر ئەوە بوو، رەوشەکەش وانەبوو. من چەندان نامە، کارت و دیاریم لە شوێنگەلێك پێگەیشتن، کە شوێنەکان پنتی سەر نەخشەن. هەندێ گەنج هەبوو منیان پێ پاڵەوان بوو. ئەوان هیچ سەرەداوێکی ژیانی منیان نەدەزانی، بەڵام هێشتاش وایان دەگوت. کچ هەبوو خوازیار بوو شوم پێ بکا و بە خۆشویستیەکەی خۆی چاکم بکاتەوە. ئەرێ ئەوەش خۆ شێتی بوو.
ئەوسا (خوا برا)یەکانیش هەبوون، دەیانوست کارم لەسەر بکەن. ئەوانیش لە هەموو دینەکان هەبوون، وەنەبێ هی ئاینێکی تایبەت بن، دیاربوو من بۆ ئەوان بابەتێکی سەرنج راکێش بووم. هەندێك جار شتی ئەو سەردەمە نوێیەم وەك بڵاونامە، نامیلکە و نەوارم پێدەگەیشتن. 'لێگەڕی با یارەمەتیت بدەین، لێگەڕی با گیانت روناك بکەینەوە و قوڵاییە تاریکیەکەی هەناوت رۆشن بکەینەوە.' وشەی بریقەدار! وایان خۆنمایش دەکرد، کە بەناوی هەموو مرۆڤایەتیەوە دەدوێن، بەڵام گەر یەکێ رەگەڵ شەمەندەفەرەکەیان نەکەوتبا، ئامادەبوون خڕاوخڕ بیخەنە نێو ئاگر. هێشتاش ئەو کەسانە سۆزێکیان بۆ من هەبوو. بەڵام خۆدەستیان بە ژمارەیەکی شایستە رانەدەگەیشت. ئیدی مەیلی ئەوەندە بە هێزیان هەبوو، کە گوناهباران چاکبکەنەوە، بیانخەنە سەر رێگای راست و لەچاوی خودادا خاڵی پاداشت وەربگرن. ئێمەی خڵتە و خاشاکی سەر زەوی، ئێمەی شەڕانگێز و ئێمەی داڕماو، بلیتی بەهەشتەکەیان بووین.
جارێکیان خاتونە رۆژنامەنوسێك هاتە سەردانم، لاواز وەك لقەدار وابوو، بەڵام رێکپۆشیش بوو، تەنورەیەکی کورت، دوو قاچی سێکسی هەبوون. یەکدوو جاران هاتە سەردانم، پێدەچوو پشتم بگرێ. 'تکایە ئەلێکس خاترجەم بە، من هەر ئەوەم دەوێ لە چیرۆکەکەت تێبگەم، تا بە نوسینم دەربارەی تۆ، کۆمەڵ وشیاتر بکەمەوە.'
ئای چ شتێکی شەڕەفمەندانە بوو! ئیدی کچە رۆژنامەنوسەکە دەڕوا، بەڵام چەند کاغەزێکی پڕوپوچی دەربارە نوسیبووم. هەروەك منداڵ بوومە گاڵتەجاڕ. ئەوەش هەموو خەتای دایکە بوو. ئاخر من کوڕە گەورەکەی بووم، نۆبەرەی

بــووم، ئەو ســەری لەمـــن شــێواندبوو. 'ئەوەش نمـــونەی دۆزی تـــایبەتی دابونەریتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە،' قسـەی قـۆڕی لەو جـۆرە. مـن ئەوەنـدە لە رۆژنامەنوسەکە پەست بووم، ئیدی قسەم لەگەڵ هیچ رۆژنامەنوسێکی دیکە نەکــردەوە. بەڕاســتی ئەوان کەیفیــان بە راســتی نــایەت. هەمـــوو ئەوەی دەیانەوێ ئەوەیە، تۆ بـخەنە چوارچێـوەی چیرۆکێـك، کە لەمێشـکی ئەوانـدا هەیە.

هەروەها راپۆرتی دیکەش نوسرابوون، تەنـانەت نـامەی هەنـدێ زانکۆکـانی لەندەنیش. جارێکیان سیاسەتوانێك منی وەك نمونەیەك بەکارهێنا بوو تـا دەستی چەور بەسەری کۆچبەرە موسـڵمانەکان دابێنـێ. 'ئەو پیـاوە نمـونەی جــۆرە کــۆچبەرێکە رونــو ئاشــکرا توانــای ئەوەی نیــیە لەگەڵ بنەماکــانی شارستانی ئەوروپیدا بێتەوە،' ئەو وای گوتبوو. بـۆ هەمـوو ئەو کەسـانە مــن نادیار بووم. هەروەها دایکیشم وابوو، ئێمە هیچ نەبووین، تەنها داردەستێکی بەدیهاتنی مەرامەکانیان نەبێ.

دەرگای نوسینگەی ئەفسەرەکە کرایەوە، ئەو بەدەرکەوت. 'باشـە، ئەوە کێـیە لێرە؟'

ئەو خۆی دایە لایەك و لێگەڕا من بچمە ژور. دیـاربوو نوسـینگەکە بە باشـی گۆڕا بوو. کاتێ مارتن لێرە بوو، ئێـرە شـتێکی دیـکە بـوو، بەڵام خـۆ مــارتن پیاوێکی دیکە ببوو. ئێمە هەمومان رێزمان دەگرت.

ماك لاولـین لەسـەر کورسـی و مێـزەکەی دانیشـت و فـایلێکی هەڵـدایەوە، ئاشکرابوو فایلی من بوو. 'دیارە تۆ لە ١٩٦٢دا لەدایك بــووی،' ئەو وایگــوت. 'تۆ و من لەیەك تەمەنداین، لەهەمان مانگیشدا لەدایـك بـووین. ئەرێ تـۆ بڕوا دەکەی؟'

یونس کەلوی شێر، ئەسما پاکیزە و منیش دووپشك. ئاوهاش ئەفسەر ماك لاوین دووپشکە.

'دەڵێن دوو جۆرە نمونەی دووپشك هەن، ئەرێ تۆ ئەوە دەزانــی؟' ئەو لەسـەر قسەکەی خۆی بەردوام بوو. 'ئەوانەی بە خەڵکــی دیــکەوە دەدەن و ئەوانەش کە هەر بە خۆیانەوە وەدەن.'

ئەو سەیرێکی کردم، لەوەدا تێمــابوو وەك ئەوەی مــن ریــزپەڕ بــم و هەردوو جۆرەکەم بەسەردا پەیڕەو بێ.

'لێرەدا نوسراوە؛ چەند جارێك خـراویتە چاوەزینـدانی تەنیـایی. تـۆ چەنـد جـار شـەڕت کــردووە. ئـای چ گێرەشـێوێنێکی! دەی بـا سـەیرکەین، تـۆ کەپـوی

هاوزیندانییەکت شکاندووە، پەلاماری ئەفسەرێکی چاودێریت داوە. ئـۆوە، خـۆ تۆ قامکی هاوزیندانییەکی دیکەشت شکاندووە ــ' ئیسـتێکی کـرد و چـاوێکی لێکردم. 'ئۆو، هەردەبێ ئەمە ئازاری هەبووبێ.'

هەناوم گرژ بوون.

'ئەلێکس، ئەرێ ئەوەت چۆن کرد؟ ئایا پەنجەی باباکەت لەسەر شـتێکی ڕەق دانا و ئەوسا یەکە یەکە پەنجەکانی دیکەت شکاندنەوە؟

من دەمزانی چی دەکـا. ئەو بیـری خسـتمەوە، مـن چـۆن بـووم، هێشـتاش دەکرێ وابم. ژیانم بریتیبوو لە دوو قۆنـاغ. سـەرەتا کەسـێکی سـەرکێش و بەئاریشە. هیچ قاڵبێك نەبـوو بمگـرێتە خـۆی. مـن ئەوپەڕی دەهـری بـووم. تورەو پەست، تەواو خۆم لێگۆڕا بوو. ئینجا قۆنـاخێکی دیـکەی بەدواداهـات، کەم و زۆر من ئەوەم، کە ئەمڕۆ هەم. هێشتاش شێت و هارم، بەڵام زیـاتر خۆمم لەوەی کەسانی دەوروبەرم بەم.

'من قامکەکەم بە بلۆکێکی کۆنکرێت شکاند.' وام پێگوت.

'باشە،' چاوێکی لێکردم، سـەری لەقانـد وەك ئەوەی پێزانینێکـی بـۆ وتەکەم هەبێ. 'ئەدی ئەفسەرەکە؟ لەوێ چی قەوما؟'

'کورتە شەڕێکم لەگەڵ کرد.'

ئۆباڵەکە لە ئەستۆی ئەودا بوو. گوشاری خستمە سەر ئاخۆ تـا کـوێ دەڕۆم. هەوڵی دەدا لە پشکنینەکانیدا سەرم پێدابنوێنی، بە ناوناتۆرە بانگی دەکردم، دامرسایێ. منیش تیخەموسێکم لەنێو فلچەی ددان دانابوو، ئیدی بەو تـیخە رومەتــم برینــدارکرد، پاشــان گواســتیانەوە شــوێنێکی دیــکە. بیســتمەوە جێبرینەکەی هێشتا سارێژ نەبۆتەوە.

'فایلەکە دەڵێ، توشی هەندێ باری خـراپ هـاتووی، شـڵەژان، بـاری دەرونـی، میگرێنە، هەوڵی خۆکوشتن، ... ئممم ــ' ئەو وەستا، شتێکی سەرنجڕاکێشـی دۆزیەوە. 'لەقسە تێگیران! ئەرێ ئەوە چییە؟'

ئەوە بەسەرچوو، هەرچەندە بە تەواویش نەڕۆیشتووە. کاتێك دەشێوێم و گرژ دەبم، زمانم بـاش گـۆ ناکـا، بەڵام مـن دڵخۆشـی نـاکەم و ئەو باسـەی بـۆ ناگێڕمەوە.

مــاك لاویــن گەڕایەوە ســەر خوێنــدنەوەی فــایلەکە. 'دەرمــانی قورســیش بەکاردەهێنی، ترازۆدۆن، زایمەلیداین، لیسیوم، پاکسیل، ڤالیوم، کساناك...'

هەندێکیان لەو دەرمانانە هیچ کاریگەری نەبوو؛ ئەوانـی دیـکە پێـدەچوو بـۆ ماوەیەك کار بکەن، هەنـدێکی دیکەشـیان لـێکەوتەی زۆریـان بەدواوە بـوو.

بۆنمونە یسیوم وایلێکردم کێشم زیاد بکا، زیمەلایداین سەری گێژ دەکـردم، هەستیکی وام لاپەیدا دەبوو برشێمەوە و سیەکانیشم لەگەڵـدا بێـنەدەرەوە، جاریکیشیان ترازۆدۆن ئازاریکی هەرامە رەپیبـونی وایـدام سێ رۆژی خایانـد. پێم سەیر بوو تۆبلێی ئەو هەموو شتە لەنێو فایلەکەم دابێ یـاخود دەسـتی بەسەر تۆماری پزیشکی مندا گرتووە، خۆ ئەگەر واش بێ، کاریکی رەوایە.
لەپڕ لەسەر شتێك کە دەیخوێندەوە، راوەستا، شانێکیشی بۆ هەڵتەکاند.
'ئۆو، خۆتۆ گۆشتیش ناخۆی!'
سەرێکم بۆ لەقاند.
پێکەنینێکـی دیـکە. 'ببـورە، نـاتوانم نەیڵـێم. ئـاخر زگێکـی وەك هـی تـۆ... مەبەسـتم کەسـێك، کە دایکـی خـۆی کوشـتبێ و تۆمـاریکی بەردەوامـی توندوتیژی هەبێ، سەیرە سەبارەت بە هەندێ ئاژەڵ نیگەران بێ!'
کاتێك وەڵامم نەدایەوە، بێدەنگیەك باڵی بەسەردا کێشاین.
'ئەرێ دەکرێ ئێستا پۆستکارتەکەم بدەیتەوە؟'
'بەدڵنیاییەوە،' وایگوت. لەپڕیش بەجدی گوتی. 'هەرکاتێك پێتگـوتم، بـۆچی واتکرد هاوزیندانییەکەت لێت بدا، خۆ دەتوانی باش بەرەوانی لەخۆت بکەی.'
'ئەو خەریك بوو خۆی بدۆرێنێ. ژنەکەی داوای دەستبەردانی کردبوو. پێویستی بەوە بوو لەکەسێك بدا و کوڵی خۆی پێبرێژێ.'
'تۆش ئەو سامرییە میهرەبانە بووی، سینگی خۆت بۆ والاکرد، ئەرێ وایە؟'
ئەو چەکمەجەیەکی کردەوە، پۆستکارتەکەی ئەسمای لێـدەرهێنا. بـۆ مـایەی سەرسامیم، چیدیکە یاری پێنەکردم و یەکسەر رادەستی کردم. ئەوسا گـوتی، 'بێ مێشکی وا هەیە دەڵێ هاودینی لەبەر ئازاری زگی سەری نایەوە. مشتێکی بەر ناوچەی ریخۆڵەکوێرە کەوتبوو، تەقاندبووی.'
من هیچم پێنەگوتەوە. پێویستی نەدەکرد پێیبڵـێم، کە مـن یەکـێ لەو بـێ مێشکانەم. خۆئەگەر تۆ بەردەوام بە زەبرێکی خراپ لەشوێنی ریخۆڵەکوێرەکە بدەی، دەکرێ دەرەنجامی وای لێبکەوێتەوە. ئەوەش دەکەوێتە ئەوی تاچەنـد گۆشە راستەکە دەدۆزیتەوە. هەرچۆنێك بێ، شتەکە شایستەی هەوڵ بـۆدانە. بەلام ئاخۆ من چـیم هەیە لەدەسـتی بـدەم؟ مـن ئەزمـونم لەگەڵ مەرگـدا هەیە.
'ئالێکس، بای ئەوەندەم بەڵگە لەبن دەستدا هەن، کە ویستوتە دیـدارەکە لە بەرژەوەنـدی خۆتـدا بشـکێنیەوە. ئـاخر ئەگەر تـۆ لەوجـۆرە دوپشـکە بـی کە بەخۆیەوە بدا.'

ئەفسەرەکە لەوە زیرەکترە، کە من بیرم لێدەکردەوە. بەڵام هەرچۆنێك بێ حاشایی لەو شتە دەکەم. 'ئاخر بۆچی بمەوێ خۆم بکوژم؟ زۆر ناخایەنێ ئازاد دەکرێم."

ئەوکاتە ئەفسەر ماك لاولین هەندێ سەری خۆی هێنایە پێشەوە، سەیری ناو چاوەکانی کردم، شتێکی گوت، بۆیەکەم جاربوو راست و دروست بێ. 'ئەلێکس، خۆت و خۆم ئەوە باش دەزانین، هەرگیز تۆ ئازاد نابی. تەنانەت دوای ئەوەش کە لێرە دەچییە دەر، تەنانەت کە دەچیتە سەر شەقامەکانیش، تۆ هەر بە تاوانەکەت دەتلێیتەوە.'

ئەوسا کشایەوە دواوە. 'هەروەك خۆت دەزانی، مەرگی هاودینی هیچ پەیوەندی بەو زەبرە نەبوو، کە بەری کەوتبوو. پێشتر ریخۆڵەکەی وێران ببوو.'

'ئاخر بۆچی ئەو هەموو شتانەم پێدەڵێی؟'

'چونکە دەریاوانی هۆشمەند ئەوەیە لەکاتی باهۆزدا بچێتەوە بەندەر.'

'ئاخر چی دەڵێێ گەر هیچ گەردەلولێك لەئارادا نەبێ؟' من ئەوەم بەپێوە پێگوت، 'تۆش لە ختوخۆڕا دەچیەوە بەندەر و خۆرەتاویش لەدەست دەدەی؟' دەزانم ئەوە هەڵەبوو کردم. نەدەبووایە وای لەگەڵ بدوێم. بەڵام سەداکەم بێداربوو، ئای ئەگەر بۆ هەمیشە خەوتبا.

'دانیشە،' ماك لاولین وایپێگوتم.

منیش وامکرد. ئێمە بە بێدەنگی چاوەڕێمان کرد. خولەکێکی رەبەق وا ماینەوە.

'هەنوکە دەکرێ بڕۆی،' ماك لاولین وای پێگوتمەوە.

کاتێك بەرەو دەرگا رۆیشتم، گوێم لە منگەمنگێکی بوو، وەك ئەوەی لەگەڵ خۆی بدوێ. 'ئەرێ بۆچی ئێوە دێنە ئینگلستان، ئەو پیسی و پۆخڵیەش لەگەڵ خۆتان دێنن؟'

لە بەریتانیادا بێزرانی بێگانە هەمیشە دەمحەپەسێنێ. ئەوان راستەوخۆ پێت ناڵێن تۆ ئیسپانی، گریکی یان ئیتالی، هەرچەندە ناوبەناویش وادەڵێن. راسیزم بەشێك نییە لە ژیانی رۆژانە، وەك لەهەندێ وڵاتدا هەیە، کە گوێم لێبووە. بەڵکو لێرە هەندێ هەستیار و ناسك و پۆلیشکراوە. لێرە راسیزم لەبەر رەنگی پێستە یان ئایینەکەت نییە. لێرە دەربارەی شارستانیەتییەکەتە.

من گەڕامەوە چاوە زیندانەکەی خۆم، لەسەر رێگاش سڵاوم لەهەندێ برادەر کرد. لەوێدا لەژێر هەنوانی بەندیخانەکەدا زۆرینەی ئینگلیزن، بەڵام خۆ ژمارەیەکی کەمی ئیسپانی، روسی، بولگاری، عەرەب و ئەفریقاییشی لێ

هەن. ئەوەیە بەختی من. هەندێ سەری ئەو زینـدانییانە بـۆ بەنـگ و شەڕ دێشی. ئێ خۆ هـی منـیش هەروایە. لێـرەدا زۆر شـتی وەك بەنگـی تێـدایە، هەنـــدێکیان دەیکێشـــــن و دەشـــــێوێن و داوای زیــــاتریش دەکەن. لۆتییەکان(نێربازەکـان)... لێـرەدا لەهەموویـان پـۆلکترن. کاتێـك یەکەمجـار گەیشتمە ئێرە، هیچ کەیفم بە چارەی ئەو تاقم و باندانە نەهـات، بڕیارمـدا پێڕی خۆم دروست بکەم. ئەوەش شتێکی ئاسان نەبـوو، بەڵام هەوڵـی خـۆم دا. ئێمە رێسای نەنوسـراوی توندوبەنـدمان لەنێوانـدا هەیە، کە هەموویـان پێیەوە ملکەچن. هیچ لێبوردنێك بەرامبەر لاقەکار و منداڵبازا نییە. نە نێرباز، نە تەفرەدەر نە حەشیش خۆر، نە ژاوەژاومان لەنێودا دەبێ و نە پرخەپرخیش. لەهیکەوە بۆم دەرکەوت هیچ پێشـکەوتنێك نـابینم. خـۆ مـن سـەرکردەیان بووم، بەڵام هەر بەخۆشـم جێمهێشـتن، چـونکە پرسـگەلێکم لەگەڵ خۆمـدا هەبوو دەبووایە چارەسەری بکەم. بیستو چوار سعات لەرۆژ، هەفـت رۆژیـش لە هەفتەدا لەژێر چاودێریدا بووم، نەبادا خۆم بکوژم. بۆ ماوەیەکی دوورودرێـژ من نغرۆ بووم، کەوتبوومە بندین، شوێنێك نزمتر لەوەی تێدا بووم.
ئینجـا، شـەوێك دایکــم هــاتە خەونــم، تارمــایی ئەو، شـتێکی ئەو، تـۆش هەرناوێکی لێدەنێی بینێ. من دەڵێم بۆنی پرچی بوو. شتەکەش راستی بوو. بۆنم پێوەکرد، هەرگیز پێشتر وام نەکردبوو، دوای ئەوە گۆڕانم بەسەردا هات، ئەمڕۆش بوومەتە پیاوێکی دیکە. رەنگبێ باشتر نەبـێ، بەڵام خـۆ جیـاوازترە. ئەوەش ئەو بەشەیە، کە ماك لاولین ئەفسەر هەرگیز لەنێو فـایلەکەی منـدا بۆی دەرناکەوێ.

❖

کاتێك گەڕامەوە چاوە زیندانەکەم، تریپی لەسەر جێیەکەی خۆی لەبـن چەنـد پەتۆیەك دابوو دەموچاوی هەڵبزرکابوو، چاوەکانی نوقاندبوون. خۆی لەهەموو شتێك دابڕاندبوو. لێیپرسیم، 'ئەرێ دیدارەکەت چۆن بەڕێوە چوو؟'
'نایاب! ئێمە یەخەگیری یەکدی نەبووین.'
'شیرینە،' وایگوت و گەڕایەوە دۆخە گێـژیەکەی جـارانی. لەو کـاتەی هەواڵـی لێکجیابوونەوەی پێگەیشتبوو، زیاتر لە حەبێکی قوتدا بوو.
بۆ ساتێك هاتە سەرم پێی بڵێم گوێی نەداتـێ، بەڵام بینـیم هەمـوو ئەوەی دەیەویست، تەنیایی بوو. منیش رێزی ئەوەم گرت و خۆم تێنەگەیاند. ئیدی چوومە سەر جێگای خۆم لەسەر پشت پاڵ کەوتم و لە گڕ هزران راچووم.

ئاخر خۆ لە دنیاکەی ئەودیوودا پردێك هەیە، لە تاڵە موێیەك بارکترە و لە مارماسیش لوسترە. کاتێك رۆژی پەسڵان (قیامەت) دادێ، هەموو کەسێك دەبێ بەتاك و تەنها بەسەر ئەو پردەدا بپەڕێتەوە. ئەوسا گوێت لە هاوار و قیژەی گوناهکاران دەبێ، کە لەسەر پردەکە دەکەونە خوار و ئێسوپروسکیان لە روباری ئاگری ژێرخۆیان دەکوڵێ... خۆ ئەگەر گوناهبار بێ ئەوا سەراوسەر دەکەویە نێوی و مەشخەڵی ئاگر و لرفت دەکا. ئەگەر بایی ئەوەندەش لەسەر دنیا ئیشی چاکت کردبێ، ئەو ئاژەڵەی کە لە جەژنی قوربانـدا سەرت بڕیوە، زیندوو دەبێتەوە و بەسەلامەتی لە پردەکەدا دەتپەڕێنێتەوە. ئەرێ کێ ئەمەی فێرکردووم؟ هەردەبێ مام تاریق بێ، بەڵام خۆ دڵنیاش نیم.

من لەتەمەنی حەف ساڵاندا وازم لە گۆشت خواردن هێنا. هەموو جەژنێك داوامان لەخوا دەکرد لێمان خۆش بێ، چونکە توانامان نەبوو ئاژەڵێکی بۆ بکەینە قوربانی. دراوسێکان گۆشتی پشکە(بەشە) خێریان بۆ دەهێنایـن، ئەوەش شتێکی جوان بوو. بەڵام لەدوا ساڵەکەی ئەستەمبوڵماندا، دایکە لەسەر باوکە مکوڕ بوو بەرانێك بکڕێ، ئەوش نەوەك هەر بەرانیك و بەس، بەڵکو بەرانێکی دابەستی. دوای ئەوە ئێمە هاتینە لەندەن. باوکە کارێکی لە کارخەنەیێك لەوێ بەدەست کەوت. خوا دەروێکی لێکردینەوە، ئێمەش دەبووایە ئەوەمان لەبیر بێ و سوپاسی بکەین.

باوکە هەر لەدەست گرانی کەلەپەکان بۆڵەبۆڵی بوو. هێشتاش لەو بارەدا، بەیانیەکیان لەبەر دەنگی بارەبارێك لە باخچۆکەمان بێدار بووومەوە، بینیم لەوێ کاوڕێك بۆخۆی لەنێو گیاکە دەلەوەڕا. ئای چ ئاژەڵێکی خۆشەویست بوو، شریتێکی قرمزی قۆچەکانی رازاندبووەوە.. ئەوان لێگەڕان مـن ئالیك و ئاوی بدەمێ و چاوم لێبێ. دایکە و من خەنەمان لە پەتکی پێبەستەوەی دا، و شـریتە قرمزیەکەشی هەر پێوەمابوون. دوو رۆژی داهاتووم لەگەڵ کاوڕەکەدا بەسەر برد. ئەوەش یەکەمین تاکە ئاژەڵی ماڵیم بوو.

ئەوکات مام تاریق گوتی، 'لێمەگەڕێن کوڕەکە زۆر متوی کاوڕەکە بێ.'

منیش پرسیم 'بۆ؟'

ئەو برۆکانی لێك نا. 'ئەرێ پێیان نەگوتی؟ زۆر نابا سەری دەبڕین.'

بەگریانەوە بەرەو لای باوکم غارمدا. ئەو لە میزاجێکی خۆشدا بوو، بەڵێنی پێدام دەست لە ئاژەڵەکە نەدا. 'من تەنها کوڕێکم هەیە،' ئیدی ئەوە باوکە بوو وایگوت. 'لێ دەگەڕێم کاوڕەکە بۆ خۆت بێ.'

ئـای خـوایە، لەخۆشـیان خەریکبـوو بـاڵ بگـرم. وەك كورێـك هەسـتم بە شانازییەك كـرد، ئەوەش نەوەك وەك كچێكـی لەڕولاوازی وەك ئەسـما. رۆژی پاشتر منیان بە کارێك بۆ شوێنێك نارد، کاتێکیش گەڕامەوە، بینیم کەلاکی کاوڕە بە بارەبارەکە بەسێ پێکێك بەدارەکە هەڵپەسێردراوە.

ناتوانم بگێڕمەوە کە چی زیاتر ئازاری دام: کوشـتنەوەی ئـاژەڵەکە یـان درۆی بـاوکم. ئایـا دەزانـی، کە دایکـم لەپشـت ئەمەوە بـوو؟ یـاخود مـن ئەو خۆشەویستەی ئەوان نەبـووم کە دەیـانگوت؟ دایکـم پەنجەیەکـی بەخـوێن سورکراوی کاوڕەکەی لە هەنیە دام و ماچی کردم، پێشی گوتم لە سوڵتانێك دەچم، ئیدی چوو گۆشتەکە لێ بنێ. بۆنێکی ناخۆشی بێزراو هەموو مـاڵەکەی داگـرت. لە ژەمـی شێوانیشـدا کاتێـك قـاپێکی گۆشـتیان لەپـێش دانـام، خواردنەکەم رەتکردەوە.

'ئایا دەزانی ئەو کاوڕەم بەچەند لەسەر کەوتووە؟' باوکە وای لێپرسـیم. 'ئـاخر تۆ هیچی لێ دەزانی، هەی خوێری سپڵە!

ئەوکات، نەمدەزانی چیم لێبەسەرهاتبوو، بەڵام هەنـوکە دەزانـم. تورەبـوون، دەردانی هۆرمۆنی ئەدرێنالین. هەسـتی کەوتـن و هەڵسـانەوە لەیەك کاتـدا. شتێك وەك تەوژم بێ. شتی پاشتر ئەوەیە، کە تۆ لەسـەر لـوتکەیەك بـی و دابڕسێیە هەمووان، تەنـانەت باوکیشـت. قـاپە گۆشـتەکەم فڕێـدا تونـدتر لەوەی من مەبەستم بوو. ئیدی هەمو شیوەکە بەسەر مێـزەکەدا رژا. بـاوکە بەر چاوی تاریك بوو، چاوەکانی باوەڕیـان بەوەی بینیـان نەهـات. ئایـا ئەدی ئەوە هەڵـگەڕانەوە نەبـوو لەدەسـەڵاتی بـاوك لەبەردەم دایـك و خوشـکدا؟ سوسـکە ئاسـا ئەو لەجێـی خۆیهەڵسـا، هەرگیـز مـن ئەوم بەو تـاو گـوڕە نەبینیبوو.

'ئەسکەندەر، بخۆ!' وای بەسەرمدا قیژاند... من لە منداڵەکانی خۆم نادەم!'

ئینجا شانم بۆ هەڵتەکاند. ئەوەش دوا هەوڵی کەمەرشکێن بوو. سەری منـی گرت و بەهێز خستیە ناو قاپەکە، کە هەندێ گۆشـت و گۆشـتاوەکەی تێـدا مابووەوە. شتەکەش ئەوەندە ناچاوەڕوان بوو، چەناگەم لە بنـی قـاپەکە درا، وەك تۆپێکی لاستیك هەر بەرزو نزم دەبووەوە. بەڵام کەپوم لە شلە چەورەکە وەردرا. ئەوسا فرمێسکی چاو چڵمی کەپوم و شۆرباوەکە تێکەڵ یەك بـوون. گوێم لە دەنگێکی هەڵقۆڕانـدن بـوو، دەنـگەکە لەمـنەوە هـات. ئەو تـامەم هەرگیـز لەیـاد نەچـوو. تـامی زەبـونیم. بـاوکم پشـت ملـی گرتبـووم، بە

پاڵەپەستۆوە هەر فشاری بۆدەهێنام. منیش جویم و هەر جویم، ناوبەناویش سەرم بەرزدەکردەوە بەڵکو هەناسەیەك بدەم.
لەکۆتاییدا وازی لێهێنام، کاتێك سەرم بەرزکردوە تەماشام کرد، بینیم ئەو شەرمی لە کاردانەوەی خۆی کردەوە. ئاخر ئەو پیاوێکی بەدکار نەبوو، نەخێر بەوشێوە نەبوو کە کردی. تێنەگەیشتم بۆچی ئەو رۆژە وا هەڵچوو. لەو باوەڕشدا نیم بەخۆیشی لێیتێگەیشتبێ.
دایکە غاریدا لای من، دەموچاوی سڕیمەوە. 'شێرەکەم، سوڵتانەکەم، ئەرێ تۆ باشی؟'
من دایکم پشتگوێ خست، کە دەستی لەسەر نێوچاوانم دانابوو، سێرەی چاوم لە باوکم گرتبوو. هەنوکە پەستی لەنێو چاوەکانیدا دیاربوو، بەڵام لە کەساسیشدا بریسکەی دەدایەوە. ئەرێ چیمان بەخۆمان کرد؟ ئەرێ بۆ هەمیشە کارێکی وا دەکەین، لەیەك دابڕێین؟
لەوێوە تێگەیشتم، کە باش نییە هەر لەبن کراسی خۆمدا بمێنمەوە. خۆ ئەگەر نمایشی لاوازییەکەت بکەی، ئەوا بەسەرت هەڵدەپەڕن. ئەوسا هەموو ئەو جیهانە نەفرەتییە لەسەر زگت هەڵدەپەڕێ. بەڵام گەر بەهێز بم، بەڕاستیش خورت و بەهێز بم، هیچ کەسێك ناتوانێ وام لێبکا. لەوکاتەوە هەرگیز زەبوون و دەستەوەستان نەبووم. راستە، هەڵە بووم، راستە کەوتم بەڵام لاواز و زەبون نەبووم. ئیدی لەوساتەوە ببڕای ببڕ، تخونی گۆشت خواردن نەکەوتمەوە
ئەسکەندەر تۆپراك

## سمێڵەکە
*لەندەن، ١ی یانیوەری ١٩٧٨*

سـعات پێـنج و چـل خـولەکی بەرەبەیـان، ئـادەم هەر بێـدار بـوو. لەو دواییانەدا ئادەم کاتژمێرەکەی بۆ هەڵسـانەوە لەسـەر سـاتەوەختێکی وا قورمیش دەکرد، تا بەر لە رۆکسانا هەڵسێت و کاتێکی تایبەت بۆ خـۆی هەبێ. ئەو حەزی لەوە بوو بەخەوتـویی سـەیری رۆکسـانا بکـا. ئەوسـا روخساری جیاوازە، کەمتر گرژ و تورەش نییە لەوشـتەی کە لە ئـادەمی داوادەکا و پێشی ناکرێ. هەنوکە رەنگی جـارانی نەمـاوە، بـۆیە بچـوکتر دیارە، بێ هیچ ئاماژەیەکی ساردوسڕی؛ پرچەکەشی لەسەر سـەرینەکەدا بە هەموو لایەکدا پەرشوبڵاوببووەوە، کاری لە دڵی کرد.
کەوتنە داوی خۆشەویستی رۆکسانا، وەک ئەوە وابوو سەیری کەشتیەک بکەیــت، دوور بــڕوا. ئــادەم هێشــتا لەســـەر لێـــوارەکە بە هێـــدمەوە وەسـتابوو، چـاوی لەبەر تیشـکی رۆژ دەشـاردەوە. لەبەر نیگـای ئەودا کەشتیەکە لەسەر رێڕەوی خۆی بەردەوام بوو. زۆر خێـرا مەبە، هەرگیـز پەلەت نەبـێ، خواحـافیزیێکی سـەرپێی. ئەو دەیزانـی رۆژەکـانی لەگەڵ رۆکسانادا خەریکن تەواو دەبن. قولانج بەقـولانج لێـی دوردەکەوێـتەوە، ئەویش چاوەڕوانە تـا لەبەرچـاوانی وەک پنتێکـی دور دوری لێـدێ. ئەو کاتەی ژنەکە زانـی، کە ئـادەم چیـدی پـارەی پـێ نەمـاوە، ئەوا کۆتـایی پێــدێ. ئەو زۆر بــاش لەوە ئاگــادار بــوو، چــونکە هەر لەســـەرەتاوە پێیگوتبوو. *ژن پێداویستی هەن*، رۆکسانا بە گەرمیەوە وای پێیگوتبـوو. هەمیشە رۆکسانا سەرسوڕهێن و بەسوێ بووە.
ژنەکە بینی ئـادەم لە رۆلێـتەکە دۆڕاوە، بەڵام هێشـتاش بـاوەڕی وابـوو پارەی ماوە، لەشوێنێک داناوە، لەبانـک، قەرزێـک وەربگـرێتەوە یـان شتێکی لە لەندەن هەیە. *بە دڵنیاییەوە هەردەبێ شتێکی هەبێ. ئاخر خۆ زۆر لەمێژە لەم وڵاتەیە.* ئیـدی چـاوەڕوانی ئەوەبـوو هەربینـا گەنجیـنەکەی

دەرهێنا. خۆ چاوەڕوانییەکەشی لە خۆڕا نەبوو، ئادەم هەموو هەوڵێکی دابوو تا بیرۆکەکی وا لای رۆکسانا ختوکە بدا.
راستیەکەش، هەرچەندە ئادەم چەند رۆژێک دەبێ کاری کارخانەکەی لەدەست داوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کارخانەکە زیانی زۆری پێکەوتبوو. ئیدی تاکە سەرچاوەی داهاتەکەی، ئەو برە پارەیەبوو کە لە برادەرەکانی قەرزکردبوو، ئەو شتەشی کە هەیبوو، ماڵەکە بوو، ئەویش خێزانەکەی تێدا دەژیا. خانوەکەش بۆ ماوەی شەش ساڵی رابردوو بارمتانەکەی دەدا، ئەوەندەشی پارەکە دابوو، تەنها چارەگێکی مابوو.
بە هەناسە هەڵکێشانێک، رۆکسانە بەدەم خەوەوە خۆی وەرگێڕا. هەندێ دەمارەکانی روی وێکهاتن، هەندێ چڵمی لە کەپوو هاتەدەر. 'نا،' ئەو دەنگەی لەبەر هاتەدەر، منگەیەکی لێوە هات، نەدەبیسترا. دیسان جارێکی دیکە .نەخێر،'ی دووبارەکردەوە.
ئادەم هەناسەی خۆی راگرت. سەبارەت بە خەونەکەی مەڕاق ما. دیارە جەستەکەی لێرە لەسەر پێخەفەکە لەگەڵ ئەو دایە و گیانیشی لە گەڵ کابرایەکی دیکە. خۆ ئەگەر وابێ، ئایا کەسێکی خۆش دەوێ؟ ئەو نەیدەزانی کامەیان پۆلکترە: ئاخر ئەو هەرگیز کەسی خۆش نەویستووە و ئیدی ناتوانێ دڵی بۆ هیچ کەسێک بکاتەوە، یاخود ئەو پێشتر کەسێکی خۆشویستوە، هەرگیزیش بە هەمان شێواز ناتوانێ خۆی بۆ کەسێکی دیکە تەرخان بکاتەوە.
بە هێواشی ئەو لەبن جێگا هاتەدەر. پەتۆکەی لەسەر خۆی لادا، رانەکانی رۆکسانا دەرکەوتن. ژنەکە بە روتی دەنوست، هاوین و زستان خۆی و پێستەکەی خۆی. ئەویش هەرگیز نەیدەتوانی وا بخەوێ. هەرکاتێکیش بێجامەکەی بۆ سەرجێیکردن دادەکەند، پاش تەوابوونیش خێرا لەبەری دەکردەوە.
گۆرەویەکانت لەسەر جێ لەپێکە، هە ردەڵێی پیرەمێردی!' رۆکسانا وای سکاڵا لێدەکرد.
ئەویش گوێڕایەڵ بوو، هەرچەندە حەزیشی نەدەکرد وابکا، ئاخر هەمیشە هەر سەرمای بوو. سیستمی خۆ گەرمکردنەوەی ماڵ کۆلەوار بوو. بۆڕیە کۆنەکان لیکیان کردبوو، پێویستیان بە نۆژەنکردەوە هەبوو. ئەویش نەیدەوێرا سکاڵایان لەدەست بکا. شتێکی دیکەش، کە

ڕۆکسانا پێی پەست بوو سمێڵەکانی بوون. 'پیاوی ئینگلیز سمێڵی نین،' زۆر جاران ئەو قسەیەی پێدەگوت. 'ئەرێ کەی دەیانتراشی؟ بەو جوتە سمێڵە دەڵێی ستالینی.'

ئادەم لە نێو تاریکاییەکە خۆی خشاند و چووە نانەدینەکە و گڵۆپەکانی داگیرساند.لەوێش هەر پاشاگەردانییێک بوو بۆ خۆی، تەنانەت وایلێهاتبوو وا بڕوابکا لەگەڵی راهاتبێ. ڕۆکسانا قینی لەسەروکاری نانەدین دەبووەوە، زۆر جاران سەرزەنشتی دەکرد، ئاخۆ بۆچی یارمەتی نادا. *خۆ ناتوانی وام لێبکەی خزمەتت بکەم. خۆمن ژنی تۆ نیم. ئەمن؟*

ژنەکە حەزی لەو جۆرە دەربڕینانە بوو، کە وەک وردە شوشە تیژ و برینداركەر بوون. پەستی و ترش و تاڵییەکەی ئەو شتێک نەبوو بشاردرێتەوە، بەڵکو ببووە دیاردە. لەراستیشدا توانج و پلارە هەراسانکەرەکانی ژنەکە بەقەد شتە گشتییەکانی رۆژانە، کە ئاراستەی ئادەمی دەکرد، پەستی نەدەکرد. هەر کاتێک ڕۆکسانا وتاری بۆ دابا، ئادەم هەستێکی وای لاپەیدا دەبوو، ئاماژە بۆ ئەو هەموو پیاوانە بکا، کە ناسیبوونی. ئەمەش ئازاری دەدا. دۆخەکە ببووە بەشێکی حیلەبازی ئەلبوومەکەی، لەچاوی ئەودا ئادەم کەسێکی بەرچاو نەبوو، ئەمەش وایلێکرد هەست بکا، عەشیقێکی کاتییە و بەس. ئەو خوازیار بوو کەسێکی بێ وێنە بێ، پیاوە تاقانەکەی بێ. خۆ ئەوەش قەیدی نەبوو، کە پێشتر پیاوگەلی ناسیون. بەڵێ ئەوەش پرسێک بوو بۆ خۆی، بەڵام هەر قەیدی نەبوو، گەر بهاتبا و هەستێکی وای لا پەیدا ببووبایە، کە لای ژنەکە کەسێکی تایبەتە، ئیدی ئەم بارە هەراسانیەکەی سوک دەکرد. ڕۆکساناش پێکەنینی بەو جۆرە هزرانەی دەهات. *ئادەم هەرگیز نەمگوتووە، من تۆم خۆش دەوێ، ئەرێ وام گوتووە؟* هەر کاتێکیش ئادەمی لێی نزیک دەبووەوە تا باسی هەستەکانی خۆی بۆ بکا، کە پێشتر ئەمەی بەخەیاڵدا نەهاتبوو لەگەڵ ژن و منداڵەکانی خۆیشی وابکا، ئیدی ڕۆکسانا بەدەستێک بەلاوەی دەنا، وەک ئەوەی سۆتەکی جگەرە بێ بەسەریدا رژا بێ.

ئادەم دەرکەی چەکمەجەکەی کردەوە، هەوڵیدا سەیری سەرشۆکەکەش نەکا، چونکە پیس و پۆخڵ بوو، مێشو مەگەز لە ئاوە پیسبووە زەردهەڵگەراوەکە خڕببوونەوە. هەرچۆنێک بێ توانی چادانێکی خاوێن ببینێتەوە تا قاوەیەکی تورکی ساز بکا.

لەسەر ئاگری نەرمی تەباخەکە، قاوەکە خەریک بوو کەف بکا، ئەو کولانە بە شێوەیەکی سەیر هێوری دەکردەوە. سەرتاپای ناندینەکە بۆنێکی پیسی لێوەدەهات. ئیدی قاوەیەکی بۆخۆی تێکرد و لەسەر مێزەکە داینا، بە هێواشی قومی لێدان. ئەو هێشتاش بە تەواوی بێدار نەبووە، هێشتاش شەوەکەی هەر لە کۆڵدا بوو.

ڕۆژی پێشتر چووبووە قوتابخانەی کوڕە بچکۆلانەکەی، لەوێ لەبەر سێبەری دارێک چاوەڕێ بوو. لەبەر خۆیدا بیری کردەوە، ***هەر وەک تاوانبارێک*** خۆی حەشارداوە. کاتێکیش یونس لەگەڵ دەستە برادەرەکانی لە قوتابخانەکە هاتەدەر، ئەو ناوی نەهێنا، نەیتوانی بانگی بکا، قورگی گیرابوو. بەهەمان شێوەش چەند جارێک لە دەوروبەری قاوەخانەیەک بەناوی ئەشکەوتی عەلائەدین سوڕابووەوە، بەڵکو لەوێ ئەسکەندەری کوڕە گەورەکەی ببینێ. جارێکیان لەدورەوە ئەسکەندەری بەدیکرد، دەستی لەنێو دەستی کچێکی کەژەی قەدباریکدا بوو. زانی ئەسکەندەر کچە دۆستێکی ئینگلیزی گرتووە، بەڵام بە بینینی ئەو لەگەڵ کچێکی وا، کە بەجۆشوخرۆش بوون، هەستی کرد خۆی پیر بووە، ئەوەی بەدەرخست تاوگوڕی جارانی نەماوە. لەو مانگانەی کە ئەو نەدەگەڕایەوە ماڵەوە، کوڕەکەی ئەوەندە گەورە بووە، بۆتە لاو، زۆریش کەشخە. بەقەد ئەوەی حەزی لێبوو بچێ و قسەی لەگەڵدا بکا، بەقەد ئەوەش نەیتوانی وابکا. ئاخر خەڵک چاویان لێیە، ئەوەش قورسترین شت بوو. چاوی بەچاوی دۆست و ناسیا و بکەوێ، ئەوان وردە قسەی خۆیان دەکەن، ئەویش خۆی لە گێلی دەدا. ***ئەو پیاوە بێ شەرمە چۆن ماڵومنداڵی بۆ سەماکەرێک فڕیداوە.***

بەنێو هۆڵەکەدا هاتو و چوو، خۆی گەیاندە گەرماوەکە، گڵۆپەکانی داگیرساندن و لە ئاوێنەش سەیرێکی خۆی کرد. چاوەکانی مڕومۆن بوون، چەند چرچولۆچی کۆنینەی لەسەر رومەتی بەدیکرد و داوی سپی لەسەری پەیدا ببوون، پرچێکی ماشوبرنجی و جوت سمێڵێکی رەش؟ خەریک بوو ردێنەکەی تەنک بکا وەک هەموو ڕۆژێک، کە بۆ ماوەی پازدە ساڵە وادەکا. بەڵام دەستی راستی دیاربوو نەخشەیەکی دیکەی هەبوو. بە حەزێکی لەپڕەوە دەستی دایە موسی ریش تاشین.

کاتێکیش ئادەم لەگەرماوەکە هاتەدەر، بەتەواوی سەرو ریش تاشراو، پاکو خاوێن بوو، بینی رۆکسانا هەڵساوە و لەسەر پێخەفەکەی

دانیشتووە، سەیری گۆڤارێکی ژنانە دەکا. هەر ئەوەندە بۆ ئادەم بەس بوو بە نیو نیگا سەیری بکا، تا بزانێ باش خەوی لێنەکەوتووە و میزاجێکی شێواوی هەیە.

'ئەرێ قاوەت بۆ ئامادەکردم؟' ئەوەی ئاوڕیشی لێبداتەوە وای پێگوت بێ.

'هەڵبەتە.' دەنگەکەی تەمومژاوی بوو، جیاواز بوو لە جارانی دیکەی، هەر دەتگوت سەدای دەنگدانەوەیەتی.

'ملم دیسان ئازارم دەدا.'

دەستی بە مل شێلان کرد، بازنەی بەرینی لەسەر ملی دروست کرد، دەستەکانی هەندێک بۆ پشت ملی داکێشان. رۆکسانا ئاهێکی لێدەرچوو، جەستەی هەروەک کەفاوی گەرماو خاو بووەوە. ئەویش لەسەر شێلانەکەی خۆی بەردەوام بوو، تا ئەوکاتەی پەنجەکانی دەورەی ملیان گرت، لەسەرەتا هەستەڕوداوێکی کتوپڕ بوو، دواتر مرخی لێخۆشکرد. ئاخر ئەمە یەکەم جار نەبوو ختوکەی ئەوەی بۆ هاتبوو ژنەکە بکوژێ. ئەوسا گوتی. 'دەڕۆم قاوەکەت بۆ دێنم.'

'بوەستە.' ژنەکەش باش لێیڕوانی. 'ئەرێ چیت لە روی خۆت کردووە؟'

'ئۆو، سمێڵەکانم،' ئەو وای گوتەوە. 'ئەرێ بەدڵتە؟'

تەنانەت لەگەڵ سەرلەقاندنەکەشی، رۆکسانا لەناکاو حەزی کرد، ئەمەش بەبێ ئەوەی بشزانێ بۆچی، کە وای نەکردبا، ریش و سمێڵی نەتاشیبا و چیدیکە ئەوی خۆش نەویستبا و هەموو شتێکیش جیاواز ببا. لەگەڵ بزەیەک، کە پەڕیە سەر گۆشەی دەمی، دیاربوو ئەو هەموو تاڵ و ترشییەی سەر روخساری رەویەوە.

## سەرسامییێکی بێدەنگ
*لەندەن، ٢ی یانیوەری ١٩٧٨*

هێشتا دوای نیوەڕۆیەکی زوو بوو، تروسکاییێکی ئاڵتونی پەنجەرەی سالۆنی مقەسی کریستاڵی روناک کردبووەوە، دەسکە گوڵ و شوێنەواری رازاوەی کریسمسیشی هەر پێوە مابوو، شریت و کەلوپەلە رازاوەکان بە هەوای دەرگا و ژورەکە مەلەیان دەکرد. هێشتا ریتا کاریگەریی ئاهەنگی کریسمسی پێوە دیار بوو، ئەوە سێیەمین کوپە قاوە بوو دەیخواردەوە، ئاگای لێبوو دەرگای سالۆنەکەی کرایەوە و پیاوێکی تەمەن مامناوەندی لێوەژور کەوت. پیاوێک سیمایەکی روناک و بە جۆش، بە بڕوابەخۆبوونەوە دەڕۆیشت ، ختوکەی بە خۆنازینی پێوەدیار بوو، بەڵام خەندە گەرمەکەی، ئەو رامانەی نەهێشت.

بە برۆ بەرزکردنەوە، ریتا هەر لە بنی پێ تا تەوقەسەر لە کابرای بێگانەی روانی. کابرا پێنەدەچوو نوێنەر یان ئاژانی یەکێ لە کۆمپانیاکانی شامپۆ بێ، هەوڵی کۆکردنەوەی چەند واژۆیەک بۆ جۆرە شامپۆکەی بدا. هەروەها رەنگی ئەوەشی نەدەدا پشکنەر بێ و هاتبێ بارودۆخی خاوێنی و مەرج راگرتنی شوێنەکە بگەڕێ. ئەو رێکپۆش و قۆزیش بوو، پێدەچوو پیاوێکی شایستە بێ، بەڵام خۆ ئەو رۆژانە مرۆ کەس لەکەس دەرناکا.

'چۆن لەخزمەتت دابین؟' رایتا وای لێپرسی.

'بەڵێ، تکادەکەم، من هاتوم سەرم چاک بکەم.'

ریتا قرتەیەکی پێکەنینی لێوە دەرچوو. 'بەداخەوە، ئێمە هێشتا نەکراوینەتەوە. هێشتا پازدە خولەکی دیکەمان ماوە و ـــ'

'ئۆو، ئەوە هیچ کێشە نییە، دەکرێ لە دەرەوە چاوەڕێ بکەم.'

'من دەمەویست بڵێم، ئێرە بۆ هەردوو رەگەزەکە نییە. بۆچی هەوڵنادەی بچیە ئەوێ، خۆ لە قوژبنەکە دەلاکێکی لێیە.'

'ئاها، من پێشتر چوومەتە ئەوێ،' ئێلیاس وای پێگوتەوە. 'ئەو پیاوە باشتر وایە پێی بڵێن سەر بڕ نەوەک سەرتاش!'
'زۆر چاکە، دڵنیام شوێنێکی باشت بۆ دەدۆزینەوە،' ریتا بە دادنپێدانانەوە، ئاماژەیەکی کەیفخۆشانەی لەدەنگدا هەبوو.
'گەر تەنها پیاسەیەک بکەی،' ئێلیاس بە دەنگێکی شیرینەوە پێیگوت، 'ئایا تێبینی ئەوەت نەکردووە، لەم دواییانەدا چەندان سالۆن بوونەتە هی هەردوو رەگەز.'
'بەڕاستی؟' ریتا ئەمەی بە توانجێکی خۆشحاڵانەوە پێگوت. هێشتاش ریتا ئەوەی لە مێشکی خۆی دەرنەکردبوو، کە پیاوەکە نیمچە شێتێک بێ.
پەمبێ لە هۆدەکەی پشتەوە خەریکی پاککردنەوەی فڵچە و کەلوپەلەکانی سەرتاشین بوو، گوێی لە هەندێ گفتوگۆی نێوان ریتا و پیاوێک بوو، ئای خوایە تۆ بڵێی ریتا بەو زووە قسە لەگەڵ کێ بکا. بیری کردەوە، دەنگەکە دەناسێتەوە، بەڵام ئەوە ئەستەم بوو پیاوەکە خۆی بێ. دڵی کەوتە کوتەکوت، بەسەری پەنجە لە سالۆنەکە وەژور کەوت. بە سڵەمینەوە بینی ئێلیاس قسە لەگەڵ سەرکارەکەی دەکا، پاڵی بەدیوارەکە دا، نەیتوانی تەکانێکی دیکە بدا.
ئێلیاس پەمبێی نەبینی. 'من ساڵانێکە پرچی خۆم نەبڕیوە. هەست دەکەم کاتی گۆڕانی هاتووە.' وای بە ریتا گوت.
'ئمم، من هەمیشە بە مەعمیلەکانم گوتووە، پرچی درێژ بۆ خانمانە. ئەوەش ئەو رێگایەیە، یەزدان دایهێناوە.'
ئیدی پەمبێ لەوێ هاتە سەر ئەو بڕوایە، لێیوەژور بکەوێت و لەوێ دەری بکا، هەوڵیشیدا وا بکا، بەڵام نەیزانی چۆن بیکا، بۆیە لە شوێنی خۆی مایەوە چاودێری کردن. 'کەواتە واباشە یارمەتیم بدەی،' ئێلیاس وای بە ژنەکە گوت. 'وەک دەبینی من سەرکاری چێشتخانەم. هەموو رۆژێ مەعمیلێک سکاڵا دەکا گوایە مو لە نێو سوپەکەی دایە.'
ریتا پێکەنی. 'ئازیزم، حەزم لێیە یارمەتیت بدەم، بەڵام من چاوەڕێی وادەیەکی سعات یازدە و نیوم.'
پەمبێ لێوە ژور کەوت و پێیگوتن، 'من دەیکەم.'
هەردووکیان، ریتا و پیاوەکە بە حەپەساوەیی دەستیان لەسەر کەمەر بوو ئاوڕیان دایەوە و پەمبێیان بینی، وەک ئەوەی ژنەکەیان فەرامۆش

کردبێ. بۆ ئەوەی باشتر گوێی لەدەنگیان بێ، پەمبێ قسەکەی دووبارەکردەوە، 'من پرچی چاک دەکەم.'

ئەمەش یەکەم جاری بوو، ئاخر ئەو مەشقی لەسەر پرچ بڕین نەکردبوو، بەڵام بایی ئەوەندە چاودێری ریتای لە ئیشەکەی کردبوو. ئەو پێشتر پرچی منداڵەکانی کورت کردبوو، بەتایبەتیش هی کوڕەکانی، ئیدی ئەو ساڵە دوورودرێژانە هەندێ فرتوفێڵی پرچ چاککردن فێر ببوو.

'زۆر باشە، کەواتە کارەکە رێکخرا.' ریتا ئەم قسەیەی بە شانهەڵتەکاندنێکەوە گوت. خەریکبوو هێشتا قسەیەکی دیکەش بکا، بەڵام دەرگاکە کرایەوە و مەعمیلەکەی هاتە ژوور. ریتاش بەپیر خانمە هاتووەکەوە چوو، باڵی بۆ کردنەوە و پێگوت، 'مارگرێت، ئای چەند خۆشحاڵم بە بینینیت.'

لەو نێوانەشدا پەمبێ ئاماژەی بە ئێلیاس دا و بۆ ئەوەی لەسەر کورسیەکە لەو سەری ژوورەکە دابنیشێ. ئەوسا بە سرتەیەکەوە پێیگوت، 'بۆچی هاتوی؟'

'ببوورە، هاتبووم بتبینم.'

'نەخێر، نابێ وابکەی!' پەمبێ وای پێگوتەوە، دەنگەکەشی وەک منداڵێکی لاسار وابوو. ئەوسا بەرهەڵبێنەیەکی لە ملی ئێلیاس وەرێنا، مقەسەکانی خستە نێو دەفرێکی پلاستیکی. بە سپراش هەوڵیدا پرچەکەی تەڕبکا و خاوی بکاتەوە.

ئێلیاس بینی پەمبێ ئەوەندە بە هاتنەکەی پەشێوحاڵ بووە دەستەکانی دەلەرزین. هەستێکی وا مکوڕانەی لاپەیدا بوو، هەڵبستێ لەباوەشی بگرێ و داوای لێخۆشبوونی لێبکا، کە توشی ئەم رەوشەی کردووە، بەڵام خۆی گرت و هەناسەیەکی هەڵکێشا و جڵەوی خۆی گرت. هەندێ پەشیمانیش بوو لە بەدڕەفتاریەکەی، کەچی خۆشیی ئەوەی کە لێی نزیکە، بەسەر هەستی خۆ بە گوناهبازانیندا زاڵ بوو. ئەو لە ئاوێنە چاڵەکەدا سەیری هەموو جوڵەیەکی پەمبێی کرد. لەگەڵ دەست لەپرچدانیدا چاوەکانی نوقاندن، کاتێکیش چاوەکانی کردنەوە، بینی ژنەکەش چاودێری دەکا. قسەی دوایی لەگەڵ هەستوسۆزێک، کە بە سیماکەیەوە دیاربوو، نەدەهاتەوە، 'من پرچەکەت کورت دەکەم، بەڵام جارێکی دیکە مەیەوە ئێرە.'

'زۆر باشە،  نیگەران مەبە. بەڵێن دەدەم، جارێکی دیکە نەیەمەوە ئێرە.' پەمبێ ئۆخژنێکی هاتێ، بۆ یەکەم جاریش خەندەیەک دایگرت. 'باشە چۆن سەرت چاک بکەم؟'
'ئۆو هەنوکە، من نازانم.' ئێلیاس هەمیشە پرچی هەر بەیەک شێوە رادەگرت، هەنوکەش پەی بەوە برد، کە سەرەتایەکە بۆ گۆڕاندنێک لە شێوازی داهێنانی پرچەکەی. بەڵام پێی گوتەوە، 'تکایە، کەشخەم بکە، شتێک بێ جوان بێ.'
' تۆ خۆت جوانی،'  پەمبێ بە ورتەیەکەوە پێی سەیر بوو ئەم وتەیەکی خۆی گوێ لێبووەوە.
پێکەنین لە لای دیکەی ژورەکەوە هات. ریتا و مەعمیلەکەی بازاڕی قسە و گفتوگۆکانی خۆیان سەبارەت بە دنیاکەیان گەرم بوو.
'دەمەوێ شتێکت لێ بپرسم.'
'چیە،' پەمبێ بە لێتێگەیشتنەوە وەڵامی دایەوە.
'سەیرکە، من... من دەمەوێ تۆ باشتر بناسم. کاتێکی زیاترت لەگەڵدا بەسەر بەرم. بەڵام گەر تۆ بتەوێ من لێت دور بکەومەوە، ئەوا پێم بڵێ.'
پەمبێ موڕ بووەوە، رەنگی روخساری هەندێ بزڕکا، دوای ئەوەی وای بینی، کە شتێکی بێ کۆتاییە، برەدەبردێکی لێوەهات، 'دور مەکەرەوە.'
ئێلیاس دەستی راستەی لەبن بەرهەڵبێنەکە دەرهێنا، ئەو دەستەی لە دیوارەکە نزیک بوو، بۆیە لە چاوەکانی دیکە خەفە بوو، دەستی راستی پەمبێی پێگرت. ئەوەش یەکەم جار بوو دەستیان رێکەوتانە بەریەک نەکەوێ، بەڵکو بە شێوەیەکی شەرمنانە، کە سوچباری و ترسانی بەسەردا زاڵ بێ. وەک ئەوەی پیاوێک بە قنارەوە بکرێ و دەستی لە پەتەکە بەرببێ، دەستی پەمبێی توند گوشی، ئەوەندە توند تا ئێشاندی. ئەوەش بەلای  پەمبێوە قەیدی نەبوو، ئاخر خۆ هەر هەمان هەستی چرپوپری، درەنگکەوتن و ئەستەمبوونی هەبوو. دەستی پەمبێ لەنێو دەستی ئێلیاس وەک پەرەسێلکەیەکی لێهات.
ئەوان بۆ چرکەیەکی دیکەش هەروا مانەوە، تا ژنەکە دەستی خۆی کێشایەوە. "چۆن پرچت بۆ بتراشم؟"
'تکایە وەک ئەوەی لێبکە.' ئێلیاس گوێی لەخۆی بووەوە وای گوتووە.
پەمبێش ئاوڕێکی لە سەر مێزەکەی تەنیشتی دایەوە، وێنەی پیاوێکی وەرزشوان و ئەکتەرێکی هۆلیۆدی لەسەر گۆڤارێک هەبوو، خەڵاتی

وەردەگرت، کابرایەک ددانی دیار بوون و پێستێکی برونزی هەبوو. 'وەک ئەمە؟ نەخێر! بەڵێ؟ بە خاترجەمیەوە؟ پەمبێش نەیدەتوانی ئەو قرتە پێکەنینەی لەدەمی دەرچوو بیشارێتەوە.
'دەقاودەق، هەمیشە ویستومە کەیفسازانە دەربچم.'
پەمبێش دەستی دایە گۆڤارەکە و لە وێنەکەی روانی، دەشیزانی ئێلیاس هیچ باکی بە وێنەی ئەکتەرێکی سەر گۆڤارەکە نەبوو، تەنها بۆئەوە هاتووە بیبینێ و هەندێکی لێ نزیکببێتەوە. بۆ ماوەی ئەو نیو سعاتەی دوای ئەوە پەمبێ بە بێدەنگی کاری خۆی کرد، برۆکانی لەبەر تیشکۆخستنە سەر ئیشەکەی، تێکنابوون. هیچ قسەی دیکەیان لەگەڵ یەک ئاڵوگۆڕ نەکرد. هەر کاتێکیش ریتا بە سیلە چاوێک سەیری دەکرد، تا بزانێ کارەکە چۆن بەڕێوە دەڕوا، دەیبینی پەمبێ سەرقاڵی کارەکەیەتی و پیاوەکەش لاپەڕەکانی گۆڤارەکان یەکە بەیەکە هەڵدەداتەوە.
کاتێکیش لە کارەکەی بووەوە، پەمبێ ئاوێنەیەکی لە پشت سەر راگرت، ئاخۆ رای لە قژتاشینەکە هەیە. ئێلیاسیش ئاهێکی هەڵکێشا، هەوڵیدا ئەو کورتکردنە و شێوەی دەرچونی پشتەسەری نەیتاسێنێ. کاتێکیش پەمبێ بەرهەڵبێنەکەی هەڵگرتەوە، کابرا راگوزەرییانە پێیگوت، 'ئەرێ حەزت لە فیلم هەیە؟'
'چی؟'
'مەبەستم سینەمایە. حەزت لێیە بچیتە سینەما؟'
پەمبێ بە خەندەوە سەری بۆ لەقاند. سەرەتا کە هاتبووە ئینگلستان داوای لە منداڵەکانی کردبوو لەگەڵ خۆی ببەنە سینەما، چەند جارێکیش چووبوو. کاتێک دەیانبرد پێکەنینەکەیان رێگر بوو. ئاخر بەزەحمەت لە دەمەتەقێی کەسەکانی نێو فیلمەکە دەگەیشت. 'ئەرێ بۆ دەپرسی؟' پەمبێ وای وەڵامی ئێلیاس دایەوە.
ئیدی ئێلیاسی لێینزیک بووەوە، چاوەکانی لەسەر گیر کردبوون. 'شتێکم لە بن قوتوی سپرایەکە داناوە. تکایە سەیرێکی بکە.' ئەوسا دەنگی بەجۆرە کەیفێکەوە بەرز کردەوە. 'زۆرباشە، زۆر سوپاس بۆ تۆ. تۆ کارێکی باشت کرد.'
لە لایەکەی دیکەی سالۆنەکەدا، ریتا دڵخۆش بوو، ئاخر مەعمیلێکی دیکە بەکەیفەوە بەڕێ کرا. کاتێکیش ریتا لەگەڵ ئێلیاس یەک دوو

وشـەیان گـۆڕینەوە و پـارەکەی دا، پەمبـێ لە شـوێنی خـۆی چاوەکـانی لەسەر قوتوە سپرایەکەدا بوو. لەوێدا بلیتێک هەبوو، بلیتێک بۆ هەینی ئاینـدە، سـعات چـواری ئێـوارە لە سـینەمای ئیسـت فینچلـی. لەوێـش فیلمێکی کۆن نمایش دەکرا، فلمێکی رەش و سپی، و بێدەنگ.

## شەرمەزاریی

*لەندەن، ٥ی یانیوەری ١٩٧٨*

تـاریق لە گۆشـەی شـەقامی کـوینس بـریچ ڕۆود خـاوەن دوکـانێکی بە خۆنـاز بـوو. شـەش ڕۆژ لەهەفـتە و دوازدە سـعاتیش لە ڕۆژدا خەریکـی فرۆشـتنی شـیرنەمەنی، خـواردنی سـوک، کەلـوپەلی ئارایشـت، خـواردنەوە گازییەکـان، جـگەرە و وردەواڵەی دیـکە بـوو. هەروەهـا ڕەفەیەکی ڕاگریشـی هەبـوو، چەنـدان جـۆر ڕۆژنـامە و گۆڤـاری لەسـەر نمایشکردوون، هەندێکیان ناوبەناو کە سەیریان دەکا لەجێی خـۆی پـێ گـرژ دەبـێ، گۆڤارەکـان وەک مایفـایر، مـێن ئـۆنلی، فیسـتا، کنێیـڤ، پێنهاوس، کلەب ئینتەرناسیونال. هەروەها شتی ناپەسەندی دیکەش لەم وڵاتەدا هەن؛ ئەو هەموو ڕوتییە زۆر پەسەند نییە. ئەو لە ژیـانی خـۆی لەوە تێنەگەیشتووە ئاخۆ چۆن هەندێک پیاو حەز لەو جۆرە بڵاوکراوانە دەکەن، لەوەش نەدەگەیشت ئاخۆ چۆن ژنـان لەو بڵاوکراوانەدا خۆیـان وا نمـایش دەکەن. تـۆبڵێی ئەوان خێـزان، بـاوک، هاوسـەر یـان برایـان نەبێ؟ ئەو شتە ڕوتانەی لە کۆتایی ڕەفەکە لەبـن قوتـوە ماسـی تونـا و شیر دانابوو، ئەوەی مەڕاقی بـووایە دەیـدۆزیەوە، دەیویسـت چـاوە بـێ وەیەکانی پێ خراپ نەبێ.

تاریق لە دوکانەکەیدا هەستی بە برسێتی کرد، سەیری سعاتەکەی سـەر دیـواری کـرد هێشـتا هەر چارەگێـک لە سـعات یـازدە لایـدابوو. مێـرال هاوسـەرەکەی تـاریق، هەمـوو ڕۆژێ لە سفرەتاسـێکی بچکـۆلەدا نـانی نیوەڕۆی لە سعات دوازدەو نیـو بـۆ دەهێنـایە دوکـان، خـواردنەکەش، کفتە لەگەڵ ماستی بە نەعناع، شلەی باینجان، برنج بە ئارینۆک بوو. سـەماوەریش لە هـۆدۆکەی پشـتەوەی دوکـانەکە هەر گیـزەی دەهـات، حازروبـازر چـای لەسـەر دێمکرابـوو. بـۆ ڕۆژێکـی تەواو، هەر لە بەیانییەوە تا درەنگانێکی شەو، تـاریق سـی پیـاڵە چـای دەخـواردەوە،

ئەو حەزی لە چای رەش و سادە بوو، هەموو جارێکیش کلۆ شەکرەکانی لەنێو دەم پێ هەڵدەمژی.
لەوکاتەی ئەو خەریکی خواردن بوو، مێرالیش خۆی سەرقاڵ دەکرد، ناوکەوەکەی پاکدەکردەوە، رەفەکانی دەسڕینەوە، ئەو تابلۆیەی پەنجەرەی کە لەسەری نوسرابوو ئۆئاس مینی مارکێت(مینی مارکێتی مێرگ)، پیتێکی نەمابوو. تاریق نیازی وابوو پیتی(ک)کەی چاک بکاتەوە، بەڵام دیار بوو کاتی ئەوەی نەبوو. سەرەڕای ئەوەش، مەعمیلەکانیشی گوێیان پێ نەدەدا.
کاتێکیش لەخواردنەکە دەبووەوە، میرال قاپە بە تاڵەکانی هەڵدەگرتنەوە بەرەو ماڵ دەبووەوە، ئیدی نۆرە کارەکەی تەواو دەبوو. لەوانەیە رۆژێک بێ داوا لە ژنەکەی بکا، لە کاروباری دوکانەکەی یارمەتی بدا، بەڵام هەرگیز رێگەی ئەوەی نەدەدا وەک ئادەم بکا، کە رێگای پەمبەی دابوو، ژنەکەی لە شوێنێکی دورتر و لە نێو بێگانانـدا کاربکا. خۆ خۆ ئەو شتەش دروست نەبوو، مەگەر خێزانەکە دەستکورت بن، دەنا ژن ناکرێ بەدوای ئیشدا بگەڕێ.
تاریق نە بەر لە خواردنی نیوەڕۆ و نەدوای نیوەڕۆش، وەک هەندێ دوکانداری ناوچەکە نەدەچووە مزگەوت. ئەو پیاوێکی دیندار نەبوو، هەرچەندە ئەوانەی دەیانبینی بەخۆی و تەنکە ردێن و تەسبیحەکەی دەستی، وایان نەدەگوت. ئەو ریشەی هەیبوو لێیدەهات، هەروەها شوێنەواری ئاوڵەشی پێدەشاردەوە. تەسبیحەکەش زیاتر خوی پێوەگرتبوو لەوەی هی دینداری و خواپەرستی بێ. لەماڵەوە دەستەک تەسبیحی ئەمبەری بریسکەدار، ئەبڵەق، شیلانی پەمبە و بەردە سەوزی هەبوون. بەردەوام یاری پێدەکردن و دەنکە مۆروەکانی هەڵدەدان، دەنگێکی رێکی بەردەوامیان لێدەهات، بەڵام ئەو لەبەر جەنجاڵی و زۆری هاتوچۆ و ترافیکی بەردەمی دوکانەکەی هەستی پێنەدەکرد.
لە سێ برایان، تاریق گەورەترینیان بوو، یەکەمینیشیان بوو کە ئەستەمبۆلی جێهێشتبوو. سەرەتا ئەو لە کارخانەیەکی ماشێنسازی لە شارێکی بچوکی ئەڵمان بە ناوی ترۆسیدۆرف کاریدەکرد. ئەو کارەی لا قورس و ئەڵمانەکانیشی پێ نائاشنا و زمانەکەشیان پێ ئەستەم بوو. ئاخر ئاڵمانەکان بۆ ئیشکردن نەوەک بۆ ئاشنایی بوون بانگی وڵاتەکەت دەکەن، هەر کاتێکیش ئیشیان پێ نەمای سوکوئاسان قبوڵییانە بەجێیان

بێڵی. خۆگونجاندن لەگەڵیان وەک ئەوە وایە ژوژکێک لە ئامێز بگری. دەکرێ رازێکی نەرمونیانانەیان هەبێ، ناوەڕۆکێکی جوانیان هەبێ، بەڵام ناتوانی دەست لە نوکە دەرزی ئاساکەی بدەی. کۆمەڵگە کۆچکردوەکەی دەکرا یارمەتی بدا تا لەسەر قاچەکانی خۆی دەوەستێ، ئیدی ئەوەندە ناسک و پەست نەبێ، بەڵام تاریق هەرگیز ئەو بەهرەیەی خۆتێکەڵکردن و ئاشنایەتی پەیداکردنی نەبوو، هەموو ساڵەکانی ئاڵمانی بەو جۆرە بوو.

جارێکیان، هەرچەندە لەگەڵ هاوکارێکی تونسی برادەرایەتی پەیداکردبوو، ئەویش بردبوویە جامخانە گلۆپ سورەکانی گرۆب فرای هایت Groβe Freiheit لە هامبورگ. لەوێ هێمای نیۆنی، یانەی موزیک، قرتەی پێکەنینی بە هەموو زمانەکان دەهات. تاریق بە هێدمەگرتنەوە ئەو ژنانەی بینی، کە لە پەنجەرەی دوکانەکان خۆیان وەک نمایشکەری جلوبەرگ نیشان دەدا. بەڵام سیما و دەربڕینی بەنازییان و تیلەچاوەکانیان مایەی بێزاری بوو. ئەوان لە سۆزانییەکانی فیلمە کۆنەکانی تورکی نەدەچوون، کە رەنج و ناسۆری ژیانیان پێوە دیاربێ.

'ئەرێ حەزت لێیە بچی؟' برادەرەکەی بە ئەڵمانییێکی سادە پێیگوت، ئیدی ئەو تێگەیشت و ئاماژەشی بە دەرگایەک دا، کە بە میزلدانی پفدراو رازابووەوە.

'چی لەوێ هەیە؟'

بزەیەکی دەستکرد لەسەر روی برادەرەکەی پەیدا بوو. 'چی لەوێ هەیە؟' بە گاڵتەوە پرسیارەکەی تاریقی دووبارەکردەوە. 'سمت، ئەمما سمت!'

تاریق چاوەکانی دانەواندن، سەیری پەڵەی پێڵاوەکانی کرد. بردەبردێکی وا نزمی لێوەهات بە ئاستەم بیسترا. 'من ئەوەم ناوێ.'

برادەرەکەی بە سوکی نیگایەکی تێبڕی. 'کەیفی خۆتە. گەر پێت نەکرێ، مەیکە.'

تاریق بیری لێکردەوە پیای بکێشێ، بە پێڵاوە قوڕاویەکەی شاپێکی تێهەڵبدا، بەڵام هەستی ختوکەدانەکە چۆن بروسکە ئاسا بۆی هات واش رەویەوە. سەیری کرد کابرا خێرا بەرەو دەرگاکە رۆیشت و لەبەر چاوانی ون بوو، ئەوی بەتەنها لەسەر جادە نیمچە تاریکەکە جێهێشت، گوێشی لێبوو ژنێک لەپشت پەنجەرە داخراوەکە گۆرانی دەگوت.

هەر هەمان هەفتە، برادەرەکەی بە هەموو کرێکارەکانی کارخانەکەی گوتبوو لەگەڵ تاریقدا چۆتە لای قەحپەخانەکە، ***گوتویەتی کە خۆشی پێ نەهاتووە***. ئیدی خەڵکی لەپشت ملە کەوتنە قسەکردن. تاریق پێشتر لە هەمان ساڵدا مرازی ژنهێنانی هەبوو، بەڵام روداوەکە نەخشەکەی خێراتر کرد. کاتێکیش بوکێکی لە ئەناتۆلیاوە هێنا، سێیەمین دۆتمامی باوکی بوو، ئیدی داوای لە مێرال کرد لە مانگی یەکەمدا هەموو رۆژێک لە کارخانەکەدا سەری لێبدا، تا بزانن ئەو لە پێڕەکەیان نییە و دەمیشیان دابخەن.

❖

سعات ١٢:٢٥ خولەک دەرگای دوکانەکەی کرایەوە و مێرال لێوەژورکەوت، کوڵمەکانی لەبەر بای سارد و تەزی، سور هەڵگەڕابوون. ژەمی ئەم نیوەڕۆیە، سوپی نیسک، تێکەڵەی بیبەری کەسک و تولومبا (مەحشی) بوو. ژنەکەی بۆ ماوەیەک سەیری کرد، شانازی بەوەکرد ژەمێکی بە ئیشتیهای بۆ هێناوە، ئەوسا پێیگوت، 'ئەم بەیانییە پەمبێ سەرێکی لێداین.'

'چی دەویست؟'

'ئەو راستەوخۆ داوای نەکرد، بەڵام پێموابێ پێویستیان بە پارە هەیە.'

'پارە، پارە، پارە...' تاریق هەر پرتەوبۆڵەی بوو.

جارێکیان تاریق فیلمێکی دیتبوو، پاڵەوانەکەی بۆ رزگارکردنی براکەی لە هەژاری و دابینکردنی ئایندەیەکی باشتر لەوەی خودا پێی رەوا بینیبوو، ببوە سەردەستەی باندێک. لە کۆتاییشدا، کە مایەی چاوەڕوانکردن نەبوو، برایەکەی بووە پشکنەری پۆلیس، لەگەڵ ئەوەش کە براکەی خۆشدەویست، پێی کارانگاز بوو، هەروەها بە گیانیش پێی قەرزبار بوو بەڵام لەدواییدا براکەی هەر قۆڵبەست کرد.

بەڵام خۆ ژیانی ماڵباتەکەیان چیرۆکی پاڵەوان و بەدکاران نییە. هەرچەندە ئەو زۆری بۆ جوتە براکەی کردووە تا سەریان لە نێو ئاوەکەدا بێننە دەر، واچاوەڕوان دەکرا بەو دەستگرتنەی ئەو، ئیدی ئەوان لەخەم برەخسێن و سەرپێی خۆیان بکەون. تاریق دەیزانی پیاوێکە باری دارایی سنورداره، خەلیل و ئادەمیش هەروا. براکانی بەشوێن پێی ئەودا هاتن و بوونە کرێکاری کۆچبەر، یەکیان لە ئوستراليا و ئەوی دیکەش لە ئینگلستان. دوای چەند ساڵێک تاریق ئیشەکەی ئاڵمانی

لەدەست دا و هاتە ئینگلستان، لەوێ وەک دەگوترا ئاوهەواکەی زۆر ناخۆشە بەڵام خەڵکەکەی بەڕێزترن لە هی ئاڵمان.

هەنوکە، کاتێ تاریق پارچە نانەکەی لە شلەکە وەردەدا، لە ژنەکەی پرسی، 'ئایا پەمبێ دەزانێ مێردەکەی لە کوێیە؟'

'ئەو هیچ سەرەداوێکی نییە. بەڵام...' مێرال لەگەڵ ئەوەی هەندێ ئاوی کوڵاوی سەماوەرەکەی کردە نێو چادانەکە، ئیستێکی کرد، پاشان گوتی، 'پەمبێ دەزانێ ئەو لەگەڵ ژنێکی دیکە دەژی.'

'چاکە، ئاخر تۆ چاوەڕوانی چی لێدەکەی، خۆ ئەگەر ئەو ژنێکی وا نەبێ مێردەکەی رابگرێ...' تاریق وایگوت و رستەکەشی تەواو نەکرد.

ئادەم هەرگیز نەدەبووایە *ئەو* ژنەی هێنابایە. هەڵبەتە کچی باشتری بۆ هەبوون، کەچی بە شێوەیەکی راڤەنەکراو کەوتە داوی پەمبێ. بۆچی ئەو، بۆچی وا لەهیکەوەش، تاریق هەرگیز لەمە تێنەگەیشت. ئەوەش لەبەر ئەوە نەبوو، کە پەمبێی بە ژنێکی جوان نەدەبینی، بەڵکو ئەم کارە هەر سەربارکردنی شتێکی ناواقعی بوو بۆ ئەو. پیاو لەکاتی دڵ چوونە ژن هەڵە دەکا. دەکرێ پیاو لەکاتی زگورتیایەتیدا عاشقایەتی لەگەڵ ژندا بکا، بەڵام هاوسەرگیری لەوە زیاترە هەر سیمای جوانی ژن بێ. هەر لەسەرەتاوە ئەو دژی ئەو ژنخواستنەی ئادەم بوو. ئاخر، خۆ ئادەم لەو کوێرە دێیە کوردییەدا بەتاکوتەنها چووە داخوازی. بە تەنیا بوو، زۆریش گەنج بوو.

کاتێکیش دایکیان رەدوی پیاوێکی دیکە کەوت، تەمەنی تاریق شازدە، خەلیل سێزدە و ئادەمیش هەر یازدە دەبوو. لەو ملیۆنان دایکەی ماڵەکانیان لە ئەستەمبول بوون، هەموو هەوڵو توانایەکیان بەکار هێنا تا لە منداڵەکانیان دانەبڕێن، کەچی دایکی ئەوان، تەنها دایکی ئەوان، لێیدا رۆیشت و ئەوانیشی بێ پەروا بەجێهێشت.

هەموو کەسێکیش لەم شتە تێناگا، هەندێک پیاو لەسەر ئەم دنیایەدا تەنها شەرەفەکەیان پێ گرنگە. دەوڵەمەند دەکرێ زیانەکەی قەرەبوو بکاتەوە، ناو ورومەتەکەی بگێڕێتەوە، دەستڕۆیشتنەکەی خۆی بەچەشنی ترومبێلێک بفرۆشێ، یان ناومالی نوێ بکاتەوە. بەڵام بۆ باقی ئەوانەی دیکە شتەکان جیاوازن. پیاو هەرچەندە کەلوپەل و پێداویستیەکانی لەکەمی بدا، ئەوەندە شەرەفی لا بەرزتر دەبێ. ئینگلیزەکان لەو رێسایە کۆنینە تێناگەن. دەکرێ ژنەکانیان پیاوی دیکە

ماچ بکەن، لەگەڵ بێگانـان بخـۆنەوە و سـەماش بکەن، ئەوانـیش بە خۆیان سەیریان دەکەن.
پیاو ئەگەر شەڕەفی لەکەدار بکرێ، پیاوێکی مردووە. ئیدی خۆ ناتوانی لەسەر شۆستە بڕۆی مەگەر چاوەکانت هەر بەرپێ ببینێ. ناتوانی بچیە چایەخـانە و تـاوڵەیەکیش بـکەی یـان تەماشـای یـاری دووگـۆڵی یـان بیرەیەک بخـۆیتەوە. شـانەکان نـزمن، قاچەکانـت دەلەرزن، چاوەکانـت نزن، سەرتاپای جەستەت سـەنگی نـامێنێ، لەگەڵ هەر بەندوباوێکیشدا دادەڕمێـی. کاتێـک دەدوێـی کەس گوێـت لێنـاگرێ؛ قسـەکانت بەقەد تەپاڵەیەکی وشک بەهای نـامێنێ. ئەو جگەرەیەی دەیبەخشی لەوانەیە نەکێشرێ، ئەو قـاوەیەی دەیخـۆیتەوە تـا دوا دڵـۆپ، تـاڵ و تفتە. تـۆ بانگهێشتی بۆنەکانی ژنهێنان، سونەتکردن و مـارەبڕین نـاکرێی، ئـاخر دەترسن نەخۆشی تـۆ بگـرن و بەمەرەدی تـۆ بچـن. لە دەوروبەری خـۆت شـەرمەزاری، ئیـدی وەک میـوەیەک وشـک هەڵـدەگەڕێی. تـاریق ئەمەی بـاش دەزانـی، چـونکە شـتەکە بەسـەر باوکیـدا هـاتبوو. خـۆ بـاوکی بە نەخۆشــی جــگەر ســەری نەنــابووەوە. دەکــرێ ئەلکحــول بەڵای بەسـەرهێنابێ، بەڵام لەکۆتاییـدا شـەرمەزاریی بـوو، کوشـتی. ئـادەم و خەلیل زۆر بچووک بوون تـا لەو شـتە تێبگەن، بەڵام تـاریق بینـی، کە چی قەوما.
دوای ئەوەی مێرال رۆیشت، تاریق مـاوەیەکی بـاش کەوتە بیرکـردنەوە. وای بینی رەوشی خراپـی بـراکەی زیـاتر بەڵایەکە بەسـەر ئەودا هـاتووە لەوەی شــەرمەزارییێک بــێ بەســەر ئادەمــدا هــاتبێ. هەڵــبەتە، قومــار نەخۆشییێکی پیسە. بەڵام خەرجکردنی پـارە لە سـەماکەرێک، لە ژنێـک، کە هیچ جیاواز نییە لەوانەی لەسەر گۆڤارەکان خۆیـان نمـایش دەکەن، خراپترە. ئەو دەبێ گفتوگۆیەکی مکوم لەگەڵ ئادەمدا بکا، بەڵام کێ دەڵێ هەر دەشیدۆزێتەوە. کاتێک پیاو مـاڵەکەی خـۆی پشتگوێ دەخـا، بـاقی خێزانەکەشی بەئاسانی لاڕێ دەبێ. بـۆ ئەوەی ئەو شـتە رونەدا، تـاریق دەبـێ چـاوێکی لەسـەر پەمبـێ و منـداڵەکان بـێ. ئـاخر، خـۆ ئەوان هەر هەمـان نازنـاوی خانەوادەکەیـان هەڵگرتـووە. ئەگەر یەکێـک توشـی شـەرمەزاریی ببـێ، لەکەکە دەپەڕێـتەوە سـەر بەتەمنتـرین کەسـیش لە تۆپراکەکان. ئاخر، شەڕەفی ئەوان شەڕەفی ئەوە.

## بەشە ونبووەکە

*لەندەن، یانیوەری ١٩٧٨*

سینەمای فۆنێکس لە ١٩١٠دا دامەزراوە. روخساری باڵەخانەی سینەماکە قرمیدێکی هاوچەرخانەیە و بە چەند پەیژەیەکی نزم سەردەکەوێتە سالۆنی نمایشەکە. شێوازی هونەریەکەشی ئارت دیکۆیە. ئەم سینەمایە کاتی خۆی لە نمایشکردنی فیلمگەلێک لەسەر هەواڵ و باسوخواسی جەنگ خزمەتێکی زۆری نەتەوەکەی کردووە. باڵەخانەکە بەسەختی بەر بۆمبارانی ئاڵمانەکان نەکەوت و بەسەلامەتی مایەوە، دواتر سینەماکە بووە هی کۆمپانیایەکی بچوکی دابەشکردنی فیلم، ئیدی دەستی بە نمایشی فیلمی سەیروسەمەرە و خاو کرد، ناوبەناویش بە هەندێ بۆنەوە فیلمی کلاسیکی هۆلیودیش نمایش دەکا. لەسۆنگەی ئەوەی شوێنی فیلمەکە لە ناوجەرگەی شارەوە دوورە، بۆیە قەڵەباڵغ نییە.

ئەمڕۆش تەنها چوار ئامادەبوو لە هۆڵی نمایشەکە هەبوون، جوتە کچ و کوڕێک، دیاربوو لەبەر یەکدی راموسانەوە کەمتر مەیلی سەیرکردنی فیلمەکەیان هەبوو، پیاوێکیش شەپقەیەکی پانی لەسەر بوو، دیاربوو لە سینەماکەش بە تەمەنتر بوو. چوارەم کەسیش ئێلیاس بوو، رەق و شپرزە لە شوێنێک لە ناوەڕاستی هۆڵەکە بە تەنها دانیشتبوو. چەند خولەکێکیشە فیلمەکە دەستیپێکردوە، بەڵام چاوی هەر لەسەر دەروەکەیە. هێشتاش ئەو نەهاتووە.

ئێلیاس بە لێتێگەیشتنەوە سەیری دەستپێکی فیلمەکەی کرد. ***وێنەیەک بە خەندەوە، بەڵکو بە فرمێسکەوە*** ، ئاوا لەسەر شاشەکە نوسرابوو. سەرباری رەوشەکەی ئێلیاس بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی روی چارلی چاپلن لەسەر شاشەکە، سیمای کابرا نەرمبوو. هەمیشە ئەو چارلی چاپلنی خۆشویستووە، ئەو میزاجەی ئاوێزانی ژانوناسۆر بووە، ئەو مرۆڤایەتیە رەهاییەی لە دوو چاوە رەشە بریسکەدارەکەی دەردەکەوت.

ئیدی بە هێواشی هەستەکانی دزەیـان کـرد و خـۆی وا بینییـوە، مێشکی لەگەڵ چیرۆکی فیلمەکە (*منداڵەکە*) گیرساوەتەوە.
دوای ماوەیەک ئێلیاس هەستی کرد سوکە جـوڵەیەک لە ریـزی سـەرەوە هەیە، کەچـی جـورئەتی ئـاوڕدانەوەی نەبـوو بزانـێ کێـیە. یەکێـک لە تاریکییدا لێینزیـک بـووەوە، کـڕ و بێدەنگ هەروەک سـایە لەتەنیشـتی دانیشت. ترپەی دڵـی ئێلیـاس لەبـن قەفەزی سینگی کـردییە کوتەکوت. ئینجـا بە تـیلەی چـاوی روخسـاری پەمبێـی بینـی، جـوان و رەونەقـدار. نیگـای پەمبـێش لەسـەر شاشـەی سـینەماکە بـوو، سینگیشـی هەر هەڵدەستێ و دەنیشێتەوە.
***مـن بەهاتنـت زۆر خۆشـحاڵم***، ئێلیـاس حەزی دەکـرد وای پێبڵـێ. ***خـۆت دەزانی، نیگەران بووم نەوەک لێم پەست بووبی.*** بەڵام ئەو رێزی بێدەنگی خـانمەکەی گـرت و بەسرتەش وشـەیەک چییە پێی نەگـوت. بە یەکەوە تیشکۆی نیگایان خستە سەر فیلمەکە.
پەمبێ بە چاوێکی مۆلەقەوە سـەیری فیلمـی ***منداڵەکەی*** کـرد. نیشـانەی هێدمەگرتنەکەشی تا دەهات لەگەڵ گرتەی فیلمەکەدا بە باشی لە سیمای دیاردەکرا. کاتێکیش چاپلن ساوایەکی فڕێدراوی لەنێـو زبڵدانـدا دۆزیەوە و وەک منـداڵی خـۆی بەخێـویکرد، پەمبـێ بە پێـزانینەوە بـزەی بـۆکرد. کاتێ منداڵەکەش گەورەبـوو، بەردی گـرتنە پەنـجەرەی دراوسـێکان، بـۆ ئەوەی بـکەونە داوی ئەو سـواڵکەرەی دەمـامکی پەنـجەرە چـاکردنەوەی پۆشیبوو، تا هەندێ پارەی پێ دەستبکەوێ، لەوکـاتەدا پەمبـێ پێکەنـی. کاتێکیش کارمەندی کاروباری کۆمەڵایەتی منـداڵەکەی گـرت، چاوەکـانی پەمبێ پڕبوون لەئاو. لە کۆتـایشدا کە باوک و کوڕ بەیەک گەیشـتنەوە، روخساری بە قەناعەتەوە گەشایەوە، سیماکەی شـتێکی دەردا، ئێلیـاس لای خۆی بە خەمگینی لێکیدایەوە. رامانی پەمبێ لە فیلمەکە تـا کۆتـایی شـریتەکە، ئێلیاسـی نـیگەران کـرد. ئـای چ شـتێکی سەیروسـەمەرەیە، ئێلیاس غیرە لە چارلی چاپلن بکا.
ئێلیاس سـەیری کـرد پەمبـێ پرچـی خـۆی کـردەوە و پاشـان بەسـتیەوە. بۆنی یاسەمین و گوڵوکی بەبەر کەپوویدا کەوت، تێکەڵە بۆنێکی دڵگیـر. هەر چەند خولەکێک پێشتر فیلمەکە کۆتـایی پێهاتبوو، دەمارەکـانی گـرژ و سوار ببوون، بەتاسەبوو دەستێکێ لێبدا، هەروەک چۆن هەرزەکارێـک یەکەمجار دەست لە یارەکەی خۆی دەدا. بۆ مایەی ئاسودەیی، ژنەکەش

هیچ جوڵەیەکی نەکرد و دەستی خۆی نەکێشایەوە. ئەوان لەوێ وەک دوو پەیکەر لەنێو تاریکایی، هێشتا لەشوێنی خۆیان دانیشتبوون، هەردووکیان دەترسان جوڵەیەک بکەن و ئەو ساتە پڕ سۆزە لەخۆیان تێک بدەن.
کاتێکیش گڵۆپەکان هەڵکرانەوە، چەند چرکەیەکی خایاند تا هاتنەوە سەر ژیانی راستەقینە. خێرا ئێلیاس دەستی دایە رۆژژمێر و ناوی سینەمایەکی دیکەی نووسی، کە لە بەشێکی دیکەی شارەکە بوو.
'هەفتەی دادێ، هەمان رۆژ و هەمان کات، ئەرێ دێیت؟'
'بەڵێ'، ئەویش وشەکەی وا لەزار دەرچوو
بەرلەوەی ئێلیاس دەرفەتی ئەوەی هەبێ شتێکی دیکەی پێبڵێ، پەمبێ هەڵسا و بەرەو دەرگای دەرچوون رۆیشت و بەجێی هێشت، ئیدی هەموو ئەوەی لەنێوانیاندا بوو، یان ئەوەی لەنێوانیان دروست دەبوو، ئەوە بوو ئەوان کەسانی جیاوازن. پەمبێ ناوی سینەماکە، کە ژوانی داهاتویەتی، بە توندی لەنێو لەپی دەستی گرت، وەک ئەوەی کلیلی جیهانێکی تەلیسماویی بێ، کلیلێک کاتێ هێزی بڕیاردانی هەبێ، دەکرێ بەکاری بێنێ.
سەرەتاکەیان بەم شێوەیە بوو. ئەوان هەموو رۆژانی هەینی، لەهەمان کاتدا یەکدیان دەدی، بە هەندێ بۆنەشەوە دوای نیوەڕوانی دیکە دەگەیشتنەوە یەک. بە زۆریش لە سینەمای فۆنێکس زیاتر لەوەی شوێنەکانی دیکە یەکدیان دەدی، بەڵام جاربەجاریش لەهەندێ سینەمای دیکەش، کە زۆر لەماڵەکانیان دور بوو یەکدیان دەگرتەوە. لەوکاتەش فیلمەکان زوزو نەدەگۆڕان، دوو جاران فیلمی ***مندالَّەکە***یان بینی. بەڵام خۆ ئەوان بۆ بینینی فیلمەکانی ***پاشا و من***، ***دزەکەی بەغدا***، ***کینگ کۆنگ***، ***خولیای ژان دارک***، ***پشتکووڕەکەی نۆتەردام*** و ***بن هور...*** چوون.
ئەوان وا سەیری ئەم جۆرە فیلمانەیان نەدەکرد، کە چیرۆکێکی بەسەرچوو بن، بەڵکو وەک بەسەرهات و چارەنوسێکی سەرهەڵداو لە شوێنێک لە شوێنەکان دەبینی. هەر فیلمێکیان دەبینی، بەرەنجامەکەی هەر هەمان شت بوو. پەمبێ چاوی لەسەر شاشەی سینەماکە و ئێلیاسیش چاوی لەسەر ژنەکە هەڵنەدەگرت. کابرا هۆگری دەربڕینەکانی پەمبێ بوو، کە لەگەڵ گرێی چیرۆکی فیلمەکەدا گرژ دەبوو. ئەو پێیوابوو لەخودی پەمبێدا چەندان ژن دەبینێ، لە سیماکانی کەسایەتی ژنەکەدا،

شتی وا شاراوە هەیە کەس پەی پێ نەبردووە تەنانەت خودی خۆیشی. زۆر جاریش، کە ژنەکە سەیری دەکرد، هەمان نیگای جارانی هەبوو، وەک ئەوەی بەتاسە بێ بۆ دۆزینەوەی قووڵایی دەرونی پیاوەکە. ئێلیاسیش هەژا، مەڕاق ما، تۆ بڵێی ژنەکە چی تێدا دۆزیبێتەوە، ئاخۆ هی ئەوەیە خۆشی بوێ.

لەو نێوەدا ئەو زۆر شتی ژنەکەی بۆ دەرکەوت، پارچەکانی مەتەڵەکە تا دوای ماوەیەک لە رۆیشتنی، تەواو ناکەونە شوێنی خۆی. سەرباری ئەو ناوەی ژنەکە هەیبوو، ئەوەی زانی، خۆشەویسترین رەنگ لەلای پەمبێ ئەرخەوانییە. ئەو حەزی لە گۆرانیە کوردییەکان بوو، ئەوانەی باسی خۆشەویستی کۆنینەیان دەکرد و دەنگیشی خۆش بوو. بەدەر لە گۆشتی بەراز، کە بەهۆی دینەوە توخنی نەدەکەوت، هەرگیز نزیکی رۆبیان، شەیتانۆکەی (قاقلەجنۆکەی) ئاوی و ماسی کالاماری و روەکی توترک نەدەکەوت، ئاخر هەموو ئەوانە کرەکریان بە ددانەکانی دەهێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێ بە درێژایی رۆژ قاشە لیمۆکان بخوات. هەروەها ئێلیاس گەنجێتی پەمبێشی بۆ دەرکەوت. هەرچەندە جلوبەرگەکە و شێوازی لەبەرکردنەکەی بەتەمەنتری نیشان دەدا، لەڕاستیدا شازدە ساڵ لەو کەم تەمەنترە.

بەرە بەرە پەی بە رەوشەکە دەبرد. ئەو هەستە تێنەگەیشتوە تەلیسماوییەی بەرەو ژنەکەی رادەکێشا، بەرەو ژنێکی بێگانە لەژیانی ئەو، ئیدی ئارەزوی تافی منداڵێتی لەلا زیندو کردەوە. بە هۆیەک کە لای عەقڵی، بەڵام نەوەک بۆ دڵی نەزانراو بوو، هەستی کرد خۆشی بوێ و لە هەموو جیهانە هۆڤێنییەدا بیپارێزێ. ئەو لەژیانی خۆیدا ئەم هەستەی بۆ سێ ژن هەبووە: خوشکی، دایکی و ژنە کۆنەکەی. بەڵام ئەو هەستەی بۆ پەمبێ لە هەموو شتەکانی کە پێشتر ناسیوە، جیاوازترە. ئاخر پەمبێ بۆ ئەو دەروازەی ژیانێکی راستەقینەیە، هەرچەندە تەمومژاوی و ترسناکیشە. ئەوەش زۆری نیگەران دەکرد، کە ئەم خۆشەویستیەی ناقانونییە، بەڵام ئەو ئەگەرەی، کە لە هەر ساتێکدا ژنەکە لەدەست بدا، خولیای پەرۆشبوونەکەی زیاتر دەکرد. ئاخر ژنەکە بۆ ئەو، ئەو بەستەرە ونبووەوە بوو، ئەو بەیەکگەیەنەرە بوو لەگەڵ رابردوو، باب و باپیرانی، لایەنە رۆژهەڵاتیەکەی گرێی دەدایەوە.

خۆشەویستی بۆ ژنەکە ئەو پارچە ونبووە و کاتە لەدەستچووەی بۆ دەگەڕاندووە.

هەموو کاتێکیش، کەمێک بەرلەوەی گڵۆپەکانی سینەماکە هەڵبکرێنەوە، لەیەک جیادەبوونەوە، هەریەک بەڕێگا ناکامەکەی خۆیدا دەڕۆیی. ئیدی ئەوان هەرگیز بەیەکەوە نەدەبیندران، یان هیوایان وابوو وابێ.

هەمیشە پەمبێ بەر لە ئێلیاس لە سیەنامەکە دەچووە دەر. ئەویش بەدوایدا لەنێو هۆڵی سینەماکە هەندێ خۆی دەوەخراند، سەیری پۆستەرەکانی سەر دیواری ڕاڕەوەکەی دەکرد، دیققەتی لە خاشاکی بەرپێ، شیرینی پفەپفی خواردنەوە غازییەکان و بیریشی لە خودی فیلمەکە، لە تیشکی چاوەکانی ژنەکە دەکردەوە، هەوڵیدەدا لەوە رابێ، کە دوای رۆیشتنی پەمبێ، ئەوێ دەبووە هەواری خاڵی.

## زیندانی شرێوزبێری، ١٩٩١

بە سڵەمینەوە لە نیوەی شەودا لەخەو ڕاچەنیم. نـاو چـاوە زینـدانەکە تاریـك بـوو، بە تەنهـا تروسـکـایێکی زەردبـاو لە داڵانەکەوە هەبـوو. بەڕێـوبەرایەتی زیندانەکە پێیان وابوو تروسکایی ئەو جۆرە گڵۆپـانە ئارامبەخشـە و یـارمەتی خاوکردنەوەی دەمارەکان دەدا. بەڵام ئەم بیرۆکەیە دڵ دەگوشێ. لە ڕاسـتیدا وام لێدەکا بڕشێمەوە.

هەستم کرد پێخەفەکەم ڕەقە، وەك ئەوەی بلـۆکە چیمەنتـۆ بـێ. بەڵام خـۆ ئەمە هۆکاری بێداربوونەوەکەم نەبوو لەم سعاتە ناوەختەدا. شـتێکی خـراپ لەئارادابوو. ئێ خۆ نەشمدەزانی چییە. هەناسەی خۆم ڕاگرت و گـوێم گـرت. پرخە، تڕە، قرپە، خشە، سیڕەسیڕی ددان لە چـاوە زینـدانییەکەی نزیـك. ئـاخر خەڵکی دەرەوە وادەزانێ زینـدان شـوێنێکی بێـدەنگی ترسـناکە، کەچـی ئەمە ڕاسـت نیـیە. شـتێکی شـاش هەیە، شـتێك هەر هەیە یـاخود مـن هۆشـم لەدەستداوە.

دایکم دەیگوت دڵخەبەردان (هاجس) چرپەی خودایە لە لێڕێکی تاریکسـتاندا. ناوبەناو ئەو شـتە پێمـان دەڵـێ وریـا بـین، ئاگامـان لەخۆمـان بـێ، لەگەڵ کەسـێکی دیـاریکراو نەبیـنە بـرادەر ، فـڵانە دەرگـای دیـاریکراو پـاڵنەنێین و نەیکەینەوە، هەرچەندە ئێمە هەرگیزیش وریا نین. بەڵام لەوە خـاترجەم نـیم ئاخۆ ئەمەی ئێسـتا لـێم ڕودەدا ئەمەیە یـان نـا. ئەوەی هەسـتی پێـدەکەم شتێکی جیاوازە. شـتێکە، جـۆرە ئـازار و ناسـۆرێکە دوای ئەوە داتـدەگرێ، کە پێشتر شتێکت لێقەومابێ، ئیدی کاریش لەکار ترازابێ.

هەڵسامە سەر ئانیشکەکانم و گوێم ڕاگـرت. یەکەمجـار گومـانم لەوە بـوو تارمایی دایکم بێ، سـەردانی کـردبم، بەڵام زوو بۆمـدەرکەوت ئەمشـەو ئەو نزیکم نەبووە. ئاخر دڵم لێنادا، ئەوەش هەر کاتێك دایکم بێتە خەونـم دڵـم دەست بەکوتەکوت دەکا، هیچ تیشکێکی نـامۆش لە هـیچ سـوچێکی چـاوە زیندانیەکەدا نییە وەك چۆن پروشکە بەرفی تەڕوتازە دەکەوێـتە سـەرزەمین. هیچ  جیڕە و سرتەیەکیش وەك ئەوەی لە پەردەیەکی ئاورشمینەوە بێ، نییە. بۆنی یاسەمین و گوڵوکیش نایەت. تامی حەلوای کونجیش نـاکەم. هەرگیـز

کە جاری یەکەم هەستم پێیکرد، لەیـاد نـاکەم؛ ئـاخر ئەوەنـدە تـۆقیم وەك ئەوە وابوو دۆزەخم بەسەردا کرابێتەوە.
لە رابردوودا زۆر جار تارمایی گیانی دایکم بۆدەهات. دواتـر کەم بـووەوە. لەم رۆژانەی دواییشـدا هەر بـۆم نەدەهـات. ترسـام نەبـادا سـەردانم نەکـاتەوە. ئەوەش خۆ بیرۆکەیەکی گەلحۆیانە بوو، بەلام تا ئەوکاتەی بهاتبـایە خەونـم، هیوایەك هەبوو بۆ گەردن ئازادکردنم.
سەرەتا بە هاتنی زۆر دەترسام، دیقـم دەکـرد. نەمـدەتوانی بنـومەوە، نەبـادا لەنیـوەی شـەودا بێـتەوە و دەسـت لە ئەوکـم بنـێ. مـاوەیەکی بـرد تـا تێگەیشتم، تارمایی گیانەکان ئەو شتانە ناکەن. تۆ پێت وایە ئەوان بەدوای تۆلەسەندنەوەن، بەلام خۆ ئەوان بـۆ ئەوە نـاگەڕێن، ئەوان تەنهـا دەیـانەوێ تێبگەن. ئیدی ئەوان نیگای خۆیـان لەسـەر تـۆ بەتـاڵ دەکەنەوە و چـاوەڕێی رونکـردنەوەن. ئەوان سـێرە لە گیانـت دەگـرن. ئەوان پەیوەنـدی نابەسـتن، پرسیار ناکەن، بەلای کەمی دایکم واناکـا. ئەوەش وەك فیلمێکـی بێـدەنگ وایە بە لێهاواردنی رەنگ.
کەچی ئەمشەو دایکم نەهاتە ئەم نـاوە. لێـدانی زەنگـی وشـیاربوونەوەکەم هـیچ پەیوەنـدی بە ئەوەوە نەبـوو. ئـێ کەواتە چـی بـوو؟ مـن هەناسـەم هەڵکێشـا، هەناسـەم دایەوە. ئەوسـا هەناسـەم راگـرت، گـوێم هەڵخسـت، ئەمجارەیان زۆر وریایانەتر. ئیدی لەپـڕێکەوە بـۆم هـات، خـۆ **تریپـی** پـرخەی نایەت، نە خۆی رادەتەکێنێ، نە دەست و پێش دەهاوێ، نە لەخەویشدا قسە دەکا، کە هەمیشە وای دەکرد، ئەوسا گرنگ نەبوو شەکەت بووبا یان نـا. لە نێو پێخەفەکەم هەڵسام و لێی نزیکبوومەوە. پشتی لەمن دابو. '**تریپی**.'
وەلام نەبوو. هیچ جوڵەیەکیشی نەکرد. 'ئەرێ هۆ پاتریك، تۆ سەلامەتی؟'
نازانم بۆچی بە ناوە راستەقینەکەی خۆی بـانگم کـرد، خـۆ دەمێـك سـاڵە وا بـانگم نەکـردووە. کەچـی قولمـاتی لەدەم نەهـاتەدەر. پەتـۆکەم لەسـەری هەڵدایەوە. بۆنێکی ناخۆشی لێوەهات. دیاربوو بۆنەکە سەیر بوو، وەك ئەوەی لە نیوەشەو رشابێتەوە. بە شانەکانی رامتەکاند، لەشوێنی خۆی نەبزوت. زیاتر هەژاندم. قاچەکانی بەشێوەیەك راکشابوون، سەیر و گاڵتەجـاڕ و گەلحۆیـانە وەك ئەوەی بوکەڵەیەکی پەلوپۆ شکاو بێ. هەرچەندە ئەو کەسـێکی لەڕولاواز بوو، بەلام شانەکانی قوڕس بوون.
'**تریپی**، هەی نەفرەتی وامەکە! دەی هەڵسەوە، پیاو.'

دەستم گەیاندە دەماری دڵلێدانەکەی. ملی رەق و سارد بوو، 'ساردتر لە گـۆی مەمکی جادوگەرێك'، هەموو جار ئەو بە خۆی وایدەگوت. هیچ ترپەی لێدانی دڵ لەگوێی دیارنەبوو. سەرم بەرزکردوە لەئامێزی دەگرم و فوم لە دەمی کرد هەناسەی پێبدەم. ئەو دەمەی کە ماچی ژنەکەی خۆی و چەندان ژنی دیکەی کردبوو، ئەو دەمەی هەمیشە جـوێنی پێـدەدا بەڵام نوێژیشـی پێـدەکرد، ئەو دەمەی وێرانی کردبوو، بەڵام جوامێرییەکەشی پاراستبوو، هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو.

دەسـتم بەپێکەنـین کـرد، ئـاخر شـتەکە زۆر ناقۆڵایـانە بـوو. خـۆ هەردەبـێ فریشـتەی مەرگ کـوێر بـێ یـان هۆشـی لەدەسـت دابـێ. دەبـێ ئیزرائیـل دەستبەرداری کارەکەی خۆی بێ. ئەرێ خـوا نـابینێ، کە خزمەتکـارەکەی خـۆی ئەرکەکەی خـۆی بەباشـی رایـی ناکـا؟ باشـە بـۆچی هەمیشـە هەر کەسـانی ناشایستە دەمرن؟ ئاخر من ترییپم فێرکرد چۆن کۆڵەمستی خۆی بەکـاربێنێ. ئەو شاگردێکی سامناك بوو، هەرچەندە لە تێگەیشتن سسـت بـوو، لـێ پـێ بەپێ چاك دەبوو. وام لێکردبوو لەهەمان شوێن بـدا: لەزگـم. ئـاخر چەنـدان شوێنی کوشندە لە جەستەی پیاودا هەن وەك سەر، مـل، قـورتم، تەنـانەت پـردی کەپـوش. بەڵام گەر لەو شـوێنانەم بـدا، ئەوا زەبـرەکە لە شـەرێکی راستەقینە دەچێ. ئەوسا **ترییپی** توشـی گـێچەڵ دەبـێ. لێـدان لە زگ کەمتـر مایەی گومـانە. ئـاخر خـۆ هەمـوو کەسـێك دەزانـێ، مـن بـۆ خۆشـی خـۆم بۆکسانێ دەکەم.

زەبرێکی دروست لە زگ دەبێتە ئامانجێکی کوشندە. خوێنبەربوونێکی هەناوی بەدواوەیە. گەر چـارەنەکرێ دوای چەنـد سـعاتێك دەیکـوژێ. ئەوەش هـیچ گومانێکی لە مێشکمدا نەهێشتبووە کە بەبێ چارەسەرکردن لێیدەگەڕێم.

هەڵبەتە، **ترییپی** ئەو هەموو شـتانەی نەدەزانـین. ئەوەش هەروەك روداێکـی لێـدەهات. پشـکنەر دەهـات و تێبینـی خـۆی دەنوسـی. سکرتێرەکەشـی راپـۆرتەکەی تایپـدەکرد، ئیـدی بـۆ رۆژنامەکـان دزەی پێـدەکرا. رۆژنـامە وروژێنەرەکان حەزیان لێبوو، دەیاننوسی: 'بکوژی شەرەف لە زینداندا دەمـرێ.' ماك لاولینی ئەفسەریش ئەو پارچە رۆژنـامەیە لێـدەکاتەوە و دەیخـاتە نێـو فایلەکەوە. ئەوسا دۆسیەکە دادەخرێ، هەروەك ئەوەی دەفرێکی خاوێن بێ و کەسێکی برسی لێیبخوا. پاشان **ترییپی** ساغ لێیـدەردەچی و منـیش دەڕۆم، لە کۆتاییدا ئازاد دەبم.

**هاودینی** تەنها یادکەرەوەیەك بوو. ئەفسەر ماك لاولین گوتی شتی وا لەگۆڕێدا نەبوو، ئەوە تەنها چیرۆکێکی هەڵبەستراو بوو، دەنا جادوگەرەکە بە هۆی زەبرەکەوە نەبوو، کە مرد. منیش وەك گەوجێك هاتبوومە سەرئەوەی بڕوابکەم. بەڵام خۆمن باکم بەوە نەبوو، ئاخۆ **هاودینی** بەو هۆیە مرد یان نا. هەموو جارێك، پۆستەرەکەی دەبینم، ئەوەم بیردێتەوە، کە ئەگەری ئەوە هەیە، بەر زەبر بکەوی تا دەمری. کەواتە دووبارە ئەو شتی دیکەشی بیرخستمەوە. شتە خەمبارەکان. ئەوەش هەر بە هۆی **هاودینییەوە** بوو، کە تاریقی مامم و هەموو کەسێك بە منیشەوە شتی دەربارەی عاشقەکەی دایکم بۆدەرکەوت.

من **تریپیم** هەڵگێڕایەوە سەر لایەك و لەتەکی دانیشتم. شتێك لە ژێر من کرتەکرتی شکانی دەهات. سەیرمکرد بزانم ئاخۆ چییە. هەڵم گرتەوە و دیسان لەقرتەی پێکەنینم دا. 'ئەی بیژمۆتە خەمگینەکە.'

ئەو شتەش سرنجێك بوو. ئەرێ کەی ئەم شتەی کەوتۆتە دەست؟ ئەرێ ئەو رووداوە چییە؟ تۆ بڵێی سرنجێکی ئالتونی بێ؟ ئەرێ چۆن بووە من پێم نەزانیوە؟ تۆ بڵێی ئەو چاوەڕێی کردبێ تامن دەنوم؟ من گۆد بووم. ئای من چ بەدفەڕێکم. خۆ لە گوێی گادا خەوتوم. بێزم لەخۆم بووەوە. پێخەفەکەیم پشکنی. دۆشەکەکەی لەبەر میز، لیکاو و رشانەوە تەڕببوو. جەستەکەی هەوڵی داوە ژارەکەی فڕێبداتە دەرەوە. ئینجا نامە بەجێهێڵراوەکەی **تریپیم** بەدیکرد. پارچە کاغەزێك بوو. من لەشیشی پەنجەرەکە نزیك کەوتمەوە، بەڵکو لەبەر تروسکایی ئەو روناکییەی لە دالانەکە دەهاتە ژور، بیخوێنمەوە.

برام ئەلێکس. ئەگەر تۆ ئەمە بخوێنیتەوە، واتە من تەواوبووم. تۆ دەتەویست بەر لە من بڕۆی، ئایا وات نەدەویست؟ ئاخر تۆ یاغنیشی. پێتوابوو نەمدەزانی؟ بەڵام من دەچم یارمەتیت دەدەم. لای خوا راستگۆ بووم. ئەوەبوو چیدیکە نەمدەتوانی هەڵبکەم. تکایە لێم بێزار مەبە. من چاوەڕێت دەکەم. لەوێ لەسەرەوە هەر چیەك بێ، دەچم لێیدەگەڕێم. هیچ ئاین و ئۆینی دیکە لە ئارادا نییە. هیچ **هاودینی** دیکە نین. تۆ هاوڕێیەکی باش بووی. کاتێکیش دایکتم بینی، وای پێدەڵێم.

برادەرەی خۆت **تریپی**

فرمێسك بەسەر گۆنامدا هاتنەخوار. بە زلە لەڕومەتی خۆم دا. ئەوە دادی نەدا. پرچی خۆم راکێشا. سەرەتا بە دەستێك، پاشان بەهەر دوو دەست، توند و توندتر. هەستم دەکرد پێستەکەی لەگەڵ دەستم دێتەدەر، پرچم دەرهێنا.

هەموو کاتەکەش وەك سەگی کۆڵانان هەر مڕەمڕم بـوو. ترۆمبێلێـك خـۆی لێدام. ئێسقانەکانم شکان. ترپی بەسەرمدا ڕۆیشت.
هەڵسامەوە سەر قاچم. سەرم خەریکبوو بتەقـێ. هۆڕمـۆنی ئادرێنـالین منـی هێنایە سەر هەستێك، جارێك پێشتر باش دەمزانـی: هەسـتی تـوڕەیی. مـن وام هەستدەکرد لەسەر جادە فڕێم دابوو. دووساڵ بەر لە ئێسـتا فـرامە نێـو گونییەك، توند توند پێچەك درابووم و هەروەك پشیلەیەك فڕێـان دابـوومە ناو گونیەیەك. ئیدی بڕیامدا باقی ژیانم هەوڵبـدەم، هەر هیـیچ نەبـێ بـبمە پیاوێکی باشـتر. بەڵام لەگەڵ ئەو هەمـوو هەوڵدانەشـدا، ئەو هەسـتە منـی دۆزیەوە. بەدوامدا هات، ڕێگاکەی خۆی بۆ ماڵی خۆی دۆزییەوە. لێرەش مـن هەم، برادەرە دێرینەکەم مستەر توڕەیی، دڵسۆز وەك هەمیشە.
دەستم دایە پۆرترێتەکەی **هاودینی،** رامکێشا و پارچەپارچەم کرد. دۆشـەك و پەتـۆ و سـەرینەکەم تـوڕ فڕێـدان. خـۆم بە دیـواردا کێشـا. بە پـێلەقە و مشتەکۆڵە لە دیوارم دا، دیسان سەرم بە دیواردا دایەوە.
ئیدی چراکان. دەنگی ترپەی پێ. مشتومڕ. یەکێك هـاتە چـاوە زینـدانیەکەم.
'ئەرێ ئەو هەموو هەراوزەنایە چییە؟'
ئەوانی دیکەش بە کۆمەڵ هاتن. منیان بە زەویدا دا، سـەریان نەوی کـردم. گلۆپەکان  هەڵکران. روناکاییێکی زۆر. چاوەکـانم ئێشـان. ئەرێ ئەوە ئەنـدریو ماك لاولین لەسەر سەرم وەستا؟ ئەو لێرە چیـدەکا؟ ئێشـکگری شـەوانەیە؟ پیاوەکە ئیشەکەی خۆی خۆشدەویست.
ئەوان دەهاتن و دەچوون. ترپەی دڵی ترپییان گـرت. سـرنجەکەیان دۆزیەوە. نامەکەشیان بینی. یەکێك لەوان بە دەنگەوە خەریکی خوێندنەوەی بوو. ئای بەنەفرەت بێ، من خۆم لەدەسـتیان ڕزگـارکرد، شـتەکە لەپـڕ بـوو، بـۆ ئەوان چاوەڕوان نەکراو بوو، بازم دایە سـەر پـێ، بەر لەوەی پێـی بـزانن دەسـتم بە کاغەزەکە ڕاگەیشت.
وەك ئەوەی لە یاری دابم فێڵـێکم کردبـێ، پۆلیسـێکی گەنـج هـاواری کـرد؛
'هێی...'
ماك لاولینی ئەفسەریش هەنگاوێك لێمهاتە پێش. 'ئەو شتەم بدەرێ.'
'ئەمە هی منە.'
'هیچ شتێك هی تۆ نییە. تۆ گەمژەی. دەی هەر ئێستا بمدەرێ.'
ئێمە هەردووکمان لەیەکمـان ڕوانـی. لەکۆتاییـدا، چرکەسـاتەکە هـات. ئەو توانی وام نیشان بدا چەند ڕقی لێمە. منیش هەمان هەستی دوولایەنەم بۆ

نیشان دایەوە. ئیدی هیچ کـاتی خـۆ نمایشـکردن نەمـابوو. هـیچ هەوڵێکـی تەفرەدەریش بۆ پیاوچاکیی لەنێوانمانـدا نەمـا. مـن نـامەکەم خسـتە نێـو دەممەوە.

'ئۆو، تەنـانەت نـابێ هەر بیریشـی لێبکەیـتەوە،' ئەفسـەر مـاك لاولـین وای پێگوتم. 'ئاها، دیارە تۆ زۆر سەیری فیلمانت کردووە.'

من دەستم بە جوینی کاغەزەکە کرد. بە هێواشی وامکرد، ئاخر خۆ پێویسـت نەبوو پەلە بکەم. ئەوان هەمویان لێم رامان.

'ئەلێکس، تۆ زۆر خراپ پەشیمان دەبیتەوە. من دوا مۆڵەتت دەدەمێ تـا بە پاشەڵێکی ساغ لێیدەرچی. بوەستە.'

جوین جوین و هەر جوین. هەرگیز نەمدەزانی تامی کاغەز وا تەباشـیرییانەیە. مەڕاق مـام گەر **تریپـی** وای دەبینـیم. ئەرێ کە ئـێمە دەمـرین، گیانمـان دەمودەست جەستەمان جیدەهێڵێ، ئەرێ وەك بالۆنێکی پـڕ هەوای گەرم بە ئاسماندا دەفڕێ؟ یاخود بۆ ماوەیەك گیر دەبـێ؟ تـۆبڵێی گیـانی دایکـم لەو دەوروبەرە مابێتەوە تا سەیری دەست و پلم بکا، کە چۆن چەقۆم لەجەستەی دەرکێشا؟

من کورتە نامەکەم قوتدا.

یەکەمـین زەبـرم بەر چەنـاگەم کەوت. هـیچ خـۆم بـۆ ئەو لێـدانە ئامـادە نەکردبوو. ددانەکانم هەموویان بەیەك کەوتنەوە. ئاخر ئەفسەر ماك لاولـین دەیزانی کوێم دێشـێ، لە کـوێم دەدا. ئەو وەك **تریپـی** نەبـوو. پۆلیسـەکانی دیکەم لێ دوورکەوتنەوە. دەمبینی ئەوان ئەمەیان لا پەسـەند نەبـوو. ئەوان خاوەن ژن و ماڵ و منداڵ بوون، ئەوان هاولاتی چـاك بـوون. ئەوان حەزیـان لێبوو شەوان بە ئارامی سەر بکەنە سـەر سـەرین. هـیچ کەس نەیدەویسـت دەستی بە خوێن سور بێ. بەلام هەوڵیشـیان نەدا بیوەسـتێنن. ئـاخر ئەوەش حاڵی نەگریسەکان بوو. هـیچ کەسـێك پێـی نەگـوت 'بەسـیەتی'. هەر بـۆیە نەگریسەکان ئەوەن کە هەن. منیش دەمزانی، چـونکە خـۆ خۆشـم هێشـتا هەر یەکێکم لەوان.

❖

دایکم بڕوای بە شتی پڕوپوچ هەبوو. لەهەموو کونجوکەلەبەرێکی ماڵمان بـۆ بەدورگرتنی چـاوی بەدی شـەیتان مـۆور و لەپـکە شـین هەڵواسـرابوون. کەلا مۆرویێکیشـی خسـتبووە نێـو گیرفـانم، یەکێیشـی خسـتبووە نێـو جانتـای کۆڵەپشتەکەم. جارێکیان نوشتەیەکی لە چاکەتە چەرمینەکەم دوریبوو. ئێمە

هەرگیز بە شەوان فیکەمان لێنەدەدا، هەرگیزاو هەرگیز لەنێو ماڵدا سەیوانەمان هەڵنەدەدایەوە، یان دوای رۆژئاوابوون نێنوکمان نەدەکردن. هەندێك جار جلی ژێرەوەمان بەرەواژی لەبەردەکرد بەڵکو بەدبەختی بڕەوێنێتەوە. لەسەر مێزی نانخواردنی شێواندا هەرگیز چەقۆمان بەیەکدی نەدەدا. دایکە هەموو شتێکی لەبن چاوان بوو تا من لە ئەوانی دیکە بپارێزێ. بەڵام ئەوەی لەبیرچووبوو، کە بێزوم لەچی دەبووەوە. هەرگیز ناتوانی کەسێك لەوەی لەهەناوی خۆی دایە بپارێزی.

چەند هەفتەیەك بەسەر وادەی سونەتکردنەکەم لە ئەستەمبۆلدا تێپەڕیبوو. برینەکە ساڕێژ ببووەوە، ئیدی دەستم بە گەمەکانم کردبووەوە. هەردەبێ ئەو دەمەش پایز بووبێ. لەیادمە گەڵا لەدار دەوەرین، رێگاکان قوڕاوی بوون. کەناڵێکی ئاو لە نزیك ماڵمان هەبوو. هەرگیز لەوێدا مەلەمان نەدەکرد. ئاخر ئاوەکە بۆن بۆگەنی لێوەدەهات. خەڵك هەموو شتێکیان تێ فڕێدەدا؛ قوتو، مەسینە، پاکەت، کارتۆن، پلاستیك، پۆستەرەکانی پڕوپاگەندە، هەر شتێك، سەری مارو مێروی تێدا بوو. جارێکیان یەکێك تفەنگێکی لە نێودا دۆزیبووەوە.

ئەوێ رۆژێ من پێ بەپێی کەنالە ئاوەکە پیاسەم دەکرد و بیرم لە تفەنگەکەش دەکردەوە. تۆبڵێی هی کێ بووبێ؟ هی تالانچییەك؟ یان هی بکوژێك؟ ئەی تۆبڵێی پۆلیس ماخۆکەی دۆزیبێتەوە؟ ئیدی بە تەواوی بەگژ ئەو بیرکردنەوانەدا راچووبووم. ئەگەر وانەبووایە، دەبووایە ئەوانم بەدیکردبا و ئاراستەی رۆیشتنەکەشم گۆڕیبا. یاخود لەپەنا دار و تەڕاشەکان خۆم بشاردبایەوە تا ئەوان دەڕۆیشتن. بەڵام لەبری ئەوە من راستەوڕاست بەرەو روی ئەوان رۆیشتم و لوتم لە لوتیان چەقی. ئەوان سێ کوڕ بوون، بە چەند ساڵێکی کەم لە من گەورەتر بوون.

'سەیرکە کێ لێرەیە؟ سەر سورە بچکۆڵەکە، پیاسە دەکا.'

'ئەسکەندەر، دایکت لە کوێیە؟، ئەوت لەگەڵدا نییە؟'

من سەرم هەژاند.

'ئەو هەموو جار بە سوڵتان بانگت دەکا،' کوڕە یەکەمینەکە وایگوت، 'ئەو هەللەق مەللەقە کوردییە.'

'ئەرێ ، ئەو سوڵتانی کۆڵیتەکانە!'

کوڕەکەی یەکەم کە لە نێوانی هەردووکیان وەستا بوو، ئاشکرابوو سەردەستەیان بوو، خۆی لە سەرزشنتکرندا هەڵنەقورتاند. ئەو چاوی لەسەر

من بوو، چاودێری دەکردم. دیار بوو خەمی لێدەخواردم، تەنانەت لە ڕەفتاری برادەرەکانیشی هەراسان بوو. بە هەڵە هێماکەم لێکدایەوە، هەنگاوێکم بۆلای ئەو برد بەڵکو بمپارێزێ.

'ئەرێ راستە تۆ لەبەر سونەتکردن هەڵاتبوووی؟' سەردەستەکەیان وای لێپرسیم. 'تۆ بازت دایە سەر دارێ؟'

من لەجێی خۆم هێدمەگرتی بووم، ئاخر ئەوان چۆن زانیبوویان؟ ئەرێ کێ پێیگوتبوون؟

هەروەك ئەوەی مێشکی منی خوێندبێتەوە، گوتی. 'قسە کە دزەی کرد دەڕوا.'

'ئەرێ بەڕاست چی رویدا؟ ئەرێ تۆ سونەتکرای یان نەکرای؟'

'مـن کـراوم.' وام گـوت و زەبونیشـم لەدەنگـمەوە دیـار بـوو. 'ئەو دەڵـێ سونەتکراوە،' سەردەستەکەیان وای پێگوتن، 'بەڵام ئایا بڕوای پێبکەین؟'

ئەوان منیان گرت و لە زەویان دام. پانتلۆنەکەیان لەبەر داکەندم. بە هەموو دەنگمەوە هاوارم کرد.

'ئەوە چیە؟ هەرامەکەی ئەوەندە بچکۆڵەیە، هەردەڵێی بامیەیە! عاجباتی نییە لەبەر سونەتکردن هەڵاتووە. ئاخر برینەکە زۆری لێکردۆتەوە.'

بەڵام خۆ بەباشی سونەتیان نەکـردووە،' سەردەستەکەیان وایگـوت. 'ئـێمە دەبێ ئیشی سونەتچییەکە تەواو بکەین.'

تۆبڵێی ئەو چەقۆی لەگیرفاندا بووبێ؟ یـان مێشـکی مـن بـوو وایـدەگوت؟ هیشتا دڵنیا نیم. هەموو ئەوەی بیرم دەکەوێتەوە، ئەوەبوو میزم بەخۆمدا کرد.

'ئۆو، نا. هەنوکە دەبێ سوڵتان جوان بشورێ،' سەردەستەکەیان وای گوت.

ئیـدی پـانتلۆنەکە، دەرپـێ قـوتەکە، گـۆرەوی و پێڵاوەکلانمیـان بـرد. ئەوسا هەموو ئەو شتانەیان لێ فڕێدامە نێو ئاوی کەنالەکە. 'بڕۆ بیانهێنەوە، یاخود وا بڕۆ ماڵەوە تا هەموو کەسێك بامیەکەت ببینێ.'

ئەوان رۆیشتن، بەڵام هێشتا بڕوام نەدەکرد بە تەواوی رۆیشـتبن. مـن لەوێ دانیشتم. دەستم لە ئەژنۆکانم وەرێنـابوو، بە هێواشـی دەلەزریـم، چـاوەڕێم دەکرد هەر ساتێك لێم دەرکەونەوە و پەلامارم بدەن. نەمزانی چەند سـعات وا رۆیشتن. تاریك داهات. خەریکبوو ئاسمان نەنم بارانی دەباراند. من هەر گوێشم لێنەبوو.

ئیدی دایکم لەگەڵ دوو لە دراوسێکانم لێوەدەرکەوتن. خۆ هەردەبـێ هەمـوو شوێنێکم بەدوادا گەڕابن. ئاخر چۆن منی لەلای ئەو کەنالە دۆزیوەتەوە، ئەوێ

تاکە شوێن بوو قەدەغە بوو بە تەنها بۆی بچم. ئەو هیچی لێ نەپرسیمەوە. شاڵەکەی سەر شانی تێوەرپێچام. منی بردەوە ماڵ، شوشتمی، سەری داهێنام و بیجامەیەکی پاك و تەمیزیشی لەپێکردم.

'ئەرێ،' وای پێگوتم، 'تۆ وەك سوڵتانت لێهاتەوە.'

دە رۆژ دواتر منیش تاقمی خۆم دروست کرد. شتێکی وا ورێـژێنەر و سەرنج راکێشیش نەبوو. هەر پێنج کەس بووین. بەڵام ئەوان تا سەر ئێسقان بۆم دڵسۆز بوون. کوڕی قەرەجەکان کەس برادەرایەتی نەدەکردن. ئەوان رەق و دڕ بوون، جگەرەشیان دەکێشا. هەموو شتێکیان کۆدەکردەوە، سەرە بوتڵ، پارچە ئەلەمنیۆم، قوتوی ئاوپرژێن، هەموو شتێك. باکیان بە هیچ نەبوو.

ئێمە لەدوو لەو کوڕانەمان دا بەڵام دەستمان بە سەردەستەکەیان رانەگەیشت. من دەمویست ئارەقەی پێبکەمەوە. نەیاندەزانی کەی و لەکوێ زەبری خۆم دەوەشێنم. تا ئەو کات من دەمەقاڵێیەکی باشم لەگەڵ باوکم هەبوو. مەسەلەی کاوڕەکە. من بەڵێنم بەخۆم دابوو هەرگیز لاواز نەبم و بەڵێنەکەشم بردەسەر.

سەر لەسپێدەیەکی یەکشەممە زەنگی ماڵەوەمان لێدرا. دایکم دەرگای کردەوە. ژنێك لە دەرگاکەمان وەستابوو، دەگریا. ژنەکە گوتی رۆژی پێشتر تاقمە کوڕێکی بەدکار، کە دەمامکیان پۆشیبوو، پەلاماری کوڕەکەیان داوە. ئەوان کوڕەکەیان فڕێدابووە کەناڵە پیسەکە. خەریك بووە بخنکێ، بەڵام خۆی بە کۆلکە دارێك گرتبووەوە، ئاخر ئەو مەلەی نەدەزانی. ژنەکە گوتی ئەو کوڕە بەدخوانە، ئەو تاقمە وایان لە کوڕەکەی کردووە میزی خۆی بخواتەوە. ژنەکە هەر دەیگوت و دەیپرسی ئاخۆ دایکم هیچ لەبارەی ئەو شتەوە دەزانێ، چونکە کوڕەکەی ناوی کەسی نەدابوو.

گوێم لێبوو، دایکم ژنەکەی بانگهێشتی ناندینەکە کرد، پێیگوتیبوو، کە زۆر بەداخە بۆ بەسەرهاتی کوڕەکەی. چایەك و چەند پارچە کێکیشی لەبەردەم دانابوون. بەڵام ژنەکە هیچیانی نەویست.

'دوێنی رۆژی جل شوشتنم بوو،' دایکم وای بە ژنەکە گوت. 'ئەسکەندریش یارمەتیدام پەردەکان لێبکەینەوە، دواتر هەڵیان بواسینەوە. ئیدی ئەو هەموو رۆژەکە لەگەڵ من بووە. لەو بارەیەوە مەراقت نەمێنێ، کوڕەکەم فڕی بەسەر ئەو روداوەی کوڕەکەی تۆوە نەبووە.

تۆ دڵنیایی؟'

'سەد لەسەد.'

دوای ئەوە ژنەکە رۆیشـت، دایکـم هـاتە هـۆدەی دانیشـتنی میوانـان، ئەو شوێنەی من لە پەنا پەنـجەرەکە دانیشـتبووم، سـەیری پـێڵاوی پیادەڕۆیـانم دەکـرد، کە دەڕۆیشـتن. وام رەچـاوکرد شـتێك یـان دوو شـتم هەر پێـدەڵێ. شـەقێك، پـێلەقەیەك، مسـتێکم لێـدەدا، نـوقرچێکم لێـدەگرێ، یـان بەلای کەمی گوێم رادەکێشێ. بەڵام تەنها بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە زەقی لـێمەوە راما، پێشم وایە شوێنەواری شانازیشم لەچاوەکـانی بەدیکـرد. ئینجـا گـوتی، 'ئەرێ سوڵتانەکەم، ئێوارە دەتەوێ چی بخۆی؟ شۆربای نیسـکت بـۆ دروسـت بکەم بەو شێوەی کە حەزی پێدەکەی؟'

ئیدی ئێمە دەربارەی ئەو کوڕەی، کە پەلامارم دا نەدواین، نە ئەو کـات و نە پاشتریش.

ئەسکەندەر تۆپراك

## شەڕێکی مەردانە
*لەندەن، مارتی ١٩٧٨*

تەنانەت بەر لەوەی بگاتە خانوی پەڕاگەندەکان، یونس هەستی کرد شتێکی نادروست لە ئارادایە. کاتێک ئەو لە باڵەخانە کۆنینەکە نزیکببووەوە، سەرنجی ئەوەی دا پەنجەرەکانی هەر سێ نهۆمەکە بە کارتۆن، کاغەز و سندوقی دار گیراون. هەندێکیشیان دروشمی ئانارشستیان لەسەر نمایش کراوە. رۆژی پێشتر، کەشوهەوا زۆر سارد ببوو، پلەی گەرما بۆ ژێر سفر دابەزی بوو، هەنوکەش ئاوی زێرابەکانی بەستووە، وەک چلورەی لێهاتووە دەڵێی دەگرییێ. ئاخر بێدەنگییەکی کشومات باڵی بەسەر رەوشەکەدا کێشابوو، خامۆشییێکی سامناک.
شەوی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی تۆبیکۆ، ئەو شەوە بوو، کە کوڕە پەڕاگەندەکانی خانووەکە، یونسیان بە درەنگی شەوەوە گەیاندەوە ماڵ، پەمبێی دایکیشی لەبارێکی چاوەڕوانی خراپدا بوو، زۆر نیگەران ببوو، خەریکبوو لە حەیفان شێت ببێ. لە ئانوساتی ئەوەدا بوو لە خەستەخانەکاندا بە دوایدا بگەرێ. دوای ئەو بەسەرهاتە، پەمبێ بۆ چەند هەفتەیەک خستبوویە بن چاودێری خۆیەوە. هەموو سپێدەیەک دەیگەیاندە قوتابخانە و هەموو دوای نیوەڕۆیانیش دەیهێنایەوە. بەڵام ئەمڕۆ و لەکۆتاییدا دەستی بە ئیشی سالۆنی مقسە کریستالییەکە کردبوو، دیسان یونس ئازاد بووەوە. بەڵێنیشی بەدایکی دابوو، دوای قوتابخانە راستەوڕاست بگەڕێتەوە ماڵ، هەرچەندە ئەو هەرگیز درۆشی نەدەکردن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا یونس بە بەرەنگاری خواستەکە، وردە وردە بەرەو ئەو ناونیشانە کشا، کە پێشتر پێی بەڵەد بوو.
دوای ئەوەی پایسکلەکەی لە بەردەم خانوەکەدا راگرت، بە رێگایەکی باریک ملی لێنا بچێتە ژور، ئاگاشای لەخۆی بوو نەوەک بخزێ. بەڵام بۆ مایەی سەرسامی بینی دەروازەی خانوەکە گیراوە. لەو هەموو جارانەی بۆ ئێرە هاتووە هەرگیز نەیبینیبوو دەرگاکە دابخرێ، ئەوەش

هەر لێگەڕێ، کە لە دیوی ژوەروە کڵۆم درابێ. پەڕاگەندەکان هەمیشە بەوەیان دەنازی، کە نشینگەکەیان وەک هیچ شوێنێکی لەندەن کلیلدراو نییە، چونکە لەدوای هەموو شتێک، ئاخر ئێرە ماڵەوەی هەمووانە، نەوەک زیندان بێ و کۆمەڵێ کەلوپەلی وەک ئەوانی دیکە تێدا زیندانی بکرێ.

لەوێشدا هیچ زەنگێک نەبوو، یونس لەدەرگای دا، سەرەتا زۆر بە هێواشی و بەرێزەوە، بەڵام دواتر وەک بەئاگا هێنانەوەیەک، لەدەرگای دا. چەند خولەکێک دواتر زۆر بە توندی لەدەرگاکەی دا.

'دەی بڕۆ وازمان لێ بێنە!' یەکێک لە ناوەوە وای هاوار کرد.

یونس ئیستێکی کرد، سەرسام بوو. تۆبڵێی ئەوە پەڕاگەندەکان بن و چیدیکە نەیانەوێ بیبینن؟ هەربۆیەشە خۆیان خزاندۆتەوە ئەودیو و دەرگایان لەسەر خۆیان کڵۆم داخستووە؟ هێواش بەڵام بەردەوام لەدەرگاکەی دایەوە.

یەکێکی دیکە شیڕاندی. 'دەی، هەی شۆڤێنی، لێرە بڕۆ ، وازمان لێبێنە!'

دەنگێکی مێینە کەوتە قیژاندن، 'بە نەفرەت بی! ئێمە دەجەنگین!'

ئیدی کوڕەکە ترسا. بەقەد ئەوەی تۆبیکۆی خۆش دەویست، ئامادەنەبوو روبەروی ماڵێکی پڕ لە پەڕاگەندە ببێتەوە. دەنگی ئەو بە پچڕپچڕی هاواری کرد، 'بەڵام خۆ ئەوە... منم، یونسم لێرە! دەکرێ بێمە ژورەوە، تکایە؟'

بۆ ساتێک بووە بردەبرد، پاشان تریقەی پێکەنین. چەند چرکەیەک دواتر، پاڵ بە درگا نرا و جیڕەی کردنەوەی هات. پیاوێک لە دەروازەکە وەستا بە ئیگی پۆپ دەچوو، پیاوەکە هەروەک گۆرانیبێژەکە کراسی لەبەردا نەبوو، سنگی روتی بێ توکی ئاوەڵا کردبوو. کاتێک یونسی بینی، گەشایەوە و دەستێکی لەسەر شان دا. 'بۆ هەمووان، هۆشدارییێکی ساختە! بەندرەکە سەلامەتە! مەترسی لەگۆڕێدا نییە!'

'سڵاو،' یونس گوتی، 'پایسکەلەکەم لەوێ راگرت، گوتم بچم بیانبینم ئاخۆ چیدەکەن.'

'هەرگیز لەوە باشتر نابێ! ئێمە ئامادەین لە سەگێک هەڵدەین.'

'لەکێ هەڵدەن؟' یونس بە ئارامی لێیپرسی.

'ئۆو، لە دەسەڵات.' ئیگی پۆپ ئەمەی بە وروژاویەکەوە گوت.

دەسەڵات – ئەوەش وشەیەکی دیکە بوو، کە یونس پێشتر لەدەمی ئەو هەراشانەی ماڵی پەڕاگەندەکانی بیستبوو، بەڵام هەرگیز لەواتاکەی نەگەیشتبوو. جارێکیان لە تۆبیکۆی پرسیبوو، ئاخۆ دەسەڵات واتای چی دەدا، ئەویش هۆشمەندانە وەڵامی دابووەوە، 'دەسەڵات ئەو شتەیە، کە باوکەکان زۆریان هەیە، هەرگیز دایکەکان نیانە، کوڕانی وەک تۆش تا گەورە نەبن پێیناگەن.'
یونس بە چاوێکی زەقەوە پرسی، 'تۆ مەبەستت سمێڵە؟'
کاتێک ئیگی پۆپ هەمان وشەی بەگوێدا دا، کوڕەکە ئەو بیرۆکەی لاپەیدا بوو، کە پەڕاگەندەکان خۆیان ئامادەکردووە شەڕ لەگەڵ سمێڵدارەکاندا بکەن. بۆیە زۆر سەرسامانە لە شوێنی خۆی نەجوڵا، بە شێوەیەک لەسەر روخساری دیاربوو، بڕوای بەم شتە نەدەکرد.
بەبێ گوێدانە نیگەرانیی کوڕەکە، ئیگی پۆپ سەری لەدەرگاکە بردە دەر و بەلای دەستە راست و چەپی روانی ئاخۆ هیچ جموجۆڵێکی گوماناوی لەسەر شەقامەکەدا هەیە. ئەوسا یونسی بردەوە ژور و دەرگای لە دواوە گاڵەدا، لەپشتەوە بە لەوحە دارێکی دەستکرد بە بزمار و وایەر خستیە پشتی دەرگاکە.
'ئەرێ ئەوە چی رودەدا؟' یونس وای پرسی، بەڵام پیاوەکە سوڕابووەوە، لێ بەسەر پەیژەکان کەوت.
کاتێکیش کوڕەکە گەیشتە نهۆمی دووەم، بە چاوەکانی خۆی ئەوەی بینی، بڕوای نەکرد. هەموو پەڕاگەندەکان لەوێ خڕببونەوە، هەندێکیان دارلاستیکیان دروست دەکرد، هەندێکی دیکە تۆپز، هەندێکیش قوتویان فودەدا، ئەوانی دیکەش فیشەکەکانیان ئامادە دەکرد. هەموو کەسێک بە کارێکی ئامانجدارەوە سەرقاڵ بوو، بەجۆشوخرۆشەوە کاریان دەکرد. هەوای هۆدەکە پڕ دوکەوڵ ببوو، لەولاوە چادانێک یان شتێکی وا لەسەر ئاگر جیزە جیزی کوڵانی بوو، هەڵمی لێهەڵدەستا.
کاپتنیش لە نێوەڕاستیان وەستابوو، وەک سەرکردەیەک فەرمانی بەسەر پەڕاگەندەکاندا دەردەکرد. ئەو دەربڕینەی سەر سیمای دەموچاوی کاپتنەکە بە مشکی خورما دەچوو، بۆیە یونس گومانی لەو پاشاگەردانییەی ئەوێ هەبوو، بە بینینی شتگەلی ئەوێ حەزی لێبوو بڕوا. بەڵام تاسەی دیتنی تۆبیکۆ، هەندێ لە شپرزەییەکەی رەواندەوە.

تۆبڵێی ئەو لە کوێ بێ؟ هەموو هەوڵێکی خۆی دا، چاوی گێڕا بەڵام کچەکەی لە هیچ شوێنێک بەدی نەکرد.
یونس لە گەنجێکیان نزیک بووەوە، گەنجێک قژبژ و چاویلکەیەکی خڕی لە چاواندا بوو، ناوە خوازراوەکەشی بۆگارت بوو.
'ئەرێ چۆنن، ئەوە ئێوە چی دروست دەکەن؟'
'سڵاو، یونس، دەکرێ یارمەتییێکمان بدەی؟'
یونس شانی بۆ هەڵتەکاند. 'زۆر باشە، باشە من دەبێ چی بکەم؟"
'ئەو شلەیە بخەرە نێو ئەم بوتڵانە، ئەوە هەموو کارەکەتە.'
ئیدی کوڕەکە دەستی دایە قوتوە پلاستیکەکە و دەستی بە پڕکردنی بوتڵە شەڕابەکان بە مادەی توربێنتاین کرد، کۆکتێلێکی مۆلۆتۆفی دەستکردی لێدروست بوو. 'ئای چ بۆنێکی سەیری هەیە،' یونس دوای ماوەیەک سەرنجێکی وای دا. 'باشە چی لەم شتانە دەکەن؟'
'بەسەر سەری دەسەڵاتدارانیان دادەدەین.' بوگارت بەم شێوە راستیەکەی بۆ یونس باسکرد.
یونس لەشوێنی خۆی رەق بوو، گرژیەک پەڕیە سەر شەویلاگەکەی. تۆبڵێی بۆچی وا لێبڕاوانە پەڕاگەندەکان بڕیاریان داوە ئەم بوتڵانە بەسەر سەری بەسمێڵەکاندا دابدەن؟ تۆ بڵێی باوکی ئەویشی لێ هەڵاوێرد نەکەن؟ ئایا پەلاماری هەموو دەسەڵاتداران دەدەن؟ لە شوێنی خۆی وەستاو وای پرسی.
'نەخێر، ئەمە ئەستەمە. ئەو بیژمۆتانە گەلێک زۆرن، وەک مشک زاوزێ دەکەن،' بوگارت وای پێگوتەوە، لەگەڵ قسەکانیش قورتمەکەی هەر دەچوە سەر و دەهاتە خوار. 'بەنەفرەت بن.'
یونس هەڵسا، پێی گوت 'دەگەڕێمەوە'. پێویستی بەوە بوو هەندێ بیر بکاتەوە.
کاتێک یونس بۆ هەر ژورێک دەچوو، هەمان جەنجاڵی دەبینی. ئاخر خۆ ئەمە گاڵتە نەبوو. پەڕاگەندەکان ئامادەی شەڕن. ئینجا تۆبیکۆی بینی، کچەکە بە تەنها لەسەر رایەخێک دانیشتبوو، سەری نزم کردبوو، چاوەکانی نوقاندبوون، لە بارێکی قوڵی بیرکردنەوەدا بوو. یونس خۆی خزاندە لای، دەرفەتی ئەوەی بوو بە جوانی سەیری بکا. سەیری پرچە رەشەکەی، تاتوەکانی، گوارە و قردێلەکانی. هەوڵی دا لەوە تێبگا چۆن

یەکێکی وەک ئەوی بێ پارە و پول و گەنج بتوانێ کچەکە لەم شەڕە نزیکە بپارێزێ.

تۆبیکۆ بە دەنگێکی نزم و سۆزاویەوە لێیپرسی؛ 'ئەرێ بچکۆل، ئەوە خۆتی؟'

یونس هەستیکرد دەموچاوی سورهەڵگەڕا. 'ئەرێ چۆنت زانی؟'

'هەی بێمێشک، بینیم کە هاتی.' ئاوڕێکی دایەوە، چاوێکی لێداگرت و ماچێکیشی لەسەر رومەتی کرد. 'پرسەکەت زۆر بەهەند هەڵگرتووە، ئازیزم چی هەیە؟'

'من زۆر باش تێناگەم چی لێرە رودەدا؟'

'ئۆو، ئەوە ئەنجومەنی شارەوانییە. تۆبیکۆ وای گوت، چاوەکانیشی خەمیان لێدەباری. 'ئەوان دەیانەوێت ئێمە دەربکەن. ئایا ئەوە بڕوا دەکەی؟ ئەوان یەک هەفتە مۆڵەتیان داوین لێرە باربکەین. ئەوەش نۆ رۆژ بەر لەئێستا بوو. ئێمە هەموو ساتێک رەچاودەکەین ئەو بیژمۆتانە بەسەرمان دابدەن!'

'بەڵام بۆچی؟'

'بۆ ئەوەی ئەم شوێنە بدەنە پشیلەیەکی قەڵەوی وەک خۆیان.'

ئیدی یونس هەندێک ئاسودە بوو، تێگەیشت ئەم شەڕە هیچ پەیوەندییەکی بە بەسمێڵدارەکانەوە نییە. ئینجا گوێی هەڵخست وەک ئەوەی گوێی لە فیکە و هۆڕنی ترومبێلی پۆلیس و شکانی جامی پەنجەرە و ژاوەژاوی ترومبیلی فریادڕەس بێ لە دەوروبەری خانوەکە بێن و بچن. بەڵام خۆ ئەو شتانە هیچ نەبوون، بەڵکو هاشەهاشەی بایەکی توند و تیژی ساردوسڕ بوو. کوڕەکە بە هێواشی هەناسەیەکی هەڵکێشا و پرسی، 'باشە بۆ کوێ دەچن؟'

'کەسمان بۆ هیچ شوێنێک ناچین؟' تۆبیکۆ وا وەڵامی دایەوە.

'بەڵام ئەدی خانەوەکە هی ئەوان نییە؟'

'نەخێر، هی ئەوان نییە. هەندێک خانو موڵکی هەمووانە. خۆ ئەگەر تۆ لەمن بپرسی، دەڵێم هەقە هەموو خانوێک وابێ.' تۆبیکۆ ملی راستکردەوە، بە دەنگێکی لێبراوانە وەک نیگاکانی لەسەر قسەکەی بەردەوام بوو. 'نەخشەی ئەوان فرێدانی ئێمەیە. نەخشەی ئێمەش بەرپەچدانەوەیانە. خۆ ئەگەر نەتوانی بەرەنگاری ئەم سیستمە ببیتەوە، ئەوا دەبیتە بەشێک لێی.'

'بەڵکو ئەوان هـزری خۆیـان بگـۆڕن،' یـونس وای پێگـوتەوە. 'خـوا گەورەیە.'

'خوا؟' خوا هەسارەیەکی دیکەی وەک هی ئێمەی هەیە. لەوێ منێکی دیکە و یونسێکی دیکەی لێیە. ئەوان لە ئێمە دەچن، بەڵام ئێمەش نین، ئـاخر چۆن دەبێ، کە ئێمە لێرە دابەزیوین، وایە راستە؟'

کـوڕەکە بە جـوانی گوێیگرتبـوو، کەچـی وشـەکانی لەبەر هەڵـدەهاتن، هەروەک لـم لەبەر قامکەکـانی هەڵـدەخزین. ئـاخر ئەو پێشتر گـوێی لە کەس نەبـووە وا لە خـوا بپرسـێ، لەبەر هـۆیەکیش ئەو هیچـی لێتێنەگەیشت، هەستی بە خەمبـاریی کـرد. 'دایکـم گـوتی؛ خـوا ئـێمەی خۆش دەوێ.'

'خۆشەویستی؟' تۆبیکۆ دەنگی نوسا، وەک ئەوەی وشـەکەی لە گەرودا گیر بـووبێ. "خۆشەویستی شتێکی خۆگـۆڕە. ببورە هەواڵـی ناخۆشت پێدەگەینم: خوا ئێمەی فەرامۆش کردووە.'

چاوەکانی کوڕەکە بچوک بوونەوە، ئەوسا گەورە بوونەوە، بردەبردێکی کرد، مایەی لێتێگەیشتن نەبوو، وەک ئەوەی نـزایەک بکـا. لەنێو ئەو هەموو وشانە بە هەندێک وەخرانەوە، تۆبیکۆ گوێی لێبوو یونس شتێکی گوت و لەدوریش سەدای دایەوە، 'بەڵام من هەرگیز وانـاکەم. مـن هەگیـز تۆ لەبیر ناکەم.'

❖

لە سـعاتی دواتـردا، کـاپتن نەخشـەکەی لەسـەر تەختەڕەشـێک، کە لە قوتابخانەیەکی نزیکەوە دزرابوو، شیکردەوە. ئاسـاییانە لە دەسـتپێکی شـیکردنەوەکەیدا قـوڕس و رەزاگـران بـوو، هەروەک ئەوەی دەرمـانێکی هێـورکەرەوەی خـواردبێ، بەڵام دواتـر لەمیـانەی قسـە توڕەییەکانیـدا جۆشوخرۆشی پەیدا بووەوە. ئەو گوتی دەبێ سەربکەونە سەر دوا نهۆم، تەقەمەنیشـیان هەیە، بەشـی قۆشـەنە سـەربازێک دەکـا. پێخەفەکـانی یەکەمین نهۆم و مێزەکانی نهۆمی دووهەم دەبـێ وەک چەپەر و سـەنگەر بەکاربهێنن. لەو دیو هێڵی بەرگـرییەوە دەبـێ شـەڕێکی وا بـکەن مێـدیای ئینگلیز ناچار بکرێ بێ چاودێرییان بکا. ئەگەر رۆژنامەنوسەکان وێنەی دیمەنی شـەڕەکەیان گواستەوە، گەنجەکـانی هەمـوو دنیـا سـەبارەت بە دڕنـدایەتی ئەنجـومەنی شـارەوانی **هـاکنی** دەکەونە پرسـیارکردن. لەکۆتاییشـدا، حکـومەت بـۆ پاراسـتنی ئـابڕوی خـۆی، زەنـگ بـۆ

ئەنجومەنی شارەوانییەکە لێدەدا، کە بکشێنەوە، ئیدی پەڕاگەندەکانیش جەنگەکەیان دەبەنەوە.
'کابرا، ئەم شتە زۆر دورە! ئەوە کۆمۆنەی پاریسمانە،' بۆگارت وایگوت و خەندەشی لەسەر لێو بوو، هەڵسا و هەر پێیەکیش لە کۆکتێلە مۆلۆتۆفەکەوە دور بوو.
'چاکە، خۆ کۆمۆنەکە کۆتاییەکەی خوێناوی بوو.' ئیگی پۆپیش وای بەئاگا هێنانەوە.
یونس دەیزانی گەر هەر لەوێ بمێنێتەوە و پۆلیس بێت و بەسەریان دابدا، لەوانەیە دایکی لە حەیفان فشاری دڵ لێیبدا. دەبووایە خێرا لەوێ هەڵسێ و بڕواتەوە ماڵ. خۆ ئەگەر ئەمە جەنگ بێ، ئەوا جەنگەکە هی ئەو نییە. خۆ ئەگەر دەسەڵاتداران هەرچییەک بن، حەزی نەدەکرد بوتڵ و بەردیان بەسەردا بەربداتە خوار. هێشتاش، کە ئەو هەستەشی بۆدەهات، نەیدەتوانی لەشوێنی خۆی بجوڵێ. وەک پشیلەک حەزی لەگەرما بێ، خۆی لای خانمەکە گرمۆڵەکرد بوو کە خۆشی دەویست، ئەویش وەک ئەوان تەقەمەنی بۆ دادەگرتن، گوێی لە چیرۆکە شۆڕشگێرییەکان بوو، گەنمە شامی دەخوارد و گۆرانی 'یاخی، یاخی'یشی دەگوتەوە.
کوڕەکە بەختی هەبوو، ئەم دوای نیوەڕۆیە، شەڕەکە نەقەوما. شەڕەکە سێ رۆژ دواتر رویدا، ئەوکات یونس لە قوتابخانە بوو. خۆسازدانی پەڕاگەندەکان بۆ شەڕەکە نایەکسان بوو، هەرچەندە شەڕێکی بوێرانەشیان کرد، بەڵام لەماوەی چەند سعاتیکدا هەموویان گیران.
زۆر لە پەڕاگەندەکان دوای رۆژێک یان دووان ئازاد کران، ئەوەش دوای ئەوەی پۆلیس لێکۆڵینەوەی خۆی کرد و بەڵێنی رەفتاری پەسند و کۆمەڵاتییان لێوەرگرتن. لەو نێوەشدا ئەنجومەنی شارەوانییەکە خانوەکەی بە لەوحەدار داخست. بڕیاڕی بەتاڵکردنی خانوەکە لەو شتانەی تێیدابوو، زۆری نەکێشا.

## دۆستێکی کەهرەمانەیی
شوێنێک لە نزیک فرات، ئەپریلی ١٩٧٨

جەمیلە لە ئاونەکەدا، بەدەسکە ئاون زەعفەرانێکی سوری وەک یاقوتی کوتا. ئەوەش دوا هاڕاوی زەعفەرانەکەی بوو، نەشی دەزانی ئاخۆ دەتوانێ ئێستا بەشێکی دیکەی لێ پەیدا بکاتەوە. هەندێ لە گیاکانی دیکەشی وەک جاترە کێویلکە، تەرخون، گیا زیوی و پەنجە شەیتانۆکە کەم ببوون. ئەو دەبووایە چەند جارێک چووبایە شاخ، سەردانی قاچاخچیەکانیشی بکردبایە تا ئەو گژوگیایانەی دەست بکەوتایە. بەڵام لەم دواییانەدا هەست ناکا زۆر ماڵی خۆی جێبێڵێ، مەگەر پێویست نەبێ یان ژنێک لەسەر ئانوساتی منداڵ بوون نەبێ، کە هەردوو بارودۆخەکەش وەک یەکن.

هەموو بەیانییەکەی لە ژێرزەمینەکە بەکارکردن و بیرکردنەوە بەسەر برد. ئەو شوێنەش هەنوان و پەناگەی بوو، بەندەرەکەی بوو کە تەسک و تاریک و شێدار بوو، روبەرەکەشی هەر هۆدەیەکی شازدە بە حەڤدە پێی بێ پەنجەرە بوو، تەنها دەروێکی تێدابوو بە چەند پەیژەیەک سەردەکەوت. هەمو ناوەوەی ژورەکە هەر لە ناوکەوەکەی تا بنمیچەکەی بەدار هەڵهێندرابوو. لەسەر هەر رەفەیەکیش، کوپە، گۆزە، بوتڵ و قوتوی جۆراوجۆر و هەمە رەنگ و قەبارە هەبوون، لەنێویشیاندا رەگی درەختی دەرماناوی، گژو گیا، رۆن، بەهارات، کانزا، کیفی مار، قۆچی ئاژەڵ، مێشومەگەزی وشککراو، بەسەدان توخم بۆ هەتوان و داودەرمانەکانی هەبوون. لە ژورەکەدا چوار دەلاقەی تەسک بۆ هەواگۆڕینەوە هەبوون. هەرچەندە بۆنی شێداری زەوی لەو ژورەدا بڵاوببووەوە، کەچی ئەمرۆ جەمیلە هەستی پێنەدەکرد. خۆئەگەر بێگانەیەک بۆنێو ئەو کونە ژێر زەمینە دابەزیبا، بەهۆی بۆنەکە گێژ دەبوو. بەڵام خۆ پێنەدەچوو ئەوەش رویدابا، چونکە کەس نەچۆتە ئەوێ، لە ئایندەشدا کەس ناتوانێ بچێتە ئەوێ.

هەموو رۆژێ لەو پازدە ساڵانەی رابردن، جەمیلە یەکدوو سعات لەوێی بەسەردەبرد، خەریکی سازدانی ئەو جۆرە داودەرمانانە بوو، ئەمەش بۆ کەسانێک ئامادەی دەکردن، کە پەنایان بۆدەهێنا و خێرا لەدەرگەیان دەدا. ئەو ژنێکی شیفابەخش بوو، مامانێکی پاکیزە، ئەوەی بەزمانی تەیروتاش، خشۆک و مێش و مەگەزەکان دەدوا. ***ئاخر ئەو نەوەی پێغەمبەر سلێمان بوو.*** خەڵکی ناوچەکە وا بانگیان دەکرد. هەرئەوەش تاکە هۆیەکە بوو بتوانێ لەنێو ئەو چۆڵەوانیەدا هەڵبکات و بژیێ. ئەوان رێزیان دەگرت، لێی دەترسان و قێزیشیان لێدەبووەوە. لە ئەنجامیشدا وازیان لێهێنا بە تەنها بژی. ئەو ژنەی ژن نەبوو: جادوگەرێک لەسەر پەتی گرژی نێوان هەردوو جیهاندا دەڕوا.

کاتێک جەمیلە لە نێو کونە ژێرزەمینەکەی دەبێ، لە جەستەی خۆی دەردەچێ، دەبێتە کوورەیەک لە وزە و بە جیهاندا پەخش دەبێ، خەڵک چارەسەر دەکا، چاکیان دەکاتەوە، وەچەیان پتر دەکا. لەوێدا لە منداڵدانی خۆیدا لەدایک دەبێتەوە، منداڵدانێک بە بەرفراوانی خۆی، هەموو سروشتی دوروبەری دادەگرێ، ئەشکەوتێک لە گەرمی و خولیا، تیایدا هەموو هەست بەخۆکردنێکی تێدا لەدەستداوە. ئەو هەرگیز نەیدەتوانی بڵێ شەوە یان رۆژە. خۆ ئەوەش قەیدی نەدەکرد، ئاخر ئەو لەدەرەوەی زەمەن دەژیا، لە سوڕێکی تایبەت بەخۆی. هەندێک رۆژ هەر لە بەرەبەیانەوە تا رۆژئاوابوون لەوێدا کاری دەکرد، داودەرمانی هەمیشەیی ئامادەدەکرد، ئەزمونی لەگەڵ شتی نوێ پەیدا دەکرد. هەرگیزیش بێزار نەدەبوو. چاوەکانی ماندوو دەبوون، ئاویان دەکرد، بەڵام چارس نەدەبوو. هەر گوڵێک، هەر کانزایەک رازێکی خوایی هەبوو، پەرەوەدگار دایناوبوو. زۆر جاران خەڵک سەرەداویان لەدەست دەدا. دەموکانە(روکێکی لاکوتی هەمیشە سەوزە)یان لەسەر قەدی دارێک دەبینی، وایان دەزانی گیاییکی مشەخۆرە، بێئاگابوون لەوەی بۆ سوڕی خوێن کارایە و بەکەڵک دێ. متمانە، ئەو شتە بوو کە جەمیلە عەوداڵی بوو بەدەستی بێنێ. کاتێک ژیان متمانەت پێدەکا، ئەوا رازی خۆیشت بۆ دەگێڕێتەوە. راستەوڕاستیش واناکا، بەڵکو بەرە بەرە. ئەوسا دەزانی کامە روەک، کامە گیا و گۆڵ، کامە دەرد چارەسەر دەکا. هەموو شتێک لەسەر ئەم گۆی زەوییە، ئەوسا کێشەیەکیش نییە چەند بچوکیش بێ، بۆ ئەوە داهێندراوە وەڵامی شتێک بداتەوە. کاتێک کێشەیەک

ســـەرهەڵدەدا، چارەسەریشـــی هەیە، زۆر جـــاریش چارەســـەریەکە سەرسامانە زۆر لێمـان نـزیکە. ئەوەش هەر پرسـی بینیـنە، جەمـیلەش بینەرەکە بوو.

جەمیلە حەزی بەگەشت و گەڕان بـۆ شـوێنێکی نـابەڵەد نەدەکـرد، حەزی بەبینی بێگانە، دۆزینەوەی پارزەمینی ئەودیو کەل نەدەبوو. جیهان دەبێ فرەڕەنگ بێ، بەڵام مرۆڤایەتی لەهەر کوێیەک بێ هەر یەکە. ئەوەنـدەی بەس بوو، کە لە خـوار گـردەکەدا چـرا گازییەکـانی دەبینـی. خـوا ئەوی دانابوو کە وای خزمەت بکا تا رازەکانی سروشت بدرکێنێ، ئیـدی بەلای ئەو، ئەوە ئەرکـی بـوو کە لەو شـوێنەی تێیـدا دەژیـێ، بمێنێـتەوە. ئەو دەیزانی دەردە بێ ژمارەکان چارەسـەر بکـا، هەرچەنـدە ژمـارەیەکی زۆر دەرد و نەخۆشـیش هێشـتا هەر بە تەلیسـم و راز، بە چارەسـەرنەکرواى ماونەتەوە. هەمیشە لەبن جلە ئاودامـان و لفکە درێـژ و رەنگینەکانیـدا، شـلواری لەپـێ کـردووە، ئـاخر ئەوەش یـارمەتی دەدا لەکـاتی پێویسـتدا سواری ئەسپ ببێ. شە و رۆژ بۆ هەر پێشهاتێک لەسەرپێ بوو.

خەڵکی خۆجێی زۆر چیرۆکیـان لەبـارەیەوە هەڵبەسـتووە. ئەوان دەڵـێن هەر دەبێ لەمەچێتر (جنۆکە) راچێتەی دروستکردنی داودەرمانیان دابیتێ. هەندێکیش دەڵێن ئەو چۆتە سەر چیـای قـاف، ئەو کێـوەی پێشوازی لە هیچ بنیادەمێـک نەکـردووە، چـونکە شـوێنی جنـۆکە، پەری و تـارمیـایی گیانەکانە. جەمیلەش کاتێـک گـوێی لەو چیـرۆک و هەقایەتـانە دەبـوو، سەری دەهەژاند. لە هەرێمێک کە تێنـووی پـاڵەوان، ئەفسـانە و پەڕجـو بێ، لێیان چاوەڕێ دەکرد هەرسێ لایەنی تێدا بەرجەسـتە بـووبێ. بەڵام جەمـیلە دەیزانــی هەر ئەوەی پێـدەکرێ کە دەیکـا. داخـوازی جەمـیلەش بەرامـبەر هەتـوان و داودەرمانەکـانی پەیوەسـت بـوون بە پێویسـتی ئەو کەســەی داوای دەکــرد، زۆر جـــاریش بە بــێ بەرامــبەر دەرمانەکـــانی دەبەخشی. بەو برە دەسکەوتە کەمەی پەیدای دەکـرد، راچەتەی زیـاتری ئامادەدەکرد.

جەمیلە ژاریشی ئامادە دەکـرد، هەرچەنـدە ئەم شـتەی لەلای کەسـانێکی کەم باس کردبوو. ژاریش خەڵاتێکە لەلایەن خواوە هـاتووە. مـوفەڕکێکی خودایيە، زۆر جار پێی نازاندرێ. دەکرێ تۆ وای ببینی، کە ژار نەفرەتە یان چارەسەر، وەک هەموو شـتێک لەژیـان. سروشـت لە پشـت چـاکە و خـراپەوەیە. ئەوەی چاکـت دەکـاتەوە دەکـرێ نەخۆشیشـت بکـا. ئەوەی

نەخۆشیشت دەکا دەکرێ چاکت بکاتەوە. جەمیلە لەسەر ئەو بڕوایە بوو کاری ژار دروستکەر هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ هەر کارە دەستڕەنگینێکی دیکە. هەروەک هونەرمەندێک، جەمیلە بەرپرسیارێتی چۆنایەتی خودی شتەکەی دەبینی، نەوەک چۆنیەتی بەکارهێنانی لەلایەن خەڵکەوە. ئەو ژاری بۆ دژە مشک و جرج، سیسرکە، مار و مەگەز دەفرۆشت. لەوکاتەی دەیزانی بەرهەمەکەی دەکرێ کوشندە بێ، هەمیشەش وای لێکدەدایەوە کە گۆشتیش هەر وایە. زۆر گۆشت خواردن باداری بە دواوەیە، ئەوەش نەخۆشییێکی بکوژە گەر چارەنەکرێ. بەڵام هیچ کەس لەبەر ئەو هۆیە لە گۆشتکڕین ناکەوێ یاخود ناچی گۆشتفرۆش بگرێ.

هەنوکە بە گەشانەوەی هەنیەی لەبەر قەندیلەوە، جەمیلە ئاونەکەی بەلاوە نا، دەستی بۆ سندوقێک برد. لەنێو سندوقەکەدا شتێکی بچکۆڵەی چوارگۆشە، کە دایکی گەوهەرەکان بوو، دەرهێنا. لەنێو سندوقەدا بەردێکی تێدابوو ئەمما بەرد، هەرە بەهادارەکەیان بوو. ئەویش ئەلماسێک بوو، ڕەنگێکی زەرباوی هەنگوینی، گەورەتر لە دەنکە فستەقێک. جەمیلە ئەڵماسەکەی لە نێوانی پەنجەکانی دانا، بە سەیری لێیەوە ڕاما. لێرە لەو دۆڵەدا خەڵکانێکی واهەن، حەز دەکەن سەری یەکێک پەل بدەن، بەڵکو دانەیەکی تایبەتی وایان دەستبکەوێ. ئای لەو گەوجانە! ئاخر خۆ ئەڵماس دەستی بەسەردا ناگیرێ، بەڵکو تەنها چاوی تێدەکرێ. هەر ماخۆیەکی نوێی ئەڵماس هیچ نییە، تەنها هەڵگرێکی کاتی نەبێ بۆ گەشتێکی بەردەوامی گەوهەرەکە. جەمیلەش لەمە گەیشتبوو، پێیشی قایل بوو. ئەمڕۆ ئەڵماسەکە لای ئەوە، ڕەنگە بەیانی لای یەکێکی دیکە بێ. لەو نێوەندەدا جەمیلە ڕێکخەرێکی تەواوعەیار بوو. هەندێک بەرد گەرمایی دەدەنەوە، لە ناخیاندا تیشکیان هەیە، هەر کاتێکیش دەستی گەیاندێ، بۆ ماوەیەک خستیە نێو گیراوە دەرمانێک، ئەوا گوێی لە دەرونییان دەبێ، ڕۆخە تیژەکانیان نەرم دەبن، یارمەتی ئاوێتەبوون دەدەن. هەر لەبەر ئەوەش بوو جەمیلە هەندێ ئاڵتونی هەڵدەگرت، بەڵام ئەڵماس بەردە هەرە باشەکەیان بوو.

لە کۆنی کۆنەوە خۆجێیەکانی میزۆپۆتامیا بە ئەڵماسیان دەگوت، 'فرمێسکەکانی خودا'. ئەوان لەو بڕوایەدا بوون ئەڵماس لە تۆزوخۆڵی ئەستێرەکانی ئاسمانەوە بەربۆتەوە یاخود لە لێکجیابوونەوەی هەورە

تریشقەی ئاسمان، لە شەوێکی دروشاوەدا پەیدابوون. جەمیلە تەنانەت گوێی لەوەش ببوو، ئەڵماس کریستاڵیبوونی ئەو دڵۆپە ئارەقانەیە، کە هەموو بەهاران کاتێ دایکە زەوی و باوکە ئاسمان خۆشەویستی لەگەڵ یەک دەکەن، دڵۆپەکان دەڕژێن و دەبنە ئەڵماس. ئای چ خەیاڵبازییەکی کێویانەیە! خەڵک کاتێک بەرامبەر شتێک دەوەستن و دەسەڵاتێکی وایان بەسەردا ناشکێ، ئیدی بیرۆکەی عەنتیکەیان بۆدێ، وەک ئەوەی بەو هەڵبستانەیان لە شتە پەشێوە ئازاربەخشەکان بگەن، ئەم لێکدانانەوەیان مانەوەی کورتی ژیانی خۆشیان دەگرێتەوە.

بە بەراورد لەگەڵ ئەڵماسدا، ژیانی ئادەمیزاد گەورەترە لە بارانی هاوینان. لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا، بنیادەم پیر و کاڵ دەبێتەوە، کەچی ئەڵماس هەروەک ساوایەک دەمێنێتەوە. جەمیلە وای خەملاندبوو سەد تا چوار سەد ساڵ دەبێ لەوەتەی ئەم پارچە ئەڵماسە لەکانەکەی خۆی دەرهێندراوە و پۆلیشیان کردووە، کەچی هێشتاش هەر نوێیە. دەکرێ بە هەزاران ساڵی دیکەش بمێنێ، ئەگەر زۆرتریش نەبێ.

کاتێکیش باس دێتە سەر چاوچنۆکی بۆ بەدەستهێنانی ئەڵماس، جیاوازییەکی زۆر لەنێوان داراو نەداردا نییە، لەڕاستیشدا ئەو مجێزی چاوچنۆکییە کۆتایی بۆ نییە. ئەو کەسەی دەرەتانێکی بۆ پەیداکردنی ئەڵماس نییە، هیوایەکی هەر هەیە. ئەوەی دانەیەکیشی هەیە هەڵوەدای پەیداکردنی دانەیەکی دیکەشە. ناپاکیی، چاوچنۆکی و توندوتیژی تەنانەت لەو کەم تەمەنەیدا، ئەم پارچە ئەڵماسە هەموو ئەم خەسڵەتانەی بینیون. ئاخر ئەم پارچەیان وەک هەموو پارچە ئەڵماسەکانی دیکەی ئەڵماس مێژوییەکی خوێناوی هەیە. بازرگانەکان، گەڕیدەکان، حاجییەکان، دەریاوانەکان، سەربازەکان و سوسەکاران هەر بۆئەوەی پارچە ئەڵماسێکی وایان دەست بکەوێ، یەک ئەوی دیکەی لەخشتە بردووە. کارەکەرەکان بە دڵسۆزییەکی زیاترەوە خزمەتی خانمەکانیان کردووە، خانمەکانیش زۆر دڵسۆزانە هاوسەرەکانیان خۆشویستووە، هاوسەرەکانیش هەستی پیاوانەیان زیاتر بووە کاتێک پارچە ئەڵماسێکی وایان لەبن هەنوانەکەیاندا هەبووە. خواستبەرزی بۆتە ئەرخاین بوون، چاوباشقی و پیاهەڵدان بۆتە هاوسەرایەتی، برادەر بوونەتە نەیاری یەکدی، نەیارەکانیش بوونەتە بەرە. هەروەک ئەوەی تیشکی رۆژ لەسەر بەفرێکی بێگەرددا رەنگبداتەوە، ئەڵماسی

زەردباویش هەموو شتێکی دەوروبەری خۆی دەگەشێنێتەوە، هەروەک چۆن تیشکی ڕۆژ لەسەر پارچە سەهۆڵ ڕەنگدەداتەوە؛ بەڵام تاریکایشی لەناخدا شاردۆتەوە. جەمیلە دەیزانی ئەو پارچە ئەڵماسە دەکرێ کەسەکە لە دەرونی خۆی داببڕێ.

پارچە ئەڵماسەکە دیاری بەگێک بوو. ئەو پیاوەی لەوە ڕاهاتبوو هەموو جۆرە پیاوێک لەبەردەمیدا چۆک دابدەن، تیرۆر و ڕێزی بە یەک پێوەر دەڕژاند. جەمیلە ژیانی کوڕە تاقانەکەی ڕزگارکردبوو. ئاخر دکتۆرەکان لە چاککردنەوەی ڕۆڵەکەی بێ هیوا ببوون، جەمیلە هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ، لێزانانە کوڕەکەی قولانج بە قولانج لە شانشینی عیزرائیلەوە دەرکێشا. کاتێکیش دوای نەخۆشیە کوشندەکە، کوڕەکە بۆ یەکەمینجار چاوی هەڵێنا، بەگەکەی باوکی گریا. لەڕاستیدا گریانێک وەک هەر پیاوێک کە ئاسایی نییە بگریێ، گریا.

بەگەکە لەپاداشتدا پارەی خستە بەردەم جەمیلە،بەڵام نەیویست؛ لیرەی زێڕ، پارچەیەک زەوی، ستەڕکە مێشە هەنگوینێک، کارگەیەکی ئاوریشم، هەر نەیویست. هەموو جارێک جەمیلە سەری لەبەر ئەو خستنەڕوانەی بەگەکە ڕادەوەشاند. جەمیلە لەسەر ڕۆیشتن بوو کاتێ چاوی بە پارچە ئەڵماسەکە کەوت. بەگەکە ناوی لە ئەڵماسەکە نابوو دۆستە کەهرەمانییەکە. ئیدی جەمیلەش مەیلی بۆ چوو. ئەوەش نەوەک لەبەر ئەوەی بەهادارە، بەڵکو لەبەر مەتەڵە تەلیسماوییەکەی نێوی. ئاخر وەک جەمیلە باسیکرد، خۆ ئەوە بەردی ڕازەکان بوو.

بەگەکە گوتی، 'دەڵێن ئەڵماسەکە نەفرەتی لێکراوە. ناکرێ بەدەستبهێندرێ، ناشکرێ بەزۆر بسەندرێ، ناشبێ بشدزرێ. هەر دەبێ لە ناخی دڵەوە وەک دیاری بدرێ. هەر ئاواش گەیشتۆتە دەستم، منیش بە هەمان شێوە دەیدەمە تۆ.'

بۆ ساتێک جەمیلە هەستی کرد خۆی و بەردەکە بە شێوەیەکی تەلیسماوی و لەدویو پەردەی تێگەیشتنەوە، بەیەکەوە گرێدراون. لەگەڵ ئەوەشدا جەمیلە دیاریەکەی نەویست، بەڵام بەگەکە پیاوێکی زیرەک بوو. کابرا لەوە تێگەیشت جەمیلە لەبنەوە دڵی بۆی لێدەدا، بەڵام لەوەش دەترسا ئەگەر ئەڵماسەکەی بکەوێتە چنگ، ژیانی لە مەترسیدا بێ. ئاخر بەشیک لە هۆکاری ئەوەی، کە لەو دۆڵە چۆڵەوانییەدا توشی گێچەڵ و هێرشی تالانکەرەکان نەبۆتوەوە، ئەوەبوو کە هیچی گران

بەهای لانەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەگەکە زۆری لەسەر نەڕۆیشت. بەڵام هەر هەمان شەو ئەڵماسەکەی بە تەتەرێکی متمانەدار بۆ ناردە کۆڵیتەکەی جەمیلە. ئیدی لەوکاتەوە جەمیلە دۆستە کەهرەمانییە(زەردباوە)کەی لەبن دەستدایە.

ئاخر خۆ زۆر شتی سەیر و سەمەرە لەبارەی مرۆڤایەتیەوە هەن. ئەوان قێزیان لە مێش و مەگەز دەبێتەوە، بەڵام کاتێ خاڵخاڵۆکەیەک لەسەر پەنجەیان دەنیشێتەوە بە نیشانەی بەختی دادەنێن. ئەوان بێزوویان لە مشک دەبێتەوە و حەزیشیان لە سمۆرەیە. لەکاتێکدا رقیان لە داڵی کەلاکخۆرە، کەچی بە شێوەیەکی وروژاوییەوە بیر لە هەڵۆ دەکەنەوە. ئەوان قێزیان لە مێشولە و تەپۆ دەبێتەوە، بەڵام مەیلیشیان بەلای مێشولەی بریقەداردا دەچێ. تەنانەت لەگەڵ ئەوەش پێیانوایە مس و ئاسن بۆ داودەرمان گرنگن، کەچی لەجیاتی ئەوە خەریکن زێڕ دەپەرستن. ئەوان هیچ باکیان بەو بەردانە نییە، کە لە ژێر پێیاندا خڕەی دێ، کەچی شێتی گەوهەری درەوشاوەن.

جەمیلە پێیوابوو لەو هەموو شتانەی ئادەمیزاد دەیکا، شتێکی کەمی لێ گوڵبژێر دەکا و خۆشی دەوێ، باقیە زۆرەکەشی فڕێداوەتەوە ئەولاوە.

زۆر کەمن ئەوانەی لەوە تێگەیشتوون، ئەو شتانەی حەزیان پێ نییە، بەقەد ئەو شتانەی هەڵی دەگرن بۆ سوڕی ژیان گرنگ و چارەنوسازن. لەم جیهانەدا هەموو بونەوەرێک دارِسانی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بگۆڕێ و شتێکی دیکە فراژی بکا. ئاخر مێشولەی ئاو کەمتر نییە لە مێشولەی بریقەدار، یاخود مس لە زێڕ. خۆ ئەوەش قانونی خودایە، گەوهەرداری مەزن نەخشەی گەردونی کێشاوە.

گرمەیەکی گەورە و توند جەمیلەی لە ئەندێشەکانی بێدارکردەوە. یەکێک لە دەرگایماڵەکەی نزیک بۆتەوە. هەڵسایە سەرپێیان و ئەڵماسەکەی خستەوە ناو باولۆکەکەی. تۆ بڵێی ئەو ماوەیەی چووەتە نێو دەریای ئەندێشە و خەیاڵ چەندی پێ چووبێ؟ بە سینگێکی گرانەوە بەسەر پەیژەکان کەوت. کاتێکیش دەروەکەی کردەوە و لەژێر زەمینەکەی دەرچوو، گەڕایەوە هۆدەکەی خۆی، دەنگەدەنگەکە وەک زللەیەک وابوو.

'هۆ مامانە پاکیزەکە، دەرگاکە بکەرەوە، ئەرێ ئەوە تۆ لەکوێی؟'

هێشتا بەتەواوی لەدەرگای شاقوڵی ژێرزەمینەکەی دەرنەچووبوو، ئیدی بازیدا و دەرگاکەی داخست و رایەخێکیشی بەسەردا دا. لەدوایشدا دەستی

دایە تفەنــگەکەی، ئەوســا بە ئامادەباشــیەوە بەرەو دەرگــا رۆیشــت، بیکاتەوە.

پێی سەیر بوو بینی قاچاخچیەکەی ئەوێ رۆژێ بەدوایدا هاتبوو تا یارمەتی منداڵبوونی ژنەکەی بدا، هاتۆتەوە. باوکی تاقانە نیوە ساواکەی بوو، ئیدی خەریکبوو جەمیلە لێی بپرسێ ئاخۆ ساواکەیان چۆنە، کەچی بینی زەلامێکی دیکەی لە پشتەوەیە. ئەویش کەسێکی بەکۆڵ داداوە، شوێنەواری خوێنی پێوەیە، خوینێکی تاریک و وشکبووەوە.

'جەمــیلە... ئەی خوشــک،' قاچــاخچیەکە وای پێگــوت، 'تــۆ دەبــێ یارمەتیمان بدەی.'

ژنەکەش تێگەیشت. ئەوان لەسنوری سوریا پەڕیبوونەوە، کەلوپەلیان بارکردبووە، تۆچا، توتن، ئاوریشم رەنگە تلیاکیشیان بارکردبی. کاروبارەکەیان بەو شێوە بەڕێوەنەچووە، کە نەخشەیان بۆ کێشا بووە. ئەوان کەتبوونە بۆسەوە. یەکێکیان گوللەی پێکەوتووە. دەکرا هەر لەوێیان بەجێ هێشتبا، بەڵام واشیان نەکرد. ئەوان لەپشتی خۆیان هەڵداوە و گەڕاونەتەوە. بەڵام کابرای زامدار خوێنێکی زۆری لەبەر رۆیشتووە؛ نزیکبوو گیانی دەربچێ. پێویستیشی بەوە نەدەکرد لەنزیکەوە بیبینێ تا بزانێ کابرا خەریکە بمرێ.

'ببورە دەترسم نەتوانم یارمەتی بدەم،' جەمیلە وای پێگوت. 'تۆ پێویستە بچیتە تیمارخانە.'

قاچاخچیەکە هەندێک پاش سمێڵی خۆی خواردەوە. نە تورە و نە پەست دیاربوو، تەنها بێ ئۆقرە بوو. 'ئاخر خۆت دەزانی، ئێمە ناتوانین بیبەینە ئەوێ.'

ئەوسا وەک ئەوەی گەیشتبنە ریکەوتنێک، زامدارەکەیان لەسەر تەختەبەندەکە درێژ کرد. بەر لەوەی بشرۆنەوە، قاچاخچیەکە بە جەمیلەی گوت، 'ئەگەر مرد، ئاگرێک لەنێو باخچەکەتدا بکەوە. ئێمە دێین و دەینێژین.'

❖

دەموچاوی کابرای زامدارەکە درێژکۆلانە بوو، ئێسقانی کولمی هەندێ بەرز بوون، شانەکانی سست و سیمایەکی مرومۆن و تابلێی لاواز و درێژیش بوو. جەمیلە هەولیدا تەمەنەکەی بخەملێنێ. دەکرێ لە کۆتایی

بیستەکاندا بێ، بەڵام دەشکرێ تەمەنی چل ساڵی تێپەڕاندبێ. بەو روخسارەی هەموو رەنگێکی دەهێناو دەبرد و بەو چارەنوسەی لەنێو دەمارەکانیدا دەگەڕا، دەکرا هەر تەمەنێک بێ و هیچیشیان نەبێ.
بە هێواشی هەندێک بەرزی کردەوە و بالیفێکی لەبن سەر دانا، هەستی کرد بە شێوەیەکی سەیر سوک و قورسە لەهەمان کاتدا. ئەو بردەبردێکی لە قوڕگەوە هات، دەنگێک لەهی مرۆ نەدەچوو، وەک ئەوەی شتێکی لە سینگ دابێ و گوللەیەکیش بەربینگی گرتبێ. هەندێک خوێن لە لوتیەوە هات. جەمیلە پێشتر زۆر باری شڕوشەپڕێوی دیتبوون، بەڵام هەستیکرد لەژیانیدا ئەوەندەی ئەم زامدارە ترساندویەتی، نەترساوە.
رەنگە چاکتربێ بیکوژێ. ئەو ئەسپەی قاچی دەشکێ، مردنی شایستەی پێڕەوا دەبیندرێ. بۆ ئەم کابرایەش هەر کەمێک دەرمانی ژاراوی بەسیەتی. دەرمانی روەکێکی دێرین و چاک. مایەی سەرسوڕمانییە زۆر کەس لەم روەکە فەنەلە نەگەیشتوون، دوا هەناسەی دەدا، ناشزانی بۆچی. گوندییەکان پێی دەڵێن 'هەناسەی شەیتان' بەڵام جەمیلە ناوێکی باشتری بۆ هەبوو: تەنکە تەمی ئەرخەوانی. خۆ ئەگەر دەیتوانی وا لە پیاوەکە بکا، بڕێکی پێویست لەو روەکە قوت بدا، ئیدی دەکەوێتە گیانەڵا و دوا خەونی خۆی دەبینێ. جەمیلە لە ژیانیدا دوو جاران هاتۆتە سەر ئەوەی خۆی بکوژێ، دوای ئەوەی رفێنەرەکانی گەڕاندیانەوە لای باوکی، کە هێشتا هەر کچ بوو بەڵام هەمیشە شەرمەزار؛ جاری دووهەمیش ئەو رۆژەی زانی ئادەم لەجیاتی ئەو، داوای دەستی پەمبێی کردووە. هەر جارێکیش بڕیاری خۆکوشتنەکەی دەدا، ترسی دۆزەخ یان سوکوئاسان حەزی دیتنەوەی رۆژ لە ئاسۆ و هاتنی سپێدە، ناچاری دەکرد لە ژیاندا بمێنێتەوە.
جەمیلە شانەکانی راستکردنەوە، لەسەر ئەوە سوور بوو جڵەوی ئەو جۆرە بیرۆکانە شل نەکا، هەرچەندە حەزەکەشی توند و مەحکەم بوو. ئیدی تیشکۆی بیری خستە سەر پیاوە زامدارەکە. بە کارامەیی جلەکانی لەبەر داکەندن و تەواو روتی کردەوە. خەریکبوو لە بەردەم ئەو جەستە لەڕو لاوازە، لەبەردەم ئێسکە دەرچووەکانی لە هاڕژن بدا. ئاخر کابراکە سێ زامی سەرەکی هەبوون: یەکێکیان لە قاچی، دووهەمیشیان لە شانی، سێهەمەکەیان زۆر کوشندە بوو. نزیک بڕبڕەی پشت بوو. ئەوەی تەقەی لێکردبێ، هەردەبێ لە پشتەوە لێیدابێ.

هەمــوو دوای نیــوەڕۆکە، جەمــیلە خەریکــی برینــدارەکە بــوو، لەبــن دەرمانکردنیدا، زامدارەکە دوو جاران بووراوەیەوە، جەمیلەش توانی دوو گــولله و نیــوی لە زامەکــانی دەربکــا. ســێهەمین گــولله بەر ئەژنــۆی کەوتبوو، هاڕی بووی. پێیوابوو پێویست ناکا زیاتر لەم گوللەیان قوڵ ببێتەوە، گەر کابرا دەربازی ببێ، دەکرێ لەگەڵ ئەم گوللەیان هەڵبکا. دەشیزانی هەرگیز پیاوەکە وەک خۆی لێنایەتەوە. گوللەکانیش وەک بەرد و ئەڵماس وان، بەنێو گیانی ئەوانەدا دەڕۆن، کە جەستەکانیان دەبڕن.

دوای ماوەیەکی درێژ، کە ڕۆژ خەریکبوو ئاسۆی ئاوابوونی ڕەت دەدا، جەمیلە لەسەر کورسیەکە بەدیار بریندارەکەدا بۆرژا و خەوی لێکەوت، ملیشی ڕەق ببوو. ئەمشەویش هەروەک دوێنێ شەو هەستێکی خراپ بەرۆکی گرتبوو، خەریکبوو هەناسەی لەبەر ببڕێ.

ئەوە نوزەی زامدارەکە بوو جەمیلەی بێدارکردەوە، وەک ماسیێک لە زەریا هاتبێتەدەر، دەمی هەر لێکدەدا. دەسرۆکێکی تەڕی بەسەر لێوەکاندا داهێنا.

'تکایە، زیاتر!'

'بەداخەوە،' بە سۆزەوە جەمیلە پێیگوتەوە، 'هەنوکە هەر دەتوانم ئەوەندەت پێبدەم. دواتر بەڵێنت پێدەدەم ئاوی زیاترت بدەمێ.'

ئەویش رستەیەک وشەی ناخۆش، جوێنی بە جەمیلە دا. ئاخر تایەکەی زۆر بەرز بوو. ئەو لە نێوان بورانەوە و نەبورانەوە دابوو. جەمیلەش مەڕاق ما، تۆبڵێی ئەمە پیاوێکی باش بێ. ئاخر ئەوە چ پرسێکە؟ ئەدی بێباکانە هەوڵی رزگارکردنی نەداوە؟ ئەو دەبێ پیاوێکی خێزاندار بێ و منداڵیشی هەبن، ئەگەر هەنوکە بمرێ، تۆبڵێی کەس هەبێ غەریبی بکا؟

بە هێواشی جەمیلە رایەخەکەی لەسەر دەرگای کونی ژێرزەمینەکە لادا. دەبوایە لەوێ ئیشی خۆی بکا، دەبووایە گیراوە دەرمانێک ئامادە بکا، ئەمجارەیان بۆ خۆی، تا هەندێ هیلاکی و بێدەرەتانییەکەی سوک بکا. بە دزیشەوە چاوێکی لە زامدارەکەی سەر پێخەفەکەی کرد. ئەو ناتوانێ تا چەند سعاتی داهاتوش هەڵبستێتەوە. ئیدی خۆی خزاندە سەر پەیژەکان، هاوسەنگی خۆی راگرت و دەرگاکەی داخست و بە پەنجەکانی رایەخەکەی بەسەردا راکێشایەوە. خۆ ئەگەر پیاوەکە بەئاگاش بێتەوە،

هەروا تێدەگا ژنەکە بۆ داربڕین چۆتەدەر. ئاوا دەرگاکەی گەڕاندەوە بەڵام تەقەیەکی گەورەی لێوەهات.
لەهەمان ساتیشدا، قاچاخچییە زامدارەکە چاوەکانی هەڵێنان، لە میانەی نیگا تەومژاویەکەیدا چاوی بە کۆڵیتەکەدا گێڕا، چاوەکانی تفەنگە هەڵپەسێرداوەکەی دیواریشی بەدیکرد، تا گەیشتە ئەو دەرگایەی دەروی ژێزەمینەکەی دادەپۆشی. بەر لەوەی بێئاگابوونە پڕ ئازارەکەی بۆ بگەڕێتەوە و خەوی لێبکەوێتەوە، سیمایێکی نادیاری پەڕیە سەر دەموچاوی.

## ئەسما

*لەندەن، ئەپریلی ١٩٧٨*

دەرگاکەم لەسەر خۆم داخست، هەناسەیەکی قوڵیشم هەڵکێشا. ئەو هەڵاتنەی نیوەشەوانەم لی ببووە خوو. دوای ئەوەی هەمووان دەنوستن من دەچوومە نێو گەرماوەکەمان. مۆمێکم دادەگیرساند و لەبەر شەوقی مۆمەکەدا سەیری گۆڕانکاری دەموچاوم دەکرد. خۆ من حەزیشم لەوە نەبوو تەماشای روخساری کچێکی تەمەن پازدە ساڵان بکەم، کە خۆم بووم. بەڵکو لەبری ئەوەدا دەمویست ئەوە بدۆزمەوە، ئاخۆ لە بن ئەو روخسارەدا، چیدیکەی پەیوەستدار بە ئەوی دیکەوە هەیە، کە هێشتا بۆم نەدۆزراوەتەوە.

زۆر لە کچەکان، کە دەیانناسم ژوری نوستنی تایبەتی خۆیان هەیە، دەتوانن دەرگا لەسەر خۆیان دابخەن. کەچی من ئەوەم نەبوو. خۆ ئەگەر من دەرگای نوستنەکەم، کە لەگەڵ برا بچوکەکەمدا هاوبەشە، دابخەم، ئەوا ماڵباتەکەم دەترسێ شتی سامناک بقەومێ. هەر بۆیەشە گەرماوم خۆشویستووە، چونکە تاکە پەناگەی منە، بە تەنها خۆم و هزرەکانم و جەستەکەمم.

بلوزەکە و مەمکدانەکەم کە رەنگی پێستە دەدا، داکەندن، زۆریشم رق لێیەتی. مەمکەکانم لەگەڵ ئەو دەمارە شینە باریکانەی، کە زۆرم قێز لێدەبێتەوە، هەڵچوون. ئەو مەمکانەم قورسن و دەشبێ هەڵیانگرم، وەک ئەوەی هیچیدیکەم بەکۆڵدا نەدرابێ. هەر ئەم بەیانیە یەکێک لە قوتابیە کوڕە هاوپۆلەکانم هەولی دا دەستیان لێبدا، ئەمەش بە فێڵی ئەوەی دەست بۆ کتێبێکی سەر رەفە ببا، کە لەپشتەوەی من بوو. کاتێکیش مرازەکەیم بۆ دەرکەوت، توانیم لەدوا ساتدا خۆم لابدەم. هەر لەوکاتەدا بینیم دەستەیەک کوڕ لەولاوە لە بنەوە پێدەکەنین. ئەوان بەیەکەوە نەخشەکەیان کێشابوو. دیاربوو لەو بارەوە قسەیان کردبوو، باسی مەمکەکانی منیان کردبوو. ئیدی هەستم کرد نەخۆشم.

لەدەرەوە باران بەسەر گەڕەکی لاڤندر گرۆڤ دەباری. کاتێکیش لە ڕێی ئاوێنەکەوە سەیری پەنجەرەکەم کرد، بێ ژمار جار مەڕاق مام گەر هاتبا و کوڕ بووبام، ئەوا روخسارم چۆن دەبوو. ئینجا دەستم دایە قەڵەمی چاو، هەندێکم تیژ کرد، برۆکانم چڕکردن و پاشان هەردووکیانم بەیەکەوە گەیاندن. دواتر سمێڵێکیشم لەسەر لێوم دروست کرد. سمێڵەکەش نەوەک باریک بەڵکو ئەستور و چڕ، بووە قافە سمێڵ و بەسەر لالێومدا شۆڕببونەوە. خۆ ئەگەر ئەسکەندەر بیدیتبام، سەرێکی دەهەژاند و دەیگوت، 'خوشکم دیارە عەقڵی خۆت لەدەستداوە!' هەندێک جار، هەستێکی نامۆم بۆ پەیدا دەبێ، بەوەی لەگەڵ دەوروبەرەکەم جیاوازم و هەڵناکەم. من توشی دەردی تۆپراکەکان بووم، لەکاتێکدا چارەنوسی راستەقینەی من لە شوێنێکی دیکە بوو.
'سلاو، دەزانن ئەوە خوشکمە، کە هەر دۆڕاوەکانی خۆش دەوێن.' ئەوە قسەی ئەسکەندەر بوو، هەرکاتێک منی بە کەسێک نەخاسمە بە کوڕێک ناساندبا، ئەو رستە حازروبازرەی پێدەگوت.
ئەم کارەش هەرگیز شکستی نەدەهێنا، ئەوسا کوڕەکە هەرزوو لێم دور دەکەوتەوە، منیش گوێم پێنەدەدا. سەیرە خۆ کاتێ ئەسکندەر وایدەگوت هەندێکیشی هەق بوو. من هەمیشە بە خەستی مەیلم بەلای چەوساوە و زوڵملێکراواندا بایدەدایەوە. تەنانەت کاتێ سەیری یاری دوو گۆلیشم دەکرد، حەزم دەکرد ئەنجامەکە بە شێوەیەک بشکێتەوە، کە چەپڵە بۆ تیپی دۆڕاو لێبدەم. تۆ بڵێی ئەو هزرە چەند قورس بێ، یاریچییەکە بکەوێتە ژێر گوشاری لایەنگرانێک، کە لێی ناڕازی بن و های هۆی لێبکەن، ئیدی ئەوەندە بەسە تا من پشتگیری یاریکەرەکە بکەم.
'تۆ لایەنگریی قاقلە جنۆکەکانی. ئاخر ئەوەش کێشەکەیە.' دایکم هەروای پێدەگوتم. ئەو بڕوای وابوو لە جیهاندا دوو جۆر مرۆڤ هەن: پشتیوانی بۆق و پشتیوانی قاقلە جنۆکە.
لەو گوندەی دایکم کچێنی خۆی تیا بەسەر بردبوو، منداڵان راهاتبوون لە روبارەکەی نزیکیان بۆق بگرن. رۆژێکیان بۆقێکی هەرە گەورەیان گرتبوو، هەرگیز بۆقی ئاوا گەورەیان پێشتر نەبینی بوو. یەکێک دەفرێکی شوشەی لەماڵ هێنا و بۆقەکەی خستە ژێرەوە، زیندەوەرە ناشیرینەکەش لەترسان نقەی لەخۆی بڕی. هەموو رۆژەکە منداڵان دەهاتن و دەستێکیان لە شوشەکەی سەری دەدا، لێی نزیکتر دەبونەوە

تـا باشـتر بـۆقەکە  بە چـاوە قێـزەون و پێسـتە لینجـاویەکەی ببیـنن. ئەوسا کورێک قاقلە جنۆکەیەکی لە گیرفان دەرهێنا و خستیە نێو دەفرە ئـاوەژوکراوەکە. ئیـدی بـۆقەکە دەمودەسـت هەراسـانبوونەکەی خـۆی لەبیرچووەوە، تیشکۆی خۆی خستە سـەر نێچیـرەکە. لەوکـاتەدا قـاقلە جنۆکەکەش بێ ئاگـا لە مەترسیەکەی سـەری، ئیـنج بەئیـنج دەجـولا و رێگـای خـۆی دەکـردەوە، بەو هیـوای لە زینـدانەکەی دەربچـێ. کەچـی بۆقەکە بازێکی بۆ هەڵدا و هەڵیکوتایە سەر قاقلە جنۆکەکە، لەبەرچاوی منداڵان و هاتوهاواریـان خـواردی، لەگەڵ قوتـدانی شـتەکە چیرپێکـی لە دەمە لینجاویەکە هاتەدەر.

دایکـم گـوتی ئەوێ رۆژی هەمـوو منـداڵان چەپڵەیـان بـۆ بـۆقەکە لێـداو دەریان هێنا. 'بەڵام خۆ ئەگەر تۆ لەوێ بووبای، گروەم دەکرد، لایەنـی قاقلە جنۆکەکەت دەگرت. ئاخر هەندێک جـاران مـن لەسـەر تـۆ نـیگەران دەبم.'

خـۆ مـن هـیچ نالەبـار نـیم لایەنگـری کەمپـی قـاقلە جنۆکەکـانم، ئـاخر ئەوەندە بەس نـیـیە، کە لەگەڵ ئەو کـچە تیژرۆیـانەی پۆلەکەمـدا نەبـم. قوتابخـانەکەمـان پـۆل بەنـدی بـوو. لەوێـدا کچـانی وەک مـن هەبـوون، رەنجـدەرەکان بـوون، لەنێویانـدا ناشـیرین تـا مامنـاوەنجی هەبـوو، بەیەکەوە هاوکار بوون هەمیشە هەوڵیـان دەدا ئاسـتێکی باشـی خوێنـدن بەدەست بێنن، بـۆیە گوییـان نەدەدایە بـایەخی ئەوانـی دیکە پێیـانەوە مەگەر مامۆستاکانیان نەبێ. ئەوانی دیـکەش بەدخووەکـان بـوون. ئەوان کەمتـر بایەخیـان بە دەرسـودەوری خۆیـان دەدا، ئەوان زۆر پەرۆشـی رابـواردنی ژیـانی خۆیـان بـوون، کاتیـان بە خوێنـدن نەدەکوشـت. جوانترینیان لەنێو ئەواندا باربی بوو.

مـن لەو باربیـانەم دەکـۆڵییەوە، شـێواز و رەفتاریـان وەک ئەوە وابـوو نمونەیەکی نوێی بایۆلۆجی بن. ئەوان سەری زمـان و بنـی زمانیـان هەر دەربارەی کوران بوو، وردتـرین زانیاریـان لەگەڵ یەک دەربـارەی ئـاخۆ کامە کچ حەز لەکامە کور دەکا، ئاڵوگۆر دەکرد. ئەوان تۆمارێکی وردیان هەبوو، کە کێ لەگەڵ کێ دەردەچێ، ئایا فڵانە جوتە لەگەڵ یەک جووت بوونە یان نا، ئایـا چەنـد جـار لەگەڵ یەک سـەرجێیان کـردووە؟ ئـاخۆ کـچەکە زگـی هەڵسـاوە و دووگیـانە؟ ئـاخۆ کـورەکە دەیهێنـێ. ئەوان بەردەوام رۆمانتیکیـانە و بەجـۆش کورێکیـان خۆشدەویسـت و دەسـتیان

لێبەردەدا، هەموو وردەکاری ئەزمون و هەست و سۆزیان لەچاویانەوە دیار بوو، لەسەر زمانیشیان قسەوقسەلۆک.
کات بەسەربردنی دوای قوتاخانەشیان بە کۆمەڵ بە بازاڕکردن بەسەردەبرد. لەوکاتدا دایکیان یان خوشکە گەورەکەیان لەگەڵیان بازاڕی دەکرد تا ئاوەڵکراس و جلەکانی بنەوەیان بکڕن. لەو کاتەی کچەکانی لەوان بە تەمەنتر پێیانباش بوو مەمکدانی سپۆرتانە بکڕن، کەچی ئەوان رویان لە مەمکدانی بەنەخش و نیگار-ئەوانەی تەنک و سێکسی بوون- دەکرد. رۆژی پاشتریش کە دەهاتنە قوتابخانە، لە ئاودەستخانەکاندا نیشانی یەکدیان دەدا، دەمەتەقێکانیشیان بەجۆشوخرۆش بوو. ئەگەر شتێک باش بووبا، ئەوا نایاب و سەرنجڕاکیش بوو دەنا خاشاک و هیچ بوو. هەمان ئەو دەستەواژانەشیان بۆ خۆراک، پۆشاک، مامۆستاکان، دایبابەکان، تەنانەت وڵاتان و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکانیش بەکاردەهێنا.
باربییەکان ناوبەناو سکاڵایان لەدەست سوری مانگانەی خۆیان بۆ برادەرە نزیک و دورەکان، بۆ دۆستە کوڕەکان، بۆ دایکیان و هەندێکیان بۆ باوکەکانیشیان باس دەکرد. ئیدی هەر ئەو بیرۆکەیە بەس بوو بۆ ئەوەی رامبچەڵەکێنێ. مەراق مام ئەو شتە، کە پرسێکی زانستی بوو، چۆن بەو شێوە زۆر جیاوازە لە کلتورێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ، ئەوەش هەر لێگەڕێ کە لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێکی دیکە چەند جیاوازە. خۆ ئەگەر من لەبارەی سەردەمی خۆم بۆ دایکم قسەم کردبا، بەستەزمان لەشەرمان سورهەڵدەگەڕا. ئیدی بە زمانێک قسەی لەگەڵ دەکردم، کە وشەکانی لە داپیرە نازێ خواستبوونەوە.
تۆ بڵێی گەر لەگەڵ کیژە دراوسێکانمدا چووبامە قوتابخانەیەکی خۆجێی، دۆخەکە گۆڕابا؟ گەر هاتبا و ناوی هاوپۆلەکانم ئایشە، فەرەح یان زەینەب بووبا، لەجیاتی دێبی یان کلارا، تۆبڵێی ئەوسا بۆ من ئاسانتر بووبا؟ بەڵکو وابووایە، بەڵام خۆ من بەو جۆرە لێم نەدەڕوانی. دەمزانی پرسەکە مایەی بەزەیی پێهاتنەوەیە، بەڵام سەعیکردن و خوێندنەوەی کتێبێکی چاک بۆمن باشتر بوو تا لەگەڵ هاوپۆلەکانم گرفتار ببم. هێشتاش من شانازی بە دەستکەوتەکانی قوتابخانەکەمەوە دەکەم، ئەوەش لەچاوی مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایم خانم پاول بوو. ژنێکی بەستەزمان! قسەوسقەڵۆک هەبوو، کە

تاقانە کوڕەکەی لە قوتابخانە دەرکراوە و لە ماڵەوەش درچووە، نەشی دەزانیٚ هەنوکە کوڕەکەی لەکوێیە. بەهۆی ئەو دۆخە نالەبارەی، خانم پاول خۆی بۆ یارمەتیدانی منداڵانی پاشاخان جیاواز تەرخان کردبوو، منیش یەکێک بووم لەوان.
دڵخۆش بووم بە لێنانی ئەو سمێڵەم، بۆیە قەڵەمەکم نزمکردەوە سەر چەناگەم تا ردێنە تەمشولەیەکیش دروست بکەم. بەڵیٚ خۆ ئەوە خانم پاول بوو، هاتە ماڵمان و قسەی لەگەڵ دایبابم کرد. بڕوای پێهێنان تا بمنێرنە قوتابخانەیەکی باشتر. ***دوای ساڵانێک لە ئەزمونم لە دوری چەندان مایلەوە منداڵی بەهرەدار دەناسمەوە. بەڕێزان تۆپراکەکان، بەڕای پیشەییمەوە کیژەکەتان بە توانا و بەهرەدارە.*** خانم پاول قسەی لەگەڵ بەڕێوبەری نوێی قوتابخانەکە کردبوو، کە زۆرینەی قوتابخانەکە ئینگلیزیە سپیپێست و کریستیانی و داهات مام ماوەندی بوون، سەرەڕای ئەوەی هەرچییەکی پێگوتبن، توانیبووی قایلیان بکا. هەرچەندە من لەدڵەوە لایەنگری قاقلە جنۆکەکان بووم، بەڵام توانیم وەک بۆقەکان لەسەرپیٚ رابوەستم.
حەزیشم دەکرد ببمە نوسەر، بەڵام نەوەک نوسەرێکی ژنانە. لای خۆم بڕیاری ئەوەشم دابوو نازناوی نوسینەکانم بکەمە جۆن بلێیک ئۆنۆ، ئەوەش ناوێکی لێکدراوە لە ناوی هەر سیٚ کەسی شاعر، نوسەر و هونەرمەندی خۆشەویستمەوە هاتووە: جۆن کێیت، ویلیەم بلێیک و یۆکۆ ئۆنۆ.
زۆرجاران پێم سەیر بوو، کە ناوی مێینە جیاوازترە لەهی نێرینە، زیاتر سەیرو خەیاڵاوییە وەک ئەوەی ژنان راستی نەبن و هۆنینەوەیەکی خەیاڵبازانە بیٚ. ناوی نێرینە بەرجەستەی هێز، توانا و دەسەڵاتە، بۆ نمونە موزەفەر، 'یەکێکی سەرکەوتوو'، فاروق 'ئەوکەسەی راستی و ساختە لەیەک جیادەکاتەوە'، یان حوسامەدین 'شمشێری ڕەوا'. هەرچەندە ناوە مێینەکانیش رەنگدانەوەی ناسکێتییە وەک گوڵدان، نمونەش هەروەک نیلۆفەر، 'گوڵی لۆتس'، یان گوڵسرین، 'گوڵێکی پەخش' یان بەناز 'هەزاران مەرایی بۆکردن'، ژنان ئارایشتی ئەو جیهانەن، لەلایەکەوە زۆر رازاوەن، بەڵام زۆریش چارەنوساز نین.

جی بی ئۆنۆ ناویکە لە لایەن کتێبفرۆشەکان بە ڕێزەوە سەیر دەکرێ. هەرچەندە ناوەکە تەلیسماوی و بەدڵنیایشەوە نێرەموکانەیە، بەڵام خۆ ناوێکە پێویستی بە مەمکدان نییە.

❖

دوای ئەوەی لە بۆیەکردنی ردێنە تەمشولانەییەکەم بوومەوە، لە روخسارم رامام، کەڵکی نەبوو. هەرچەندە لەبن دەمامکی پیاوانەش بم هێشتا هی ئەوە نییە سەرنجڕاکێش بێ. ئای مەگەر بەژنباریکی باوک و چاوە گەورە و کەسکەکانی دایکم دەبوون. لەجیاتی ئەوە تێکەڵەیەکی ناڕێکم هەیە، بە مەلە کورتەکەی دایکم و چاوە ئاساییەکانی باوکیشمەوە. کەپوم شێوەی پیازە، پرچیشم ئەوەندە گڕ و بژە هەرچی دەکەم دانایەت، نێوچاوانیشم زۆر پانوپۆڕە. خاڵێکم لەسەر چەناگە هەیە، خاڵێکی پۆقژی بۆرەی ناشیرین. زۆر جاران بە دایکمم گوتوە بماتە لای دکتۆر و لای ببا، بەڵام ئەوە یەکێک لەوشتانە بوو هەر گوێشی پێنەدا. ئەو ژنێکی جوان بوو، هەموو کەس وای دەگوت. برایەکانیشم روخسار پێشچاو بوون. ئەوەش شتێکی ناڕەوایە لە نێوان دوو کوڕدا، جینەکان بەرەو مادۆنی بڕۆن و من باز بدەن.

یونس روخسارێکی فریشتانەی هەبوو، هەرچەندە ئەو سیما منداڵیانەی خەریکە گوزەر بکا. هەروەها ئەسکەندریش کەشخە بوو، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز. قۆزیەکەی ئەو هەندێ سیمای ناقۆڵایی تێدا بوو وەک باربییەکان دەیانگوت کەشخەیەکی ناشیرین. من لەوە بەئاگابووم هەندێ لە کچە هاوپۆلەکانم عەوداڵی براکەم بوون، هەر بۆیەشە برادەرایەتی منیان دەکرد. هەندێ جار ئەسکەندەر دەهاتە مەکتەب منی دەبردەوە، نیگا توندەکانی بەملا و ئەولادا دەگێڕا، بۆ مایەی سەرسامیشم هەموو جارێ کاری خۆیان دەکرد.

'من بە ئەو ناڵێم نا!' کچەکان لەنێوان خۆیاندا بە چرپەوە وایان دەگوت.

'ئەو ئەوەندە لە مایکل کۆرلیۆنەی فیلمی مامۆتک (The Godfather) دەچێ. ئەوەی پێی نییە، هەر تفەنگەکەیەتی!'

'ئەرێ کەی بوو دواجار پشکنینی چاوت ئەنجامدا؟' منیش بە پەستییەوە وامگوت. نەمدەتوانی هیچ لەیەکچونێک لەنێوان ئەسکەندر و ئال پاچینۆدا ببینم، بەڵام تەنانەت بەو تەنزەی لە دەنگیشمدا

گوێبیستبوون، ئەوان زۆر باکیان پێ نەبوو. ئەوان براکەی منیان بە ***ماسولکەدارێکی بەرهەڵستنەکراو*** لەقەڵەم دەدا.

لەوکاتەی باوکمان رۆیشتوە، ئەسکەندەر زۆر گۆڕاوە، بەخۆناز، تووڕە و ترش، سەرکێش، هەمیشە کاتەکانی لەگەڵ هاوڕێکانی و یارە هەژارەکەی بەسەر دەبا. شەو رۆژ مەشق لەسەر بۆکسێن دەکا وەک ئەوەی دنیا پڕبێ لە مێملّی نادیار. خۆ ئەگەر ئەوە وەک ئەو ناوی لێدەنێ ترسی هەرزەکاری بێ، ئەوا پێموایە من هەر نەشونما نەکەم باشترە.

من و دایکم زۆر لەیەک نزیک بووین، بەڵام لەوەتەی مەمکەکانم قیت بوونە و یەکەمین سوڕی خوێنی خۆم بینی، هەموو شتێک گۆڕا. تاکە شتێک، کە دایکم حەزی پێبکا و لەگەڵم باس بکا پرسی ***پاکیزە***یە. هەمیشە هەر لەو بارەیەوە قسەم بۆدەکا، دەربارەی شتگەلێک دەدوێ تەنانەت نابێ هەگیزاو هەرگیز لە خەونە کێویەکانیشمدا بیکەم. هەر جارێک و دووان نەبوو پێیگوتم کەچی بکرێ و چی نەکرێ؛ بەرەبەرە هەموو هێزی پەیوەندییەکانی خۆی بۆ رونکردنەوەی رێسا و شتە قەدەخەکراوەکان بەکارهێنا. دایکم منی لە کوڕان ئاگادارکردەوە، پێیگوتم کوڕەکان تەنها بە دوای یەک شتدا وێڵن. لەو تەمەنەدا زۆربەی کوڕەکان خۆویستن، زۆریش فشار دەنوێنین، هەندێکیان هەن هەرگیز گەورە نابن. هێشتاش ئەو هەمان رێسای بەسەر برایەکانمدا نەدەسەپاند. یونس هێشتا زۆر بچوکە، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ، بەڵام خۆ ئەسکەندەر گەورەیە، کەچی لەگەڵ ئەودا تەواو جیاوازە. ئەسکەندەر پێویست نەبوو وریا بێ، ئەو خۆی خۆیەتی، هەرچۆنێک بیەوێ، وادەکا.

ئەوەی دایکم نەیدەزانی ئەوەبوو، کە من کەم مەیلم بەلای کوڕاندا دەڕۆیشت. پێموابوو ئەوان هەراسانکەرن، سادەن، هۆرمۆنین. خۆ ئەگەر ئەوەندە، شەو و رۆژ باسی شتەکەی نەکردبا منیش بیرۆکەی دوومم نەدەکەوتە سەر سێکس. لەدوای هەموو شتێکیش خۆ قاقلە جنۆکەکان نێرەموکن، هەردوو ئەندامی نێرینە و مێنەیان تێدایە. تۆبڵێی بۆچی بنیادەمیش وا هەڵنەکەوتوە؟ خۆ ئەگەر تەنها خودا ئێمەی وەک قاقلە جنۆکەکان دروستبکردبایە، ئەوا ئەوەندە دڵشکاوی و ژانوناسۆریش لە دنیادا روی نەدەدەدا.

## دڵێک لە شوشە

*شوێنێک لەنزیک فرات، ئەپریلی ١٩٧٨*

نەخۆشەکە گڕی گرتبوو، جەمیلەش پلەی گەرمیەکەی وا دەپێوا، کە لێوی لەسەر هەنیەی کابرا دانابوو، ئەو شێوازەی بۆ مەلۆتکەکان بەکاردەهێنا. بە هێورەیی دەستێکی لەسەر بازندی دەست دانا، خورپەی لێدانی دڵی گرت. لێدانەکە هەم خێرا و هەم کزیش بوو. لێدانی دڵی وەک دەنگی دەهۆڵێکی لەدور بوو، دەنگی جەنگ بوو. جەستەی مرۆڤ بۆخۆی تەلیسمێکە. حەزی لە بەرەنگارییە. هەرچەندە زۆربەی خەڵکیش ئەوە نازانێ، بەڵام جەستە خۆی جەنگاوەرێکە، زیاتر لە گیان بەرگەگرە. بەڵام هەروەک جەنگاوەرە مەزنەکان خاڵی لاوازی چاوەڕەواننەکرایشی هەن. لەشتی نەناسراو دەترسێ. پێویستی بەوەیە دوژمنەکەی باش بناسێ تا بتوانی بەرگری بکا، لێیبداتەوە و تێکی بشکێنێ. خۆ ئەگەر ئەوەی لەدژی وەستاوەتەوە نەیناسێتەوە، ئەوا ناتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ. ئەوەش ئەو شتەبوو، کە جەمیلە بۆی دەرکەوتبوو. هەر لەسەرەتاوە حەکیم و لوقمانەکان وەک جەمیلە یارمەتی نەخۆشەکانیان دەدا تا هێزیان بێتەوە بەر و لە نەخۆشییەکەیان بگەن. ئەو بەقەد ئەوەندە چارەسەری نەدەکردن، کە خۆیان بتوانن خۆیان چارەسەر بکەن.

کاتێک جەمیلە پارچە پەڕۆکێکی لە گیراوەیەکی سرکەدا هەڵهێنا و لەسەر تەوێڵی قاچاخچیە بریندارەکەی دانا، نەیتوانی لەوە مەڕاق نەمێنێ، تۆبڵێی ئەو کەسەی بۆ چارەسەر لەبن دەستدایە، چ جۆرە پیاوێک بێ. ئەوەش جێی پرس نەبوو، ئاخر هەموو کەس مافی ژیانی هەیە، بەڵام تۆبڵێی هەموو کەسێک شایستەی ئەوەبێ لە لێواری مەرگ بگەڕێندرێتەوە؟ ئەوەش ئەو دووڕیانە بوو زۆر جار بیری لێدەکردەوە و نەشدەگەیشتە بەرسڤێکی یەکلاکەرەوە. تۆبڵێی ئادەمیزاد بە پاکیزەیی

لەدایک ببێ و دواتر گەندەڵ بێ؟ یاخود تۆوی شەڕانگێزیان هەر لە ساوایەتیەوە لەگەڵ خۆیان هەڵگرتووە؟ قورئان دەڵێ هەمووان لە ***تۆپەڵە مۆێنێک*** دروست بوون. جەمیلەش دەیویست بزانێ تا چەند ژیانی ئێمە لەو تۆپەڵە خوێنە مەیوە هاتووە. خۆئەگەر راستبێ، دەگوترێ گەوهەرێکی پاک و بێگەرد لە تۆزێک پیسایی پەرەی سەندووە، کە بەرێکەوت چۆتە نێو سەدەفی گوێچکە ماسی(محار)ێک. تەنانەت تۆوێکی خراپیش دەکرێ شتێکی نایابی لێدەرچێ. بەڵام هێشتا ئەو تۆوە شەیتانییانە هەر هاوشێوەی خۆیان لێدەڕوێتەوە. هەندێ لەو مەلۆتکانەی لەسەر دەستی ئەو چاویان بە دنیا هەڵدێنن، دەبنە قۆڵبڕ، درۆزن، دز، لاقەکار و تەنانەت بکوژیش. خۆئەگەر رێگایەکی وا هەبووایە پێشبینی ئەم شتانەی کردبایە، تۆبڵێی یارمەتی چاوبەدنیا هەڵاتنی ئەو نمونانەی بدابایە؟ ئاخر دەکرا لێبگەڕێ ئەو کۆرپەلانە ویلداشی دایکیان بۆ بووبایە گۆڕ، بەڵکو جیهان لە شەڕانگێزی و کەساسیان بپارێزێ؟

هەموو کاتێک کە مەلۆتکەیەک لەدایک دەبوو، لەئامێزی دەگرت، بە پەنجە وردیلەکان بە دەمە خونچەگوڵینەکەی، بە خاڵە کەپودارەکەی سەرسام دەبوو، ئیدی هەستی بەخۆڕاپەرمونی بۆ پەیدادەبوو، کە هیچ شتێک بەدەر لە چاکە لەو بونەوەرە تەواو عەیارەدا رەچاوناکرێ. بەڵام ئەوکات و ئێستاش هەستێکی وای هەبوو هەندێ مەلۆتکە جیاوازن. هەر لەدەستپێکەوە جیاوازن. مەرج نییە زۆر داخدار و پەشیمان بێ، بەڵام جیاوازن و بەس. دایکەکانیش ئەو شتە دەزانن، مەگەر دڵخەبەردانەکەیان بە پەردەی خۆشەویستی دانەپۆشرابێ. دایکەکەش نەبێ جەمیلە جیاوازە، شتگەلێک دەبینێ. بەڵام ئەوەش نازانێ دوای ئەو زانینە ئاخۆ لەدواییدا چی بکا.

ئەوەش قورسە بڕوابکرێ، گوایە مامانی وا هەن، ئەو مەلۆتکانەی لەسەر دەستی ئەوان چاویان بە دنیا هەڵێناوە، کوشتویانە. ئەمەش چیرۆکی ئیبراهیمە، وا دەستپێدەکا، هەروەک چۆن جەمیلە و پەمبێ لە باوکیان گوێیان لێبووە.

رۆژێکی خۆرەتاو برزۆ هەر هەشت کچەکانی لەگەڵ خۆ بردنە لای گۆمە پیرۆزەکەی ئورفە. نازێ دووگیان بوو، لەسەر ئانوساتی خۆی بوو، سەرەڕای تەمەنەکەیشی، چوبوونە ئەوێ دوعا بکەن، بەڵکو ئەمجارەیان

کورێکیان ببێ. پەڵە هەورەکان بەخشندە ئاسا بە ئاسمانەوە بوون. خەڵکی لە هەموو شوێنێک بوون، بە دەنگی نەرم لەگەڵ یەک دەدوان، دەنگەدەنگیان وەک خەزانی گەڵای دار وابوو. هەموو شتێک مایەی ئاسودەیی بوو. کیژەکان بەیەکەوە بوون، شتیان دەبینی شەرمن بەڵام پەرۆش. ئەوان خواردنیان دەدایە ماسییەکانی نێو گۆمە پیرۆزەکە. لەرێگای گەرانەوەشیاندا باوکیان ئەفسانەی ئەو گۆمە پیرۆزەی بۆ گێرانەوە. ئەوێ رۆژێ برزۆ پیاوێکی دیکە بوو، چاوەکانی رەق نەبوون، خەندەکەی راستگۆیانە بوو. ئەوەش ئەو دەمە بوو بەرلەوەی هەموو شتێک خراپ بشێوێ.

شا نەمرود پیاوێک بوو بێ کۆتا بەرزەمجێز و توندوتیژ بوو. رۆژێکیان، سەرۆکی دەستەی ئەستێرەوانانی پێیگوت هەر کاتێ کورێک بەناوی ئیبراهیم لەدایک بوو، ئەوا کۆتایی تەختی پاشاییەکەیەتی. نەمرودیش ئامادە نەبوو تەختەکەی لەدەست بدا، بۆیە فەرمانی بەسەر هەموو مامانەکانی ژێر قەڵەمرەوێتیەکەیدا کرد، هەموو نێرینەیەکی لەدایکبووی ئەم ساڵە بکوژن. ساواکە هی نەدار بێ یان دارا، بەبێ بواردن دەبێ لەناو ببردرێ. ئیدی مامامەکان کەوتنە خۆ. سەرەتا یارمەتی دایکەکانیان دا تا کۆرپەلەکانیان دابنێن، ئەوسا رویان کردە تازە ساواکان و هەموویانیان خنکاندن. بەڵام دایکی ئیبراهیم توانی لە دەستی درندایەتییان قوتار بێ. ئەو لە ئەشکەوتێکی تاریک و شێداری کێوێک بە سەلامەتی منداڵی بوو.

کاتێکیش ئیبراهیم گەیشتە تەمەنێک بتوانێ بەرەنگاری درندایەتی نەمرود ببێتەوە، مەزنەکە گڕی گرت. فەرمانی بەسەر هەمووواندا کرد بە گەورە و بچوکیانەوە هەریەکە و بارە دارێک بێنێ، بەشی ئاگری چەند رۆژێک بکا. ئەوسا ئیبراهیمی فرێدایە نێو مەشخەڵی ئاگرە هەڵگیرساوەکە. بەڵام کەمێک دواتر پێغەمبەرەکە لەنێو ئاگەرەکەدا هاتەدەر، هیچ ئازاری پێنەگەیشتبوو، تەنها تاڵە موێکی سەری نەبێ، کە سپی ببوو. دەمودەست خودا مەشخەڵی ئاگری کردبووە ئاو و سەرکە بزۆتە سورە داگیرساوەکانیشی بە ماسی گۆڕی. ئیدی لەوکاتەوە گۆمە پیرۆزەکەی ئورفە هاتە ئارا.

سەرەرای هەموو شتێکیش، جەمیلە لە ژیانی خۆی پەست نەبوو. دوای ئەوەی پەمبێ و ئادەم بەیەکەوە هاوسەرگیرییان کرد، هەوڵیدا قەناعەت

بە باوکی بێنێ، وازی لێبهێنێ شونەکا و یارمەتی مامانەکانی ناوچەکە بدا. باوکەکەش قایلبوو، پێیوابوو داخوازیەکەی شتێکی کاتییە. ئیدی جەمیلە وا مایەوە. ئەمڕۆش تاکە پەشیمانی ئەوە بوو، نەیتوانی ببێتە پزیشک. خۆ ئەگەر هەلومەرجەکە گۆڕابا، ئامانجەکەی دەهاتە دی، بەوەی لە نەخۆشخانەیەکی گەورەی پاکوتەمیزدا کاربکا و چاکەتێکی سپی لەبەر بکا و تابلۆ نوسینێکی لەسەر سینگ بێ 'دکتۆر جەمیلە یەتەر' ***دکتۆر بەسێی جوان.***

❖

جەمیلە کەمێک لە زامدارەکە نزیک بووەوە، پیازیکی کردبووە دوو قاشی ئەستور و قاشەکانی لە بن پێی نەخۆشەکە دانا و بە پارچە پەڕۆیەکی کەتانیش بەستی. لەوکاتەی قاشە پیازەکان گەرمایی جەستەی نەخۆشەکەیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەگواستەوە، هەر خولەکێکیش پەڕۆ تەڕکراوەکەی سەر نێوچاوانی دەگواستەوە، ئیدی جەمیلە لەو دەمانەی هیچی دیکەی لە مست نەدەهات، وەک هەموو جارێک دەکەوتە دوعا و پاڕانەوە. تا گەیشتە نیوە شەو گەرمی تای نەخۆشەکە دابەزی. جەمیلەش بە ئاسودەییەوە لەسەر کورسیەکە خەوی لێکەوت، بەڵام کەوتە نێو خەونێکی ناخۆش.

لە خەونەکەیدا خۆی بە تەنها، بە دووگیانیێکی قورس لەشارێک بینییەوە، دەسوتا. دەبوایە لە شوێنێک بگەڕی تا کۆرپەلەکەی لێ ببێ، بەڵام بۆ هەرلایەک دەچوو هەراو پشێوی بوو، کەس بەکەس نەبوو. باڵاخانەکان بەسەریەکدا دەڕمان، خەڵک راست و چەپ دەڕۆیشت، سەگەکان لە ترسان دەوەڕین. لەنێو ئەو هەراو هوریایەدا چارپایەکی گەورەی بەدیکرد، کە بەجوانی راخرابوو، سەرینی ئاوریشمیشی لەسەر داندرابوو. لەوێدا پاڵ کەوت و ساواکەی، کە کیژێک بوو چاوی بە دنیا هەڵهێنا. کاتێکیش یەکێک ناوی کۆرپەلەکەی لێپرسی، لەوەڵامدا پێیگوت، 'ناوی دەنێم پەمبێ، بەناوی خوشکە جمکە کۆچکردوەکەی ناودەنێم.'

جەمیلە لەخەو هەڵسا، دڵی بە توندی لێدەدا. پلەی گەرمی قاچاخچیە نەخۆشەکەی پێوا. پلەی گەرمیەکەی خەریکبوو ئاسایی بێتەوە. دیارە کابرا قوتار بوو. لە دەرەوەش رۆژێکی نوێ هەڵاتبوو. جەمیلە بە ئێشی پەراسوە گۆدەکانی خۆی خزاندە لای ئاوە ساردەکە، ویستی بیر لە

خەونەکەی نەکاتەوە. بەهێواشی سۆباکەی گڕدا و خەریکی ئامادەکردنی بەرکوڵی بەیانی بوو. پارچە کەرەیەکی گەرمکرد و سێ هێلکەی شکاندنە نێو، تۆزێک خوێ و جاترەشی بەسەردا کرد. هەرگیز چێشتلێنان خاڵی بەهێزی ئەو نەبووە. زۆر جاران بە خواردنێکی سادە بڕی دەشکا، کەسیش نەبوو ئاگای لێبێ، هەرگیزیش هەستێکی وای لاپەیدا نەبوو پەرە بە بەهرەی ئاشپەزیی بدا.

'بۆن و بەرامەکەی خۆشە. ئەرێ چی لێدەنێی؟'

جەمیلە سڵەمیەوە، ئاوڕێکی لەدواوە دایەوە، قاچاخچیەکە لەسەر پێخەفەکە دانیشتبوو، پرچەکەی شانە نەکرابوو، بە خۆیی و تەنکە ردێنێکی زەردباو و قاوەیی. جەمیلەش پێی گوتەوە، 'ئۆو، ئەوە تەنها هێلکەیە.'

کابرا مرەیەکی لێوەهات، دەکرا هی پێزانین بێ، دەشکرا وانەبێ. 'ئەرێ بۆخاتری خوا، تۆ کێی؟'

'من جەمیلەم، مامانەکە.'

دەربڕینەکەی ئەمجارەی سەرزەنشتیانە بوو، 'ئەرێ من بۆ لێرەم؟'

'تۆ تەقەت لێکراوە. پەرجوئاسا رزگارت بووە. یەک هەفتەیە لێرەی. فەرموو چاکەت بخۆرەوە.'

ئەو قومێکی لە چایەکە دا و فڕێیدایەوە. 'وای! ئەوە چییە؟ تامی میزی ئەسپان دەدا.'

'ئەوە دەرمانەکەتە،' ئەویش وای پێگوتەوە، هەوڵیشی دا بە قسەکەی تێک نەچێ. 'واچاکە بیخۆیتەوە، هەروەها واباشە لە ماڵی منیش تف رۆنەکەیتەوە.'

'ببورە،' بە چرپەیەکی گڕەوە وای پێگوت. 'پێموایە دەبێ سوپاست بکەم، ژیانی منت رزگارکرد.'

'تۆ دەبێ شوکرانەبژێری خودا بیت، هەر ئەو تەنها ژیان رزگار دەکا.'

بۆ ئەو بیرۆکەیە هەندێک روی گرژ بوو، بۆ ماوەیەکیش کڕ بوو. 'هۆ مامانەکە، ئەرێ جگەرەت هەیە.'

'خۆ تۆ نابێ جگەرە بکێشی.' جەمیلە وای پێگوت.

'تکایە،' کابراش گوتی، 'تکایە یەک مژ.'

بە جۆشی هەستوسۆزەوە، جەمیلە کیسە توتنێک و هەندیک پەرە جگەرەی بۆ هێنان، کاتێک جەمیلە خەریکی پێچانەوەی جگەرەیەک بوو،

کابرا سەیری دەستەکانی جەمیلەی کرد، بینی دەستێکی زبر سور و شەقارشەقار، ئەمەش لەبەر ئەوەی بە سەدان جار بە ئاوی سارد شوراون، پانیە دەستیشی لەبەر دار بڕین توندوبەند بوون.
کابرا گوتی، 'تۆ ژنێکی سەیری.'
'کەواتە ئەوان وادەڵێن.'
'ئاخر چۆن دەتوانی بەتەنها لێرە بژی؟ تۆ پێویستیت بە پیاوێکە بتپارێزێ.'
'ئایا هەنوکە ژنەکەی تۆ پیاوێکی هەیە بیپارێزێ؟ گرەوت لەگەڵدا دەکەم ئەو ئێستا هەروەک من تەنهایە. هەندێک ژن شودەکەن و تەنهاشن. هەندێکیشیان وەک من، تاکوتەنهان.'
قاچچاخچیەکە مڕەیەکی لێوەهات، چاوەکانی هەندێ خۆشی پێوەدیار بوو. 'من دەکرێ مارەت بکەم. ژنەکەم گوێ ناداتێ. ئەو پێی خۆشە یەکێکی لەگەڵدا بێ.'
جەمیلە جگەرەکەی بۆ داگیرساند، مژێکی لێدا و دوکەڵی کرد، ئەوسا دایە دەست کابرا، نامرادانە خۆی لەیەکخشانی پەنجەکانی کابرا نەبان کرد. 'ئەوە مایەی بەخشندەیی تۆیە، بەڵام من بەوەی هەم شادمانم.'
ئەویش نیگایەکی چاودێرییانە تێبڕی، بەڵام هیچ پلارێکی تێنەگرت. ئەوسا کەوتەوە قسە، دوکەڵیشی لە کونە کەپوی دەهاتەدەر، دەنگیشی لەرزەی تێکەوت. 'ئێمە چوار کەس بووین لە سنورەکە پەڕینەوە. ئەرێ پێان نەگوتی، چی بەسەر ئەوەی دیکەدا هات؟'
جەمیلەش سەرێکی بۆ بادا، دڵنیاش نەبوو بیەوێ گوێی لێبێ.
'ئەو بەسەر بنەتەقەیەکدا کەوت. ئەوەش رەوشە هەرە خراپترینەکەیان بوو. بڕوام پێبکە من لە تەقەلێکردن یان گرتن ناترسم، تەنها لە بنەتەقە(مین) زەندەقم دەچێ. ئەوەشم لێ رونادا. من دەبێ بە جەستەی تەواوە بنێژرێم. هەموو ئەندامەکانی خۆم مابن، هیچیان لێم نەبنەوە.'
جەمیلە نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە، لێی پرسی، 'ئەرێ منداڵت هەن؟'
'سێ کوڕ. یەکێکی دیکەش لە رێگایە. ئینشاڵا ئەویش هەر کوڕ دەبێ.'
'هیچ کچێکت نییە؟'
'بەڵێ، چوار کچیش.' کەمێک بۆ پێشەوە دانەویەوە، کۆخەی کرد، ئازار لەسەر دەموچاوی بوو. 'من دەبێ بگەڕێمەوە، ئەوان پێویستیان پێمە.'

'بەڵێ، پێویستیان بە تۆیە، کە بەهێز و تەندروست بی، نەوەک لاواز و بریندار. تۆ سەرەتا دەبێ هەندێک پشو بدەی، ئەوسا دەتوانی بڕۆی.'
'من گوێم لەخەڵک بووە، باسی تۆیان کردووە. دەڵێن گوایە مێردێکی جنۆکەت هەیە، لە شەوێکی بێ دەنگ و نوتەکدا سەردانت دەکا. هەر ئەویش نهێنی داودەرمانەکانت پێدەڵێ، ئەرێ وایە؟'
جەمیلە دەستی دایە مەجمە مسینەکە و نانی تیری و چا و هێلکەی لەسەر دانان، بە هێواشی هەڵیگرت و لەبەردەم کابرای دانا. 'مێردێکی جنۆکە...' بە ناچاریش بۆی پێکەنی. 'بە داخەوە، من هەر ژنێکی ئاساییم، ژیانی منیش زۆر لەوە هەراسانترە، کە بیری لێدەکەیتەوە.'
کاتێکیش ئەم قسەیەی لەدەم دەرچوو، پەژیوان بووەوە. خۆ بۆ ئەو باشتر بوو پیاوەکە هەروا بزانێ، بونەوەرێکی نائاساییە، ژنێکە وەک ئەوانی دیکە نییە. خۆ هەق نییە ئەو نە بۆ کابرا و نە بۆ هیچ کەسێکی دیکە ناتوانایی خۆی، ناسکێتی خۆی، ئادەمیزادێتی خۆی دەربخا. خۆ ئەگەر بزانن کە دڵێکی لە شوشەت هەیە، دەیشکێنن.

## کوڕێک لە مۆم

*لەندەن، مای ١٩٧٨*

لەو رۆژەی پەڕاگەنـدەکان گیـران، تۆبیکۆشـیان لەگەڵـدا گیـرا، بەڵام کـچەکە بە جیـاوازی ئەوانـی دیـکە، کەمێـک دوای بەربـوونی، ونبـوو، شـوێنەواری نەمـا. کەسـیش نەیـدەزانی بـۆ کـوێ چـووە. یونسـیش بە نیگەرانیـــیەوە لە دەرگـــای خـــانوەکەی دراوســـێی پەڕاگەنـــدەکانی دا، پیرەمێردێک دەرگای تیدا و لەپشتەوەش زریزەی سەلامەتی تێکردبوو.

'بەڕێز، ببـورە هەراسـانت دەکەم. مـن لە بـرادەرەکەم دەگەڕێـم، کچێکـی پرچ رەشی تاتودارە. ئەو هەمیشە لەو خانوەی تەنیشتت دەژیا.'

'تۆ مەبەستتە بزانی ئاخۆ ئەو هەموو شێتانە لەکوێ دەژین؟'

'ئمـــــــمممم،' یونس بە دوودڵیەوە وایگوت.

'من هیچ کچێکی پرچ رەشی تاتودار ناناسم. هیوادارم بە یەکجـاری رەش بـووبنەوە.' پیرەمێـردەکە وای پێگـوت. 'ئـاو و ئـاو چـن.' ئیـدی کـابرا دەرگاکەی بە قایم پێوەدا.

یونس بڕیاریدا هەر بە خۆی شارەکەیان لێ بگەڕێ. سواری پایسکلەکەی بوو، شەقام بە شەقام پەیدانی لێدەدا و بە دوایانـدا دەگەڕا، هەر ژنێـک کەمێـک لە تۆبیکـۆ چووبـا بەدوایـدا غاریـدەدا، ئەو لە دوکـان و بـازاڕ، شوێنی فرۆشتنی خواردنەوەکان، شـوێنی جـل شوشـتن، زۆر جـێ گەڕا، بەڵام بێ سود بوو.

ئیدی ئەوێ رۆژێ، سەرەتـای مـانگی مـای، کاتێـک لە گۆشـەی شـەقامی کینگسلاند رۆود دەسوڕایەوە، هەر تەنها چەند شـەنقاوێک لە سینەمای ریۆوە دور بوو، مێشکی یونس لە هەموو لایەک بوو، لەهیچ شوێنێکیش نەبـوو، خـۆ ئەو هەر بەدوای تۆبیکـۆدا دەگەڕا. لەپـڕ نیگـای چاوەکـانی کەوتە سەر جوتەیەک، کە لەبەرامبەر سەکۆیەکی پڕلەگوڵ وەستابوون، پشتیان لە یونس بـوو، خەریکـی لێبژاردنـی دەسکە گوڵێـک بـوون. ئەو

نەیدەزانی چی ئەو ژن و پیاوە بۆخۆی رادەکێشێ، بەڵام نەشیدەتوانی چاویان لەسەر ببڕێ.
پیاوەکە دەستی درێژکرد و بازندی ژنەکەی گرت، بەهێواشی و خۆشەویستانە گوشی. جەستە باریکەلەی ژنەکەش بەلادا هات، وەک ئەوەی هەربینا سەری بخاتە سەر شانی پیاوەکە. لەهیکەوەش موچڕکێک بە هەناوی کوڕەکە داهات، دەستێکی لەگوێی خۆی دا، ئاخر پرچە ئەرخەوانیەکەی ژنەکە، فستانە ئاودامەنەکە، کە سەردەستەکانی بەقۆپچەی رەنگ ئاڵتونی رازابوونەوە، شێوەی کەمەر و باسکە باریک و ناسکەکانی ژنەکەی ناسینەوە... دڵی کوڕەکە کەوتە کوتەکوت. دەموچاویشی سورهەڵگەڕا، لێوەکانیشی لەسەر یەک گیرساندن.
پیاوەکە ژنەکەی بۆ خۆ کێشا و شتێکیشی چرپاندە گوێی، لێوەکانیشی لە ملی خشا، بەریەککەوتنەکە بروسکە ئاسابوو، بەڵکو بەرێکەوت بووبێ، بێوەیی و بێ مەرام بووبێ، شتێکی شەرمنانەیان لەگەڵ یەک ئاڵوگۆڕ کرد، ژنەکەش نیوەلا سوڕایەوە و بزەیەکی بۆکرد، خاڵەکەی سەرچەناگەی بەدەرکەت.

*دایکە.*

کوڕەکە پایسکلەکەی سوڕاندەوە، پەیدانەکانی خێرا لێدان. لەژێر باری هێدمە و تۆقینەکەدا بوو، کەوتە بیرکردنەوە، یاخود بەشێک لە مێشکی کەوتە سەر بیرکردنەوە، هەرگیز بەو شێوەیە پێشتر دایکی نەبینیوە. ئەو ژنەی بینی دایکی بوو، کەچی هێشتاش لەو نەدەچوو. خۆ هەر شادی لێدەباری، گەشاوەبوو، وەک ئەو دەسکە گوڵەی بۆی کرا.
بۆ شێوان یونس گەڕایەوە ماڵ، وەک کوڕێک لەمۆم دروستکرابێ، هەڵبزرکاوی بێ رەونەق بوو. ئەسکەندەر و ئەسما گاڵتەیان پێکرد، پێیان رادەبوارد گوایە لە سیمای پەیکەرەکانی مەدام توسۆ دەچێ. پەمبێش خەمی بوو نەوەک گەدەی توشی شتێک بووبێ، هەوڵیدا چایەکی بە نەعناعی دەرخوارد بدا. بەڵام یونس هەموو گاڵتە و گەپەکانیانی رەتکردەوە، خۆی لەگێلی دا و زوتر چوو سەر پێخەفەکەی خۆی برازێ.
ئەو شەوە، جێخەوەکەی خۆی تەڕ کرد.

**هارونی قاچاخچی**
شوێنێک نزیک روباری فرات، مای ١٩٧٨

ئەوێ رۆژێ، دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ، جەمیلە چووە دەرەوەی کوخەکەی تا هەندێ وشکەدار کۆبکاتەوە و لەگەڵ خۆی بێنێتەوە ماڵ. لەڕێی گەڕانەوەشیدا لەسەر گاشەبەردێک دانیشت و کەوتە داڵغەلێدان. نامەکەی لەبەر پشبێنی قایمکردبوو، کە دەستی بۆ برد سەرەتا لەبیری چووبوو چییە، بەڵام خۆ ئەمە خەون نییە، نە مۆتەکەیە و نە دێودرنجی نێو خەون، نامەکە وەک شاخەکانی دوروبەری شتێکی راستییە و پڕی ئەگەریشە. ئیدی لەنوێژەنەوە سەرقاڵی خوێندنەوەی نامەکە بووەوە.

*جەمیلە، خوشکی ئازیزم،*

*لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا هەردەبێ سەدان نامەم بۆ ناردبی. ئاخر رۆژانی خۆش و ناخۆش هەبوون. بەڵام ئەمجارەیان نوسینەکەم لە هەموو جارێک سەختترە. خوشکم، من پیاوێکم دیت. تکایە برۆکانت لێم تێک مەنێ. تکایە بڕیارم لەسەر مەدە. دەرفەتم بدەرێ تا بۆت رونبکەمەوە، هەرچەندە زۆریش دڵنیا نیم ئاخۆ لەخۆم تێدەگەم. من بڕوام بە کەس نییە تۆ نەبێ. هیچ کەسێکیش بەمە نازانێ. من گەلمۆیەکی ترسنۆکم، بەڵام پڕ خۆشی و ئومێدیشم. ئاخر ئەوە چۆن دەبێ؟*

*هەمو کاتێک بڕوام بەوە هێنابوو، کە دڵم ، هەروەک پێستەیەک بۆ ماوەیەک لەبەر هەتاو جێبهێڵدرێ، وشك بووە. ناتوانابووم کەسێکی دیکەم خۆش بوێ، هەڵبەتە بەدەر لە تۆ و منداڵەکان. بەڵام بڕوام وابوو هەگیز پیاوێکی دیکەم خۆش ناوێ. کاتێکیش ئەوم دی، هەروەك ئەوەی هەمیشە ناسیبێتم. من هیچ وشەیەکم بۆ ئەو هەستەم نییە. زۆرم هەوڵدا لە مێشکی خۆمی دەربکەم، بەڵام نەمتوانی.*

*ئەو ئاشپەزە. هەروەك خـۆت زمـانی دەرمـان و بەهـارات دەزانـێ. لێـرە لە شەقامەكانی لەندەن گەنجـان خۆپێشـاندان دەكەن، بەڵام ئەو واناكـا. ئەو دەڵێ تەنها خەڵكی ئۆقرەگر دەتوانێ ببێتە چێشلێنەر. ئەو پیاوی فرە وڵاتە و فرە ناویشە، بەڵام زێدی تایبەتی خـۆی نیـیە. بەڵكـو ئەو وەك كیسـەڵێكی تەمەندرێژ وایە، كە نیشتمانی خۆی بە كۆڵەوە بێ.*

*دەزانـم تـۆ دەترسـی، دەزانـم  چیـت بە مێشـكدا دێ تـا پێمبڵێـی: ئەوە شەرمەزارییە. تارمایی گیانی دایك بۆ هەمیشە راوم دەنێ، هـی بـاوكەش. 'پێمباشترە جەستەی كچێكم لە نیو فراتدا ببینم لەوەی توشی شەرەمازارییم بكا.' دوای رەدوكەوتنی هەدیە، هەروای گوت، لە یادت ماوە؟*

*دە پێم بڵێ دەی، گەر تـۆ یەكێـك خێـرە ئەلـف بـا بـكەی، چـۆن دەتـوانی لەخوێندنەوە بیوەستێنی؟ كاتێك یەكێك شەڕابی خۆشەویستی نۆشی، ئاخر چۆن بۆی تێنـو نـابێ؟ خـۆ گەر جارێـك لە چـاوی خۆشەویسـتەكەت خـۆت بینیەوە، ئیدی هەمان كەسی جاران نامێنی. مـن هەمـوو ئەوكـاتەی رابـرد نابینا بووم، هەنوكەش چاوم كراوەتەوە. من لە روناكی دەترسم، بەڵام خۆ ناشمەوێ وەك مشكەكوێرە بژیم. هیچی دیكە واناكەم.*

*خۆشەویستەكەم، ئەگەر لە دڵەوە وانەبـی، لـێم خـۆش مەبە، بەڵام تكـایە خۆشت بوێم، هەنوكە و هەمیشە. منیش هەروام، بۆ هەتا هەتایە...*

*جمكە خۆشەویستەكەت، پەمبێ*

جەمیلە وای لێكدایەوە، خوشكی وشكبۆتەوە. ئاخر شتێك هەیە بەهـۆی ئەوینەوە لاوازت دەكـا، هێزێكـی سـەیر و نادیـار لەهەست و بە هێزیـت دادەماڵێ. ئادەم گوێی لـێ نیـیە، بەڵام هەمـوو ئەوانـی دیكە، دۆسـت و برادەر، دروسێكان، خزمانی ئێرە و ئەوێ، پەمبێ بە شێت دەزانن. خـۆ ئەگەر توانیشی تەڵاقەكەی وەربگرێ، ئایا ئەو ئاشـپەزە وا سوكوئاسـان دەتوانێ سنورێك بۆ قسەوقسـەڵۆك دابنـێ و بیهێنـێ، ئـاخر ئەو پیـاوە نیشـتمانەكەی لە كۆڵـدایە و هـیچ هەسـتێكی بـۆ رابـردوو نیـیە؟ ئەو بێگـانەیە و كریستیانیشـە، ئەمەش قـوڕەكە خەسـتتر دەكـا. هەرچەنـد جەمـیلە بیـری لێـدەكاتەوە، ئەوەنـدە تێـدەگا شـتەكە ئەسـتەمە. ئەو پێویسـتی بەوەیە خوشـكەكەی لە لەنـدەن، لە مەترسـی دەربهێنـێ. ئەو دەبـێ پەمبـێ لە قسەوسـەڵۆك، لە تـانەو تەشـەر تەنـانەت گەر بكـرێ لەخودی خۆیشی بپارێزێ.

بە کێبەرکــێ لەگەڵ ئەو هــزرانەی مێشــکی، جەمــیلە بەخــۆی و کــۆڵە دارەکەی ســەر پشــتی گەیشــتەوە مــاڵ. بــارەکەی لای ئــاگردانەکە دانــا و هەناسەیەکی قوڵی دایەوە. لە سیلەی چاوی بینی قاچاخچییەکە لەسەر جێیەکەی نەماوە. دوای چەندان هەفتە چاکبۆتەوە و توانیویەتی لەسەر قــاچی خــۆی بوەستێ. بە نیــوە وەرگەڕانێــک ئــاوڕێکی لێدایەوە، بینــی بزەی بۆ دەکا. ئیدی ئەوکاتە بوو، کە تفەنگەکەی لە گۆلمەدا بینی.

'تــۆ ژنێکــی نهێنییەکانــت دەم وروژێنــێ،' پیــاوەکە وایگــوت و ســێرەی تفەنگەکەشی تێگرت. 'مەڕاق ماوم، تۆ شتەکانت لەکوێ شاردونەتەوە؟'

'ئاخر من چیم هەبێ؟ من مامانێکم. تەنانەت پارەشم نادەنێ.'

بۆ چاولێکنانێک وا هاتە بەرچاو کابراکە بڕوای پێکردبــێ، بەڵام ئەوسا پێیگوت، 'چاکە، ئێمە دەبینین. جارێ بمبەرە نێو ژێرزمینەکە.'

'چی؟' جەمیلە زمانی تێکئالا. ***ئاخر ئەو چۆن بەمەی زانی؟*** 'بەڵام خۆ هــیچ شتێک لەوێ نییە. تەنها شتی بێبایەخی کۆنینەیە.'

'شــتی کــۆنینەش باشــە،' پیــاوەکە وایگــوت. 'دەمارەکــانی بەلبــوون و چاوەکانیشی پریشکی ئاگریان لێدەباری. 'دەی وەرە، ڕێگام نیشان دە.'

جەســتەکەی، کە فێــر نەببــوو فەرمــان لە کەس وەربگــرێ، ڕەق بــوو، بەرگری کرد.

'دەی بجــوڵێ، دەنــا مێشــکت دەتەقێــنم و لاشەشــت فــڕێ دەدەمە بەر سەگان،' ئەو فیکاندی. 'ئەوسا هەرچۆنێک بێ دەچمە ژێرزەمینەکە.'

جەمیلەش رایەخەکەی لادا، دەرووی کونە چــاوە ژێــرزەمینەکەی کــردەوە، هەنگاوێک گەڕایەوە دواوە بۆئەوەی کابرا ببینێ، چی لەژێرەوەدایە.

''نەخێر،' زەلامەکە وایگوت. 'ئێمە بەیەکەوە دەچینە خوار. تۆ یەکەمجار. بەڵام بوەستە...'

ئەو گوریســێکی هێنــا و هەردوو دەســتی ژنەکەی لە پێشــەوە بەســتنەوە، بــایی ئەوەنــدە شــل بەســتبووی بتــوانێ دەســتەکانی بــۆ دابەزیــنە خــوار بەکــاربهێنی، بەڵام وا تونــدی کردبــوو بە ئاســانی نەیــدەتوانی گــرێکەی بکاتەوە.

'من ناتوانم بەم شێوە دابەزمە خوار.'

'ئۆو، تۆ ژنێکی زیرەکی. ڕێگای خۆت دەکەیتەوە.'

بە زەحمەتییەکەوە هاوسەنگی خۆی ڕاگرت، دەستی بە پەیــژە بەرزەکەوە گــرت، پــێ بەپــێ تــوانی بچێــتە خــوار. قاچــاخچیەکەش بەدوای ئەودا

ڕۆیشت. جەمیلە هەستی کرد کابرا ئازاری هەیە، برینەکانی سارێژ نەبوونەتەوە، بەڵام هێشتاش چاوچنۆکیی بەسەردا زاڵبوو.
'واو، ئەو بۆگەنییە چییە؟' کابرا وای گوت، بەشێوەیەک خۆی نەویکرد وەک ئەوەی بڕشێتەوە. لەمیانی ئەو هەموو ساڵانەدا، جەمیلە بۆ یەکەمین جاری بوو بۆنی داودەرمان و بەهارات بکا، کە بڵاو ببووەوە.
'باش، باش، ئەوە لێرە چیت کردووە؟' وای هاوارکرد و سەیری دەوروبەریشی دەکرد. گۆزەیەکی تۆ خەردەلی هەڵگرت بە گومانەوە رایوەشاند. 'زانیم ئەوە چییە. تۆ جادوگەری. دەی سا پێمبڵێ ئاخۆ گەنجینەکەت لەکوێ شاردۆتەوە؟'
'ئێرە، وەک خۆت دەبینی لە داودەرمان زیاتر هیچی دیکەی لێ نییە، ئەوانەش بۆ گیراوەی دەرمانەکانن. یەکێکیشیان تۆم پێ چاککردەوە، لەبیرتە؟'
'من پێموایە تۆ پێتگوتم، هەر خودا دەتوانێ خەڵک چاکبکاتەوە،' ئەوا وای پێگوتەوە. 'تۆش ئەوە دەزانی، تۆ لەوەدا راست بووی. لەخوا زیاتر کەسی دیکە نەبوو منی چارەسەر کرد. هەمیشە ئەو منی قوتار کردووە. پیاوگەلێک نیو ئەوەندەی منیشیان نەکردووە، بەڵام مردن و هەنوکە لەنێو گۆڕدان، کەچی من ماوم ، دەژیم، من هەمیشە دەمێنمەوە.'
کابرا هەندێک بە لولەی تفەنگەکە پاڵیدا، جەمیلەش هاوسەنگی خۆی لەدەست دا خەریکبوو بکەوێ. 'من بەتاسەم بۆ تامی تۆ،' ئەمەی گوت و هەنگاوێک لێینزیک بووەوە و سەیری سمت و مەمکەکانی کرد. 'ئاوا، کەواتە تۆ هەرگیز پیاوت نەناسیوە. ئای بەستەزمان. هۆ مامانە پاکیزەکە لەوانەیە دوای ئەوە سواریشت ببم.'
بە نیوە پشتتێکردنێک لە ژنەکە، کابرا شتەکانی سەر مێزەکەی پشکنی. بێباکانەش ناواخنی قوتوەکانی دەڕشت، گۆزەکانی دەشکاند، شتەکانی بۆن دەکرد. مێشکی جەمیلەش شێوا، ئاخر دۆستە کەهرەمانییەکە لەنێو پاکەتە رەسەنەکەی خۆیدا لەوێ لەسەر رەفەکە بوو. ئیدی بە دەنگێکی ناڕەحەت هەوڵێکی دا، بەڵکو گەوهەرەکەی لێ ئاشکرا نەبێ، 'دەی بابچینەوە سەربان.'
'چی لەسەرەوە هەیە؟'
'چێشتت بۆ لێدەنێم. قاچەکانت دەشۆم.'

وشـەکان وەک چەقـۆ، کە شـتێک لەهەوادا ببـڕێ وابـوو. قاچـاخچیەکە وەستا، چاوەکانی لەشتەکان دەگەڕا. 'ئایا پێتوایە من گەوج بم؟'
جەمیلە زەندەقی چوو. 'نەخێر، هەڵبەت نا، تۆ پیاوێکی زیرەکی.'
'بۆچی ماستاوم بۆدەکەی؟ بۆچی دڵت گۆڕا؟ خۆ تۆ قینت لێمە،' ئەو وای گوت، پاشان ئەمەشی بۆ زیادکرد، 'تۆ سەیری کوێ دەکەی؟'
جەمـیلە لە هەڵەکەی خـۆی گەیشـت. لە شـڵەژانەکەی خۆیـدا، بەردەوام سەیری سەر ڕەفەکەی پشتەوەی خۆی دەکرد. کابراش چاوەکـانی بەدوای نیگای ژنەکەدا گێڕا. ئیدی زۆری نەبرد پاکەتەکەی دۆزییەوە. 'ئۆو، هەی جادوگەری پیس! سـەیری ئەو جـوانییە بـکە! ئەوە بەهـایەکی شایسـتەی هەیە. ئەرێ تۆ لە کوێت دزیوە؟'
'ئەوە دیارییە.' جەمیلە بە وروژاوییەوە وەڵامی دایەوە.
'ئۆو، بەڵێ؟ تۆ وام لێچاوەڕێ دەکەی بـڕوات پێـبکەم؟ ئەو وای پرسـی و پاکەتەکەشـی خسـتە گیرفـانی. 'دەی، بسـوڕێرەوە. ئـێمە دەچیـنەوە سەرەوە. تۆ سەرەتا و هیچ ئۆینێکیش نەکەی.'
کاتێکیش جەمیلە وەرسوڕایەوە و هەنگاوی بەرەو لای پەیژەکـانەوە نـا، ئەو قۆنداخە تفەنگێکی لێداو خستیە سەر زەوی. جەمـیلە بە سـەر دەمـدا کەوت، نێوچاوانیشـی بەر پەیـژە ئاسـنینەکە کەوت، ئیـدی جەسـتە جەستەی خۆی نەمـا، دنیـای لەبەرچـاو بـووە ڕەنگـی خـوێن و لەهـۆش خۆی چوو.
چەنـد سـعاتێک دواتـر بەهـۆش خـۆی هـاتەوە. سـەری دەسـوڕا، زگـی دەیەشا، ئازاری لاجانگی ئەوەنـدە بەسوێ بـوو، نەیـدەوێرا چاوەکـانی هەڵبێنێ. پاشان بەکاوەخۆ، زۆر بەکـاوەخۆ، هەڵسـایەوە، وەسـتا تـا چاوەکانی لە تاریکایی ڕابێتەوە.
جەمیلە تـیخە موسـێکی دۆزیەوە و پەتەکەی بازنـدی بـڕی. سـەیری کـرد سەرتاپای ژێرزەمینەکە سەروابن بـوو، وەک ئەوەی قۆشـەنە سوپایەک بەسەری دادابێ و تـاڵانی کردبـێ. بینـی قوتـوە ڕەسـەنەکەی ئەڵماسـەکە لەوێ لەسەر مێزەکە کەوتـووە. ئەو دەرفەتـی ئەوەی نەبـوو ئەفسـانەی ئەڵماسەکە بۆ قاچاخچیەکە بگێـڕێتەوە. ئـاخر ئەڵمـاس نەفرەتلێکـراوە. شـتەکە هەردەکـرێ بـدرێ یـان وەک دیـاری وەربگیـرێ. نـاکرێ دەسـتی بەسەردا بگیرێ، ناکرێ بەزۆر بسەندرێ یان بفرۆشرێ.

پاشان بە پەیژەکان سەرکەوتەوە، لەهەر هەنگاوێکیشدا لەتری دەبرد. کاتێکیش گەیشتە سەرو، بینی دەرگا سەرەکیەکە کراوەتەوە، دۆڵەکە کڕوبێدەنگ، (با)ش هاشوهوشی نایە. لەپڕێکەوە هەموو شتێک بە ترسوتۆقین لێوەرگەڕا. وڵاتەکە کە بەخێوی کردبوو، ئەو هەموو ساڵانە پاراستبووی، هەنوکە لێی ببووە مارو دوپشک و روەکی ژاراوی و غەوارەی بەدخو... داوێکە خودا بۆی داناوەتەوە. ئینجا دەستی بەگریان کرد، گوێی لە نوزەی خۆی دەبووەوە وەک ئەوەی بێگانەیەک بێ، بە شێوەیەک دەگریا وەک کەسێک لەبیری چووبێتەوە گریان چییە و ئێستا یادی کەوتبێتەوە. باقی رۆژەکە زۆر بەژانوناسۆر رۆیشت. تەنانەت سەرچڵی چوونەدەرەوەشی نەکرد. نوێژەکانیشی نەکردن. هیچ زادیشی نەچووە زار. چارەی ئەژنۆکەی بەئاو کرد و لەسەر تەختەبەندەکە دانیشت و سڕببوو، نەیدەتوانی هیچ بکا.

ئینجا گوێی لە دەنگەدەنگێک بوو. دەنگی پیاو، ئەسپ و کسۆک. بە ناولەپی دەستی، چاوەکانی سڕین، بزمارە سەرپەنجە زبرەکانی دەستیشی، پێستی چاوەکانی ئێشاندن. هەردەبێ ئەوبێ لەگەڵ هاوڕێکانی گەڕابێتەوە، وای بیرکردەوە. باشە چی دیکەیان دەوێ؟ جەستەی ئەو؟ ژیانی ئەو؟ جەمیلە تفەنگەکەی خۆیشی نەدۆزیەوە. خۆ ئەویشی بردووە. دەستی دایە خەنجەرێک، بەڵام دەستەکانی وا توند لەزرین، بۆی دەرکەوت، ئەو هێزەی لەبەردا نەماوە بەکاری بهێنێ. ئیدی گەڕایەوە بەرەو دەرگاکە چوو، بڕیاریدا روبەرووی چارەنوسەکەی ببێتەوە.

لە تاریکاییەکەدا چوار سوار دەرکەوتن. تەنها یەکێکیان لە ئەسپەکەی بازیدا خوار و لە جەمیلە نزیک کەوتەوە، کاتێ بەناو قوڕاوەکەدا دەڕۆیشت جزمەکانی کڕەکڕیان دەهات. جەمیلە سەردەستەی قاچاخچییەکانی ناسیەوە. ئەو پیاوەی، کە ژنەکەی کوڕێک و نیوی ببوو؛ هەمان ئەو پیاوە بوو، قاچاخچییە زامدارەکەی لاجێهێشتبوو، ئەو هەموو کەساسییەی لێپەیدابوو.

'جەمیلە... خوشک. دەکرێ بێمە ژوور؟'

بەبێ دەنگی، جەمیلە خۆی لەلایەک وەستا تا کابرا بێتەژوور.

کابرا روشانەکەی نێوچەوانی جەمیلە و هەڵاوسانی چاوەکانی بینی. 'من نەهاتوم زۆر بمێنمەوە. ئێمە ئازارێکی زۆرمان پێگەیاندی. هاتوم لەسەر

ئەوەی رویداوە، داوای لێبورنت لێبکەم. ئەو شایانی دلۆڤانیەکەی تۆ نەبوو.'

جەمیلە دەیزانی دەبوایە شتێک بڵێ، بەڵام هیچ وشەی بەسەر لێوەکاندا نەهات.

'من شتەکانتم بۆت هێناوەتەوە،' کابرا وایگوت، 'دیارییێکی منیشی لەگەڵدایە.'

لەناو گیرفانی شلوارەکەیدا دوو کیسەی ئاوریشمی دەرهێنان، یەکیان سور و ئەویدیکەشیان رەش. ئەو دەستی گەیشتە جەمیلە، لێیگەرا ماوەیەک وابێ و سەیری نێو چاوەکانیشی کرد، ئەوسا کیسە سورەکەی خستە نێولەپی چەپە و رەشەکەشی خستە نێو دەستی راستی.

لەدواییدا جەمیلە دەنگی هاتەوەبەر، پرسی، 'ئێستا ئەو لە کوێیە؟'

'بڕوام پێبکە، ئەو چیدیکە ناتوانێ هەراسانت بکا.'

'ئەرێ ناوی چی بوو؟ خۆ من تەنانەت ناوەکەیشم نەزانی.'

'ناوی هارون بوو،' کابرا وای پێگوت، ئەوسا گەڕایەوە دواوە لای ئەسپەکەی. .'ئێمەش هەر ئەو ناوەمان لەسەر کێلەکەی نوسیوە.'

خولەکێکی برد تا واتای وشەکە هەڵبکرێنێ، کاتێکیش تێگەیشت ئاهێکی هەڵکێشا. بە سڵەمینەوە کیسە سورەکەی کردەوە، لەنێویدا دۆستە کەهرەمانییەکەی تێدابوو، بریقەی دەهات. ئینجا کیسەکەی دیکەشی کردەوە، دوو گوێی خوێناوی خەمباری تێدابوون. ئەوکات تێگەیشت، هەردوو کیسەکە لەهەمان قوماشن، یەکێکیان لەبەر خوێنە وشکبوەکە رەشهەڵگەڕاوە. لە کۆتاییدا، هەرچەندە هارون بە قەراغ بنەتەقەکانیشدا رۆیشتووە، بەڵام لەگەڵ بەخاکسپارندیدا هەندێ ئەندامی هەر لەگەڵ نەچوونە گۆڕ.

جەمیلە تەکانێکی بەدوای سەردەستەی قاچاخچییەکان دا، بۆ چرکەساتێک ترسا، کە لێی ونبووبێ و ببوبێتە تارماییێکی دیکەی ژیانی. بەڵام پاشان چوار ئەسپەکانی بەدیکرد خەریکی تەکاندان بوون. 'تکایە بوەستە!'

کابرا لغاوەکەی توند کرد و پیاوەکانیش چاویان لەو کرد.

کاتێکیش جەمیلە گەیشتە ئەوان، دوودڵ بوو، وشەی لێ ونبوو. دەستی بردەوە بەر تیسکە پرچەکەی پشت گوێی، پەچەی سەری راستکردوەوە، ئەوسا بە تکالێکردنەوە، 'تکایە، پێویستیم بە یارمەتی تۆ هەیە.'

'پێم بڵێ.'
'دەمەوێ بچمە لای خوشکم لە ئینگلستان. ئەو توشی کێشە بووە. پێویستی بە منە.'
پیاوەکان سەیری یەکدیان کرد.
'من نە پاسپۆرت و نە پارەشم هەیە. هیچم نییە. ئەوە دەبێ بەڕێگای تۆ بێ، بە قاچاخ.' جەمیلە مستی خۆی کردەوە. 'بەڵام من ئەو گەوهەرەم هەیە، ڕێگا پێدارویشم بیدەمە هەر یەکێ، کە بمەوێ. منیش تۆم هەڵبژاردووە. بەمەش تۆ پێی دەبیە پیاوێکی دەوڵەمەند و بڕواشم پێ بکە بەختیشت بۆدێنێ.'
' تۆ دەتەوێ بۆ ڕێکخستنی گەشتێکی وا، ئەڵماسەکەتم بدەیتێ؟'
'ڕاست وایە.'
سەردەستەی قاچاخچییەکان برۆکانی لێکنا و دەستێکی بۆ سمێڵەکەی برد و بیری لێکردەوە. 'ئاخر ئەمە ئاسان نییە. ئەوە وەک ئەوە وانییە لە سنوری سوریا بپەڕیتەوە.'
'من ئەمەم گوێم لێبووە، کەسانێک هەن ئەو شتانە ڕێکدەخەن. ناشتوانم ئەو کەسانە بدۆزمەوە، بەڵام تۆ دەتوانی. خۆ کوڕە بچوکەکەی ئەحمەدت لەبیرە؟ ئایا ئەویش وا نەڕۆیشت؟ ئەرێ چ دەوڵەتێک بوو؟ سویسرا؟ ئەوان ئەویان لە ناو لۆریەک حەشاردا، ڕاستە؟ ئەویش بەهەر شێوەیەک بوو دەرچوو.'
کاتێک جەمیلە دەستی بەقسان کرد، وشەی وەک روبار لەدەم دەردەپەڕین. لەقوڵایی دەرونییەوە بەجۆشەوە دەپەیڤی، بەڕێنوێنی پێویستییێک دەدوا کە نەیدەناسیەوە، بەڵکو هەر بۆشی جڵەو نەکرێ.
کابرا بێ جوڵە لە ژنەکە راما. لە قوڵایی چاوەکانی ژنەکەدا چەندان هەستوسۆزی بەیەکجار بەدیکردن: مشورخواردن، لێتێگەیشتن، ونبوون و سەرسامییێکی رازدار. 'ئەگەر خوا مەیلی لێبێ بیسازێنێ، ئەوە دەکەم کە پێم دەکرێ..'
کاتێک جەمیلە دەستی بۆدرێژ کرد شتەکەی ناولەپی بداتێ، شێوا، لەزری، ئەڵماسەکە دوا تیشکی خۆری ئەو ڕۆژەی بەرکەوت و بریقەی دایەوە. 'بیگرە، خوا پشت و پەنات بێ.'
کابرا روی خۆی وەرسوڕاند، وەک ئەوەی قسە بۆ با بکا و بە قوڕسی گوتی، 'جەمیلە ئەو شتە هەڵگرەوە، هەر شایستەی خۆتە.'

ئینجا، بە  سەرلەقاندنێکی کەم، بێ ئەوەی هـیچ قسـەیەکی دیـکە بکـا، رکێفـی لـە ئەسـپەکە دا. پیاوەکانیشـی دوای کەوتـن. جەمـیلە تەماشـای کـردن، ئـاوابوون، تـۆزی بەرپێـی سـمی ئەسـپەکان وەک یـادەوەرییێکی راوەدەونەر، دەورەیان دا.

## زیندانی شرێوزبێری، ١٩٩١

کاتێك لە زیندانە تەنیاکەم گەڕامەوە، کەسێك لە شوێنی تریپپی دانیشتبوو. ئای چەند زوو. پێموابوو بۆرە چاوەڕوانیەکم هەبوو تا ماوەیەك شوێنەکەی بە خاڵی بهێڵنەوە. بەڵام شرێوزبێری لێوان لێوبوو، هەموو رۆژێ بەندیی نوێی بۆدەهات. بەندیخانەکە ئەو کارخانەیەی باوکەم کاریی تێدادەکرد، یادخستمەوە. هەروەك بسکویتەکانی سەر قایشە خۆجوڵێنەرەکە، هەر دەهات و هەر دەهات. پۆلیسەکانیش قاڵب قاڵب رێکیان دەخستن، لەسەر یەك دایان دەنان، دەرگایان لەسەر کلۆم دەدان. ئەم شوێنە تا ترۆپکی سەرەوەی پڕبووە. هیچ ژورێکی بەتاڵی تێدا نەماوەتەوە.

لەیەکەم نیگاوە هاوچاوە زیندانییەکەم باش دیار بوو، زۆریش بێ وەی بوو. منیش لێمنەپرسی بۆچی لێرەیە و خۆیشی لەخۆیەوە هیچی پێنەگوتم. خۆ ئەو جۆرە شتانە لەخۆوە ناگوترێن. پیاوێکی وردیلەی زیت، هەنیەکی بەرزی هەبوو، چەناگەیەکی گۆشەیی، دەموچاوێکی خاڵدار. پرچەکەی بەسوکی هاتبووە سەر نێوچاوانی، بۆ چرکە ساتێك بە دەربڕینە میهرەبانیەکەی کێش بووم.

بەکەمێك چەمانەوە گوتی، 'ناوی من زیشانە.'

ئیستێکی کرد وەك چاوەڕێ بکا منیش خۆی پێ بناسێنم. منیش باسکەکانم راستوچەپ لەسەر سینگم دانان، هەندێك لێی مڕبوومەوە و قەلاقوپم لێکرد.

ئینجا ئەو گوتی، 'زیشان خۆشحاڵە بە بینینت.'

ئای چ شتێکی ناقۆڵایە. ئینگلیزییەکەی دووکەڵ دەکا. وای دەخەملێنم لە سەروبەندی چل سالان بێ. خەڵکی رۆژهەلاتی دورە، قاوەییە، بەژن مامناوەندییە. هەولێدا هەندێك گفتوگۆ بکا، بەڵام من هیچم نەگوت. باشترە هەر ئێستا سنوری بۆ بکێشی. هەر کەسێکی دیکە با لەجیاتی ئەو، دەستبەردارم دەبوو. ئەو لەوەی دەربارەی منی بیستبوو، نیگەرانبوو. تۆبڵێی راست بێ و بتوانێ بەئارامی ئەمشەو بخەوێ. شەوانی دادێ و چەند

مانگەکانی ئاینـدەش بەهەمـان شـێوە. بەڵام زیشـان ئـارام دیـاربوو. دوای ماوەیەك یاری بێدەنگی، بڕیارم دا شتێکی بدەمێ بیجوێتەوە.

'ئەو پیاوەی لە شوێنیدا خەوتوی، مرد.' من وام پێگوت.

'ئۆو، بیستم،' زیشانیش وایگوت. 'هەروەها ئەوەشم بیسـت، کە برادەرێکـی باشـی تـۆش بـووە. لەوانەیە ئەوە بۆتـۆ زۆر قـوڕس بـووبێ. زۆر زۆر داوای لێبوردنت لێدەکەم. تکایە لێبوردنامەم لێوەربگرە.'

'تۆ پرسەنامەت مەبەستە؟'

'بەڵێ، دروست وایە.'

دەست بەتاڵ بوومەوە. هاوسۆزی هەمیشە یەخەم دەگرێ، هەرگیـز نـاتوانم لێی قوتار بم. 'هەنوکە باکم نییە ئـاخۆ تـۆ کێێـت و ناویشـت چییـە،' مـن وامپێگوت. 'من ڕێساکانی ئێرەت پێدەڵێم. چەند زوو فێریان بیت، ئەوەندە بۆ خـۆت باشـترە. ڕێسـای ژمـارە یەك: هەرگیـز نەپەڕیەوە سـنورەکەی مـن. ڕێسای ژمارە دوو: پێ لە پەنجەکانی پێم نەنێی. ڕێسای ژمارە سـێ: هەرگیـز هەراسانم نەکەی. ئەمەت لێ ڕونە؟'

ئەو پەشۆکا. چاوەکانی لەسەر من لادا بۆسەر دیوار، پاشان لەسەر دیوارەوە بۆ من. ئینجا گوتی، 'ڕونە بۆ زیشان.'

'باشە!'

ئیـدی زوو گوێمـان لە دەنگەدەنـگ بـوو. بەیـانی داهـات. دەرگاکـانی چـاوە زینـدانەکان خـرانە سەرپشـت. ئـێمە بێـدەنگ مـاینەوە، چـاوەڕێی ئامـار، پاڵپێوەنان، خێرا دابەزینە خوارەوە، بووین.

ئەفسەر ماك لاولین دەرکەوت. گوێی چەپەی بە بانـدجێك بەسـتبوو. مـن و ئەو نیگای ڕەقمان ئاڵوگۆڕکرد. ئەو لەسەر قوتدانی نامەکەی تریپی لێمخۆش نەبووە، منیش لەوە لێیخۆش نەبـووم، زیـاتر دەمـارگرژی کـردم. ئەو لەسـەر ئەوە لێمخۆش نەبوو، کە گوێم گەست، منیش لێیخـۆش نەبـووم، ڕەوانەی زینـدانی تەنیـایی کـردم. ئـاخر ئـێمە هەردووکمـان تیژتـر گەڕایـنەوە سـەر چوارگۆشەی یەکەم.

'ئۆو، من چاودێریت دەکەم،' مـاك لاولینـی ئەفسـەر وایگـوت. 'یەك هەڵەی دیکە بکەی، حاڵت دەبینم.'

من زمانی خۆم خواردەوە و هیچم نەگوت. هەناسـەیەکی قـوڵم هەڵکێشـا و خۆم ڕاگرت. ئەو ئەوەندە لێم نزیکبوو تەنانەت موی کونەلوتیشم لێدیاربوو. ئای چ مەودایەکی لەبارە، خۆ بە ئاسانی بە کەللە سەرێك دەمتوانی ئێسـکی

کەپـوی وردوخـاش بـکەم. گۆشـەیەکی تەواوعەیـار. بەداخەوە دەرفەتەکەم لەدەست دا.

کاتێکیش ئێمە تەنها مـاینەوە، زیشـان بەوپەڕی تاسـەوە سـەیری کـردم. 'ئەرێ بۆچی ئەو لەتۆ تووڕەیە؟'

'لەبەر ئەوەی ئەو مشکێکە و وا خۆی دەردەخا پیاوە.'

زیشان واپێکەنی وەك ئەوەی خۆشترین نـوکتەی گـوێ لێبـێ. 'مشـکە پیـاو، حەزم پێیەتی.' ئەوسا دەکەوێتە دەریای بیرکردنەوە. 'مـارە پیـاو، فـیلە پیـاو. خەڵکانێکی کەم لەم دنیایەدا هەن پیاوی پیاو بن.'

هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو ئاخۆ ئەو باسی چیـدەکا. شـتێکی سـەیر لەو پیـاوەدا هەبوو، بەڵام هێشتا بۆم هەرسنەکرا بوو. ئاسان نەبوو وازی پێ لەشت بێنـێ و خەندەکەشی ماندوی کردم. لە سـەروبەندی ئەوەدا بـووم کـاتێ پێمـدەڵێ 'بەردەوام شەڕکردن کارێکی ئاسان نییە' خەندەکەی بڕەوێنێتەوە.

'چی؟'من بەدوای پرسیارەکەیدا چووم. 'ئایا تـۆ پێمـدەڵێی شـتێکی سـەختە، بەردەوام شەڕ بکەی؟'

'بەڵێ، بەڵێ. داوات لێدەکەم، شەڕ شەڕ، ماندوو نابی؟'

بە حەیرانبـوونەوە لێـی نزبـوومەوە. پێنـاچی بەئاسـانی لە قسـەکانی خـۆی بکەوێ. داواکەشـی راسـتگۆیانە و راشـکاوانە دێتەبەرچـاو. 'ئەرێ تـۆ خەڵکـی کوێی؟' ئەوەم لێپرسی.

'ئۆو،' ئیستێکی کرد وەك ئەوەی لەبەردەم تەلیسمێکی نەکـراوەدا وەسـتابێ. 'یەکەمجار من لە برونای لەدایك بووم.'

'ئەو شوێنە نەفرەتییە لە کوێیە؟'

دیـاربوو گـاڵتەی پێکـرا. 'برونـای دارولسـەلام. دورگـەیەکـی بۆرنێیـۆیە. ئـێمە کۆلۆنێکی بەریتانیین. برونای سەربەخۆیە.'

'چاکە، کەواتە خزمەتکارەکانی شاژن کارێکی بەستەزمانانەیان کردوە، تۆیـان وا فێرە ئینگلیزی کردوە.'

'من فێرە ئینگلیزی دەبم،' زیشان خۆی لە تانە گاڵتەجـاڕیەکەی مـن بـوارد. 'هەموو رۆژێ شتی نوێ فێردەبم. زیشان خوێندکارێکی باشە.'

گاڵتەم پێهات. هێشـتا سـاغ نەبووبـوومەوە ئـاخۆ ئەو جاڕسـم دەکـا یـاخود گەلحۆیەکە لەو گۆڕە. 'تۆ گوتت، یەکەمجار کە لەدایك بووم، ئایا ئەوە واتای چی دەدا؟' من وام لێپرسی.

ئەو ڕوی گەش بــووەوە، ددان ورد و زراو و خاڵــدارەکانی وەك دەنــکە بــرنج دەرکەوتن.

'یەکەمجـار لە برونــی،' زیشـان ئەمەی دووبـارەکردەوە، 'دووەم جـار مــن لە هەموو دنیا لەدایـك بـووم. بـۆیە مـن خەڵکـی هەمـوو جێگـایەکم. جیهـان نیشتمانی منە.'

لەهــیکەوە گرتمــی. 'ئەرێ کــابرا، خــۆ پــێم نــاڵێی تــۆش ســەر بە دینــی خاچدارەکانی. ئەرێ تۆ لە سەر لێشێواوەکانی؟'

'لە چی؟'

'پرسیار: ئایا تۆ ئەندامی ئاینزایەکی یان شتێکی لەو جۆرە؟'

دیسان لە پرسیارەکە نەگەیشت، بۆجاری دووەم ترسێنەر دیاربوو.

'وا من پێتدەڵێم، ڕێگەنادەم کەس ئامۆژگاری ڕێگـای چـاکە و خـراپەم بکـا. لەو قسە هەللەق مەللەقانە بێـزار بـووم. وا باشـترە لە قـاڵبە سـابوونەکەی خۆت دەربچی.'

'قاڵبە سابون،' لەبەر خۆی وای گوتەوە بە تەواوی سەرەداوەکەی لێ ونبوو.

'ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە، ئایا تۆ کوێرباوەڕ (فاناتیك)ی؟'

'کوێرباوەڕ!!' ڕوی زیشان گەشایەوە، شادمان بوو، وشـەکەی ناسـیەوە. ئینجـا دەربڕینەکەی بەهەندهەڵگرتنی پێوەدیاربوو. 'دەڵێ کوێرباوەڕ، هەموو کەسێك هەڵەیە، هەر خۆم ڕاستم. زیشان دەڵێ. هەموو کەسێك ڕاستە، من شاشـم. ئاخر چۆن من کوێرباوەڕم؟'

''زۆرباشە.' من بەمە قایل بووم، بەڵام دواتر بە هزرێکی دیکە تەنگەتـاوکرام.

'ئەگەر تۆ دەڵێی خەڵکی هەموو شوێنێکی، کەواتە ئاینەکەت چییە؟'

'دینی من خۆشەویستییە،' ئەو وایگوت.

من چاوەکانم سوڕاندن. 'هەرگیز گوێم لە شتێکی وا نەبووە.'

بۆ ساتێك نائاسودەبوو. 'گوێ ئەوەی بەری بکەوێ، دەیبیسێ، دەنگی زۆریـش لەم جیهانەدا هەن، نایبیستین.'

'کەواتە تۆ بودای، جولەکەی، موسڵمانی، کریستیانی... تۆ چیت ؟'

'واو، واو، واو،' ئەو وایگــوت وەك ئەوەی مــن پــێم لەســەر پێــی دانــابێ. 'پرسیارەکەی تۆ وایە، ئایا تۆ ئەوەی؟' دەستێکی لەسینگی خـۆی دا. 'هەمـوو بونەوەر لەیەك تاکە کەس دایە.'

'ئەو کەسەش، خۆتی؟'

'ئەو کەسە تۆی،' ئەو وایگوت و دوا وشەشی بە قوڕسی دەربڕی.

باشە، ئەوەندە بەس بوو بۆ من. گاڵتە بەسەر چوو. هەنوکە ئەو بە ڕێگایەکی هەڵەوە بۆمن هات. من حەزم بە چارەی خەڵکانی خۆ راست نەبوو کە وەڵامی هەموو شتێکیان پێیە. 'گەردونەکە، ها؟ من پێت دەڵێم چی تێدایە؛ دەستدرێژی، دڕندایەتی، گەندەڵی، تیرۆریزم...' ئەوسا ئەوەشم بۆ زیادکرد، 'کوشتن.'

'ئممممم،' ئەم دەربڕینەی وا لەدەم دەرچوو وەك ئەوەی هەرگیز پێشتر گوێی لە شتە ناوبراوەکانی من نەبووبێ. ئەو چاوەکانی نوقاندن، بۆ ساتێك پێموابوو دەخەوێ. بەڵام هەر زوو  بە دەنگێکی رەوان بە قسە هاتەوە. 'تۆ سەیری سروشت بکە، دەبینی ئاژەڵ ئاژەڵ دەکوژێ. مەگەزی گەورە مەگەزی بچوك دەخوا. گورگ مەڕ دەخوا. ئای چەند خوێن ڕێژیی هەیە. بەڵام  هەر لەسروشتیشدا زیندەوەر زیندەوەر دەپارێزێ. ماسیەکان بەیەکەوە مەلە دەکەن. مەلەکان بەڕەو دەفڕن.'

'ئاخر ئەمە لەبەر ئەوەیە کە مار و هەڵۆ لە هەموو شوێنێك هەن. خۆ ئەگەر بەیەکەوە بن ئەوا دەرفەتی قوتاربوونیان باشترە.'

'بونەوەر زۆرباش ئاگای لە بونەوەرە.'

'واو، قسە قۆڕێکی جوانە.'

ئەو چاوەکانی لێککردنەوە. 'زیشان قسەی قۆڕ نییە.'

'چاکە، داوای لێبوردنت لێدەکەم، کە هەواڵی ناخۆشت پێدەدەم. سروشت سەراپای هەر شەڕە. هەروەك لێرەش لەبن ئەم بنمیچەدا، وەك هەموو شوێنێك، کێبرکێی مشکانە.'

هەندێك بۆ پێشەوە داهات، چاوی تێکردم وەك ئەوەی لەمنەوە شت ببینێ. 'هاوئاوازی (هارمۆنی)لەهەموو شوێنێك هەیە...' ئەو وایگوت و وشەی هارمۆن(**Harmony**)یشی وەك وشەی هاومەنی(**howmany**) گۆکرد. ئینجا لەسەری بەردەوام بوو. 'هەروەك لێرەدا هەیە، بەڵام پرسە سەرەکییەکە ئەوەیە، ئایا هارمۆنی لەناخی خۆتدا هەیە؟'

ئەم دوا وشانەم وەك ئەمە 'چەندی لەناخی خۆتدا هەیە؟' بیست. بەڵکو لەدوای هەموو شتێك ئەم پرسە پرسێکی راست بێ. من هیچ بیرۆکەیەکم نییە ئاخۆ چەند ئەسکەندەرم لەدەروندا لەنگەری گرتووە.

'زۆر باشە،' من وام پێگوت. 'خۆ ئەگەر هەموو شتێك لەسەر سەری ئەو هارمۆنییە نەفرەتیە بسوڕێ، خۆ ئەگەر چاکە و خراپە پارسەنگی یەکدی

بدەنەوە، کەواتە هەموو کەسێك ئەوە دەکا، کە پێی خۆش بێ. ئیدی ئەوسا چ جیاوازییەك دەمێنێتەوە؟'

'نـــــــــااا، بەم شێوەیە نا. تۆ ناتوانی هەموو ئەوەی دەیخوازی بیکەی. تۆ هەر ئەوە دەکەی کە خــوا بــۆتی دانــاوە. مــن توخمەکــانم هەن. تــۆش توخمەکانت هەن. زۆریـنەی زیشـان ئـاوە، تـۆش لەوانەیە ئـاگر بـی؟ بەڵـێ، پێموایە تـۆ ئـاگری. خـۆ ئەگەر هـارمۆنییەك لەناخـدا نەبـێ، ئەوا کەسـەکە هەمیشە هەر تووڕەیە، هەمیشە شەڕ دەکا، هەمیشە مایەی بەزەییە. زمـانی تیـژ وەك تیـر وایە. تـۆ دەڵێـی گەردون لێـڕەوارە. لە لێـڕەواری گەورەدا مـن باخچەی خۆم دادەنێم.'

'ئەرێ ئەوە چ باخچەیەکی نەفرەتییە باسی لێوەدەکەی؟'

'برادەری شیرینم،' زیشان وایگوت وەك ئەوەی نامەیەکم بۆ بنوسێ. 'تووڕەیی بەورە. تۆ بەورێك دەبینی و پێتوایە ئای چ ئاژەڵێکی مەزنە، من ئەوم دەوێ. بەڵام تۆ ناتوانی دەستەمۆی بکەی. هیچ کەسـێك نـاتوانێ وای لێبکـا. ئـاخر بەورەکە دەتخوا.

'بەورە تووڕەکە فەرامۆش کە، ئـێمە هـیچ شـتێك لەوان فێرنـابین. ئـێمە لە ئادەمیزاد فێـردەبین. کاتێـك تـۆ کەسـێکی جیـاواز دەبینـی، نـاوێکی دیـکە، دینێکی دیـکە، هەمـوو ئەمـانە باشـن. ئـێمە لە جیاوازییەکـان فێـردەبین، نەوەك لە شتە لەیەکچووەکانمان.

'خۆپایەتی(منایەتی) وەك داڵ وایە، مەلێکی دڕندەیە. داڵ دەڵـێ لەگەڵ مـن بفڕە، دەبیە پیـاوێکی بەهێـز، بەڵام خـۆ ئەوە درۆیە. ئەمە تەڵەیە. خـۆ ئەگەر منایەتیت بەهێز بێ، ئەوا خۆت لاوازی. ئەگەر منایەتییەکەشت لاواز بێ ئەوا خۆت بەهێزی.'

ئەو بە هێواشی بەڵام بە دڵنیاییەوە دەدوا. وشەکانی بە ئاگاییەوە لێدەبژاردن وەك ئەوەی گوڵی نێو ئینجانە بن. کاتێکیش لەخۆبووەوە، پێمگوت، 'لێـرەدا شتێك هەیە، لەسەر مەڕاق بەجێی هێشتووم...'

'ئەو شتە چییە؟'

'بۆچی لە لاباڵی شێتاکەندا دایان نەنانوی؟'

'ئەوە چییە؟'

پەنــجەی شــادەم بە دەوری گوێچکەمــدا ســوڕاندەوە، ئیــدی ئەو هێمــا جیهانییەکەی شـێتێتی ناسـییەوە. پێکەنـی، پێکەنینێکـی بە کەیـف. 'بەڵـێ، بەڵێ، راستە. دەڵێن زیشان هەندێ شێتایەتی لە کەللەی داوە.'

❖

ئەوێ ڕۆژێ پۆلیس هاتنە ماڵێ (کاتی)، منیش لەدەرگای پشتەوە هەڵاتم. بەختم هەبوو دەرچووم. پایسکلێکم بینی، چووم بردم و تاهێزم تێدابوو پەیدانم لێدا و لە هاکنی دورکەوتمەوە. پاشان بە بەلاش سوار بووم. دوو خوێندکاری فەڕەنسی یارمەتیان دام. ئەکسێنتەکەیان لە لەوحەدارێك قوڕستر بوو. هەردووکیان لە پیاسەیەکی تۆپی باسکەدا بوون. من هەرگیز جوتە هاوڕەگەزبازێکی وام نەدیبوو. ئەوان پشێویەکەی منیان بینی. هەستیان کرد لە کێشەدام، هیچیان نەپرسی. ژەمە خواردنێکیان بۆکڕیم، جگەرەشیان دامێ، هەندێك موزیکی سەیریشیان بۆلێدام.

ئەوان منیان لە **واروێك Warwick** دانا. بەرلەوەی بڕۆن، لە دەرەوەی قەڵاکە حەشیشەمان کێشا. من پێکەنینەکەم لەبیرە، سەرمان بەیەکەوە نابوو، بەڵام نوکتەکەم لەیاد نەماوە، خۆ ئەگەر هەر نوکتەشمان کردبێ. ئیدی ئەوان بەرەو باکور ڕۆیشتن.

لە پڕێکەوە خۆم بەتەنها بینییەوە. چوار ڕۆژ دواتر گیرام، ئەوان منیان لەیەکێ لەپارکەکان لەخەوێکی ڕەقدا گرت. لەوکاتەدا من هەڵوەدای پارووە نانێك بووم، ئەوەندە گوێم لە گرتنەکەم نەبوو. لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، هاوکار و ئارام بووم. ئەوان پێیان نەگوتم، کە دایکم مردووە. تەنانەت بۆ چرکە ساتێکیش ئەمەیان بە گوێمدا نەدا. منیش لەو باوەڕەدا بووم، کە برینەکەی هیچ نییە، تەنها چەقۆلێدانێك بوو، لە نزیك شانی ڕاستەوە بوو. تۆبڵێی برینەکەی دژوار بووبێ؟ پاشان ئەفسەرێك هات و گوتی، 'ئەرێ نازانی؟ تۆ دایکی خۆت کوشتووە.'

بەشڵەژانەوە گوتم، 'مەبەستت چییە؟'

'تۆی پیسی بیژمۆت، دایکی خۆتت کوشت. ئاخر چۆن لەم بەڵایە دەردەچی؟'

من بڕوام نەکرد. پێموابوو ئەوە فێڵێکە تا قسەبکەم. یەکێك لە ئۆینە کۆنینەکان. بەڵام ئەوان ڕۆژنامەیان هێنا و لەپێشیان دانام. هەمان ئەو پارچە ڕۆژنامەیەبوو، کە ماك لاولینی ئەفسەر هەڵیگرتبوو. ئەوسا زانیم، کە دایکم مردووە.

لەماوەی دادگاییەکەدا، من سڕ ببووم. لەشوێنی خۆم گۆد ببووم، هەروەك ئەو ڕۆژەی لەبەر سونەتکردنەکە هەڵاتبوومە سەر دارەکە. ڕۆژنامەوانەکان، وێنەگرەکان، زۆر کەس، کەسانی تەواو لە دەرەوەی دادگا توانج و تەشەریان لێدام. لەنێو ئاپۆراکەدا ڕوخساری ئەسمام بینی، وەك ئەوەی دەمامکێکی

سپی پۆشی بێ، پاشان یونسی برام بینی. بە لێحاڵینەبوون چاوەکانی مۆللەق ببوون. ئەوەش ئەوکاتە بوو، نەمدەتوانی هەناسە بدەمەوە. سیەکانم دەنگیان لێوەدەرنەهات. من کەوتم، وەك ئەوەی پیرەمێردێك بم و دەزگای هەناسەدانی بۆداندرابێ. پێیان وابوو پشتەنگی(ئاستما) لێیداوم. دکتۆرەکە دلۆڤان بوو. منی پشکنی، هیچیشی نەدۆزیەوە. ئەوسا منیان بردە لای پزیشکێکی دەرونی. پیاوێکی تۆقێنەر بوو، نەفرەتیەك بوو لەو گۆڕە. تەپڵە جگەرەیەکم راوەشاندە سەرکی، بەداخەوە بەموو لێی لادا.
یەکەمین شەو، کە فڕێدرامە زیندان، لەسەر پشت پاڵکەوتبووم، چاوم لە بنمیچەکە گرتبوو. بۆ سعاتێکی رەبەق وا مامەوە. مەڕاق مام، تۆبڵێی پزیشکە دەرونییەکە راست بێ. تۆبڵێی پرسگەلێك لەناخمدا هەبن؟ تۆ بڵێی مێشکم لە کەللەدا نەمابێ؟
'ئەو شێت نییە،' داواکاری گشتی لە دادگاکەدا وای جاڕدا. 'ئەم گەنجە عەقڵێکی تەواوی هەیە. ئەو شایستەی سزادانێکی شایستە بە خۆیەتی.'
شەوی پاشتریش، بۆ چاولێکنانێکیش بێ، خەو نەچووە چاوانم. لە ئەزمونەکەم بۆمدەرکەوتوە هەرکاتێك خەوت خراپ بێ، زیاتر شێت دەبی. ئیدی ئاواش رۆیشت. سالانەی بەرایی وەك خەونێکی دوورودرێژی پڕ مۆتەکە و شەوە وابوو. هەروەها منیش مۆتەکە بووم بۆ کەسانی دیکە. سەخڵەتییێکی زۆرم توشکردن. زۆر دواتر، شەوێکیان، لەنیوەشەوەدا، زۆر باشم لەبیرە، لە دەرەوە باران دەباری، باوبۆرانێکی بەهێز بوو، دەنگی هەورەتریشقە لەهەموو لایەك دەهات. پاشان بارانەکە وەستا، هەستی بێدەنگییەکە زۆر سامناکتر بوو. ئیدی ئەوێ دەمێ هەستێکی سەیرم بۆهات، وەك ئەوەی دایکم لەوێ لەگەڵمدا بێ. ئەو نە لێم توڕە بوو نە پەستیش بوو. ئەو زۆر لەو شتانە دور بوو.
ئیدی کردمە فونگە فونگ. گریام، سینگم قوڕس داهات، ئازاری دام. هەموو ئەو ریزە فرمێسکانەم رشت، کە لە ژیانە لاساریەکەمدا نەمرشتبوون.

❖

دوای بەسەربردنی دوو هەفتە لەگەڵ زیشاندا، من دژی یەکێك لە رێساکانم وەستامەوە. لێم پرسی. 'ئەرێ چی تۆی گەیاندۆتە ئێرە؟ ئاخر پیاوێکی وەك تۆ.'
روخساری داهێزرا، 'ئۆو، دەڵێن گوایە زیشان تاوانێکی ترسناکی ئەنجام داوە. بەڵگەش نییە. بەلام لەوێدا پیاوێك هەبوو، دادگاش گوێی بۆ گرت، چونکە

ئەو نازناوێکی بەناوبانگی هەیە. ئەو گوتی گوایە بینیویەتی، کەوا من هەگبەی پیرەژنەکەم بردوە و ئازاریشم پێگەیاندووە. ئەو لە نەخۆشخانەدا بێ هۆش کەوتووە.'

'کەواتە بۆ پارە پەلاماری پیرەژنێکت داوە؟'

'زیشان ئەم جۆرە کارانەی نەکردووە.' ئەو وای گوت. 'هەر کاتێك خانمەکە چاوەکانی هەڵێنانەوە، راستیەکەیان پێدەڵێ. من چاوەڕێم. دوعا دەکەم.'

'زۆر چاکە، پێم بڵێ گەر من راست وەرمگرتبێ. کەواتە تۆ پێم دەڵێی تۆ بە هۆی تاوانێك لێرەی، کە نەتکردووە؟ ئایا پێتوایە بڕوا بەو شتە قۆڕەی تۆ بکەم؟'

ئەو سەرنجێکی سەیری تێگرتم، وەك ئەوەی مەڕاق مابێ چۆن هەواڵێکی نوێم پێڕابگەیەنێ. ئینجا گوتی، 'لەو رۆژەی پۆلیس بەسەر ماڵی دادام، من بیردەکەمەوە بۆچی ئەمە قەوما؟ هیچ شتێك لەخۆوەڕا روونادا. خوا نیازێکی هەر هەیە. ئاخر ئەو نیازە چییە؟ من دەپرسم و وەڵامیش نادەمەوە. بەڵام ئێستا تێدەگەم.'

'ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟'

'گوێبگرە، من نازانم، خوا بۆچی منی خستۆتە زیندانەوە. من گوتم، بۆچی، بۆچی. پاشان تۆم بینی، منیش لەو بارەوە خەمناك نیم.'

'خۆ ئەگەر واز لەم شتە پڕوپوچانە نەهێنی، کارێکی خراپت بە سەردا دێنم.'

ئەو بەلای کەمی وا پێنەدەچوو جاڕس بووبێ. 'هەنوکە، تێدەگەم بۆچی زیشان لێرەیە. ئەمەش هەمووی لەچاوی تۆوەیە.' ئیستێکی کرد، ئۆخژنێکیشی کرد. 'خۆ ئەوە ئاسانترە گەر تۆ بەرەو من بێی. بەڵام نەخێر، تۆ واناکەی. کەواتە من بەرەو تۆ دێم. کەواتە زیشان بۆتە بەندکراو. هەمووشی بە مەبەستێکەوە بووە.'

'ئەوە شتی قۆڕە. ئاخر تۆ پێمدەڵێی ، کە بێتاوانی، ئیدی هێزێکی گەردونی تۆی بە مەبەست ناردۆتە لای من؟'

'بەڵێ، ئێستا تۆ راستی دەڵێی،' ئەو گەشایەوە وەك ئەوەی منداڵێك میزڵدانێکی نوێ هەڵبدا.

پیاوەکە دێوانە بوو، رۆژ بەرۆژ خراپتر دەبوو، مەگەر بە مەبەست وا بکا. ئەم بیرۆکەیەشم لەپڕ بۆهات. ئیدی جارێکیان یەخەم گرت و بە دیوارەوە پاڵم نا. 'ئایا ماك لاولینی ئەفسەر تۆی لەگەڵ مندا داناوە؟ ئەوە بیرۆکەی ئەوە تا ئامۆژگاریم بکەی؟ ئایا ئەوە نەخشەکەیە؟"

ئەو روی خۆی لادا، وەك ئەوەی بەڕاستی مستەكۆڵەیەكم پیاكێشا بێ. 'مـن پێت دەڵێم خودا منی بۆ ئێـرە نـاردووە. تـۆش دەڵێـی مـاك لاولـین. مـاك لاولینەكەی تۆ بچوكە، خودا مەزنە.'

ئیدی بەرمدا و جلەوی خۆم شلكردەوە، سەرەتای سەرئێشـەیەك. لـێم پرسـی 'ئەرێ تەمەنت چەندە؟'

شەرمنانە چاوەكانی بەردانەوە. 'شەست و حەفت.'

'گاڵتە نییە.'

'بەڕاستیمە.'

'پێناچێ شەت و حەفت بی.'

'سوپاس،' ئەو وایگوت. 'زیشان چاوی لە خۆیە.'

'مەبەستتە بڵێی ئاگای لە خۆیە؟'

'بەڵێ بەڵێ، ئاگای لەخۆیە.'

دیسان دەستی بە قسـەی قـۆڕ كـردنەوە. 'مـن هـاتومەتە لای تـۆ،' ئەو وای پێگوتمەوە. 'لەو دواییانەدا من بێ كەڵك بـووم، ئیـدی خـودا منـی نـاردۆتە ئێرە، چونكە ئەو تەمبەڵی خۆش ناوێن. ئێمە دەبێ بەیەكەوە رەنج بدەین.'

"چ كارێك؟'

'سۆفیێتی دەڵێ ـــ'

'ئەوە چییە؟'

'سۆفی ئەو كەسەیە، سەیری ناخی دڵ دەكا، پێیوایە هەموو خەڵك بەیەكەوە گرێدراون. جیاوازییەكان تەنها لەدەرەوەیە، لە پێست و جلو بەرگ و پاسپۆرت دان. بەڵام دڵی ئادەمیزاد لەهەر شوینێكیش بێ، هەمیشە هەر هەمان شتە.'

'دیسان دەستمان پێكردەوە. دیسان  قسەیەكی دیكەی بەتاڵ.'

ئەو پێكەنی، لەوانەیە لەبەرئەوەبێ لە واتای قسەی بەتاڵ نەگەیشتبێ، یاخود مەبەستی بێ پشتگوێم بخا.

'سۆفیەكان لەو بڕوایەدان، كاتێك ئێمە دەمرین و هەڵدەستینەوە، خوا چـوار پرسیارمان لێدەكا. ئەرێ ژیانی خۆت چۆن بەسەربرد؟ ئایـا پـارەكەت لەكـوێ پەیدا كرد؟ گەنجایەتیت چۆن بەسەربرد؟ پرسـی چـوارەمیش زۆر گـرنگە: ئەو زانیاریەی پێم بەخشیبووی، چیت لێكرد؟ ئایا تێدەگەی؟'

'نەخێر.'

'من شت دەزانم،' ئەو وای گوت. 'من مامۆستایەكم ــــ'

'لەبیرمە، پێتگوتم من خوێندكارم.'

'هەموو مامۆستایەك فێرخوازە.'

'ئۆو، پشوێکم بدەرێ.'

'مـــن مامۆســـتام،' ئەو ئەمەی دوپـــاتکردەوە. 'هـــاتومەتە ئێـــرەش تـــا زانیارییەکانم لەگەڵ تۆدا بەش بکەم.'

من لە زینـدان چ لەنێـو پـۆلیس و چ لە نێـو بەندکراوەکانـدا بـێ، زۆر جـۆرە خەڵکم دیتن، کەسانی دەرون شێواو، تێکچووەکان، کەسـانی زۆر خەمبـار، زۆر لاواز و زۆر هیچوپوچ، هەندێك جار هەموویانم لەکەسێکدا دەبینیـیەوە. بەڵام لەوێدا نەکەس هەبوو نە کەسیش لە بەندیخانەی شـریوزبێژیدا وەك زیشـان هەیە. لەدایکبووی برۆنای، لەجیهاندا گەورەبووە. ناشزانم چی لەگەڵدا بکەم.

ئەسکەندەر تۆپراك

**ئەسما**

*لەندەن، مای ١٩٧٨*

مام تاریق و پورە میرال لەگەڵ هەر چوار منداڵەکانیان هاتنە سەردانمان. دوای خواردنی نانی شێوان هەمووممان لەبەردەم تەلەفزیۆن دانیشتین و بەدەم چاخواردنەوە و میوەوە سەیری زنجیرەی کۆرۆنێیشن ستریتمان کرد. لەدانیشتنەکەدا قسە زۆر کەم کرا، بەدەر لە هەندێ سەرنج و تێبینی لەسەر رۆڵی کاراکتەرەکانی زنجیرەکە هیچی وا نەگوترا. هەمووان پەرۆشی ئەوەبوون ئاخۆ روداوەکانی زنیجیرەکە چیان لێدێ، نەخاسمە **سوزی** توانی **ستیڤ** و **گێیل** بخاتە داوەوە لە بارێکی سۆزاوی وروژێنەردا، لە قافا بیانگرێ. مام تاریق پێیوانەبوو پەیوەندیەکان درێژە بکێشێ، پورە مێرالیش هاوڕای بوو، بەڵام کەس بۆچوونەکانی بەهەند هەڵنەگرت، چونکە هەمیشە بۆچوونەکانی لەو بارەیەوە کورتی دەهێنا. من دەبووایە جومگە سەرەکییەکانیان بۆ وەربگێڕم، چونکە ئینگلیزییەکەیان هی ئەوە نەبوو بە باشی لە گرێی پیلانەکانیان بگەن. هەندێ جاریش لەخۆمەوە شتی وام بۆ زیاددەکرد بەڵکو دنەیان بدەم زیاتر هەڵوەدای چیرۆکەکە ببن.

دوای ئەوەی میوانەکان خواحافیزییان کرد و هەموان نوستن، من چوومەوە ژوری گەرماوەکەمان، دیسان لە ئاوێنەکەوە سەیری خۆمم کردەوە، بەڵام هەر ئەوەندەم زانی لە دەرگەدانی دەرگاکە منی سڵەماندەوە.

'سەرقاڵم!' لە کونی دەرگاکەوە هاوارمکرد.

دیسان لێدرایەوە، بەهێواشی بەڵام مکوڕانە. بە بێزارییەوە دەرگاکەم کردەوە. بینیم یونس لەبن کراس و بێجامەی پیتەر پانەوە وەستاوە. 'ئۆو، خوایە. ئەوە چیت بەخۆت کردووە؟' ئەو بەسەرسامیەوە وایپێگوتم.

هەر ئەوکات بیرم کەوتەوە، سەکسوکێکم بۆخۆم نەخشاندبوو. باشترین بەرگریش هێڕشبردنە، منیش پێمگوتەوە، 'ئەی باشە تۆ بەم ناوەختە چی دەکەی؟'

'پێویستە میزێک بکەم.'

کاتێکیش بینیم چەرچەفەکەی لەبن هەنگڵدایە، بامدایەوە سەر زمانی تورکی. 'تۆ دڵنیای دەبێ میز بکەی؟ خۆ پێدەچی ئەوت بەخۆدا کردبێ.'

چاوەکانی براکەم لەسەر من لاکەوتن. ساتێک بێدەنگی وەک ئەوەی هەر یەکەمان چاوەڕێی ئەوە بین ئەوی دیکە دەست پێبکا، بەڵام هیچ شتێک روی نەدا.

'زۆر باشە،' من سەلماندم، 'تەنها ساتێک، باشە؟'

دەرگاکەم پێوەدا، گڵۆپەکانم پێکردنەوە، مۆمەکانم لابردن و بۆ جارێکی دیکەش لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆمم کردوە. ئینجا سەرم لە دەرگاکە بردە دەرەوە. 'دەزانی چی؟ بۆچی چەرچەفی دۆشەکەکە لێرە بەجێ نایەڵی؟ من مشوری دەخۆم.'

دوای ساتێک دوودڵی، یونس بزەیەکی شەرمنانەی بۆکردم، شتەکەی دایە دەستم. منیش تەشتەکەم پڕ لە ئاو و تایەت کرد و چەرچەفەکەم لەناودا هەڵگلۆفت. پێموابوو ئەو دەگەڕێتەوە ژورەکەی، دیاربوو پێیباشتر بوو بوەستێ، لە درزی دەگاکەوە چاوەڕێی کرد. 'ئەرێ خوشک، تەواو بووی؟'

'خەریکە. خۆت دەزانی ئەمە لەنێو سەرشۆکەکە ئاسان نییە.' بە دەنگێکی نیوەناچڵی پێمگوت، 'باشە بۆچی میزت بەخۆتدا کردووە؟'

یونس بێدەنگ بوو.

ئۆو، مەترسە، خۆ بەکەس ناڵێم.'

بۆ مایەی سەرسامی، ئەو ئاسودە نەبوو. بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە: دەموچاوی رەشهەڵگەڕا، لێوەکانیشی لەرزین، کە وام دی، شەنقاوێک لێی نزیک کەوتمەوە، لەبەردەم ئەو چاوە بێ وەییانە و ئەو گوێ گەورانەدا، بە روی ئەو کوڕەی هەمیشە خۆشم دەویست، پێکەنیم.

'ببورە، یونسە بچکۆلانەکە، مەبەستم روشاندنت نەبوو.'

'من بریندار نەبووم. تەنها ئەوەندەیە ئەم رۆژانە شتی زۆرم لە مێشکدا هەیە.'

'وەکی چی؟'

'ناتوانم پێتبڵێم.' ئەو وایگوت. "شتەکە نهێنییە.'
'نهێنییەکـان بۆخۆیـان داون. تـۆ دەتەوێ لە نێـو سـنگتدا دەری بـکەی، بەڵام هەر کەوتە زارێ دەکەوێتە شارێ. هەروەک گۆبەنـدی شـا میـداس، دەزانی؟'
'ئەو کێیە؟'
ئاوها چیرۆکی پاشاکەم بۆ گێـڕایەوە، کە گـویێ ئەوەنـدە گەورە بـوون، لەژێر کڵاوەکەی دەیشاردنەوە. دەلاکەکەی تـاکەکەس بـوو پێـی دەزانـی، ئەویش بەڵێنی دابوو بە کەس نەڵێ. هێشـتاش تـامەزرۆی گێـڕانەوەکەی زۆرزۆر بوو، بۆیە رۆژێکیان دەچێتە نێـو قامیشـەڵان، گـوایە بێـوەین و جێـی متمـانەن و بـۆکەس نـاگێڕنەوە. بەڵام کەسـێک قامیشـێکی بـڕی و بلوێرێکی لێدروست کرد، کاتێکیش بلوێرەکەی لێدا نهێنیـیەکە لە هەوادا بڵاوبوویەوە. لەماوەی یەک دوو رۆژدا هەموو کەسـێک بەوەی زانـی، کە پاشا دوو گوێی وەکو گوێدرێژی هەن.
'یونس پێیگوت، 'تۆ مەبەستتە من بۆ هیچ کەسی باس نەکەم.'
'باشە، خۆ ئەگەر بۆکەس گرنگ بێ، پێت دەڵێم هەر لای خۆی هەڵیگرە. تۆ ناتوانی متمانە بە کەس بکەی. تەنانەت بە قامیشەڵانیش.'
وام رەچـاودەکرد پێبکەنـێ، بەڵام وای نەکـرد. لەبـری ئەوەدا بەرلەوەی بەنێو داڵانەکەدا بۆ ژورەکەی رەتبێ و بەجێم بێڵێ، خەمگینانە لێم ڕاما. شەو شاد گیانم' من بردەبردەیێکی وام لەدەم هاتەدەر، هەرچەندە دەمزانی گوێشی لێنابێ.
کاتێک لەوێ وەستام، دەستەکانم کەفـاوی ببـوون، هەسـتم کـرد سینگم دەگوشرێ. گومانێکم لا دروست بوو. لەکاتێک خەونم بەوە دەبینـی بـبمە کوڕ و لە هەموو جۆرە تەلیسمێک دەمکۆڵیەوە، کەچی لەبن کەپووم شت رودەدا و ناشیبینم. دواتر من ئەو ساتەوەختەم یادکەوتەوە، کە لە کاتی ژیـانی ئاسـاییماندا شـتگەلێک رودەدەن سـەرەداوی لێکترازانـی تێـدایە. لەوکـاتەوە مەراق مـام، تـۆبڵێی گەر ئەوێ شـەوێ رەفتـارێکی دیـکەم نواندبا، شتەکان بە جۆرێکی دیکە نەکەوتبـانەوە؟ خـۆ ئەگەر لێگەڕابـام براکەم نهێنییەکەی پێگوتبام، لەجیاتی ئەوەی هەر بەتەنها ناخی خـۆی بخواتەوە، بەڵکو، دەڵێم بەڵکو، زوتر بمتوانیبا دایکم ورپاکردبـایەوە و هەموو شتێک وا خێرا خراپ گوزەری نەکردبا.

## زللەکە

لەندەن، حوزەیرانی ١٩٧٨

لەم شەممە تایبەتەدا ئەسکەندەر نەچووە راهێنانی بۆکسێن و نەچووە لای (**کاتیش**). لەگەڵ هاوڕێکانیدا نەخشەیەکی دیکەیان هەبوو. کەمێک دوای سعات نۆی بەیانیماڵی بەجێهێشت. بایەکی گەرم لە دەموچاوی دا، پێشدەچوو جیهان دەرگای بۆ بکاتەوە، وایلێبکا کارابێ و ئامادەی هەرشتێک بێ. یەخەی چاکەتەکەی قیتکردەوە و هەنگاوی راگیرانەی نا. پێیوابوو رێڕۆیشتنی مرۆڤ زۆر شت دەبارەی ماخۆکەی دەڵێ، دەربارەی کەموکورتی، هۆشمەندی، بوێری هەمویی تێدا دەردەکەوێ. ئەسکەندەر بە متمانە بەخۆبوونەوە هەنگاوی نا، شانەکانی بەرز و سینگیشی بۆ پێشەوە، وەک ئەوەی لەبەردەم پیادەڕۆیان خۆی بۆ شەڕ ئامادە بکا.

کوڕەکان لە قاوەخانەی ئەشکەوتی عەلائەدین چاوەڕێی بوون. چوار لەوان لە پشتەوەی قاوەخانەکە لە دەوری مێزێکی پلاستیک خڕببوونەوە. کاتێک ئەسکەندەر لێیان نزیکبووەوە، ئاماژەیەکی بۆکردن. ئەوانیش ئاماژەکەیان وەڵامدایەوە. ئەو رێزی لە چاوەکانی ئەوان بەدیکرد، جۆرێک لە رێز، کە باوکی ئەو، ئەو جۆرە رێزەی لەچاوی کەس نەبینیبوو، تەنانەت لە دەوروبەری قومارەکەشی، بەدەر لەو رۆژەی کە بردبوویەوە.

'سڵاو،' ئەسکندەر ئەم سڵاوەی بۆ کەسێکی دیاریکراو نەبوو. 'ئەدی ئەرشەد کوانێ؟'

'ئەو هێشتا نەهاتووە،' فەرید کوڕە مۆراکۆییە کورتە باڵا دەنگ نەرمەکە وای وەڵامدایەوە.

'لەوانەیە ئەو نەفرەتییە بۆی دەرچووبێ،' عەزیز بە پێکەنینێکەوە ددانەکانی دەرکەوتن، وایگوت، 'ئەمەش دوای روداوەکانی هەفتە دێ و منیش لۆمەی ناکەم.'

وەرزەکە هاوینێکی سەخت بوو، هەموو ڕۆژێ باسوخواس لەسەر روداوێک بوو. خەڵک لەختوخۆڕا لەسەر جادە هەراسان دەکرا، جوێن بە ژنان دەدرا، تف لە منداڵان دەکرا. بە شەویش بەرد لەماڵە پەنابەر و کۆچبەرەکان دەگیرا، رستەی جل هەڵخستنەکانیان دەپچڕا، پیسایی دەخرایە سندوقی پۆستەکانیان. لەهەموشیان پۆلکتر شەش رۆژ پێشتر قەومابوو.

لە بەرەبەیانییێکی دوازدەی حوزەیراندا، کۆمەڵێک لە گەنجە سەرتراشاوەکان لە سەروی **بریک لاین** کۆبببوونەوە. تا رۆژ گەیشتە نیوەڕۆ ژمارەکەیان هەر زیادی دەکرد. ئەوان هەر دەهاتن، بەپێ، بە پایسکل، بە ترومبێل و ڤان، هەندێکیشیان لە شوێنێکی دوری وەک **پوتنییەوە** هاتن. ئینجا دەستیان بە ڕێڕۆیشتنەکەیان کرد، دروشمیان بەرزکردەوە، 'بەرەی نیشتمانی، بەرەی پیاوە سپیپێستەکانە.' سەیریش لەوەدا بوو پۆلیس لەهیچ کونێکەوە دیار نەبوو، تەنانەت لەوکاتەش، کە خۆپیشاندەران دەستیان بە پەلاماردانی دوکان و بازاڕی کۆچبەران کرد و هاواریان دەکرد، 'ڕەشپێستە زۆڵەکان بکوژن' و جامی ترومبێل و پەنجەرەکانیان دەشکاند و زیانی زۆریان بە موڵکوماڵی تایبەت گەیاند.

فەرید گوتی، 'ئەرێ دوای ئەوە گوێت لە هەیتەکان بوو چییان گوت؟ ئەوان گوتیان گوایە نمایشی 'توڕەبوونێکی گۆترەکارییانە' بووە.'

'شتێکی قۆڕە،' ئەسکەندەر ئەمەی بە سەرقاڵییەکەوە گوت.

بەهاتنی عەلائەدین، خاوەنی قاوەخانەکە، کابرایەک، قاچێکی لەوی دیکەی کورتر بوو، هاوسەنگی خۆی بەئاستەم پێڕادەگیرا و تەمەنیشی لەناوەڕاستی پەنجا دابوو، گفتوگۆکە پچڕا. هەمیشە قسەی نەرمونیانی بۆ هەمووان هەبوون. ئەو بە خەندەوە لە کوڕەکان نزیک کەوتەوە، بە تەنهاش تۆقەی لەگەڵ ئەسکەندەردا کرد. لێیپرسی ئاخۆ لەگەڵ قوتابخانەدا چۆنە، و هەواڵی دایکیشی لێپرسی، هەواڵی بازاڕی دوکانی مامەکەشی لەو رۆژە سەختانە لێپرسی. پرسگەلێک، ئەسکەندەر بە ڕێزەوە بەڵام بە کورتی وەڵامی دایەوە.

'کەواتە، ئێوە چی دەخۆن؟' لەکۆتاییدا عەلائەدین وای پێگوتن.

'برادەرەکانت چاوەڕێی تۆیان دەکرد.'

ئەسکەندەر بە بیستنی ئەمە خۆشحاڵ بوو. 'هێشتا مێوانێکمان ماوە، بە گەیشتنی ئەو داواکەمان دەکەین.'

ئەوان سەیری عەلائەدینیان کرد بە شەلیەوە رۆیشت. ئەسکەندەر روی کردە عەزیز، دەمەتەقێکەیان نۆژەنکردەوە، 'هیچ شتی دیکەش هەیە؟'
'ئۆو، بەڵێ، دوێنێ لە کوڕێکی بەنگلادیشی دراوە. ئەوان کەمێک لە دوری ماڵی ئەڕشەدیان دۆزیوەتەوە، خوێنی لەبەر دەڕۆیشت. بە ئەمەوە لەم مانگەدا دەبێتە چوارەمین کەس!'
ئەسکەندەر دیوی ناوەوەی دەمی خۆی گەستەوە، دەموچاوی وەک دەمامک رەش هەڵگەڕا.
'ئەرێ دەزانی چی شێتم دەکا؟' سۆنی زاتی کرد وابڵێ. 'ئەو راسیستە زۆڵانە دەڵێن هیچ راسیستێک لێرەدا نین. ***ئَلِمە واقعین***. قسەی قۆڕ! ئەوندە بەسە، ئەوان راسیستن. پێویست ناکا ئەوان لە بابەتێکی وادا درۆزن دەرچن!'
کوڕەکە ناوی سالڤاتۆر بوو، کەچی هەمووان بە **سۆننی** بانگیان دەکرد. ماڵباتەکەی ئەو لە گوندێکی سیسیلییەوە کۆچی کردۆتە **هاکنی**. ئەو بە ئینگلیزییێکی خێرا و ئەکسێنتدار قسە دەکا، بیسەرەکەی پێڕاناگا لە نیوەی قسەکانی بگا.
'کەواتە ئەو کوڕە کەی دێ؟ ئەو زۆربڵێ ناودارە!'
ئەوە **چیۆ** بوو وای پرسی، پەنجەکانیشی لەسەر لیستی ناوی خواردنەکانەوە دەهۆڵئاسا دەکوتا. باوکی ئەو مۆراکۆیی بوو، دایکیشی ئیسپانی.
'وای پێمەڵێ،' عەزیز وایگوت. 'رێزی پیاوەکە بگرە. پێی بڵێ دواندەر.'
'هەمان جیاوازی. خۆت دەزانی ئەوان چی دەڵێن. گەوجەکە قسە دەکا، هۆشمەندەکەش گوێ دەگرێ! ئەو پیاوەش هەر قسە دەکا. دە تۆش حیسابەکە بکە!
ئەسکەندەر بە برۆتێکنان پشتی دایەوە و دەستەکانیشی دانەواندنەوە، ئاماژەیەک باسوخواسی خۆش و قۆشمەی سەر مێزی کردە باسوخواسێکی سەنگین. 'ئەو لەماوەی نیو سعاتی دیکەدا دەگاتە ئێرە. پێموابوو باش دەبێ گەر زوتر ئامادەی مشتومڕەکان بووبایە. شتەکان باش بەڕێوە نارۆن. گەلحۆ دەردەچین گەر سەیری نوسراوەکانی سەر دیوارەکان نەکەین.'
**چیۆ** نیگای خۆی نەویکردەوە. ئەوانی دیکەش بەویقار و نیگەرانییەکەوە سەریان بۆ لەقاند.

'ئەوان دەیانەوێ لەو وڵاتە نەفرەتیەدا دەرمان بکەن،' ئەسکەندەر بوو وایگوت، 'تۆ، من، ئەو... عەرەب، تورک، ئیتاڵی، جامایکی، لوبنانی و پاکستانییەکان... ئایا ئێمە هەروەک مراویە نەفرەتییە گاڵتەجارەکە دەستەوەستان دادەنیشین و نوکتە دەگێڕینەوە؟ ئاخ ئەوە ئەو شتەیە دایبابمان لێمان داوادەکەن. بزە داتبگرێ و چاوەڕێ بی لێت بدرێ. بەڵام خۆ ئێمە مراوی نین، ئەرێ هەوین؟'

'هەڵبەتە هەو نین.' **چیۆ** بوو وایگوت.

'سەیرکەن، پێشتر گوێم لە قسەی ئەو کوڕە بووە. ئەو باشە، زۆریش باش. لێگەڕێن بابێ و بزانین چی دەڵێ. خۆ ئەگەر حەزتان بە چارەی نەبێ، بانەبێ. ئەوە کۆتایی شتەکەیە، بەڵام خۆ بەلای کەمیەوە ئەو مراوی نییە، ئێمە هەموشمان ئەوە دەزانین.'

ئەوسا دەرگاکە کرایەوە و ئەرشەد دەستی لەنێو گیرفانیدا بوو. لێ بەژورکەوت. کاتێک ئەسکەندەر بینی کچێک بەدوایدا هات، روخساری گۆڕا. 'تۆ و جەهەننەم ئەو کچە لێرە چی دەکا؟'

'هۆو، لۆمەی من مەکە. هەوڵمدا بیوەستێنم...' ئەرشەد وای پێگوت.

ئەسکەندەر بە مڕومۆنی تەماشای ئەسمای کرد. 'دەی بگەڕێرەوە ماڵ.'

'نەخێر، منیش دەمەوێ گوێ بگرم.' ئەو وای پێگوتەوە.

کوڕەکان بە بزەوە سەیری دەمەقاڵەکەیان کرد.

'خوشک، من لە کەللەرەقیت بێزار بووم،' ئەسکەندەر وایپێگوت. 'خۆ من لەگەڵت ناکەومە مشتومڕ.'

'باشە، کەواتە وامەکە.'

'ئاخر تۆ لە دەمارم دەدەی. ئەم کارە هی کیژان نییە.'

'بۆچی نا؟ بۆ پێتوایە ئەو سەر روتەڵانەی سەرجادە هەر تەنها پیاون؟ تۆ لەمەدا زۆر هەڵەی. ئەوان پەلاماری ژنان و کچانیش دەدەن. ئەگەر بایی خۆی قوربانی بم، ئەوا بایی ئەوەندەشم تێدایە بەرامبەریان بوەستمەوە.'

عەزیزیش گوتی، 'کچەکە باشی پێکا.'

ئەسما بە پشتگیری هاندانەکەیانەوە، تکای لێکرد. 'دەی کاکە لێمگەڕێ، تکایە.'

ئەسکەندەر سەری هەژاند، هەرچەندە ئەمجارەیان کەمتر مکوڕ بوو. 'زۆر باشە، بەڵام لێرە نامەوێ گوێم لەهیچی تۆ بێ، تەنانەت ئحمێکیش.'

'باشە، من وەک تەرمێکی بێ جوڵە دادەنیشم.' ئەسماش وای وەڵام دایەوە، هەوڵیشیدا خۆشی لەسەر دەموچاویدا دەرنەکەوێ، بەڵام ئەمەشی بە زەوقەوە گوت، 'من تامەزرۆم ئاخۆ ئەو کابرایە لە کێ دەچێ. دڵنیام راستەوڕاست دەیناسمەوە.'

بەڵام ئەم خەملاندنە شاش دەرچوو. کاتێک دوانەدەرەکە گەیشتە نێو قاوەخانە نیوە پڕەکە، هیچ کەس بەدەر لە ئەسکەندەر نەیناسیەوە. ئەوانی دیکە چاوەڕوانی کەسێکی دیارینەکراوی چوارشانەی سەرنجڕاکێش بوون، کە جلێکی نیمچە کلاسیک، نیمچە سەیر لەبەردابێ، پرچ بڵاو، چاوەکانی وەک زەمرود بدروشێنەوە ، یان جۆرێکی وا. بۆیە کاتێ کابرایەکی لەڕولاوازی تەمەن ناوەڕاستی بیستەکان و سیمایەکی ئاساییانە کە جینزێکی کاڵبووەی لەبەردا بوو، هاتەژور، هیچیان ئاوڕی دووهەمیان لێنەدایەوە، تا ئەوکاتەی لێیان نزیک کەوتەوە و سڵاوی لێکردن.

'ئۆو، فەرموو، دانیشە.' ئەسکەندەر وایگوت، بە کورتیش هەمووانی پێناساند، بەڵام ئەسمای بوارد.

خواردنیش داواکرا. *نۆکاو، باباگەنۆش، کەباب، فەلافل*... ئەسکەندەر قاپی مێوانەکەی پڕکرد. ئەوەش بێ واتا دەرچوو، چونکە پیاوەکە وەک مەلان خواردنی دەخوارد. مجێزنەبوونی بۆخواردنەکە کاری لەئەوانی دیکەش کرد، بە **سۆننیشەوە**، ئەو هەمیشە هەر برسی بوو، کەچی لە خواردن وەستا.

ئینجا کاتێ چاشیان خواردەوە، دوانەدەرەکە دەستی بە وتاردان کرد. دەنگەکەی باریک بوو بەڵام شەپۆلەکانی دەنگی تا دەهات بەرزتردەبوونەوە، وچاندان و دەستپێکردنەوەکەی وەک ئەوە وابوو نامیلکەیەکی نادیار بخوێنێتەوە. ئەو دەربارەی قۆناخەکانی سەرمداری قسەی بۆکردن، چۆن ئادەمیزاد لە رۆژی پەسڵان نزیک بۆتەوە. *ئێمە هەموومان لەسەر فەرەنەدەکە سەیری هەزاربەهەزارەی خوارەوە دەکەین. هەموومان دارمانی سیستمەکە دەبینین.* گەنجەکان وا بەنج کراون پرسیار لە سیستمەکە نەکەنەوە. سیاسەتبازان لە هەموو لایەک نیوەی کردەی بازررگانی مادده بێهێۆشکەرەکانی جیهان دەگێڕن. هەموو ئایدیۆلۆژیەکان خەریکی ئەوەن چۆن بەردەوام مێشکی گەنج بشێوێنن. هەرچی ئەو ئاینزایانەن بەنجی نوێن، حەبی خەولێخستنی جەماوەرن.

'پورەکەم فێمینێستە،' **سۆننی** بەسوکە گرژیەکەوە، چونکە بایی تێربوون نانی نەخواردبوو، وایگوت. ' پرچەکەی لە هی من کورتترە هەمیشەش هەر پانتلۆن لەپێ دەکا.'
'فێمینیزم بۆ ئێمە وەک پیاوی بەفرینە وایە لە بیابان،' دواندەرەکە وای قسە لەسەر قسەی **سۆننی** کردەوە. 'لێرەدا هیچ پێویست بە وان ناکا. ئایا دەزانی بۆ؟'
چونکە ژنان ناشیرین دەکەن. تەنانەت ئەوان چیدیکە مووی قاچەکانیشیان ناکەن، شتێکی قێزەونن.' **سۆنی** وای وەڵام دایەوە.
لەکاتێکدا ئەسما چاوەکانی دەسوڕاند، کوڕەکان پێکەنینی خۆیان شاردەوە. هەر ئەسکەندەر بوو بەتەنها لە دواندەرەکەی روانیبوو. چاوەکانیان بەلێتێگێشتن و هەڵوێستێکی هاوبەش لەمەڕ کاردانەوەی کوڕەکان بەیەک گەیشتن.
'من دەڵێم. برادەرەکانی ئێرەمان راستن، چونکە فێمێزنیزم وا لەژنان دەکا ناسروشتی دەرچن.' دواندەرەکە بەم جۆرە هاتە دوان. 'بەڵام خۆ ئەوە بەرەنجامە، نەوەک هۆکار. پرسیارەکەی من ئەوەیە ئاخۆ بۆچی فێمێنیزم بۆ ئێمەمانان بێ بایەخە؟'
'چونکە ئەوە کێشەی خۆیانە.' ئەسکەندەر وا وەڵامی دایەوە. 'ئەوە شتێکی رۆژئاواییانەیە.'
بە هەڵگرتنی سینییەکی پڕ لە چا، عەلائەدین گوێی لەدوا وشەکان بوو، برۆکانی گومانــاوی وەک کەوانەیان لێهات. بۆ ساتێک ئەسکەندەر هەستێکی هەبوو، عەلائەدینیش شتەکەی لەبارەی دواندەرەکە زانی و حەزیشی پێنەبوو. ***کەسانی وا تۆوی خراپ لەنێو کۆمەڵگادا دەڕوێنن. ئاخر ئەوە لێرە چی دەکا، شت دەئاخنێتە سەری ئەو لاوانە؟*** کاتێک ئەو هەستی بە ناحەزیەکەی عەلائەدین کرد، دواندەرەکە بێدەنگ بوو هیچی دیکەی نەگوت تا چایەکەیان هێنا و کابراش رۆیشت.
'کتومت. فێمێنیزم وەڵامێکی خۆیانە بۆ کێشەکانیان.' دواندەرەکە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، پریشکێکی پێزانینیشی پەڕیە چاوەکانی. 'بەڵام ئەمە چارەسەرێکی شەت و خوارە. ئایا تۆ دەتوانی بە ئەسفەنجێک گۆلێک وشک بکەی؟ فێمێنیزم هەر کاریگەرییێکی وای هەیە. خۆ ئەگەر رۆژئاواییەکان هیچ بەهایەکی خێزانییان نەمابێ و رێزی ئافرەتان

نەگرن، ئەوا چالاکوانەکانی سەر جادە، کە پڕ بەقوڕگیشیان هاوار دەکەن، هیچ لە پرسەکە ناگۆڕن.'

ئەسما ئحمێکی کرد. لە تیلەی چاویەوە ئەسکەندەر نیگایێکی ساردی تێبڕی، شتی خراپی دەگەیاند، بۆیە بە دەمە داخراوەکەی گوتی 'ببورن.'

'رێزی خۆت بگرە.' ئەسکەندەر وای پێگوتەوە.

دواندەرەکە تێبینی ئەو سیما ئاشتیانەی نێوانیانی کرد، وای خۆ نمایش کرد گوێی پێنادا. 'لە رۆژئاوادا خەڵک شێواوە. ئەوان خۆشی و ئازادییان تێکەڵیەک کردووە، ئازادیشیان تێکەڵ بەرەڵلایی کردووە. کەچی ئێمە رێزی دایک، خوشک و هاوسەرەکانمان دەگرین. ئێمە ناچاریان ناکەین جلی وا لەبەربکەن، ببنە بوکەڵەی باربی. ئاخر لای ئەوان،جوانکاری، مۆدەی جلوبەرگ، دیزاینی پێڵاو پیشەسازییەکی قەبەیە. ئەرێ گوێتان لە ئانۆرێکسیا نێرڤۆسا anorexia nervosa بووە؟'

کورەکان سەریان بادا.

'ئەوەش ئالودەبوونە بە خولی جوانی جەستە. ئەو ژنانەی خویان پێوەگرتووە بەردەوام رێجیم دەکەن. ئەوان دوای نانخواردن خۆیان دەرشێننەوە. سالانە لە ئەوروپا و ولاتە یەکگرتووەکاندا بە دەرزەن ژن بە هۆی لاوازیان دەخرێنە نەخۆشخانە. هەندێکیشیان دەمرن. دڵەکانیان کورت دەهێنێ. هێشتاش هەر پێیان وایە قەڵەون.

'برایان، ئەوەش لەبیر مەکەن، کە لە هەمان کاتدا، ساوایان لە ئاسیا، ئەفریقا و رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە برساندا دەمرن. ئەوان پەلکە نانێکی وشکیشیان دەست ناکەوێ. هەرگیز لەژیانیاندا شیرینییان نەبینیوە. لەکاتێک ژنان لە رۆژئاوادا کێکی چوکلات و براندی لە چێشخانە نایابەکان دەخۆن، کەچی خەڵک لە جیهانی سێدا لەبرسان دەمرن.

'خۆ ئەوەش رێکەوت نییە، کە دوو پیشەسازی گەورە و سەرەکی لە رۆژئاوادا کەرەستەی جەنگ و کەرەستەی جوانکارییین. بە کەرەستەی جەنگ ئەوان پەلامار دەدەن، دەگرن، دەبڕن و دەکوژن، کەچی کەرەستەی جوانکاریشیان لەو بێ وەیتر نییە. هەموو ئەو جلە بریسکەدارانەیان، گۆڤارە مۆدەکانیان، پیاوە نێرەموک و ژنە بەپیاوبووەکان، هەموو شتێک بولێڵە و شێوێنەرە. کەرەستەی جوانکاری مێشکیانی داگیرکردووە.'

هەستێکی تۆقێنەر باڵی بەسەر مێزەکەدا گرتبوو. ئەسما لەشوێنی خۆی خەریکی نێنوکەکانی بوو. خواخوای بوو ئەسکەندەر هەندێک کەشەکەی سوک کردبا، تا بیتوانیبا دەستێک لەسەر شانی پیاوەکە دابنێ، پێی بڵێ وا بەخەستی نەیگرێ، بەڵکو هەمووان بە پێکەنین بێنێ. خۆ دواندەرەکە دەیتوانی وابکا، ئەوەشی پێدەکرا، ئاخر ئەو کەسێکی بەتوانا و بوێر بوو. بەڵام هێشتاش کاتێک سەری بەرزکردەوە، نیگای براکەی ئەوەی لێ ڕەچاونەدەکرا، کە هیوای پێبوو. 'ئەلێکس، دەکرێ هەندێ چای دیکەمان بۆ بانگ بکەی؟' ئەسما داوای لێکرد. 'هەموو ئەو قسانە تێنوم دەکەن.'

دواندەرەکە سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد. 'کاتی ڕۆیشتنم هاتووە. خۆشحاڵ بووم بە بینینتان.' کاتێکیش هەڵسا، ڕوی لە ئەسکەندەر کرد. 'ئەرێ بۆچی ئەو پێتدەڵێ ئەلێکس؟'

'گوێ مەدەرێ. ئەو خوشکی منە... هەموو کەسێک وام پێدەڵێ. خۆت دەزانی ئەوە کورتکراوەی ناوی...'

'ئەلێکس کورتکراوەی ئەسکەندەر نییە،' دواندەرەکە ئەمەی بە ناپەسەندییەکەوە گوت. 'براکەم، جارێکی دیکە بیری لێبکەرەوە. ئایا ئێمە ناوەکانمان وا دەگۆڕین تا بەریتانییەکان بە ئاسانی گۆی بکەن؟ چی دیکەمان ماوە دەستبەرداری بین؟ هەردەبێ ڕێگەیەکی دیکە هەبێ. وا لەهەمووان بکە ناوەکەت بەتەوای و بە ڕێزەوە بڵێن.'

بەدەم گوتنی ئەم قسانە، کابرا ڕۆیشت، لەدوای خۆیشی بێدەنگییەکی هەراسانی بەجێهێشت.

ئیسکەندر بە گرژییەوە هەڵسا. من ئەسما دەگەڕێنمەوە ماڵ و دێمەوە.'

'هێی، من نامەوێ جارێ لێرە بڕۆم.'

بەڵام ئەو گەیشتبووە لای دەرگاکە. ' دەی هەر ئێستا بێ دواکەوتن.'

ئەسما بە نابەدڵیەوە دوای کەوت. کاتێکیش لە قاوەخانەکە دەرچوون گەیشتنە سەر شەقامەکە، ئەسما هاواری کرد: 'ئای بە جەهەننەم. من حەزم بە چارەی ئەو کوڕە نەبوو. مستەر فلان، لوتی لە ئاسمان بوو.'

'تۆ دەکرێ خۆشت نەوێ بەڵام ئەو جەنگاوەرێکە.'

'ئەو ڕەق و زبرە.'

'هەرکاتێک واقیع ڕەق و زبر بوو تۆش دەبێ وابی.'

'دەی کاکە، ئەو خوێڕی بوو، تەنانەت هەر چاویشی لێنەکردم.'

'هەی دەبەنگ، ئەوەش لەبەر ئەوەی بوو ڕێزی لێگرتی. ئایا پێتباش بوو سەیری قاچوقولت بکا؟ ئایا تۆ ئەوەت دەویست؟'
'ئۆو، ئەریّ چیت لێقەوماوە؟، ئەسما وای پێگوت، دەستەکانیشی بەرزکردنەوە. 'هێوربەوە! ئەو هەموو شتە قۆڕەت لە مێشکدایە.'
'ئەسما، ئاگات لە زمانت بیّ.'
'وای چەند ترسام!'
'گوێبگرە. چیدیکە نایەیتە نێو کۆبوونەوەکانی ئێمە. خۆ من ناتوانم بەردەوام چاوێکم هەر لەسەرت بیّ.'
'کیّ دەڵیّ چاوێکت لەسەر من بیّ؟' ئەسما وای پێگوتەوە. 'دەتوانم ئاگام لەخۆم بیّ، زۆر سوپاس بۆ تۆ. ئەوە هەموو هەڵەی دایکەیە. ئەو هەر پەسنی تۆ دەدا. ***مالا من، بەرخا من***[10*]. ئێستاش پێتوایە کە سوڵتانی هاکنی!'
'دەمت داخە.'
ئەسما تێبینی گۆڕانی تۆنی دەنگی براکە و مستبوونی پەنجەکانی نەکرد تا کارلەکار ترازا. ئەو هەر خەریکی قسەکردن بوو. 'ئێمە دەستەیەکین، تۆ و من. ئەوە هەر بۆ خۆشی بوو. واباشە پێبکەنین. هەنوکەش هیچ گاڵتە لەگۆڕێدا نییە. سەیری خۆت کە، سەیرکە چەند جوان ئاگات لە خۆیە.'
ئەسکەندەر شانی خوشکی گرت و ڕایپێچایە لای دیوارەکە. 'خەڵک وا لەسەر شەقامەکان لێیان دەدەریّ، لە هەفتەی دواییدا ئەوەندەیان بە بەرد لە پیرەمێردێک دابوو تا لەهۆش خۆی چووبوو. ئاخر چ گاڵتەیەکە تۆ باسی دەکەی؟'
'ئۆو، کەواتە تۆ پاڵەوانێکی گەورەی، دەی تکایە رزگارمان کە.'
زللەکە لەپڕ هات، وەک ئەوەی لەهیچ شوێنێکەوە نەهاتبیّ. ئەسما رومەتی خۆی گرت، زۆر هێدمەگرتی ببوو.
'لێرە دورکەوە،' ئەسکەندەر بیّ ئەوەی سەیریشی بکا وای پێگوت. 'ئاگادارت دەکەمەوە، ها.'
بینی براکەی بەڕاکردنەوە بەرەو قاوەخانەکە رۆیشتەوە. جارێکیان پێیوابوو براکەی وەک بەری دەستی خۆی دەناسیّ، بەڵام ئەمە درێژەی

---

[10] مالا من، بەرخا من malamin, berhamin لەدەقەکە وەک خۆی هاتووە.

شەڕەف.........................................................

نەکێشــا. ئەو هەمیشــە خوشــکەکەی لە کەســانی دیــکە دەپاراســت. هەنوکەشی لەگەڵدا بێ، ئەسما بـۆ یەکەمجـار هەستیکرد، دەبـێ خـۆی لەو بپارێزێ.

## ماسیێکی خاتونەی قاوەیی گەورە
لەندەن، تەموزی ١٩٧٨

دوای دیارنەمانی تۆبیکۆ بەچەند هەفتەیەک، کاتێ یونس بەدوایدا گەڕا و دۆزیەوە، کەوتە رەوشێکی تێکەڵە لە ئاسودەیی و ترسەوە. بەسەرێک ئاسودە بوو کە کیژەکەی دۆزییەوە، ئاخر خەریکبوو لەپرسی سەروسۆراخکردندا هیوابڕ ببێ، بەڵام دیسان ترسوبیمی ئەوەی هەبوو سەرلەنوێ بزری بکاتەوە. ئیدی وای خۆ پێوە گیرکرد وەک پولەکە بە ماسی.
کچەکە بە شێوەیەک لەشێوەکان گۆڕابوو، هەندێ کێشیشی زیاکردبوو. پرچە رەش و بریسکەدارەکەی وەک بریسکەی لم بوون لەبەر باران، هێشتا درێژ بوو، بەڵام سەرە پرچەکەی بە سەوزێکی رەونەقدار بۆیەکردبوو. ئەڵقە زیوینەکەی لێوی خوارەوەشی بە دوگمەیەکی ئارایشت گۆڕیبووەوە. لەهەر گوێچکەیەکیش نیو دەرزن دڵی سورباو، کە وەک دڵۆپە خوێنێکی بچووک وابوون، هەڵواسیبوو. یونس ژماردنی، سەرنجی لەوەدا، گوێچکەکانی چەند بچوک و جوانن.
تۆبیکۆ قەلاقوپی لەوە کردبوو پێیبڵێ ئەو ماوەی پێشو لەکوێ بووە، ئاخۆ بۆچی لەشوێنەکەی ئاگاداری نەکردبووەوە. ***ئازیزم، چ لێرە بێ یان لەوێ، پێویست بە هەوا گۆڕینێک هەیە.*** یونسیش لەو شوێنەی لێی دەمێنێتەوە بێزار ببوو. ماڵێکی بچوکی سێ هۆدەی نوستن لەگەڵ کاپتن و دایکی. چەند کەسێکی پەڕاگەندەی دیکەشیان لەگەڵدا بوون.
خانم پاولی بێوەژن، دایکی کاپتن، مامۆستایەکی خانەنشین بوو. لەراستیدا زۆریش لەو دەستەیە رازی نەبوو، کە لە بن هەنوانەکەی ئەودا دەژیان، بەڵام قایلیش ببوو بۆ ماوەیەک میوانداریيان بکا، بەو هیوایەی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کوڕە تاقانەکەی بەسەر ببا. ئەو جێگەی خۆی بۆ ژورێکی نهۆمی دووم گواستبووەوە، کە تەلەفزیۆن و ئاوی گەرمیشی لێبوو، باقی ئەپارتمانەکەشی دابوویە پەڕاگەندەکان.

بەدەگمەنیش لە هۆدەکەی دەردەچوو، هەموو ژەمەکانی لەوێ بۆخۆی ئامادە دەکرد، واش خۆی نمایش دەکرد، کە باکی بە جەنجاڵیەکەی خوارەوە و بۆنی حەشیشەکەی ئەوێ نەبێ.
بۆ یەکەمینجار کە یونس لەو ئەپارتمانەدا سەردانی کردن، لەسەر قەنەفەکە بەخۆی و جەستە وردیلەکەی و خەندەکەی لەتەنیشت تۆبیکۆوە دانیشت.
'ئەوە چارەسەرێکی کاتییە،' کاپتن ئەمەی بۆ رونکردەوە. 'ئێمە لێرەین تا ئەوکاتەی دەگەڕینەوە شوێنە کۆنەکەمان. ئەوسا لەوێ هەمووان کۆدەکەینەوە.'
'ئێمە ماڵە کۆنەکەمان دەگەڕێنینەوە، ئەمجارەشیان کەس ناتوانی دەرمان بکا. ئاخر پەندمان لێوەرگرت،' **بۆگارت** وایگوت و جگەرەشی لەسەر لێو و گیتارێکیشی پێبوو، کە تەنها دوو تەلی پێوە مابوون. 'ئێمە شاپیان تێهەڵدەدەین.'
لەوێدا کەسێکی نوێ هەبوو، سەرێکی بێ پرچ تەنها تۆپەڵە پۆڕە قژێکی لە تۆقەسەردا هەبوو، ئەویشی بە رەنگێکی پرتەقالی بۆیە کردبوو. نازناوەکەی مستەر فیلچ(دزەکە) بوو، چونکە باوەڕی وابوو، پێویست ناکا پارەی هیچ شتێک بدا، پارەی کتێب، نەوار، خواردن و جلەکانی ژێرەوەی. جارێکیان جوت پێڵاوێکی مارکەی دۆک مارتینی دزیبوو، هەر تاکەی خستبووە ناو سەردەستەی چاکەتە فشوفۆڵەکەی. لەوکاتەی لە پشتەوە دانیشتبوو، خۆی لەقسان هەڵقورتاند و گوتی، 'بەڵێ، تۆ لە پشیلە دەچی، زامی خۆت دەلێسیەوە.'
یونس گوێی لە قسە قۆڕ و بێتامەکانیان گرتبوو، دڵخۆش بوو جارێکی دیکە پێیان گەیشتەوە، شێوازە سەیر و سەمەرەکەیان سەرنجی راکێشابوو. **بۆگارتیش** کەیفسازیەکەی سەرنجدابوو، بۆیە گوتی، 'ئەم بچکۆلەیەش لە پشیلە دەچێ.'
'تۆش ئەو تریانە گەرمونەرمە بچکۆلانەیەی ئەوی،' ئەمە قسەی کاپتن بوو بە چاونوقاندنێکەوە بە تۆبیکۆی گوت.
تۆبیکۆش پێکەنێ، بەڵام کەم، بۆئەوەی یونس بریندار نەکا. بۆئەوەی بابەتەکەش بگۆڕێ، کچەکە روی دەمی لە بۆگارت کرد و لێی پرسی، 'ئەرێ تۆ چی دەژەنی؟'

ئـۆو، ئەوە گـۆرانیەکە و دامنــاوە. خـۆت دەزانــی بیـرم لە راوەدونــانی پەڕاگەندەکان دەکردەوە، سێشەمەیەکی خوێناوی بوو بۆمان. شتێکی لەو جۆرە، بۆیە گۆرانیەکەم بەناوی سێشەممەی خوێناوی داناوە.'

ئیدی خۆ پێویستی بە هاندانێکی دیکە نەبوو، **بۆگارت** دەستی بە گۆرانی گوتنەکە کرد. ئاوازەکەی ناخۆش بوو، هۆنراوەکەشی لەو پۆلکتر.

***من لەسەر لێوارم، من نەدارم پێویستدارم،***
***وەک بەردێک فڕێدراێتە کونێکەوە،***
***ئەم کونە ، ئەم کونە، ئەم کونە، ئەم کونە،***
***هەیتەکان بەر لە راکێشان فیکەیان لێنەدا،***
***سێشەممەی خوێناوی، ناخۆشترین رۆژ.***
***راپەڕن دژی رژێما ئاخر ئەو بێ گیانە!***
***بێ گیان، بێ گیان، بێ گیان.***

**ئیگــی پــۆپ**، کە چــاکەتێکی ئەفغــانی و کراســێکی رەنــگ پرتەقــالی لەبەردابوو، بە ئاستەم گۆی مەمکی داپۆشیبوو، هەردوو گوێکـانی بە پەنجەکان گرتبوون. 'پەکو، ئەرێ ناکرێ ئەو دەمە نەفرەتیەت دابخەی!'

**بۆگارت** لەنیوەی گۆرانیەکەی وەستا و هاواری کرد "چی؟'.

'کابرا، ئەوە شتێکی قۆڕ بوو،' **ئیگی پۆپ** پێی گوتەوە.

'خۆ رۆژەکە سێشەممەش نەبوو،' تۆبیکـۆش وای پێگـوت. 'کـاتێ بەسـەر ئێمەیان دادا چوارشەممە بوو.'

**بۆگارت** برۆکانی لێکنا، 'کێ وادەڵێ؟'

یونس نیوە دڵشـاد و نیـوەش دردۆنـگ گـوێی ڕاگرتبـوو، دەیزانــی چـۆن ئەوان خێـرا لە رەوشـێکی کەیـف و زەوقەوە دەگـۆڕێن و دەکەنە شـەڕ و هەراوهوریا، بەرد دەگرنە یەکدی، دەرگـا قـایم دادەخەن، جـوێن بەیەک یان بە خۆیان دەدەن.

'ئەرێ ئێوەی سەر قفڵ چی زیاتر دەزانـن؟' **بۆگـارت** دەسـتی بە جوێنـدان کـردەوە. بـۆ سـاتێک وەسـتا، پاشـان جـوێنی بە **تۆبیکـۆش** دا. 'تـۆی نەگبەت لە بیریشت نەماوە قاوەڵتی بەیانیشت چی بووە.'

'دەی بـا لە یـونس بپرسین،' تۆبیکۆ وای پێشـنیاز کـرد، 'خـۆ ئەو بـێ لایەنە.'

'بێ لایەنی هەرامەمە،' کاپتن ناڕازی بوو. 'ئەو ئەوەندە متوی تۆیە، پیی بڵێی بەفر رەشە، کتومت وادەڵێتەوە.'

یـونس سـورهەڵگەڕا، بەڵام وای خۆنمـایش کـرد گـوێی لـێ نیـیە، دەشیزانی دەبووایە شتێک بڵی، تا سەرنجیان بۆسەر باسێکی دیکە ببـا. بۆیە رایگەیاند، 'ئەرێ برادەرینە من دەمەوێ تاتوێکم هەبێ.'

بۆگارت لە قرتەی پێکەنینی دا، 'پەکوا!، ئەو کوڕە زۆر خۆشە، ها!'

'ئێمە بۆی دەکەین،' **ئیگی پۆپیش** وای گوت. 'کێشە نیـیە، مـن باشـترین وەستای تاتوم لەم شارەدا.'

'خۆشەویسـتەکەم، ئـاخر ئەدی دایکـت لێـت پەسـت نـابێ؟' تۆبیکـۆ بە سۆزەوە وای لێپرسی.

یونس پێشتر بیـری لێکردبـووەوە. 'بەڵـێ، ئەگەر بیبینـێ. بەڵام تـۆ گەر تاتوکە لە شوێنێک لەسەر پشتم بکوتی، ئەو هەر پێشی نازانێ.'

مستەر **فیلچیش** گوتی، 'کوڕێکی زیرەکە.'

'مـن دەچـم کەلوپەلەکـان دێـنم،' **ئیگـی پـۆپ** بە دەسـت هەڵگڵـۆفتنەوە وایگوت.

'منیش دەبێ میزێک بکەم،' یونسیش خێرا ئەمەی گوت.

لە داڵانەکەی سەرەوە لە هەردوو سەردا دەرگا هەبـوو. دوای سـاتێک لە دوودڵی، یونس دەرگای لای دەستە چەپی کردەوە. بەوە سەرسام بـوو، کە ژنێکی بینی لەسەر پێخەفەکەی بە جلی خەوەوە راکشابوو، بسکوێت دەخوا و سەیری ئەڵقەیەکی نوێی بەرنامەی **ذە ساوش بانک شۆو** دەکا. پرچەکەی پەرشوبڵاو بوو، وەک هێلانە چۆلەکەی لێهاتبوو، بەگـوێرەی ماسکەرە و هێکڵەکانی دەموچاوی بێ هەر دەبێ گریابێ. دیاربوو هەندێک شێتۆکانەش بوو.

،خانم ببوورە.'

خەریکبوو یونس بچێتەدەر، کاتێـک ژنەکە بردەبردێکـی لێـدەرچوو، بـێ ئەوەی چاوی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکەش بتروکێنێ، 'ئەرێ تۆشیان هێنـاوەتە ریـز؟' کـوڕەکە لە شـوێنی خـۆی وەسـتا، دڵنیـا نەبـوو ئـاخۆ قسەکە لەگەڵ ئەو بوو یان نا، 'ببورە؟"

'ئەرێ تۆشیان هێناوەتە ریز؟' ژنەکە قسەکەی دووبارەکردەوە. 'ئەرێ تۆ دەبیتە بچوکترین لانەواز لە ئینگلستاندا؟'

'نەخێـر،' یـونس بە هۆشـدارییەوە وەڵامـی دایەوە. 'ئەوە چـاکە،' ژنەکە وایگوت، هێشـتاش هەر ڕوی لە تەلەفزیـۆن بـوو. 'هەمـوو ژیـانم لەگەڵ منداڵاندا کارم کردووە، بەڵام نەمتوانیوە کۆمەکی کوڕەکەی خۆم بکەم.'

ئەمجارەیـان یـونس وریایـانەتر سـەیری ژنەکەی کـرد، خـانم پـاولی ناسیەوە، ئەو مامۆستایەی هاتبووە لای دایبابی سەبارەت بە خوێنـدنی خوشکەکەی قسەبکا. ئەوەشی بینی چەنـد لـە کـاپتن دەچـێ، تەویڵێکـی بەرین، کەپوێکی درێژی سـەر گـۆزیلە، چاوەکانیشـی بەلای خۆڵەمێشـی دەیڕوانی.
'کاتێک کوڕەکە لەتەمەنی تۆدا بـوو زۆر نـازدار بـوو،' خـانمەکە لەسـەر قسـەکانی بەردوام بـوو، 'منـدالآن کاتێـک سـاوان زۆر دڵشـادن، بەڵام کە دەکەونە گاگۆڵەکردن، هەمـوو شـتێک دەشـکێنن، کـاتێکیش گەورە دەبـن رقیان لێت دەبێتەوە!'
خـانم پـاول ئـاوڕی لە یـونس دایەوە، نیگاکـانی وەک تیشـکی پشـکنین وابوو. چەند پۆقژێکی رەش لەبن چاوی هەبوو. دیاربوو شـەکەت ببـوو، پێویستی بە خەوێکـی بـاش هەبـوو. 'ئـازیزم، ئەرێ چـۆن بـانگی دایکـی خۆت دەکەی؟'
یونس گوتی، 'من... بانگی دەکەم "دایکە".'
'چـاکە، دە پێـی بڵـی ئەو ژنێکـی بەخـتەوەرە. کـوڕەکەم پـێم دەڵـێ "سیستمەکە" پێیوایە من لێبوکێکی بۆرژوازیم!' ئـاهێکی بـۆ هەڵـدا. 'ئایـا پێت وایە ئەو راست بێ؟'
'ئۆو، نەخێر،' یـونس بە دردۆنگیەوە وای گـوت. ئەوسـا بیـری هـاتەوە هەرسـاتێک پـێش ئێسـتا بەڵێنـی بە تۆبیکـۆ دابـوو، نـابێ هەرگیـز سیستمەکە نزیکی بکەوێتەوە. هێشتاش نەڕۆیشتبوو کە گوتی، 'پێمـوایە تـۆ خـانمێکی جـوانی. بەس ئەوەنـدە هەیە لە بەر خۆرەتـاودا خـۆت ببینیتەوە.'
ژنەکە بەر لەوەی لە قرتەی پێکەنین بدا، کەمێ سڵەمیەوە. هەنـدێ مـوڕ بووەوە، بەڵام کاتێ سەیری ئەوێی کـردەوە، تروسکاییێکی نـوێی لەنێـو چاواندا پەیدا بوو. 'ئەمەیان شیرینترین قسەیە، کە لەم دواییانەدا گوێم لێ بووبێ.'
'خانم، خوا حافیز.'
کـــاتێکیش یـــونس گەڕایەوە ژوری دانیشـــتنەکە، بینـــی تۆبیکـــۆ لای پەنجەرەکە دانیشتووە، سەیری مەلێکی نێو بـاخچەکە دەکـا، پەڕەکـانی لەبەر تیشـکی رۆژی دوای نیـوەڕۆ دەدرەوشـێنەوە. کـچەکە دوو کـوپی

چوکلاتی گەرمی ئامادە کردبوو. کاتێک شۆکۆمێلکەکەیان دەخواردەوە، یونس وێرای بڵێ، 'دەکرێ شتێکت لێبپرسم؟'
'بەدڵنیاییەوە، بچکۆڵەکەم.'
'شتەکە دەربارەی نهێنییەکانە،' یونس ئەمەی بە دەمارگرژیەکەوە گوت.
'خوشکەکەم دەڵێ هەرگیز نابێ نهێنیت لای کەس بدرکێنی، تەنانەت لای قامیشەلانیش.'
تۆبیکۆ بە تامەزرۆوە لێی روانی. 'من دڵنیا نیم تۆ باسی چی دەکەی.'
'پێموابێ دەتوانم بپرسم... ئەگەر کەسێک هەبێ و خۆشت بوێ، ئەو کەسەش رازێکی هەبێ و کەس پێی نەزانێ و هەندێ بێزارکەریش بێ... بەڵام تۆ پێت زانیبێ. ئایا پێتوایە پێی بڵێیتەوە یان نا؟'
'واو، ئەمەیان شتێکی سەختە. پێموابێ باشتر وایە قەلاقوپی لێ بکەی.'
بە دەربڕینی ئەم وشانە، تۆبیکۆ بەهێواشی سەری خۆی خستە سەر شانی کوڕەکە، بێ ئەوەی هەموو قورسایشی بخاتە سەر. دڵی یونس لە بازندەی دەستیەوە خێرا کەوتە کوتەکوت. خۆزگەی ئەوەی دەخواست ئەم ساتەی هەرگیز کۆتایی پێ نەهاتبا. بەڵام زۆری پێنەچوو کاپتن و ئەوانی دیکە بە خۆیان و سندوقی کەلوپەلی کوتانەکە گەڕانەوە.
'زۆر چاکە، دەی با کاری خۆمان بکەین.' **ئیگی پۆپ** گوتی، 'سەیرکە، ئەمە هەندێک ئازارت دەدا. ئایا لەگەڵی هەڵدەکەی؟'
یونس بە لێوکرۆشتنەوە سەری لەقاند.
'باشە چ جۆرە تاتوێکت حەز لێیە؟ وشەیەک؟ هێمایەک؟'
'زەحمەت نەبێ دەکرێ نەهەنگێکم بۆ دروست بکەی؟' یونس وای پرسی.
'نەهەنگێک وەک ئەوەی پێغەمبەرەکەی قوت دا.'
کاتێکیش کوتانەکە تەواو بوو، زیاتر بە ماسیێکی خاتونە(سەلەمون)ی قاوەیی گەورە دەچوو، ئەو جۆرە ماسیەی، کە نازێی داپیرە، حەزی لێبوو لە دنیاکەی دیکەدا ببینێ.

## سەرداری ماڵێ

*لەندەن، سێپتێمبەری ١٩٧٨*

دیداری چوارەمی ئەسکەندەر لەگەڵ دوانـدەرەکە لە دیـدارەکانی پێشـوی جیاوازتر بوو. پیاوەکە ویستی ئەسکەندەر بە تەنها و لە شوێنێکی دیکە ببینێ، نەوەک لە قاوەخانەی ئەشکەوتی عەلائەدین. ئیدی لەسەر ئەوە رێککەوتن لە پارکی ڤیکتۆریا یەکدی ببینن.

ئەسکەندەر بە هەنگاوی لێبڕاوانەوە لە دەروازەی **رۆیـال گێیـتەوە** بەرەو فوارەی ڤیکتۆریا رۆیشت. ئەو کاتێک دوانـدەرەکەی بینـی پشـتی دابـووە دارە ئەرخەوانــیەکە، هەگبەیەکــی قوتابخــانەیی لە تەنیشــت بــوو، دەســتەکانی لەنێـو بەرکەی دابـوون، سیمای لە رامـانێکی قووڵـدابوو، بەڵام نەدەزاندرا چیبوو، هەندێ خاوی کردەوە. لەدورە کە سـەیری کـرد زەحمەت بوو بزانێ ئـاخۆ دەمـێکە چـاوەڕێ دەکـا یـان تـازە گەیشـتووە. ئەمـڕۆ چـاویلکەیەکی ئەسـتوری لەچـاودایە، کە شـێوەی دەموچـاوی سەیرئامێز چوارگۆشـانە دەرخسـتووە. پێڵاوێکـی قـاوەیی دەنـوک تیـژی لەپێدایە، چاکەتێکی فشوفۆڵی رەنگ کاڵ بووەوە و جۆرە کـابۆجینزێکی لە پێـدایە لەوانەی هەر دایــک بــۆ کــوڕەکەی خــۆی دەیکــڕێ، ئــاخر ئەسکەندەر وای بیر لەخۆی دەکردەوە.

'سڵاو،' ئەسکەندەر بەدەست بەرزکردنەوە سڵاوی لێکرد.

دوانــدەرەکەش خەنــدەیەکی کــزی بــۆکرد. 'دەی وەرە، بــا بەیەکەوە پیاسەیەک بکەین.'

هەرچەندە ئەسـکەندەر میزاجیشـی تەواو نەبـوو، بەڵام قایـل بـوو، پێـی گوت. 'بە دڵنیاییەوە.'

رۆژ لە جەرگەی ئاسـمانێکی سـاماڵ دەدرەوشـایەوە. گـۆمەکەی نزیکیـان وەک رایەخێکـی کەسـک بـاڵی خـۆی راکێشـابوو، هەنـدێ تەمومـوژیش لەبەرەی گۆلەکەوە کەوتبـووەوە. لەوێـدا چەنـدان دایـک و بـاب لە گەڵ منداڵەکانیان پارچە نانیان بۆ مراویەکـان ورد دەکـرد. چەنـد کەسـێکیش

لەولاوە بە نەرمەغار دەڕۆیشتن. جوتێکیش لەنێو گیاکە خەریکی بەزمی ماچوموچی خۆیان بوون. ئەسکەندەر سەرنجی دا، دواندەرەکە نیگای خۆی لەسەر وەرگێڕا، دەمارە لاوازەکەی سەر نێوچاوانی هەندێک بەل بوو. لەکۆتاییدا لە رۆیشتنیشدا ماندوو بوو، لەولاوە قۆپەنە دارێکیان بینی، شوێنێکی لەبار تا دوو بەدوو قسەی تایبەتی خۆیانیان بکەن.

'پێموایە تۆ کەسێکی خاوەن دۆستایەتییێکی پتەوی،' دواندەرەکە وای پێگوت.

'بەڵێ. برادەرەکانم زۆر باشن. ' ئەسکەندەریش بە ڕەوانییەوە وای پێگوتەوە.

'ئەریٚ تۆ سەردەستەیانی؟'

ئەسکەندەر دوودڵ بوو. هەر گیز ئەو بەو شێوە ئاماژەی بە خۆی نەداوە.

'ئەوەش قەیناکا،' دواندەرەکە بە مێشکخوێندنەوەی ئەسکەندەر، وایگوت. 'ئەوە زۆر باشە، کە تۆ بەرپرسیان بی، بەڵام تۆ وات نمایش نەکردووە وابی. ئەمەش جوامێرییە.'

ئەسکەندەر، کە کەس پێشتر بە جوامێر بانگی نەکردبوو، نەشیدەتوانی هەست بە جۆرە شانازییەک نەکا گوتی، 'سوپاس.'

'هاوڕێکانت تا ڕادەیەکی شایستە، گونجاون؛ بەڵام بەڕاستی هێشتا نەوجەوانن. ڕێگایەکی دورودرێژیان لەبەردەمدا ماوە. تۆش جیاوازی، تۆ زیاتر کامڵی. ئەریٚ ئەوە چۆنە واکەوتۆتەوە؟'

'ئاخر باوکم لەو نێوە نییە،' ئەسکەندەر گوێی لەخۆی بووەوە وای گوت. 'من دەبووایە خێرا گەورە ببم، ئەگەر تۆ لە مەبەستەکەم بگەی.'

دواندەرەکە سەری بۆ لەقاند. 'چاکە، ئەمە پرسەکە شیدەکاتەوە.'

ئەسکەندەر هەستی بە گەرمیێک کرد، هەستی بە شلەیەک کرد لەنێو دەمارەکانیدا دەگەڕێ. ئەو پێشتر پەی بەمە نەبردبوو، هەرچەندە ئەم رەوشە هەمیشە لەبەردەم چاوەکانی بووە. ئەو زۆر خێرا گەورە ببوو.

'من نۆبەرەم، تێدەگەی. من بەتەمەنترینم لەنێو خوشک و براکانمدا.'

'من خوشکەکەتم بیرکەوتەوە،' دواندەرەکە وای پێگوت و دەنگەکەشی هەندێک پشێوی تێکەوت.

'بەڵێ،' ببورە، ئەویٚ جاریٚ ئەو هەندەک لەگەڵ تۆ توند بوو.'

'ئەوە قەیناکە. من لۆمەی ئەو ناکەم. ئەو گەنجە. مێشکی سەرلێشێواوە. ئەو شتانەی ئەو لە کیژەکانی دیکە، لەو گۆڤارانەی دەیانخوێنێتەوە،

له تەلەفزیۆن وەریدەگری، هەڵبەتە وایلێدی. ئاخر ئەو هەمووو پڕوپاگەندە بارانە، هەروای لێدەکەویتەوە.'
ئەسکەندەر بە لێو گەستنەوە گوێیگرتبوو.
'شتەکە بۆ ژنان سەختترە، ئەمەش پرسەکەیە. ئاخر زۆر هۆکاری لەخشتەبردنیان هەن. ئەو هەموو باقوبریقەی جیهانی مۆدە، ئەوسا گەڕان بەدوای هاوسەرێکی دەوڵەمەند، ئایندەیەکی گەش، ئیدی زنجیرەکە هەرگیز کۆتایی نایە.'
ئەسکەندەریش گوتی، 'راستە.'
'خۆ ئەگەر لە دڵت گران نەبێ، دەپرسم ئاخۆ باوکت بۆ لەو ناوە نییە؟'
شەویلاگەی ئەسکەندەر جارێکی دیکە بە هێواشی جوڵا، وەک ئەوەی یەکەمین وەڵام بە مێشکی دابێ. لەبەر چاوی بەرامبەرەکەیدا هەستی بە نارەحەتیەک کرد. تۆبڵێی ئەمە تاقیکردنەوەیەک بێ؟ تۆبڵێی ئەم کابرایە شت دەربارەی باوکی بزانێ؟ تۆبڵێی ئەو تاقی بکاتەوە، ئاخۆ متمانەی پێدەکا؟ خۆ ئەگەر ئەمە تاقیکردنەوە بێ، ئەوا ئەو حەزی پێ ناکا. 'ئەو ژیانێکی دیکەی هەیە. ئەمە هەموو شتەکەیە.' بە کورتی وای پێگوت.
'ئاوها.'
'ئاخر چۆنە، تۆ کەمترین شت دەربارەی خۆت نادرکێنی، کەچی لە هەموان چاوەڕێ دەکەی پەردە لەسەر شتەکانی خۆیان هەڵدەنەوە؟'
دوانزدەرەکە خەندەیەکی بۆکرد، لە هێما تەوسدارەکەی گەیشت. 'ئەمەش ئەو شتەیە لەتۆدا خۆشم دەوێ. تۆ گەلێ کارتت هەن. خۆ ئەگەر حەزت بە چارەی هەڵسوکەوتی یەکێک نەبێ، ئەوا لەگەڵی ڕێناکەی. تۆ بەزگماک کەسێکی سەرکێشی. حەزت بەوە نییە کەس تەنگەتاوت بکا.'
'ئەمە راستە،' ئەسکەندەر وای پێگوتەوە، 'نا بۆ شتی قوڕ.'
'بەڵێ. من ڕێزم بۆ ئەمە هەیە. پێموابێ منیش وەک تۆ حەزم لێ نییە بکرێمەوە. بەڵام ئێستا کە پرسیوتە، منیش دەیڵێم.'
ڕوی ئەسکەندەر نەرم بوو، بەهۆی ڕەخنەکەشی، هەستی بەهەندێ هەراسانی کرد.
'خالیدی باوکم لە میسر لەدایکبووە و لە ١٩٥١یشەوە هاتۆتە بێرمینگهام. لەکاتێکدا شەوانە کاری دەکرد، خۆی خۆی فێرە زمانی ئینگلیزی کردووە. *ئەگەر تۆ زۆر خۆت ماندو نەکەی، لەئەنجامدا بەهیچ ناگەی.* وەک خۆت دەزانی گەورەترین ترسی ئەوەبوو بە هیچ نەگا! بۆیە

جلەكان، خواردن و خووخدەی خۆی هەمووی گۆڕی، بەڵام ئەكسێنتەكەی هەر پێوە مـایەوە. ژنێكـی ئینگلیـزی هێنـاو منیـان پەیـدا بـوو. ئەوان كەسانی رێك و جوانن. تكایە بە هەڵە لـێم تـێمەگە. كێشـەكە ئەوەبـوو، ئەوان وا سـەرقاڵی كاروبـاری ئەم دنیـایە بـوون، شـتی داهاتویـان فەرامۆش كرد. ئەوان بڕوایان نەبوو، من زۆریان بۆ بە پەرۆشم.'

كچێـك بە پـێڵاوی تـایە لەبـن بە تەنیشـتیاندا تێـپەڕی، كە چـاكەتێكی بێسـبۆل و شـۆرتێكی لەبەردابـوو، هەردووكیـان رەنـگ پەمـبە بـوون، ئەسكەندەر سەیرێكی قـاچ وقولەكـانی كـرد، بەرلـەوەی بگەڕێـتەوە سـەر ئەوەی بەنیاز بـوو بە دوانـدەرەكەی بڵـێ. 'بەڵـێ، بەڵام خـۆ لەدواییـدا، ئەوان دایبابی تۆن.'

'منیش خۆشم دەوێـن، بەڵام ئەوەش واتـای ئەوە نـاگەیەنێ، كە رێزیـان بگـرم. خۆشەویسـتی و رێزگـرتن دوو شـتی تەواو لـەیەك جیـاوازن. خـۆ ئەگەر دایبابت كەوتنە هەڵەوە، دەبێ روبەڕوویان بوەستیتەوە.'

ئەسكەندەر، كە نەشیدەزانی بەم گـوتنەی دەگـاتە كـوێ گـوتی، 'بـاوكی منیش، كاتێ گەورەبووین نەمان بینییەوە. ئینجا ماڵەكەشی بەجێهێشت. سەروبەندی ساڵێك دەبێ رۆیشتووە.' هەوڵیدەدا بابەتەكە هێندە قـوڕس نەكا، بەڵام نەشیدەتوانی دەنگی لەرزۆكی بشارێتەوە.

دواندەرەكە چـاویلكەكەی بـردەوە سـەرچاوان و لـە ئەسكەندەری روانـی. 'كەواتە هەنوكە تۆ سەرداری ماڵێی. ئەوەش هەردەبێ شتێكی قوڕس بێ. تـۆ دەبـێ بەهێـز بـی. زۆر باشیشـە بۆكسـێن دەكەی. بەڵام خـۆ لایەنە مۆڕالەكەشت پێویستی بە بەهێزكردن هەیە.'

'تێدەگەم مەبەستت چییە.' ئەسكەندەر وایگوت، لەوەش دڵنیـا نەبـوو، كە وایە.

دواندەرەكە جانتاكەی كردەوە و دوو ناميلكەی دەرهێنان. 'ئەمـانە بگـرە. هەر كاتێ لـە خوێندنەوەیان بویتەوە، دووبارە دەپەیڤیـنەوە. پێشـم بڵـێ چیت لەنێو ئەوانەدا بەدڵە. ئازادیشی گەر بڵێی بەدڵم نین.'

'ئەسما حەزی لە كتێبانە. من ئەوەندە خولْقی خوێندنەوەم نییە.'

'باشـە، كەواتە دەبـێ ئەو شـتە بگـۆڕدرێ.' كاتێـك دوانـدەرەكە ئەمەی پێگوت، بە جۆرێكی سەردارانە نەبوو، زیاتر مەبەست پێكان بـوو. 'وەك چۆن ترومبێل پێویستی بە سوتەمەنییە، مێشكیش ئاوهـا پێویسـتی بە

بیـرۆکەیە تـا کاربکـا. بەشـێوەیەکی بەربڵاویـش هـزر لە کتێبـانەوە وەردەگیرێ.'

'بەڵێ، پێموایە راست دەکەی.'

'هەر بەو بۆنەیەشەوە، ئەم نامیلکانە با بۆخۆت بن، دەتەوێ؟'

'تۆ دەکرێ متمانەم پێ بکەی.' ئەسکەندەر وایگوت و خەریکبوو شتێکی دیکەش بڵێ، بەڵام چاوی کەوتە سەر کاتژمێرەکەی دەستی. 'ئۆو، نـا، من دەبێ بڕۆم.'

دواندەرەکە زمانی لە ددانەکانی دایەوە، سیمایەکی ناپاکانەشی لێوەدیار کەوت، 'کیژێک؟'

'بەڵێ.'

'ئینگلیزە؟'

'بەڵێ.'

'باشە بۆ یەکێکی خۆمانە نەبوو؟'

پرسیارەکە بۆ ئەسکەندەر سەرسوڕهێنانە بوو. ئەو هەمیشە بیری لە جیاوازییەکانی نێوان (**کاتی**) و خۆی دەکردەوە، کە شتێکی کەسییە و هیچی دیکە، هەرگیز پێیوانەبوو لەپشتەوە شتێکی قوڵتر هەبێ. سەرباری ئەوەش، خۆ دواندەرەکە خۆی ئینگلیزە، ئەرێ وانییە؟ کاتێکیش ئەسکەندەر کەوتەوە قسە، تۆنی دەنگەکەی بێزاریی پێوە دیاربوو؛ 'نازانم. ئیدی رویدا.'

'ئمممم، ئایا کچێکی باشە؟'

'ئەو بێ خەوشە،' ئەسکەندەر لەگەڵ لەدەمدەرچوونی ئەم قسەیە، بەڕاستیش نەیدەزانی مەبەستی لەمە چییە.

'چاکە، کەواتە بڕۆ. با چیدیکە چاوەڕێت نەکا. دوعات بۆدەکەم خوا ڕێگای راستت نیشان بدا.'

'سوپاس، دەتبینمەوە.' ئەسکەندەر بردەبردێکی وای لەدەم دەرچوو، خۆیشی وانمایش کرد به ڕێنماییەکانی کابرا هەراسان نییە.

## قەرزەکە
**لەندەن، ٣٠ سێپتێمبەری ١٩٧٨**

دوای نیوەڕۆیەکی درەنگی ڕۆژی شەممە، ئەسکەندەر یەخەی چاکەتەکەی قیت ببووەوە، لە دوکانی تاریق پەیدا بوو. مامەکەی لەبەری هەڵسا تا بەخێری بێنێ، خەندەیەکی شانازیانەش پەڕیە سەر لێوی. کوڕەکە لەماوەی ئەمساڵدا زۆر گۆڕا بوو؛ خەریکبوو لە باوکی درێژتر و تێکسمڕاوتر و بەهێزتریش بێ. شوێنەواری سمێڵیشی لەسەر لێوی سەروی پەیدا ببوو، چاوەکانیشی بەجۆش و خرۆشی گەنجانە دەبریسکانەوە.

'سەیرکە کێ لێرەیە. برازا خۆشەویستەکەم!

ئەسکەندەریش نیمچە بزەیەکی بۆکرد. 'ئەرێ مامە چۆنی چۆن؟'

'هەرگیز وا باش نەبووە،' تاریق وای پێگوتەوە. 'ئەرێ ئەو خۆشهاتنەت لەپای چییە؟'

'من لێرەو لەو دەوروبەرە چەند برادەرێکم دەبینم، گوتم مادام هەر هاتوم باجارێ سەرێکی مامیشم بدەم.'

کوڕەکە بە زمانێکی بازاڕیانەی تێکەڵەی ئینگلیزی لەگەڵ تورکی دوا. هەرچەندە ئەو ئەکسێنتێکی ناقۆڵای نەبوو، بەڵام وشەدانەکەی سنوردار بوو، هەندێ جار هەمان وشەی بۆ واتای جیاوازیش بەکاردەهێنا. کاتێک وەستابوو گوێی دەگرت، تاریق بیریکردەوە بۆ ماوەیەک، بەڵکو بۆ هەمیشە بینێرێتە ئەستەمبول، خۆ واش باشترە لەگەڵ پەمبێ قسە بکا و لەوێش لە گوندێکی ئەناتۆلیادا کچێکی بۆ بخوازێ.

'ئەرێ لەگەڵ قوتابخانەکەتدا چۆنی؟ حەزت لە پۆلەکانە؟ ئایا مامۆستاکانت رەفتار جوانن لەگەڵتدا؟"

'قوتابخانە باش دەڕوا،' ئەسکەندەر بەشێوەیەکی راگوزەریانە وەڵامی دایەوە.

'ئەدی لەگەڵ بۆکسینەکەت چۆنی؟'
'بەو زوانە پێشبڕکێیەکم هەیە،' ئەسکەندەر گوتی، 'بەڵام دایکم قایل نییە.'
'چاکە، خۆ منیش لەسەر ئەوە لۆمەی ناکەم. ئەو لێت دەترسێ نەوەک ئازارت پێ بگا.'
ئەسکەندەر بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، گوێی لە بەریەککەوتنی دەنکە تەسبیحەکانی دەستی مامی بوو. ' مامە، برادەرێکم توشی ئاریشەیەک بووە.'
'ئۆو، ئەو برادەرەت هاتۆتە لای تۆ پرست پێبکا، ها؟'
'بەڵێ، من هەر وەک براگەورەی کوڕەکان وام. هەربۆیە هاتۆتە لای من.'
'ئاخر کتومت کێشەی برادەرەکەت چییە؟'
'پێویستی بە پارەیە'
تاریق ئاهەکەی دامرکاندەوە. 'بڕی چەند پارەی دەوێ؟'
کاتێک ناوی بڕە پارەکەی هێنا، تاریق دەستێکی بە ریشی داهێنا و پرسی، 'باشە کوڕێکی گەنج بۆچی پێویستی بەو بڕە پارە زۆرەیە؟'
تارمایی خەمخواردنێک کەوتە سەر روخساری ئەسکەندەر، روی لە مامی دزیەوە، بەڵام کاتێک کەوتەوە قسە بەبێ پچڕان گوتی، 'پێدەچێ کچە دۆستەکەی دووگیان بێ. پارەکە بۆ نۆڕینگەکەیە.'
تاریق ددانی خۆی لستەوە. 'ئەو کچە دۆستەــ' ئیستێکی بۆکرد. 'هەر ئینگلیزە؟'
'بۆچی، بەڵێ، هەڵبەت.' ئەسکەندەر وا وەڵامی دایەوە.
ئەوەش مایەی ئاسودەیی بوو، کە کچەکە یەکێک لەدراوسێکانیان نەبوو، یاخود لە کۆمەڵەگەیەکی دیکەی کۆچبەران نەبوو. کەواتە ماڵباتەکەی تێوەناگلێ، نە باوک و نە براگەورەی نایەنە سەریان.
تاریق هەناسەیەکی قوڵی دایەوە، هەروەک ئەوەی هەموو ئەو پرسانەی بڕیاری دابوو بیان کات، بەربدا. بە ئاگایی ئەوەی کوڕەکە سەیری دەکا، هەڵساو بەرەو لای دەخیلەکەی چوو، کە لە گۆشەی پشتەوەی دوکانەکەی دانابوو.
کاتێک گەڕایەوە سەفتە پارەیەکی لەنێو دەستدا بوو. بڕە پارەکەی لەبەردەم ئەسکەندەر دانا، بۆ ساتێکیش هەستی کرد، ناچارە بە

نـــارەحەتی ســـەیریێکی ئەمـــلا و ئەولای خـــۆی بکـــا. ئینجـــا گـــوتی، 'بە برادەرەکەت بڵێ تۆ یارمەتی دەدەی.'
'مامە، زۆر سوپاس.'
'بەڵام ئەوەشـی پێبڵـێ، کە دواجـارە تـۆ پاشـەڵی خـاوێن دەکەیـتەوە. برادەرەکەت دەبێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ. دەنا توشـی گێرمەوکێشـەی قوڵتر دەبێ. سڵاوی منی پێبگەیەنە دڵنیاش بە لەپەیامەکە بگا.'
'خەمت نەبێ. دڵنیابە پەیامەکەت دەگەیەنم.' کاتێـک ئەسکەندەر سـەفتە پـارەکەی خسـتە بـاخەڵی و خەریکـی ڕۆیشـتن بـوو، بەڵام لەدەرگـاکەدا ئیستێکی کرد و گوتی، 'ئەرێ مامە؟'
'ئممـم؟ ئەرێ شـتێکی دیـکەت هەیە؟' چاوەکـانی تروکانـدن، لەپـڕێکەوە بەدگومـان بـوو، بەڵکـو ئەو کێشـەی کـوڕەکە تێیکەوتـووە هەر بەو بـڕە پارەیە چارەسەر نەبێ.
'هیچ شتێکی دیکە نییە. هەر تەنها ویستم بڵێم، تۆ بۆ من وەک باوکمی.' لەوکـاتەدا رووی تـاریق نەرمونیـان بـوو. 'کـوڕم، هەمـوو کاتێـک، مـن پاڵپشتی تۆم.'
ئەسکەندەر هەر بەئاسـتەم سـەری بـۆ لەقانـد، لەپڕێکیشـەوە شـتەکەی بەهەند هەڵگرت. 'دەیبینی، ڕۆژێک دێ تۆڵەت بۆ دەکەمەوە.'

## پیاوێک لەو دیوەوە
*لەندەن، ئۆکتۆبەری ١٩٧٨*

ڕۆژی هەینی کاتێک میرال بە کاتی ئاسایانەی خۆی چووە دوکانەکە، بینی مێردەکەی بە دەمەتەقێیەکی تەلەفۆنییەوە سەرقاڵە. تاریق ژێرچەناگەی بۆ پێشەوە هێنابوو، ریشەکەشی رادەکێشا، ئەوەش خوێکی خۆی بوو، هەرجارێک میزاجی تێکچووبا وایدەکرد. خۆ ئەو کەسەی لەودیوی هێڵی تەلەفونەکەوە هەرکەسێ بێ، کەسێکە زیاتر لەوەی هەر سەرەداوی گفتوگۆیەک دابهێنێ. ئیدی میرال بە هێواشی لەپشتی مێردەکەی رەتبوو، بەرەو بنەبانی دوکانەکە رۆیشت، لەوێ سەفەرتاجەکەی دانا، سفرەی بۆ مێردەکەی راخست. ئەمڕۆ چێشتی مانتی(کفتەی تورکی) بۆلێنابوو، لەجارانیش زیاتر بیبەری کردبووە نێو ساسەی ماست و کەرەکە، دەشترسا لەوەی بە دڵی نەبێ.
کاتێکیش لە سفرەدانان بووەوە، دەستی دایە خاولییێک، رەفەکانی لە گەرد و تۆز دەسڕیەوە، بازنە ئاڵتونییەکانی دەستیشی لەگەڵ سڕینەوەکەدا، زرینگەیان دەهات؛ زرینگەیەک مایەی زەوق و خۆشی بوو. ژنەکە قوتوی گۆشت و فاسۆلیا، لۆبیا، زەلابیا و نۆکی کولاو، بوتڵی ساس، سەلاتەی پەتاتە، پیازی قاشقاشکراوی بەسەرکردەوە، سەیری ئەو خواردنانەی کرد، کە هەرگیز بەلاوەی نەدەچوو.
'ئەرێ کێ ئەم جۆرە شتانە دەکڕێ؟' جارێکیان بەم شێوە لە مێردەکەی پرسی.
'ژنانی سەردەم.' تاریقیش وا وەڵامی دایەوە. 'ئاخر ئەوان کاتی چێش لێنانیان نییە. هەموو رۆژەکەی لەسەر کارن. ئێوارەش بە شەکەتی دەگەڕێنەوە، هەندێک تونای ئەنجن ئەنجنکراو دەکڕن و تێکەڵی سەلاتەیەکی کرێمی دەکەن و پێی دەڵێن شێوکردنەوە.
میرال لە کاروباری ئەو جۆرە ژنانە ئەوق مابوو. تۆبڵێی بە هۆی ئەوانە، چ جۆرە خێزانێکی لێ بکەوێتەوە؟ تەنانەت وێنەی ژنانی سەر

بەرگی گۆڤارەکانی پیاوان سەرنجی بۆ لای خۆی رانەدەکێشا بەقەد ئەوەی ئەو ژنانەی، کە ژن نەبوون سەرسامییان کردبوو. ئاخر ئەو کچانەی وێنەیان لەسەر بەرگی گۆڤارەکانە، هەردەبێ لەخشتەبردرابن یاخود پارەیەکی قەبەیان درابێتێ بۆئەوی بە قاتی سالرۆژی لەدایکبوونیانەوە خۆیان وا نمایش بکەن. دیارە ئەوان هەرەسیان هێناوە، خوا یارمەتیان بدا و بیانگێڕێتەوە سەر رێگای راست. لێ گەلۆ خۆ ژنانی هاوچەرخ، بەهیچ شێوەیەک قوربانیی نین. ئاخر ئەوان پارەی باشیان دەستدەکەوێ، ترومبێل لێدەخوڕن، جلی ناسک لەبەردەکەن، تەنانەت هەندێکیان منداڵیشیان هەن، کەچی هێشتاش بیبەری کەسک بۆ مێردەکانیان ناکەنە مەحشی ژەمە خواردنیان.
میرال لە قوڵایی ناخیدا گومانی هەبوو ژنبراکەشی هەمان هەڵوێستی هەبێ، هەڵبەت ئەم رەفتارەی لەناخی خۆیدا شاردۆتەوە. ئاخر پەمبێ بڕێکی زۆری لە سەربەخۆیی تێدایە و باش لێیتێناگا، وەک ئاوی مەنگ وایە. بەڵام خۆ مێردەکەی پەمبێش پیاوێکی باش نییە، دەمێکە لەماڵ نەماوە، دە مانگ دەبێ خۆی بێ سەروشوێن کردوە و پشتریش وەک ئەوەی هەر لەماڵ نەبووبێ وابوو. وەلێ مێردەکەی میرال لەو جۆرە کەسانە نییە.
'ئەرێ ژنێ،' ئەوە دەنگی تاریق بوو، هێشتاش دەسکی تەفونەکەی بەدەستەوەبوو.
'چییە؟'
بەسەر ئاماژەی بۆ ئەولا، بۆ دەرگای دووکانەکە کرد. سێ کەس تازە هاتنە ژوور. دوو کوڕ و کچێک بوون. زۆریش گەنج بوون. ***رەنگبێ تەمەنیان هەر هێندەی کچە نۆبەرەکەم بێ***، مێرال لە مێشکی خۆیدا وا بیریلێکردەوە. یەکێ لە کوڕەکان ئەڵقەیەکی زیوینی لە برۆکانی دابوو، پرچیشی بۆ سەرەوە بردبوو، هەموشی پرتەقالییانە رەنگ کردبوو، شێوەیەکی وەک پۆپیتەی هەندێ مەلی سەیر دەهاتە بەرچاوان. کوڕەکەی دیکەش درێژ و لاواز بوو، هیچ کراسی لەبن چاکەتە ئەفغانییەکەی لەبەر نەکردبوو، سینگە بێ تووکەکەی لەدەرەوە بوو. هەرچی کیژەکەش بوو، پرچێکی قەلەڕەشانەی هەبوو، پێستێکی بزڕکاو وەک خۆڵ، روشانەوە و تاتوی کوتراو لەسەر هەموو جێیەک کە بەدەرەوە بوو، دیار بوو.

میرال بۆ ساتێک چاوەکانی لێکنان، بەو هیوایەی هەر چاوی کردبنەوە ئەو گەنجانە لەدوکانەکە چووبنە دەرەوە.

'گرۆتان لەگەڵ دەکەم  ئەم خانمە شتمان پێنافرۆشێ،' ئەمە بردەبردی کچەکە بوو لەگەڵ هاوڕێکانی.

'ئۆو، نا ! ئەرێ خانم، تۆ لە ئێمە ترسای؟' کوڕە بێ کراسەکە وای پێگوت و لە مێزەکەش نزیک کەوتەوە، ئەم قسەیەی بە نیمچە خەتابارزانین و بەنیوە خۆشیەکەوە گوت.

میرال بۆنی کوڕە گەنجەکەی بۆهات، بۆنێکی  تێکەڵ بە بیرە و جگەرە. بە خۆپارێزییەوە هەنگاوێک کشایەوە، لە تیلەی چاویشیەوە سەیرێکی مێردەکەی کرد. پێنەدەچوو بەو زوانە تاریق لە گفتۆگۆ تەلەفونییەکەی ببێتەوە.

'بەڵێ، چی دەفەرموون؟' میرال ئەمەی بە وشیارییەوە پێ گوتن.

ئاخر چەند جاران بە مێردەکەی گوتبوو، بەڵکو ئاسایشی زیاتر بۆ دوکانەکەی دابین بکا، بەڵام ئەو هەمووی هەر بە بیانوی تێچوونی زۆرەوە، ڕەتکردەوە. تاکە چەکێکیش کە میرال بیریی لێبکاتەوە ئەو دارە سەر بەقولابەیە بوو، کە شتەکانی پێ لەسەر ڕەفەکان دەهێنایە خوارەوە.

'ئەرێ خانم شەڕابی زەنجەفیل هەیە؟' کوڕە پرچ ڕەنگ پرتەقالیەکە وای لێپرسی.

ژنەکە چەناگەی بەرزکردەوە وەک ئەوەی خۆی بۆ بەرکەوتنی زللەیەک ئامادەکردبێ، پێیگوتەوە، 'نەخێر، شەڕابی زەنجەفیلمان نییە.'

دەنگەکەی کز و لەرزۆک و مەترسیدار بوو. نەشیدەزانی ئاخۆ ئەو گەنجانە باسی چیدەکەن، بۆیە وای بەمێشک داهات هەرچی ئەوان بیڵێن، ئەو ڕەتیان بکاتەوە، ئەمەش بۆ ئەو سەلامەتترە. بەڵام لەو نێوەندەدا کوڕە بێ کراسەکە ئامێرە ساردکەرەوەکەی دۆزیەوە، کە پڕ بوو لە خواردنەوە غازییەکان. 'پەککو، خانم، خۆ ئێرە پڕە لە شەربەت. ئەدی بۆچی گوتت، نییە؟'

'لەوانەیە هەمووی بۆخۆی دانابێ ، هەڵیقۆڕێنێ.' کوڕە پرچ ڕەنگ پرتەقالیەکە بە لموز بەرزکردنەوە وای گوت.

'گەلحۆ مەبن،' کچەکە قسەکانی پێبڕین. 'ئاماژەی بە ڕەفەیەکی پشت مێزەکە کرد و گوتی، 'تکایە، دەکرێ ئەو پاکەتە شیرینیەم بدەیتێ؟'

میـراڵ بە سەرسوڕماوی سـەیری پـاکەتە شـیرینییەکانی کـرد. *ئەریٚ بۆ خاتری خوا، تۆبڵێی ئەم کچە کامەیانی بویٚ*؟ دەستی بۆ پاکەتە چوکلاتەکەی ژێرەوە، بۆ شیرینیەکی دیکە، بۆ جەلـی بـرد، کـچەکە هەر پێـی دەگـوت هەو نییە، تا گەیشتە سەر ئەو پاکەتەی کچەکە خوازیاری بوو.
ئەوسـا دەنگـی تـاریق نێوەنـدەکەی پـیٚ بـڕین و بەدەسـت لێکـدانەوە، تەسبیحەکەی لەدەستدا دەدرەوەشـایەوە لێیـان نزیـک بووەوە، 'بەخێـر بـێن،' پاشـان روی لە ژنەکەی کـرد، بە ئینگلیـزییەکەی خـۆی، بە ئەدەبەوە لێی پرسی، 'کەواتە، چیمان هەیە؟'
مێرالیش بۆی رونکردەوە وە پـاکەتە شـیرینیەکی لەسـەر مێـزەکە دانـا و تەقەیەکی لێوەهات.
تاریق بردەبرێکـی لێوەهـات، بە تـورکی بە ژنەکەی گـوت، 'تەمـام، مـن باقیەکەی جێبەجیٚ دەکەم.'
بە دوودڵـی میـراڵ گەڕایەوە سـەر سـڕینەوەی رەفەکـان، بەڵام هەرزوو ئەوەی پێسـەیربوو، کە کـوڕە پـرچ رەنـگ پرتەقـالییەکە دوو دەسـتە شـیرینی نـۆگەی خسـتە نێـو بـاخەڵی. دوای سـاتێک دووڵبـوون، ژنەکە بڕیاریـدا تـا ئەوکـاتەی شـتی بە نرخـتری هەڵنەگرتـووە، وا خۆنمـایش بکا، کە نەیبینیوە. بینی مێردەکەی لەگەڵ کڕیارەکانیـدا بـازاڕی گەرمە. سـەرباری شـەڕابی زەنجەفیـل و پـاکەتە شـیرینییەکە، سـیٚ کەسـە سەیرەکان پاکەتە جگەرەیەک و شخارتە و پاکەتە تویگلێتێکیان کڕی.
کاتێکیش ئەوان رۆیشتن و ژن و مێرد بەیەکەوە بەتەنهـا مـانەوە، ژنەکە پێیگوت، 'سەیریان بکە.'
تاریقیش شانی بۆ هەڵتەکاند. 'ئـاخر چیـت پێـدەکریٚ، ئەوانە گەنجـن و خوێن گەرمیشن.'
*ئەوانە گەنجن و ئینگلیزیشن*. میـراڵ لەبەر خـۆیەوە وایگـوت. خـۆ ئەگەر یەکێک لە منداڵەکانیان وای جل پۆشیبا، ئەوا مێـردەکەی لێیپـڕ دەبـوو. هەرچۆنێک بیٚ خـۆ ئەو لەمـاڵ، لە شـەقام، لە دوکـان خۆپـارێزە، ئەو هەر هەمـان کەسـە. میـراڵ لەوەش نەدەگەیشـت، ئەریٚ بـۆ خـاتری خـوا کەسێک هەیە لەسەر زەوی وا لە پێستی خۆی بکا، ئەڵـقەی تێبکـا، ئەو جـڵە نـاجۆرانە لەبەر بکـا. ژنەکە خـۆی وانمـایش نەدەکـرد هەر لەبەر ئەوەی ئەوانە کڕیارن، پەسەندییان بکا.

بە گـوێنەدان بە هزرەکـانی ژنەکە، مێـردەکەی چـووە سـەر خـوان. 'ئـای ئەمە چەند تیژە.'
'باشە بۆ بەکاوەخۆ ناخۆیت؟'
'کاتم نییە. من دەبێ بڕۆم.'
'مەبەستت چییە؟ من ناتوانم لێرە بمێنمەوە. ئاخر شلەکەم لەسـەر ئـاگر داناوە.'
'کچەکان لەماڵن، ئەوان ئاگایان لێدەبێ،' تاریق وای پێگوت، هێشتاش هەر خواردنەکەی دەجووی. 'ژنەکە، شتێکی ناچارییە، دەبێ بڕۆم. دەنـا لەگەڵ ئەوانەی شـتم بـۆ دێـنن توشـی گـێچەڵ دەبـم. خـۆ ئەگەر ئەمـڕۆ ئاریشەکە چارەسەر نەکەم، بەیانی هـیچ شـتێکمان نـابێ بیفرۆشـین. نە شیر، نە کەرە، نە هێلکە، تەنانەت نانیشمان بۆنایەت.'
ئیدی ژنەکە ئاهێکی هەڵکێشا، ئینجا لێی پرسی، 'ئاخر بۆکوێ دەچی؟'
'ئۆو، دەچمە دیوەکەی دیکەی ئەم لەندەنە نەفرەتییە.'

❖

تـاریق حەزی لە سـواری میتـرۆی ژێـر زەوی نەبـوو، بـۆیە بە پـاس رۆیشـت. هەر کاتێـک سـواری میتـرۆی ژێـر زەوی دەبـوو، دڵـی تەنـگ دەبوو. ئاخر کە ئێمە دەمرین، بەژێر خاک کۆتاییمان پێدێ، بەڵام ئەدی چ بۆچی، کە لە ژیانداین بە ژێر خاکدا بڕۆین؟
ئەو بەو بەشەی **ساوس وێستی** لەنـدەن، کە دەبـووایە بـۆبچێ، ئاشـنا نەبوو. پاسیش هێـواش دەرۆیشـت ڕێگـایەکی دورودرێـژ بـوو، بەڵام خـۆ هەرهـیچ نەبـێ شـوفێر پاسـەکان مـان نـاگرن. بێزیشـی لەوە دەبـووەوە گەشتیکی وا دورودرێژ بکا، تا بەدحاڵیبوونێکی کەم بایەخ بڕەوێنێتەوە، ئەو دیدارێکی لەگەڵ بەڕێوبەرەکە ڕێکخستبوو. پیاوەکەی تەلەفـون وای سـوچبار کردبـوو، چیـدیکە گرێبەسـتیان بەیەکەوە نەمـاوە. ئـای لەو گەوجە! تاریق کـاغەزێکی لەنێـو گیرفـانی نـاوەوە دەرهێنـا. کاتێـک ئەم کاغەزەیان بەچاو دادەدەمەوە دەبێ شەرم بکەن. بەڵکو بەو کاغەزە وایان لێبکەم داشکانیشم بـۆ بـکەن. هەرچۆنێـک بـێ، لای رون بـوو کێشـەکەی راشکاوانە چارەسەر دەکا. ئاخر ئەو پیاوێک بـوو بـڕوای بەخـۆی بـوو، ئیدی سەر بۆ چەند بیرۆکراتێک دانانەوێنێ و رەنج، خوێن و ئـارەقەی ئەو هەموو ساڵانەی بەفیڕۆ نادا.

دووجـــار پاســـەکەی گـــۆڕی، هەســـتی کـــرد چەنـــدان ســـعاتە بەڕێگاوەیە، لەدواییـدا تـاریق گەیشـتە **بریکسـتن.** هەرچەنـدە دوای نیـوەڕۆیەکی سـارد بـوو، بەڵام رۆژ لەتـاقی ئاسـماندا وەک ئەوەی لەئاهەنگدا بێ وابـوو، دەبریسکایەوە. خەڵـک لە سـەر جـادەی **کۆلـد هاربۆر لاین** هەبوون، هەرهیچ نەبێ لەوێ هەستیان بە خۆشی گەرماکە دەکرد. تاریق بینی منداڵە ئینگلیز سەروی کەپویـان سور و پێستیشیان کاڵ بووەتەوە، جلەکانی بەریشیان تەنـک و سادە بـوون. کەچـی دایکە تورکەکان ساوا و منداڵەکانیان جل لەسـەر جلیـان لەبەردەکەن، پاشـان لە بەتانییێکیـان وەردەپـێچن، کە بۆیـان درویـوە، لە سـەری پـێ تـا تۆقەڵەی سەریان دەشارێتەوە، ئینجا ڕێگایان پێدەدەن بچنە سەر جادە. هەرچـی دایـکە ئینگلیزەکانیشـن، هەر پانلتۆنێـک و بلـوزێکی تەنکیـان لەبەردەکەن. هەندێک جار منـداڵەکانیان گۆرەویشـیان لەپێدا نییـە. تـۆ بڵێـی ئەوان لەسـەرمان رەق نەبـنەوە؟ ئـاخر تـاریق لەژیانیـدا لەوە تێنەگەیشـت، بەڵکـو بەرگەی سـەرماگرتن شـتێک بـێ لە کلتـورەوە سەرچاوەی گرتبێ.

حەزی دەکرد لە قاوەخـانەیەک لابدا و چـایەک بخـواتەوە، بەڵام لەبەر دەخـیلەکەی واینەکـرد. ئەو تـاکە کەسـێکە لە بنەمـاڵەی تۆپراکەکـان ئەوەنـدە حەکـیم و بەخواسـتە پـارەی سپی بـۆ رۆژی رەش هەڵبگـرێ. خەلیـل بە تەنهـایە، لە ئوسـتڕالیا بۆخـۆی دەژی و هەرگیـزیش نەیپرسیوە ئاخۆ پێویستیان بە هـیچ شـتێک هەیە. هەرچـی ئادەمیشـە، هیـوابڕاوە. ئەو خەریکـی قومـارە، ئەوەی دەشـیباتەوە لە سـەماکەرە روسیەکەی خەرج دەکـا، هەمـوو کەسێکیش قسـەی لەبـارەوە دەکـا، تـا ئێستاش تاریق نەیبینیوە.

سەرسـەختانە تـاریق هەنگـاوی هەڵێنـا، بە بەردەم پێڵاوفرۆشـێک، کتێبفرۆشـێکی دیینـی، لە خـوارەوەش دوکـانێکی خێرخوازیـدا و گەڕەکە خانوێکی بان قرمیدی سوردا رۆیشت. بە پـێچەوانەی رێگـای سـەرەکی، هیچ پیادەڕۆی لەم رێگایەیدا نەبینـی، شوێنەکە هەردەڵێـی چۆڵکراوە. تەنـــانەت ســـینەماکەش لە کەشـــێکی ســـەیر دابـــوو، وەک ئەوەی شوێنەوارەکەی هـی سـەدەی رابـردوو بـێ. ئەم شـارە شـوێنێکی سـەیرە. پڕیەتی لە پاشماوە و شوێنەواری دێرین. جارێکیان تـاریق لە حەوشـەی

مـــاڵی خـــۆی، کـــاتێ خـــاکەکەی هەڵکەدەنـــد تـــا گـــوڵێکی لێبچینـــێ، ساچمەیەکی کۆنینەی دۆزیەوە.
مەڕاقیش ما ئاخۆ مێرال کاروبـاری دوکـانەکەی چـۆن دەگـوزەرێنێ. ئەو هەر دەبێ خێرا ئینگلیزی فێر ببێ و تا یـارمەتی بـدا. بەڵکـو فەهەنگێکـی گیرفـانی بـۆ بکـڕێ، ئیـدی فێـری بکـا هەر رۆژە پێـنج وشـەی ئینگلیـزی لەبەر بکا. ژنەکەی ئەو هەموو ساڵانە لە ئینگلیستانە، کەچی لە جیهانە بچوکەکەیدا هەر بە تورکی دەدوێ، تـا ئێسـتاش کێشـەی نەبـووە. بەڵام لەمەوپـاش دەبـێ میـرال باشـتر ببـێ. خـۆ دوای ئەو هەمـووە، تـاریق چیـدیکە گەنـجەکەی جـاران نەمـاوە، خـۆ ئەو مشـوری دوو خێـزانیش دەخوا، هی خۆی و هی براکەی.
ئـاخر خـۆ هەرلەبەر زمـانەکە نیـیە، کەوا مێـرال لەگەڵ مەعمیلەکـانی نەگونجاوە. ئەو لە بڕیاڕدانی پێشوەختە رەقە، ناشزانێ لەسەر خەڵکـی دیـکە بوەسـتێ. ئەوەش سـەیرە، ئەم ژنە هەمـوو ژیـانی خـۆی بـۆ مێـردەکەی، منـداڵەکانی، خـزم و دراوسـێکان تەرخـانکردووە، بەڵام ناتوانی خزمەتی بێگانان بکا. کەچـی تـاریق خـۆی، هەرگیـز ئەوەنـدەی لەگەڵ دەرەوە، لەگەڵ مەعمیلەکـانی بـاش بـووە، لەگەڵ نێومـاڵی نەرمونیان نەبووە.
دیسان رۆژ لەبن پەڵە هەورە چڕە بۆرەکان برز بوو. باهۆزێـک لەڕێـیە. تـاریق هەنگاوەکـانی خێراکـردن، لەکۆتاییشـدا گەیشـتە شـوێنە دەستنیشانکراوەکەی.

❖

کۆبوونەوەکە توند و گرژ بـوو. لێـنەگەڕان تـاریق بەڕێـوبەرەکە ببینـێ، ئاخر ئەو ***کۆبوونەوەیەکی گرنگی*** هەبوو. بە نابەدڵی تاریق گرێبەستەکەی نیشانی جێگری بەڕێوبەرەکە دا، ئەویش بڕگەیەکی مەرجیـی نیشـان دا، کە دەڵێ کۆمپانیاکە بۆی هەیە گۆڕانکاری تێدا بکـا، تەنـانەت دەتـوانێ گرێبەستەکە بە بێ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشـوەختەش کۆتـایی پێبهێنـێ. تـاریقیش لەبەرامـبەردا هەڕەشـەی ئەوەی لێکـرد بەدوای دابەشـکەرێکی دیکەدا بگەڕێ، ئەوانیش پێیان گوت، 'کەیفی خۆتە'.
بیسـت خـولەک دواتـر، تـاریق لە باڵەخـانەکە هـاتەدەر. هەسـتی کـرد خەمبـارە، بەڵام نەبەزیـوە. ئەو دەبـێ هەنـدێک لە دەوروبەری بپرسـێ، پـرس بە دوکانـدارەکانی **هـاکنی** بکـا و گرێبەسـت لەگەڵ کۆمپانیـایێکی

دیکەدا بکا. تاکە کێشە ئەوە بوو، حەزی لێبوو راوێژ بداتە ئەوانی دیکە نەوەک راوێژیان لێوەربگرێ. ئاخر ئەو خاوەن ناووڕومەتی خۆی بوو. کاتێکیش گەیشتە راستی سینەماکە، تاریق هەنگاوەکانی خاوکردنەوە، سەیری پۆستەرەکەی سەر دیواری دەرەوەی سینەماکەی کرد.

***پیاوێک لەو دیوەوە***

***هاری هاودینی***

هەرچەندە تاریق عەودالّی سینەما نەبوو، بەلاّم ژیانی جادوگەرەکە بۆخۆی کێشی کردبوو. جادوگەرەکە پیاوێک بوو دەیتوانی خۆی بکاتەوە کاتێک سەراوبن لەنێو تانکێکی پڕ ئاوەوە هەڵواسرابێ، بازن و ئانیشکەکانیشی بەزنجیر بەستراببنەوە، ئاخر ئەو پیاوە شایانی سەرنجدان بوو. ئیدی لێوەژۆر دالانی سینەماکە کەوت و سەیرێکی ئەو ناوەی کرد. تابلۆیەک بە دیوارەکە هەڵواسرابوو، نمایشی کۆمەڵێ وێنەی دەکرد. کاتێ بەدوایدا چوو، نابەدڵ بوو، چونکە زانی نمایشی فیلمێکی بێدەنگ دەکا. بێگومان فیلمێکی رەش و سپیش بوو. تۆبڵێی ئەو خەڵکە هەنوکەش هەر سەیری ئەو جۆرە شتانە بکەن؟

وەک ئەوەی کاردانەوەیەک بێ، لەپڕ دەرگای ژووری سینەماکە کرایەوە و کچ و کوڕێکی ئینگلیز هاتنەدەر. فیلمەکە تەواو ببوو، هەندێک لە ئامادەبووانیش دەڕۆیشتنەوە. لەپشت ئەو جوتەدا، تاریق سیمای ژنێکی بەدیکرد، خەریکبوو دەچووە دەر، ژنەکە سەری نزم کردبوو، چاوی لەبەرپێی خۆی بوو.

کاتێک تاریق ژنبراکەی بینی، لەخۆوە هەنگاوی بۆ لای هەڵێنا. خەریکبوو بانگی بکا، لێی بپرسێ ئاخۆ بۆ لێرەیە، بەڵکو لەگەڵ خۆیشی بیباتەوە ماڵ، ئیدی لەو سەینوبەینەدا پیاوێکی تەمەن مامناوەندی بینی، لە پەمبێ نزیک کەوتەوە. ئانیشکی ژنەکەی گرت، شتێکی نەبیستراویشی چرپاندە گوێ و پارچە کاخەزێکیشی رادەست کرد، پەمبێش بە خەندە و خێراوە پارچە کاخەزەکەی خستە گیرفانی.

لە پشت ئەوانیشەوە، لە بن پۆستەرێک، کە وا دەخوێندرایەوە: ***کەسێک لەسەر زەوی ناتوانێ هاودینی بەند بکا***، تاریق بە حەپەساوی وەستا بوو، مێشکی شێوا بوو، چاوەکانی زەق ببوونەوە.

## **بڕیارەکە**
لەندەن، ئۆکتۆبەری ١٩٧٨

**بەیانی رۆژی شـەممە، کـاتێ ئەسکەندەر بـۆ ئەو ژوانەی لەگەڵ (کـاتی) هەیبوو، لە قاوەخانەکە نزیکبووەوە، بە بینینی تـاریق سەرسـام بـوو، چونکە لەوێ هەر دەهاتو دەچوو، بەتوندیش ردێنەکەی رادەکێشا.**
**'مام، ئەوە لێرە چیدەکەی؟'**
**'چاوەڕێی تۆ دەکەم. سەرێکی ئەشکەوتی عەلائەدینیشم دا، برادەرەکانـت گوتیان سەروبەندی هاتنیەتی.'**
***ئەرێ ئەوە مام تاریقە و کاروباری دوکانەکەی جێهێشتووە لێرە چاوەڕێی من دەکا؟*** **ئەسکەندەر هەسـتی کـرد گرێـی گەدەی گـرژ دەبـێ. 'ئایـا هـیچ لە گۆڕێدایە؟'**
**'پێویستە بەیەکەوە قسەیەک بکەین. پیاو بۆ پیاو.'**
**'ئاخر، شتەکە پەیوەندی بە پارەی ئەوێ رۆژێوە هەیە؟'**
**'ئۆو، دەمت داخە و گوێم لێبگرە.'**
**'بەڵام خۆ دەبێ ئێستا شوێنێک بدۆزینەوە.'**
**'ئەوێ قەیناکا،' تاریق وایگوت و دەنگیشی ئحمێکی تێکەوت.**
**ئیدی لەوێدا ئەسکەندەر پەی بەوە برد، کە مامی چەند گرژ بووە، چەند گەرم بووە و ئارەقەی لێ دەڕژێ، وەک ئەوەی لەبەر قرچەی خۆرەتاودا وەسـتا بـێ. ئەوان لە سـەر پـاردەی بـاخچەیەکی نزیکـی قاوەخـانەکە دانیشتن، دەوروبەریشیان بێدەنگیەکی ترسناک بوو. تاریق جگەرەیەکـی داگیرسـاند. ئەسـکەندەر ئەوق مـا، نەوەک لەو نزیکـانە (کـاتی) لەو شوێنەی لێی دانیشتووە بیانبینێ، ئینجا تۆبڵێی ئەو چـی بڵـێ گەرهـاتو لێی پرسین ئەرێ ئێوە لێرە چیدەکەن؟**
**'کوڕەکەم،' تاریق گوتی، 'هەندێ هەواڵی خراپم پێیە.'**
**'بەڵێ، بە روخسارتەوە دەیبینم.'**

تاریق بە شڵەژاویەوە مژی لەجگەرەکەی دەدا، دوکەڵەکەی هەڵمژی و لە کەپوشی هێنایەوە، ئینجا بە دەنگێکی زۆر هێمنانە گوتی، 'شتێک پەیوەندی بە دایکتەوە هەیە.'

❖

کاتێک ئەسکەندەر چووە نێو قاوەخانەکە، لێوەکانی لەسەر یەک گیرساندن و چاوەکانیشی گرژ و سیمای کاڵ بووەوە وەک تارمایی گیانێکی لێهاتبوو. ئەو روەو (**کاتی**) چوو، لەوێ بە نارەحەتی لەسەر مێزێک دانیشتبوو، چاوەڕێی دەکرد خەریکبوو لە کێکە خڕە بچکۆلانەکە دەبووەوە، دووەم شیرمۆزی بە تامی توی فەرەنگی بەسەردا دەکرد.
'دیسان درەنگ،' (**کاتی**) ئەمەی بە ئاهێکی ساردەوە پێگوت.
'ببوورە.'
'خۆت دەزانی، من دەبێ لەوە رابێم. بەڵام هیوام وابوو ئەمڕۆ شتێکی جیاواز بێ. پێموابوو بۆ یەکجاریش بێ، خەمی کەسێک زیاتر لە خۆت دەخۆی.'
ئەسکەندەر دەستەکانی گرتن و سەر پەنجەکانی ماچکردن. 'ئەوە بۆ وا بۆڵەبۆڵ دەکەی؟'
'بۆچی؟ وەک ئەوەی نەزانێ بۆچی.' (**کاتی**) ئیستێکی کرد، وەک ئەوەی لەسەر لێواری گوتنی شتێکی دیکە بێ، پاشان لە پڕمەی گریانی دا.
ئەسکەندەر ئەو بڕە پارەیەی گیرفانی دەرهێنا و خستیە مشتی کچەکە.
'ئەمە دەکرێ هەندێ کۆمەکبەخش بێ.'
کاتێکیش کچەکە هیچی پێ نەگوتەوە، "ئەمەم لە مامم وەرگرتووە. دەرفەت نەبوو پێشتر بتدەمێ، چونکە تۆ نەتدەویست بمبینی.'
'چاکە، ئاخر پێمگوتی جارێ بە تەنها بیری لێدەکەمەوە.'
'ئیدی؟'
ئیدی پارەکە بگەڕێنەوە.' (**کاتی**) دەستی راپسکاند، وەک ئەوەی پەنجەی بەر پشکۆیەک کەوتبێ.
'مەبەستت چییە؟'
'ئەلێکس، من هزری خۆم گۆڕی.'
'تۆ چیت کرد؟'
'وام سەیر مەکە. ئەوە تەنها... من ئەو شتە ناکەم. من کۆرپەلەکەم دەوێ.'

'چییە دەڵێی مێشکت لەدەست داوە؟' ئەسکەندەر شیڕاندی. ئەوسا دەنگی نزمکـردەوە، 'ئـاخر خـۆ تـۆ هەر شـازدە سـاڵانی. دایکـت ئەمە بزانـێ جەڵتەی دڵ لێیدەدا.'

'هیچ لەگۆڕێ نابێ. ئەو پێشتر بەمەی زانیوە.'

'تۆ هەر دەبێ پێمڕابوێری! گومانێکی نوێی لادروست بوو، ئەسکەندەر بە سرتەیەکەوە، 'ئۆو، دەبینم. دایکت ئەو کەسەیە، مێشکتی شوشتۆتەوە.'

'نەخێر، ئەوە راست نییە.' ئەرێ بۆچی هەر کاتێک من ناوی دایکم دێنم، تۆ تێکدەچی.'

'چـونکە ئـێمە لەو بـارەیەوە قسـەمان کـردووە. ئـاخر ئـێمە بەیەکەوە بڕیامان دا! مـن چـوومە لای مـامم و پـارەم هێنـا. نۆڕینگەشـم دۆزیەوە، دیدارێکیشـم لەگەڵیانـدا رێکخسـت، دوو جـاران وامکـرد! لە کۆتاییـدا قایلبووین وا بکەین. هەنوکەش شازادە دەڵێ بیروڕای گۆڕیوە.'

**(کاتی)** دیسان گریایەوە. بەڵام ئەمجارەیان هەستی کرد جیاوازترە، زگی بەخۆی نەدەسوتا. دڵـۆپە فرمێسکێک لەچاوەکـانی کەوتە نێـو پەرداخە شــەربەتەکە، دڵــۆپە ســوێراوەکە لەســەر روی پەمــبەی شــەربەتەکە گیرسایەوە. 'ئەمە منداڵی خۆشەویستییە. ئەو مافی ئەوەی هەیە لەدایک ببێ.'

'**کاتی ئیڤانس**، ئەمە قسەی قۆڕە.'

'نا، نەخێر وا نییە.' **(کاتی)** بەڕویدا هەڵماڵایەوە. 'مـن هەمیشـە هەسـتم بە بەیەکەوە گرێدانی کـردوە... جـا چ کـوڕ بـێ یـان کـچ. سـێ مانگیشـی بەسەردا رەتبووە.'

'چی؟ بۆچی پێت نەگوتووم؟'

'ئاخر بەخۆشم نەمدەزانی،' ئەمەی بە توڕەبـوونێکەوە گـوت. 'بەڵام خـۆ ئەمە قەیدی ناکـا. هەرکاتێـک زراسکەکەمان لەدایـک بـوو، دەمەوێ تـۆ لەگەڵ من و دایکمدا بژی.'

ئەسکەندەر برۆکانی وەک کەوان گرژ کردن. 'بەڕاستی تۆ باوەڕ بەو قسـە قۆڕانە دەکەی، باوەڕیان پێدەکەی؟ ئەرێ تۆ شێت بووی!'

**(کاتی)** بە قایمی مێزەکەی کشاندەوە، سیڕەیەکی لێوەهات، بە دەنگێکـی پڕ لەئازاریشەوە، کە بەئاستەمیش دەناسرایەوە،گوتی؛ 'من لێنـاگەڕیم چیدیکە، وا لەگەڵم بدوێی. من لێرە دەڕۆم.'

'ئاخر بۆ چ جەهەننەمێک دەڕۆیی؟'

'بۆ ماڵ. لەویّ پاڵ دەکەوم. دایکم دەڵێ نابیّ زۆر خۆم ماندوو بکەم.'
ئەسکەندەر دەستێکی بە مێزەکەدا کێشا، دەنگەکە ئەوەندە زۆر بوو هەموو مەعمیلەکانی نێو قاوەخانەکە ئاوڕیان دایەوە. بەڵام پێنەدەچوو (**کاتی**) هەراسان بووبیّ. 'دەزانی چیت پێدەڵێم، باشە بۆچی هێور نابیتەوە و بیر لەهەندیّ ناو ناکەیتەوە؟ جوتە ناوێکی کوڕانەو کچانە ئامادە بکە.'
ئەسکەندەر هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، هێشتا هەر لەشوێنی خۆی بە ئارامی دانیشتبوو، سەری لەنێو لەپی دەستدا بوو، دیسان گەدەی پێچی خواردەوە. سەری خۆی بڵند نەکردەوە. هەستیکرد گەرسۆنەکە هەر سەیری ئەو دیمەنە نەپێچراوانە دەکا، مەڕاق ما، ئاخۆ ئەو چیدەکرد، گەر کچە دۆستەکەی هەڵبستێ و بچێتە دەر. دەستبەجیّ نە حەزی دەکرد برادەرەکانی ببینیّ و نە بشچێتەوەماڵەوە. ئەو پارچە کێکەی لە (**کاتی**) بەجێمابوو، لەگەڵ ئەو پارچە وردانەی کەتبونە کۆشی، هەڵیگرتنەوە و خواردی. خۆزگەشی دەخواست ئەو رەوشە ناقۆڵایەی مام تاریق بەدوایخۆیدا جێیهێشت، بەئاسانی بەسەرچیّ، بێئەوەی هیچیشی لیّ شین ببێتەوە. ئینجا هەستی کرد بەخۆی هاتۆتەوە، دەستی بۆ یەکیّ لە نامیلکەکانی گیرفانی برد، کە دواندەرەکە بۆی بەجێهێشتبوو، هێشاش لێکی نەکردبوونەوە. هەوڵیدا بەنێو رستە دورودرێژەکانیدا بڕوا و شتێکی لێهەڵبکرێنیّ، بەڵام وشەکانی لەبەر هەڵدەهاتن. ئیدی هەرزو دەستبەرداری بوو، بانگی گەرسۆنەکەی کرد و داوای خواردنێکی وای کرد زیاترلە توانای خواردنی جارانی خۆی. ئاخر، خۆ هەرهیچ نەبیّ هەنوکە پارەی پێیە.

## دایک
### لەندەن، ئۆکتۆبەری ١٩٧٨

یونس بە درێژایی جادەی **ریچمان رۆود** پەیدانی لە پایسکلەکەی دەدا و بایەکەش قژی دەلەراندەوە. ئەو کراسێکی سپی مل رەقی لەبەرکردبوو، هەمو قۆپچەکانی داخستبوون، ملیشی پەمبەیی سامناک بوو. ئەو هیچ قۆپچەیەکی نەترازاندبوو، پێیوابو بەم جۆرە پۆشتەتر دیارە. لەپاڵ ئەوەشدا چاکەتە پێستێنەکەشی لەسەر دەهات، هەرچەندە هەندێک لەبەری فشۆڵ دیاربوو، پێشیوابوو تا ئێستا کەشخەترین چاکەتە کردبێتیە بەر. کاتێک بیری لە پەیداکردنی چاکەتەکە کردەوە، سەرکوڵمەکانی سور هەڵگەڕان.

ئەم بەرەبەیانە، یونس بە پێدزیلکە لەنێو پێخەفەکەی خۆی خزاند، بە نیازی ئەنجامدانی ئەرکێک لەماڵ دەردەچوو. لە تروسکایی داڵانەکەدا، بەسەری پەنجە خۆی گەیاندە هۆدەی کاکی. ئەسکەندەر دوێنێ شەو کێبەرکێی بۆکسێنی هەبوو، بۆیە شەکەت و ماندو شەو درەنگ گەڕابووەوە ماڵ. سوکە پرخەیەکی دەهات وەک تۆپێک خۆی گرمۆڵە کردبوو، سەریشی خستبووە ژێر سەرینەکەی. ئەو چاکەتەی دایکی لە دوا ساڵڕۆژی لەدایکبوونی بۆی کڕیبوو، چاکەتێکی چەرمینی رەش بوو، لەوێ هەڵواسراوبوو، وەک سەهۆڵێکی رەش بریسکەی دەدا. دیواری ژورەکەشی پڕ بوو لە پۆستەر. جەنگی ئەستێرەکان، محەمەد عەلی لەنێو بازنەی بۆکسێندا، رێگای ئەژدیهای بروسلی، سوپەرمان بەسەر مانهاتندا دەفڕێ، جێمس دیین مۆتۆڕسکیل لێدەخوڕێ، یونیەن جاک، کێنی بورنس روبەرووی فرانک ستاپیلتن لە گەمەی ئارسنال بەرامبەر نۆتیگهام فۆرست.

یونس ئاوڕێکی لە دەوروبەری خۆی دایەوە، هەستی بە ئێرەییەک کرد، نەشیدەزانی ئەو ئێرەیی تێدایە. ئاخر ئەسکەندەر جیهانی تایبەتی خۆی لێرە هەبوو، کەلوپەلی وەرزشی، مەشقکردن، لەسەروی هەموشیانەوە

سەربەستی. هیچکەس خۆی تێکەڵی ژیانی نەدەکرد. ئەو لە سعاتی جیاواز جیاوازدا دەگەڕایەوە ماڵ، هەر کاتێکیشی حەزی لێبا دەردەچوو، پێویستیشی نەبوو رونکردنەوە بداتە کەس. خۆ ئەوەش دادپەروەرانە نەبوو، یونسیش دەیزانی هەر بەتەنها نییە، وا بیربکاتەوە.
بۆ دزینی شتێکی نوێ، یونس دەستی بۆ چاکەتە چەرمینە ڕەشەکە برد، هەستیشی کرد نائاسودەیە و دەشلەرزێ. نارەحەت بوو چونکە شتێک دەبا هی خۆی نییە، بەڵکو هی براکەیەتی، خۆ ئێوارە بۆی دەگەڕێنێتەوە، بەڵام خودی بردنەکە هەر دزی بوو. موچڕکی لەرزینەکەشی لەبەرئەوەبوو چاکەتەکە وای لێدەکا چەند ئینجێک درێژتر دەربکەوێ، ئەمەش دەبووە مایەی خۆشحاڵی تۆبیکۆ. بە هەموو لێکدانەوەیەک چاکەتەکە شتێکی جوان بوو، ئیدی تۆبیکۆش لەبن ئەو چاکەتەوە دەبینێ، کە یونس چیدیکە منداڵە بچکۆلانەی جاران نەماوە.
لەو دەمەدا ئەسکەندەر لەسەر پێخەفەکەی خۆی وەرگێرا سەر لایەکەی دیکەی و سەریشی لەبن سەرینەکە خزی. یونس هەناسەی خۆی ڕاگرت و نقەی لەخۆی بڕی. وەستا تا دڵنیا دەبێتەوە کاکەی دەکەوێتەوە شیرین خەو. ئەو، ئەو ڕۆژانەی لەبیرمابوو، کە باوکی لەسەر کەمترین هەڵە جوێنی بە ئەسکەندەر دا و سەرزەنشتی کرد، بەڵام خۆ ئەوە لە رابردوودا بوو. هەنوکە ئەسکەندەر پێیوایە ئەو بەرپرس و سەردارە، بەڵام هەر هەڵدەچێ و بەئاستەم قسەی لەگەڵ دەکرێ. ئای ئەگەر دایکە بەڕوی وەستابایەوە، وایلێکردبا هەر دایکە سەرداری ماڵی با، بەڵام خۆ ئەویش نایپەڕژێ و هەر دورە دەستە.
نهێنییەکە؛ ئەوە زۆر بەلای یونسەوە سەخت بوو، وا لەخۆی بکا رقی لەو پیاوە نەبێتەوە، کە لە گەڵ دایکی بینی. تۆبڵێی ئەو کێ بێ؟ ئاخر چۆن توانی خەندە بخاتە سەرلێوی دایکی، خۆ کەسی دیکە نەیتوانی بوو. تۆبڵێی کابرا هەوڵی ئەوە بدا دایکی لەگەڵ خۆیدا ببا؟ بەڵام خۆ ئەو هەر نەیپرسی، ئەو نەیدەتوانی شتەکە بەکەس بڵێ، بە هیچ کەسیش.
خێرا لە بن چاکەتە چەرمینە رەشەکەدا پەیدانی لێدەدا. یونس بڕیاریدابوو هەرگیز ژن نەهێنێ. ئاخر ژنهێنان زۆر پاشاگەردانی و زۆر بەژان و ناسۆرە. باشە بۆچی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک دەیانەوێ بەیەکەوە گرێ بدرێن، کەچی ژمارەیەکی زۆر کەمیان بەڕاستی تاسەر بە

هاوسەر دەمێننەوە؟ یونس پێی خۆشتر بوو ژیانێکی هەرەوەزییانە بباتەسەر. بەڵام تاکە شتی ناقۆڵای ئەو ژیانەش پیس و پۆخڵی بوو. بەدەر لەوە، ئەو لەو بڕوایەدا بوو ئەو ژیانەی لەگەڵ لانەوازەکاندا مایەی شادمانییە. کاتێکیش گەورە دەبێ، لەبری ئەوەی خێزان پێکبهێنێ، دەیەوێ ژیانێکی پەڕاگەندانە لەگەڵ تۆبیکۆدا بەسەر ببا. ئیدی کۆمەڵە هاوڕێیەکی زۆریان دەبێ، زۆر خواردنیش دەخەنە بەفرگرەکەیان، ئەگەر منداڵیشیان پەیدا بوو، بەیەکەوە بەخێوی دەکەن. پایسکلەکەی لە بەردەم پەرژینە دارینەکەدا ڕاگرت، یونس لێوەژور ماڵی دایکی کاپتنەکە کەوت. سەرسام بوو، کە بینی دەرگاکە نیوەکراوەیە. ئەو هۆدەکانی نهۆمی زەمینی، نانددینەکە و گەرماوەکەش گەڕا، بەڵام لانەوازەکان لە هیچ کونوقوژبنێک دیارنەبوون. لەوانەیە ئەوان بۆ بازاڕکردن چووبنە دەرەوە یاخود بۆ کۆکردنەوەی هەندێ کەلوپەل لەو دەوروبەرەی گەڕەکە بن. دنیایێکی کشومات، لە دلۆپە ئاوی شێرەی ئاو زیاتر هیچ دەنگێک نەدەهات. یونس بڕیاریدا لە ژوری مێوانان چاوەڕێ بێ، چاو بە بڵاونامەی بێپارە، نامیلکە کۆمێدی و ریکلامەکاندا بگێڕێ، یەکێکیان وێنەی کوڕێکی بڵاوکردبووەوە، کە پەنجەرەی دوکانێکی دەشکاند. لەبن وێنەکەش نوسرابوو:

***دەوڵەت شەڕێکی کۆمەڵایەتیانە دژی هاوڵاتییەکانی بەرپا دەکا.***

***ئایا دەزانی بۆ؟ چونکە ئەمە ئەرکەیەتی.***

***هەر ئەوەش واتای دەوڵەت دەگەیەنێ.***

***دژی داردەستی ئایدۆلۆژی دەوڵەت بوەستنەوە.***

***دژی شادمانییە زۆرداریەکەیان بوەستنەوە.***

یونس نەیدەزانی دامودەزگا ئایدیۆلۆژیەکانی دەوڵەت چین، بەڵام بیرۆکەیەکی دەربارەی دەوڵەتەوە هەبوو، دەوڵەت ژنێکی سینگ پان، کەسایەتێیکی سەرنجڕاکێش و کاریگەر بوو. هەرکاتێک دایکی بەهۆی هێز و تواناوە پەسنی ژنێکی دابا، خۆ ئەوە دەوڵەتێکە بۆخۆی. بەڵام ئەوەی لێی حاڵی نەدەبوو، ئەوەبوو؛ بۆ خاتری خوا ئەدی بۆچی ئەو لانەوازانە ئەوەندە لە ژنێکی وا و دامودەزگاکانی پەست بوون.
کوڕەکە هەر لە خوارەوە مایەوە سەیری شتەکانی دەکرد، تا گوێی لەدەنگی موزیک بوو، دەمودەست ئەم دەنگە بەلای ئەو دوو شتی

دەگەیانـد: دەنـگەکە لە نهۆمی سـەرەوە دێ، ئەوەش دەنگـی مـوزیکێکی خۆشی پۆپە، گەنـجە بـێ نەواکـان حەزی پێنـاکەن. لانەوازەکـان هەگیـز گوێ لە جۆرە مـوزیکی وا نـاگرن. ئەوە هەردەبـی خـانم پـاول بـێ، دڵـی پێیخـۆش بـێ، بەڵام خـۆ ئەوەش هەر سـەیرە. جـارێ گـورینێ یـونس خانمەکەی بینی چەنـد نـامراد بـوو، ئـاخر ئەوە رەچاوناکـا کەسێکی وا گوێ لەموزیکێکی وا بە شەوق و زەوق بگرێ.

بە تـامەزرۆیی ئەوەی بزانـێ چییـە و کێیـە، یـونس لـێ بەسـەر نهۆمی سەرەوە کەوت، بۆی دەرکەوت لـەگەڵ موزیکەکەشـدا دەنگـی مێیـنەیەکە، گـۆرانی دەچـڕێ. ئەو لەبەردەم ژوری خەوتنـــی ســـەرەوەدا وەســـتا و لەدەرگاکەی دا. چاوەڕێی کرد، جارێکی دیکە لێیـدایەوە. هـیچ وەڵامێکـی وەرنـەگرتـەوە، ئینجا سەری بردەژور.

لەوێـدا و لە ناوەڕاسـتی هـۆدەکەدا، تۆبیکـۆ وەسـتا بـوو چاوەکـانی نوقانـدبوون، شـانەیەکی لەدەسـتدابوو، جەسـتەی خـۆی دەسـوڕاند و سمتی بادەدا، هەم گۆرانی دەگوت و هەم سەماشی دەکرد. کیژەکە هەندێ کەلوپەلی ژورەکەشی خستبووە ئەولاوە تا مەودایەکی بەرینتر بسازێنێ. پەردەکانیشی هەموو گرتبوون، تەنها لە درزێکەوە روناکایی رۆژ دەهاتە ژور. لەو بـولێڵەدا تۆبیکـۆ درێـژ و بەژن باریـک دیـاربوو، تەواو لە تۆبیکۆی جاران نەدەچوو.

یـونس لەشـوێنی خـۆی چەقـی، بە شـازادە لانەوازە خۆشەویسـتەکەی سەرسام بوو. دوای ماوەیەک، دیار بوو بێ کۆتابوو، گۆرانیەکە تەواو بـوو. گۆرانی تێیـک ئە چـانس ئۆن مـی Take a chance on my...

تۆبیکۆ مایکی بەکارهێنا، کەوتبووە سەر ئەژنۆکانی، لەوکاتەی دەستی بازنەی لە هەوادا دروست دەکرد، سەریشی لەگەڵ دەهەژاند، تێکەڵەیەک لە گۆرانی پۆپی سوێدی و سـەمای هینـدی بـوو. زۆری نەبـرد ئـاوازەکە کۆتایی هات ئەویش چاوەکـانی کـردنەوە، زانـی کەسێک لە هـۆدەکەیە. کاتێکیش ئاوڕی دایەوە بە سڵەمینەوە، 'ئۆو، یونس! تۆو جەهەننەم خۆ منت تۆقاند.'

'داوای لێبوردنـــت لێـــدەکەم،' یـــونس لالانـــدی. 'خـــۆ مەبەســـتم نەبـــوو بتترسێنم.'

تۆبیکۆ لەرزۆکانە هەڵسا، هەوڵیـدا بزەیەکـی بـۆ بکـا، بەڵام شـەرمنانە بوو. ئیدی شـانەی سـەری خستەوە سـەر مێـزی جلەکـان، نەوارەکەشـی

کوژانـدەوە، پەردەکانیشـی هەڵـدانەوە، ڕۆناکـاییەکەش نابینـای کـرد.
'ئەری لێرە چی دەکەی؟'
'هـاتوم بتبیـنم. بینـیم دەرگـاکە کـراوەتەوە،' یـونس وای وەڵام دایەوە.
'ئەری ئەوە گوێت لە چی دەگرت؟'
'ئۆو، هەر کاتی خۆم پێ دەکوشت. خـانم پـاول زۆر لەو جـۆرە گـۆرانیە پۆپانەی هەن.' شتەکانی لە جێی خۆی دانانەوە. 'ئەدی ئەو لە کوێیە؟'
'وادەیەکی دکتۆری هەبوو. تا سعات سێ نـاگەڕێتەوە،' تۆبیکـۆ هەنـدێ دەنگـی نزمکـردەوە، 'پێمـوایە هەنـدێ تێکچـووبێ، چـۆتە لای دکتـۆری دەرونی.'
'بەڕاستی؟ ئاخر ئەو زۆر خەمبار بـوو،' ئەمەی بەلێتێگەیشتنەوە گـوت. بەڵام دەستبەجێش هزرێکـی دیکەی بۆهـات. 'ئەو گـۆرانیەی لێتـدەدا هـی ئابا ABBA بوو، وایە؟'
"چۆنت زانی؟"
'دایکەم زۆری حەز لێیە،' یونس بە گەشبوونەوە وایگوت.
'چـاکە، بەڵام مـن حەزی پێنـاکەم، بەڕاسـتیش لەگەڵ میزاجـی مـن ناگونجێ. زۆر ناخۆشە، ئەری بە تۆش وانییە؟'
یـونس بە سـۆزێکی دڵفڕێنـانە لە تۆبیکـۆوە رامـا. لەو رۆژەی یەکـدیان بینیـوە، ئەوە یەکەمـین جـارە، ئەو جـۆرە نیگـایەی تێـدەبڕێ بەوەی کیژێکی بچکۆلانە دیار بێ. خۆ ئەویش بەتەنها نەبوو، درکـی بەوەکـرد، هەوڵ دەدا گەورەتـر لەوەی هەیە دیـار بـێ. تۆبیکـۆ بەبـێ ئاگـا لە هزرەکانی گوتی، ' تۆ ئەمڕۆ چاکەتێکی جوانیشت لەبەردایە.'
'سـوپاس،' یونسـیش وای پێگـوتەوە، بەڵام سـەرەداوی بابەتەکەشـی لەدەست نەدا. 'ئایا پێتباش نییە جارێکی دیـکە گـۆرانیەکە لێبـدەیتەوە، منیش فێری سەماکە بکەی؟'
تۆبیکۆش بلعاتبازانە پێکەنی. 'بچکۆڵ دەتەوێ سەمام لەگەڵدا بکەی؟'
هەرچەندە گوێچکەکانیشی لە شەرمان سوربوونەوە، بەڵام یونس گوتی، 'بەڵێ، بۆ نا.'
'زۆر باشە،' تۆبیکۆ قەناعەتی هات. 'لەوکاتەی شتێکی وا داوادەکەی، وا باشترە شتێکی جوانتر بپۆشم.'
بەیەکەوە دەرگای کەنتۆرەکەیان کردەوە، لەوە سـەریان سوڕما، کە پڕ بوو لە جلو بەرگ و ئارایشی ژنانە و پێڵاو و شەپقەش.

تۆبیکۆ گوتی، 'هەر دەبێ ئەو خانمە هەموو پارەکەی لە پۆشاک خەرج کردبێ.'
یونسیش تێبینی ئەوەی دا، 'خۆ هیچ شتێکی رەشیشی نییە.'
بەڵام تۆبیکۆ، ئەو ژنەی هیچی وای لەبەرنەدەکرد بەدەر لە جلوبەرگی نامۆی پەڕاگەندەکان، ئەو شتەی لا جێی بایەخ نەبوو. بە سەرسامییەوە سەیری شاڵێکی ئەرخەوانی، تەنورەیەک بە رەنگی خوری و بلوزێکی لەیلاق کرد. لەوێدا فستانێکی شەو و چاکەتێک بەڕەنگی پێستە رێوی، کە تا سەر ئەژنۆ دەهات بە عەلاگە ئاسنینەکە هەڵواسرابوو.
تۆبیکۆ فستانێکی درێژی کەتان و تافتای پەمبە، کە رەنگەکەی کاڵببوەوە وەک سپی خۆی دەنواند، دەرهێنا؛ فستانەکە لە کەمەر تەسک و ئاودامان بوو، رۆخەکانیشی هەموو پولەکە بوون.
یونس گوتی، 'بەو جلەوە زۆر شۆخ دەردەکەوی.'
تۆبیکۆ سەرێکی بادا وەک ئەوەی هزرەکەی پێ ناماقوڵانە بێ، بەڵام هێشتاش بە کوڕەکەی گوت؛ 'دەکرێ چەند خولەکێکم جێبێڵی؟ تا بانگهێشتت نەکەم نەیەیتەوە.'
یونس لەداڵانەکە چاودێری کرد، پێیوابوو کات هەر تەواو نابێ. کاتێکیش بانگهێشتی ژورەکە کرایەوە، لەوێدا ژنێکی دیکە هەبوو، کەسێک چاوە تاتوەکانی تۆبیکۆی هەیە، بەڵام بەدەر لەوە هیچی لە تۆبیکۆ نەدەچوو. پرچەکەی بەردابووەوە، ماکیاجەکەشی نەهێشتبوو. قەڵەمی رەشی لێوی کردبووە پەمبە و سێبەری بەرچاوانیشی نەمابوو. لەبری گۆرەویە تۆڕە دڕاوەکانی، گۆرەویەکی رەنگینی تۆڕی ماسی پۆشیبوو. جوتە پێڵاوێکی رەنگ ئاڵتونی لەبەرکردبوو، جوت گوارەیەکی ئەڵماسی بە گوێکانی وەکردبوو، ئیدی بەشەرمنیەوە بزەیەکی کرد، بۆنێکیشی بەهەوادا پڕژاند.
یونس فیکەیەکی لەو فیکانەی لە ئەسکەندەر فێرببوو، بۆکرد. 'تۆ دەڵێی...' پاشگەز بووەوە، پەی بەوە برد، کە هیچ ئاوەڵناوێکی وا بەهێز نییە بیداتە پاڵ ئەوەی بینیویەتی. ئیدی سەرچڵیانە گوتی، 'تۆ هەر دەڵێی دەوڵەتی!'
تۆبیکۆش پێکەنی. 'من دەوڵەتم،' وای پێگوت و باسکەکانی بۆ کردنەوە.
ئینجا تۆبیکۆ دەستی دایە دوو فلچەی سەر داهێنان، یەکێک بۆ خۆی، ئەویدیکە بۆ یونس. روی خۆی بەلای نەوارەکە وەرسوڕاند و

گۆرانیەکەی لێدا، ئەوسا چوونە سەر سەکۆ، دەست لەناو دەست، بەپێکەنینەوە کەوتنە سەما. بە خەیاڵ، ئەمشەو هەزاران کەس هاتنە تەماشایان. هەموو بلیتەکان لەماوەی هەفتەکانی پێشتردا فرۆشران؛ زۆر کەسی دیکەش لەبەر نەبوونی جێگا لەدەرەوە وەستا بوون. یونس پیانۆ، گیتار، سەکسەفۆنەکەی ژەنی و دەهۆڵیشی لێدەدا. کیژەکەش گۆرانی دەگوت و سەمای دەکرد و تەنورەکەشی هەڵدەدایەوە. لەهەر خولانەوەیەکیشدا پشتیان لەیەک دەدا، و پاڵیان بەیەک دەدایەوە. ئامادەبووانیش خەریکبوو شێت و هار دەبوون.

کاتێکیش گۆرانیەکە تەواوبووو، هەردووکیان لەسەر زەویەکە هەناسەبرکێ ببوون، تۆبیکۆ ئامێزی لە یونس وەرێنا. 'ئەوێ رۆژێ سەبارەت بە نهێنییەکانت لێتپرسیم. زۆر باشە، خۆشەویستیمان بۆ ئابا ABBA یا نهێنییەکەمان بێ. بەڵێنم پێ بدە رازەکە بپارێزی.'

ئەو دوای نیوەرۆیە یونس زۆر شتی دەربارەی تۆبیکۆ زانی، کە هەرگیز خەیاڵی بۆ ئەوە نەدەچوو راست بێ. هێشتاش کە هەر لەبن جلکی ئاببا دابوو، هەندێ رازی خۆی بۆ هەڵرشت، بەوەی ئەو وازی لە کورە دۆستەکەی تۆبی نەهێناوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بووە، ئەو وازی لە کچەکە هێناوە، بەم جۆرە دڵی شکاوە. ئینجا تۆبیکۆ کاپتنی بینیوە، بەڵام خۆشی نەویستووە، هەرچەندە وازیشی لێنەهێناوە. کچەکە لەرابردوودا ئازاتر بووە، بەڵام رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر پێویستی بە پانەند بوون و خۆپێوە هەڵواسینە. کیژەکە گوتی ئەمەش هەمووی لەبەر ئەوەیە کە گرێی ئێلێکترای Electra complex هەیە. ئەو خۆی هاوشان دەکا لەگەڵ ئەو پیاوانەی کە بە باوکی دەچوێنێ، بەمەش کێبەرکێ لەگەڵ دایکی دەکا. ئینجا کورتە شیعرێکی نیشانی یونس دا تا بیخوێنێتەوە، بەڵام لەو دەمەدا گوێیان لە ترپەی پێ بوو لە خوار پەیژەکانەوە هات، ئەوە خانم پاول بوو گەرابووەوە.

تۆبیکۆ تێکچوو. 'ئۆو، نەخێر، هەی بەنەفرەت بێ.'

'خەم مەخۆ،' یونس پێیگوت. 'من دەچمە خوار، تا تۆ جلەکانت دەگۆری، دەیانخافڵێنم.' ئیجنا پارچە شعرەکەی خستە نێو گیرفانی چاکەتەکەی و لەپەیژەکان هاتەخوار.

❖

لە کاتی شێوان و لەسەر سفرەی نانخواردندا، ئەسکەندەر بە نیگایەکی بەدخووانە سەیری یونسی کرد، بەڵام پێشی نەگوت ئاخۆ بە درێژایی ڕۆژ چاکەتەکەی لە کوێ بوو. دوای نانخوارنەکە، رایگەیاند دەچێتە دەر. دەچێتە لای کوڕەکان و هەندێک یاری سنوکەر دەکا. ئاخر ئەوە کارەی پێویست بوو تا هزرەکانی خۆی کۆبکاتەوە. سەربارەی پێناخۆشبوونی دایکی، ئەو رۆیشت و گوێشی پێنەدا. لەوکاتەی مامی قسەی بۆکردوە، رەفتاری لەگەڵ دایکی خراپ بووە، هەرچەندە راستەوخۆش روبەروی نەدەبووەوە.
لەو شەوە ساردو سڕەدا ئەسکەندەر یەخەی چاکەتەکەی قیتکردنەوە و دەستیشی خستە نێو گیرفانەکانی. لەناو گیرفانێکیدا شتێکی بەردەست کەوت. پارچە کاغەزەکەی دەرهێنا و لەبەردەم تیشکی ستونی کارەبای سەرجادەکەدا خوێندیەوە.
ئەسکەندەر پارچە کاغەزەکەی لەنێو دەستی خۆی هەڵگلۆفت، لولی دا، پاشان فڕێیدایە نێو تەنەکەی زبڵ. هەردەبێ کەسێک گاڵتەی پێکردبێ. بە درێژایی شەوەکەش بیری کردەوە، ئاخۆ کێ بێ پارچە کاغەزەکەی خستبێتە نێو گیرفانی، بەڵام کە بۆی نەدۆزرایەوە، گەڕایەوە سەر دوا دێڕی پارچە هۆنراوەکە، هەر لەمێشکیدا دەهات و دەچوو:
***دایک درۆ دەکا، دایک تەفرە دەرە،***
***ئەو ئەوە نییە کە دەڵێ هەوم.***

## زیندانی شریۆزبێری، ۱۹۹۱

ڕۆژێکــی هێــواش، ڕۆژێــك هەر نەدەڕۆیشــت و زۆریــش بەســوێ بــوو. لە بەیانییەوە تا سعات ۱۱:۳۰ لە جلشۆریی بــووم، پاشـان گەڕامەوە بـۆ نـانی نیــوەڕۆ. دوای نیــوەڕۆ کتێبــێکم خوێنــدەوە، ئینجـا وەرە و گــوێ لە هەلــەق مەللەقــی زیشـان دەربـارەی خۆشەویسـتی و هاوئـاوازیی بگــرە. لە سـعات چواریشدا دەرگاکانمان لەسـەر دادەخـران. نیـو سـعات دواتـر مـاك لاولینـی ئەفسەرمان لێوەدەرکەوت.
پێی گوتم. 'پێدەچێ بەو زوانە کەسێك هەبێ بێتە سەردانت.'
'ئەو کێیە؟'
'واباشە لێیبگەڕێی تا خۆت دەیبینی.'
پێشتر هەر تەنها ئەسما دەهاتە سەردانم، ئەویش ساڵێك دەبـێ نەهـاتووە. پێشــم ســەیربوو ئەفســەر مــاك لاولــین لە ســەردانکردنی کەســێك دڵنیـای کــردمەوە. خــۆ بەگــوێرەی تۆمــاری ئەم دواییـانەم بــێ، بەئاسـانی دەتـوانێ لێنەگەڕێ کەس سەردانم بکـا. بـاقی ئێـوارەکەم وەك مەلێکــی باڵشــکاو لە هێلانەکەمــدا بەســەر بــرد. لەدواییــدا تێگەیشــتم ئەفســەر لاولــین دەزانــێ هەرکەسێ سـەردانم بکـا دەمشـێوێنێ، هاوسـەنگیم لەنـگ دەکـا، ئەویـش گرەوی لەسەر ئەو پرسە کردبوو. دەبـووایە مــن قەڵغانێـك بە دەوری خۆمــدا بێنم و خۆم لەم جۆرە هزرانە بپارێزم، بەڵام خۆ چەند کەسێکی کەم هەن، کە دەمارەکانم دەپچــڕێنن. ئەوانەش تەنهـا چەنـد کەسـانێکن. ئەوان دەتـوانن قەڵغانەکەم ببڕن، هەروەك چۆن تارمایی گیانەکان دەبڕێ و قسەت لەگەڵدا دەکا.
زیشان گوتی، 'دیارە تۆ نیگەرانی.'
خۆ قسەکەی هەرچییەك بێ، چ پرس بێ یان ڕاگەیەندراو خۆم لێنەبان کرد.
'بەڵێ، زۆر دەمارگرژیشم، ئاخر بۆ نەگبەتــی نـازانم بەیـانی چ کەسـێکە دێـتە سەردانیم.'
زیشانیش گوتیەوە، 'ئێمە هەرگیز نازانین ئاخۆ بەیانی چی لە بـن سـەر دایە، بەڵام هەمیشەش ڕۆژێکی نوێ دەست پێدەکا.'

من لە میزاجێکدا نەبووم گوێ لەو شتە بێ واتایانەی ئەو بگرم. ئیدی لەسەر جێگەکەم پاڵکەوتم، خۆم لە جیهانی دەرەوەدا دابڕی. هەستەکەم وەك هەستی رۆژێکی خراپی دیکە بوو. ئاخر خۆ من لە ژیانمدا زۆر رۆژی ناخۆشی وام بەسەربردوون. بەڵام رۆژێکیان لەنێو ئەو رۆژانەدا پۆلکترینیان بوو: بەیانیەکەی دوایی.

بەیانیەکەی دوای ئەنجامدانی تاوانەکە تۆ لە شەوێکی بێ بندا بێدار دەبیتەوە. لەوێ لە مێشکتدا لە شوێنێك هێمایەکی سورت بۆ هەڵدەبێ و دەکوژێتەوە. هەوڵدەدەی گوێی پێنەدەی. لەوێدا دەرفەتێك هەیە، هەرچەندە سوکە دەرفەتێکیشە، بەڵام خۆ ئەوە هەمووی هەر خەونە. تۆش دەتەوێ دەست بەو دەرفەتەوە بگری، بیقۆزیتەوە، هەر وەك ئەوەی یەکێ لە خەرەندێك بکەوێتە خوار دەست بۆ هەرشتێك دەبا، کە لە گوریس بچێ. خولەکێك تێدەپەڕی، سعاتێك، تۆ سەرەداوی ژماردنی کاتت لەدەست دەردەچێ، تا لەپڕێك پیات دەکێشێ. ئاخر گوریسەکە لەوسەرەوە بەهیچ شتێك نەبەستراوەتەوە، ئیدی بۆ یەکەمجار سەرت بە دیواری واقیعدا دەکەوێ.

من لە گەرەکی لاڤێندەر گرۆڤ بووم، چەقۆیەکەم بە دەستەوە بوو. گوێم لە قیژەو هاوار، لە نوزە لە فونگە فونگ بوو. یەکێك لەوێ هەر شین و فوغانی بوو. سەیر بوو دەنگەکە لە دەنگی دایکم دەچوو، بەڵام خۆ ناکرێ ئەو بێ، چونکە ئەو لەسەر زەویەکە کەوتبوو، خوێنی لەبەر دەڕژا. سەداکان لە مێشکم دەنگیان دەدایەوە. تەماشای دەستی چەپەم کرد، دەستە بەهێزەکەم، خەریکبوو شل و خاو دەبووەوە، وەك ئەوەی بۆ ماوەیەکی کاتی بە جەستەمەوە لکێندرابێ و هەنوکەش هی یەکێکی دیکە بێ. چەقۆکەم فڕیدایە ژێر ترومبێلێك، کە لەوێ راگیرا بوو، خۆ ئەگەر بە من بووایە، دەستەکەشم لەگەڵیدا فڕی دەدا و لەوێ جێم دەهێشت.

ئیدی هەڵاتم. چاکەتەکەشم خوێناوی ببوو. ئەوەشم بۆ لێکنەدەدرایەوە، بۆ کەسێك نەبوو بموەستێنێ، دەیانتوانی بەڵام واشیان نەکرد. ئیدی لەرێگای باخچەکەی پشتەوە چەند کۆڵانێکم بڕین. بێ ئەوەی بشزانم بەرەو کوێ دەرۆم، هەر غارم دەدا. خۆ هەر دەبێ چەند شەقامێکم بڕیبێ، خۆم لەخەڵك دابێ، سەگەکانم ترساندبێ، بەڵام ئەم شتانەم یاد ناکەونەوە. ئەو نیو سعاتەی داهات رەش بوو. بەڵام ئەوەندەم لەبیرە، بەسەر چاوە تەلەفونێکی سەر جادەدا کەوتم.

زەنگــم بــۆ مــام تــاریق لێــدا. پێمڕاگەیانــد چــیم کــردووە. لەو نێوەنــدەدا بێدەنگییێکی ترسناك هەبوو. پێموابوو ئەو گوێی لێم نەبووە. بۆیە شـتەکەم بۆ دووبارە کردەوە. پێمگوت دایکمم لەسەر ئەو کەتنە نـاڕەوایەی سـزاداوە. لەمەودوا هەرگیز ناتوانێ شتێکی وا دوبارە بکـاتەوە. پێمگـوت برینەکەشـی ئەوەندە خراپ نییە، بەڵام هەندێ کاتی دەوێ تا سارێژ دەبێـتەوە. مـن یەك چەقۆم لە لەلای راستی، لەسەر سینگی دا. ئەوەش نیشانی دەدا، گونـاحەکەی چەند گەورە بوو. کاتیشی پێدەچێ تا بیر لە هەڵەکەی بکـاتەوە و تـۆبە بکـا. پیاوەکەش دەتۆقێ، ئیـدی بەتەنها جێمـان دێڵـێ و لە کۆڵمـان دەبێـتەوە. شەڕەفی خێزانەکەمان پاککرایەوە.

'کوڕم، ئەرێ ئەوە چیت کرد؟' دەنگیشی بە پچڕپچڕی دەهـات. 'ئەوە کـارێکی سامناکە.'

منیش سڵەمیمەوە. 'بە...ڵام ... خۆ... ئێمە... لەو...بارەیەوە... قسە... مان... کردووە.'

'بە دڵنیاییەوە نەمانکردووە،' مامم وای پێگوتمەوە.

ئەو پیاوەی هەموو شتێکی پێگوتم و مکوڕیش بوو لەسـەر ئەوەی دەبـێ تـا زووە شــتێك بــکەم، هەنــوکە بــوو بە هەڵــم و بە هەوادا چــوو... منــیش حەپەسام.

'کوڕم، ئەسکەندەر، تۆ دەبــێ خــۆت بەدەسـتەوە بـدەی. منـیش کتومـت بە پۆلیس دەڵێم ، کە تۆ زەنگت بۆلێداوم. تۆ ناتوانی لە قانون رابکەی!'

لە هیکەوە بەدگومانییێکی سەیرم لە مام تاریق کرد، کە خـۆی بـۆ ئەم شـتە ئامادەکردبێ. تۆبڵێی چاوەڕوانی ئەمە بووبێ؟ خۆی لەسەر قسەکان راهێنابێ. ئەرێ ئەوە لەو تەلەفونەدا چیم پێـدەڵێ، تـۆبڵێی چـی بە پـۆلیس بڵـێ، ئـاخر ئیفادەی لەدادگادا چی دەبێ... خۆ ئەو بۆ هەموو شتێك خۆی ئامادە کردووە.

'کوڕم، ئەوە لە کوێی؟ پێمبڵێ ئاخۆ لە کوێی.'

منیش تەلەفونەکەم دانایەوە، چاکەتەکەم لەبەر کرد و فڕێمدایە نێو زبڵدان. ئینجا بەرەو ماڵی **(کاتی)** لە ئالبیۆن درایڤ کەوتمە رێ. زۆر جـاران چـوومەتە ئەوێ، بەڵام هەرگیز نەچوومەتە ژور. ئیدی زەنگی دەرگاکەم لێدا. بـۆ مـایەی ئاسودەییم خۆی دەرگاکەی لێکرمەوە.

'ئالێکس، وای لەو سەردانە کتوپڕییە،' **(کاتی)** وایگوت. خەندەیەکیشی لەسەر لێو بوو. 'ئۆی، شیرینەکەم، دەمزانی دێی.'

**(کاتی)** فەرموی چوونەژوری لێکردم. پێیگـوتم دایکـی زۆری پێخۆشـدەبێ، کە بڕیـارم داوە لەگەڵیـان بـژیم. ئـامێزی پێـداکردم، ژگەکەی رەق و خـڕ کەوتە نێوانمان. پێنەدەچوو چوار مانگان بێ. زیاتر بەوە دەچوو ژگەکەی هەڵاوسابێ. لە (**کاتی)م** پرسی شوێنی دەستشوشـتنم نیشـان دا. دەسـتەکانم شوشـتن. خۆم لە ئاوێنەکەدا بینییەوە، هیچ جیاواز نەبوو لەوەی رۆژی پێشتر. چـاوەڕێی ئەوەم دەکـرد شـتێکی نائاسـیی لە روخسـارمدا بەدیـبکەم، بەڵام خـۆ هـیچ شتێکی وا دیار نەبوو. جارێکی دیکە دەستەکانم شوشتنەوە، دەسـتەکانم زۆر هەڵکڕانــدن، ســابونەکە بــۆنی گــوڵاوی لێــدەهات. مــن چەکــمەجەکەی کەوەنتەرەکەم کردەوە، بوتلێك زاهیم تێدا دۆزیەوە. لەسەر بـوتڵەکە وێـنەی کابانێکی جوانی لەسەر بـوو، بـزەکەی لە هەورەکـان سـپیتر بـوو. زاهـیەکەم بەسەر دەستەکانمدا کرد. برینێك لەناو لەپـی دەسـتمدا هەبـوو، ئـای کە بە زاهیەکە چەند ئێشاندمی. بەردەوام بووم لەدەست هەڵکڕاندن. ئـاخر شـتێك لەنێو نێنوکەنامدا هەبوو. قڕێژ؟ بۆیە؟ خوێن؟ شتەکە هەر لێنەدەبووەوە.

**(کــاتی)** هــات، پرســی ئــاخۆ هەمــوو شــتێك لەجێــی خــۆیەتی. باوەشــی پێـداکردمەوە. لە ئاوێنەکەمـان روانـی، مـن، ئەو، کـۆرپەلەکەش. **کـاتی** بە شانازییەوە سەیری کرد. سەرنجمدا خەندەکەی هەروەك خەنـدەی کابـانەکەی سەر بوتڵە زاهیەکە بوو. هەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتێك.

ئیدی شێرەی ئاوەکەی گرتەوە. 'خۆشەویستەکەم، تۆ بۆمن زۆر پاقژی.'

گەڕاینەوە ژوری دانیشتن. دایکـی (**کـاتی)** لەسـەر کورسـیەك لەلای پەنـجەرە دانیشتبوو، چـاوەڕێی دەکـردین. کراسـێکی بەسـەر خـۆی دادابـوو لەوانەی لە تەلەفزیۆن لە زنجیرەی رۆیال بلودا دەردەچن. لەژێر کراسەکەیەوە مەمکەکانم دەدیتن. سینگی وەك توێکڵە گـوێز هەمـوو خاڵخـاڵ بـوو. پرچەکەشـی تـازە داهـاتبوو، لێوەکانیشـی سـور کردبـوون. وادیـاربوو لە خورانـدگەیەکی نایـاب هاتبێتەوە، بەڵام بـاقی دیـکەی میزاجێکـی خـۆجێی پێوەبـوو. هەوڵمـدا هەر سەیری روخساری بکەم چاوم بەرنەدەمەوە خوار سەری.

خانم **ئیڤانس** چایەکی لە فەخفوری بۆ تێکردم و چەند شـیرینیەکی میوەشـی لەبەردەم دانـام، بە بێـدەنگی شـتەکانمان خـواردن. لەوێـدا هەنـدێ وێـنەی چوارچێوەدار بە دیوارەکاندا هەڵواسرابوون، بە دەیان وێنە بـوون. لەهەنـدێك لە وێنەکاندا بـاوکی (**کـاتی)یـم** بینـی. لەوێـنەکەدا وەك کەسـێکم نەهـاتە بەرچاو، کە وێڵ و سەرگەردان بووبێ.

خـانم ئیڤـانس چـاودێریی هەمـوو جـوڵەیەکی دەکـردم. هەسـتێکی وام بۆپەیدابوو، کە سەیری بن نێنوکەکانیشـم دەکـا، ئیـدی هەرزوو دەسـتەکانم لێشاردنەوە.

'ئەلێکس، کیژەکەم پێیگوتم، تۆ حەزت لێیە ناوێك لە کۆرپەلەکە بنێی، گەر کچ بوو ماگی بێ و کەر کوڕیش بوو تۆم بێ.'

منیش روم کردە (کاتی)، ئەویش خۆی لە نیگای چاوەکانم دزیەوە.

'بەڵێ، پێموایە.'

دوای ئەوە خـانم ئیڤـانس لێیپرسـیم، کەوا بـاوەڕەم وابـێ مـن بـاوکێکی بەرپرسیار بم. منیش گوتم نازانم ، بەڵام ئەوپەڕی هەوڵی خۆم دەدەم.

'هەندێك جار، ئەوپەڕی هەوڵدان بەس نییە.' خانمەکە وایگوت.

پێـدەچوو لە تەلەفزیـۆن بینیبێتـی، یـاخۆ کەسـێك لەرابـردوودا پێیگـوتبێ، پێیگوتین ئەو پارمەتیمان دەدا، بەڵام هەڵبەت بۆ مـاوەیەك و خشـتەیەکی کاتی تـا ئەوکـاتەی ئـێمە لەسـەر قـاچی خۆمـان دەوەسـتین. ئەو ئەمە بـۆ نەوەکەی خۆی دەکا. خانمەکە مسـکە بـووەوە، ددانە سـپیەکانی بە تەواوی دەرکەوتن.

لە شەودا (**کاتی**) پییگوتم دەبـێ لە دوو ژوری جیـاوازدا بخەویـن. مـن دەبـێ لەسەر قەنەفەی ژوری میوان بڕازێم. پێشی گـوتم ئەمە هەر بـۆ مـاوەیەکی کاتیی وادەبـێ، بەو زوانە بە فەرمـی مـارەی دەکەم و ئەوسـا بـۆ هەمیشـە لەسەر یەك پێخەف دەبین.

(**کاتی**) سەرینێك و چەرچەفێکی خاوێنی بۆ هێنام. بەهێواشیش فستانەکەی لەسـەر خـۆی لادا. مەمکەکـانی بەل ببـوون، سـەر گـۆی مەمکەکـانی بە ئەڵقەیەکی رەش هەڵگەڕابوون. من دەمارە شینە بەلەکانیم بینین. پێیگوتم، سەر بەزگیەوە بنێم. وامکـرد و بـۆ مـاوەیەك گـوێم لەهـیچ نەبـوو. پاشـان هەسـتم بە جـوڵەیەك کـرد، وەك ئەوەی کەسـێك لە خەوێکـی قـوڵ خـۆی لێکبکێشێتەوە. جارێك، دوان، چوار جاران وایکرد. ئەوەش وەك تەلسم وابوو. مەڕاق مام، تۆبلێی دایکیشـم کـاتێ بە مـنەوە دووگیـان بـووبێ، لێگەڕابـێ باوکم گوێی بە زگییەوە بنێ.

پاشان (**کاتی)م** بەلاوەنا پێمگوت، 'ببورە، خەوم دێ،'

'ئۆو، خۆشەویستەکەم، هەڵبەتە.'

کاتێك ئەو بەتەنها جێیهێشتم، خۆم لێـك کێشـایەوە و سـەیری ئەو نـاوەم کرد. پەردەی تۆڕئاسا، سەرینی گوڵـدار، کـاخەزی دیـواری بـازنەدار، گوڵـدانێکی

فەخفوری رازاوەی سەر ئاگردانەکە، کاتژمێرێکی باپیرە. پێموابوو هەرگیز خەوم لێناکەوێ، بەڵام هەر سەرم کردە سەر سەرینەکە، ئاگام لە حەشتەبای دنیا نەما. کاتێکیش بەیانیەکەی هەڵسام، (کاتی) لەسەر سەرم وەستابوو. روخساری بزرکابوو، چاوەکانیشی مۆللەق کرابوونەوە.

'ئەلێکس،' وای پێگوتم، 'دوو پۆلیس لە دەرگاکە وەستاون.'

هەڵسامەوە و سەرم لەنێو هەردوو دەستەکانم گرت، ماچێکم کرد. دەمەکەی تامی سوێری دەدا. تامێکی تۆقێنەر.

'ئەوان لە تۆ دەپرسن.'

خۆمان گەیانـدە دالآنەکە، دایکـی (کاتی) بە کراسـی شـەوەوە لە دەرگـا وەستابوو. شـوێنەواری گـریم لەسـەر دەموچـاوی دیـار بـوو. لێـوی ژێـرەوەی هەڵدەلەرزی. کچەکەی بۆ خۆی راکێشا، وەك ئەوەی من نەخۆشـیەکی پیسـم هەبێ و بتەنێتەوە. لایتی ترومبێلەکەی پۆلیسم لە پشتەوە دیت. تەنها دوو پۆلیس بوون. یەکێکیان هەر لە جێمس کۆلاگان دەچوو، بەڵام چـاویلکەی لە چاودا نەبوو. ئەوان هێشتا منیان نەبینیبوو. داوام لە (کاتی) کرد پێیان بڵـێ، خەریکە خۆی دەگۆڕێ.

بڕیـاری هەڵاتـنم لە هۆشـیاریيەوە نەبـوو، بەڵام کـردم. چـوومە نانـدینەکە، دەرگـاکەم کـردەوە، خـۆم خزانـدە حەوشـەکە و بەسـەر پەرژیـنەدا بازمـدا، لەوێشەوە بۆ یەکێکی دیکە. کاتێك (کاتی) قسەی لەگەڵ پۆلیسەکان دەکرد، من دەرباز ببوم، رێگای خۆم گرتبوو.

❖

دوایین رۆژی مـانگی نـۆڤێمبەری ١٩٧٨، کاتێـك ئەوم بینی لەسـوچەکەوە دەرکەوت، خەریکبوو رای خـۆم بگـۆڕم. ئەوم بینـی بـازاڕی کردبـوو، عەلاگەی لەدەست دابوون. بە هێواشیش رێـدەکرد، کـاتی خـۆی وەرگرتبـوو. ئەمەش خوێنی دەمارەکانمی کوڵاند. پێمگوتبوو نابێ لە ماڵ بچێتەدەر.

ئێدی هەنگاوەکانی خاوکردنەوە، نیگای لە موزیکژەنەکـانی سـەر شـەقامەکە بـڕی، پشـتی لەمـن دابـوو. منـیش لێمڕوانـی، بینـیم خەنـدە دایگرتبـوو. ختوکەیەکی توڕەییم پەڕیە هەناو. ئاخر ئەدی پێمنەگوتبوو قەدەغەیە بچێـتە دەر، نابێ تەنـورە لەبەر بکـاو قـاچوقولی بە دەرەوە بـێ؟ دیـارە ئەو بـاکی بە رێساکانی من نییە، گاڵتەم پێدەکا.

بەدوایدا رۆیشتم. لەبەردەم جامخانەی دوکانێك وەستا، سەیری کرد، دیـاربوو پەلەی نەبوو بگەڕێتەوە ماڵ. وام بیرکـردەوە بەڵکـو چـاوەڕێی کەسـێك بـێ،

ژوانی لەگەڵ خۆشەویستەکەی هەبێ، شتێك، بەڵام وا دەرنەچوو. کاتێکێش گەیشتینەوە شەقامەکەی خۆمان، سەرپەلۆچوو، جوزدانی لێکەوتەخوار. جوزدانێکی کۆنینەی خاکی، هەرگیز پێشتر نەمبینی بوو. کاتێك دانەویەوە هەڵی بگرێتەوە، لە پشتەوەڕا بینیمی. 'ئەسکەندەر...' وای چرپاند، وەك ئەوەی رازێك بدرکێنێ.

ئیسکەندەر تۆپراك

## چڵ و قەفتەدارەکە

*لەندەن، ئۆکتۆبەری ١٩٧٨*

دۆزینەوەی دوانـدەرەکە کـارێکی سـەختربوو لەوەی ئەسـکەندەر بـۆی چووبوو. ئەو زۆر قاوەخانەی بەدوادا گەڕا، چەند تەلەفونێکیشی کرد، بەڵام لەهیچ شوێنێک دیار نەبوو. ئەمەش وای دەگەیاند، شتی کەمی لەبارەوە دەزانێ. هەموو ئەو مانگانەی رابردووش هەر دواندەرەکە بوو بە دوای ئەسکەندەری دەنارد و یەکدیان دەبینی، هەرگیزیش لەپـڕ یەکدیان نەبینیبوو. هیچ بیرۆکەیەکیشی نەبو ئاخۆ دواندەرەکە لەکوێ دەژی، یاخود ئەو خەریکی چ کارێک بوو تا بۆی گەڕابایەوە. هەر ئەوەندەی لەیادمابوو جارێک پێیگوتبوو لە پەیمانگەیەکی پۆلیتێکنیک دەخوێنێ، بەڵام کتومت چی دەخوێند، ئەوەش بۆخۆی وەک شتەکانی دیکەی تەلیسمێک بوو.

لەدواییدا، لەڕێی برادەری برادەرێکیەوە توانی لە ستۆدیۆیەکی هونەری جەنگی پیسوپۆخل لە **بریک لاین**دا بیدۆزێتەوە. لەوێ بە نیو دەرزەن گەنج دەورەدرابوو، گەنجەکان هەموویان شۆرتیان لەپێدا بوو، لەسەر کۆمبارێک لەسەر زەوی لە دەورەی دواندەرەکە، وەک خڕبوونەوەی کۆتر لەژێر تۆڕەداوێکدا دانیشتبوون. هەندێک لەوان پەڵەی ئارەقەیان بەسەر سینگەوە بوو، خاولیشیان لەمل دابوو. پێدەچوو هەر ئێستا لە مەشقێک ببووبنەوە و ئیدی بەر لە خۆشوشتن لە دەوری پرسێکی گرنگ دانیشتبن. کاتێکیش ئەسکەندەر لێیان نزیککەوتەوە، هەموویان کڕوبێدەنگ بوون، هەندێکیان بە چاوی گومانەوە سەیریان کرد و لێشیان نەشاردەوە.

'هیچ نییە.' دواندەرەکە بە چاوداگرتنێکەوە وای پێگوتن. 'من دەیناسم.'

ئەسکەندەر نە چاوداگرتن و نە ئاوازی دەنگیانی بەدڵ نەبوو، بەڵام سڵاوێکی لە هەمووانیش کرد. بە سەر لەقاندنێک و بەسەری زمان یەک وشەی کورتی دەربڕی، 'سڵاو!'
دەستبەجێ، دواندەرەکە هەڵسایە سەرپێ و دەستی راستی لەسەر دڵ دانا و گوتی، 'سەلامون عەلەیکم، برا، حەزت لێیە لەگەڵمان بفەرموی؟'
'نەخێر سوپاس. من... دەبێ بچمە شوێنێکی دیکە. بۆیە هاتوم تا ئەو نەوارانەت بدەمەوە، كە دواجار پێتدابووم.'
دواندەرەکە بردەبردێکی لێوەهات، برادەرەکانی گوێیان لێنەبوو، ئینجا بەرەو ئەسکەندەر هات. ئەسکەندەر ئەوکات بینی، بەرامبەرەکەی چاکەت و بلوزە زستانیەکەی داکەندون، چەند وردیلەو لاوازە. دوو شانی باریک، دووبازند هەر ئێسقان بوون، دوو قاچی گێڕیش.
'پێویست نەبوو بۆ شتێکی وا بێیتە ئێرە.'
'هیچ نییە.' ئەسکەندەر وای پێگوتەوە. هێشتیاش دڵنیا نەبوو ئاخۆ بۆچی هاتووە.
'دەتەوێ قسە بکەین؟'
'ئا... بەڵێ. یەک دوو خولەک.'
هەردووکیان بەرەو سوچێکی هۆڵەکە رۆیشتن و لەوێ دانیشتن. لە رۆیشتنەکەیاندا بە بەردەم کۆمەڵێ کەلوپەلی وەرزشیدا رەت بوون. بینیان کەسێکی قەڵەوی کورتە باڵا لەبن قورسایی بەرزکردنەوەی ئاسندا دەناڵێنێ و توانای بەرزکردنەوەیشی تێدا نەماوە. ئیدی روومەتی لە بن ئاو و ئارەقە سور هەڵگەڕاوە و بەئاستەم دەتوانی قۆڵی خۆی بەرزبکاتەوە.
بە تیلەی چاو ئەسکەندەر روی لە دواندەرەکە کرد. 'نەمدەزانی لێرە کاردەکەی، ئەوە خەریکی چیت؟'
'ئۆو، من تایکواندۆ دەکەم. هەرچەندە حەزیش ناکەم ببمە جەنگاوەر. ئاخر بەڕاستی ئەوە ئیشی من نییە. من پیاوی هزرم.'
'باشە کەواتە بۆ دێیتە ئێرە؟'
'چونکە کەسانی وەک ئێمە دەبێ بزانن چۆن بەرگری لەخۆیان بکەن. ئایا هەواڵەکەی دوێنێت بیستوە، کە لە نۆرس ئێند چی رویداوە؟ سەر روتەکان، چوار لەوان پەلاماری دوکاندارێکی بەنگالییان داوە. چوار دژی یەک . ئای چ هاوشانییەک بووە؟

'ئەریٚ چیان لەو تاکە کەسە کردوە؟'

'ئەوان ئەویـــان لە زەوی داوە و ســـەریان تاشـــیوە. چەنـــد هێمـــایەکی سەیروسەمەرەشـــیان لەســـەر کەللەســـەری نەخشـــاندووە. کـــابرای بەستەزمانیش لەترسان زەندەقی چووە و نەخۆش کەوتـووە. ژنەکەشـی هەر بۆی دەگریـیٚ.' ئەو ئیسـتێکی کـرد، هەناسـەی دایەوە. 'چـاکە، خـۆ بەلای کەمی تۆ دەزانی چۆن بەرگری لە خۆت بکەی.'

ئەسکەندەر سـەری بۆلـەقانـد، دڵنیـاش نەبـوو ئـاخۆ لەبەر ئەو هـۆیە بووە، کە چوەتە نێو ئەڵقەی بۆکسێنەوە. ئەو بـۆ ئەوە نەچووبـوو دژی مێمڵەکانی بجـوڵێتەوە، ئەوسـا چ بەخەیـاڵ بـیٚ یـان بەڕاسـتی. ئەو بـۆ ئەوە چووبـوو چـونکە بۆکسـێن وەک زۆر لەیاریەکـانی دیـکە نەبـوو، بۆکسـێن وەک ئەوان هەڵبەسـترا و سـاختە نەبـوو، بەڵکـو راسـتگۆیانە بـوو، خـودی شـتە راسـتەقینەکە بـوو. بۆکسـێن روبەڕوبـوونەوەی یەک بەرامـــبەر یەک بـــوو، لە ئەڵـــقەکەدا هەر خـــۆتی لەســـەر قاچەکانـــت وەســـتاوی، کـــارەکە کـــارێکی دەســـتەیی نیـــیە. هەمـــوو کەســـێک هەر بەخۆیەتی. ئەوسا باش بیٚ یان خراپ، بەدخوو بیٚ یان جوامێر، پیسکە بیٚ یان بەخشندە... هەموویان لەوێن. خۆ ئەگەر بەراستی تایبەتمەنـدی پیاوەکەت بۆدەربکەویٚ، هەر ئەوەندەت لەسەرە بڕۆی سەیری کێبەرکێـی بۆکسێنەکەی بکەی.

دواندەرەکە پێیگوت، 'تۆ بۆکسوانێکی سامناکی، خۆڕکسی.'

'چۆن دەزانی؟ خۆتۆ هەرگیز نەتبینیوم.'

'لەڕاسـتیدا تـۆم بینیـوە. مـن دوو جـاران بە نهێنـی سـەیری یـاری تـۆم کردووە. تۆ لەگەمەدا سەرچڵی ناکەی، بەرگریکردنەکەشت زۆر بەهێـزە. خەریکە بڵێم تۆ لەکاتی خۆیدا دەزانی، ئاخۆ کەی مشـتەکۆڵەت بـۆ دیٚ. ئەمەش بەهرەیەکی دەگمەنە، هەر دەبیٚ شتێکی خۆڕسکانە بیٚ.'

ئەسکەندەر لەنێوان هەستی پەستی و شانازییدا دامـابوو. هـیچ قسەشـی نەکرد.

دواندرەکە ئیستێکی کرد، چاوەکانیشی هەرگیز لەسەر ئەسکەندەر لانەدا.

'ئەلێکس، شتێک هەیە مەبەستمە پێتبڵێم. ئایا بە باشی نـازانی بێیـت و فێـرە چـۆنیەتی هـونەری جەنگمـان بـکەی؟ براکـان سـود لە زانیـنەکەت وەردەگرن.'

ئەسکەندەر بەبیرکردنەوە هەناسەیەکی دایەوە. 'پیاو، نازانم. حەز دەکەم بەتەنها بجەنگم.'
بەیەکجار روخساری دواندەرەکە هەڵبزڕکا. 'سەیرکە، من دەمەوێ لەگەڵتدا راستگۆ بم. تۆ پیاوی خۆتی. خۆم ئەوە دەبینم، ناتەوێ پاشکۆ بیت. ئەوەش ئەو رێگایەیە حەزی پێدەکەی، بەڵام هەق نییە ئەوەش فەرامۆش بکەی، کە جەنگاوەرە مەزنەکان لە ناخ و لە دەرەوەیاندا مەزن بوون. خۆ ئەگەر تۆ بەهای بەهێزت هەبێ ئەوا دەبیتە کەسێکی نەبیندراو.'
'من نامەوێ نەبیندراو بم.'
'کەواتە چیت دەوێ؟' دواندەرەکە بە نواڕینێکی زاڵەوە داوای لێکرد، نۆتەی دەنگەکەشی داڕسانێکی راشکاوانەی پێوەدیاربوو.
ئەسکەندەر هەرگیز ئەم جۆرە پرسەی لەخۆی نەکردبوو، هیچ وەڵامێکیشی پێنەبوو.
'باشە بۆچی بەدوای مندا هاتویتە ئێرە؟' دواندرەکە فشاری بۆهێنا. 'چونکە بەشێکی تۆ راستیەکە دەزانێ. تۆ دەبێ سەر بە شوێنێکەوە بی. تۆ پێویستە ئامانجێکت لە ژیاندا هەبێ، ئاراستەیەکی نوێت هەبێ. دەی وەرە ریزمان.'
ئەسکەندەر گیرۆدەی بیرۆکەیەک بوو دەری ببڕێ و بەرامبەرەکەی لە کونجێک بئاخنێ، بەڵام هیچ شتێکی بۆنەهات. ئینجا زریزەی چاکەتەکەی کردەوە، ئەو نەوارانەی دەرهێنان، کە پێشتر لێیوەرگرتبوون.
'ئەرێ گوێت لێگرتن؟'
'بەڵێ.'
نێوچاوانی دواندەرەکە گرژ داهات. 'تۆ هەرگیز ئەو نامیلکانەت تەواو نەخوێندونەتەوە. هیچ یەکێکیانت ختم نەکرد. هەنوکەش ئەو نەوارانە، ئایا من داوای شتێکی زۆرم لێکردبووی؟'
'سەیرکە، هەموو دەم نەوارلێدەرەکە لای برا و خوشکەکەمە، ئەوە بزانە، باشە؟ بەڵام گوێم لەچەند کۆپلەیەکی گرتووە. جوتێک شتی سەرنجڕاکێشی تێدایە، وەک ئەو بەشەی باسی برایەتی دەکا. تەنها یەک چڵەدار بە ئاسانی دەشکێ، بەڵام قەفتە دارێک لەشکان نایەت.'
'ئاخر؟'

'ئاخر... من نازانم ، پیاو. پێموایە هەنوکە زۆر شتم لەسەرە بیکەم. یارەکەم سەری چۆتە قوڕێ. هەروەها... ئمممم، دەبێ خەمی شتێکی ماڵباتەکەشم بخۆم.
دواندەرەکە قسەی لەسەر قسەکەی نەکردەوە. ئاخر دەیزانی ئەسکەندەر چ جۆرە کوڕێکە، لەوکاتەدا گەر کەمتر لێی بپرسی، زۆرترت بۆ باس دەکا.
'دەزانی قسەیەکی پێشتر لەمێشکی داوم.' ئەسکەندەر وای دەستپێکردەوە، 'مەبەستمە بڵێم، گەر دایبابت هەڵە بن، ئایا تۆ راستەوخۆ دژیان دەوەستیتەوە؟'
'بەڵێ، بەڵام خۆ نابێ ئەوەت لێ تێکبچێ، ئەوەی من مەبەستم بوو، ئەگەر دایبابت خوا نەناس بن، ئەوا دەبێ لایەنی خودا بەسەر ئەواندا هەڵبژێری. چونکە یەزدان لە دایبابت گەورەترە. بەڵام ئەوەش بزانە، ئەگەر بەخۆت خوا نەناس بی و گوێڕایەڵی دایبابیش نەبی، ئەوا تۆ لەهەوادا بەردەبیتەوە و هیچ شتێکیش ناتگرێتەوە. پیاو، ئەوکات هیچ بنەمایەک نییە هەڵتگرێتەوە.'
'لێگەڕی بڵێین ، کەسێکی نزیکم...' ئەسکەندەر زریزەی چاکەتەکەی داخستەوە. 'مەبەستم گریمانەیەکە، تۆ بڵێ یەکێک لە ماڵباتەکەم گوناهبار بێ. منیش هەڵوەدای ئەوەم ئاخۆ لەبەرامبەردا ئەرکی سەرشانم بزانم.'
دواندەرەکە لەشوێنی خۆی رەق بوو، هەستی بە بەهێزی کێشکردنی پرسەکە کرد. ئەو بە تامەزرۆوە لە ئەسکەندەری روانی، ئیدی هەر ئەودەم هەستی بە لەزرینی لالێو و سەرپەنجەکانی کرد ، خێرا لێیپرسی، 'بۆ نمونە کێ؟'
'باوا بڵێین، دایکم.'
ئیدی بەرلەوەی دواندەرەکە وەڵامبداتەوە، چرکەساتێکی بێدەنگیی سەخت کەوتە نێوانیان. 'چاکە، قسە لەگەڵ باوکتدا بکە. خۆ ئەمە ئەرکی ئەوە، زیاتر لەوەی ئەرکی تۆ بێ. بەڵام گەر ئەو لەنێواندا نەبوو... ئەوا دەکەوێتە سەر شانی خۆت. من هەرگیز لێناگەڕێم دایکم یان خوشکم یان ژنم شەرمەزارم بکەن.' ئەسکەندەریش پرسی، 'بەڵام من چی بکەم؟'

'من پێت ناڵێم چی بکەی، تا تەواو متمانەم پێنەکەی. تۆش تێدەگەی چیدەڵێم؟ وەرە و رەگەڵمان بکەوە، ببە شتێکی گەورەتر، پیاو. ئەمەش رێگا راستەکەیە و وەڵامی هەموو پرسەکانیشتە.'

'ئمممم، بیری لێدەکەمەوە.'

'بەڵێ، باشە بەردەوام بە، بیری لێبکەرەوە. بەڵام زۆریش درێژە نەکێشێ. چونکە لەوانەیە لەوکاتەی تۆ هەر بیری لێدەکەیتەوە، شتێک روبدا. '

❖

هەمان ئێوارە ئەسکەندەر لەبەردەم یانەیەک وەستا، کە هەرگیز بۆی نەچووبوو. ئەو زۆر جار دیمەنگەلی وای لەخەیاڵی خۆی دانابوو، بۆیە هەستێکی تامەزرۆیی ئاشنایەتی لاپەیدا بوو. بەڵام هەر زوو بەرلەوەی یەک هەنگاو بەرەو دەروازەکە بنێ، پاسەوانێکی زەبەلاح، کە دووجار بەقەد ئەو دەبوو، وەستاندی. پاسەوانە کەتەکە قاتێکی شین، چاویلکەیەکی دژەرۆژ، لەگەڵ ئەوەی دەمێکیش بوو رۆژ ئاوابووبوو، لەچاودابوو، کەللەسەرێکی روت وەک هێلکە، ملێکی کورت و ئەستور، سەروکالۆخی وا دیاربوو دەتگوت کێوێکە بەسەر شانەکانیەوە.

'ئەرێ هۆ کوڕەکە، تەمەنت چەندە؟'

'بای خۆی گەورەم،' ئەسکەندەر وا وەڵامی دایەوە، بڕیاری دابوو لێنەگەڕێ هەراسان بکرێ.

'ئەوە وەڵامێکی پڕ بەپێستی رێنماییناەکەی من نییە.'

'من نازانم تۆ باسی چ رێنماییناەیەک دەکەی، بەڵام خۆ هەر دەبێ بچمە ژور.'

پاسەوانەکە زیاتر سڵەمیەوە لەوەی هەراسان بووبێ، بۆیە چاویلکەکانی لەچاو کردنەوە. چاوەکانی زۆر بچوک و لەیەک نزیک بوون، لە روخسارەکەی نەدەهات، ئاخر بە ئاستەم شتی پێ دەخوێندرایەوە.

'چییە بچکۆڵ، دەڵێی حەوسەڵەم تاقی دەکەیتەوە؟ ئاخر من ئاگادارم کردیتەوە.'

ئەسکەندەر هەستی کرد رومەتەکانی گەرم داهاتن. خۆ گەر پاسەوانەکە بیەوێ دەیخاتە خوار، بەڵام بەهەر شێوەیەک بێ پێنەدەچوو لە پیاوەکە بترسێ. *هەموو ئەوەی دەوەڕێ ناگەزێ*. ئەوە هەمووی دڵ خەبەردانە،

کاتێکیش کار دەکەوێتە سەر شەڕی سەرشەقام، دڵخەبەردانەکەی بەڕاست وەردەگەڕێ.

'باشە، من بەدوای باوکمدا دەگەڕێم، ئایا ئەوەش تاوانە؟'

تارماییێکی تامەرزیبوون کەوتە سەر دەموچاوی پاسەوانەکە. 'ئاخر باوکت لێرە کاردەکا؟'

'نەخێر، ئەو بەدوای ژنێکەوەیە لێرە ئیش دەکا.'

بە هەناسەیەکی دورودرێژی قوڵەوە، پاسەوانەکە گوتی، 'ئمممم، تۆش دەتەوێ بەو ژنەت بناسێنێ، وایە؟'

'نەخێر، پیاو! بۆچی من شتی وام دەوێ؟'

'هەر بۆ پرسیارە. باشە ئەدی باوکت چیەتی؟ چیە؟ گلەیی و گازانەدەت لێی هەیە؟'

'من بەدوای گێرمەوکێشەدا ناگەڕێم، هەر ئەوەندەم دەوێ لەگەڵ پیرەمێردەکە قسە بکەم و بڕایەوە.'

پاسەوانەکە چاویلکە دژەرۆژەکەی لەچاوکردنەوە. 'سێ خولەک. چرکەیەک نابێ بترازێ. دەچییە ژور، باوکت دەدۆزیەوە و دەیهێنیە دەرەوە. ئەگەر لەکاتی خۆتدا نەگەڕایتەوە، دێم و لاقەکانت دەشکێنم، دەی سا بڕۆ؟'

'پیاو، سوپاس، ئەوەش بلیتەکە.'

ئەسکەندەر لێ وەژور یانەکە کەوت، دەستەکانی لەنێو بەرکە راکردن، هەستی بە قوتوە شوشەکەی نێو گیرفانی کرد. شتێکی پەرجوئاسا بوو پاسەوانەکە نەیپشکنی. گیراوە ترشەڵۆکەیەکی کردەیی و کارا پێبوو. هەموو ئەوەی لەسەری بوو بیکا، ئەوەبوو؛ روی شوشەکە لە دەموچاوی ژنەکە بکا، ئیدی جارێکی دیکە باوکی نایەوێتەوە هەر بشیبینێ. ئیدی بەم کارەی، نە باوکی نە کەسی دیکەش حەز بە روخسارە شێواوەکەی ژنەکە ناکا.

ئای! دەبێ چەند جارێک خەیاڵی ئەو ساتەوەختەی کردبێ؟ ئاخۆ چۆن دەڕواتە نێو یانە جەنجاڵەکە، هەر هەمووی دوکەڵ و دەنگەنگە، خەریکە مرۆ تیایدا دەخنکێ، ئیدی تا ئەوسەری بارەکە دەڕووا تا داوای شەڕابی خۆی بکا. بەڵکو پێکێکی ویسکی بە سەهۆڵە شەشپاڵوەکانەوە بخواتەوە، هەر دوو قومیش لێدەدا، گەروی دەسوتێتەوە و دەگەڕێتەوە دواوە. ئەو بەنێو ڕێرەوێکی باریکدا دەڕوا، کە هەر بۆنی ئارەقە و

گوڵاوی لێدێ. ئەم ڕێڕۆیشتنەی زۆر نابا، ژوری ژنەکە دەدۆزێتەوە. لەو دەرگایە دەدا، کە لەسەری نوسراوە ڕۆکسانا، بەڵام خۆ چاوەڕێی وەڵام ناکا و لێی دەچێتە ژور.
'ئەرێ تۆ کێی؟' دەکرێ ژنەکە وای لێ پرسێ. جێشوێنێکی ترسیش بە دەنگەکەوە دیاردەدا. ڕوخسارەکەی ماکیاجێکی قوڕسکراوە، لێوەکانی وەک خوێن سورکراون، مەمکەکانیشی لەبن ڕۆبەکەیدا دیارن.
***من کوڕی ئەو کەسەم، کە تۆ لە مێزانەکەیت دزیوە.***
ئەم ڕستەیە هەموو کاتێک ئەسکەندەر لەنمایشی دیمەنەکانیدا دەگۆڕێ. هەندێ جار ئەم ڕستەیەی لەجێ دادەنێ، 'تۆ من ناناسی، بەڵام من تۆ باش دەناسم.' لەهەندێ جاری دیکەشدا ڕستەکە وایلێدێ؛ 'من ئەو کەسەم دەبێ ئەو پرسیارەت لێ بکا. ئاخر، تۆ خۆت پێ چییە، تا ماڵباتەکەمان وێران بکەی؟'
کاردانەوەی ژنەکە دەگۆڕێ. بەزۆری وایە هەراسان دەبێ، دەکەوێتە داوی لێبوردن. بەڵام هەندێک جاریش توڕە دەبێ، دەمارەکانی جوت دەبن و هەڵدەچێ. ئەسکەندەر هەموو ئەگەری لێکدابوونەوە. خۆ ئەگەر ژنەکە زیاتر هەڵبچێ و دڕتر بێ و هێستریا بیگرێ، ئیدی ئەویش بوتڵە شوشەکەی نێو گیرفانی دەردێنێ. خۆ ئەگەر پەشیمانیش بێ، ئەوا لەگەڵیدا سانا دەبێ و دەرفەتێکی دیکەی پێدەدا.
لە کاتی دیکەی هەڵچووندا لەوانەیە ژنەکە خۆی بە سەر زەوی/قەنەفە/مافور دابدا و ڕوی خۆی بڕنێتەوە وفرمێسکی چاوان ببارێنێ. لەنێو هەموو سیناریۆکاندا ئەمەیان لای ئەسکەندەر خۆشترینیان بوو.
"ئۆ، من نەمدەزانی ئەو(مەبەست باوکی ئەسکەندەرە-وەرگێڕ) ژنی هەیە،' دەکرێ بە هەنسکەوە وابڵێ. 'ئاخر من نەمدەزانی خێزانی هەیە. ئەو هەرگیز ئەو شتەی پێ نەگوتوم.'
لەو نمایشەدا ئەسکەندەر دەست بۆ بوتڵە شوشەکەی نێو گیرفانی نابا. لەبری ئەوە دڵی دەداتەوە. دەکرێ ژنەکەش سۆزی پێبدا، کە هەرگیز ئادەم نەبینێتەوە، تەنانەت بەپیری و ناشیرین بوونیشیەوە، بەڵێنەکەی نەشکێنێ.
ئەسکەندەر لەگەڵ چاوگێڕانیدا، ئەو جۆرە هزرانەی لەنێو مێشکدا دەهاتن و دەچوون. بەوەش سەرسام بوو، کە ئەوانی نەبینی، بەڵکو چەند کەسێکی کەم لە یانەکەدا بوون، ئەوانیش زۆربەیان کارمەند

بوون. دیاربوو هێشتا زووبوو تا قومارچیەکان بێن. ئینجا بەرەو بارەکە ڕۆیشت، کە بۆن و بەرامی شەڕابی کۆنینەی سەدان ساڵ دەمار دەرۆیشت. ئاوێنەیەکی گەورەی هیلکەیی چاڵیش لە چوارچێوەی گلۆپی نیۆنی گیرابوو، لەوێ داندرابوو. ئەسکەندەر ڕێگای بەخۆی دا دەست بە چوارچێوە دارینە نەخشاوەکەی دابێنێ و جێ هەڵکۆڵراوی هێما و پیتەکان هەست پێبکا.

کابرای پشت بارەکە، پیاوێکی ئەفریقی-کاریبییانەی پرچ تەنکی بڵاو بوو. دیاربوو لەپشت مێزی بارەکەدا پەرداخەکانی وشک دەکردنەوە. ئیدی بە چاوێکی چاودێریانە سەیری مەعمیلە تازە هاتوەژورەکەی کرد، چاوێکی لێکرد؛ 'ئەرێ تەمەنت چەندە؟'

'بایی خۆم گەورەم،' ئەسکەندەریش وای پێگوتەوە.

'ئممم، هۆ مستەری بایی خۆی گەورە، دەکرێ ناسنامەکەت ببینم؟'

'هێی، خۆ ئەگەر من هاتبمە ژور، واتای ئەوەیە بایی ئەوەندە بە تەمەنم ڕێگام بدرێ، دەنا ئەو زەلامە زەبەلاحەی بەردەرگا هەرگیز ڕێگای هاتنەژوری پێنەدەدام، وایە؟'

'هەوڵێکی جوان،' بارەوانەکە وای پێگوتەوە. 'منیش لەبەرامبەردا پەرداخە ئاوێکی بەکەفوکوڵی بێ سەهۆڵت دەدەمێ. هەر ئەوەندەشت پێ لەمن هەڵدەکرێ.'

ئەسکەندەر ئاوەکەی خواردەوە، لەبەردەم سەکۆکە وەستا، سەیری پەردەکانی هەردوولای کرد. تۆبڵێی ژنەکە گەڕابێتەوە ئەوێ؟ تۆبڵێ ئەو بچی لەوێ بیدۆزێتەوە؟ دووبارە دەستی گەیاندەوە بوتڵە شوشەکەی نێو بەرکەی. لەژێر پەنجەکانیدا هەستی بەگەرمی و ساردییەکەی کرد. هێشتاش هەر بیری لە هەنگاوی داهاتوی دەکردەوە، کاتێکیش چاوی لە پاسەوانەکە کرد، کە چاودێری دەکا، خۆی لەروبەڕوبوونەوەی دزیەوە. ئیدی ئەسکەندەر ئاوەکەی خۆی بەتەواوی خواردەوە، سوپاسی بارەوانەکەی کرد و بۆی دەرچوو. هیچ شتێک بەگوێرەی نەخشەکەی ئەو نەڕۆیشت.

ئەو لەدەرەوە لەسەر شۆستەکە بە مێشکی پەرشوبڵاوەوە چاوەڕێی بوو. پاش ماوەیەک، پێدەچوو کات هەر نەڕوا، بینی کەسێک بە ئاراستەی ئەو دێ. کابرایەک پرچی شانە نەکراوە، سەریشی دانەواندبوو و

شەنقاوەکانیشی وریایانە بوون وەک ئەوەی لە قاچەکەی بترسێ، نەوەک بخزێ. ئەو کوڕەکەی نەبینی کە بەبەردمیدا ڕەت بوو.
'باوکە ـــ'
ئادەم وەستا و ئاوڕی دایەوە. خەندەیەکی کەوتە سەر رو، خەندەیەکی سادە و راستگۆیانە، بەڵام هەر زوو خەندەکەی بە گرژییەکی رەشی سەر دەموچاوی گۆڕیەوە. 'ئەسکەندەر... چیە شتێک لەبرات یان خوشکەکەت قەوماوە؟'
'نەخێر. ئەوان باشن، بەراستیش باشن.'
بۆ ساتێک پێدەچوو ئادەم خۆشی لێهاتبێ. بەڵام دوای ئاسودەبوونەکەی، گومانی بۆ پەیدابوو، دوای گومانیش هەراسانیی.
'نەدەبووایە تۆ لێرەبای.'
ئەمەشیان شتێک بوو ئەسکەندەر پێشبینی بۆ نەکردبوو. ئەو وای رەچاوکردبوو باوکی بە بینینی نارەحەت دەبێ، بەڵکو بششێوێ، بەڵام لێی تورە ببێ، هەرگیز خەیاڵی بۆ نەچووبوو. ئیدی بە شێوەیەکی هاوشانانە،بێئەوەی سیماشی بگۆڕێ، وەڵامی دایەوە، 'هەروەها نەدەبووایە تۆش لێرە بی.'
لوتی ئادەم گرژ بوو، چاوی پریشکی ئاگریان لێدەباری، 'کوڕە، ئاگات لەدەمی خۆت بێ. تۆ نابێ بەم جۆرە لەگەڵم بدوێی.'
'باوکە، من دەمەوێ بگەڕێیتەوە ماڵ،' کوڕەکە وای پێگوتەوە.
ئەم توانجە بەسەر ئادەمدا بێ کاردانەوە رانەبرد. 'دەی بگەرێوە لای دایکت تا ئێسقانەکانتم هوردوهەڕا نەکردووە.'
'ئەری ئەمڕۆ ئێسقانەکانی من چییانە؟ هەر کەسێک لەولاوە دێ، دەیەوێ بیانشکێنێ.'
ئەوان بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوون. باوک و کوڕ گەڕانەوە نێو هزرەکانی خۆیان، لەکاتێکدا هەریەکەیان چاوی لەسەر چاوی ئەوی دیکە بوو، هەریەکەیان خەریکی داڕسان بوو ئاخۆ کێ پێشتر بەقسە دەکەوێتەوە. هەر ئەوکاتیش بوو ساتێک بەسەر ئادەمدا هات، هەستێک باڵی بەسەر ئادەمدا داگرت، پێی وابوو لە چاوی کوڕەکەی سەیری ئاوێنەیەک دەکا، خۆ کوڕەکەی لەو دەچێ، بەڵام لەخۆی بەهرەدارتر و بێ خەم و ناسۆرتریشە، کە ئەو لەبن باریدا داڕزاوە.
'کە کاتی خۆی هات، ئەو کاتە دێمەوە،' لەکۆتاییدا ئادەم وای پێگوت.

'ئاخر ئەوکاتە کەی دەبێ؟ کاتێ تۆ لەو قەحپەیە بێزار بووی ـ'
دەمودەست زللەیەکی پێکەوت. ئەسکەندەر زیاتر بەوەی لەدەمی دەرچوو کاریگەرتربوو نەوەک بە کاردانەوەی باوکی. بڕوای بەخۆی نەدەکرد، وا ڕاشکاوانە بە ڕوی باوکی هەڵبشاخێتەوە. ئاخر ئەوەی کردی، دژی هەموو شتێک بوو، کە لەسەری گۆشکرابوو.
پاسەوانەکە لێدانی زللەکەی بینی، بۆیە بەرەو ڕویانەوە هات. 'هێی، لەگەڵ ئێوەمە هەردووکتان، مەیکەنە هەرا، دەنا پۆلیستان بۆ بانگ دەکەم.'
'ئەوە هیچ .... نەبوو،' ئەسکەندەر بەبیرلەخۆ کردنەوە، بردەبردێکی وای لەدەم دەرچوو. شتێکی سەیر پەڕیە نێو چاوی ئەسکەندەر، بریسکەیەک هەرگیز پێشتر وانەبووە. بە لەسەرخۆیی، زۆر بە هێورەیی، روی لەباوکی کرد و پێی گوت، 'ئەگەر جارێکی دیکە لێم بدەیتەوە، منیش لێت دەدەمەوە. مشتە کۆڵەکەم لەهی تۆ بە هێزترە.'
رەنگی ئادەم بزڕکا. هەستی بە ئازارێکی تیژی سەر سینگ کرد، بۆ چرکەساتێک هەناسەشی پێنەدرایەوە. ئەوەش هەر تەنها هێدمە گرتنێک نەبوو، ئەو سوێ و شەرمەزارییە هی روشکاندنەوەی کوڕەکەی نەبوو بە بەرچاوی خەڵکیەوە، بەڵکو ژانەکە زۆر قوڵتر و بەسوێتر بوو. ناسینەوەیەکی درەنگ کەوتوو بوو. هەنوکە ئەو بینی ئەوەی ئەسکەندەر لەگەڵ ئەوی کرد، دەبووایە ئەو زوتر چەندین ساڵ لەمەوبەر وای بکردبایە. ئەوکاتەی باوکی ئەو لێی دەدا، بەردەوامیش بوو لە لێدانەکەی تا ئادەم لەوێش بەژندرێژتر بوو، هێشتا هەر لێیدەدا. ئەوە پەشیمانییێکی بە ناسۆر بوو.
ئەسکەندەر هەنگاوێک کشایەوە، ئادەم دیسان زللەیەکی توندتری دیکەی پیاکێشا. ئیدی شتێکی تۆقێنەر رویدا. ئەسکەندەر وەک ئاژەڵێک بۆڕاندی، بە هەموو هێزی خۆی، خۆی بەدیواری یانەکەدا دا. جارێک، دووان، سیان، چەند جارێک سەری خۆی بە دوارەکەدا کێشا تا تەپەی لێوەهات.
ئادەم هەوڵیدا جڵەوی بگرێ، بەڵام بێ سود بوو. ئەسکەندەر بەسەریدا هاواری کرد، 'دەستم لێنەدەی، ها.'
ئەوکات پاسەوانە کەتەکە هات و ئەسکەندەری لە دیوارەکە کردەوە. بەڵام حەزی ئازاردان لە ئەسکەندەردا شتێک نەبوو بە ئاسانی

دابمرکێتەوە. ئیدی ددانەکانی خۆی لە شانی پاسەوانەکە گیرکردن و بەری نەدا تا خوێنی لێهێنا. سەرباری ئەوەش چوە سەرپێی پاسەوانەکە و تا هێزی تێدابوو کەللەیەکی سرواندێ و لوت و چەناگەی پاسەوانەکەی ڕەش هەڵگێرا. پیاوەکە چاوەڕوانی شتێکی وا نەبوو، ئیدی ئەویش هەدادانی نەما و جڵەوی لەدەست دەرچوو. دەموچاوی سورهەڵگەڕا و پەلاماری ئەسکەندەری دایەوە.

ئادەم ویستی بکەوێتە نێوانیانەوە. 'نا، نا، تکایە، لێی مەدە، ئەوە کوڕمە.'

خەڵک لێیان خڕبوونەوە، مەعمیلەکان و باڕوان و بەردەستەتەکانی یانەکە و هەندێ لە ژنە سەماکەرەکانیش بە دیاریانەوە وەستان. لەنێویشیاندا رۆکسانا بە چاوی زەق و دڵی گرانەوە سەیری دەکردن.

لەدوایشدا لە کۆڵ یەکیان کردنەوە، پاسەوانەکە بە هەڵەرزینەوە پێیگوتن؛ 'نامەوێ جارێکی دیکە ئەم دوانەتان ببینمەوە، خۆ گوێتان لێمە؟ بەخوا سوێند دەخۆم ئەگەر بتانبینەوە، وا توند لێتان دەدەم، رۆژەکەی خۆشتان نەناسنەوە.'

ئادەم باسکی ئەسکەندەری بە هێواشی و لێبڕاوانە راکێشا و پێیگوت، 'دەی، کوڕم با لێرە بڕۆین.'

ئەوان چەند خولەکێک بە بێدەنگی رۆیشتن، کاتێکیش لەبەرچاوی خەڵکەکە ونبوون، لەبەردەم رۆناکی گڵۆپی سەر شۆستەکە دانیشتن. هەناسەی ئەسکەندەر سوار ببوو، تامی خوێنەکەی دەمیشی کرد، ئیدی بە هیلاکی و بێزارییەکەوە گوتی، 'دایکە پیاوێک دەبینێ.'

'چی؟'

''خۆ گوێت لێم بوو،' ئەسکەندەر وای پێگوتەوە، 'تۆ دەبێ بگەڕێیتەوە ماڵ و دۆخەکە راست بکەیتەوە.'

ئادەم جگەرەیەکی دەرهێنا، دایگیرساند و دایە دەستی کوڕەکەی. سەرسوڕمانی لە روخساری کوڕەکەی بەدیکرد، ئینجا پێیگوت، 'دەی، خۆ دەزانم جگەرە دەکێشی.'

پیاوەکە جگەرەیەکی دیکەی بۆخۆی داگیرساندەوە، لەپاڵ یەک جگەرەیان کێشا. شەوەکە زۆر ساردو سڕ بوو، شەوێکی ناخۆش، بەڵام پڕ ئەگەریش بوو.

'تۆ بڵێی پەمبێ پیاوەکەی خۆش بوێ؟'

ئەسکەندەر نەیدەتوانی بڕوا بەگوێی خۆی بکا. 'باوکە، ئەوە تۆ چی دەڵێی؟'
ئادەم دەستێکی خستە سەر ئەژنۆی کوڕەکەی. 'سەیرکە، دەزانم لێ تێناگەی. گەر دە ساڵ بەر لە ئێستا بووایە، شێت و هار دەبووم. هەموو شتێکم دەکرد تا بیوەستێنم. بەڵام هەنوکە ئەوەندە پیرم، دەزانم ناتوانم وا لەدایکت بکەم خۆشی بوێم. ئەو چەندان جار داوای تەڵاقنامەی لێکردووم. من داواکەیم پشتگوێ خست، بەڵام هەق بووایە بمکردبایە.'
بیستنی وشەی 'خۆشەویستی' لە دەمی باوکەکە، ئەسکەندەری راچڵەکاند. راستە لەرابردوودا چەند جاران کوڕەکە پرسیاری وای دەکرد، ئاخۆ دایبابی بەیەکەوە بوونە، بەڵام خۆ چیدی پرسەکە دەربارەی خۆشەویستی نەبووە. ئادەم باوکی بوو، سەرداری خێزانەکەشیان بوو، نەوەک مێردمنداڵێکی رۆمانسی. 'بەڵام باوکە ــ'
'گوێ بگرە، جارێک پیاوێکی گەورە پێیگوتم، خۆشەویستی پیاو رەنگدانەوەی کاراکتەرەکەیەتی. هەرگیز ئەوکات لە مەبەستەکەی تێنەگەیشتم، ئێستاوا تێدەگەم.' لێگەڕا دوکەڵ لە کونە کەپوی بێتەدەر. ''پێتوایە من لەدایکت توڕە نیم. بەڵی توڕەم، ئەمما زیاتر لەخۆم توڕەم. ئێمە هەرگیز یەکدیمان خۆشنەویستووە. لە ژنومێردایەتیەکەمان هەڵە بووم، وەلێ لێشی پەشیمان نیم، چونکە تۆ، ئەسما و یونسم لێ هەن.'
ئینجا شتێک قەوما، کاتی خۆی ئادەم بەهەندی هەڵنەگرتبوو، بەڵام ساڵانێک دواتر زۆر بە تین و تاوەوە لەبیری بوو، هەمیشەش دنەی پەشیمانبوونەوەی دەدا. ئەسکەندەر جگەرەکەی داوەشاند، سەیری تروسکاییە کزەکەی کرد، کە چۆن دڕ بە تاریکی دەوروبەری دەدا، لەوێدا بوو پێیگوت؛ 'خۆ ئەگەر تۆ کارەکە لەئەستۆ نەگری، من دەیکەم.'

## پەتەکە
لەندەن، ئۆکتۆبەری ١٩٧٨

**دوای ئەوەی بە باشی پێی بەڵەد بوو، ئیدی هەنگاوی خێراوە پەمبێ لە سینەماکە نزیک کەوتەوە. ترپەی پاژنە نزمەکەی پێڵاوی لێبڕاوانە و هێورکەرەوانە بوو. سەیری ئەملاو ئەولای خۆی نەدەکرد، سەری بەردابووەوە، لە زەویەکەی بەرپێی راما بوو، هەروەک ئەوەی منداڵێک بێ و یاریەکەی خۆی دەست پێبکاتەوە. خۆ ئەگەر لەلای خۆی، ئەو دنیا نەبینێ، بەڵکو دنیاش ئەو هەر نەبینێ.**

**ئەو بە ئەنقەست هەموو جارێ، پازدە خولەک لەدوای دەستپێکردنی فیلمەکە دەچووە ژور. ئەمەش وای دەکرد دەرفەتی بینین بە یەکەوە لەگەڵ پیاوەکە کەمتر بێ. هەرچەندە لەم دواییانەدا کەمتر خۆپارێزی دەنواند. لە دوو بۆنەی جیاوازدا پەمبێ لەگەڵ ئێلیاسدا لەسەر شەقامدا دەرکەوتن، جارێکیان بۆ گوڵ کڕین و جارەکەی دیکەش بۆ گوێگرتن لە موزیکژەنێکی سەر جادە. ئەو هێشتا وەک هەمیشە بە مەڕاقەوە بوو، بەڵام هەنوکە شتێک لە ناخیدا دنەی دەدا، شتێک، دەنگێک، سەدایەک لەناخیدا هەڵپەی هاتنە دەری بوو، ببیسترێ. هەرگیز پێشتر شتێکی وای بەخۆوە نەبینیبوو، نەشیدەزانی چی لەو بوێریە لەناکاوەی خۆی بکا، کە جاران بەشێک نەبووە لێی.**

**کاتێ پاڵی بە دەرگا سەرەکییەکەی سینەماکە نا و کرایەوە، چەند سەرەداوێکی کراوەی چاکەتە خوریەکەی پەمبێ لە دەرگاکە ئاڵان. ئینجا لێوەژور دەروازەی باڵەخانەی سینەمایەکە کەوت، لەوێدا بۆنی ناخۆشی سۆتەکە جگەرە، بۆنی خواردنەوەی تازە، ئەو رۆنەی گەنمەشامی پێ سورکراوەتەوە، چەند پارچە جیبس و شیرینی رژاوی بۆ هات. هەرکاتێک بۆ ماوەیەکی درێژ سەرنجی لە پەڵە بازنەییەکانی سەر رایەخەکەی ناو داڵانەکە دابا، سەری دەسوڕا. سەیرە بینینی ئەم شتە، هەندێک ئاسودەی دەکا. ئیدی زۆری نەبرد پێی نایە نێو داڵانەکە و**

چووە نێو تاریکایی هۆڵەکە. لەوێدا هەستی بە هێورەیی و هەنوانبوون کرد. ئاخر زەوی لە خولانەوە وەستا، ئەمە وایکرد ببێتە هاندەرێک ئەویش هەمان شت بکا و لەشوێنی خۆی بچەقێ، ئینجا بێ ترسان لە ئایندە، لێگەڕا ئەو خولەکە زەمەنییەی دەورەی داوە، بیپێچێتەوە.
گەنجە بلیت وەرگرەکەی ناو دالانەکە سەیری بلیتی پەمبێی کرد و دەرگای هۆڵی سینەماکەی بۆ کردەوە، ئاماژەشی بۆ کرد دوای بکەوێ. فیلمەکە دەستی پێکردبوو. ژورەوە نیمچە تاریکەکە، هەندێ جار بە تیشکی زیوین، کە لە هەندێ گرتەی روناکبەخشی فیلمەکەوە دەهات، کەم تا کورتێک شوێنەکەی روناک دەکردەوە. کاتێک دوای کابرای بلیتوەرگر و لایتە دەستیەکەی کەوت، پەمبێ بە خێرایی چاوی بەنێو هۆڵەکەدا گێڕا. لەوێدا دە تا پازدە کەسی لێبوون، ئەو ژمارەیەش زیاتر بوو لە کاتی ئاسایی. بۆ چرکەساتێکیش هەستێکی گرژی لێپەیدابوو، ئاخر هەر یەک خولەک پێشتر هیچی وای نەبوو.
ئێلیاس هەمیشە لە هەمان شوێن دادەنیشت، شوێنەکەشی ناوەڕاستی کورسیەکان بوو. جارێکیان کەسێکی دیکە لەشوێنی ئەو دانیشتبوو، پەمبێش هەروەک جاران چووە سەر کورسیەکەی تەنیشت کابرای لایدە و دانیشت. پیاوەکەش بە خەندەوە پێیگوت، 'ئازیزم، سلاو'. پەمبێش بە ترسەوە هەر زوو لەوێ لاکەوت بەرەو ریزە کورسیەکەی بەردەمی رۆیشت، لەوێوە ئێلیاس بە خۆشیەوە چاوەڕێی دەکرد، تا نەشگەیشتە لای، نەیزانی.
بەم جۆرە پەمبێ بە وریایەوە هەنگاوی نا، بە بەردەم ریزە کورسییە بەتاڵەکاندا رۆیشت. لەریزێکدا بینی جوتەیەک، ژن و پیاوێکی بە تەمەن دەست لەناودەست دانیشتوون و چوونەتە نێو فیلمەکە. پەمبێ هەوڵیدا بە خەیاڵ خۆی و ئێلیاس وا بێنێتە بەرچاو، کە هەمان دۆخیان هەبێ، پیرو کەنەفت، بەڵام هەر لەباوەشی خۆشەویستیدا بن. بەڵام، خۆ بە خەونیش هەستی بەڕاست وەرگەڕانی رەوشەکەی نەدەکرد.
کاتێکیش لە رێبڕینەکەی بەردەوام بوو، بەلای ریزە کورسیەکاندا تێدەپەڕی و بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا، تێبینی ئەوەی نەکرد، کەسێک لەوێ لە ریزی پشتەوە دانیشتبوە. خۆی شاردبووەوە، خۆی خزاندبووە نێو کورسیەکەی، سەری بەلایەکدا شۆڕکردبووەوە دەتگوت سێبەری خۆیەتی. ئەو لەتاریکایی دانیشتبوو، سەیری فیلمەکەی دەکرد.

تیشکی لایەتە کز و نەرمەکە لە ریزە کورسی (G)دا کوژایەوە. لەوێ لەنێوەڕاستدا، کابرایەک بە تەنها دانیشتبوو، چاوەکانی وایان لێدەخوێندرایەوە، کە ڕەچاونەدەکرا چووبێتە نێو دنیای فیلمەکەوە، پیاوەکەش خودی ئیلیاس بوو. ئیدی پەمبێ بەسەر سوپاسی ڕێنیشاندەرەکەی کرد و خۆی خزاندە سەر کورسیەکەی تەنیشت ئێلیاس و بە خێرایش هەناسەی دایەوە. ئێلیاسیێش بە خەندەوە ئاوڕی دایەوە. دەستی خۆی درێژ کرد و پەنجەی شایەتمانەکەی بەهێواشی بەسەر پشتەدەستی داهێنا، وەک ئەوەی نابینایەک بە دەست خۆشەویستەکەی بناسێتەوە. ئێلیاس بە سۆزەوە دەستی پەمبێی گوشی، ئەویش دەستی گوشیەوە. لەماوەی ئەو مانگەی رابردوودا ئەوان بەسەر زمانی جەستە و هێمادا زاڵ ببوون، هەر پێی دەدوان و زۆر کەم پەنایان بۆ وشە دەبرد. بە هێواشی ئێلیاس دانەویەوە ماچێکی گەرمی لە دیوی ناوەوەی بازندی دەستی کرد و بۆنی پیستەکەشی هەڵمژی. دڵی پەمبێش لەنێو قەفەزی سینگیدا کەوتە کوتەکوت. هێشتاش ژنەکە تەماشای پیاوەکەی نەکرد، هەستی ئەمەشیان هەر بە یاریەکەی تافی منداڵی دەچوو. خۆ ئەگەر ژنەکە ئەو نەبینێ، ئەوا ئەو بینراو نابێ، خۆگەر بینراویش نەبێ، ڕەنگە هەرگیز ون نەبێ.

بەیەکەوە تەماشای فیلمی ***پیاوە باش، بەد و ناشیرینەکە***یان کرد. پەمبێ پێشتر ئەم فیلمەی نەبینیبوو، بەڵام پیاوەکە جارێکی دیکە بینیبووی. بۆ ئەوان، یەکەمجار بوو بەیەکەوە سەیری فیلمێکی بە دەنگ بکەن. ئاخر هەفتەی پێشتر، سینەماکە وەرزی فیلمە بێدەنگەکانی تەواو کردبوو، بایدابووە سەر زنجیرە نوێی فیلمە کلاسیکییەکانی سپاگێتی وێستەرنس. ئەوانیش قایلبوون هەر لەوێ یەکدی ببینن، شوێنەکە لەبەر گۆڕانی فیلمەکان نەگۆڕا. وێڕای ئەمەش، بەهۆی کاراکتەر و دیالۆگە کەمەکەی فیلمەکە دەیانتوانی بە ئاسانی تەماشای بکەن و لەگەڵی بڕۆن.

لەماوەی چەند خولەکێکدا پەمبێ خۆی لەنێو فیلمەکەدا بینیەوە، ئەمەش ئەوکاتە بوو، کە بلۆندی، توکۆ و ئەنجل ئایس (چاوی فریشتە) توشی گێچەڵێکی ترسناک بوونەوە و تییدا ڕوبەڕووی شتگەلی دژوار و ناقۆڵا هاتن و لێیدەرچوون، ئیدی چیرۆکەکە پەمبێی بۆخۆ ڕاکێشا و بێلایەنیش نەمایەوە. کاتێکیش کەسە بەدەکە داوایکرد، 'باشە گەر تۆ بۆ ژیان کار دەکەی، بۆچی وا خۆت بۆ کارەکە بە هیلاک دەدەی؟' پەمبێ

بژۆلکەکانی نەوی کردنەوە، رستەکەی لێکدەدایەوە تا لەواتاکەی بکا، کە بە تەواوی ئەویش دەگرێتەوە. لەوکاتەش بەدخوەکە گاڵتەی بە پیاوە باشەکە دەکرد، پێیگوت لەراستیدا ئێمە هیچ جیاوازییێکمان لەنێواندا نییە. لێرەدا پەمبێ نەیتوانی سڵەمینەوەکەی بشارێتەوە. لەو دواییانەدا خەریکبوو لە واتای باش و خراپ رادەما و لێکی دەدایەوە، پێشتر هەرگیز واینەکردبوو. ئەمەش هەمووی بە هۆی نامەکانی خوشکە جمکەکەی بوو، ناچاری کردبوو بیری لێبکاتەوە. جمکەکەی کەسێکی بەڕێز بوو، رەوشت جوان و پاکیزە بوو، هەڵیش نەدەچوو. خۆی وەک بەدخوەکە داوێنپیس دەرچوو. بەڵام خۆ هەمیشەش هەروا نەبووە. ئای شتەکان چەند خێرا دەگۆڕێن. هیچ شتێک وەک خۆی تاسەر نامێنێتەوە، هەموو شتێک لەنێو گۆڕانێکی بەردەوامدایە.

کاتێکیش توکۆ لەسەر پشتی گویدرێژەکە بوو، قوڵفی گوریسەکەی لە ئەستۆ گیر ببوو، خەریک بوو لە قنارە بدرێ، لەو ساتەدا، بروسکەئاسا ترسوبیمێک بەسەر سیمای پەمبێ داهات. چاوەکانی خۆی لەسەر فیلمەکە لادان. بۆ ماوەی کەمتر لە چرکە ساتێک بیری کردەوە، هەستیکرد کەسێک لەریزی پشتەوە چاودێریی دەکا، کاتێکیش ئاوڕی دایەوە، ئەوەندە تاریک بوو، لێی دڵنیا نەبوو. ئەوسا پەمبێ گوێی لە قسەی کەسە ناشیرینەکەی ناو فیلمەکە بوو، 'خەڵکانێک کە پەتیان لە ملدا نییە، مەرج نییە هەمیشە لە قنارە بدرێن.'

پەمبێ چاوەکانی نوقاندن. بۆ خولەکێکی هەراسنکەر خۆی لەشوێنێکی دیکە و کاتێکی دیکەدا بینییەوە.

'ئەرێ هۆ شیرینەکەم، تۆ باشی؟ پێدەچێ داڵغەت لێدا بێ.' ئێلیاس ئەمەی لەبن گوێی گوت، ئینجا بە سرتەوە ئەمەشی بۆ زیاد کرد، 'ئەوە خۆ هەر فیلمە و بەس.'

پەمبێش سەری بۆ لەقاند. دەیزانی ئەوە فیلمە. لە ژیانی راستەقینەشدا خەڵکانێک، کە پەتیان لە ملدایە هەمیشە لە قنارە دەدرێن.

❖

ئەوان بەیەکەوەلەماڵە باوانیاندا، هەشت دانە خوشک بوون. تەمەنەکانیشیان لە نێوان نۆ تا بیستساڵیدا بوو. بە تەمەنترین خوشکیان ناوی هەدیە بوو، واتە دیاری. بەڕاستی ئەویش وابوو، دیارییەک بوو لە خواوەندەوە، ئەو نۆبەرە بوو، تەنانەت، کە کچیش

بوو بەڵام گەنجینەیەک بوو بۆ خۆی. دەموچاوێکی دڵ ئاسا و کەپوێکی درێژ و دووچاوی درێژکۆڵەی شێوە بادەمی بۆرەی وەک پەڵە هەورەکانی ئاسمان هەبوو. وەک کچی گەورە لە خێزانێکی پڕ لە خوشک و داهات کەمدا، هەموو ژیانی خۆی لەجیاتی لەگەڵ بوکەڵە بەسەر ببا، لەگەڵ کۆرپەلە و زراسک و ساوایاندا یاریدەکرد. هەدیە هەمیشە خەریکی پاککرنەوەی ماڵ، چێشلێنان، سڕینەوە و شوشتن و خواردن و لەلانک نانی هەرە بچکۆلەکەیان بوو. ناولەپی دەستیشی لە خەنە دەدا، بازندیشی پڕ بازنەی زێڕی ساختە بوو، بەڵام هەرگیز لەودا شتێکی قەڵپ و ساختە نەبووە. پەمبێ هەرگیز گوێی لە نوزانەوە و سکاڵای ئەو نەبووە، هەرچەندە ئەوانی دیکە بەردەوام گلەیی و گازاندەیان هەبوو. بە شێوەیەک لەشێوەکان هەدیە بە رۆڵی خۆی قایل بوو، ئەو بەهۆی ئەو بەرپرسیارێتیە زۆرەی کەوتبووە سەرشانی، وەک کچێکی گەنج زوتر پیر ببوو. لەدوای مردنی نازێش سروشتئاسا جێگەی دایکی گرتەوە، خەمی هەمووانی دەخوارد، بەتایبەتیش مشوری جمکەکان، کە هێشتا ساوا بوون. کاتێکیش برزۆ ژنی هێنایەوە، کیژەکانی ژنەکەیان هەر بە باوەژن دەبینی، لەوە زیاتر نەبوو، چونکە بۆ ئەوان لە هەدیە زیاتر کەس لە جێی دایکیان نەبوو.

'من هەرگیز مێرد ناکەم،' دەیانبینی هەدیە وایدەگوت. 'من خوشکەکانم گەورە دەکەم تا خۆیان دەناسن. هەر بە قەیرەکچی ماڵێ دەمێنمەوە.'

ئەم قسانە دڵی جمکەکانی خۆش دەکرد، بەڵام تا کۆتایش وا راست دەرنەچوو. لە زستانی ١٩٥٧دا هەدیە هەڵوەدای کەسێک بوو. پیاوێکی داودەرمان، کەسێک خەریکی منداڵ کوتان بوو، میریی داینابوو منداڵان دژی کولێرا بکوتێ. پیاوەکە لەلایەن زۆرینەی گوندنشینەکان جێی بڕوا نەبوو، منداڵانیش رکیان لێدەبووەوە. ئاخر ئەو پەیوەندییەیان چۆن وا دەستی پێکرد، ئەوە لە تێگەیشتنی کچێکی تەمەن دوازدە ساڵەی وەک پەمبێ بەدەر بوو، هەنوکەش وەک ژنێکی هەراش هەر لێی تێنەگەیشت. خۆشەویستی نەخۆشی بوو، بزوێنەر و دڵخۆشکەریش بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەگی شێتی پێوە بوو. لەهیکەوە هەدیە لەجاران بوێرتر بوو، جڵەو نەدەکرا. تەنانەت زڕدایکەکەش لێیدەترسا، پێی نەدەکرا چیدیکە بەسەریدا زاڵبێ، لەبەرامبەریشی دانەدەنیشت. بۆ هەدیە شتەکە یەکلاکەرەوانە بوو. ئەو کچەی پێشتر هەرگیز نە دەپەڕژایە سەر خۆی،

هەنوکە بە تەمای ئەوە بوو قەرەبووی ئەوەی لەدەستیشی چووبوو، بکاتەوە. لە شەوێکی ساردوسڕیشدا، لەوکاتەی مانگ وەک داسێکی زێڕین لە تاقی ئاسماندا بوو، رەدوی ئەو پیاوە کەوت، کە بە ئاستەمیش دەیناسی.

بۆ بەیانیەکەی کەسێک لە گوند نەبوو منداڵان بکوتێ. منداڵانی گوند خۆشی و هەرایان بوو. باقی کەلوپەلی کوتانەکەش فڕێدرایە ناو فراتەوە، بەمجۆرە شوێنەواری پیاوە غەوارەکە سڕایەوە، ئەو پیاوەی بە شێوازی خۆی منداڵانی دەکوتا و لە دواییشدا ئەندامێکی لەنێوانیاندا هەڵگرت و لێیدا و تێیتەقاند.

پەمبێ خەمگینیی ئەوێ رۆژێی ماڵەوەیانی لەبیرە، ماڵێکی چۆڵ و هۆڵ. وا هەست دەکرا ماتەمینی مەرگی یەکێکیان بێ. بەڵام خۆ هەنوکە هەدیە لەو کۆستی مردنیش پۆلکتر بوو. ئاخر کەس باسی نەدەکرد، تەنانەت کەس ناوی ئەو ورەیی و سیرمەزارەشی نەدەهێنا.

زڕدایکەکەش بە رق و قینێکی تایبەتەوە دەیگوت، 'ئای خوادی من، دەی لەناو ئاگری دۆزەخدا بیسوتێنە!' هەر جوێنی پێدەدا وەک ئەوەی بە خەیاڵ هەدیە لە هەموو شوێنێکدا ببینێ. ئیدی وەک ئەوەی هەموو رق و قینەکەی بەجارێ دەربدا، عەیبوعارەکەی خۆیشی پێ دابپۆشی بەوەی نەزۆک دەرچوو، ئاخر برزۆ هەر بۆ ئەوەش هێنابووی بەڵکو کوڕێکی لێ ببێ، ئەوسا ژانوناسۆری ژنەکەش وەک بیابانێکی بەیار بوو، لەگەڵ ئەو قینەی، کە لە هەشت منداڵی ژنێکی دیکەی هەڵگرتبوو، هەمووی بە جارێک بە هەدیەوە رشت.

برزۆش بە شێوەیەکی سەیر کەمدوو بوو. چاوەکانی بەردابوونەوە نێو کۆشی خۆی. سەری نزم بوو، هەر بیری دەکردەوە. ئەو بەئاستەم دەچووە دەر، چایەخانەکەشی تەرک کرد، هەموو رۆژەکە هەر لەماڵ بوو، بەسەر خۆیدا دەشکایەوە، تا دوا سۆتەک، جگەرە لەسەر جگەرەی پێدەکرد.

وەرزەکەش زستانێکی توش بوو. چوار مانگ بەسەر رەدوکەوتنەکە تێپەڕی بوو. ئێوارەیەکی درەنگی سەرەتای بەهار لەپڕ هەدیە گەڕایەوە. خۆ ئەو دەبووایە پێشتر پەیامێکی ناردبایە، ئاخۆ خێزانەکەی وەریدەگرێتەوە یان نا. لەبری ئەوە بێباکانە سواری پاس ببوو، هاتەوە. پیاوە برینپێچەکە، کە هەڵی گرتبوو، ترسنۆک دەرچوو.

هەرچەنـدە بەڵێنـی ئەوەی پێـدابوو، مـارەی بکـا، بەڵام بە کەمتـرین نـاڕەزایی ماڵبـاتەکەی خـۆی، رای گـۆڕی و وازی لە کـچەکە هێنـا و لەشارە گەورەکەدا دەستبەرداری ببوو.
هەدیە لەوەی کردبووی پەشیمان ببووەوە، هەروەها دەشترسا، بەڵام خۆ تەنها ماڵ بوو پێی بەڵەد بوو. هیچ شوێنێکی دیکەی نەبوو بۆی بچێ. بەدوای هاتنەوەیدا، بینی دەرگای ماڵە باوانی کراوەتەوە، ئیدی لێوەژور کەوت. نە برزۆ و نە ژنەکەشی ئەوێ دەمێ لەماڵ نەبوون. بەڵام هەردوو جمکەکە لەوکاتەی هەدیەیان بینی گەشانەوە، بە گەڕانەوەی خوشکە دایکەکەیان ئاهەنگیان گێڕا. وەک چۆن هەسارەکان بەدەوری خۆردا دێن و دەچن، ئەوانیش بە دەوری خوشکەکەیاندا سوڕانەوە.
بەڵام هەدیە وەک جاران نەمابوو، هەستی بە نائارمی و خۆپارێزی دەکرد، زمانی گیرابوو. چوارمشقی لەسەر تەختەبەندەکە دانیشتبوو، چاوی بەردابوونەوە؛ لەماڵی باوانی هەستی دەکرد میوانە، دڵنیا نەبوو ئاخۆ وەری دەگرنەوە یان نا.
دوای کەمێک زڕدایکیان بەخۆی و کۆڵە پشتە خوریەکەی، هاتەوە. لەبن کۆڵە پشتەکەیدا روومەتی سور و پشتی کوور ببووەوە. کاتێ هاتە ژور سەرنجی هەدیەی نەدا، بەڵام دەمودەست هەستی بە بێدەنگییەکی ترسناک کرد، کە باڵی بەسەر هۆدەکەدا کێشا بوو، هەروەها بینی جمکەکەش نائاسودەن.
'ئەرێ چی بووە؟ تۆبڵێی پشیلەکە هاتبێ و زمانی هەردووکتانی خواردبێ؟'
هێشتا بەتەواوی لە ڕستە دەردراوەکەی نەبوببووەوە، کە کیژێکی لە سوچەکەدا بینی. کچە رەدوکەوتووەکە، ئەوەی شەرمەزاری کردن. ئیدی ژنەکە کۆڵەکەی دانا، بە شڵەژاوی لەبەرامبەر کچەکەدا وەستا. ئینجا هەنگاوێکی لێچووەپێش و بەلێوەکانی نیشانەیەکی کرد وەک ئەوەی تف رۆبکاتە سەر زەوی.
روخساری هەدیەش هەڵبزڕکا.
وەختی شێوان، لەوکاتەی هەموو خوشکەکان لەماڵ بوون، کەس لەترسی زڕدایکیان نەیوێرا قسە لەگەڵ هەدیەدا بکا. کەسیش خواردن و چای لەپێشدا نەنا، خۆشیان زادێکی وایان نەخوارد. چەند سعاتێک وا بە ناڕەحەتی دانیشتن، تا برزۆ لەدەرگاکە پەیدا بووەوە. پێشتر گوێی

**لەهەواڵەکە ببوو، بەڵام هێشتاش راستەوخۆ نەهاتبووە ماڵ، گوێی لە پیاوەکانی دیکە گرتبوو ئاخۆ چی پێدەڵێن. ئەو بەتالوکە نەبوو بگەڕێتەوە ماڵ.**

**کاتێکیش لەماڵ بەژور کەوتەوە، هەدیە خۆی خستە بە پێیکانی، دەستی ماچ کرد، بەڵام باوکەکەی دەستی خۆی کێشایەوە.**

**'من هیچ کوڕم نین،' ئەو ئەمەی بە دەنگێکی وا گوت، هەمووان گوێیان لێ بێ. 'خوا هیچ کوڕێکی پێ نەبەخشیم. منیش تا ئەمڕۆ هەرگیز لە هۆکارەکەی تێنەگەیشتبووم.'**

**کچەکان هەناسەی خۆیان راگرت، گوێیان راگرتبوو. شانەکانی هەدیەش خاو و شۆڕبوونەوە.**

**'ئێستاوا لە هۆکارەکەی دەگەم.' برزۆ وا کەوتەوە قسە. 'خۆ ئەگەر کوڕێکم هەبووایە، داوام لێدەکرد بتکوژێ و ناوی پاکیی خێزانەکەشمان بکڕێتەوە. ئینجا براکەت لەبەر تۆ دەکەوتە زیندان. لەوێ هەموو ژیانی خۆی تا دەرزی لەنێو چوار دیواردا بەسەر دەبرد.'**

**هەدیە نەگریا، نە کردیە شین و واوەیلا و فونگە فونگ، نە داوای لێبووردنیشی کرد. لەشوێنی خۆی دانیشتبوو، چاوی بڕیبووە سەر تەونی جانجاڵۆکەیەکی سەر پەنجەرە، بێهەست و قوست، نوزەی لەخۆی بڕیبوو.**

**لەمیانەی ئەو بێدەنگییەدا برزۆ گوتی، 'من هەرگیز وام نەگوتووە، بەڵام ئێستا من شادمانم، کە کوڕم نییە.'**

**لەشەویشدا، هەموو کچەکان لەسەر جێی خۆیان کە لەسەر زەوی راخرابوو، سەروبەندی نوستنیان بوو، گوێشیان لە باوکە و ژنەکەی بوو لە هۆدەکەی دیکە هەر مشتومڕیان بوو، بەڵام لەهیچ وشەیەکیش تێنەدەگەیشتن. کچەکان بە پرچی دانەهێندرا و جلی ئەستوری شەوانە سەیری هەدیەیان کرد، کە هێشتا لە بەر هەیوانەکەدا چوارمشقی دانیشتبوو. ئەوسا بە هێواشی پەمبێ لەنێو جێی خۆی هەڵسا.**

**'جەمیلە بە چرپەیەکەوە گوتی، 'ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی؟'**

**'ئاخر ئەو برسیەتی.'**

**'ئەرێ تۆ شێتی؟ خۆ هێشتا باوکە و زڕدایک نەنوستون. ئەوان بەو کارەت دەزانن.'**

بەشان هەڵتەکاندیکەوە، پەمبێ بەسەر نوکی پێ چووە ناندینەکە و پارچە نانێک و هەندێ پەنیر و ئاوی هێنا. لەبەر چاوی خوشکەکانی شتەکانی بۆ هەدیە برد، ئەویش تەنها ئاوەکەی وەرگرت.
بۆ بەیانییەکەی، برزۆ بەرچاییەکەی خۆی لەکاتی ئاسایی خۆی درەنگتر خوارد. کاتێک چا شیرینەکەی بەسەر نانی تیریدا دەکرد، کیژەکان چاوەڕێ بوون. 'من دەچمە چایەخانەکە.' ئەو وای گوت، بەبێ ئەوەی چاو لەچاوی هیچ کامێکیشان بکا.
کاتێ گوێیان لەمە بوو، پەمبێ هەستی بە تۆقانێک کرد. ئاخر لەو رۆژەی هەدیە رەدوکەوتبوو، ئەو پێی نەنابووە چایەخانەکە، ئاخر چی گۆڕاوە تا ئێستا وا بکا؟
'باشە ئەدی من چی لەوە بکەم، کە لە بن هەنوای مندایە؟ ' زڕدایکەکەش بۆڵەبۆڵێکی وای لێهات.
'خۆت دەزانی چی دەکەی.' برزۆ وای گوت و هیچی دیکەش.
هەرزو دوای ئەوە، زڕدایکەکە بەڕوە گرژ و مۆنەکەی پێی گوتن، دەبێ هەمووان بڕۆنەدەر. ***ئەمڕۆ ئیشی زۆرتان لەپێشە، دەبێ مافورەکان بچنن.***
کاتێکیش خوشکەکانی چاکەت و پێڵاوەکانیان دەکردەبەر، پەمبێ خۆی لەدوایێ هێشتەوە، ترسێکی زۆریش دایگرتبوو. هەر دەبێ شتێک روبدا، هیچیشی لێهەڵنەدەکراند ئاخۆ چی دەقەومێ. کەمێک دوای ئەوەی کچەکان رۆیشتن، پەمبێ بینی، زڕدایکەکەی مەجمەیەکی گەورەی هێنا، کە بۆ هەموو ژەمەکانیان بەکاردەهێنا. ژنەکە سەرشیلکی نانی راخست و راگرێکی داری لەسەر دانا تا مەجمە گەورەکەی لەسەر لەنگەر بگرێ. بۆساتێک پەمبێ وای بەبیر داهات، خوراردن لەبەردەم هەدیەدا دادەندرێ، بەڵام خۆ ژەمێکی سەیرە. لەوێدا نە دەفر هەبوو نە ئاو نە نانیش.
لەو نێوەدا هەدیە لەشوێنی خۆی نە جوڵابوو، دەتگوت پەیکەرە خوێیە. دواشت، کە پەمبێ بینی، مەنجەڵە حەوجۆشێک بوو هێندرابووە ئەوێ. تامەزرۆ بوو بزانێ چی لەناو مەنجەڵەکەدایە، بۆیە بە دەرفەتی زانی، گوتی، 'هەست ناکەم باش بم. گەروم دەزوریێتەوە، بەڵکو بتوانم لەماڵ بمێنمەوە.'
ژنەکەش سەری خۆی بادا. 'فەرمان، فەرمانی باوکتە. نابێ هیچ کەس لە ماڵ بمێنێتەوە.'

خوشکەکان هەموو رۆژ دەچوونە مالی دروا‌سێیان مافوریان دەچنی. ئەوان نەخشەکانیان لەبەربوو. شینێکی سینگ زەردە[11]، گولڕەنگی فارسی، قاوەیی پێچپێچۆکەی دەریا. پەمبێ حەزی لە سازدانی رەنگەکان بوو. سوور لە خەنە، زەرد لە زەردەچەوەوە، قاوەیی لە رەزەرە گوێزی کوتراوەوە وەردەگرت. کاتێک لەنێو تەشتەکەدا رەنگەکانی تێکدەدان رازێکی بۆجمکەکەی درکاند.

'مەبەستت چییە کە دەڵێی مەنجەڵە حەوجۆشێکی لەوێ داناوە؟' جەمیلە بە دوو چاوی کراوەوە لێیپرسی.

'سوێند دەخۆم، وایکرد،' پەمبێ بە سرتەوە پێیگوت. 'بەڵکو مەنجەڵەکە بەتاڵ نەبووبێ، بەڵام شتەکە سەیر بوو. خۆ ئەگەر خوردانی تێدا بووایە، ئەوا هەڵمەکەیم دەبینی، وایە؟ یان شتێکم هەر بۆن دەکرد. هیچم بۆن نەکرد.'

'بگەڕێوە سەر کارەکەت،' جەمیلە وای پێگوت، ئاخر لەوە زیاتر نەیدەزانی چیدیکەی پێبلێ.

دوای نیوەڕۆوە جمکەکان شوێنەکانیان گۆڕیەوە. ئەمجارەیان پەمبێ لێگەڕا جەمیلە رەنگەکان ئامادە بکا، ئەویش مافورەکە بچنێ. ئەوەش ماندوی کرد، ماسولکەکانی پشتی چاوی هێشا، بن پەنجەکانیشی زورانەوە. بەشێک لە جەستەی کە پێشتر هەرگیز بەخەیاڵیشیدا نەهاتبوو، کەوتە ژان.

پەمبێ بە دزییەوە، بەهانانی شتێک لە ناخەوە، نەخشێکی بۆسەر مافورەکە زیادکرد. خۆ ئەگەر هەرکەسێک بە وردی سەرنجی بدا، دڵنیاش بوو یەکێک هەروادەکا، دەیدۆزیەوە و دەبووە مایەی پەستبوونی؛ بەڵام نەشیدەتوانی وانەکا. ئەو هێمایەکی وردیلە، پیتی ە (H)، کە یادەخەرەوەی ناوی خوشکەکەی بوو، بۆ نەخشی سەر مافورەکەی زیادکرد. کاتێکیش لەمافورەکە دەبێتەوە، دەفرۆشرێتە بازرگانە خۆجێیەکە، ئەویش بەلای خۆیەوە دەیفرۆشێتە بازرگانێکی گەورەتر. لەوێشەوە مافورەکە رێی خۆی دەبڕێ تا دەگاتە پیشانگایەکی لایەقی بازاڕی گەورەی ئیستەمبول. ئیدی جوتە گەشتیارێک دێن و چاویان پێدەکەوێ و بەدڵیان دەبێ و پارەیەکی باشی پێدەدەن. مافوری

[11] جۆرە باڵندەیەکی بچووکە لە پاساری دەچێ. وەرگێڕ

تايين دەگوازرێتەوە پاريس، ئەمستەردام يان نيويۆرک، ئەو شوێنەی ئەو جوتە گەشتيارەی لێدەژين، پيتی Hەکەش تيايدا شاردراوەتەوە، تا كۆتاييەكەشی هەردەمێنیَ.
لەگەڵ رۆژائاوابوون هەر حەفت خوشكەكە و زڕدايكەكە گەڕانەوە ماڵ. كاتێكيش نزيكی ديواری حەوشەكە بوونەوە، تەوژمە دەمارگرژييێک پەڕيە جەستەی پەمبیَ. بەخۆی نەبوو غاريدا. ئاخر هەستێكی خراپی كردبوو، كەمتر ترس بوو لەوەی شێتگيری بیَ، هەستێكی تورەيی لەكەس نا بەڵكو لەخۆی، كە بۆ زوتر رەفتاری نەنواند، بەڵام ئاخۆ دەربارەی چی، ئەويش نەيدەزانی.
هەر ئەويش بوو هەديەی دۆزيەوە، لاشەكەی وەک بوكەڵە پەڕۆيەک گۆد ببوو، ملی شكابوو، بەسەر ئەڵقە مسينەكەی بنميچەكەدا شۆڕببووەوە، ئەو ئەڵقەيەی زۆر جاران لەڕابردودا بۆ جۆلانە بەكاردەهات، زراسكەكانيان تێدا دەنواند.
هەديە بەو پەتەی كە لەنێو مەنجەڵە حەوجۆشەكەدا بۆی داندرابوو، خۆی خنكاندبوو.

❖

گامێشەوانەكەی نێو فيلمەكە، كە ناوی (باد) بوو هەوڵيدا مسكە بێتەوە، قوڵفی كەمەندەكەی لەملدا گيرتر دەبوو. '**بلۆندی** تۆ گاڵتەم لەگەڵدا دەكەی،'بە دەنگێكی پچڕپچڕ وايگوت. 'خۆ تۆ ناتەویَ... خۆ ناتەویَ بەم شێوە پێم رابوێری.'
**بلۆنديش** سەيری كرد، بە سەر وەشاندنێک وەڵامی دايەوە، ' توكۆ خۆ ئەوە گاڵتە نييە. ئەمە پەتە.'
پەمبیَ لێوەكانی توند لەسەر يەک گيرساندبوون، پەی بەوەبرد ناتوانیَ چيدی سەيری ئەم ديمەنانە بكا. بە نيوە هەڵسانەوە گوتی، 'من ئێستا دەڕۆم.'
'چی؟ بەڵام بۆچی، بۆ خۆشەويستەكەم؟' ئێلياس وای لێپرسی. 'بۆ ئەمڕۆ بەم زوە دەڕۆی؟'
'بەڵیَ، نەخێر... من هەنوكە دەڕۆم.'
'ئەوە لەبەر فيلمەكەيە؟ حەزی پێناكەی؟'
'نەخێر... بەڵیَ... بمبوورە.'
'ئايا لەگەڵت بێم؟'

'تکایە، لەشوێنی خۆت بمێنەوە.'
بەم قسەیەوە پەمبێ لە شوێنی خۆی هەڵسا، پیاوەکەی بەبێ هیچ ڕونکردنەوەیەک بەجێهێشت. کاتێکیش خێرا بەرەو دەرچەکە تێپەڕی، لەریزێک لەپشتەوە، ئەو کەسەی ئەوێ، دەستی خۆی وا بەرزکردنەوە، کە روخساری دەرنەکەوێ.
کاتێکیش فیلمەکە تەواو بوو، گڵۆپەکان داگیرسانەوە، ئێلیاس لەگەڵ هەموو ئەوانی دیکەدا هەڵسا. نەشیدەزانی چی بوو وا لەپڕ بەسەر پەمبێدا هات. بەرەو دالانەکە شۆڕبووەوە و دڵیشی ئازاری دەدا. ئەوسا یەکێک لەپشتەوە دەستێکی لە شان دا.
'ئەرێ بێ زەحمەت، چەرخت پێیە؟'
کوڕێکی گەنج، مێردمنداڵێک، هێشتا بۆ جگەرەکێشان زۆر گەنج بوو، بەڵام خۆ ئەوە کاروباری ئەو نەبوو تا پێیبڵێ جگەرە نەکێشێ، خۆئەگەر واشی پێ بڵێ، کوڕەکە هەر بەگوێی ناکا.
'ببورە، من جگەرە ناکێشم،'ئێلیاس وای پێگوتەوە.
'بەڕاستی؟'
شتێک لە نیگای مێردمنداڵەکەدا هەبوو، شتێکی هەراسانکەر، کە ئێلیاس هەستی پێکرد. بەڵام بەرلەوەی شتێکی دیکەی پێ بڵێتەوە، کوڕەکە سەرێکی بۆ لەقاند و بەدەنگێکی ئاست بەرز پێیگوت، 'زۆر باشە، رۆژێکی خۆش بۆ تۆ.'
'سوپاس. بۆتۆش.'
ئێلیاس رۆیشت، هێشتا کوڕەکە هەر تەماشای دەکرد، ئیدی ئەو بە نێو دەروەکەدا رەتبوو، چاکەتەکەی لەو چەند داوانە خورییانە خشان، کە هەر تەنها سعاتێک بەر لە ئێستا لە چاکەتەکەی پەمبێ ببونەوە و بە دەسکی دەرگاکە گیرسابوونەوە.

## بەردەلم

ئەبوزەبی، نۆڤێمبەری ١٩٧٨

هەر تەنها یەک هەفتە دوای شەڕەکەی بەر دەرکی یانەکە، رۆکسانا بۆ پیاوێکی دیکە وازی لە ئادەم هێنا، پیاوەکەش بزنسمانێکی ئوسترالی بوو, بەرژەوەندییەکانی لە کەنداوی عەرەبیدا هەبوو.

دوای لە دەستدانی رۆکسانا، دنیا لەبەرچاوی ئادەم تاریک بوو، وەک شەو وابوو، کەندوشیوی تارمایی گیانی گرتەوە. خەیاڵڕۆیشتو و دورە پەرێز بوو، لێرە بوو لە هیچ شوێنێکیش نەبوو، مێشکی لاڕێ بوو، فتیلەی متمانە بەخۆبوونیشی هاتبووە کزی. ئیدی نەیدەزانی ئاخۆ راستی چییە، تۆبڵێی پێشتریش هەبووایە. ژیانەکەی لێ ببوە تراویلکەی ئاوێنە، لەهەر گۆشەیەکی ئاوێنەکەدا خۆی بە شێوەیەکی جیاواز دەبینییەوە، بەڵام ئاخۆ کامەیان ئادەمی راستەقینە بوو، بۆی نەدەژمێردرا. سەرباری ئەو هەموو نەگبەتیەش، هەر نەگەڕایەوە ماڵێ. هەروەها نەشدەکرا لەو ئەپارتمانەی، کە لەگەڵ رۆکسانادا بەشی کردبوو، کرێنامەشی بە ناوی سەماکەرەکە نوسیبوو، بمێنێتەوە. چوونە ماڵی تاریقی براشی بژاردەیەک نەبوو. گەر چووبا، دەبووایە گوێی لە وتار و ئاماۆژگاریەکانی گرتبا. بۆیە پەنای بۆ بیلالی برادەرەی برد، هەرچەندە ئەویش زۆر بەزەیی بە کوێرەوەریەکەی نەهاتەوە، بەڵام دەستیشی بەڕویەوە نەنا.

رۆژ بە قورسی، پڕ ئێش و هێواشیش بەسەریدا رادەبردن. ئازارێکی وای لە نێو گەدەدا بوو، وەک ئەوەی ئاسنێکی قورسی قوت دابێ، ئیدی لە گەرویەوە تا خوارێ هەموو شتێکی لەگەڵ خۆی رابماڵێ. مجێزی خواردنیشی کەم ببوەوە، خۆی لە ژەمە خواردنەکانیش بوارد. جگەرەی زۆر دەکێشا، رۆژێ سێ پاکەت تا چوار پاکەتی دەکێشا. پشتەنگی (ئاستما) نەخۆشی سەردەمی منداڵییەکەی بۆ گەڕابۆوە. کاتێکیش

دۆخەکەی شێواوتر بوو، کەسەکانی دەوروبەری دەیانزانی کار وانارِوا بەڕێوە، بۆیە بیلال هەوڵی لەگەڵدا بەڵکو بگەڕێتەوە نێو خێزانەکەی خۆی.

'ناتوانم بگەڕێمەوە.' ئادەم وای بە برادەرەکەی گوتەوە، 'ئەگەر بشگەڕێمەوە، بەیانیەکەی سەرلە زوو دەردەچمەوە.'

'بەڵام بۆچی خۆت لەخۆت هەڵدێی؟'

'بۆچی؟' ئەوە ئەو پرسە بوو، ئادەم لەخۆی نەدەپرسییەوە، یاخو پرسیارەکە لای ئەو بە شێوەیەکی دیکە بوو. ئەو دەیزانی چۆن رەفتار لەگەڵ 'چۆن؟'دا بکا. (چۆن پاکەتە چوکلێتەکان لەسەر یەک دابنێ؟ چۆن دەزگاکە کار پێبکا) لەگەڵ (چی؟') (چی لەگەڵ مێزی رۆڵیەتەکە بکا، چ گرەوێکی لەسەر بکا) بەڵام 'بۆ؟' پرسیارێکی زۆر روتەن (ئەبستراکت) بوو، بەئاستەمیش مایەی لێتێگەیشتن بوو.

لە نزیکیانەوە دەنگی فاکوفیکی ترومبێلێکی پۆلیس هات، ئەوانیش هەردووکیان بۆ ماوەیەکی کاتی سەرنجیان لێگیر کرد. کاتیکیش ئادەم بەقسە هاتەوە، دەنگەکەی بەشکۆ بوو، شانەکانیشی نەوی ببوونەوە. 'سەیرکە، من بیرم لێکردۆتەوە. کابرا چینیەکە هەرگیز بوارم پێنادا، قەرزەکانیشم بە هیچ شێوەیەک دانابەزن، من دەبێ لێرە بارکەم برِۆم؛ ئەو شارە دەمکوژێ.'

'ئاخر بۆکوێ سەری خۆت هەڵدەگری؟' بیلال بە شڵەژاویەوە لێیپرسی.

'لەڕاستیدا بیرم لە ئەبوزەبی کردۆتەوە.' ئاخر رۆکسانا چووبووە ئەوێ، بەڵام ئادەم ئەمەی بە برادەرەکەی رانەگەیاند. لەجیاتی ئەوە پێیگوت، 'بیستومە شارێکی نوێ لەوێ دروست دەکەن، نوسینگە، ئەپارتمان، گەڕەک و بازاڕ و مۆڵ... ئیدی لەوێ پێویستیان بە کرێکاری زۆروزەوەند دەبێ، بە هەزاران کرێکار. ئەوەش وەنەبێ هەر بۆ ساڵێک و دووان، بەڵکو بۆ ماوەیەکی بەردرێژ.'

'ئاخر ئەدی ئەوێ هەموو بیابان نییە؟ چۆن باڵەخانەی هەوربڕ لە لمی نەرم هەڵدەستێ؟'

'ئۆو، دەکرێ لم بەرگەی ئەوە نەگرێ، بەڵام سەفتە دۆلار، باش بەرگەی دەگرێ.'

ئیدی بەیەکەوە وردەکاری باسەکەیان تاوتوێ کرد. ئاخۆ لەوێ ئادەم مانگانەی چەند دەبێ، چەندیشی پێدەچی تا بتوانێ ترومبێلێکی

مارسدیس بێنزی رەنگ هەنگوینیَ بریقەدار بکڕیَ، کە بۆنیتەکەی ئەو پەڵە هەورانەی ئاسمانیش رەنگ بداتەوە. ئای چەند هەستێکی خۆشیشە کاتیَ وەک کەسێکی سەرکەوتوو بەتورەگە و دیاری دەگەڕێتەوە لای منداڵەکانی. ئەوان لەنێو خەیاڵبازیی خۆیاندا نغرۆ ببون، وای لێهات بیلالیش مەڕاق بکا و بڵێ، 'ئای ئەگەر ماڵ و منداڵ و ئیشم لەو لەندەنە نەفرەتیەدا نەدەبوو، منیش لەگەڵتدا دەهاتم.'

'دەکریَ دواتر تۆش بێیت. من نامەت بۆ دەنوسم، ناونیشانەکەتم بدەریَ.'

'دەکریَ عەرەب رەفتاری جیاواتر بیَ و باشتر لەگەڵتدا بجوڵێنەوە. لەوێدا وەک کەسێکی چینی دووەم سەیر ناکریێ، تۆ دەبیتە میوانی ئەوان!' بیلال بوو وای پێگوت.

مێوان بیت و لەبەر رۆژ رابکشیَ؛ بەتەنها ئەم بیرۆکەیە دڵی ئادەمی گەرم دەکردەوە. ئاخر ئەوە هەشت ساڵە، لەوکاتەی هاتۆتە لەندەن و کاردەکا، هێشتاش هەر بێگانەیە و کەسێکی لایدەیە. هەموو کۆچبەرانی دیکە لەو باشترن، شادمانیشن، بەڵام ئەو نا. خۆ تەنانەت گەر ئایندەیەکی گەشیش لێرە هەبیَ، نەخاسمە بۆ نەوەی نویَ، بەڵام خۆ ئەو بەشێک نییە لێی.

بە دڵنیاییەوە عەرەبەکان وەک بەریتانیەکان نین و ئەبوزەبیش وەک لەندەن نابیَ. خۆ لەویَ باران بە رێژنە داناکا، خۆ لەویَ سوسەگ (باسترمە)ی گۆشت بەراز دەرخواردی نادەن تا دووجار پیَ لەگوناهان بنیَ، خۆ لەویَ ناندینی بچکۆلە و بۆگەنی لیَ نین، لەویَ تەماتەی بیَ تام نییە، لەویَ گەنجەکان سەریان بە رەنگی پرتەقالی بۆیە ناکەن و بە سەرخۆشیش ناکەونە سەرجادە و کۆلانان خەڵکی بتۆقێنن. راستە هەمیشە بەریتانییەکان بە ڕێزن: بەڵام ئەوان وا بەتامەرزۆوە تف لەنێو چاوانت دەکەن، ڕەچاوی ئەوە بکەی لەدواییدا دەستەسڕیشت بدەنیَ. خۆتۆ ناتوانی زللەیەک لە ئینگلیزێک بدەی مەگەر باجەکەی دانەنێی. چەند ساڵێکی پێدەچی تا بۆت دەربکەویَ ئینگلیزەکە پەسنت دەدا یان تێت هەڵدەدا. کەچی لەگەڵ عەرەبان، شتەکان زۆر جیاوازترن. رستەی 'بەخێر بێی' بەراستی واتای خۆی دەدا. بەڵکو دواتر بتوانیَ ماڵومنداڵەکەشی بباتە ئەویَ، گەر ئەمەش بکا ئەوا شتێکی زۆر خۆش دەبیَ.

هێشتا ئادەم هەر خەیاڵی بۆ ژیانی ئەبوزەبی ژێر رۆژی درەوشاوە دەچوو، بەڵام ئەوەشی دەزانی، کێشکردنی منداڵەکانی بۆ ئەوێ، زیندە خەونە. ئەسما هەر لەندەنییەکە بۆ خۆی و ئەو وڵاتە و ***ئەو شارستانێتیەی*** خۆش دەوێ. هەرچی دەربارەی کوڕە پاشبەرەکەشیەتی، منداڵێکی ناوازەیە. ***سەرێکی پیرە و فراوەتە سەر دووشانی گەنج***، پەمبێ هەمیشە هەروای دەگوت. یونس هەرچەندە لە روخسار و خۆشەویستیدا لاوازە، ئەمەش دەمارێکی شێتییە لە خێزانەکەدا هەیە، بەڵام خۆ ئەو لە هەموو ئەندامەکانی ماڵباتی تۆراک بە ئاوەزترە. سەبارەت بە ئەسکەندەریش... کە ئادەم شەڕەکەی بیردەکەوتەوە، هەراسان دەبوو، بەڵام لە سەرێکیشەوە هەردەبێ ئادەم پێی لێبنێ، کە لە بەرامبەر چاوەڕوانیەکانی ژیانی کوڕەکەی، شکستی هێناوە.
کاتێک پیاو بۆ یەکەمین جار دەبێتە باوک، وا دادەنێ کوڕەکە شتێکی درێژکراوەی خۆت بێ. ئیدی وات لێدەکا شانازی پێوە بکەی و هەستی گەیشتن بە دەستکەوتێکت لا دروست ببێ، تا ئەو کاتەی ورەدە وردە تێدەگەی منداڵەکە خەریکی خۆ پێگەیاندنە. ئیدی ئەو دەستی بە چارەنوسی خۆیەوە دەگرێ، ئەوەش هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ ئاخۆ تۆ چەند بخوازی، یان هەوڵتدابێ، کە هەنگاوەکانی تۆ هەڵبگرێ. ئەو ساتەی ئادەم شتە راستەقینەکەی بۆدەرکەوت، نەیتوانی کۆمەکی پێبکا بەڵام هەستی بە لە خشتەبردن و دۆڕان کرد. کاتێک کوڕەکەی منداڵ بوو هەڵسوکەوتی وانەبوو. گوێ ڕایەڵی باوکەی بوو، هەمیشە رێزی دەگرت و ملکەچی بوو. ئەگەر ئەوکات باڵی هەبوونایە و نمونە بونەوەرێکی دیکە بووایە، دەیتوانی باڵ بگرێ و بفڕێ. بەڵام ئێستا زۆر درەنگ کەوتوە. ئەو ئازادیەی نەیتوانی لەباوکی وەرگرێ، هەنوکە کوڕەکەی خۆی لێی دەخوازێ.
ئادەم لە لەندەن کۆتایی پێهاتبوو. سەختیش بوو لە منداڵەکانی دوربکەوێتەوە، بەڵام ئارەزوی بوو بڕوا، هەرچەندە بۆ ماوەیەکی دورودرێژیش نەبێ. ئیدی بڕوا و وەک پەڕی باڵندەی لێبێ و تەوژمێک هەڵی بگرێ و ئاراستەیەکی دیکە وەربگرێ. بەڵکو (ئەبوزەبی) ئەو شوێنە نوێیەی مراز بێ. ئەبوزەبی ورەی بەرزکردبووەوە. لەوێش رۆکسانا دەدۆزێتەوە، ئیدی هەموو شتێک لە کاتی خۆی. بەڵکو ژنەکەش بیەوێ بۆی بگەڕێتەوە ئینجا ئەویش وەریدەگرێتەوە. تاکە کێشە ئەوەیە، ئەو،

ئەو دەستمایەی نییە گەشتەکەی پێبکا. دیسان دووریانە دێرینەکە روبەرووی دەبێتەوە: بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەی دەبێ سەرەتا پارەت لەدەست بێ.

لەسەر ئامۆژاگری بیلال، ئادەم سەرێکی ئەو پیاوەی دا، کە هەمووان پێی دەڵێن مەمەد بابا. بەردێن تەمشولەییەکەی و چاوی مەیلەو رەش، کە بەسەر ئێسقە بەرزەکانی سەرکوڵمی زەق دەردەکەوتن، دەمێکی هێڵ گرژ، ئەو پیاوێکی دەسەڵاتدار بوو، هەرچەندە لە جەستەشیەوە دیار نەبوو. کابرا لە بوخارا لەدایک ببوو، لە یەکێتی سۆڤیەتی جارانیش رایکردبوو، چەند ساڵێکی لە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی ئەورووپای بەسەر بردبوو، لەدواییدا گەیشتبووە لەندەن. بە زۆر زمانان دەپەیڤی، یارمەتی ئۆزبەک، ئێرانی، تورک، عەرەب، چینی، مەکسیکی و پورتەگالییەکانی دابوو... هەر کەسێکی کەوتبایە بەر دڵ، کۆمەکی دەکرد. ئەو گەنجانەی ئیشیان پێنەدەدۆزرایەوە، باوکەکان ئەوانەی کچەکانیان رەدوکەوتبوون، ئەوماڵباتانەی کێشەی خوێنیان لەنێواندا بوو، ئەو دوکاندارانەی کرێکەیان بۆ نەدەدرا، هەموو ئەوانە دەچوونە لای مەمەد بابا.

ماڵی کابرا لە سەرنشینان، کە لە هەموو تەمەنەکانی تێدا بوو، جمەی دەهات. هەمووشیان لەسەر مافورێکی دانیشتبوون، بە دەنگی نزم لەگەڵ یەک دەدوان. لە نێوەراستی بازنەکەش، پیاوێک پشتی دابووە دیوارەکە، عەبایەکی فەروی بێ قۆڵی بەسەر شان دادابوو، ئەویش محەمەد بابا بوو. کورە تەمەن نۆ ساڵانەکەشی، زیتەڵەیەکی برۆ رەش بوو، لەتەنیشتی دانیشتبوو، سەری بەسەر گەمەیەکی تازەی ئەمریکایی داگرتبوو، بە پەنجەکانی هەر یاری بە گەمە ئەلیکترۆنیەکە دەکرد، هەردوو پەنجەی گەورەی لە جوڵەی سەر ئامێرەکە نەکەوتن. ناوبەناویش رەنگی دەگۆڕا، ئەوسا گەمەکەی ببردبایەوە یان دۆڕاندبا، خەریکبوو پڕ بە دەمی هاوار بکا، بەڵام لێوەکانی لەسەر یەک گیرساندبوون.

'سەیری کەن،' مەمەد بابا بێباکانە گوتی، 'لەو تەمەنەشدا لە تەکنەلۆژیا لەمن باشترە، هەر کاتێکیش لە ماڵەوە دەزگایەک بوەستێ، دایکی بانگی ئەو دەکا نەک من تا بۆی چاک بکاتەوە.'

پیاوە دانیشتوەکانی ژورەکە گوێیان راگرتبوو، سەریان دەلەقاند و هەر کاتێکیش پێویستی کردبا، بزەیەکیان بۆدەکرد.
'ئاخر ئەوە رێگاکەی خۆیەتی. هەموو نەوەیەک دەبێ رۆژ بەرۆژ لەگەڵ تەکنەلۆژیاکەی بڕوا. ئێمەش نابێ لەپشتەوەی زەمەن بەجێ بمێنین.'
'بەڵام...' ئادەم گوێی لە خۆی ببوەوە بردەبردی کرد و دەستبەجێش بێدەنگ بووەوە.
وشەکە وەک ئاهێک وابوو، بەبێ بیرلێکردنەوە لەدەم دەرچوو، وەک ئاهێک وابوو.
ئەو سەرنجی لە پیاوێکی ریشداری لاواز دا، کە بە دەربڕینەکەی هەراسان ببوو. ئاخر چۆن لەوکاتەی پیاوە گەورەکە قسەدەکا، ئەو دەمی خۆی هەڵدەپچڕێ. لەژێر نیگای گەنجەکەدا، ئادەم سەری نەوی کرد و نەشیدەزانی چۆن چاوی بە چاوی دوانەدەرەکە، گەنجە برادەری کوڕەکەی گیر بوو، کە ئەندامێکی بەردەوامی ئەو خولە دانیشتنانە بوو.
لەو نێوەدا مەمەد بابا چاوی لە لای راست و چەپ دەکرد، هەوڵی دەدا ماخۆی قسەکە ببینێ. 'ئەوە چی بوو؟ من باش گوێم لێنەبوو.'
ئەوسا ئادەم هەستی بە پابەند بوونێک کرد، کە دەبێ لێیبچێتە پێشەوە، بۆیە گەروی خۆی پاککردەوە. 'ئممم، داوای لێبوردن دەکەم. مەبەستم نەبوو قسەکەت پێ ببڕم..'
'پیاوی باش، قەیناکا. لەسەر قسەکەت بەردەوام بە.' مەمەد بابا بە سۆزێکەوە وای پێگوت. 'فەرمو، رای خۆتمان پێبڵێ.'
'بەڵێ، من لە کارخانەی یەکگرتووی بسکوێت کارم دەکرد. بسکوێتەکان یەک بەدوای یەک بەبێ ئەوەی کۆتاییان پێبێ لەسەر رستەکە دەڕۆیشتن.' وایگوت و سەرباری خۆیشی سەیری کوڕە دوانەدەرەکەی کرد، لە هێمایەکی هاندان دەگەڕا، کە هیچی لێ دیار نەبوو. 'تۆ هەر هەمان کار دووبارە و چەند بارە دەکەیتەوە. ئەوەش مێشکت جام دەکا. من بیرم لەو یاریەی منداڵەکانمان دەکردەوە، تۆ بڵێی ئەم جۆرە یاریانە بۆ ئەوان باش بن.'
مەمەد بابا بە نیشانە دەربڕێکی نوێوە لێوەی ڕاما، نیشانە تێکەڵێک بوو لە ئارامگرتن و لێبوردەیی. ئینجا پیاوە خانەخوێکە کەوتەوە سەر باسوخواسی زانست و تەکنەلۆژیا، بەلای ئادەمەوە قسەکانی زۆر روتەن(ئەبستراکت-مجرد) بوو، هی ئەوە نەبوو بەدوایدا بچێ. سعاتێک

دواتر لەسەروبەندی ئەوەدا بوو وەک ئەوانی دیکە دانیشتنەکە جێبهێڵی، بەڵام مەمەد بابا داوای لەو و چەند کەسێکی کەم، لەنێویشیا دواندەرەکە کرد، بۆ نانی شێوان بمێننەوە.
ئەو چەند کەسەیان لەسەر مافورەکە دانیشتن، مێزێکی خڕ و نزمیان بۆهات، کە خواردنی لەسەر داندرابوو. ئیدی هەر ئەوسا بوو ئادەم توانی بابەتەکەی خۆی باس بکا.
'من پێویستم بە بڕە پارەیەک هەیە پێی بچمە ئەبوزەبی،' ئەو وایگوت. 'هەر کاتێکیش بڕە پایەرەکەم بەسەریەکەوە نا، دەگەڕێمەوە و پارەکەش دەدەمەوە.'
'ئەدی لەبارەی خێزانەکەت؟' مەمەد بابا لەکاتی لێکردنەوەی پارچەنانێک وای لێپرسی.
'ئەسکەندەری کوڕم مشوری ماڵێ دەخوا. ئەو کوڕێکی گەورەیە.'
لەگەڵ ناوهێنانی ئەسکەندەر، سەرنجی دواندەرەکە بۆ سەر ئادەم چوو. *خۆ ئەوە باوکە نادیارەکەیە، کە کوڕەکە باسی دەکرد.* لەوکاتەشدا دەرگاکە کرایەوە، ژنێک هاتە ژور و مەجمەیەکی گەورەی پێبوو، دەفری زۆری لەسەر بوو. ژنەکە تەواو خۆی داپۆشی بوو، بورقای لەبەردابوو، تەنها دوو چاوی رەش و هەردوو دەستەکانی بە دەرەوە بوون. ژنەکە قاپی سوپ و برنجی لەنێوەڕاست دانا، نانی بەسەردا دابەش کردن و پەرداخەکانیشی بۆ پڕ ئاو کردن، ئەوسا رۆیشت.
'ئەرێ ژنەکەی تۆش حیجاب دەپۆشێ؟' مەمەد لێیپرسی.
ئادەم هەستی بە گرژییێک کرد، هەستی کرد هەناوی دەگوشرێ. لەوکاتەی ئەسکەندەر پێیڕاگەیاندووە، کە پەمبێ پیاوێکی دیکە دەبینێ، هەر نەیدەویست هیچ لەبارەی ژنەکەوە ببیستێ، بۆیە لەهەموو کەسیک بەد گومان بوو هەر ئاماژەش بە ناوی ژنەکەی بدا. 'بەڵێ، من لێرە لە دەوروبەرم ژنی پەچەدار زیاتر دەبینم لەوەی لە ئیستەمبۆل.' ئادەم وایگوت، 'لە خێزانەکەمدا، ئەو شتەمان نەکردۆتە داب.'
مەمەد بابا بە هەندێ خۆ قیتکردنەوە گوتی، 'بەڵام گەر رۆژێک ژنی دووهەمت هێنا، ژنێکی پەچەپۆش بخوازە. چونکە چاوەکانی هەر بە تەنها ماڵەوە دەبینێ.'
ئادەم هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، هەستیکرد شتێکی تاڵ لە گەروی عاسێ بووە، هەوڵیدا قوتی بداتەوە، بەڵام بۆی نەکرا. ئەرێ ئەو رەوشە

ژانگرتووە چییە، تۆ بڵێی هەر قسەی سەرپێی بێ؟ تۆبڵێی خەڵک بە پەمبێ ناومان بزڕێنن؟ بێدەنگی بە دەوریدا ئەستور و هەڵاوساو بوو.
'من دەبێ بڕۆم. سوپاس بۆ سوپەکە.' ئادەم وایگوت و هەڵسا.
بەرلەوەی دەرفەت بە کەس بدا بیوەستێنێ، لە ژورەکە چووە دەر. لەسەر ڕێگای خۆی بەلای نانڌینەکەدا رۆیشت، لەوێ ژنی مەمەد بابا و کوڕەکەی لەسەر مێزێکی بچکۆڵەدا نانیان دەخوارد، منداڵەکە لەو کاتەی بە زەوقەوە نانی دەخوارد، دەستیشی هەر لەسەر دەسکی یاریکەی بوو، بەمە ریکۆردی خۆی دەشکاند.

❖

ئادەم لە رۆژێکی نۆڤێمبەری ١٩٧٨دا گەیشتە ئەبو زەبی، ئیدی بووە کرێکارێکی تەلارسازیی. بە تێپەڕبوونی کات بووە گەواهیدەر و کارانگاز بەسەر ئەو باڵەخانە بەرزانەی دروست کران، کە شتی وا بەرزی پێشتر نەبینیبوو، بەڵام لەناخی دڵیشیەوە لێی دەترسا. لە شارێک هەڵوەدای گۆڕان و گواستنەوەیە، کەچی ئەو پیاوێک بوو تەنها لەرابردوودا دەژیا، هیچ تێڕامانێکی بۆ گۆڕان نەبوو.
ئەو چەند هەفتە سەرەتاییانەی سەختترین کات بوو بۆی. ئەوەش نەوەک هەرلەبەر ئەوەی ئیشەکەی قورس بوو، بەڵکو لەبەرئەوەی دەستبەرداری زۆر خۆ گەر نەڵێم هەموو شتە رەچاوکراوەکانی خۆی بوو. ئەو خەیاڵپڵاویەی لەگەڵ بیلالدا تاوتوێیان کردبوو، تەنها شتێکی لێ راست دەرچووبوو، ئەویش رۆژ بوو، هەتاوێکی گەرم و توند لە پێستی دەدا. لە شەوانیشدا لەبن تەپ و تۆزدا ماندو و شەکەت، دەبوایە بگەڕێتەوە بن هەنوانەکەی، کە لەگەڵ حەفت کرێکاری دیکەیدا هەبوو. ئەوان کەسانێک بوون پاشخانی جۆراوجۆریان هەبوو، لە هەمان تایبەتمەندیدا کورتهێن بوون. لەبۆنەی سەیرسەیردا لە سعاتە پشوەکاندا هەموو شوێنک بەدوای رۆکسانادا دەگەڕا، دەچووە مۆڵەکان، چێشتخانە و دوکانەکان.
شەوێکیان خەونی بە پەمبێوە بینی، پرچەکەی کرابووەوە، بە سەرشانیدا بڵاوببووە. ئەوان بەنێو داڵانێکی تەنگەبەردا دەست لەناو دەست دەرۆیشتن. لەکۆتاییدا، کە گەیشتنە جێ، ئادم پەی بە شتێک برد، زۆر ترسناک بوو، ئاخر پەمبێ بەرگی رۆکسانای لەبەر بوو، خەریکبوو بچێتە سەر سەکۆی یانەیەکی نیمچە روت و سەما بکا. بە

هەموو دەنگیەوە هاواری لێکرد، بیوەستێنێ، بەڵام بێ سود بوو، ئینجا لەسەر سەکۆکە رایکێشا خوارێ، بەڵام ئەو ژنەی دەستی گرتبوو رۆکسانا بوو، روخساریشی دەمامکێکی توڕەبوون بوو. کاتێ لە خەونەکەش وشیار بووەوە، تێگەیشت کرێکارەکانی دیکەش لەبەر هاتوهاواری خەونەکەی بێدار کردونەتەوە.

چەند هەفتەیەک بەسەر ژیانە نوێەکەی تێپەڕی و هیچ شوێنەوارێکی رۆکساناشی نەدۆزیەوە. پاشان لەوێدا ئادەم شوێنێکی بینی، کە بۆ ئەو وەک مێرگێک وابوو لە نێو بیاباندا ون بووبێ. لانەیەکی قومار، کە هەندێک لە کرێکارەکان سەربەخۆ دایان نابوو بەڵکو بە خێرایی پارەیەکیان لێگیربکەوێ. لەو خانوە هەوا تەنگەدا، چل تا پەنجا پیاوێک دەبوون، جوێندان و هاوارکردن و جگەرەکێشان و دوعاکانیان بە زمانگەلی جۆربەجۆر بوون، سەریان بەیەکەوە نابوو، سەیری شەڕە کەڵەشێریان دەکرد. ناوە بەناویش شەڕی جاڵجاڵۆکە، کێبەرکێی کوللەیان رێکدەخست، پێشتر ئادەم هیچیان نەیبینیبوون. بەڵام لەپشت بەربەستە دارینەکەدا گرەوە راستەقینەکە دەکرا، هەمیشەش ئادەم بۆ ئەوێ هەنگاوی دەنا.

هەموو ئەوەی لە گیرفانیشی مابوو، باقی ئەو بڕە پارەیە بوو، کە دوای دوو ڕۆژ لەسەردانکردنی ماڵەکە، مەمەد بابا بۆی ناردبوو. خۆ دەکرا ئەو بڕە پارەیە بۆ خاوەنەکەی بنێرێتەوە، بەڵام واشی نەکرد. ئاخر پیاوەتی لە گیاندا نەمابوو، بەجێهێشتنی لەندەنیشی بە گران لەسەر وەستابوو. هەنوکە کرێ و مزی ئیشەکەی بۆ منداڵەکانی بەلادا نا و مۆرەی لەسەر ئەو بڕە پارەیەی مەمەد بابا هەڵدا. هەموو شەوێک یاری کرد. لەکاتێک ئەوانی دیکە بە شێنەیی دەچوون و ئاگایان لەخۆیان بوو، کەچی ئەو هەر تەکانی دەدا. دەیبینی زۆر لەوان قومارچی تازە بوون، ئارەزومەند بوون. کەشەکەش لەبار بوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتداران بەسەریان دابدەن و لە وڵاتیشیان دوربخەنەوە. زۆر لە کرێکارەکان بەمە تەنگەتاو دەبوون، تەنها ئادەم نەبێ. لەجاران پەرۆشتر قوماری کرد، گرەو لەسەر گرەو لەجاران بوێرانەتر. کاتێکیش پارەکەی مەمەد ئاغای کۆتایی پێهێنا، دەستی بۆ ئەو بڕە کرێ و مزە برد، کە پاشەکەوتی کردبوو. پاشان گرەوی لەسەر هەفتانەکەشی کرد.

ئەو سعاتێکی رۆلێکسی ساختەی کڕیبوو، هەموو کات هەر لە دەستی دابوو. هەنگاوەکانی هەنگاوی دورودرێژی بێ هیوا و بێ پەروا بوون. هەموو رۆژێک حەبی ئازارشکێنی قوت دەدا، تا ئەو ئازارەی سەرسنگی، کە تادەهات لێی بەسوێتر دەبوو، سوکتر بکا. بەڵکو ئەویش وەک ئەو کەڵەشێر و جاڵجاڵۆکانە بێ، هەمیشە لە شەڕدابێ، هەرچەندە شەڕەکەش لەگەڵ خۆیدا بێ.

دیمەنی ئەوێ بۆخۆی بردەوە، سەری لەوە سوڕما کاتێ ئەوەی دۆزیەوە، کە بیابان هەر ناوچەیەکی بەیار نییە، بەڵکو روی شتێکی جوانی لەخۆدا شاردۆتەوە. هەندێک جار بەسەر لمدا پیاسەی دەکرد، بە هەستی گەرمی بەری پێی دڵخۆش بوو، لمێکی شل، بەردەلمەکانیشی دەخستە گیرفانی. کاریگەریی سروشتی پێ سەیر بوو، لەوە مەڕاق ما چۆن ئەم لمە دەبێتە تۆز وەک ئەوەی هیچ ناوکێکی نەبێ. وردەوردە خۆی بەو بەردەلمانە دەشوبهاند.

یەکێک پێیگوتبوو ئەو هەموو بیابانە لە رۆژگارێکدا یەک پارچە دەریا بووە. خۆ ئەگەر ئاو ببێتە خاکێکی رەق و چیدیکە بەرزاو و نیشتاو نەمێنن، باشە چۆن خودی پیاویش خۆی ناگۆڕێ؟ سەرباری ئەوەی لە فیلم، کتێب و گۆڤارەکاندا گوتراوە، ئادەم بەو بەرەنجامە گەیشتبوو، کە لەهەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بی، تەنیا یەک رێسا هەرگیز ناگۆڕێ: براوەکان هەمیشە دەبەنەوە و دۆڕاوەکانیش هەر دەدۆڕێنن.

## ئەسما

لەندەن، نۆڤێمبەری ١٩٧٨

لە ئێوارەیەکی ئارامدا، تەنها چەند هەفتەیەک بەر لە کوشتنەکە، دایکم مێـزەکەی ڕێکخسـت. سـێ قـاپ، سـێ کەوچـک، سـێ پەرداخـیش. لەم دواییـانەدا تـا دەهـات نـانی شـێوانمان بچـوکتر، هێـوتر دەبـووەوە. هەرچەنـدە لەوە ڕاهـاتبوو مێـردەکەی لەو نێوەنـدەدا نەبـێ، بەڵام بە قوڕسـی جـارە بێژمارەکـانی دیارنەمـانی ئەسـکەندەر لەسـەر سـفرە، هەراسـانی کردبـوو. دایـکە زیـاتر پەشـۆکابوو لەوەی مانـدو بـێ. بـۆ یەکەمجار گوێم لێیبوو دەربـارەی کەمـدەرامەتی بـۆ بەڕێـوەبردنی مـاڵ، پەیداکردنی گۆشت بۆ سەر سفرە، سکاڵا بکا. ئەو ئێمەی بەتەنها لەسەر شێوازی خۆی گەورەکردبوو، لەو دواییانەشدا گومـانم بـۆ ئەوە دەچـوو بیەوێ کەسێک پەیدا ببێ، بەڵکو خەمی لێبخوا.

'ئەرێ براکەت لە کوێیە؟' لە کاتێکدا سـەڵلەی نـانی دەبـردە نانـدینەکە، وای لێپرسیم.

'کامەیـان؟' منـیش بە بۆڵەبـۆڵەوە پێمگـوتەوە، 'ئەگەر مەبەسـتت گەورەکەیـان بـێ، ئەوا هەر خـوا دەزانـێ هەنـوکە لە کـوێیە. پمێـوایە یونسیش لە هۆدەکەی من سەرقاڵی شتێکە.'

'خۆ ئەوە هۆدەکەی ئەویشە.'

'ئـاخر دایـکە، هەمـوو برادەرەکـانم ژوری تـایبەتی خۆیانیـان هەیە. خێزانەکانیان ڕێزی تایبەتمەندییەکانیان دەگرن.'

ئەو برۆکانی لێ کەوان بوون. 'خۆ تۆ کیژە ئینگلیزێک نی.'

'ئۆو، دەی دایکە. کچەکانی دەرودراوسێشمان ژوری تایبەت بەخۆیانیـان هەیە.'

'ئێمە ئەوانیش نین.'

'دایکە، ئەوە رەوا نییە. ئەسکەندەر بەتەنها ژووری خۆی هەبێ، خۆ هەر بە ساڵێک لە من گەورەترە. بۆ ئەو زێدەمافە دەدەی بەئەو، هەر لەبەر ئەوەی کوڕە؟ تۆ هەموو کات هەروات کردووە.'

'ئەسما، ئیدی بەسە! من گفتوگۆت لەسەر ئەو پرسە لەگەڵ ناکەمەوە، جارێکی دیکە نا.'

لەژێر نیگا پڕ ئازارەکانمدا، ئەو بە مەبەست بەرەو هۆدەکەم رۆیشت، دەنگ و هەرایەکی بەرزی لێوەدەهات. منیش بەدوایدا رۆیشتم، هەستمکرد فەرخە مراویەکی ناشیرینم بەدوایدا دەڕۆم.

کاتێکیش دەرگاکەی کردەوە، بینی کوڕە بچکۆلانەکەی، ساواکەی دایە، گوێ لە بەدەنگترین و توندترین موزیکی سەر زەوی دەگرێ. 'ئەرێ ئەوە چی دەکەی؟' دایکم وای لێپرسی.

یونس نە تەماشای ئەوی کرد نە من. لەجیاتی ئەوە چاوی لەسەر نەوارەکە گیرکردبوو، رەوخسارەکەشی وەک ئەوەی شتێکی مەترسیداری دۆزیبێتەوە، وایلێهات.

بە پەرۆشەوە دایکم ئەلبومی نەوارەکەی لەسەر زەوی هەڵگرتەوە و سەیرێکی کرد. لەسەر ئەلبومەکەدا پیاوێک سواری ئەسپێک بووە، وێنەیەکی سەیر، کەسێکی دیکەش لەسەر زەوی کەوتووە، داڵ دەیخوا. لەسەر چوارچێوە سورەکەیشی بە خەتی درشت و بەپیتی لەیەک جیا نوسرابوو: *بەریەککەوتنەکە*. لەژێر ئەویشەوە رستەیەکی دیکە نوسراوە: *پەتێکی شایستەی بدەرێ*.

'ئەمە چییە؟'

'دایکە، ئەمە تیپێکە،' یونس گوتی 'موزیکە.'

'دەزانم ئەوە موزیکە،' ئەویش وایگوتەوە، 'خۆ تەپەتەپ نییە.'

ئیدی یونس چاوێکی لەمن کرد. منیش بە چاوێکی پشتگیریی خوشکایەتییەوە چاوم تێکردەوە.

دایکم ئاماژەی بە ناونیشانی ئەلبومی گۆرانیەکە کرد. 'ئەوە واتای چی دەدا؟'

'واتای ئەوەیە کاتێ خەڵک زۆر خەمبار بوو، بێ هیواش بوو، ئەگەر پەتێکی بدەیتێ، ئەوا خۆی پێوە هەڵدەواسێ.'

بەم قسەیە خوێن لە دەموچاوی دایکم وشک بوو. 'ئایا تۆ کاتی خۆت ئاوها بەسەردەبەی؟ مێشکی خۆت بەم ژەهرە رادەهێنی.'

یونس نوزایەوە. 'ئاخر ئەوە بەس ــ"
'نەخێر، ئەمە ترسناکە. نابێ هیچ کەس پەت بداتە ئەویدیکە! ئاخر چۆن فێرە شتی واتان دەکەن؟'
'دایکە، تکایە. تۆ هەڵە لێی تێگەیشتوی. ئەوان فێرناکەن ــ'
'من نامەوێ منداڵەکانم گوێ لەو شتە سامناکانە بگرن.' دایکە وای هاوارکرد.
ئێمە هەرگیز ئەومان وا نەبینیوە، وا پەست و پەشۆکاو و وروژاو. منیش گوتم؛ 'دایکە، ئەوە تیپێکی موزیکی پونک(punk)ن. ئەمەش هیچ نییە تەنها شێوازیان وایە. بڕوام پێ بکە، شتێکی خراپ نییە.'
لەژێر چاوە تکاکارەکانی ئێمەدا بەرەو دیوارەکە رۆیشت و پلاکی کارەباکەی لە نەوارەکە دەرهێنا. .. نەوارەکە وەک کەسێک بکوژێ وایلێهات و کوژایەوە.
'بۆچی واتکرد؟' یونس لێی مڕبووەوە.
ئەویش رومەتی گرت، بۆخۆی کێشکرد و سەیری چاوەکانی کرد. 'گوێ لەو شتە تاریکهێنانە مەگرە. بۆچی تۆ هەر لەبەرم هەڵدێی؟ تکایە، تۆش خۆتم لێ مەگۆڕە.'
یونس خۆی گرژ کرد. 'من ناگۆڕێم.'
دەربڕینەکەی روخساری دایکم نەرم بوو، باوەشی بە یونسدا کرد، ماوەیەک وا بەگەرموگوڕی لەوباوەشی یەکدیدا مانەوە. دایکە نێوچاوانی یونسی ماچکرد، بۆنی ساوایەتی لە رومەتەکانی کرد. ئەنجا چاوەکانی دایکم دانەوینەوە سەر ملی براکەم تا خوارووی پشتملی لەبن کراسەکەیدا.
'ئەو پەڵەیە چیە پێتەوە؟'
دەمو دەست یونس رێکهەڵات. نیشانەیەکی ترسوبیم پەڕیە سەر دەموچاوی، هەوڵیدا رێگایەک بدۆزێتەوە و شتێک بڵێ. ئەمەش دەرنگ کەوتبوو. لەپاڵ ئەوەش، خۆ یونس هەرگیز درۆی نەدەکرد.
'دایکە ئەوە تاتوە.'
'چی؟'
من دەمێک بوو بە تاتوەکەی براکەم دەزانی، بۆیە چوومە پاڵی، یارمەتی بدەم. 'دایکە خەم مەخۆ، ئەوە ــ'
ئەو خۆتێهەلقورتاندنەکەی منی پشتگوێخست، سەرباری نارەزایەتی، پەلی یونسی گرت و رایکێشایە گەرماوەکە. لەوێ جلەکانی لەبەر

داکەندن، کراسەکە، پانتلۆنەکە، فانیلەکە، تەنها دەرپێ کورتەکەی هێشتەوە، ئەنجا سەری خستە بن دوشەکە. بە دەستەکانی پشتملی هەڵکراند، پاشان بە لیفکە ئەسفەنجێک.

'دایکە بوەستە' یونس هاواری کرد، 'ئاخر دەمهێشێ.'

'ئاخروماخری ناوێ. خۆ دەبووایە پێشتر بیری لێبکەیتەوە.'

'لەپشت ئەوەوە، هەوڵێکی دیکەم بۆدایەوە. 'ئەوە تاتوە. دایکە بە شوشتن لێناچێ.'

ئەو پاڵی بەدەستی منەوە نا، شێتگیرانە هەر خەریکی هەڵکراندن بوو.

'ئینجا پرسی، 'ئەوە چەند دەبێ ئەمەت کردووە؟'

من لەجیاتی براکەم وەڵامم دایەوە. 'چەند مانگێکە.' ئەمەم بە تاڵاییەکەوە گوت، نەشمدەزانی وای پێوە گرفتارم. 'گەر تۆ زیاتر خەمت لێخواردباین، زوتر سەرنجت دەدا.'

'ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟'

'تۆ هەمیشە خافڵایی و سەرقاڵی،' من وام بۆ رونکردەوە. 'مێشکی تۆ ئەوەندە پڕە، جێگای ئێمەی تێدا نەماوە. من ئیدی ناتوانم بە باشی لەگەڵ تۆدا بدوێم. تۆ هەمیشە پێمدەڵێی ئەمە مەکە، ئەویدیکە مەکە. هیچی دیکە.'

'ئەسما، ئەمە راست نییە.' ئەمەی بە سەر ڕەقیەکەوە گوت، گەڕایەوە سەر پشتکڕاندنەکەی یونس. چەند خولەکێک دواتر، بە شکستیەکەی خۆی قایل بوو، بەچاوی ئاگراویەوە لیفکەکەی دانا، هاواری بەسەر کوڕەکەیدا کرد، 'بەڵام بۆچی؟ بۆچی ئەم پەڵەیەت لەسەر جەستەی خۆت داناوە؟'

'من وام نەکردووە،' یونس بە فرمێسکەوە بەسەریدا قیژاندەوە، وەک مشکێکی بچکۆلانەش ئاوی لێهەڵدەچۆڕا. 'تۆ واتکرد! من تۆم لەسەر جادە لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا بینی. تۆ ئەوەی، کە پەڵەی پێوەیە!'

هەرکاتێ یونس ئەو وشانەی لە زار دەرپەڕین، دەستی بەدەمی خۆیەوە گرت. منیش بە تۆقاویوە سەیری برای خۆمم کرد، ئەوسا تێگەیشتم دیارە ئەو نهێنیەکەیە، کە دەمێکە لای خۆی هەڵیگرتووە. ئەویش تەماشای منی کردەوە، پەشیمانی پێوەدیار بوو. بە شەرمەوە ئاوڕم لەدایکم دایەوە. ئەو دەربڕینەی لە سەر دەموچاوی پەیدا بوو، هەرگیز

پێشتر نەم بینیبوو. چاوەکانی وەک بەردەمەڕمەڕ ساردوسڕ بوون. دەستی بە گریان کرد.
بێدەنگیەک باڵی بەسەر هەر سێکماندا کێشا. لە نێو ئەو بێدەنگییە ئەستورەدا تەنها ئاو دەیوێرا بجولێ، بە هێواشی تک تک دەڕژا.
شەوەکەش لە هۆدەکەماندا، دوای ئەوەی یونس سەرلەبەری چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە، خۆم هەڵدایەسەر جێگاکەم و خۆم وەرگێرا. مێشکیشم هەر گیزەگیزی بوو. شەوەکە تاریک بوو، بەدەر لە تیشکی زیوینی مانگ، کە لە پەنجەرەکە دەهاتە ژور، هیچ رۆناکایی بەدەرەوە نەبوو. بەدەنگێکی کز و بە چرپەوە گوێم لێبوو یونس پرسی، 'ئەرێ خوشک، نوستی؟'
'نەخێر.'
'باوک وا رۆیشتووە، پێتوایە دایکیش وەک ئەو بڕوا؟'
'نەخێر، گەمژە. خەم مەخۆ، ئەو ناچێتە هیچ شوێنێک.'
سەیر بوو، من لە دایکم پەست نەبووم. من لەشتی دیکەی لێ پەست بووم، شتی گەورە و بچوک؛ بەڵام هەنوکە، کە زانیم ئەو جیهانێکی بۆ خۆی هەیە، یان هەوڵ دەدا جیهانێکی وا بۆخۆی رۆبنێ، لەدژی هەموو شتە سەیرەکان، شتێک لەناخمدا لێی داوادەکردم، بیپارێزم. لەپڕێکیشەوە، ئەو لەبەرچاومدا وەک قاقلە جنۆکەی بن دەفرە گەورەکەی لێهات. منیش گوتم، 'ئێمە دەبێ لەوە دڵنیا بینەوە، کە ئەسکەندەر بەم شتە نەزانێ.'

## مەرەکەبی سەر ئاوریشم
لەندەن، نۆڤێمبەری ١٩٧٨

سعات حەفت و نیوی ئێوارە بوو، کۆتایی ڕۆژێکی دورودرێژ. پرچی لەپشتەوە بێباکانە قایکمردبوو، هەندێکیش ئازاری پێدەگەیاند، بەڵام گوێی لێ نەبوو، پەمبێ هەر لە بەیانیەوە لەسەر قاچەکانیەتی، هەستیشی بە ماندوبوون نەدەکرد. بە ڕیتای خاوەنی سالۆنەکەی گوتبوو، هەندێ دەمێنێتەوە، هەرچەندە خاوێنکردنەوەکەش ئیشی ئەو نەبوو. 'تۆ فریشتەی،' ڕیتا ماچێکی لەهەردوو ڕومەتەکانی کرد و واشی پێگوت. 'گەر تۆ نەبووای من چیم بکردبایە؟'
پەمبێ نیازەکەی بە ژنەکە نەگوتبوو، نەهاتبووە سەر ئەوەی بە خاوەن کارەکەی بڵێ، کە دەڕواو بەجێی دێڵێ. ئاخر ئەو چیدیکە ناگەڕێتەوە سالۆنی مقەسی کریستالیی. بەڵکو بەیانی پێی بڵێ، یان کورتە پەیامێکی بۆ جێبێڵێ. خۆ ئەمەش شتێکی ئاسان نەبوو. دەکرێ بەهانەی وا بدۆزێتەوە، کە ساغ نییە و دەیەوێ ماوەیەک لەماڵ پاڵ بکەوێ. دوای بیرکردنەوەیەکی دیکە، هاتە سەر ئەوەی ڕاستیەکەی پێبڵێ، یاخۆ هەرهیچ نەبێ ئەوەی دەکرێ پێی بڵێ. ئاخر زۆر قەرزباری ئەو برادەرەیەتی، هەر دەبێ بە ڕیتا بڵێ، کوڕە گەورەکەی لێناگەڕێ چیدیکە کار بکا.
ئەسکەندەر کوڕە خۆشەویستەکەی بوو، هەندێک جاریش کەمێ تووڕە و کەمێکیش هەڵدەچوو، بەڵام کوڕێکی باش بوو. خۆ ئەویش هۆکاری خۆی بۆ ئەم پرسە هەبوون. لەپڕێکیشەوە قسەوقسەلۆک بڵاوبوونەوە، لەپاش ملەی پەمبێ، لەپشت دەرگا داخراوەکان، لە گۆشەی دوکانەکان و قاوەخانە و کەبابخانەکان، شوێنی جلشۆرین و ماسی فرۆشەکان، خەڵک قسەیان دەکرد؛ دەیانگوت ماڵی تۆپراکەکان تەواو نین.

بەندوباوەکان لە خێرایی رژانی مەرەکەبێک بۆ سەر پارچە ئاوریشمێک خێراتر بڵاوبوونەوە. ئاخر پەمبێ لەهەمو ژیانیدا هەوڵی زۆریدا ئەو پەڵانە لەسەر مافور و جلەکان لاببا، کەچی هەنوکە نازانێ چۆن خۆی لە دەست ئەو جۆرە پەڵانە قوتاربکا. ***من دەبێ بۆ ریتا بنوسم، ئەویش تێدەگا ئەگەر چی مەزیشی پێنەگا.***

هەستکردن بە گوناح سۆزهەڵقوڵێنێکی سەیرە، خۆی لە گومانێکی سادەوە دەستپێدەکا، هەروەک ئەسپێی ماڵ وایە، ئەگەر کەوتە سەر پێستت، پێیەوە دەنوسێ و خوێنت دەمژێ و گەرای خۆیشی لەهەموو شوێنێک دادەنێ. ئەو رۆژانە هەموو کاتێک هەست بە گوناح دەکا، لەسەر کار، لەماڵەوە، لەوکاتەی چێشت لێدەنێ، لەوکاتەی نوێژ دەکا، تەنانەت لەکاتی نوستنیشیدا، ئیدی سوچباری چۆتە دەرونییەوە. کە منداڵ بوو زیاتر لەچەند جارێک توشی داوی کێچ و ئەسپێ بووە. یەکەمین جاریش پۆلکترینیان بوو. ئەو لەو بڕوایەدا بوو لە خوشکە جمکەکەیی پەڕیونەتەوە بۆ ئەم، جەمیلەش دەیگوت پێچەوانەکەی راستە. ئیدی دایکیان هەردووکیانی خستە نێو تەشتە ئاوێکی گەرمەوە و بۆ چەند سعات وای هێشتنەوە، بەو گیراوە دەرمانەش، کە لەدوکانەکە کڕیبوی هەر سەروکالۆخی پێهەڵدەکڕاندن. لەکۆتاییدا توانی لێیان دەرباز بێ، بەڵام خەریکبوو بەو شۆرین و هەڵکڕاندنەی، هەردوو کچەکانی بکوژێ.

ئەوە نیو سعات دەبێ، هەمووان رۆیشتوون؛ مەعمیلەکان، کارمەندی پێشوازییەکە، کە هەفتەی دووجاران بۆ نینۆکەکانی دەهات. ریتا بەنیاز بوو رێکخەری پرچ بەکرێ بگرێ، وای لەو وشە کەشخەیە. لە ئینگلستان خەڵک مەراقی وشەی کەشخە و نایابە. ناوی خواردنەکان پەمبێ سەرسام دەکەن. ئەو جارێک لە گەڵ ئێلیاسدا چووبووە رێستورانێکی ئاسایی، بەڵام لەسەر لیستی خواردننامەکەدا نوسرابوو، ***مریشکی سورەکراو بەتام و بۆی کوسکوسی تێژ***. ئەمجاریش یەکەمجار و تاکەجاری بوو لە گەڵ پیاوەکەدا دەربچێ. ئەوکات، لەژیانیدا جارێک بوو، کە هەستی بە نائاسودەیی نەکرد. پەمبێ دەیزانی ئێلیاس لە جێگایەک دەگەڕێ بتوانن دور لەچاوی خەڵک هەندێ قسە بەیەکەوە بکەن. بەڵام خۆ ئەمەش ئەستەم بوو، ئاخر وانەبوو؟ ئەوەش نەوەک لەبەر ئەوەی خەڵک لە هەموو شوێنێک هەن، بەڵکو لەبەر قانونێکی کۆنی گەردونی،

کە دەڵێ: هەرچەندە ئەوپەڕی توانات بەکار بهێنی، خۆتی لێ بدزیەوە، بەڵام خۆ هەر توشی دێی.
لەسەر خوانەکە پەمبێ ئەوەی بە ئێلیاس گوت، کە لەزێدی ئەودا، خەڵک بەوکەسە پێدەکەنن، کە قاپێکی کوسکوس(خواردنێکە وەک ساوار وایە–وەرگێڕ) لەبەردەم میوانێکی تایبەت دابنێن. ئاخر ئەو خواردنە هی جوتیارە هەژارەکانە. هەرچەندە خانەوادەکەی دەوڵەمەند نەبوون، بەڵام دەیزانی جیاوازی خوانی هەژاران و خوانی رازاوەی نایابیش چییە.
لە ئینگلستاندا شتەکان تەواو سەروابنن. وشەی couscous کوسکوس وشەیەکی سادەیە و بەڕێزیشەوە سەیر دەکرێ. هێشتاش وشەی shame شەرم، هەرچەندە وشەیەکی جەوهەرییە، بەڵام بە ئاسانی و ئاسایی وەردەگیرێ. کاتێک ئینگلیزێک لە شتێک نامراد دەبێ، هەرچەندە راگوزەر و بێ بایەخیش بێ، واهاوار دەکا، 'پەککو، لەو شەرمە!'
پەمبێ ئەو جۆرە قسانەی بۆ ئێلیاس کرد بەڵکو پێبکەنێ، بەڵام ئەو بە جۆرێکی ماتەمبارییانە لێیەوە نزیبووەوە، وەک ئەوەی ناوەناوە ژنەکە شتێکی قوڵتر و خەمناکتری یاد بخاتەوە.
'کەواتە گەر بۆ نانی شێوان بانگهێشتم بکەی، کوسکوسم بۆ ئامادە ناکەی؟' ئێلیاس ئەمەی بەئاین و ئۆینێکەوە پێگوت.
'هەڵبەتە، نەخێر.'
ئیدی ژنەکە وێنای ئەو شتانەی بۆکرد، کە لەسەر خوان بۆی دادەنێ. یەکەمین شت دەبێ سوپێک هەبێ، چونکە هەموو خواردنێک لەسەر گەدەی گەرمەوە تامی خۆشتر دەدا، ماستاو بە تەرخونە، گەنمە سپی بولگاری بە نەعناع، زەڵاتە لەگەڵ سرکەی هەنار، بەهارات و بیبەری سور، شۆرباو نیسک، خواردنی سوڵتان(گۆشت لەگەڵ باینجان)، دوا شتیش، بۆ شیرنەمەنی پاقلاوەی دەستکردی ماڵ.
'حەزم لێیە لەگەڵتدا لەهەمان ئاشپەزدا شێوەکە لێبنێم، ناندینی خۆمان.' ئێلیاس وای پێگوت.
ئەمەش یەکێک بوو لە ساتە دەگمەنەکان، کە دەربارەی ئایندەیان بدوێن، رێگەیان بە خۆیان دا بڕوا بەوە بکەن، کە یەک ئاینەدەیان هەیە.

❖

سالۆنی سەرچاکردن شوێنێک بوو هەر قژی تیادا نەدەبڕدرا یا شێوازی داهێنانەکەی نەدەگۆڕدرا، بەڵکو شوێنێکیش بوو قسەی زۆری تێدا دەکرا. هۆکاری هەندێک لە ژنان، کە زۆر زوو دەچوونە ئەوێ و هەفتەی جارێک شێوازی قژیان دەگۆڕی، هەر بۆ قژگۆڕین نەبوو بەڵکو حەزیان لە قسەکردن بوو، حەزیان لێبوو وەک جۆگەلە ئاوی خواروخێچ ڕێگای خۆی بگری. هەنوکە دیسان مەعمیەلەکان پێویستیان بەوە بوو کەسێک گوێیان لێبگرێ و لەگەڵیان بکەوێتە دەمەتەقێ، وەک ئەو شازادە خاتونەی لە هەقایەتنامەکاندا خوێندویەتیانەوە.
پەمبێ قسەکەرێکی بەتوانا نەبوو، بەڵام گوێگرێکی بەرچاو بوو. چونکە لەماڵباتە گەورەکان هەمیشە خەڵکانی دیکە لەپێش تۆوە دێن، بۆیە ئاسانتر لە گوێگرتن ڕاهاتبوو. مەعمیلەکانی زۆر قسەیان دەکرد، دەربارەی شتە ڕەچاوکراوەکانیان و دەربارەی نامرادییان دەدوان. پەمبێ لە ڕێی مەعمیلەکانیەوە ناوی مێردەکانیان، منداڵەکانیان، سەگ و پشیەلەکان و تەنانەت دراوسێ هەراسانکەرەکانیشیان دەزانی. کاتێک ئەوان نوکتەیەکیان دەکرد، ئەویش لەساتی پێویستدا پێدەکەنی. کاتێکیش گاڵتەیان بە سیاسەتوانان دەکرد، لەگەڵ ئەوان مسکە دەبووەوە. هەرکاتێکیش باسی ئەزمونێکی دڵشکاوی خۆیانیان بکردبایە، چاوەکانی پڕدەبوون لە ئاو. هەموو ئەو شتانەشی بەو وشەدانە بچکۆلانە کەمەی خۆی ڕاییدەکرد. هەندێک جار چەند وشەیەکی لەدەست دەردەرچوون و لێیان تێنەدەگەیشت، بەڵام هەرگیز ماکی شتەکانی لێ ون نەدەبوو.
دنیا تاریک داهاتبوو، دەمێک بوو خۆر ئاوا ببوو، شەقامەکانیش گۆڕابوون. دوکانەکانی هەردوو بەری جادەکە داخرا بوون، دەرگا ئاسنیەکانیان بۆ داخران گوێی مرۆڤیان کەڕدەکرد. ئەو دوکانەی قوماشی ساری هیندی دەفرۆشت، قاوەخانەی لوبنانی، گۆشتفرۆشی حەلال، مۆڵگەی هیپپیەکان، کە بۆنی ناقۆلا و شتی دیکەی لێوەدەهات، سوپەرمارکێتە خۆجێیەکە، کە تازە دەستی بە فرۆشتنی مریشکی سورەوەکراو کردبوو... ئەو خەڵکەی کاریان دەکرد یان بازاڕیان دەکرد، هەنوکە هەر هەموویان بەرەو ماڵ ببوونەوە.
لە سعات هەشت و نیوی شەودا پەمبێ لە گەسکدانی ناوکەوەکە بووەوە، شتەکانی لەجێی خۆی دانانەوە. فڵچە و شانەکان و چەند بوتڵێکی

پلاســتیک کە تییــادا بــۆیەی دەگــرتەوە، شوشــتن. دەســتەکانی لە فڵچەپێـداهێنان و بـۆیەکردن راهـاتبوو، پێیوابـوو دەسـتەکانی بەگـوێی ناکەن گەر فەرمانیان بەسەردا بکا چیتر خۆیان ماندو نەکەن. کـاتێکیش هـیچ شـتێک نەمـا بیکـا، دەسـتی گەیانـدە چـاکەت و جانتـاکەی، دوا ئاوڕیشی لە سالۆنەکە دایەوە.

'بەدوعا، قژ وشککەرەوەکان، بەدوعـا،' لەبـن زمانـدا شـتێکی وای لەدەم دەرچوو. 'هۆ قردێلە، مقەس و رەنگ لابەرەکان بە دوعا.'

بەڵێنــی بەخــۆی دابــوو نەگریــێ، لێوەکــانی خــۆی گەســتنەوە و لە سالۆنەکە دەرچوو، کەوتە سەر جادە. لەسە شەقامەکەدا ژن و پیـاوێکی تەمەن مامناوەنجی بینی، کە خەریکـی یەکدی راموسـانن، بە دزیەکەوە سەیرێکی کردن. هەوڵیدا تەماشایان نەکا، بەڵام بۆی نەکرا. خـۆ ئەوە هەشت ساڵە هـاتۆتە ئەم وڵاتە، هێشـتاش لەخـۆی ڕانەبینیـوە سـەیری مـاچوموچی خەڵکـی سـەر جـادە بکـا. ئەو ژنەی لەگەڵ پیـاوەکەدا بـوو هەستی بە پەمبێ کرد، بۆیە خۆی لەدەست پیاوەکەی راپسکاند، لەگەڵ خۆڕاپسکانەکەشدا بە شەرمەوە قرتەیەکی پێکەنینی بۆکرد.

بەخێـراییەوە دەرگـاکەی گـاڵەدا، کلیلەکانیشـی ختسـەوە نێـو سـندوق پۆستەی ریتا. ئەوکات زانی پەیامەکەشی نەنوسیوە، بەڵام خـۆ ئاوهـا باشتر بوو. پێویستی بە هیچ رونکردنەوەیەک نەدەکرد، ئەگەر هەوڵیشی دابووایە، پێیوانەبوو بتـوانێ لە رونکردنەوەکەیـدا سـەربکەوێ. هەنـوکە دەبـێ ئێلیـاس ببینێـتەوە، پێیبڵـێ لە ئەمـڕۆ بەدواوە زۆر سـەخت دەبـێ یەکدی ببینن.

## توشبوون

*لەندەن، ١٤ی نۆڤێمبەری ١٩٧٨*

ئەسکەندەر ئەوێ ڕۆژێ، ڕۆژی سێشەممە لە قوتابخانە، لەماوەی پشوی نانی نیوەڕۆ، وەک هەمیشە لە بارێکی دەرونی باشدا بوو، گاڵتەی دەکرد، تیروتوانجی دەهاوێشت لەوپەڕی زەوقدا بوو. بابۆڵە نانەکەی خۆی دەخوارد و گوێی لە دەمەتەقێی سەرپێی دەوروبەری دەگرت. کوڕەکان بیریان لە یاریەکەی داهاتوو دەکردەوە. چیلسی لە بەرامبەر مۆسکۆ داینامۆدا یاری دووگۆلی هەبوو.

لەهیکەوە ئەرشەد روی وەرگێڕایە لای ئەسکەندەر و پێیگوت، 'ئەرێ ئەو لەفەیەم نادەیتێ؟'

ئەسکەندەریش سەری هەژاند. 'نەنەنە..نەخخێر، ئئئئە...ئەوە، بببۆۆۆۆ ... تتتتۆۆۆ نیییە! لەلەلە...بببیری بببکە.'

قسەکەران وەک ئەوەی ئاوێکی ساردیان بەسەردا کرابێ، لەپڕێکەوە هەموویان بێدەنگ بوون. ئاخر هەرگیز پێشتر گوێیان لێ نەبوو ئەسکەندەر بەم جۆرە لاڵ دەرچێ یان شەرم بکا. ساتەکە هات و ڕۆیشت، ئیدی دەستیان بە بەزمورەزمی خۆیان کردەوە، بەڵام ئەسکەندەر هەر بە نائاسودەیی مایەوە.

لەنێو پۆلیشدا چاوی هەر لەسەر پشتە یەخەی قوتابیەکەی پێش خۆی بوو، هیچ نەجولا. ئاوها ڕەق وتەق مایەوە تا پارچە کاغەزێکی لولدراوی بۆ فڕێدرایە سەر مێزەکە. پارچە کاغەزەکەی هەڵگرتەوە و لێکی کردەوە. کاغەزەکە لە (**کاتی)یەوە** نوسرابوو.

*ماگگی، کرستین، هیلاری. ئەگەر کوڕیش بوو، تۆم.*

پاشان پارچە کاغەزە لولدراوێکی دیکەی بۆ هاتەوە، پرسیاری لێکردبوو ئاخۆ چۆنە. ئەویش بە خەتێکی ناخۆش بۆ وەڵامدانەوەی پەرۆشبوونەکەی شتێکی بۆ نوسیەوە و هەڵیدایە پشتەوە. کاتێ وانەکەش کۆتاییهات، شتەکانی لەنێو جانتا کۆڵەپشتەکەی ئاخنی و

بۆی دەرچوو، هەرچەندە دەشیزانی بەبێ مادۆنی وەرگرتن لەدەرسەکانی دیکەی، لە قوتابخانە دەرچوون بێ سزا تێناپەڕێ. دوای ماوەیەک بەپێ رۆیشتن، هەستی بەخۆی کرد، کە بچکۆلانەیە و لەژێر ئەم یەکپۆشیەی قوتابخانەشدا تەواو بەرچاوە، ئیدی بەرەو وێستگەکەی پاسەکە هەنگاوی هەلێنا.

کاتێکیش پاسەکە هات، بەنێو ڕاڕەوی پاسەکەدا رۆیشت بێ ئەوەی چاوێک بەنێو پاسەکەدا بگێڕێ. لەگەڵ دەرگاکردنەوەدا هەوا قورسە بۆن ناخۆشەکەی بۆهات، وەک ئەوەی ساچمە خەمناکییێکی پێکەوتبێ. خەڵکەکەش بە کۆمەڵ وەستابوون، هەرچەند شوێنی خالیش لە نێوەراستی پاسەکەدا هەبوو، بەلام کەس بۆی نەدەچوو. ئیجا دەمودەست زانی هۆیەکەی چییە. لەوێدا شێتێکی بێ نەوا بەتەنها لەسەر کورسیەک دانیشتبوو، هەر لەگەڵ خۆی دەدوا. پیس و پۆخڵ چاوەکانی سورهەڵگەڕابوون، پێلاوەکانیشی داکەندبوون، بەری پێیە چڵکنەکانی دادەماڵین، پێیەکەی وا لەباوەش گرتبوو وەک ئەوەی گرانبەهاترین شتی سەر ئەم دنیایە بێ. بۆنێک وەک ئەوەی لە پیسایی هەڵسابێ بەو نێوەدا بلاوببووەوە.

هەر بۆ خۆشی، ئەسکەندەر خۆی خزاند و لەتەنیش کابرا شێتەکە دانیشت. ئیدی هەموو چاوەکانی دەوروبەری کەوتنەسەر، وەک ئەوەی لەمەڕاقدا بن ئاخۆ ئەویش شتێکی هەیە. ئەویش هەر گوێی پێ نەدا. ئاخر ئێستا کە ئەو لاڵ بۆتەوە، هەست دەکا مەیلە و شێتیشە.

کاتێک پاسەکە وەرسوڕایەوە، ئەسکەندەر لە ئاوێنەکەی بەرامبەری بۆ ساتێک خۆی بینیەوە، روخساری بزڕکاو و قوپاو بوو. لەگەڵ ئەوەی هێشتا هەر شازدە ساڵی بوو بەلام بەتەمەنتر دیاربوو. ئەو نامیلکەیەکی کۆمیدی بیرکەوتەوە، کە پێشتر خوێندبوویەوە، پۆلیسی لێکۆڵەرەوە بەرەو ئایندەی خۆی هەنگاوی دەنا. بەڵکو ئەوەی هەنوکەش دەیبینێ هەروابێ، ئەو ئەسکەندەرەش وای لێبێ.

هزرەکانی گەڕانەوە سەر رەوشی لالیەکەی. لەوەدا مەڕاق ما، خۆ گەر شتەکە پەیوەندی بە توشبوونی جۆرە ڤایرۆسێکەوە هەبێ، ئەوا دایکی دەزانێ چی لێبکا، هەندێ داودەرمانی روەکی بۆ دەگرێتەوە، وەکو چا دەرخواردی دەدا تا گەروی نەرم ببێتەوە و زمانەکەشی بکرێتەوە. ئەگەر هەر چاکیش نەبووەوە، نامە بۆ پورە جەمیلە دەنوسێ. ئاخر ئەدی ئەو

هەمیشــە خــۆی بەوە هەڵنــاداتەوە، کە خوشــکە جمــکەکەی زمــانی داودەرمانە روکییەکان دەزانێ؟ ئەسکەندەر لەدانیشتنەکەی زیاتر پشتی لێکـردەوە، هەسـتێکی قـوڵی هەبـوو، چـاک دەبێـتەوە. خۆشەویسـتی دایکیشی لە دڵدا جۆشی سەند و کڵپەی دایەوە. خۆ ئەوەی مام تاریق گوتی هەر قسەی پوچ بوو. ئـای چۆن دەزگـایەکی گەڕانەوە بـۆ رابـردوو بدۆزێتەوە، تا بچێتەوە سالانی بەرێـی سـەردەمی منـداڵێتی، رۆژگارێک بەرلە یــونس و بەر لە ئەســماش. ئەوێ دەمــێ هەر خــۆی و دایکــی لەباوەشی خۆشەویستیێکی بێگەرددا بوون.
بەم رەنگە کەم یان زۆر، میزاجی ئەسکەندەر بوو لە نێو پاسەکەدا، تـا گەیشتنە لەندەن فیلدز.
'هەر دەڵێی خەڵک پەلەپەلیانە،' شێتەکە بە تۆنە دەنگێکی زیقەزیقاوی وای بەهەمــوو سەرنشــینانی پاســەکە گــوت، وەک ئەوەی هەموویــان برادەری بن.
ئەسکەندەر هەستیکرد دەبێ شتێکی پێ بڵـێ، لەوکـاتەش نەیتوانی هیچ شتێک دەربدا، بەسەر ئاماژەیەکی بە ئاراستەی پیاوەکە کرد.
'ئەرێ هۆۆو! نەکەی دایکت هەر چاوەڕێت بێ.'
ئەسکەندەر بە گوێلێبـوونی ئەم قسـەیە، مـوچڕکێکی بە بڕبـڕەی پشـتدا هات. کاتێکیش لەپاسەکە دەرچوو، کەوتە بەر رۆژی رونـاک، هێشـتاش پێکەنینــی پیــاوە شــێتەکە لەبەر گوێیــدا تــریقەی دەهــات. کــاتێکیش گەیشتەوە لاڤێندەر گرۆڤ و لەدەرگای ماڵی خۆیانیـانی دا، کـات سـعات سێ و نیوی دوای نیوەڕۆی نیشان دا.

❖

ئیلیـاس بەتەنهـا بەشـێوەیەکی سـەیر لەپشـت پەردەی نیـوەداخراوە لە ژوری مێوان دانیشتبوو، ئیدی لەوکاتەشدا بوو، گوێی لە ترپەی پێـیەک بوو لەبەردەم دەرگا هات.
'من دەمەوێ بزانم ئـاخۆ لە کوێ دەژی.' ئیلیـاس ئەم قسـانەی هەفـتەی پێشتر بە پەمبێ گوتبوو، ئەوەشی دەزانی کە هێڵێکی نادیار دەپچڕینێ.
'بۆچی؟'
'ئازیزم، تۆ دەزانی من لەکوێ دەژیـم، مـاڵەکەم، روەکەکـانم، کـارەکەم هەموان دەزانی، بەڵام تۆ بـۆمن تەلیسمێکی. کاتێـک تـۆ لەمـاڵی خـۆت دادەنیشی و دوری لەمن، حەزم لێیە بتوانم وێنەیەکم هەبێ لەوەی ئاخۆ

تۆ چی دەکەی. من وێنەیەکم لەمێشکی خۆم دەوێ، هەر ئەوەو هیچی دیکە.'

'وێنەیەک؟' پەمبێ لەپڕێکەوە بە دەنگێکی دۆڕاوەوە وای لێپرسی.

'بەڵێ، چاکە بەڵام نەوەک وێنەی وێنە. مەبەستم، ئەوەیە شتێک بزانم، بێمە ماڵت و بۆ چەند خولەکێک و بەس. هیچی دیکە نا. من دەمەوێ وەک پشیلەیەک بێم و وەک پشیلەیەکیش بڕۆمەوە. هیچ کەسێکیش پێی نەزانێ. هەر تەنها یەک جاریش. ئایا ئەمە دەکرێ؟'

پەمبێ لێوەکانی خۆی گەزتنەوە، منگەمنگێکی لێوەهات. 'بەڵام تەنها بۆ پێنج خولەک، ئینجا هەڵبستی و بڕۆی.'

ئەو دوای نیوەڕۆیەی ئەوێ ڕۆژێ، لەوکاتەی منداڵەکان لە قوتابخانەدا بوون، ئێلیاس چوە ماڵیان لە گەڕەکی لاڤندەر گرۆڤ. هەر کە پێیشی خستە سەر دەروازەی ماڵەکە، لەناخەوە بیرۆکەی پەشیمانی دایگرت. خۆ ئەو دەیتوانی پەمبێ ببینێ، بەڵام خۆ ئەوەی نەدەویست. تاکە هۆکاریش، کە ژنەکە بەم داوایەی رازی ببوو، هەرئەوەبوو دڵخۆشی بکا. پەمبێش ئەوەندە گرژ و پەشۆکاو بوو، بە کەمترین دەنگەدەنگ رادەچڵەکی. ئەویش هەستی بە ترس کرد، ئەوەش نەوەک لەبەر ئەوەی لەوێندەرێیە، بەڵکو بەوەی کە چۆتە نێو ژیانی پەمبێیەوە و ئەو هەموو سەرئێشەیەی بۆ ناوەتەوە. ئەو دەیەویست خۆشەویستیەکەی پەرجو بئافرێنێ، بەڵام پێدەچی گێرەوکێشەی بۆ بنێتەوە. لەپێناوی ئەوەی هیچ ناخۆشیی دیکەی بۆ بەرپانەکا و وای لێبکا هەست بە ئاسودەیی بکا، ئێلیاس قەمسەڵەکەی خۆشی دانەکەند، ئامادە بوو هەرکاتێک ئاماژەی بۆکرد هەڵسێ و بڕوا.

هێشتاش ماڵەکە خۆی لێرامانێک بوو بۆ بوونی خۆشەویستەکەی، کە نامرادانە بەسەریەکی وەناوە. لەو نیوە تاریکییەدا، ئەو شوێنە بچکۆلەیە، کە پەمبێ زۆربەی کاتی بەتەنها تیادا بەسەر بردوە، هۆکارەکە دەردەخا کە چەند لەو بوکەڵە سەماکەرە بالێیە تەنهایەی نێو سندوقەکەی سەر سندوقی موزیکەکە دەچێ. ئەو پارچە قوماشی چنراوی چەرچەفئاسای سەر مێزەکان و رەفەکان و کورسییەکانی بینی، دیارە ئەو دامەنەکانی چنیون، ئەو بیبەر و باینجانە وشککراوەی رستەی لای پەنجەرەکەی بینی، کە بۆ دۆلمە ئامادەیان دەکا، ئەو سۆلە سورباوەی کەسەرەکانین بەچنین رازاوەتەوە، ئەو لە وردەکارییەکان نزبووەوە، لە

ڕەنگەکان، سەرتاپای شوێنەکە کێبەرکێی بۆنی خۆشە: بۆنی شیرنەمەنی دەستکردی خۆی، جلە تازە شوراوەکان، رستەی قەرەنفل و بۆنی گولاو. هەموو شتێک بۆ ئێلیاس نوێ بوو، ئای چەند لەو ماڵەی خۆی لە لوبنان دەچێ، کە لەپشت خۆی جێیهێلاوە، ئەمە هەمووی کوڵی غەریبی هەڵستاند و چاوەکانی فرمێسکیان تێزا.

بە منداڵیش هاوینی لەگەڵ باپیرە و داپیرەی لە بەیروتدا بەسەر دەبرد، بەهێواشی بەسەر لمی کەناری دەریادا دەڕۆیشتن، لمێکی گەرم و نەرم و بەخشندە بوو. جارێکیان دوای باهۆزێک، کاتێ دەریا نیشتەوە، چەند بونەوەرێکی ناخی دەریا کەوتبوونە سەر لێوارەکە. ئەوەش مایەی هێدمەگرتنی بوو، ئەو بونەوەرانە نامرادانە هەوڵی گەڕانەوەی خۆیان بۆ نێو دەریا دەدا. دوای تێپەڕبونی چەندان ساڵ، کاتێک ئەو لە شارە بێژمارەکانی رۆژئاوادا کاری دەکرد، سەیری ژیانی یەکەمین نەوەی کۆچبەرانی کرد، هەمیشە ئەو دیمەنەی دەریا و بونەوەرە سەیرەکانی دەهاتەوە یاد. ئاخر ئەوانیش لە ژینگە رەسەنەکەیان هەڵکەندراون. ئەو بونەوارانە بە زەحمەت لەو دەوروبەرە نوێیەیاندا هەناسە دەدەنەوە، زۆر ناسکن و چاوەڕێی ئەوەن دەریا بێت و بیانگێڕێتەوە، یاخود لێوارەکە نارەحەتیەکەیان بخواتەوە و بەهانایانەوە بێ. ئێلیاس لەم هەستوسۆزە گەیشتبوو، بۆیە هەمیشە وای بیر لەخۆ دەکردەوە وەک پیاوێک، کە لە کەنارەکانی کلتورەکانی دیکە ژیاوە. بەتەنها رێگەیەک لەوانی دیکە جیاوازە، بەوەی ئەو لەهەموو شوێنێک هەڵدەکا و هیچ پابەندبوونێکی بە پارچە نیشتمانێکی تایبەتەوە نییە.

کاتێکیش رێگای خۆی بە نێو دەرگای ماڵی پەمبێدا تەی دەکرد، سوپاسی پەمبێی کرد، کە رێگەی چوونەژورەوەی دا، داوای لێبوردنیشی لێکرد گەر توشی هەر سڵەمینەوەیەکی کردبێ. ئەویش پێدەچوو هەم دڵخۆش بێ و هەم خەمبار بێ بە رۆیشتنەکەی.

پەمبێ بە هێوری پێیگوت، 'بمێنەوە، چایەکەت بخۆرەوە، ئینجا برۆ.'

'ئایا تۆ دڵنیای؟'

لەماڵەکەدا سەماوەرێکی برۆنزی لەسەر مێزەکەدا دەکولاو هەڵمی لێهەڵدەستا. پەمبێش دەستەکانی وا خراپ دەلەرزین، لەگەڵ تێکردنی چایەکەدا هەندێک چای بەسەر بلوزە سورباوەکەیدا رژاند.

'ئۆو، نەخێر،' ئێلیاس وای هاوارکرد. 'خۆ خۆت نەسوتاند؟'

هەوڵیدا بەدەستی بلوزەکەی لە پێستی دوربگرێ، سەرێکی هەژاند. 'هیچ نییە. تۆ لێرە چاکەت بخۆرەوە، دەچم بلوزەکەم دەگۆڕم.'
بە ملکەچی وەستا و چاوەڕێ بوو. خەریک بوو تازە لە چایەکەی دەبووەوە، کاتێ یەکێک زەنگی دەرگاکەی لێدا، کورتە زەنگێک، یەکێکی دیکەشی بەدواداهات، ئەمجارەیان درێژ و مکوڕبووانە. ئێلیاس هەستی کرد دەماری ملی رەق بوون، پەنجەکانیشی توند پیاڵە چایەکەی دەستی گرتبوو.
پەمبێ بە هەڵەداوانەوە لەژوری نوستنەکەی هاتەدەر، بلوزێکی سپی کردبووە بەر بەڵام قۆپچەکانی بە نارێکی قایم کردبوونەوە، ئیدی بە تۆقاویەوە چاوێکی لە ئێلیاس کرد. ئاخر خۆ هێشتا دوو سعات و نیو ماوە تا منداڵەکانی بگەڕێنەوە. دراوسێکانیشی لەسەر کارن، بە بێ ئاگادارکردنەوەش سەر بەماڵەکەیدا ناکەن. ئێلیاس ئاماژەیەکی بۆکرد، بەڵکو خۆی بشارێتەوە، هەرچەندە هیچ بیرۆکەیەشی نەبوو لەکوێ خۆی حەشاردا. ئەوان چەند سرتەیەکی گرژئامێزیان بەیەک گوت. ئەنجا پیاوەکە خۆی خزاندە بن مێزی نانخواردن، هەروەک ئەوەی لە خەونێکی تۆقێنەردا بێ، نەشیدەتوانی بڕوا بەوە بکا، کە شتەکە راستییە.
چرکە ساتێک دواتر، چرکەی کلیلێک لە کیلۆنی دەگاکەوە هات. هیچ رەنگێک بە دەموچاوی پەمبێیەوە نەما. ئیدی بۆی دەرکەوت، کە کێ لەپشت دەرگایە، ئاخر بە تەنها یەک کەس کلیلەکەی پێبوو.

## عەبای خامۆشی

لەندەن، ١ی دیسێمبەری ١٩٧٨

ئێلیاس خەریکی ئاودانە مانگانەییەکەی روەکە هەواییەکەی بوو، کە یەکەمجار هەواڵی کوشتنەکەی پێگەیشت. روەکە هەواییەکان شتێکی سەیرن، تەلیسمی جیهانی روەکن. ئەوان لە کون و مولولەکانی گەڵاکانیان شێ هەڵدەمژن، ئاوها ئەوان دەژین بەبێ ئەوەی لەڕێی رەگەکانیان خواردن و ئاو هەڵبمژن. لەجیاتی ئەوەی رەگیان لە خاکدا رۆچووبێ، هەروەک روەکی فلۆرا بە هەموو شتێک هەڵدەچن و لەهەواشدا گەشە دەکەن، ئەوان روەکی کۆچەریین. ئێلیاس ئەو جۆرە روەکی تیلاندسیای لەناو قەپێلکی گوێچکە ماسیەکی گەورەدا لە ناندینەکەدا دانابوو. کاتێک ماڵەکە لە هاویندا وشک دەبێ، روەکەکەی هەموو دە رۆژ جارێک لەئاو هەڵدەکێشا، دەیشوشت، بەڵام هەنوکە زستانە، هەر چوار هەفتە جارێک بە سپرا هەندێ ئاوپڕژێنی دەکا.

لەو کاتەی ئێلیاس خەریکی کارەکە بوو، گوێی لەدەرگەدانی یەکەم نەبوو، ئاخر لەبەر دوا پچڕانی تەزوی کارەبا، زەنگەکەیان تێکچوبوو، کاتیشی نەبوو چاکی بکاتەوە، پاشان لەماوەی چەند چرکەیەکی دیکەدا دووەمین جار تەقەی لەدەرگەدانەکە هاتەوە، ئەمجارەیان بە تامەزرۆوە روەکەکەی لەشوێنی خۆی دانایەوە و دەستیشی بە خاولیەک سرینەوە، چوو دەرگاکە بکاتەوە.

پەمبێ لەچوار بۆنەدا سەری ئەپارتمانەکەی ئەوی دابوو، هەمیشەش شەرمن و بەپەلە بووە، هەروەک مەلێک، کە لەسەر چڵێک هەڵبنیشێتەوە، بەرلەوەی هێزوتینی بێتەوە بەر، دەفڕێتەوە. کاتێ پەمبێ دەهات بێدەنگ و چاودێرانە بوو، لەسەر قەنەفە چەرمینەکە دادەنیشت، پشیلەکەش رێک دەچووە سەر کۆشی و خۆی گرمۆڵە دەکرد. پەمبێ سەیری ئێلیاسی دەکرد، کە لە ناندینە کراوەکەدا کاری دەکرد، گوێی لە قسەکانی رادەگرت. خەندەکەی بەقەد ئەو نیگەرانییەی لەنێو چاوەکانیدا بەدی دەکرا، راستگۆیانە بوو.

لەسەرەتاوە بە کۆمەڵێ لە دژبەرییەکانی ئەو سەراسیمە بوو. پیاوەکە دەیبینی، کە ژنەکە چەند جیاوازە، چەند ناسکە، کەچی لەبن جەستەکەیدا بەرگریکارێک هەیە، تەوژمێک لە ئازایەتی، گرژی و کەللەڕەقی تا خاڵی روقایمی، لەهەڵبەز و دابەزدا بوو. هەموو شتێک تێکچڕژاو بوو. لە نیگاکانیدا ئەو بریسکاییەی بینییەوە، کە بەمنداڵی لە چاوی دایکیەوە بینیبووی، دواتر لەهی کەسدا نەیبینی بوو. کەچی هێشتاش خەمناکییەک باڵی بەسەر روخساریدا کێشابوو، ئەوەش بەشێک بوو لەو خەمە راڤەنەکراوەیەی، کە وای لێکردبوو بەرەو ژنەکە بڕوا.

هەر لەوکاتەی لە سینەماکە و لە فیلمی منداڵەکەدا، دەستیان بەریەک کەوتبوو، ئێلیاس حەزی دەکرد خۆشەویستی لەگەڵدا بکا. حەزی دەکرد دوور لە چاوی ئەملاوئەولا لەگەڵیدا بێ، دوور لەهەڵپە و تالوکە و ترس ئاوێزانی ببێ. بەڵام هەموو جارێکیش، کە پەمبێ لە ئەپارتمانەکەیدا سەردانی دەکرد، هەستێکی بەهێز لەو ئارەزوەی پێشتری، دوور دەخستەوە. هێزی خۆ جڵەوکردن، کە نەشی دەزانی ئایا لەتوانایدا هەیە نمایشی بکا یان نا.

ئەوەی بەڕاستی لێیدەخواست کردنەوەی تەلیسمی هاتنەکەی بوو. بەڵام لەوەش زێدەتر، ئێلیاس پەی بەوە بردبوو، ئارەزوی بوو شادمانی بکا. ئەوەش شتێک بوو، بۆنی خۆنەویستانە و جوامێرانەی لێدەکرا، بەڵام خۆ ئەو دەیزانی لە جەوهەری خۆیدا ئەم شتە دنەدەرێکی خۆپەرستانەیە. ئەو هەڵوەدای ئەوەبوو خۆشەویستیەکەی وەک دارعەسا تەلیسماویەکە کارای بکا، هەرچی دەستی لێبدا بەو شتە وەربگەڕێ، کە داخوازیەتی. گەر ئەو بەپاکی و لە قوڵایی دڵیەوە خۆشی ویستبێ، دەتوانێ سەندرێلا بیکاتە خاتونە شازادەیەک، جوان و شۆخێکی گەش و نازدار. ئەوەش خواستی بوو، جارێکی دیکە ژنەکە سوکەڵەتر ئافەریدە بکاتەوە و قاڵبێکی ئازادانەتری پێ ببەخشێ، کە حەزی هەردووکیانی تێدا بێ.

بە شێوەیەک لەشێوەکان پەمبێ وەک کچە کارەکەرێکی گەنج رەفتاری دەنواند. دەکرا دەستی بگرێ، دەکرا بە دزیەوە ماچێکیشی لێبستێنێ، سەری لەسەر سینگ دابنێ و خۆشیی و گەرمی جەستەی پێبگا، بەڵام هەرگیز لەمە زیاتر نەیدەوێرا رێگەی پێبدا. هەر زوش کابرا لەوە

تێگەیشت، ئەمە سنورەکەیەتی، هەرکاتێک هەوڵی بەزاندنی بدابا، وادەکەوتەوە ژنەکە بسڵەمێتەوە و خۆیشی هەست بە خەجاڵەتی و خەتاباریی بکا. ئاخر پێشتر هەستی خۆسزادانی هەبوو: ژنێکی بەمێرد کە سێ منداڵی هەبن، بە دزیەوە دەستی لەگەڵ پیاوێکی لەخۆی بەتەمەنتر تێکەڵکردبێ. چەند جارێک لەبەردەمیدا دانی بەوەدا نابوو، حەزی لێیە تەڵاق بدرێ، مێردەکەشی هەروای دەخواست، بەڵام نەشیدەویست منداڵەکانی پەست بکا، بەتایبەتیش پاشبەرەکەیان، کە هێشتا زۆر بچکۆلانە بوو. خۆ لێبەدورگرتنی جەستەییانە، وای لە ئێلیاس کردبوو زیاتر لێی نزیک بکەوێتەوە، ئیدی بەمجۆرە سەرسامییە، پەمبێی وەک هەیە پەژراند.

لەپڕێکەوە بۆ هەردووکیان ئەوە دەرکەوت، کە سێکس لە شیرینی پاش ژەمە خواردنێکی دورودرێژ دەچێ. بێگومان خۆش و بەتامە بەڵام شتێکی سەرەکیش نییە، هەر کاتیشی هات، ئەوا ئەستەمە بەسەریدا بازبدرێ. ئێ خۆ ئەوان تازە سەرەتایانە. ئێلیاسیش نەیدەزانی ئەم بارە چەندی پێدەچێ، لەوەش بەپەلە نەبوو زو بگاتە کۆتاییەکەی. لەوەشدا شتێکی سەیری سێکسی هەبوو، کە ڕێی لە خودی سێکس دەگرت. پیاوەکەش کاتێک لەم تەمەنەیدا ئەم شتەی بۆ دەردەکەوت، بەخۆی پێدەکەنی. کتومت ئەو بیردەکاتەوە، کە زۆر پیر بووەوە بۆ ئەوەی شتێکی نوێی بۆ دەربکەوێ.

'خوا تاقیمان دەکاتەوە،' ژنەکە وای پێگوت، 'تۆ بڵێی لەم تاقیکردنەوەیەدا دەربچین؟'

'من دڵم بە تاقیکردنەوەکانی خودا ناکرێتەوە. من دەمەوێ خۆم روبەڕوی دارِسانەکانم ببمەوە.'

پەمبێ حەزی نەدەکرد ئەو وا بدوێ. ژنەکە خوازیار بوو هەردووکیان پڕ لە هیوا و بە بڕوا بن. ئێلیاسیش دەمێک بوو ئەو بڕوایەی دانابوو، خۆ ئەگەر هەرگیز شتێکی وای هەر هەبووبێ. هەر لەودەمەی خۆی ناسیوە، هەمو شتێکی بە دەست و بازوی خۆی کردوە، بێ ئەوەی لە کەسێکی لەخۆی بەرزتر بپاڕێتەوە. خۆ ئەگەر ئەمەی بۆ گوناح بژمێردرێ، ئەو هەمیشە گوناهبار بووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێلیاس بڕیاریدا بەوجۆرە لەگەڵ ژنەکەدا نەدوێ، نەبادا بیرەنجێنێ. نەیدەویست دڵی پەمبێ یان دڵی خوای پەمبێ بشکێنێ.

هەرچۆنێک بێ، ئێلیاس لە قوڵایی دەروونیدا خاترجەم بوو، کە ڕۆژێک دادێ پەنجەکانیان بەیەک دەگەن. ئەم ڕۆژەشی بەدور نەدەبینی، ئیدی هاوئاواز دەبن و بەمەش سەرەتای قۆناغێکی نوێی ژیانیان دەستپێدەکا. ئەوکات دەتوانن هەریەکەیان سەیری چاوەکانی ئەوی دیکە بکا، کارا و بە هەندی هەڵبگرێ، بەو پەڕی ئاسودەییەوە بە ڕوتیش لەگەڵ یەکدا بن. ئەوسا هیچ دەمەقاڵێیەک نامێنێ، چیدیکە شەرم و خەجاڵەتیش نامێنێ. خۆشەویستی بەس دەبێ، ئینجا هەموو شتێکی دیکەشی بەدوادا دێ. پاشان ژنەکە هەر بەخۆی دێتە لای، ئازادانە و سوکوئاسان، ئەویش لە بەخێوکردنی منداڵەکانیدا یارمەتی دەدا، هەرکاتێک پێویستیان پێی هەبێ ئامادە دەبێ. ئەو خۆشی دەوێن و ئەوانیش خۆشیان دەوێتەوە، ئیدی ئەو درزەی گیانی لە کۆتاییدا یەک دەگرێتەوە.

هەنوکە ئێلیاس بەدالأنەکەدا دەڕواتە خوار تا قاپیەکە بکاتەوە، نەشیدەتوانی ئەو مەڕاقە نەکا بەڵکو پەمبێ بێ هاتبێتە سەردانی. بەڵام خۆ ئەوە خوی ئەو نەبوو لە گۆترە و بێ پێشەکی سەری بەماڵدا بکا، خۆ ئەگەر واشی کردبێ، ویستویەتی کتوپڕ بەسەریدا بدا. کاتێک زنجیرەی سەلامەتی دەرگاکەی ترازاند، نامرادانە بینی غەریبەیەک لەبەر دەرگا ڕاوەستاوە، کیژۆڵەیەک، جینزێک و کراسێکی قۆڵ فشی لەبەردایە و شاڵێکی ئاوریشمیشی لە ملدایە. پرچەکەشی لە نێوەڕاستدا کردبووە دوو کەرت و بەسەر ملیدا هاتبووەخوار، نێوچەوانێکی بەرین و چەناگەیەکی بەرزیشی هەبوو.

'من بەدوای ئێلیاسدا دەگەڕێم،' کچەکە وای بە پیاوەکە گوت.

'بەڵێ، چۆن بتوانم خزمەتت بکەم؟' ئێلیاسیش بە بزەیەکی ئاگایانەوە وەڵامی دایەوە.

'کەواتە، ئەوە تۆی؟' پرسیارەکە چاوەڕوان نەکراو بوو، دەنگەکەشی بەسوکزانییێکی پێوەبوو، ئەویش نەیدەتوانی ئەوە لێکبداتەوە، تاچەند ئەم قسەیە، هەراسانی کردوە. کچەکە پێیگوتەوە، 'دایکم...'

'ببورە؟'

کچەکە سەری بەرزکردەوە، بێئەوەی چاوی لەچاوی بکا، ئاخر دەیزانی پیاوەکە چاودێری دەکا. 'دایکم مرد.'

کــچەکە خــۆی وەرســوڕاندەوە، ئامــادەبوو بــڕوا، ئێلیــاس پــڕی دایە ئانیشکی، هەندێک بەتوندی و بە ترساویەوە کێشایەوە.
'ئەوە باســی چــی دەکەی؟ تــۆ کێــی؟' ئەو وای لێیپرســی و دەنگیشــی لەرزۆکانە بوو، لەهەمان کات، کە هەناسەی دایەوە لێیپرسی، 'دایکت کێیە؟'
ئیدی هەر ئەوێ دەمێ سەرنجیدا، کچەکە دەگریێ.
'ئەرێ نازانی باسی کێ دەکەم؟' کچەکە ئەم قسەیەی بەسەرزەنشتکردنەوە پێگوت.
ئەویــش خەریکبــوو شــتێک بڵــێ، بەزمــان تێکئــاڵاوییەوە. 'مــن... لێــت تێناگەم. بەڵام کەی...چۆن؟'
'لەبەر گۆبەندەکەی لەگەڵ تۆ، براکەم چەقۆیەکی لێدا.'
چاوەکانی ئێلیاس مۆڵەق مان، خوێنیشی لە دەموچاودا وشک بوو. ساتە بێدەنگیەکی دیکە پێچوو بەرلەوەی ئەو شتەی گوێی لێبوو، مێشکەکەی هەرسی بکا و لێی تێبگا. ئەو قۆڵی کچەکەی بەردا، پێویستی بەوە بوو پاڵ بە دیوارەکە بداتەوە.
'تۆ لە شەرمەزاری زیاتر هیچت بۆ ئێمە نەهێنا،' کچەکە وای پێگوت. 'هیوادارم هەنوکە دڵت رازی بووبێ.'
ئێلیــاس هەســتی کــرد کیــژەکە چەنــد دایکــی خــۆی خــۆش ویســتووە، هەرچەندە لەیەک کاتدا ئێرەیشی پێبرد و رقی لێببوەوە لێشی پەست بوو. بەڵام هیچ وشەیەکی نەبوو تا دڵی کچەکە یان هی خۆی بداتەوە، ئەو دەمی خۆی وەک ماسیە ئاڵتونەکەی نێو جامە پڕ ئاوەکە کردەوە.
'ئــێمە نامــانەوێ تــۆ ببینیــنەوە. نەشــهێیتە بــۆنەی بە خاکســپارنەکە، هەوڵــیش نەدەی چیــدیکە خــۆت لە شــتەکە هەڵبقــورتێنی. تەنهــا لێمــان دورکەوە. تێگەیشتی؟'
پرسیارەکە زۆر بەسوێ بوو تا وەڵامی بــداتەوە، بــۆیە ســەری لەقانــد و گوتی، 'بەڵێ'، جارێکی دیکەش گوتیەوە 'بەڵێ.'
کچەکە بێ ئەوەی هیچ ئاوڕێکیش بداتەوە، بەنەرمە غــار بــۆی دەرچــوو. بەشێک لە جەستەی ئێلیاسیش رەتیکردەوە بڕوا بە قســەی کــچەکە بکــا. *کیژەکە هەردەبێ شتێکی وا ئازار بەخشی دۆزیبێتەوە، بەڵکو هیوایەک بێ هاوسەرایەتی دایبابی پێ بپارێزێ.* منــداڵان هەمیشــە ئەو جــۆرە شــتانە

دەکەن. هیچ شتێکی وا لەگۆڕێدا نەبوو تا هۆشیار بێتەوە. هەموو شتێک لەماوەی چەند سعاتێکدا رون دەبێتەوە.
ئیدی ئێلیاس پاساوێکی دۆزیەوە تا نەچێتە سەر کارەکەی، ئەو ئەم دوای نیوەڕۆیە لە ماڵەکەی خۆی مایەوە، هەر چاوەڕوان بوو پەمبێ بێت و دڵخۆشی بکاتەوە. هەندێک مەی خواردەوە، بە خراپیش خەوی لێکەوت، کاتێ بۆ بەیانی لەخەو هەڵسا، تامی دەمی وەک ژەنگ وابوو. یەکەمین شتیش، رۆژنامەکانی سەر لە سپێدەی هێنان. ئیدی لەوێدا باسکرا بوو. ***کوڕێک دایکی خۆی لەسەر شەڕەف کوشت***. چاوی لە وشەکان کرد، بینی و هەموشی ناسینەوە، بەڵام لە سەرلەبەری واتاکەی نەگەیشت.

❖

ئێلیاس یەکەمجار کە هەستی کرد مێردمنداڵێک بەدواوەیەتی، ئەوێ جارێ بوو لە دوکانی هیندییەکە خەریکی کڕینی سرکەی مانگۆ، بەهارات و داودەرمان بوو، کە بۆ زۆر دەفری شێوی جیاواز جیاواز دەبن، بەنیازیش بوو گۆشت کەروێشکی پێ ئامادە بکا. زۆریشی نەبرد، هەستی کرد چاوێکی سەیر سوسەی دەکا، کە ئاوڕی دایەوە بینی کوڕێک لە دەرەوەی پەنجەرەکە بەنێو بارستایی بوتڵ و قوتوکانی نێو دوکانەکەدا لیێ ڕاماوە. ناحەزییێک بە نیگاکەیەوە دیاربوو، بەڵام نواڕینێکی تیژی تامەزرۆیشی هەبوو. تروسکاییک لە چاوەکانی بەدی دەکرا، وەک ئەوەی بریسکەیەک لە خەڵوزێکی داگیرساوەوە دەربچێ.
ئێلیاس لە دوکانەکە هاتەدەر، هەر بەملاو ئەولادا دەیڕوانی، بەنیاز بوو، گەر کوڕەکە ببینێتەوە قسەی لەگەڵدا بکا، بەڵام کاتێک گەیشتە سەر شۆستەکە، کەس لەوێ نەمابوو. لای خۆی وای دانابوو بەڵکو کوڕەکە لە کەسێکی دیکە بگەڕێ. بۆیە پێویستی نەدەکرد بترسێ. ئێلیاس لای خۆی تەنانەت گەر کوڕەکەشی بناسیباوە، هەر بڕوای بەو رایەی پێشتری دەکرد: ئاخر خۆ کوڕەکە لە ئێلیاس نزیک کەوتبووەوە، کاتێ لە سینامەکەدا داوای شخارتەی لێکردبوو، دیاربوو شێوەی پەمبێشی دەدا. دوو رۆژ دواتر جارێکی دیکە گەنجەکەی بینیەوە، ئەمجارەیان لە بەردەم رێستورانتی کلیۆدا جگەرەی دەکێشا. کاتێکیش ئەو شەوە لە

ڕێستورانتەکە دەرچوو، خۆی بۆ شتی خراپتر ئامادە کردبوو، بەڵام دیسان جارێکی دیکە کوڕەکە لەوناوەدا شوێنەواری دیار نەما.
ئیدی کار ئاوا ڕۆیشت. بۆ ماوەی دوو هەفتەی داهاتوو کوڕەکە لە سعاتی جیاجیادا بەدوای ئێلیاسەوە بوو، هەروەک تارماییەک وابوو، لێی دەردەکەوت و بزر دەبووەوە. هیچ جارێکیش هەوڵی نەدەدا خۆی بشارێتەوە، هەرچەندە لەدوری مەودایەکی وا دەوەستا، بتوانێ لەدەستی رابکا. ئێلیاس هەرگیز ئەو روداوانەی بۆ پەمبێ باس نەکرد، هەنوکە بۆی دەرکەوت، کە چ هەڵەیەکی گەورەی کردووە.

❖

چەند جاران ئێلیاس ویستی سەرێکی خەستەخانەی نزیک ماڵی پەمبێ بدا یان بچێتە تەرمخانەکە، بەڵام لەوە دەترسا بە چوونی رەوشەکە زیاتر بشێوێنێ، بەوەی خزمەکانی یان دراوسێکانی بە توندی دژی بوەستنەوە. حەزیشی دەکرد لەگەڵ کچەکەی قسەی تایبەتی بکا، بەڵام گەر باشترین قسەشی ئامادەکردبا، کیژەکە گوێی لێنەدەگرت. کچەکە ئەمەی بەرون و ئاشکرا پێگوتبوو. بیری لەوەش کردەوە بچێتە لای پۆلیس، بەڵام بڕوای وابوو بۆ ئەوانیش هیچ شتێکی پێ نییە، پێیان بڵێ.
ئێلیاس رۆژەکانی دواتری لە ناندینەکەی ماڵی خۆی بەسەربرد، هەر هەمان جلی لەبەردابوو، پرچی نەشورا بوو، لەبارێکی پەشۆکاودا بوو. ئەو هەر ساس و شۆربەی سوری گەش، پرتەقالی گەییو و کرێمی سپی ئامادەدەکرد، کە هیچیانی لەبەردەم مێوانەکانیدا دانەدەنا. لەناخی خۆیدا توڕەبوو، خۆسەرزەنشتکردن و خەمبارییی هەربەخۆی و بۆ خۆی بوو. ئاخر خۆ هەڵەی ئەوبوو شتەکان گەیشتنە ئەو خاڵە؛ هەمووی هەر خەتای خۆی بووە. ئەرێ چۆن نەیتوانی شتەکە ببینی؟ ئاخر چۆن وا ساویلکە دەرچوو؟
لە رۆژنامەکاندا زانی، کە ئەسکەندەر تۆپراک، گومانلێکراوە سەرەکییەکە، هێشتا دەستگیر نەکراوە. ئێلیاس چاوەڕێی دەکرد لێیدەربکەوێ، ئامادەبوو چاو لەچاوی بکاتەوە. کەچی لەبری ئەسکەندەر پۆلیسی سکۆتلاند یاردی لێپەیدا بوون. پرسیاری زۆریان لێکرد. وێنەی ماڵەکەیان گرت، وردترین زانیاریان دەربارەی کارەکەی

کۆکردەوە، پرسیاری بێ ژماریان سەبارەت بە ***پەیوەندییەکەی لەگەڵ مردووەکەدا*** لێکرد.

کاتێکیش لە کۆتاییدا پۆلیسەکان ڕۆیشتن، ئێلیاس پەردەکانی دادانەوە، مۆمێکی داگیرساند، خۆیشی لەبەرامبەر مۆمەکەدا دانیشت تا کز بوو. لەو نێوەندەشدا نەوارەکەی خستە سەر کاسیتێکی فەیرۆز، کە دەنگەکەی بەناو هەموو کونج و کەلەبەری ئەپارتمانەکەیدا دەگەڕا و هەواکەی گۆڕی، کردیە شنەبا. کاتێک فەیرۆز گۆرانی 'سکن اللیل'ی دەچڕی، ئەویش بەسەرچاودا کەوت و گریا.

***شەوەکە بێدەنگە، لەبن عەبای خامۆشیشدا خەونەکان مەشاردراون...***

ئەو هەموو ساڵانە ئێلیاس وای خۆی لەخشتەبردبوو، گوایە نەیدەتوانی ڕۆژێک لە ڕێستورانتی کلیۆ دوربکەوێتەوە. وەڵامی ئەو بۆ هیلاکی ئەوەبوو، ماندونەناسانەتر کاربکا و هەر کار بکا. بەڵام ئەو سێ هەفتانەی دوایی خۆی لەکونجی ماڵەوە گرتبوو، بەئاستەم دەچوە دەر. ستافی ڕێستورانتەکەی بەردەوام زەنگیان بۆ لێدەدا، لێیان دەپرسی ئاخۆ کەی دەگەڕێتەوە لایان. کاتێکیش هەستیان کرد، کۆستەکەی بە ژان و سوێیە، هەرچەندە کتومت هۆکارەکەشیان نەدەزانی، پێیان لەسەر ئەوە داگرت ماوەیەک پشو بدا. مانگێک دواتر ئێلیاس دووەم چێشتلێنەری کردە سەردەستەیان و بەرپرسیارێتی ڕێستورانتەکەی خستە سەرشان. ئیدی خۆی بۆ ئەرکەکانی خۆی تەرخانکرد، کەوتە بارێکی نیمچە خەوناوییەوە، کە تیایدا سەرسوڕمانانە بەو ئاکامە گەیشت، تەنانەت ناچارترین و پێویسترین ئەرکیش چیدی وەک خۆیان بە پێویست و ناچار نەماونەتەوە.

لە سەرەتای ١٩٧٩شدا دوای گەواهیدانەکەی لەدادگادا شتێکی دیکە سەبارەت بە سەلماندن و دانپێدانان نەمابوو، ئینجا کارێکی کرد، کە هەرگیز بیری لێنکردبووەوە. دوو هەگبەی لە کەلوپەلەکانی خۆی پڕکردن، باقی شتەکانی دیکەشی بەسەر کارمەندەکانیدا دابەشکردن. پشیلە بەتەمەنە فارسییەکەشی دایە ئانابێل، کە زۆر بە گەڕاندوەی دڵخۆش بوو. ئینجا بلیتێکی گەشتەفرێنکی یەک سەرەی کڕی و گەڕایەوە مۆنتێریال.

## کاتژمێرەکە

*ئەبوزەبی، ئازاری ١٩٨٢*

سپێدەیەکی زوو، تازە زەردە لەکەل دەرچوبوو، ئادەم بەرەو شوێنی تەلارە دروستکراوەکە رۆیشت، کە کاری تیادا دەکرد. پاسەوانی شەویش پیاوێکی کەتەی پاکستانی چاو رەش بوو، سەری لە هاتنە زوەکەی سوڕما، بەڵام لەدڵیشیەوە پێیخۆش بوو، هەرهیچ نەبێ یاوەرێکی بۆ پەیدا بوو.

'خێرە، تۆ زۆر زو هاتی،' پاسەوانەکە وای پێگوت.

'خەوم لێنەکەوت.'

پیاوەکە پێکەنی و گوتی، 'هەبێ و نەبێ ، دیارە غەریبی ژنەکەت کردووە. هەندێ پارەی بۆ بنێرەوە. کاتێک ژن دڵشاد بێ تۆش دڵشاد دەبی.'

ئادەم لە وەڵامێکدا گەڕا، دەکرا لەگەڵ سەرنجەکە یەک بگرێتەوە، بەڵام لە روشانی گیانی پەمبێ ترسا. هەرچی لەوەڵامدانەوەدا بۆی هات، کورتە سەر بۆ لەقاندنێک بوو. چاوی لەچاوی پاسەوانەکە کرد، وەک گەوهەرێکی رەش دەبریسکانەوە، لەوەشدا تێدامابوو ئاخۆ راستە بە تێکردنی یەک دوو دڵۆپ لیمۆ لەنێو چاودا گەشتر دەبنەوە.

ئادەم جگەرەیەکی خستە سەر لێو و جگەرەیەکیشی دایە پاسەوانەکە. بۆ ماوەیەک بەبێ دەنگی، هەردووکیان جگەرەیان کێشاو لەنێو هزرەکانیشاندا نغرۆ بوون. بەشێک لە کاتەکە ، ئادەم بۆسەردەمی تافی لاوێتی، بۆ ئەستەمبوڵ گەڕایەوە. لەوێدا قونکە جگەرەی لەسەر جادە هەڵدەگرتنەوە و دوا مژی تێدابوو، دەیکێشا. جارێکیان نیوە جگەرەیەکی دۆزیەوە، قونکەکەی سورباو بوو. ئیدی بە جگەرەکە دوو تەلیسمی بۆدەرکەوتن. لەوەدا سەرسام بوو چۆن یەکێک هەر تەنها یەک مژی لە

جـــگەرەکە داوە و فڕێـــی داوە، سەرســـامی دووهەمیشـــیان بـــۆئەوە دەگەڕایەوە، کە ژنێک ئەم جگەرەیەی کێشاوە و فڕێشی داوە.
کاتێکیش گەیشتە لەندەن، بینی چۆن ژنانن لە شوێنی گشتیدا جگەرە بە با دەکەن، یەکەمین جاریش کە جگەرەی لەگەڵ رۆکسانادا کێشا، بۆ ساتێک چێژی لێوەرگرت.
'فەرمـوو، بیگـرە،' ئـادەم وای بە پاسـەوانەکە گـوت و بـاقی پـاکەتە جگەرەکەی دایێ.
پیاوەکەش لێیپرسی، 'تۆ دەیبەخشیتە من؟'
'بەڵێ، دیاری بۆ براکەم.'
بزە کەوتە سەر لێوی پاسەوانەکە و گەشایەوە، بەمە ددانە سپییەکانی، کە وەک شیر وابوون، دەرکەوتـن. ئـادەم بیـری کـردەوە، تـۆ بڵێـی ئەمە کاری ئاوی لیمۆ بێ. بەزەیی بەخۆیدا هاتەوە، کە هەوڵی وای نەدابـوو. خـۆ ئینگلیزەکـانیش دانـی ناتەواویـان هەن. هەر دەبـووایە باسـی ئـاوی لیمۆی بۆکردبان.
لەپـڕێکەوە بەسـەریانەوە هاشوهوشـی سـەدان بـاڵە مەل هـات، رەوە مەلێکی کۆچکردوو بەسەر سەریانەوە دەفڕی، هەروا دیاردەکران کە یەک تـاکە باڵنـدە بـێ. دەکـرێ ئەوان لەدورەوە هـاتبن، لە ئەسـتەمبولەوە هاتبن، بەڵکو بەسەر لەندەنەوە هاتبن، ئیدی لەوێ لەلایەن منداڵەکان، لەلایەن ئەسماوە، کە خەریکی کڕینی چەند کتێبێکـی نـوێ بـووە، دیتـرا بن، یاخود یونس کاتێ لەگەڵ برادەرەکـانی گرافیتـی لەسـەر دیوارەکـان دەنوســـی، بینیبێتـــی؛ یـــان ئەمســـکەندەر لە بەنـــدیخانەکەدا، لە پەنـجەرەکەوە سـەیری دەرەوەی کردبـێ، چـۆن نمـنم بـاران بـاران لە دەوروبەری دەدا، بەڵام نەخێـر، ئەو هێشـتا بە ئـازارەوە بیـر لە کـوڕە گەورەکەی دەکاتەوە، کە چۆن بەم جۆرە کۆتـایی بە زینـدان گەیشـتووە.
ئادەم سەرکۆنەی خۆی کرد. زیـاتر خـۆی لەو کـارانەی نەیکردبـوون بە بەرپرسیاتر دەزانی لەوانەی کردبوونی. بیری لەوە کردەوە، کە هەمیشە خۆی لەژیان دزیبووەوە، هەمیشە دەترسا لەوەی زەمین قوتی بدا.
کاتێ ئادەم چاوی بەر چاوەکانی پیاوە پاکستانیەکە کەوت، خەمبـارانە خەندەیەکی بۆکرد. ئـاخر دەگمەنـی پـاکیی و بێـوەیی لە روخسـاری ئەو پاسەوانەی شەوە بەدیکرد، چۆنـایەتیەک لەم سەردەمەدا کەم وایە توشی بی، ئیدی هەستی کرد لەپیاوەکە نزیکە، وەک ئەوەی شتێکی، کۆستێکی

هاوبەشیان هەبێ. خۆ ئەگەر لە رۆژگارێکی دیکە یەکدیان بدیتبایە، ئەوا حەزی دەکرد چیرۆکەکەی بزانێ. حەزی دەکرد وێنەی ژن و منداڵەکانی ببینێ. ئاخر پیاوەکە شتێکی وای بەدەستەوەدا، خۆی لەگەڵ وڵاتە نوێکەدا بگونجێنێ. ئادەمیش لەو رۆژەی ئیستەمبۆلی جێهێشتوە، وێنەی پەمبێی هەڵگرتبوو، بەڵام رێگەی نەدەدا هیچ کەسێک بیبینێ، تەنانەت خۆیشی.

ئادەم هەڵسا و ئاماژەی بە ئاراستەی بەردەمی کرد و بە کابرای پاسەوانی گوت، 'ئەگەر پێت ناخۆش نەبێ، دەمەوێ بچمە ئەوێ هەندێ بیر بکەمەوە.'

ئێشکگچێ شەویش شانی بۆ هەڵتەکاند.'باشە، بەڵام زۆر خۆتی پێوە خەریک مەکە،' وای گوت و دەستێکی بۆ سەری خۆی برد، 'ئاخر بیرکردنەوە بۆ مێشک باش نییە.'

ئادەم بەهەنگاوی قورس بەسەر رێگا چەوترێژەکەدا رۆیشت. لە ئانوساتی چوونە نێو تەلارەکەدا بوو، پاسەوانەکە بە دوایدا غاریدا و شتێکی زەردیشی بەدەستەوە بوو، هەر بۆی رادەوەشاند.

'هۆ کابرا، بوەستە، خۆ لەبیرت چوو کڵاوەکە بخەیتە سەر.'

'ئۆو، بەڵێ، کڵاوەکە. سوپاس برا.'

کڵاوەکەی لێوەرگرت و خستیە سەر، ئینجا هەر بۆ خۆشی سڵاوێکی سەربازیانەی بۆکرد.

❖

کاتێک ئادەم تەمەنی هەشت ساڵان یان نۆ ساڵان بوو، هەرگیزیش لە تەمەنەکەی دڵنیا نەبوو، دایکی ئەوی لەگەڵ خۆی بۆ پیاسەیەک برد، تەنها هەر ئەو دووەیان بوون. کورەکە ئەوکات هەستی کرد باڵی گرتووە، ئاخر ئەو بەتەنها لە نێو براکانی گوڵبژێر لێگیراوە تا یاوەری دایکی بکا.

ئەوان دەست لەناو دەست ماوەیەک رۆیشتن. رۆژەکەش رۆژێکی خۆرەتاوی پایز بوو، بەڵام هەست دەکرا بەهارە. ئەوان سواری دۆلمشێک بوون، تا گەیشتنە وێستگەی شەمەندەفەر. کورەکە حەیرانی بینینی بۆنیاد، دەنگ و گەورەیی شەمەندەفەر بوو. لەوێشەوە پیاوێک وەستابوو چاوەڕێی دەکردن، پرچە ڕەشەکەی بۆ پشتەوە بردبووەوە، هەنیەیێکی بەرین و چاو و برۆیەکی پڕی هەبوون، لەپشت ستونێکدا

جگەرەی دەکێشا، هەر نیوەی دیار بوو. تۆبلێی چەند بێ لەوێ وەستا بێ؟ ئایا ناوی چی بوو؟ چۆن بوو بە دایکی ئاشنا بوو؟ هەرگیز ئەو وەڵامانەی بۆ رون نەبوونەوە.
کاتێک پیاوەکە ئەوانی بینی لێینزیک دەبونەوە، بە هێواشی خەندەیەکی متمانەدارانەی بەسەر بیچمدا هات، ئەمە وابوو تا منداڵەکەی بینی.
'منداڵەکە....' وای بە ژنەکە گوت.
'خۆ نەمتوانی بەجێی بێڵم، وای پێگوتەوە، 'تکایە.'
'ئاخر، ئایشە، خۆ ئێمە پێشتر باسمان کردووە. من پێم گوتبووی.'
کابرا پەست بوو، لەکارەکەشی خێرا دیاربوو، نیگای چاوەکانیشی لەسەر ژنەکە پەڕیە سەر شەمەندەفەڕەکە، لەسەر شەمەندەفەڕەکەش بۆ کاتژمێرە هەڵواسراوە گەورەکە.
'ئاخر ئەو منداڵە هەرە گچکەکەمە،' ژنەکە بە روییێکی وشکەوە وای پێگوت، 'ئەو پێویستی بە دایکە.'
پیاوەکە جگەرەی دەستی فڕێدا و بە پێیەکەشی وەک ئەوەی قالۆنچەیەک بفلێقێنێتەوە جگەرەکەی بە پێ هاڕی، ئینجا سەری بەرزکردەوە و لە چاوەکانی ژنەکەوە راما. 'پێشتر پێمگوتبووی، من رۆڵەی پیاوێکی دیکە بەخێو ناکەم. ئەوە لای باوکی جێبێڵە، بۆ هەموو لایەک وا باشترە.'
بە هێورەیی، ژنەکە دەستێکی لەسەر شانی کوڕەکەی دانا.
'خۆشەویستم، بڕۆ لە یەکێک بپرسە ئاخۆ سعات چەندە.'
'چی؟ بەڵام ...'
'من پێت دەڵێم، بڕۆ بپرسە.' ئایشە وای لێ دووبارە کردەوە.
کاتێکیش کوڕەکە گەڕایەوە، زانیبووی بیست خولەک لە سعات یازدە لایداوە، بینی پیاوەکە توڕە و تۆسنە و دایکیشی سەیری بەرپێی خۆی دەکا، هیچی نەدەگوت.
'ئێمە ناتوانین سواری شەمەندەفەری داهاتوو ببین.' پیاوەکە ئەم تێبینیەی دا. 'شەمەندەفەرێکی دیکە لە سعات سێدا دەڕوا. بڕۆ و بەتەنها بگەڕێوە.'
لەڕێی گەڕانەوەیاندا دایک و کوڕ دەستیان لەنێو دەستی یەکدی دابوو. کە لە وێستگەکە هاتنە دەرەوە نم نمە باران دەباری، بەڵام ئەو سوکە بارانە هی ئەوە نەبوو خۆیان بدەنە بەر هەنوانێک. لەوێ لەسەر عەڕەبانەکی نزیکیان دوو کولێرەی بە کونجییان کڕی و لەسەر پەیژەکان

دانیشتن. منداڵەکە نیوەی کولێرەکەی دایە کۆترەکان، کەچی دایکی هەر داڵغەی لێدابوو.
'ئەریٚ دایکە ئەو پیاوە کیٚ بوو؟'
'تەنها برادەرێک بوو.'
'من حەزم پێی نەبوو،' کوڕەکە وای گوت و لێوەکانیشی دەلەرزین. هێشتاش بڕیاری نەدابوو ئاخۆ دەست بەگریان بکا یان نا.
ئایشەش دەستێکی بە پرچی داهێنا و پێیگوت؛ 'منیش زۆر حەزی پێناکەم.'
سەربارەی ئاسودەبوونی بە بیستی ئەو قسەیە، کوڕەکە زانی شتێکی شاش لە ئارادایە. شتەکە ئەوەندە هەڵە بوو تەنانەت کاتیٚ وەک بازنەیەک بە دەوری کۆترەکان خولایەوە و هەڵیفڕاندن و ئەوەندە غاریدا تا ئارەقەی کرد، کەچی دایکی هەر خۆشی لیٚ تورە نەکرد. تەنانەت کاتێک بە پیٚ چووە نێو گۆماوە چڵپاوەکە، پێڵاوەکانی قوڕاوی بوون، پێیەکانیشی تەڕبوون، خەریکبوو پەنجەکانی بتەزن، کەچی دایکی لەئاستیدا هەر بێدەنگ مایەوە.
'من دەمەویٚ لەگەڵت بێم.' ژنەکەش لێیپرسی، 'ئۆو تۆ وات دەویٚ؟'
'بەڵیٚ، دایکە. دەمەویٚ لەگەڵ خۆتم ببەی، بەڵیٚ؟'
لە هیکەوە ئایشە جدی بووەوە. 'بەڵیٚ، خۆشەویستە وردیلەکەم،' وای پێگوت.
'نەخێر،' کوڕەکە بۆی راستکردەوە. 'تۆ دەبیٚ پێم بڵێی خۆشەویستە گەورەکەم.'

❖

ئادەم چووە نێو ئەسانسۆرە بارهەڵگرەکە و پلی بە دوگمەی بیست و دووەوە نا. لەوێوە دەبیٚ بە پەیژەکان بۆ نهۆمی بیست و حەوت سەرکەویٚ. لەوەش زیاتر ناتوانی بۆ هیچ شوێنێکی دیکە بڕۆی، لەوێوە هەر تەنها قالبی بیناسازیەکە داڕژێراوە، تەنها ئاسن و کۆنکرێتە. کاتێکیش ئەو تەلارە تەواو دەکریٚ، دەبێتە درێژترین تەلاری ئەبوزەبی.
کاتێکیش ئادەم گەیشتە لوتکەی تەلارەکە، کیسە چیمەنتۆیەکی راکێشا و لەسەری دانیشت. دەمی وشک بوو، دەستیشی دەلەرزین، ئاخر لەو رۆژانە وای لێهاتووە. دیمەنەکەش تەواوعەیار بوو، بەردەمی هەردەڵێی چراخانە. ئەم دیمەنە زۆر لەو دیمەنانە جوانترە، کە دەوڵەمەندەکان لە

ئەپارتمان و نوسینگە کەشخەکانی خۆیاندا هەیانە. لەبەرامبەریشدا هۆتێلێکی قەپەنگ رازاوە و روخسار نایاب هەبوو. بۆ جاری دووهەم ئەو هەستەی بۆهاتەوە، یەکێک سوسەی دەکا، هەستێک چۆن خێرا هات ئاوا خێراش رەویەوە.

کاتێک ئەو لەوێ بەو جۆرە دانیشتبوو، سەیری هەورەکانی دەکرد، تێدەپەڕین، لاقەکانیشی بە هەیکەلی تەلارەکەدا شۆڕ ببونەوە، بیرو خەیاڵیشی بۆ ئەوە رۆیشت ئاخۆ کەی بوو، کە باوکی گوێی لە دوا دەنگۆی دایکی بوو. ئای چ داڵغەیەکی سەیرە، ئەو هیچی لە تافی منداڵێتی بیرنایەتەوە، زۆر رون و ئاشکرا بێ بەوەی ئەو شتەکەی زانیبێ. هەروەها ئەوەشی بیرناکەوێتەوە، کە هیچ کەسێکی دیکە ناوی ئایشەی بەخراپ هێنابی، هەرچەندە پێی وابوو دەبێ هەندێک لەو بەندوباوانە هەر هەبووبن. تۆبڵێی ئەو قسەوسەلۆکانە لە دراوسێکانەوە بوووبێ؟ تۆبڵێی ئەو گۆشتفرۆشە بوو کە گۆشتی حەلاڵی دەفرۆشت، لەو کاتەی گۆشتی بەرخی دەکێشا شتێکی وای لەدەم دەرچووبێ؟ یاخود لەوانەیە ئەو کەسە تەواو لایدەیە بێ، کە لە چایەخانەکە لە تەنیشتی دانیشتبوو، وای خۆی نیشان دەدا کە دۆستە، کەچی وەک ماری پێ لەزگ وابووبێ؟ هێماکانی بیرکردنەوەکەی لە تیشک خێراتر بوون. ئەوان دەیانگوت، باشە چی لەگەڵ پیاوێکی چاکی وەک تۆدا بکرێ، زمانشیرینییان دەنواند و لەسەر زگی دڵبەخەمان بازاڕی قسەکانی خۆیانیان گەرم دەکرد.

چیرۆکەکە بەپێی رۆژگار و لە میانەی نەوەکاندا خۆی دووبارە کردەوە. لەو دواییانەدا کرێکارێکی تورک گەیشتبوو، بە تاوانەکەی ئەسکەندەر و هۆکارەکەشی دەزانی. خۆ ئەگەر پیاوەکە زمانێکی درێژ و بەرەڵلای هەبووایە، کە ئادەم دڵنیا بوو هەیبوو، ئیدی بەندوباوەکە زوو بڵاودەبووەوە. ئەوسا لەچاوی کرێکارە هاوکارەکانی تیشکی بەزەیی، خولیای شت زانینی زیاتر و قێزلێبوونەوەی دەبینی. بەڵام خۆئەوش هەر قەیدی نەبوو. ئاخر ئادەم لەو ساتەوە بڕیاریدا، باکی بەهیچ شتێک نەبێ. ئەو سایەی پیاوێکە، جارێک لەجاران خۆی پیاوەکە بوو، هەنوکەش خۆ کەس ئازاری سێبەر نادا.

زۆر لە دورەوە، لەدەم کەلەوە تیشکێکی پرتەقالی- سورباو بە رونی پەخش ببوو. لەژێر ئەو تەمومژەیدا دنیا بە شێوەیەکی سەیر ئارام و

هۆشمەند دیار بوو. ئادەم بەدەم دانیشتنەوە بە سەرەتای رۆژهەڵاتن سەرسام بوو، لە دورەوە مەشخەڵی تیشکەکان لەو دیمەنەی بەردەمی دەدا. ئەوەش وەک ئەوە وابوو، کە ئاسمان شەق بووبێ و پەردە لەسەر گەردونێکی نوێ لابدا، کە هەموو کەس و هەموو شتێکیش بە فلْچەی خودا بۆیە کرابێ.

❖

دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ، دایکی ئادەم راستەوڕاست نەگەڕایەوە ماڵەوە، بەڵکو دەستی کوڕەکەی گرت و لە شار دەرچوون. لەوێ بەسەر گردەکەدا کەوتن، خۆشیان لەو هێما نوسراوانەی سەر رێگا نەبانکرد کە نوسرابوو: رێگەی پیادەڕۆ نییە. ئاخر قەدەخەبوو ئەوەندە لە بەنداوەکە نزیک بکەونەوە، کەچی ئەوان هەر نزیکبوونەوە. نەکەس ئەوانی بینی یاخود کەس نەیگێڕانەوە. ئینجا لەسەر لێواری بەنداوەکە لێی دانیشتن، بریسکانەوەی ئاوەکەش کە بەژێرەویاندا تێدەپەڕی مایەی سەرسامی بوو.

'کوڕەکەم، دەبینی، من تۆ جێناهێڵم،' ئایشە وای بە ئادەم گوت، 'ئێستا شادمانی؟'

کوڕەکەش گوتی شادمانم، بەڵام دانەکانی چەقەچەقی لەرزینیان بوو، لێوەکانیشی شینومۆر بزرکا بوون، هەرچەندە کەشوهەواش ئەوەندە سارد نەبوو. کوڕەکە دەستەسرێکی لەدەستدا بوو، هەر گرێی لێدەدان، تا لەدوایی لێی بووە گرێکوێرە و نەیتوانی بیکاتەوە.

'دەی با بڕۆینەوە ماڵ،' کوڕەکە وای گوێ لە خۆی بووەوە و هەناسەشی کز دەردەچوو. 'من دەمەوێ بگەڕێمەوە.'

'ئاخر چی لە ماڵەوە هەیە؟' دایکی بە سڵەمینەوە وای پێگوت. دەنگیشی وەک هەوای شێداری ئەوێ گڕ و ئەستور بوو، وەک دەنگی غەوارەیەک دەبیسترا. ئینجا وەک ئەوەی شەرمی لە کاردانەوەی خۆی کردبێتەوە، پەنجەی پەشیمانی لەسەر لێوی خۆی دانا و زۆر بە نەرمی ئەوەندەی بۆزیاد کرد، 'دەی، ئارام بە.'

بە خۆگونجاندێک لەگەڵ داواکەی، هەموو شتێک کپ و بێدەنگ بوو. هاشوهۆشی داروبار، دەنگی سیسرکەی کێڵگەکان، هەراوزەنای لۆریەکانی دوری رێگاکە و تەنانەت ئەستەمبول بەو هەموو جەنجاڵیەی خۆی... بۆ خۆیشی قەڵاقوپی لێکرد. هەموو شتێک ملکەچی ئارەزوەکەی

بوون. خۆ ئەوەش یاریەک بوو کردی، نەخاسمە ئادەم لەگەڵیدا گەورەببوو. ئاخر دایکی نهێنییەکەی بۆ ئەو دەدرکاند نەوەک بۆ براکەی.
'دایکە...'
'ئمممم؟'
'ئێمە دەچینە کوێ؟'
'شیرینەکەم، پێشتر ئێمە باسی ئەوەمان کردبوو.'
'ئاخر لەبیرم چووو.'
'ئێمە دەچینە شوێنێکی دڵڕفێن، کە پڕ لە چوکلێتی سێوە.'
'ئاخر ئەگەر زۆری لێبخۆم، ددانەکانم دەڕزن.'
'خەم مەخۆ. دەکرێ ئەوەندە بخۆی، کە حەزت لێیەتی.'
ئادەم خەریکبوو هەندێک دڵخۆشی لێدەربکەوێ، بەڵام چاوەکانی هەر پەشێو و پەشۆکاو بوون. ئەو حەزی لە گۆڕینی شێوەی دەنگەکە نەدەکرد. خۆ دایکەکان دەکرێ پەست ببن و توڕەش بن، ئاخر شیرینیی دان دەشێوێنێ یاخود گەدە تێکدەدا. لەو دواییەدا هەستێکی وای لاپەیدا بوو، کە هیچ کەس ئەرکی خۆی بەجوانی رایی ناکا.
ئایشە ئاهێکی هەڵکێشا، بینی کوڕەکەی لە رەوشێکی ناڕەحەت دایە، بەشێوەی کوندە بەبۆیەک، کە بە بچوکترین جوڵە لە تاریکیدا بوروژێ. ئیدی بەسەر نەویکردنەوە بە کوڕەکەی گوت، 'ئێمە دەچینە شوێنێک کەسی تێدا نەخۆش ناکەوێ. ئەوکات ددانەکانت هیچیان لێ نایەت و سەری منیش چیدیکە نایەشێ. ئەرێ ئەوە خۆش نییە؟'
*ئێ کەواتە ئەدی بۆ دەگری؟* کوڕەکە ویستی وای لێ بپرسێ، بەڵام نەیتوانی. ئەو سوکە ختوکە گەرمەی باوەشپێداکردنی هەم نەرمونیان و هەم بەئازاریش بوو. کاتێک ئەویش باوەشی بە دایکی داکردەوە، کوڕەکە هەستی بە تیشکی رۆژ کرد لە جەستەی دەدا. لە بەر باوەشی، لە هەناسەیدا، لە بن گەرمی و شیرینی ئاساییدا، پۆرگێکی ناشیرین و بۆگەنی بەدیکرد. ئەو دەستی لەلاجانگی راستەی دایکی دا، لەوێ لەبن چاویدا، کاتێ لەماڵ دەرچوون ئاستەم بوو ببیندرێ، بەڵام کە ماکیاجەکەی سەر دەموچاوی لاکەوت، جێشوێنێکی کرێتی کەسک و شین دەرکەوت، کە چەقەکەی رەش ببوو.
ئادەم لەو دەمەدا ترسوبیمێکی زۆری لێنیشتبوو، کە پێشتر نەیبینیبوو، خۆی بەدامەنی دایکیەوە گیرساندبوو، پەنجەکانی سارد و رەنگبزڕکاو

بوو. ئیدی بەیەکەوە لە لێواری بەنداوەکە نزیکتر دەبوونەوە، سێبەرێکی دوورودرێژیشیان لەدوادا دەخشا. لێوەکانی ئایشە لە جوڵە نەکەوتن، ئەوسا کوڕەکە زانی وێرد و دوعا دەخوێنێ. لە سەروبەندی ئەوەی دایکەکە جەستەی خۆی بۆ پێشەوە فڕێ بدا و کوڕەکەشی لەگەڵ خۆیدا راپێچ بکا، ئادەم تۆقی، بە نەرمولوسیەک لەپڕەوە خۆی راپسکاند و لەلایەک وەستا. دەستی خۆی وا راپسکاند وەک ئەوەی خەنجەرێک لە کالانەکەی خۆی دەرچێ. ئەم جوڵە خێرا و لەناکاوە، هەموو شتێکی شێواند، وای لە ئایشە کرد بۆ ماوەیەکی کاتی هاوسەنگی خۆی نەوەک بریاڕی مکوڕبوونی خۆی لەدەست بدا. ئایشە کەوت، بەڵام لەبری ئەوەی بۆ ژێرەوە بۆ ناو ئاوەکە بکەوێ، بەلاتەنیشتدا بە لێژاییەکەدا غلۆر بووەوە. چەند گەزێک لەولاتر وەستایەوە، بەرد و پرچکی وەرگەڕانەکە، دەموچاوی وروشاند و لێوی ژێرەوەشی تەقاند.

'دایکە، ئەرێ تۆ سەلامەتی؟' کوڕەکە لە سەرەوە وای هاوار بۆ کرد.

ئەو چی لێنەهات، هەرچەندە بە تەواویش باش نەبوو. ئینجا بەرەو ماڵ گەڕانەوە و هەرگیز باسی ئەو روداوەشیان بۆ کەس نەگێڕایەوە.

دوو ساڵ دواتر، چیدیکە بەرگەی پێنەگیرا، ئیدی ئایشە دەستبەرادریان بوو. بەیانییەکیان ئەو رەدوکەوتبوو، چاکەتەکەی لەشوێنی هەڵواسراوی خۆی نەما بوو، بینیان هەگبەی ژێر پێخەفەکەش دیارنەماوە. ئادەم بڕوای نەدەکرد بەبێ ئەو رۆیشتبێ، لەپێناو ئەوەش خۆی دڵنیا بکاتەوە گوایە نەڕۆیشتووە، چەکمەجەی جل و ئارایشتەکەی رۆژێ دە جاران دەکردەوە، هەموو جارێکیش ئاوێنە دەسک زیوینەکە و شانەی پرچەکەی دەپشکنی. خۆ تا ئەوشتانە لەوێ مابن، هەر دەبێ ئەو بگەڕێتەوە. کاتێکیش خەڵک کەوتنە قسەوقسەڵۆک کردن—چ لەناوەوە چ لەدەرەوەی ماڵ– ئەو گوێی لە تێبینی ناشیرینی ئەوان گرت، بەڵام هەرگیز بۆ باوکی (باوکە مەستەکە) سەربردەی خۆکوشتنەکەی خۆی و ئەوی باس نەکرد، هەروەها بابەتی ئەو پیاوەشی بۆ نەدرکاندن، کە لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە چاوەڕێیانی دەکرد، ئیدی تێگەیی، کە دایکی لەگەڵ چ پیاوێک رەدوکەوتووە.

❖

ئەم شەوەیان لە ئەپارتمانە شڕووڕەکەی لێواری بیابانەکە، ئادەم دووبارە قوماری کردەوە و دۆڕاندی، بڕە پارەیەکی وای لەسەر دانا، کە

هەرگیــز نەیــدەتوانی قەرەبــووی بکــاتەوە، خــۆ هەر چەنــد دانە رۆژ و شەفتی دیکەیشی کار بکردبا، هەر پێی نەدەگەیشــتەوە. هەنــوکەش کــاتێ چاوەکــانی دەسـڕی، ســەری ســوڕدەمێنێ کە دەســتی بە فرمێسـکەکان تەڕبــــوو. نەشــــیدەزانی، کە دەگریــــێ، بەڵام خــــۆ ئەوە کتومــــت ئەو ژانوناسۆرە نەبوو هەستی پێکرد. بێباکییەک لەناخی ناخەوەی هاتبووە دەر، شتگەلێکی پەسەندبوو نەیدەتوانی بیانگۆڕێ، لەنێویشیاندا خـودی خۆی بوو.

ئەوسـا لەسـەر لـوتکەی باڵاخـانە تەواونەکـراوەکەدا دەسـتی گەیانـدە کاتژمێرەکەی بازندی و کردیەوە، بە هێواشی داینـا نەوەک بشکێ. خـۆ ئەگەر کاتژمێرەکە بەڕاستی رۆلێکسی راستەقینە بـووایە، حەزی لێبـوو بۆ کوڕێکی جێهێشتبا، بەڵکو بۆ یونسی دانابا. وەلـێ خـۆ نەیدەویست دیـارییێکی سـاختە بـۆ کـوڕەکەی بە میـرات جێبێڵـێ. تەنهـا هیـوای بەوە دەخواســت دوای ئەو، بەڵکــو پاســەوانە ئێشــگرەکەی شــەو بێــت و کاتژمێرەکە بدۆزێتەوە.

## زیندانی شرێوزبێری، ١٩٩١

سپێدەی پاشتر، هێشتا هەر زوش بوو، زیشان بۆ بیرکردنەوە و تێرامان بێداری کردمەوە. بە پێچەوانەی ڕۆژەکانی دیکە، هیچ بۆڵەبۆڵێکم لەسەر ئەوە لەگەڵدا نەکرد. ئیدی ئێمە بەیەکەوە چوارمەشقی لەسەر زەویەکە دانیشتین و رووممان لەیەکدی کرد. روسخارەکەی هەر نوری لێدەباری. لەوەدا ئەوق مابووم، ئاخۆ ئەو هەموو گوڕوتینەی لە کوێ هێناوە.

'مێشکی خۆت خاوێن کەوە،' وەك هەمیشە وای پێگوتم، 'هەوا پیسبوون بۆ شارەکان خراپە، مێشك پیسبوونیش بۆ مرۆڤ باش نییە.'

بۆ ماوەی دە خولەك ئێمە لە بێ دەنگییدا ماینەوە. ئەوەش ئەو راهێنانە بوو، مانگی رابردوو فێری کردبووم. من دەبووایە بیر لە هیچ شتێك نەکەمەوە، بەڵام هەرگیز نەشمدەتوانی وابکەم. ئاخر بە دڵنیاییەوە، مێشکم بۆ ئەملا و ئەولا هەر لەزیگزاگ کردندا بوو. من سەبارەت بەو سەردانکەرە تەلیسمبازەی داهاتوو نیگەرام بووم. لەمەڕاق مابووم. نەمدەتوانی بیر لە ئەگەری رازەکە نەکەمەوە. تۆبڵێی کێ بێ، مام تاریق، دوانەدەرەکە، برادەرە دێرینەکەم ئەرشەد... خۆ من حەزم نەدەکرد هیچیان ببینم. لۆمەی هەمووانم دەکرد، کە منیان کردۆتە ئەو جۆرە کەسە. هێشتاش ئەوان ئازادن و چێژ لە ژیانی خۆیان وەردەگرن، کەچی منیش لە زینداندا دەڕزم.

ئاوها ئەو وەرزشەی بیرکردنەوە و تێڕامان دادی نەدا. هەرگیزیش دادی نەدا، بەڵام زیشان هەر کۆڵی نەدەدا، هەرگیزیش وازی نەدەهێنا.

'ئەسکەندەر، کاتێ تۆ بیر لە ئەوانی دیکە دەکەیتەوە، هەمو وزەی تۆ بۆ ئەوان دەڕوا. ئیدی هیچ بۆ خۆت نامێنێتەوە.'

لە جیهانی زیشاندا تەونە داوێکی نەبینراو لە بۆشایی دنیادا هەیە، کە خەڵك و رووداو و شوێنەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە. لەڕێی ئەو لولەکانەوە ئێمە شتەکان بۆ ئەوانی دیکە دەنێرین. ئەمەش هەرووەك فیلمە زانستیە مەیلە شێتەکان وایە.

'دڵی مرۆڤ وەك ئاگردان وایە، گەرمیی بەرهەم دەهێنی، ئێمە هەموو ڕۆژ وزە دروست دەکەین. کاتێکیش ئێمە ئەوانی دیکە سوچبار دەکەین، کاتێك ئێمە شتی ناقۆڵاو ترسناك دەڵێین، وزەی ناخمان دەچێتە شوێنێکی دیکە. ئەوسا دڵمان سارد دەبێتەوە.'

زیشان گوتی، 'هەمیشە وا باشترە سەیری ناخەوە بکەی، واز لەخەڵکی دیکە بێنە. هەموو تاڵی و ناسۆرێك کۆڵێکی قورسە، باشە بۆچی بە شانی دادەدەی؟ تۆ میزەڵدانێکی پڕ لە هەوای گەرمی، دەی کەواتە پێم بڵێ، دەتەوێ سەرکەوی یان دابەزی؟ واز لە تووڕەیی و ئازاردان بێنە. کیسە قورسەکان فڕێ بدە خوار.'

'لە گەردووندا دوو تیر هەن. یەکیان سەرو ژێر ئەویدیکەشیان سەرو ژور دەڕوا. هەموو مرۆڤێك بەردەوام لە جوڵەدایە. هەندێك دادەبەزن و هەندێکیشیان سەردەکەون. خۆ ئەگەر بتەوێ سەربکەوی، دەست بە ڕەخنە لە خۆگرتن بکە. ئەو پیاوەی هەڵەکانی خۆی نەبینێ هەرگیز چاك نابێتەوە!'

لەوکاتەی زیشان هاتۆتە چاوە زیندانەکەم، زۆر جاران وام لێهاتوە بە ناو دەمیدا بکێشم یان پێی بڵێم، دەی دەمت داخە. بەڵام سەیرە، نەمتوانی واشبکەم. من بۆ ئەو جۆرە ڕەفتارەی زۆر لێبوردە بووم. گوێم لە زۆربلێی و قسە هەڵلەق مەڵلەقەکانی دەگرت، هەندێکیانم پێخۆش بوون، نیمچە بڕوایەکم بە هەندێکیشیان هەبوو. بۆیە کاتێ گوێم لە قسەی داهاتوی دەبوو، زیاتر گوێم بۆ ڕادەهێشت.

'کاتێك مێوانێکت لە ڕابردووڕا دێ، نەکەی خۆت شێت و هار بکەی.'

منیش پێکەنیم، 'شێت و هار.'

'بەڵێ بەڵێ، لەگەڵ کەس بە قڕە مەیە. لەبیرت نەچێتەوە، تۆ ئیش لەسەر خۆت دەکەیت؟ تۆ گەوهەرێکی، بەڵام لێواری توند و زبرت هەن. دەبێ وەك کرێکارێك ئیش لەسەر دڵی خۆت بکەی.'

ئەو پیاوە زۆر سەرم لێدەشێوێنێ. لەهەمان هەناسەی قسەکردنیدا هەندێك جار بە ئاگردان، بە میزڵدانێکی پڕ لەهەوای گەرم و بە کرێکاری تەلارنسازم دادەنێ. ئینجا گوێم لەخۆم دەبێتەوە دەڵێم، 'هۆ زیشان من پێچەوانەی تۆم، من گەوهەر نیم، من تاوانێکیم ئەنجامداوە، تاوان ئەمما تاوان.'

زیشان بە چاولێکنان هەناسە دەداتەوە. ئەو خیزەخیزە درێژەی لەسینگەوە دەهات، پشتەنگی باوکمی بیردەخستمەوە کاتێ ڕەوشەکەی خراپ دەبوو.

'خەڵکێکی زۆر لەم دنیایەدا بۆ خوار شۆڕ دەبنەوە، بەڵام کەمێکیان بەرەو بنی بنەوە دەکەونە خوار. ئایا دەزانی لەسەرە شۆڕبووەوەکەی تیرەکەدا چی هەیە؟'
'نەخێر.'
'دۆزەخ.' ئەو لەسەری دەڕوا و دەڵێ، 'تۆ لەوێ بووی. واو، گیانت هەمووی گڕە ئاگرە، خۆ هەر دەشبێ وابێ. تۆ دەبێ بسوتێی. دوای ئەوە کاری هەڵسانەوەت دەست پێدەکاتەوە. تیری بەرزبووەوە. ئایا دەزانی سەرەکەی بەچی دەگا؟'
منیش گوتم، 'بەهەشت؟'
'بەڵێ، کاتێ ئێمە خەلکمان خۆشمان دەوێ و خۆشیش دەویسترێین، کاتێك ئێمە لە وزەی زیانبەخش رزگار دەبین، ئێمە لە بەهەشت نزیك دەبینەوە. هەموو رۆژێك هەنگاوێکی لێ دەچینە پێش. من بەڵینی ئەوەت پێنادەم تۆ بیگەیتێ، بەڵام ئەلێکس ئێمە کار دەکەین، ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین.'
هەمان رۆژ چوومە ژوری چاوەڕوانی تا میوانەکەم ببینم، نەشمدەزانی چاوەڕوانی کێ دەکەم. ماك لاولینی ئەفسەر لەوێ بوو. هەر چاویشی لێ نەکردم، بەڵام خۆ خەیاڵبازێکی سەرسامانەی نەدەویست، ئەو چاودێری ئەوەی دەکرد، ئاخۆ دیمەنی چاوپێکەوتنەکەمان چۆن دەبێ، لەوێش سەردانکەرەکە هاتبوو.
ئینجا ئەوم بینی. من یونسم دیت. برا بچکۆلەکەم، کە ساڵانێکە نەمبینیوە. لەو رۆژەی زیندانی کراوم، ئەو هەر دووجاران هاتۆتە سەردانیم. جارێکیان، هەر دوای دادگاییکردنەکە، کە هیچ قسەمان بەیەکەوە نەکرد. ئیدی ئەو هەر لەوێ دانیشتبوو، سەیری دەستەکانی خۆی دەکرد. پاشان دوای ساڵێکی دیکە هاتەوە. ئەمجارەشیان متەقی لێوە نەهات. دوای ئەوە ببڕای ببڕ نەهاتەوە.
ئەو هەنوکە گەورە بووە. بەژندرێژێکی مام ناوەنجی، لاواز و باریك، زۆریش کەشخە. زۆر شتی تێداگۆراوە، بەڵام چاوەکانی هەروەك خۆی ماونەتەوە. دوو چاوی نەرم و نیانی منداڵانەی بڕۆ پڕ، ئەو چاوانەی کیژێکی لانەوازی خۆشدەویست.
'رۆژباش هاوڕێ.'
'سڵاو، برا.' ئەو وایگوت.
ئێمە لەیەك راماین، سەرەتا خۆم لێ لادا. بۆ من زۆر ئاسانتر بوو چاو لە چاوی ئەسما بکەم تا ئەو، چونکە رون و ئاشکرا بوو. هەموو جارێك ئەوسا و ئێستاش، کە دێتە سەردانم، چاوەکانی پڕن لە تووڕەیی. ئەو بەرەوڕو هەموو شتێکم پێدەڵێ، بێگومان لەپاشمەلەشدا هەمان شتیش دەڵێتەوە.

هێشتاش ئەسما وەك ئەو دیدارەی یونس بەڵكو بە نیوەی ئەوەندەش وایلێنەكردم، خۆم بەتاوانبار بزانم. لە چاوەكانی یونسدا شتێكی دیكە هەیە، ناتوانم بەرگەی بگرم: شتێك پێویستی بە لێتێگەیشتنە. ئەو هێشتا هەر بەدوای رونكردنەوەیەكدا دەگەڕێ. ئەو هێشتا باوەڕی وایە، كە ئادەمیزاد باشە و هەردەبێ شتێكی بەد بەسەرمدا زاڵ بووبێ، بۆیە ئەو كارە نەگریسە رویدا.

'ئەرێ لەگەڵ موزیك چۆنی؟'

'زۆر باش.' بە تیژییەوە وای پێگوتمەوە. 'ئەلبومی یەكەمم دەرچووە. دانەیەكم بۆ هێناوی بەڵام لێرە لێیان وەرگرتم. پێیان گوتم بۆتی دەنێرن.'

'بەڵێ، لەو بارەویەوە خەم مەخۆ.' من وام پێگوتەوە، دەشمزانی هەرگیز بەدەستم ناگا. 'ئەرێ یونس، بۆ لێرەی؟ خراپ لێم حاڵی مەبە، زۆر دڵخۆشم بەهاتنت. بەڵام هەر... ئاخر سەرسامم.'

ئەو دوودڵ بوو. تارماییەك دەموچاوی داگرت. 'تۆ بەو زوانە لە بەندیخانە دەردەچی،' ئەو ئەمەی پێگوتم. 'من دەمەوێ بزانم نەخشەی تۆ چی دەبێ؟'

نەخشەی من؟ قسەكە زۆر بێ فەڕ دەركەوت. قسەیەكی منداڵانە، بەڵام خۆ ئەوە برا بچوكەكەمە، ئیدی. خۆ نابێ دڵی بشكێنم. بەڵێنیشم بە زیشان دابوو دەست بە بازدان بكەم، ئەوسا هەرچییێك بگەیەنێ.

'نەخشەم ئەوەیە كارێكی گونجاو بدۆزمەوە، بە ڕێگای خۆمدا بڕۆم. ژیانێكی ئارامانە بژیم. ئەگەر (كاتی)ش گونجاوانە لەگەڵم رەفتار بنوینێ، ئەوا بە كوڕەكەم شاد دەبمەوە.' كەمێك وەستام ئەوسا درێژەم پێدایەوە؛ 'ئەگەر ڕێگاشم بدەن كاتێكی زۆر لەگەڵ تۆ و ئەسما بەسەر دەبەم.'

یونس لەسەر كورسیەكە، خۆی راستكردەوە، راستەوڕاست لێم رامابوو. 'من مەڕاق ماوم شتەكەت پێ بڵێم یاخود نا، بڕیارم داوە هەر پێت نەڵێم. هەموو ئەو ساڵانە پێم نەگوتی، هەروەها ئەسماش پێی نەگوتی. ئێمە ڕێككەوتنێكمان هەیە، بەڵام هەنوكە هی ئەوە نییە چیدیكە سەرچڵی پێوە بكەم.'

من بەبێ ئەوەی بزەیەكی بۆ بكەم ئەمێكی پیكەنینم بۆكرد. 'هۆ براله، بوەستە، مەتەڵم بۆ دامەهێنە. نازانام تۆ باسی چی دەكەی.'

ئەو هەناسەیەكی قوڵی هەڵمژی. 'كاتێ تۆ دایكەت كوشت، من منداڵ بووم. ئەوكات نەمدەتوانی بتوەستێنم. ئەمجارەیان گەر بتەوێ ئازاری

بدەیتەوە، شتەکە جیاوازە. من چیدیکە منداڵەکەی جاران نەماوم. بەرەوڕوت دەبمەوە.'

بۆ ساتێك پێموابوو برایەکەم عەقڵی لەدەستداوە، ئاخر لەبەرچاوی خۆم، شتەکە رویدا. پیاوگەلێك لەبەر خەمبارییدا کەوتبوونە نێو شێتخانە.

'یونس، ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟'

'من دەڵێم من دایکم خۆش دەوێ، لێشناگەڕێم جارێکی دیکە ئازاری پێبگەیەنی.'

'برا، ئاخر دایکە...'

'نەخێر، هێشتا لە قسەکەم نەبووومەتەوە،' بە دەنگەوە قسەکەی پێبڕیم. ماك لاولینی ئەفسەر چاوی لەسەر ئێمە بوو، چاوەکانیشی هەر بریقەیان دەهات. ئەو درامایەی ئەو هیواخوازی بوو، خەریکبوو دەست پێبکا.

ئینجا یونس دەنگی خۆی نەوی کردەوە، بە سرتەیەکەوە، ئەوەندە دەنگ نزم و گڕ بوو، دڵنیا نەبوو ئاخۆ بە باشی گوێم لەسەرتاپای قسەکەی بووە.

'ئەسکەندەر، گوێم لێبگرە،' ئەو وای پێیگوتم، 'دایکە لە ژیاندا ماوە.'

ئەسکەندەر تۆپراك

## وێنەی هاوشێوە
**لەندەن، ٣٠ نۆڤێمبەری ١٩٧٨**

لەسەر خوانی قاوەڵتی بەیانی، یونس سەری خۆی بەرزکردەوە، بزەی بۆ هەردوو ژنە دانیشتوەکانی سەر قەنەفەکە کرد. ئاخر پەرجوێک رویدابوو. جەمیلەی پوری هاتبووە لەندەن. سێ ساڵ دەبێ، کە دواجار کوڕەکە، پوری خۆی بینی. ئەوان ناوبەناو دەچوونە ئەوێ، بە زۆریش لەوەرزی هاویندا گەشتەکەیان دەکرد، ئیدی لەوێ کەمێک دەمانەوە و دەگەڕانەوە. لەو کورتە گەشتەشیاندا هەر ماندوبوون و سەرسوڕانیان بۆ دەمایەوە. لەماوەی ئەو سێ ساڵانەی دوایشدا،ماڵباتی پەمبێ گەشتەکانی خۆی لە پشوی هاوینی قوتابخانەی منداڵاندا بۆ ئەوێ وەستاند، چونکە بلیتەکان گران ببوون، خەرجیەکەیان پێ دابین نەدەکرا. دوای غەریبی دوولایەنە، هەنوکە خوشکەکە هاتوە، ئیدی هەردوکیان پەمبێ چارەنوس و بەسێ جوان لەژێر یەک بنمیچ دان.

یونس بە پاڵدانەوە خەریکی ناسینەوەی جیاوازییەکانی وێنەی هاودەقی دوو خوشکە جمکەکە بوو، ئیشەکەشی وەک گەمەیەکی سەیر بکا، وابوو، کە تەنها کارتێکی بمێنێتەوە. پەمبێ چەپانە بوو، جەمیلەش راستانە. پەمبێ چاڵێکی لەسەر لارومەتی راستەی هەبوو، جەمیلەش لەسەر لارومەتی چەپە. پەمبێ خاڵێکی لەسەر لاڕاستی هەنیەی هەبوو، کەچی هی جەمیلە لەلای چەپی بوو.

تیکە موی نێوچاوانیان بەدژە ئاراستەی یەکدی هەڵچووبوون. لە هەموو روێکەوە جەمیلە نیو ئنج لە پەمبێ درێژتربوو، دەست و قاچی نەختێ درێژتربوون، ئێسقانی پەنجەکانیشی لە هی پەمبێ درێژتربوون.

یونس پرسی، 'ئێ چیدیکەش دایکە؟'

'زۆر باشە. لەراستیدا یەک جیاوازی دیکە ماوە. تۆ گرنگترین جیاوازیت لەبیر چووە.'

یونس بە تاسەوە، 'بەڕاستی؟ ئەو چییە؟'

جەمیلە وەڵامەکەی دایەوە. 'دڵەکانمان بە ئاراستە پێچەوانەی یەکدی لێدەدەن.'

'مەبەستت چییە؟'

ئەوان بارێکیان هەبوو بەدەگمەن لە جمکەکاندا روی دەدا. دڵی پەمبێ لەلای چەپەوە لێی دەدا، هەرچی دڵی جەمیلەش بوو لەلای راستی هەڵکەوتبوو.'

'پەکوو.' یونس وا هاواری کرد.

ئەوان لەبارێکی خۆشیی و گەشانەوەدابوون، پەمبێ پێکەنی، هەستی کرد بێ خەمترە و بە شێوەیەک لەشێوەکان زۆر لەبارەترە، کە دەمێکی درێژە حاڵەتی وای بەخۆیەوە نەبینیوە.

هیچ کامێکیشان سەرنجی ئەوەی نەدا، کە جەمیلە هێشتا نەیتوانیوە دوو ئەندامی ماڵباتەکە ببینێ: ئادەم لە لەندەن باری کردبوو، بۆ ئیشکردن چووبووە ئەبوزەبی، ئەسکەندەریش دوێنێ شەو درەنگ هاتبووەوە، ئەوان هەموویان نوستبوون، بەیانیش بەرلەوی ئەوان هەڵبستن و هەواڵەکەی پێرابگەیەنن، دەرچووبوو. نەخشەشیان وابوو لە ئێوارەدا بۆی بکەنە رێکەوتێکی سەرسوڕهێنەر.

ئەم بەیانییە یونس لە دایکی پاڕایەوە بەڵکو رێگای بدا لەماڵ بمێنێتەوە. ئەو وای پێگوت، هەست ناکا تەندروستی باشە، گەروی دەزورێتەوە، هەست دەکا مەڵاشووی بە ئازارە. هەرچەندە پەمبێ دەیزانی هەندێ راستی لەقسەکەیدا هەیە، بەڵام خۆ دەتوانێ بچێتە قوتابخانە، هەڵبەت لەبەر خۆشی هاتنی خوشکە جمکەکەی، رێگەی دا یونس بۆ ماوەی رۆژێک لە قوتابخانە دوابکەوێ.

کاتێکش بەدەم چا خواردنەوە لەبەر پەنجەرەدا دانیشتن، هەردوو خوشکەکان بە کوردی قسەیان کرد، بەمە یونسیان لەبازنەی گفتوگۆکان دەرهاوێشت، چونکە هیچی لێ تێنەدەگیشت. پەمبێ بۆ جەمیلەی گێڕایەوە، خەڵک بە پەیوەندیەکەی نێوان خۆی و ئێلیاسیان زانیوە و ترش و خوێشیان پێوە کردووە. قسەیەک لێرە و قسەیەک لەوێ، بەر گوێی ئەسکەندەریش کەوتووە. لەوساوە روی خۆی نیشانی دایکی نەداوە، پەمبێ ئەمەی بە چرپەوە بە خوشکەکەی گوت. بەهۆیەوە ئەسکەندەر ئیشەکەشی لێ قەدەغەکردووە، کاتێکیش دڵی هەر بەوەندە ئاوی نەخواردۆتەوە، لێینەگەڕاوە لەماڵیش بچێتە دەر. پەمبێ ئەو

هەمـوو شـتانەی بە بزەیەکـی دەسـتکرد بـۆ خوشـکەکەی گێـڕایەوە، بـۆ ئەوەی هەستی یونس نەوروژێنی کە باسی ئەو پرسە دەکەن.
جەمیلە گوتی، 'پەنا بەخوا ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەین. لـێمگەڕی بـا جارێ لەگەڵ خوشکەزاکەم قسەبکەم.'
ئینجا وەک ئەوەی شـتێکیان ئـاڵوگۆڕ کردبـێ، بە بزەیەکـی بەجۆشـەوە پێگوت، 'ئەرێ پێم بڵێ، بۆ ئەمڕۆ من بازاڕەکە نەکەم؟'
جەمیلە حەزی لێبوو میوە و سەوزەی تەڕوتـازە بکڕێ، نانی بـاش بێنـێ و باشترین داودەرمان و بەهاراتیش بدۆزێتەوە. جەمیلەش هیچ ئینگلیزی نەدەزانـی، بەڵام ئەگەر یـونس، کە لەپـرێکەوە بەلای تێنەمـا، لەگەڵـی بڕوات و هاوکاری بکا، دەتوانێ بە سەر کێشەی زماندا زاڵ بێ.
یونس لەخۆشیان هەڵـدەپەڕی، چـونکە دەیتـوانی کـاتێکی زیـاتر لەگەڵ پوری بەسەربەرێ، ئیدی دەرفەتەکەی قۆستەوە. 'بەڵـێ، بەڵـێ، دایـکە، لێمگەڕێ با بڕۆم.'
'بەڵام دوانەکەون،' پەمبێ هەر ئەوەندەی پێماوەیەوە پێیان بڵی.
ڕۆژەکە وەک هەموو ڕۆژان، ڕۆژێکی ئاسایی بوو، بەڵکو باشتریش بوو. ڕۆژەکە ٣٠ی نـۆڤێمبەر بـوو، پێنجشـەممەش بـوو. کـاتێکیش جەمـیلە و یونس پێڵاوەکانیان لەپـێ کـردن و قەمسـەڵەکانیان بەشـان دادا، پەمبـێ وەستاندنی.
'ئۆو، یەک چرکە بوەستن!'
دەستی بۆ قەڵەم لێوی جانتـاکەی بـرد، کە ڕەنگێکـی خـۆخی تـۆخ دەدا، لێوەکانی خوشکەکەی پێ سور کردن، ئەو لێوانەی ساڵانێکی زۆرە لەبەر خۆرەتاو و بادا پشگوێیخسـتوون و وشـک ببـوون. ئینجـا بە جـوڵەیەکی خێرا پەچەکەی لەسەر سەری خوشکە جمکەکەی لادا. پـرچە چڕوپـڕەکەی جەمیلە کەوتە سەر شانەکانی، قەڵبەزە قاوەییێکی تۆخ بوو.
'بەم شێوەیە جوانتر دیاری.'
جەمـیلە دوودڵ بـوو. لە ئـاوێنە بـاریکەلەی ڕاڕەوەکەدا، بروسـکە ئاسـا روخساری خۆی بینیەوە. ئەم فستانە نوێیە، ئەم پرچە نوێیە، ئەو خـۆ نـــوێیەتیەی وای لێکـــرد هەســـت بە نـــاڕەحەتیەک بکـــا. یونســـیش بە تەنشتیەوە وەستابوو، بە تورکی تکـای لێـدەکرد، 'دەی پـورێ دەی. زۆر نازدار دیاری.'
ئەویش پێیگوتەوە، 'ئەگەر تۆ وابڵێی.'

به خەنـدەوە پەمبێ هەنـدێ پـارەی کـاخەزی دایە خوشکەکە و هەنـدێ خوردەشی لەدەست یونس نا. ئینجا هەردووکیانی مـاچکرد. 'ئاگـادار بـن هێلتـان لەبیرنەچـی بیکـڕن. بـۆ شـێو گۆشـتمان هەیە. هێلەکەشـم بـۆ قاوەیە.'

ئیدی بەجوتە لەماڵ دەرچوون. جەمیلە و یونس بەدڵخۆشییەوە یاوەری یەکدی بوون. جەمیلە هەوڵی دا بە کوردی قسە لەگەڵ یونسدا بکا، بەڵام ئەو هیچـی لێتێنەگەیشت، خـۆ هەردووکیشـان لە تورکیشـدا هەنـدێک کۆلەوار بوون، بۆیە ئەوەی دەیانزانی بە تورکی قسەیان لەگەڵ یەکدی کرد. ئەوان هەرچەندە کەمـیش دەدوان بەڵام زۆر دڵخـۆش بـوون، دەست لەناودەست بازاڕەکەیـان کـرد. دوای دوو سـعات بـازاڕ، یـونس کـاتی گەڕانەوەی هاتبوو، ئاخر ئەو شتی دیکەشی لە مێشکدا هەبـوو، چـونکە لە سەر جادە توشی تۆبیکۆ ببوو.

لانەوازەکان دیسان بەتەمـان کـۆنە خـانوەکە داگیـر بکەنەوە. لەدواییـدا رۆژە مەزنەکە هـات. لەنیوەشـەودا کـۆمەڵەکە هێرشـی خـۆی بۆسـەر خانوەکە دەکا، کە دەمێکە چـاوەڕێی وەرگـرتنەوەی دەکەن. ئەوان نوێڵ بەکـاردەهێنن تـا بتـوانن بەسـەر ئەو تەخـتە راگیـرانەی دەوری مـاڵی ڤیکتۆریایـــان داوە، ســـەرکەون؛ ئینجـــا بە کیســـە خەوەکـــان و تەقەمەنیەکانیـان شـوێنەکە بگـرنەوە. بـۆ بەیـانییەکەش سـەرتاپای دەرودراوسـێکان بە هاتنەوەیـان بێـدار دەبـنەوە، ئەگەر ئەنجـومەنی شارەوانیش هێزی خـۆی نـارد، ئەوانـیش بە بەرد و بوتـڵ بەرەنگاریـان دەبنەوە.

کـاتێ یـونس تۆبیکـۆی بە وروژاوی بینـی، داوای لە پـوری کـرد بەڵکـو دەرفەتێکـی کەمـی پـێ بـدا، هەنـدێ لەگەڵ بـرادەرەکەی بـڕوا. ئـاخر هەرچۆنێک بێ ئەوان لە ماڵەکەیان نزیکبوونەتەوە، وەک یونس گـوتی هەموو شتێکیشیان کڕیوە، کە لە لیستەکەدا تۆماریان کردبوو.

'ئایا تۆ دڵنیای دایکت هیچ نالێ؟' جەمیلە وای لە یونس پرسی.

قسـەکە زیـاتر وەک سـوکە سەرزەنشـتێک دەچـوو لەوەی پرسـیار بـێ. یونسیش دڵنیای کردەوە، 'بەڵێنت پێدەدەم، زۆرم پێناچێ دەگەمەوە تۆ.'

جەمـیلە بەسـەر لەقانـدنێک، دەسـتی دایە جانتـا و عەلاگەکـان، بەو ئاراسـتەیە رۆیشـت، کە یـونس ئامـاژەی بـۆ کردبـوو. بەدەم ڕێگـاوەش لەچەنـد شـوێنێک وەسـتا: بـۆ ئەوەی گـوێ لە مـوزیکژەنەکەی سـەر

شەقامەکە بگرێ، سەیری تابلۆ دیوارییەکان بکا، تا چاو لە پەنـجەرەی دوکانەکان بکا، سەرسام بوو، کە ئەو هەموو شتە بۆ فرۆشتن دانـدراوە. ئەم شـــتانەش مـــایەی سەرنجڕاکێشـــانی بـــوون، هەســـتێکی مەڕاق و سامگرتوانەشی دەربـارەی ئەو شـارە نـامۆیە هەبـوو، ئەوەشـی تێبینـی نەکرد، کە یەکێک دوای کەوتووە و سایەی دەکا.

## دار لیمۆ
### لەندەن، ٣٠ نۆڤێمبەری ١٩٧٨

پەمبێ لە ناندینەکە بوو، بەمنگەمنگێکەوە گۆارنییێکی کۆنی کوردی ئەڤینی دەگوتەوە، 'سوزان سوزی'، گۆرانیەکی خەمگین وەک زۆرینەی گۆرانییە کۆنینەکانی کوردی، کە پڕ باندۆر بوون بەسەر سترانبێژەکەدا. کەچی پەمبێ لەگەڵ گوتنەوەی گۆرانیەکەشدا ئەوەندە دڵتەنگ نەبوو. هەرچەندە بیریشی هەر بە ئێلیاس دەخولایەوە، دڵیشی لەتاوان بەئازار بوو، بەڵام خۆ شتێکی دیکەی لە مست نەدەهات و هەستیشی بە ئاسودەیی کرد. هاتنەوەی خوشکەکەی بڕوایەکی بە ژیان پێبەخشی و هیواشی پێ زیندو کردەوە. چەند مانگێکیش لەمەوبەر نامەیەکی بۆ ئادەم نوسیبوو، بۆی رونکردبووەوە پێویستە بۆ هەتا هەتایە بە فەرمی لێکجیا ببنەوە. ئەویش هەر وەڵامی نەدایەوە. پەمبێش خەریکە پارێزەرێک بگرێ و ئەوکارەی بۆ مەیسەر بکا. هەرچەندە ئادەم بەم کردەوە خەمناکیش دەبێ بەڵام پێی سەرسام نابێ. بەڵکو ببێتە مایەی ئۆخژنێکیش بۆی، چونکە داواکە لە پەمبێیەوە بوو، ئەو یەکەم هەنگاوی بەو ئاقارەدا نەهاوێشتووە. بەڵام قسەی لەسەر نییە قەناعەت پێهێنانی ئەسکەندەر بەو پرسە هەندێ ئەستەمە، بەڵکو خۆی بتوانێ بڕوا بەویش بهێنێ. لەمەوپاش درۆی لەگەڵدا ناکا، هەموو راستیەکانی پێدەڵێ، تەنها راستی و بەس. لە هەنوکەوە خەریکە شتەکان بارێکی جیاوازتر بەخۆیانەوە بگرن. پەمبێ نەیدەزانی چۆن شتەکان باشتر دەبن، وەلێ متمانەی هەبوو باشتر ببێ.

ئیدی نەخشەیەکی دانا، ئینجا خەریکی ئامادەکردنی ترش و شیرینیێک بە لیمۆ بوو، رەچەتەک لە ئێلیاس فێر ببوو. بەم خواردنەی دەیەویست شتێکی کتوپڕیانە بێ بۆ جەمیلە ئامادە بکا، چونکە بەخۆی حەزی لەشتی ترش بوو. کاتێکیش ئەوان دوو کچی بچکۆلانە بوون، زۆر لیمۆترشی بە خوێیان دەخوارد، تەنانەت وایان لێهاتبوو کردبوویانە هۆنراوەش: *ترش لەگەڵ ترش یەکسانە بە شیرین*. خوشکە لە خۆ

گەورەترەکانیان ئەو شتەیان پێنەدەکرا، هەر کاتێکیش هەوڵێکی وایان دەدا ڕەنگ و رویان ترش دەبوو. بەڵام دوو جمکەکە دەیانتوانی لەسەر یەک پێنج لیمۆ بخۆن، مرەبا هەرە خۆشەکەشیان هەمیشە مرەبای ترش-شیرین بوو.
بەڵام خۆ جەمیلە وەک جاران مجێزی خواردنی نەماوە، لەوەتەی هاتۆتە لەندەن، واتە لە دوێنێوە هیچی وای نەخواردووە، زۆر کەمیش دەربارەی خۆی دواوە و خەندەکانیشی دوودڵیانە و تا ڕادادیەک پاکانە بوونە. بەڵام ئەو گۆڕانکاریانە ئەوەندە هەستیارن تەنها پەمبێ هەستی پێکردووە، ئەوانی دیکە گومانیان بۆ نەچووە. منداڵەکان حەپەساون، چۆن و چەند دایک و پوریان لەیەک دەچن. جارێکیان جەمیلە جلە خوریە زبرەکانی خۆی داکەندبوون، فستانێکی پەمبێی لەبەر کردبوو، پرچەکەشی بەهەمان شێوازی خوشکەکەی داهێنابوو، بەوەی تیسکێکی پرچی بۆ پێشەوە بەردابووەوە، کاتێک منداڵەکان وایان بینی، پێیان ئەستەم بوو لە یەکیان جیابکەنەوە.
کاتێکیش پەمبێ لە شکاندنی هێلکەکان بووەوە و لەگەڵ شەکرەکە تێکەڵاوی کرد و شلەقاندی تا بووە کەفاوێکی چڕ، خستیە نێو فڕنیەکە. ئێلیاس پێیگوتبوو بڕێکی باش لە لیمۆی لە ڕەندەدراوی بەسەردا بکا. پەمبێ هەمیشە لیمۆی لەماڵدا هەبوو. لیمۆ و لالنگی و پرتەقالی لە نێو زەمبیلەیەک لە قەپەنگەکە دانابوو. لەرابردوودا هەوڵیدابا داری لیمۆ بچێنی، بەڵام هەموو جارێ سارد و زوقمە لەپڕەکە لێی دەدا و نەیدەهێشت بڕوێ.
هەر بەدەم منگەمنگی گۆرانیەکە سەرێکی قەپەنگەکەی دا. بێ هەستانە سەرێکی لەپشت رایەڵە ئاسنینەکە هەڵکێشا و سەیرێکی خوارەوەی کرد. شتێک کەوتە بەر دیدەی، سەرنجی بۆ لای خۆی راکێشا. بۆ دوومین نیگا بینی خوشکەکەی گەیشتۆتە شەقامی لاڤەندەر گرۆڤ، وا وردە وردە بەخۆی و کۆمەڵێ عەلاگەی دەستی بەرەو ماڵ دێتەوە. پەمبێ خۆی بەسەر رایەڵە ئاسنینەکەدا نوشتاندەوە و بەدەست ئاماژەی بۆکرد، سەرەتا خوشکەکەی هەستی پێنەکرد و نەیبینی.
'جەمیلە... سەرت بەرزکەوە! بڕوانە ئێرە!'
جەمیلەش چاوی بەرەو قەپەنگەکە بەرزکردەوە، دەربڕینێکی خۆشی پەڕیە سەر دەموچاوی. پەمبێش بزەیەکی بۆکرد. لەوێ لەناخی

خوشكەكەیدا شكۆیەک و هێزی راكێشانێک هەبوو، شتێک لە پاكیی منداڵانەی تێدا بوو، شتێكی تەنک وەک تەمومژ. خۆ پەمبێ بەخۆیشی نەبوو، بەڵام لەسەر ئەوە ئێرەیی بە خوشكەكەی دەبرد. هەرچەندە ئەوان لەیەكچووبوون بەڵام هەمان شتیش نەبوون. دڵڕفێنێ لای جەمیلە شتێكی سروشتكرد بوو، وەک رێگای هەنگەڵان و نیشتنەوە و جێهێشتنی گوڵەكان. جەمیلە بەجۆش و خرۆش بوو، دڵگەش بوو، لێوانلێو بوو لە تین و تاو، پەمبێش پێیوابوو خۆی بە پێچەوانەوەیە.

'من شیرینیت بۆ ئامادە دەكەم.'

'چی؟' جەمیلە وای لێپرسی، بەهۆی رەتبوونی ترومبێلێكیش سەرنجی رۆیشت.

'من ـ،' جەمیلە وەستا، هەر ئەوكات ئەسكەندەری بەدی كرد، بەدوای ئەوەوە لەسەر جادەكەوە بوو.

بۆ ماوەی چركە ساتێک یان دووان، سەیری كرد كوڕە گەورەكەی بەدوای خوشكەكەیەتی. چاوەكانی ئەسكەندەر تەسک ببوونەوە؛ شەویلاگەكەی توند ببوو، لێوەكانیشی بەردەوام دەجوڵان، وەک ئەوەی لەگەڵ خۆی بەشەڕ بێ.

پەمبی شتەكانی بۆ لەیەک جیا نەدەكرانەوە. تەنانەت دوای ئەوەی بینی ئەسكەندەر بە تەكاندانەوە لە جەمیلە نزیک دەبێتەوە، تەنانەت دوای ئەوەی چەقۆیەكیشی لەدەستدا بینی، تەنانەت كاتێک رێگەی بە خوشكەكەی گرت و هەندێ ورتەورتی لێوەهات، كە بێ سێ و دوو تەنها بۆ خۆتیژكردنەوە و خۆهاندان بوو. ئای ئەوە لەبەر چاوی ئەودا چی دەقەومێ، شتێكی ناماقوڵ. بەڵام لەپڕێكەوە ئەو پەردەیەی بەر بینی پەمبێی گرتبوو لاچوو، ئەوسا تەواوی راستی و سەرتاپای مەترسیەكەی بە هەردوو چاوی خۆی بینی. هەستی كرد هەناسەی لەبەر بڕا، هێشتاش لیمۆی هەر لەنێو لەپی دەستدا بوو، بە غاردان لە قەپەنگەكە بەرەو ژووری میوان دابەزی، لەوێش بەڕاڕەوەكە بۆ دەرگا و خۆی گەیاندە سەر شەقامەكە.

پەممبێ غاریدا. هەر هەشت پێ لەوانەوە دووربوو، كە بینی كوڕەكەی چەقۆیەكی لە خوشكەكەی دا. سەرەتا ئەسكەندەر چەقۆكەی لەدەست لەرزی، ئیدی خێرا چەقۆیەكەی بەرزكردەوە بۆ راوەشانی ئامادەكرد وەک ئەوەی كارەكەی لەكۆڵ خۆی بكاتەوە و دواتر وەک بەرزەكی بانان

بۆی دەرچێ. کاتێ چەقۆکەی بەرزکردەوە، تیخەکەی نیوە بازنەیەک لەهەوادا بریسکەی هات، ئینجا لە لای راستی جەمیلە و لە قەفەزی سینگی دا. لەپشت ئەوانیشەوە دەنگێکی نوساو لە پەمبێوە هات. ئەو دەمودەست زانی، ئاخر ئێسقانەکانی جەمیلەی دەناسی، دەیزانی چەقۆکە بەردڵی خوشکە جمکەکەی کەوت.

پاشان ئەسکەندەر هەنگاوێک کشایەوە، بۆ ساتێک وەستا، چاوی لەو چەقۆیەی دەستی کرد. کەمێک شڵەژا، وەک ئەوەی نەیزانیبێ چ کەتنێکی کردووە، وەک ئەوەی بوکەڵەیەک بێ لەگەڵ راکێشانی داوەکەدا بکەوێتە سەما، ئیدی هەر ئەوکات بێدار بووەوە. بە سڵەمینێکەوە چەقۆکەی فڕێدا لایەک و بە ئاراستەی پێچەوانەش تێی تەقاند.

پەمبێ توانی گوێی لە هات و هاوارێک بێ، دەنگێک بە هەوادا دەڕۆیشت، خولەکێکێ خایاند تا لەوە تێگەیشت دەنگەکە هەر داد و رۆڕۆی خۆیەتی. لە شوێنێ خۆی گۆد بوو، جوڵەی لێبڕا، ئیدی خاوەنی هیچ جەستەیەک نەبوو، تەنها دەنگی مابووەوە. سەراپای بوونی پوکایەوە یان پەنما و لەنێو گریانێکدا توایەوە کە لێیەوە دەردەچوو، لێەوە جیادەبووەوە، ئیدی رێگەی بە شیوەن و ئاهو نوزە و فیغانێکی بێ کۆتایی دا.

چاوەکانی زەق و مۆلەق کرانەوە، گەدەی هەر پێچی دەدا، پەمبێ بەسەر خوشکە جمکەکەیدا کەوت. ناواخنی جانتا و عەلاگەکانیش بە گۆڕێ وەربوون. سەمون، پەنیر، سێوی شین، دەسکە رەیحانێک و پاکەتە هێلێک لەو ناوە بێناز کەوتبوون.

هەروەک کەسێک لە خەودا بڕوا، پەمبێ باوەشی بە خوشکەکەیدا کرد. رومەت، نێوچاوان، لاجانگ، نەرمایی ملی ماچ کرد. لێدانی دڵی پشکنی، بەڵام مات بوو وەک جەستەیەک شەنگ وزەی لێبڕابێ، تازە گەرمایی تێدا نەمابوو. پەمبێ لەرزەی لێهات، وەک ئەوەی ئەویش خوێنی لەبەر رژا بێ. گۆمە خوێنەکە ئەوەندە تاریک بوو تادەهات رەشایەتیەکەی لەسەر خاکەکە زیاتر دەبوو. ئیدی پەمبێ گوێی لە دەنگی پێ بوو، بەپڕتاو هاتن، گوێی لە ورتەورتی دەنگگەلێک بوو. دەنگی فاکوفیکی ترومبێلی فریادڕەس لە سەر سوچەکەوە دەرکەوت. دەرگای ترومبێلان کرانەوە، دەنگی ئامێری دەستی پۆلیس هات. دەستی

لە جەستەی خوشکە جمکەکەی بەربوو، ڕێ قیرتاوەکەی جادە لەبەر پێ نەعلەکانی ڕەق و توند بوون.
نیو خولەک، دواتر پیرەژنێکی دڵ میهرەبانی ئەلبانیی دراوسێ، لەسەرەکەی دیکەوە لە شەقامەکە نزیک کەوتەوە، هەر تازە بەسەر هەراوزەناکە داکەوتبوو. تەلیسمئاسا و ترساو، بەسەر تەرمەکەدا دانەویەوە سەر زەوی. هەستی کرد ئەژنۆکانی شلبوون و دەلەرزن.
'هۆ، ئەی بەستەزمان! ئەوە چیت لێقەوماوە؟ پەمبێ، ئازیز!'
ئیدی هەموو خەڵکی شەقامەکە دارژانە سەر جەستەی پەمبێ، گوێی لە دەنگی شیوەن و ڕۆڕۆی خۆی بوو، ئەوەیش وای لێکرد بە ئاسانی خۆی لە دەوروبەرەکی دابـبڕێ. ئەو نە ڕاوەستا و نە ئاوڕی بۆ دواوەش دایەوە. دەستەکانی بە سنگەوە گرتبوون، سەری نەویکردبوو بە ئاراستەی بایەکی توند دەڕۆیشت، ئەو بەناو ئاپۆرای خەڵکەکەدا وەک تارمایی گیانێک، کە پێشتر هەستی بەوەکردبوو خودی تارماییەکەیە، ڕۆیشت و هەر دەڕۆیشت.

❖

باقی ڕۆژەکە هەر بە کوچە و کۆڵانەکانـدا دەگەڕا، چەنـد بەشێکی لە ناوچەی ئیست لەندەن بینی، هەرگیز پێشتر نەیبینی بوو. دەشیزانی ناتوانێ بگەڕێتەوە ماڵ، یان بچێتە لای ئێلیاس، ئاخر هێشتا ئەسکەندەر ئازاد بوو، جڵەونەکراوە. لەوانەیە هەر پرسی کات بێ، کە کوڕەکەی تێبگا چ هەڵەیەکی کردووە و بۆ ئەویش بگەڕێتەوە. ئەمەش ئەو ترسە بوو ڕێگر بوو بتوانێ بۆ خوشکەکەی شین و ڕۆڕۆ بکا. تا دەهاتیش بەئاگادەهاتەوە، وەک ئەوەی خەم ماددەیەکی شل بێ و کەم کەمە پڕی بکاتەوە.
پەمبێ چەند جارێک وەستا و هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی تاخۆی لەسەر پێ ڕابگرێ. قاچەکانی بەچەند بازنەیەک لە دەوری سالۆنی مقەسی کریستالی دەسوڕایەوە، تا توانی لە بەرامبەر دەروازەکەیدا بوەستێ. خۆ ئەو کارەکەی بەبێ ڕونکردنەوە بەجێ هێشتبوو. ئەو کلیلەکانی فڕێدابوونەوە سندوقی پۆستی ڕیتا و بێدەنگی لێکردبوو. ئێستاش لەپشت ترومبێلی ڤانی پۆستەی شاهانەدا سەیری جۆش و خرۆشێکی سالۆنەکە لەپشت پەنجەرەوە دەکا. لە ژوورەوە دوو مەعمیل هەبوون،

دیار بوو یەکێکی دیکەی تازە راهێندراویش لەوێ بوو، ژنێکی گەنجی ئاسیایی، رەنگی پرچی لە رەنگی باینجان دەچوو.
پەمبێ دزەی کردە پشتەوەی سالۆنەکە، ئەو شوێنەی خاولی و پارچە پەڕۆکەکانی لێ وشک دەکرانەوە. ئەگەر بەختی هەبێ شتێک دەدۆزێتەوە لەبەری بکا، ئاخر بلوزەکەی هەمووی پەڵەی خوێن بوو، لەرۆیشتندا بە باسکەکانی شاردبوونیەوە و پشتیشی کووڕ کردبوو، سەیر لەوەدا بوو کەس تێبینی نەکرد، یاخود لەوانەیە پێیان باش بێ نەیبینن. ئەو دەرگاکەی پشتەوەی کردەوە، خۆی خزاندە ژور و ئیستێکی کرد.
بەدەم موزیکی سەر نەواری سالۆنەکە، ژنە تازە راهێندراوەکە هەر دەهات و دەچوو، بەدەم بنێشت جوینەوە خۆی بە شوێنەکەدا کرد تا خاولیە وشکەکان بباتەوە. ئەو دەم کارلەکار ترازا، پەمبێ نەیتوانی بکشێتەوە، شوێنکێش نەبوو خۆی تیادا حەشار بدا، بۆیە کارمەندە تازەکە زەقوزۆپ سەیری کرد.
'ببورە،' پەمبێ وایگوت و روشی سور هەڵگەڕا. بەرەو پێشەوە رۆیشت و بەرهەڵبێنەیەکیشی لەگەڵ خۆیدا برد و رۆیشت.
'هۆو، ئەوە تۆ لێرە چی دەکەی؟' کارمەندەکە وای هاوار بەسەردا کرد.
'دز، دز، هاوارە دز.'
بەڵام تا ئەو وایگوت، پەمبێ دەرچووبوو.
پەمبێ لە چەند سعاتی داهاتوویدا هەر رێیدەکرد، روناکایی رۆژ لەپشت ملی دەدا. هیچ شوێنێک نەبوو بۆی بچێ. خۆ ئەگەر بچێتە لای پۆلیس، لێیدەکۆڵنەوە. ئەویش زمانەکەی تێنەدەگەیشت، بۆیە نەیدەتوانی بە جوانی وەڵامیان بداتەوە، کێ نالێ لەم بارەشەوە بە بەرپرسیاری روداوەکەی دانەنێن.
نەشی دەتوانی پەنا بۆ دراوسێکانی ببا. ئاخر کێ ئەو سەرچڵییە دەکات و پەنای دەدا؟ سەرباری ئەوەش، نەیدەزانی ئاخۆ ئەسکەندەر بەتەنها ئەم کەتنەی کردووە یان بەڕینوێنی کەسانی دیکەوە بووە. ئەگەر وابێ، تۆبڵێی کێ تێوەگلابێ؟ تۆبڵێی تاریق لەدوای ئەو کەتنەوە بێ؟ تۆ بڵێی هەردوو برایەکان ئەسکەندەر، سوڵتانەکە و بینای چاوانی ئەویان قەناعەت پێهێنابێ تا خوێن و گۆشتی خۆی بکوژێ؟ سەری لەداخان بەژان کەوت. لە ئێلیاس بەدەر متمانەی بەکەس نەما. بیرکردنەوەش لە ئێلیاس موچڕکێکی بە موغەرەی پشتدا هێنا. ئەویش بەسەر چوو. پەمبێ

نەیدەویست چیدیکە بیبێنێتەوە. بە مەزەندەی خۆی ئەوەش زۆر باش بوو ئەسکەندەر نەیزانیبوو، ئێلیاس لەکوێ کاردەکا و لەکوێش دەژی. تا ئەوکاتەی پەمبێ لە ئێلیاس دووربکەوێتەوە، پیاوەکە سەلامەت دەردەچێ. هەرئەوەش باشترە، کابرا هەر وابزانێ، کە پەمبێ لەژیاندا نەماوە.

پەمبێ بۆ چەند مانگێکە، هەستی خۆ بەتاوانبارزانین وەک مارێک لەناخیدا گینگڵ دەدا، رۆژ بە رۆژ گەورە دەبێ، هەنوکەش وا ناشیرین بەرجەستە بوو، گیانی دەخوا. پەمبێ هەر سەرکۆنەی خۆی دەکرد، خۆی بەتەنها. ئاخر هەر ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە بوو لەگەڵ ئێلیاسدا ئەو مەرگەساتەی لێکەوتەوە. ئیدی چۆن زات بکا جارێکی دیکە بیبێنێتەوە؟ راستیەکەی لێرەدا، لەو پرسەشدا پەمبێ خەریکبوو پاکانە بۆ ئەسکندەر بکا. ئەو حەزی دەکرد دوو رۆڵەکەی دیکەی ببینێتەوە. ئاخر تۆبلێی چی بکەن کاتێ دەزانن پوریان مرد و دایکیشیان سەرنگوم بوو؟ تۆبڵێی پۆلیس چییان پێبڵێ، ئەدی ئەوان چی بە پۆلیس دەڵێنەوە؟ کاتێکیش تاریکایی شەو داهات، هەرچەندە پەمبێ دەیزانی مەترسیشە، بەلام هەر گەڕایەوە دەوروبەری ماڵێ. تا توانی خۆی پەنادا، ئەو هاتەوە لاڤێندەر گرۆڤ. لەو شوێنەی کە جەمیلە چەند سعاتێک بەرلەئێستا کەوتبوو، لەوێدا هێڵکارییەک بە تەباشیر کێشرابوو. سایتەکە بە شریتێک گیرابوو، چەند کەسێکیش لەنزیکی ئەوێ وەستا بوون، قسەوباسی خۆیان لەسەر روداوەکە دەکرد. نەشیدەتوانی لەوەندە زیاتر نزیک بکەوێتەوە، ئینجا بڕیاری خۆی داو ون بوو.

بە شەویش پەمبێ لە قوژبنێکی لای بانکی بارکلی کە زبڵ و خاشاکی لێ فڕێدرابوو، خۆی گرمۆڵەکردبوو، هەر جارێک ترومبێلێک تێدەپەڕی، چاوەکانی هەڵدەهێنان. ئاودەستی گشتیی بەکارهێنا، لە خاوەنی رێستورانتێک هەندێ خواردن و ئاوی خواست و هەوڵیشیدا لە سوچەکە بڕازێ.

'دەی هەڵسە! دەی هەی بێ نرخ لێرە بڕۆ!' پیاوێکی بێ نەوا لە تەنیشتی راوەستابوو، وای پێگوت. پیاوێکی درێژ، بە بیرە ورگی زل ببوو، دەموچاوێکی پەنماوی هەبوو، دوو جوت برۆی چڕوپڕ و کەولۆس(بێ ددان)، هەر بەسەریدا دەقیژاند، 'هەی نەفرەتی! باشە ئەوە لە جێگای من چیدەکەی؟'

پەمبێ  تۆقی، لێوەکانی لەرزین. 'من...ببوورە.' بـۆنی پیـاوەکە بە هەوا بڵاوببووە، بۆنێکی تێکەڵەی شەڕاب، جگەرە، ئەسپێ و میز. پیاوەکە بە بۆڵەبۆڵ بەرەوە روی دەهات، ژنەکەش خۆی لێدزیەوە لەبەری هەڵات.
'هۆ چۆلەکەکە بگەڕێوە! ئەوە لە چی دەترسی؟'
کابراکە سەیری کرد تا ئەو بەغار لە دەوروبەری قـوژبنەکە لەبەرچـاوان ون بوو. وەک ئەوەی نوکتەیەک بەخۆی بڵێتەوە، مسکە بووەوە، ئینجـا لە قوژبنەکە، کە هێشـتا هەر گەرم بـوو لێیڕاکشـا، پـێڵاوە قوڕسـەکانی لەپێی خۆی داکەندن، بە داڵغەلێدراوەوە خەریکی شێلانی پێەکانی خـۆی بوو.

## ئەسما

*لەندەن، ١ی ديسێمبەری ١٩٧٨*

لە ناندينەکەدا خواردنێکی زۆر داندرابوو، مەنجەڵە گەورە و بچوکەکان پڕ خواردنی بەتام و خۆش بوون، هەر لەشێوی جۆراوجۆر تا شيرينی جۆراوجۆر لەوێ لەسەر مێز و کورسيەکان و زەويکەش داندرابوون. من نەمدەزانی کێ ئەو هەموو خواردنە بخوا، ئاخر خۆ کەسی لێنييە هەر من و يونسين. بەڵام تازيەکەران دەهاتن و هەر خواردنيشيان لەگەڵ خۆيان دەهێنا، سوربوون لەسەر ئەوەی خواردنمان بدەنێ. لەژوری ميوانان ژن دانيشتبوون، ژنگەلێک لە هەموو جۆرە تەمەنێکی تێدا بوو، هەمووشيان لە تەنيشت يەکدی دانيشتبوون. هەنديکيان کۆنە دراوسێکانمان بوون؛ هەنديکيشان خەڵکانێک بوون بە ئاستەم دەمناسين؛ هەنديکيشيان کەسانێک بوون، بۆ يەکەم جارم بوو دەمبينين. لەگەڵ هەموو دەستەيەکی نوێشدا، مامۆژنە مێرالم وەک خانەخوێ لەبەريان هەڵدەستا و بەخێری دەهێنان و لەگەڵيشيان شينی دەکرد. يونس و من لە قوژبنێک دانيشتبووين، هەردووکيشمان لەوێ بووين و لەوێش نەبووين، هەر وەک جوتە ماسيەکی خەواڵو لە نێو حەوزێکی بەتاڵدابێ وابوو. هەرکەسێک لێمان نزيک دەکەوتەوە، لێمان رادەما، لێيدەکۆڵينەوە بە سەری پەنجە لەو ناوبڕە شوشەيەی، کە لەنێوانماندا هەبوو، چاوەڕێی کاردانەوەشيان لێدەکردين. ئێمە ئەوانمان دەبينی و گوێشمان لێدەبوون، بەڵام هەستمان بە هيچ نەدەکرد، بە وشە پرسەکانيان سڕ ببووين. مێشکی ئێمەش سەرقاڵی کردنەوەی تەليسمێک بوو، کە هەر ئێمە بەتەنها لێی ئاگادار بووين.

'ئەسما، خۆ ئەوە هەموو هەڵەی من بوو،' يونس ئەم قسەيەی بە دەنگێکی روخاوەوە پێگوتم.

'مەبەستت چييە؟'

'ئاخر من پورە جەميلەم بەتەنها جێهێشت...'

منـیش دەسـتم گـرت، لەئـامێزم گـرت. 'جـانم، ئەوە ئەسکەندەر بـوو کەتنەکەی کرد، نەوەک تۆ.'
'ئاخر، ئەگەر پورە جەمیلە لەنێو ترومبێلـی فریـاد رەسـەکەدا بـێ، ئەی دایکە لە کوێیە؟'
'منیش ئەو شتە سەرسامی کردووم.'
لەمـاوەی کەمتـر لە سـعاتێکدا وەڵامەکەمـان بـۆ دەرکەوت. لە نیـوەڕۆدا دەرگا دیسان کرایەوە، مێوانی نوێ هاتنەژور، یەکێکیان لەسەر تـا پێـی بە شـەپقە ریشـەدارەکەی سەریشـیەوە لە بـن پۆشـاکێکی سـەوزی رونـدا بـوو. تازیەبـاران سـەیری شـتە بـریقەدار و نینـۆکە بـۆیەکرا و شـێوازە سەیرەکەی ژنەکە و بێدەنگییەکەیان کرد.
لەگەڵ ئەوەشدا من بەهـاتنی گەشـامەوە. 'ئـۆو، ریتـا...' وام گـوت و بە فرمێسکەوە بۆلای ئەوم غاردا.
ئێمە دووبەدوو بە یەکەوە چووینە ناندین و لەوێ لەسەر مێـز، دوور لە چاوی ئامادەبووان دانیشتین.
'دایکم نە مردووە،' من بە سرتەوە وام پێگوت.
ئەویش سەری لەقاند.
'ئەرێ ئەو لەلای تۆیە؟'
سەر لەقاندنێکی دیکە.
ریتـا پێیگـوتم کەوا بەیـانی سـەرلەزوو، کاتێـک دەچـوو دەرگـای سـالۆنەکەی بکـاتەوە، بینـی یاریـدەدەرە کـۆنەکە لەبەر دەرگـا خەوی لێکەوتووە. ئیدی لێیپرسیبوو چی بەسەر هاتووە، ئەویش زۆر کەم شتی لەبـن سـەر دەرهێنـابوو. ئینجـا ئەوی بـردۆتە ژورەکەی پشـتەوەی سالۆنەکە، چـاو و بسکوێتی دابـوێ، پەردەکەی دادابـووەوە، کارمەنـدە نوێکەشی یەک رۆژ مۆڵەت دابـوێ، راشـی گەیانـد سـاڵۆنەکە بـۆ ئیمـڕۆ داخراوە. ئینجا یارمەتی دایکمی دابوو، دەموچاوی لێشوشـتبون و خـۆی پاکردبووەوە.
'ئایا دەکرێ تۆ بۆ ماوەی چەند رۆژێک بە سـەلامەتی لای خـۆت داڵـدەی بدەی؟' من وام لێپرسی. 'تا ئەوکاتەی چارەیەک دەدۆزینەوە.'
ریتا سەری بادا. دۆستەکەی هەرگیز قایل نـابێ دایکـم ببـاتە لای خـۆی، تەنانەت گەر واشی کرد، ئەوا دڵنیا نابێ، ئەو جۆرە نهێنییە بپارێزێ.

'شتێکی دیکەش هەیە پێتبڵێم.' ریتا وایگوت. ئەو پارچە کاغەزێکی دایە دەستم، کە ناوونیشانی ئێلیاسی لەسەر بوو. 'تۆ دەبێ بەو کابرایە بڵێی دایکت مردووە. پەمبێ پێباشە وای پێبڵێی.'
هیچ شتێکی دیکەیان نەبوو بەیەکدی بیڵێنەوە. ئیدی تا دەرگا لەگەڵی رۆیشتم. رۆڵی دایکم بە باشی وازی کرد. ریتا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بەر لەوەی بڕوا، باوەشی پێداکردم، پێیگوتم، 'داوای لێبوردن دەکەم. خۆشەویستم. دایکت لای من زۆر شیرین بوو.'

❖

دوای رۆژئاوابوون، من و یونس دەست لەناو دەست لە دەرگای پشتەوە لە سالۆنی مقەسی کریستالی چووینە ژور. تا لەژیاندا ماوم هەرگیز ئەو ساتەوەختەم لەبیر ناچێتەوە، کاتێ هەردووکمان بە غاردان باوشمان بە دایکماندا کرد، هەنسگی گریان و پێکەنیمان لەیەک کاتدا بوو. ئەویش ئەوەندە پەشۆکابوو، روخساری هەڵبزرکابوو، بازنە رەشەکانی دەوروخولی چاوەکانی، جوان دیاربوون.
سەری یونس لە باوەشی دایکەدا بوو، دەگریا. 'ئاخر ئەوە هەموو خەتای من بوو. من پورە جەمیلەم بەتەنها جێهێشت. من سەرقاڵی قسەکردن بووم لەگەڵ برادەرەکەم، من پورم بەتەنها بۆ بەختی خۆی جێهێشت.'
دایکەش یونسی ماچکرد، ئینجا منیشی ماچکرد، بە چرپەشەوە گوتی، 'ئەرێ قسەتان لەگەڵ ئەودا کرد؟'
من بە کورتی باسی چوونە لای ئێلیاسم بۆکرد. دایکە گوێی لێگرتم، بەسەرخۆدا شکایەوە و وشک هەڵگەڕا، وەک ئەوەی لە زڕەخەونێکدا بێ.
'ئەوان شتی سامناک دەربارەی تۆوە دەڵێن،' یونس قسەکەی پێبڕیم. 'ئێمە چیدیکە قسەیان لەگەڵ ناکەین.'
ئا بەم شێوەیە دایکە بە قسەوقسەلۆکی دەرودەراوسێی زانی. هەندێک کەس بەوە تاوانباریان دەکرد، کە شەرمەزاریی بەسەر ماڵباتەکەیدا هێناوە، ئیدی بەم رەفتارەی وای لەکوڕەکە کرد، ئەو رێگا تاریکە بگرێتەبەر.

منیش لە براکەم نزبوومەوە. 'لەماوەی رۆژێکدا بەخاکسپاردنەکە ئەنجام دەدرێ. مامۆژنە مێرال هەموو شتێکی ڕێکخستووە.'
هەر ئەوکاتیش بوو یونس باسکی دایکەی گرت و بە جۆرە دەسەڵاتێکەوە گوتی. 'خەم مەخۆ. دەزانم بتبەمە کوێ. لە لەندەن شوێنێک هەیە زۆر سەلامەتە، کەسیش لەوێ نایەوێ رادەستی پۆلیست بکاتەوە.'
ئیدی بەمجۆرە بوو دایکم، پەمبێ قەدەر تۆپراک، تەمەن سی و سێ ساڵ، کە بەگوێرەی تۆماری فەرمی مردبوو، لە ماڵی بێ لانەوازەکان لە هاکنی ژیا، ئەو ماڵەی لەلایەن دەستەیەک لە لانەوازە پەڕاگەندەکان داگیرکرابوو.

## خاوێنکردنەوەکە

### لەندەن، ٥ی دیسێمبەری ١٩٧٨

پەمبێ لەسەر پێخەفەکەی دانیشتبوو، پشتی دابووەوە، دەمامکێکی شەکەت و ترسی لەسەر روخسار بوو. دەستەکانی لە چۆکەکانی وەرێنا بوو، سەیری قامکەکانی خۆی دەکرد. ئاخر سینگی توند ببوو، بارێکی گرانی لە کۆڵ بوو، هەروەک ئەوەی شتێک پاڵەپەستۆ بخاتە سەر سییەکانی. هەناسەدانەوە هەوڵی خۆی دەویست، تەنانەت تف قوتدانەوەشی بە ئازار بوو.
بەم رەوشەی گوێی لە دەنگەدەنگی خانوی کۆنەکەی ڤیکتۆریا هاوس هەڵخستبوو، کە هەنووکە لەنیو تاریکییدا نوقمە و هەواکەشی بە بۆنی ناخۆش، تۆز، ئارەقە، رزیوی کورسی و قەنەفەکان، جلە سورباوە تەڕەکان، چەرچەفە بە قرێژەکان، بوتڵە بەتاڵەکان، تەپڵەجگەرەی پڕ لە سۆتەک، سیخناخە. ئامادەبوونی لە ژورێک کە سەرنیشانی بە کۆمەڵ و لەپاڵ یەک رازاون، گەڕاندیەوە بۆ یادەوەری سەردەمی منداڵیی. بەبیری هاتەوە چۆن کاتی خۆی لەگەڵ هەر حەفت خوشکەکانیدا بەشەو لەیەک جێگادا دەنوستن، یەکیان خۆی بەسەر ئەویدیکەدا دەدا، هەریەکەیان خۆی بە ئەوەی دیکە گەرم دەکردەوە. هەرچەندە شتەکەش لەبەرئەوە نەبوو، کە چەند پەتۆیان لەوێ هەبوو، کەچی لەنیوەی شەو لەسەرمان لەخەو رادەبوو، خۆی وا دەبینییەوە هیچی پێدانەدراوە. ئیدی نزیکترین بەتانی لەخۆی بۆ خۆ رادەکێشا و بەسەر دەموچای خۆی دادەدا و بە باشترین شێوە خۆی تێدا وەردەپێچا، لەوەش هەر گەڕێ، خەمی ئەوەیدیکە بخوا، کە بەبێ بەتانی دەمایەوە.
هەنوکە پەمبێ لەو دیوی گەنجە خەوتووەکان، هیچ شتێکی لە پەنجەرەکەوە نەبینی، هەستی بە لەش قورسییەکی واکرد، پێشتر هەرگیز شتێکی وای بەخۆیەوە نەدیتبوو. سعاتێک، نا بەڵکو زیاتر لە سعاتێک وا رۆیشت. دوای ماوەیەک یەکەمین تیشک، کە لە دەم کەلەوە

دەرچووو کەوتە بەر دیدەی. گوژمەیەک لە تیشکی سورباو، تیژ هەروەک تیر. ئیدی بەرەبەیان بەسەر ئاسمانی لەندەندا هات. ترسێکی سامناک بەربینگی گرت. زۆری دیکە نابا نوستووەکان هەڵدەستنەوە و نان دەخۆن، گاڵتەدەکەن، جگەرە دەکێش. هەرچەندە ئەوان قایل ببوون جێگەی پەمبێ لای خۆیان بکەنەوە و ئەوپەڕی هەوڵی خۆشیان دا هەراسانی نەکەن، بەڵام هێشتاش لەوە نەدەگەیشتن، کە چی رویداوە.
زۆربەی لانەوازەکانی خانوەکە حەزیان لە درەنگ لەخەو هەڵسان بوو، کەچی لەبەر باری شڵۆقی هەنوکەیی و کیشمەکێشیان لەگەڵ ئەنجومەنی شارەوانی، زۆر بە خۆپارێزییەوە زوو لەخەو هەڵدەستان و خۆیان بۆ هەر شتێکی نەخوازراو ئامادە دەکرد. بۆیە لە سعات هەشتی بەیانیدا هەموویان بێداربوونەوە، جلەکانی دوێنێیان لەبەر کردەوە، لەسەر سەرشۆکی دەموچاو شوشتن قەڕاپەستێنەیان بوو. تەنانەت **ئیگی پۆپیش**، کە بۆ کپبوون شتێکی لەگوێدا دەئاخنی، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەڵسا.
لە ناندینەکەشدا تۆبیکۆ سەیری دەستوپەنجەی پەمبێی دەکرد، کە شلکێنە(پانەکێکی)ی بۆئەو سوپایەی ئەوێ دروست دەکرد. کچەکە دۆشدامابوو لەوەی شتێکی پێبڵێ، دوای زۆر لەخۆکردن تەنها هەرئەوەندی پێگوت، 'واو، ئای بۆنی چەند خۆشە.'
پەمبێش سوکە بزەیەکی بۆ کرد. خێرا و بە تیشکۆ خستنەسەر ئەوەی دروستی دەکرد بەردەوام بوو، بیریشی بەچەند مایل دوور رۆیشتبوو. دوای چەند خولەکێک، بارستە شلکێنەیەکی خستە سەر مەجمەیەک و دایە دەستی تۆبیکۆ. 'فەرمو ... بیخۆ...'
تۆبیکۆش بە دوودڵییەوە، 'ئەی تۆ؟'
'من دواتر دەخۆم.'
'ئایا دەزانی ئێمە کوڕەکەی تۆمان خۆش دەوێ،' تۆبیکۆ لە پڕێکەوە وای پێگوت. 'ئەو وەک نیشانەیەکی بەختە بۆ ئێمە. ئممم ... من باشیش نازانم ئاخۆ کێشەکە چییە، بەڵام یونس گوتی شتیکی نهێنی و تایبەتە، تۆ بۆ ماوەیەک لێرە خۆت حەشار دەدەی. هەرچۆنێک بێ، بەخێر بێیت، ئێرە ماڵی خۆتە، هەرچەند حەز بکەی لێی بمێنیتەوە.'
پەمبێ هەستی بە تەوژمێک سۆز بەرامبەر تۆبیکۆ کرد، بەچاوی پڕ لە ئاوەوە باوەشی پێداکرد، بۆ تۆبیکۆش شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو،

ئەویش ئامێزی تێوەرێناوە. ئەوساتەش بە دەنگی **ئیگی پۆپ** پچڕا، کاتێک پڕ بە قوڕگی هاواری کرد، هەر وەک ئەوەی لە گۆرەپانێکی گشتی بێ؛ 'هۆو، ئێمە لێرە خەریکە لەبرسان دەمرین. خەڵکەکە خواردنی دەوێ!'

بە خەندەوە تۆبیکۆش مەجمە شلکێنەکەی بۆ بردن.

ئەوسا پەمبێ بەتەنها لە ناندینەکەدا مایەوە. دەستی گەیاندە گەسکەکە و خەریکی راماڵینی ناوکەوی هۆدەکە بوو. ئاخر ئەگەر وای نەکردبا، ئەدی چیکردبا. دەترسا لە تەنیاییدا مێشکی خۆی لەدەست بدا. لە سعاتەکانی دواییدا گەسکی لێدا، ناوماڵەکەی سڕیەوە، قاپوقاچاخەکانی شوشتن، هەموو ئەو ئیشانەی لەبەرچاوی ئاکنجیە لانەوازەکانی ماڵەکەدا کرد. هەموو رۆژەکە بێ ماندووبوون هەر وایدەکرد، کەسیش نەیدەوێرا گاڵتەی پێبکا یان بیوەستێنێ. ئەمەش کارێکی وایکرد، ئەوانیش چاوی لێبکەن، بۆیە هەندێکیان دەستیان دایە گەسک، پاڵیان دایە شێتایەتیەکەی ئەو، بەڵام هەر زوو دوای ئەوەی شەکەت و وەڕەزبوون، وازیان لێهێنا.

ئێوارە داهات، هێشتا پەمبێ هەر ئیشی دەکرد، لانەوازەکانی بەسەر نوکی پێ بە دەوروخولیدا دەهاتن و دەچوون، سەیری ئەو ژنەیان دەکرد، ژنێک لە کلتورێکی دیکە، لە زمانێکی دیکە و خاوەن چیرۆکێکی دیکەیە، بەردەوامیش هەر دەگریا و ماڵەکەی پاکدەکردەوە، دەگریا و ماڵەکەی خاوێن دەکردەوە.

## زیندانی شرێوزبێری، ١٩٩٢

هەر تەنها سێ مانگ بەر لە ئازادبوونم، پیرەژنێك لە ژوری چاودێری لە نەخۆشخانەیەکی خۆجێی چاوەکانی خۆی هەڵدێنێتەوە. خانمەکە لە دەست تێنویێتی و ئازاری پشتی دەناڵێنێ، بەڵام لەوە زیاتر دیاربوو هیچی دیکەی وای نەبوو. کاتێك ئامادە بوو دەربارەی ئەو پیاوەی، جانتا دەستیەکەی لێدزی و لە رۆژێکی ساردو سڕیشدا بە بوتڵە شکاوێك پەلاماریدا، قسە بکا. یادەوەرییەکەی لە رەوشێکی باشدا بوو. ئەو وێنەیەی بۆ کابرای دزی کرد، ئەوە نەبوو کە بەسەر زیشاندابسەلمێندرێ و رێك بێتەوە. ئەوان بڕوایان نەکرد، وێنەیەکی سەروسیمای هاو چاوە زیندانییەکەی منیان بۆ برد، گوتی ئەمە هەمان کابرای دز نییە. ئەمجارە زیشانیان برد و لەرێی ئاوێنەی دوانەییدا نیشانی پیرەژنەکەیان دا، دیسان قسەکەی یەکەمی خۆی پشتڕاستکردەوە. ئیدی دادگاش کێسەکەی نۆژەنکردەوە.

'بەختت وەك مانگ دەدرەوشێتەوە،*[12]' من وام گوت، 'بەو زووانە ئازاد دەکرێی.'

'ئاخر خۆ زیشان پیاوێکی ئازادە،' ئەویش وای گوتەوە، 'پێویستیش بە چوونە سەر مانگ ناکا.'

'پیاو، زۆرت غەریبی دەکرێ.'

زیشان سور هەڵگەڕا، بە ئاستەم خویزی خۆی پێقوت دەدرایەوە. 'من بەردەبم و بیریش لە تۆ دەکەمەوە،' وایگوت، 'تۆ باشترین خوێندکاری من بووی.'

'تۆش، باشترین درۆزن.'

---

- نوسەر ئیدۆمێکی ئینگلیزی بەکارهێناوە کە وشەی مانگی تێدایە you must be over the moonوەرگێرانی دەقاودەق واتا نادا، بەڵام لەبەر ئەوەی رستەی دواتریش هەر وشەی مانگی تێدا دووبارە بۆتەوە، بۆیە پەنام بردۆتەر بەر ئەو ئیدۆمە کوردیەی، کە وشەی مانگی تێدایە و هەندێ لە واتاکەشی نزیکە. ـوەرگێڕ-

ئەو پێکەنی، شانەکانی هەژانەوە. 'ئاگاداربە ئەرکی ماڵەوەت لەبیر نەچێ؟'
'کامە ئەرکی ماڵەوە؟'
ئینجا پێیگوتم.
ئەو بەیانیەی کە ئازاد دەکرا، بۆ دواجار بە یەکەوە چوارمشقی دانیشتین و خەریکی بیرکردنەوە و تێڕامان بووین. بە پێچەوانەی رۆژەکانی دیکە، من هیچ گاڵتەم پێنەهات، بۆڵەبۆڵیشم نەکرد. چوار مشقی لەسەر ناوکەوە رەقەکە دانیشتم و سەیری ئەوم کرد. بۆ یەکەمین جاریشم بوو مێشکم بێ بیرکردنەوە رابگرم، تەنانەت گەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ.
هەمان ئێوارە، کە زیشان رۆیشت، من لەسەر پێخەفەکەم پاڵ کەوتبووم، بیرم دەکردەوە. نەمانی ئەو لەسەر شانم قورس بوو. دواجار هەستم وەك هەستی رۆژی مردنەکەی تریپی لێهات، بەڵام هەوڵمدا ئەو شتە تەواو بکەم، کە داوای لێکردبووم. ئەرکی ماڵەوەم بەجێ بگەیەنم.
ئەوەش هەمیشە سەخترین شت بوو بیکەم. ئەرکەکەم، خۆتەرخانکردن بوو بۆ نوسینی نامەیەك بۆ دایکم، هەر خۆشم دوای ئازادبوونم بیدەمە دەستی.
قەڵەمم لەدەستە، لە رۆژە جیاجیاکاندا خەریکی نوسینی نامەی جیاجیام. چەندێکیانم نوسی، ئیدی زۆر شتیان تێدا نەبوو، زۆریشیان نامەی پڕ کەموکورتی بوون، بۆیە هەموویانم دڕاند. لەنوێژەنەوە دەستم بە نوسین کردەوە. لەگەڵیاندا بە هیچ بەرەنجامێك نەگەیشتم. ئەمجارەیان هەروەك بەڵێنم بە زیشان دابوو، هەر رۆژەی شتێکم دەنوسی. قوڵتریش لەگژ هزران رادەچووم.
ماك لاولینی ئەفسەریش دەهات و دەچوو؛ نە خۆشەویستی کەوتبووە نێوانمانەوە، نە ئەو رق و کینەی جارانیش مابوو. ئیدی، وەك پێشان نەمابوو.
ئینجا شتێکم ئامادەکرد، ئەوەندەش وەك ئەوانی دیکە شڕ و ترسناك نەبوو. ئەمجارەیان بڕیارم دا بیپارێزم. زیشان وای رێنمایی کردبووم، نامەکەم هەموو رۆژێ بخەمە سەر لاپەڕەیەکی سپی، تا تەواو لەبەری دەکەم، ئاوها بەم شێوەیە، ئەم نامەیەی خوارەوەی لی پەیدا بوو.
دایکی خۆشەویستم،
من ئەم نامەیەت بۆ نانێرم، ئینشاڵا بە خۆم بۆت دێنم، چونکە شت نوسین ئاسانترە لەوەی خۆت شتەکە روبەروو بڵێی. ئەم ساڵەیان چاوەکانم بوونەتەوە. ئاخر من هاوڕێیەکی دێوانەم هەبوو. شێتێکی باش. تۆ بتدیبا

خۆشت دەویست. ناوەکەشی زیشان بوو. کابرایەکی چاك، زۆریش بەکەڵکـم هات. هەنوکە لە رابـردوو باشـتر لە شـتەکان تێـدەگەم. ئـای ئەوەش چەنـد خـراپە، مـرۆ هەمیشـە دوای کـات بەسـەرچوون، ئینجـا پێزانینـی بـۆ شـتە لەدەستچووەکان هەبێ.

خۆ ئەگەر جارێکی دیکە ببمەوە شـانزە سـاڵان، هەرگیـز ئەو کـارە نـاکەم کە کردم و بوومە مایەی ژانوناسۆرێکی زۆر بۆ تۆ، بـۆ خوشـکم، بـۆ بـراکەم، بـۆ پورە بەستەزمانەکەشم. مـن نـاتوانم رابـرووم دەسـتکاری بـکەم، تەنـانەت ناتوانم تاکە شتێکیشی لێ بگۆڕم. زیشان دەیگـوت مـن هەنـوکە دەتـوانم خۆم چاك بکەم. تەنانەت لەوەشیاندا من دڵنیا نیم. بەڵام ئەگەر تۆ جارێکی دیکە وەرم بگریتەوە، ئەگەر لەناخی دڵتدا لێمخۆش ببـی، ئـای لەو پیـرۆزییە، کە جارێکی دیکە ببمەوە رۆڵەکەت.

ئیسکەندەر تۆپراك

**ئەسما**

**لەندەن، ١٢ی سێپتێمبەر ١٩٩٢**

**بەیانی ڕۆژی شەممە، لە ناندینە نوێکەماندا خەریکی ئامادەکردنی قاوەڵتی بووم. دروستکردنی ناندینە نوێکەش زۆر لەسەرمان کەوت، تێچوونەکەی لەو بودجەیەی بۆمان تەرخانکردبوو، زیاتر بوو. کەچی مێردەکەم هەر سوربوو لەسەر ئەوەی بە نوێترین کەلوپەل رایبخا. ئاخر خۆ ئەوەش دیاری هەشتەمین ساڵڕۆژی هاوسەرایەتیەکەمان بوو. شتەکان بە ڕەنگی قاوەی ئیسپرێسۆ بوون، کەوەنتەرەکەش لەداری ئەسفەندانی و بەفرگرێکی نایابی ئەمریکی و عەسارەیەکی میوەی تازەش، کە پێویستی نەدەکرد ئیدی بە دەست میوە قاش بکەی. شتێکی باش ورێکوپێک و کردەیی، بەکارهێنانامەکەشی هەروای نمایش دەکرد.**

**بە کەوگیر هێلکەی ناو تاوەکەم راست دەکردەوە، سەیرم کرد پۆقژی سوربوونەوەی هێلکەکە لە ژێرەوە بۆ سەرەوە سەر هەڵدەدا، وەک ئەوەی سەرتوی رابردوو لە ئێستادا دەربکەوێ. ئاخر سورکردنەوەی هێلکە لەرۆندا شتێکی ئەوەندە ئاسان نییە، بەتایبەتی کە مێشکت بە ئیشێکی دیکەوە سەرقاڵ بێ. خۆ دەبێ کاتێکی دیاریکراوی خۆی بدەیتێ تا باش دەربچێ، کەچی ئەو کاتەی بە دەستمەوە بوو، هەرگیز دروست نەبوو. من بەگشتی کێشەم لەگەڵ ئەوەدا هەبوو، شتەکە کاتی خۆی هاتبێ. نە دەمتوانی لە دوێنێدا ئەنجامی بدەم و نە ئەوەش بووم تیشکۆی بۆ ئەمڕۆ بخەمە سەر. هزری مەزن و قەبەی جارانی کیژەکە بۆ ئەمڕۆ هیچی وای لێ نەماوەتەوە. کاتێکیش بیر لە چاوە گەشەکانی جارانی خۆم دەکەمەوە، کە زۆر جاریش وادەکەم، بەخۆم نییە هەست بە ناپاکییێک دەکەم، ئەوەش وەنەبێ لە من بەدەر، لە هیچ کەسێکی دیکەوە بێ.**

هەردوو کیژۆڵەکانم لەسەر مێزەکە دانیشتوون، سەرقاڵی یاری بلـو پیتەری خۆیانن، کە لەلای ئەوان خۆشترین گەمەیە. هەروەک هەمیشە ئەوان بە دژی یەکدی قسەدەکەن. منیش گوێم لێیانە، بەڵام مێشکیشم وەک کۆلارەی فڕێو وایە، لەگەڵ هەڵکردنی هەر بایەک لەگەڵی دەڕوا.
'دایکە، تکایە دەکرێ بە کچەکەی دیکەت بڵێی بێدەنگ بێ؟ لەیلا وای پێگوتم.
'ئمم، بەڵێ.' منیش وام پێگوتەوە و تاوەکەم لەسەر ئاگرەکە ستاندەوە. هێشتاش هێلکەکان باش سورنەببونەوە، بەڵام خۆ کاتی زیاتری سورکردنەوەم بەدەستەوە نەبوو. نەخێر، دیسانەوە.
'دایکە!!!' جەمیلەش هاواری کرد.
'ببورە، ئازیزم. چی دەڵێی؟' بە درەنگەوە وام لێپرسی. کاتێک ئاوڕم دایەوە بینیم یەکێکیان روگەش و براوەیە و ئەوی دیکەش پەست.
ئیدی مێردەکەم بە هانام هات و رزگاری کردم. 'دەی واز لە دایکتان بێنن. ئەو ئەمڕۆ زۆر شتی لەمێشکدا هەیە، بیانکا.'
لەیلا پرسی، 'بۆچی؟'
'ئێمە لەو بارەیەوە قسمان کردووە،' (نادر) بە سۆزەوە وای پێگوت. 'خاڵت دێتە دیدەنیمان. داکیشت زۆر لەمێژە نەیبینوە.'
'ئۆو،' لەیلا وای گوت، هەرچەندە هیچ نیشانەی سەرسوڕمانیشی لەسەر رو دەرنەکەوت.
سەرنجم دا جەمیلە بە چڕی سەیری باوکی دەکا، نیگاکەی داڕسانی لە چاواندا بەدی دەکرا، دووچاوی رەش و بادامی، ئەوەندەش جیاوازە لەو ژنەی، کە بە ناوی ئەوەوە کراوەتەوە. لەپڕێکیشەوە گوتی، 'ئێوە هەردووکتان درۆمان لەگەڵدا دەکەن.'
دەستەکانم کە سەرقاپی هێلکەکانی هەڵگرتبوو لە هەوادا وەستا. گوێشم لەو بێدەنگییە بوو، کە بەدوایدا هات، تواناشم نەبوو بەدەنگ بێم.
نادر وەک هەمیشە ئارام و بە حەوسەڵە بوو. 'ئازیزم خۆ ئەوە وشەیەکی جوان نییە بە دایبابت یان بەهەر کەسێکی دیکەی بڵێی.'
'ببـــــــــووره،' جەمیلە وشەکەی بە گۆرانییەوە گوت.
'زۆر چاکە. ئەشی ئێستا پێم بڵێی ئاخۆ مەبەستت چی بوو؟'
جەمیلە ئەو ئاوڕلێدانەوەی باوکی پێ خۆش بوو، لێوەکانیشی بە زەوقەوە لەسەر یەک گیرساندن. 'چاکە...پێموانییە خاڵە ئەسکەندەر لە

ئالاسکا کار بکا. پێموایە...' جەمیلە سەیری مێزەکەی کرد وەک ئەوەی سەرەداوەکەی لەوێ دۆزیبێتەوە. 'ئەو سوسەکار(سیخوڕ)ێکی روسیاییە.'
'لە خەونی خۆت!' لەیلا وای خۆ تێهەڵقورتاند.
'ئەوە راستییە. ئەو شاخە سەهۆڵیەکان بۆمباران دەکا.'
'ئەو واناکا.'
'بەڵی وا دەکا.'
چەند قاشە تەماتەیەک و چەند گەڵا رەیحانەیەک لەسەر هەر قاپێک دادەنێم و دەیبەمە سەر مێزەکە، لەوەشدا مەراق ماوم گەر شتەکان ئاسانتر رێڕەوی خۆیان گرتبا، گەر هاتبا و کاکم سوسەکارێکی روسی بووایە و لە جەمسەری باکوردا بۆمبی تاقیکردبانەوە.
دواتر کیژەکان چوون خۆیان بۆ ئاهەنگێکی ساڵڕۆژی لەدایکبوون ئامادە بکەن، نارد باوەشی پێداکردم و سەریشی بە لاملمدا بەرزکردەوە. منیش بە وردی سەیری شێوەی روانینی چاوەکانی، ئەو خەندەیەی لەسەر رومەتی بەدیارکەوت، ئەو وردە لۆچانەی سەر هەنیەی کرد و لە ئامێزم گرتەوە. پرچە چڕوپڕەکەی، بە پێچەوانەی بیردۆزی هێزی راکێشان بەرەو سەرەوە قیت ببوونەوە، نەدەهاتنەخوار تا گوێچکەکانی دابپۆشێ. لە لاجانگیدا چەند داوە مویێکی سپی دەرکەوتبوون، ئەمەش نیشانەی تەمەنی لێوە دەردەکەوت. ئەو بە شازدە ساڵ لەمن گەورەترە، رێک ئەو جیاوازیە تەمەنەی لەنێوان ئێلیاس و دایکمدا هەبوو. هەڵبەتە ئەمەش ریکەوتێک بوو، هەمیشە بیری خۆم دەهێنایەوە.
من ئەوم خۆش دەویست و کەچی هێشتاش وا دەرنەدەکەوت، نێوانمان خۆشەویستی بێ. ئێمە هەردووکمان لەسەرەتاوە ئەوەمان دەزانی، کە من وەک هەم خۆم بۆ ئەو تەرخان نەکردبوو. لە ناخی دڵمەوە هەستێکی تێکەڵەی رێز، شەیدایی، سەرسامی و بەتایبەتیش هێزی کێشکردن بەرامبەر ئەوم هەبوو، کە لەدەردی تلانەوە لەنێو بێزاریدا دەریهێنام. هەندێک جار گویت لێدەبێ تۆ لەگەڵ دایبابتدا دەبیتە کەسێکی باشتر. شتی وات گوێ لێدەبێ بەڵام باوەڕیشی پێناکەی، تا ئەوکاتەی شتەکەت بە سەردا دێ.
دوای دوایین رۆژی نۆڤێمبەری ١٩٧٨، خێزانەکەمان وەک تۆپەڵە بەفرینە لەبەر تیشکی رۆژدا تاوایەوە. لەپڕێکەوە هەموو ئەوەی لە ژیانی پێشومان بۆ بەجێما، بارستاییەک لە قوڕولیتەی بۆرە بوو.

ئەوەی وا دەبینرا توند و مەحکەمە، خێرا بووە شتێکی نابەرجەستە و ناسەربەخۆ. یونس و من بۆ ماوەیەک لەماڵی مام تاریق و مامۆژنە مێرال ماینەوە، هەرچەندە ئەوان نە هێندە میهرەبان بوون نە هێندەش نابەخشندە بوون، بەڵام من رقم لە هەر ساتەوەختێکی ئەویّ دەبێتەوە. من هەرگیز ئەو سوکایەتییەی ئەوانم لەبیر ناچێتەوە، کە چەند هەفتەیەک بەر لە کوشتنەکە بە دایکمیان کردبوو، تەنانت کاتێک لەبن هەنوانی ئەوانیشدا بووم، هەر هەمان هەستم هەبوو. خۆراکی ئەوانم دەخوارد و پۆشاکێک کە ئەوان بۆیان دەکڕیم لەبەرم دەکرد، ئەوان هەر لە سەرمەشقی لیستی ئەو کەسانە بوون، حەزم بە چارەیان نەدەکرد. سەرەتا باوکە بە پۆست لە ئەبو زەبییەوە کارت، دیاری و هەندیّ پارەی بۆ دەناردین، ئەمەشیان لەماوەی ئەو ساڵانەدا ناوبەناو بوو، تا لەکۆتاییدا ئەویش وشکی کرد. مام و مامۆژنم تا پێیان کرا هەواڵی خۆکوشتنی باوکمانیان لیّ شاردینەوە. هەواڵەکەیان کپکرد، شێواندیان و لەراستییان دورخستەوە. خۆ دەبیّ ئەوەش بزانم چونکە ئێستا من دایکم، هەمان شتیش دەرهەق منداڵەکانم دەکەم. ئاخر ئەوەش دابێکی خانەوادەکەمانە، کە راستی لە چەند بەرگێک وەرپێچین و بیشارینەوە، لەنێو ناخماندا بیهێڵینەوە تا بۆگەن دەکا، ئاوها تا ماوەیەک تەنانەت لە خەیاڵیشدا هی ئەوە نەبوو، پێیبگەی.

یادەوەرییەکانی ئەو ساڵانەم خێرا، ئازاربەخشانە و نامردانە بە زەویدا دران و پەرشبوونەوە. تەقڵەم لەنێویدا لێدەدا، تەنها بە تووڕەیی و بێزاری لێیدەردەچووم، ئیدی ئەمەش ماوەیەکی خایاند. بەڵام لە رۆژە بەراییەکانی فەرمانڕەوایێتی خانم مارگرێت تاتچەر، گۆڕانکارییێکی مەزن سەری هەڵدا. ئینگلستان لە هەموو لایەکەوە تەکانی بۆ پێشەوە نا، ئەسپی ئاوی لە خەوە سستە زستانیەکەی رادەچڵەکیّ. وەزارەتی پەروەردە بایەخێکی تایبەتی بە دۆزی ئێمە دا، هەردووکمان، یونس و منی گواستەوە بۆ قوتابخانەیەکی دەرەوەی لەندەن لە سوسەکێس. ئەو دور مەودایەش هەندێک یارمەتی داین. بەڵام من هەر لەنێو سەرشێتیەکەی خۆمدا مامەوە، بیّ ئەوەی بمگەیەنێتە هیچ شوێنێک. من لەنێو پەستێتی خۆمدا گینگڵم دەدا. دوای ئەو قوتابخانەیەی دەرەوەی لەندەن، من چوومە کۆلێژی کوین ماری، لەوێدا ئەدەبیاتی ئینگلیزیم خوێند و نادریشم ناسی.

نادر پیاوی زانستە، زانستخوازێکە بڕوای بە دڵنیایی گشتیی و راستیی بابەتیانە هەیە. ئەو لە غەززە لەدایک بووە، لە ئۆردوگای پەنابەرانی فەلەستینی گەورە بووە، لە تەمەنی نۆزدەساڵیشدا نیشتمانی خۆی بەجێهێشتووە، بەهۆی چاکەی یەکێک لە خزمەکانی بۆ خوێندن روی کردۆتە ئینگلستان.

کەمێک دوای دەرچوونی ئەلبوومی گۆرانی بیتلز بەناوی یەلۆس سەب مارین (بناوانلێدەری زەردباو)، نیکسن بوو بە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و عەرەفاتیش سەرۆکی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی. ئیدی نادر کەمدو و شەرمن بەڵام بڕوادار گەیشتە مانچستەر. ئەو بەدوای کارنامەیەکدا وێڵبوو، کە زۆر دوربوو لە سیاسەت، ئەویش بواری بایەلۆجی وردیلەکان بوو. لەکاتێکدا جیهان تادەهات خێرا لەبن باری گرژی و شەڕ و هەرادا دەینالاند، ئەوێکی پۆشتە و رێکوپێک و بەحەوسەڵە خۆی کێشابووە کونجی تاقیگەکەی و لە خانەکانی مۆرفۆلۆج (پێکهاتەی زیندەوەرانە)ی دەکۆڵیەوە.

خزم و کەسوکاری هەر لە غەززە ماون. منیش چەند جارێک بە دیدەنییان گەیشتووم. ئەوان خانەوادەیەکی گەورەن. خانەوایەکی گەرم و گوڕ، شاناز و زۆربڵێن. من لەنێو خزمەکانیدا چاودێری مێردەکەم کرد، بەدوای وردەکاری هەر گۆڕانکارییەکدا دەگەڕام، شتێک بتوانێ لە پێستی خۆی دەری بکا، بەڵام خۆ نادر هەر گیانە هێورە جوامێرەکە مایەوە، ئەوسا لەهەر کوێیەک بێ. ئەو هەرگیز تەکانێکی لەپڕ و هەڵەشەی نەداوە. ئەو حەزی لەوە بوو کردەکان بە تێرامان بەڕێوە بچن، تێرامانیش ئەو وشەیە بوو، زۆری حەز پێدەکرد. سەیریش نەبوو، ئەو و یونس بکەونە سەر هێڵێک.

'ئەرێ تۆ باشی؟' ئەو وای لێپرسیم.

منیش سەرم بۆ لەقاند. هەموو ئەوەی ئەمڕۆ دەمویست هەر ئەوەندە بوو، قەمسەڵەکەی خۆم بەشان دابدەم و دەرگاکە بکەمەوە و هەموو شتێک وەک هەیە بە بێ دەستکاری بەجێبێڵم؛ قاپەکان هەر لەسەر مێز، کوپەکان بە پەڵەی خۆیان، کە بەشێکن لەرابردوو وەک خۆی بمێنێتەوە.

'رۆژەکە رۆژێکی درێژ دەبێ، ئەوە هەموو پرسەکەیە.'

'خەم لە ئێمە مەخۆ،' ئەو وای پێگوتمەوە. 'من عیفریتەکان(مەبەست کچەکانیەتی-وەرگێڕ) لە ئاهەنگەکە دەهێنمەوە. دەکرێ تۆ کاتێک لەگەڵ ئەودا بەسەر ببەی.'
گوێم لە ئەکسێنتی مێردەکەم گرت. دەنگی گیری لە قوڕگ دەرچوو، جێپەنجە عەڕەبییەکەی بوو.
'کتومت، ئەمەش ئەو شتەیە کە لێی دەترسم. کاتێک لەگەڵ ئەسکەندەر بە تەنها بمێنمەوە.'
نادر بەهەر دوو دەستی رومەتەکانی گرتم و ماچێکی لەسەر لێوەکانم کرد. 'خۆشەویستم، مەترسە، شتەکە باش دێتەوە.'
بۆ چرکەساتێک حەزم دەکرد ئەو، ئەوەندە مشورخۆر و ئەوەندە ترسێنەر نەبووایە. نادر لەو جۆرە کەسانە بوو، بە گفتار و رەفتار خۆی لە روبەڕوبوونەوەی هەر توندوتیژییێک بەدور بگرێ. خۆ ئەگەر هەرکەسێکیش وەک هاوکارەکەی جارێک کردی، هەڵەی بەرامبەر بکا، هەوڵ دەدا دۆخەکە لەخۆبگرێ و حەوسەڵەی لەدەست دەرنەچێ. ئیدی لەپڕێکەوە ختوکەی شتێکم بۆهات، بمەوێ یان نەمەوێ، من شوم بە کەسێک کردووە، تەواو پێچەوانەی برا گەورەکەمە.
'من نازانم،' وام پێگوت؛ 'لەوانەیە هەر نەچمە دوای. بەڵکو مامم بچێتە دوای، یاخود یەکێ لە کۆنە هاوڕێکانی بچێ و بیهێنێتەوە.'
نادر برۆکانی وەک کەوان گرژ کردن. ئەو دەیبینی، تالاونۆشیم وا بۆ دەگەڕێتەوە. بۆیە دەبووایە وشەکانی بە پارێز لێگرتبان. 'تۆ دەبێ بچی و بیبینی. خۆ ئەگەر هیچ نەگۆڕا بوو، هەر باباکەی جاران مابووەوە، ئەوکات دەتوانی لە ژیانی خۆتی دەربکەی. بەڵام تۆ دەبێ سەرەتا بچی و لە شتەکە دڵنیا ببیتەوە.' ئینجا ئەو چوار وشەی دەربڕین کە بەدرێژایی رۆژەکە لە گوێمدا دەزرینگانەوە. 'ئاخر ئەو برای تۆیە.'
'بەڵام کاتێ هاتە ئێرە، چی بە کیژەکان بڵێم؟ هێی خۆشەویستان، ئەوە ئەو خاڵەتانە، کە هەرگیز نەتان بینیوە. بۆچی؟ باشە، چونکە لە زینداندا بووە. بۆچی؟ ئمەم، لەبەرئەوەی، خۆتان دەبینن، چونکە ئەو بکوژی ___'
'خۆ تۆ جارێ پێویست ناکا هەموو شتێکیان بۆ رون بکەیتەوە.'

چاوم ئاوی کرد، کاتێکیش قسەم دەکرد دەنگم پچڕپچڕ بوو. 'تۆ و یونس هەمیشە شت بە سادەیی و ئاسانی دەبینن، بەڵام خۆ جیهان ئەوەندە ئاڵۆزە، هەمو شتێک ئاڵۆز بووە.'

دەموچاوی نادر وا چرچ و لۆچ بوو، لاسایی دەنگەکەی دەکرمەوە. 'دەی جیهان لەبیرکە. ***هەموو شتێک بۆ ئەو ڕۆژەی فۆت تەرفان کە، بەرلەوەی ببیە تۆز و بچیەوە ژێر فاک'***

سەرباری خەمی خۆشم پێکەنیم. 'چیە، ئەوە دوبارە خەیامە؟'

'بەڵێ ئەوە هی عومەری خەییامە.'

ئەو پیاوە وشە نەرمو نیان و شعرە بەرزانە، ئەو پیاوە راستگۆیە جێ متمانەیە، هەندێ جاران دەگاتە رادەی ساویلکەیی خەریکە شێتم بکا. ئەو پیاوە باوەڕی وایە ناموس لەنێو دڵی مرۆڤ دایە لەوەی لە نێو پێخەفەکانیان دابێ. هەوڵمدا بزانم ئاخۆ چیم لێدا دەبینێتەوە، ئاخۆ چۆن تا ئێستا هەر خۆشی دەوێم. نەشمتوانی بگەمە وەلامێک، بە منگەمنگێکەوە گوتم، 'واباشترە بڕۆم و خۆم ئامادە بکەم.'

'خۆشەویستم، زۆر باشە.'

جارێکیان بیرمکردەوە، کە من لە شتە گرنگەکان، لە خەباتی شایستە، لە هزری نمونەیی دابڕاوم. من دەبووایە ببوومایە نوسەر و چالاکوانێکی بواری مافەکانی مرۆڤ. ئەوسا بە بەشەکانی سەر ئەم زەمینەدا گەشتم بکردبایە، هەڵمەتم بۆ چەوساوەکان و ماف پێشێلکراوان بکردبایە. گی بی ئۆنۆ ئەو رۆماننوسەی لە رۆمانەکانیدا کەس بە خۆشەویستی هەڵناخەڵەتێ. جارێک دەمویست ببمە چەقی بازنە لەم جیهانەدا، کەچی ئەوسا قایل بووم بە تەنها یەکێ بم لە کەسەکانی نێو چیرۆکێک، تەنانەت کەسێکی سەرەکیش نەبێ.

بۆ ماوەیک دەستم بەکاری نوسین کرد، قۆناغی ئاستی Aی خوێندنم تەواوکرد، هەرچەندە ئێستا بۆم قورسە بیری خۆمی بهێنمەوە. لە زانکۆشدا بەرەنجامی سەعی و خوێندنم باش بوو، پەخشانەکانم چڕوپڕ بوون، لەوێدا خەڵکانێک هەبوون بڕوایان پێبووم، بەڵام شتێکی بەرگەنەگرم لێ رویدا، ئیدی متمانەم بەخۆم نەما، هەروەک روەکێک کە لە نێو دوکاندا دەلەرێتەوە، بەڵام هەرکاتێک فرۆشرا و گەیەندرایە ماڵێک، دەست بەپوکانەوە دەکا و سیس دەبێ، خولیای بوون بە

رۆمـانووس لەناخمـدا، لەگەڵ ئەوەی لە ژیـنگە ئاشـنایەکەم دەرچـوو، پوکایەوە.

دوای ئەوە بەدەر لە نـامە شـتی دیـکەم نەنوسـی، بەڵام نـامەی زۆرم نوسین. بەردەوام بۆ بەنـدیخانەی شریۆزبێریم دەنوسی. هەرکـاتێکیش لەگەڵ یونس لێک دوورکەوتباینەوە نامەم بۆ دەنوسی. هەروەهـا نـامەم بۆ ئێلیاس(کە لەگەڵیدا لە پەیوەنـدی مـامەوە) و بـۆ رۆکسـانا (ئەویـش لەپەیوەندیـدا بـوو لەگەڵـم) نوسـی، هەردووکیشـیان بە ڕێگەی خۆیـان یارمەتیـان دام، سـەرەداوی مەتەڵەکە هەڵبێـنم. مـن نـامەم بـۆ دایکیشـم دەنوسی، لە ماوەی دوازدە ساڵدا هەفتەی دوو جار نامەم بۆ دەنوسی.

هــاوینی رابــردوو، دوای کــۆچکردنی دایکــم، خەریکــی نوســینەوەی چیرۆکەکەی بووم. شـەو رۆژ ئیشـم لەسـەر دەکرد، وەک ئەوەی ترسـی ئەوەم هەبێ گەر کەمێک وەستام، تەنـانەت گەر بـۆ سـاتێکش بـێ، ئەوا مەراقی تەواوکردنەکەی لەدەست بدەم. ئەو شتانەی وێنـام دەکـردن شـتی تایبەتی کەسـیی بـوون، هەنـدێکیان ئـازار بەخشـیش بـوون، لەکاتێکـدا بەشەکانی دیکە شتێک بوون لەناخی منـدا هەبـوون. هێشـتاش، کەمێـک دوای ئەوەی لە رەشنوســــــەکە بـــــــوومەوە، هەســــــتێکی لێدورکەوتنەوە(تەرەبوون) دایگرتم. ئاخر ئەوە خۆ چیرۆکی من نەبوو.

رابـردوو بـاولێکە لەسـەر رەفە دانـدراوە، پڕیەتـی لە شـتی پڕوپـوچ و گرانبەها، بەڵام بەشیکی زۆری لەکەڵـک کەوتـووە. هەرچەنـدە پێمباشـە بـاولەکە هەر بەسـەر داخـراوی بمێنێـتەوە، بەڵام بە کەمتـرین شـنەباش دەکرێتەوە، بەرلەوەی بشزانم، هەموو نـاواخنەکەی بەبـا دەڕوا. مـنیش هەمـوو شـتەکانیم یەک دوای یەک دانـانەوە. هەمـوو یادەوەرییەکـان بە باش و خراپیەوە دامنانەوە. هێشتاش باولەکە هەر لەدەست دەردەچـێ و دەکرێتەوە، کە بەلای کەمیەوە چاوەڕێشم نەکردبوو.

پرسـی دووگیــان بـوون زیـاتر روداوە لەوەی نەخشـە بۆکێشـراو بــێ. کـاتێکش پـێم زانـی، کە دووگیـانم، لەیەک کاتـدا هێـدمە گرتمـی و لێـی ترسام و پەشۆکاشم. ئینجا زانـیم دوو کیـژی جمکەم هەڵگرتـووە، یەک سـعاتیش لەبەر هەواڵەکە گریـام. هەرچەنــدە دەمەویسـت دەسـتم لە لێبژاردنـی مـاجەرای ژیانمـدا هەبـێ، دیسـان هەسـتم کـرد، بە ئاسـتەم وابەستەی زنجیرە چیرۆکەکەمە. جەستەم لەماوەی ئەو نۆ مـانگەدا وەک ئەوەی لەقـوڕ بـێ لەقاڵبـدرایەوە. هیـوام وابـوو بەڵکـو گیـانم وابـێ.

هەنوکەش کچەکانم بوونەتە هەشت ساڵان. لەیلا بە پرچێکی رەشی وەکو شەو، لەگەڵ جەمیلە، کە بە ناوی پورە مەزنەکەی ناونراوە، ناشزانێ بۆچی وا ناونراوە.
لە نهۆمی سەرەوە، لە هۆدەی نوستن بووم، زەنگی تەلەفون لێدرا و مێردەکەشم هەڵیگرت. هەستم کرد تەلەفونەکە لە یونسەوەیە، ئەو کورەی بە ناوی پێغەمبەرە بەرهەڵستاکارەکە کرابوو. لەو دواییانەدا برا بچکۆلەکەم و مێردەکەم رۆژانە لەگەڵ یەک قسەیان دەکرد. ئەوان دوو هاورێی پیاوانە بوون. دەمزانی پلانم لێدادەنێنەوە و میزاجم لێ تێکدەدەن. ئەوان منیان وەک بۆمبێکی قورمیشکراو دەبینی، بەردەوام چکەی دەهات و لەسەر ئانوساتی تەقینەوە بوو، هەمیشەس بە یەکانگیری هۆشیارانە هەوڵیان دەدا پوچەڵی بکەنەوە. من خۆم وا وێنادەکرد، کە پاکەتێکی گومانلێکراوی سەر رێگا بم، یونس و نادریش وەک دوو پسپۆری بۆمب پووچەڵکردنەوە بن، جل و کڵاوی تایبەتمەندییان پۆشیبوو، وریایانە لێم نزیک دەبوونەوە.
'ئازیزم، یونس دەیەوێ قسەت لەگەڵدا بکا.'
منیش لە ژورەکەی خۆم دەسکی تەلەفونەکەم هەڵگرت، چاوەرێبووم تا مێردەکەم لە خوارەوە دەسکی دووهەمی تەلەفونەکە دادەنێتەوە، تا خۆم دڵشادانە نیشان بدەم و پێی بڵێم، "هۆ ئازیزم، چۆنی؟'
'ئەسما، خۆشەویستەکەم، ئەرێ هەستی ئەمرۆت چۆنە؟'
ئەرێ بۆ هەمووان لێمدەپرسن ئاخۆ ئەمرۆ هەستم چۆنە؟ 'زۆر باشە.' من قسەکەم وادرکاند. 'ئەدی خۆت چۆنی؟ ئەرێ ئاوهەوای ئەوێ چۆنە؟'
لە پاشخانی تەلەفونەکەی ئەو هەستم بە دەنگەدەنگی کۆرسێک کرد. دەنگی پیانۆ، گیتار و نەی دەهات. براکەم ئەمشەو لە ئەمستەردام کۆنسێرتێکی هەیە. بۆنەیەکی کلتوری سەرنجراکێشە، چاوەروان دەکرا شازادە کلاوسیش ئامادەی ببێ.
'لەماوەی سعاتێکدا دەبێ برۆم.'
'سەیرکە، ئممم... دەزانم ئەمە شتێکی ئاسان نییە. من هەست بە ناخۆشیەکەی دەکەم. حەزم دەکرد توانیبام لەوێ بام.'
'قەیدی نییە. تۆش زۆر ئیشت لەسەرە.'
لەرینەوەی دەنگم گرژییەکی پێوەدیار بوو، خۆ ئەگەر یونسیش هەستی پێکردبا، لێنەدەگەرا هەروا بەسەر بچێ. 'خۆت دەزانی چۆن بیر لەم

بەیانییە دەکەمەوە: ئەویۍ ڕۆژێ کاتێک لە بەندیخانەدا سەردانم کرد، ئەو زۆر شادمان بوو، کە گوێی لێبوو دایکمان زیندووە. ئەو زۆر... خۆشحاڵ بوو. بەڵام ئای چەند مایەی بەزەییە، کە نەیتوانی بیبینێ و داوای گەردن ئازادی لێبکا.'

من چاوەکانم سوڕاندن. 'ئاها، گەردن ئازادی ئەو...'

'خۆ دەکرا ئەوە روبدا.' یونس بە سوربوونەوە. 'ئەوە شتێکی زۆر جوان دەبوو گەر بیتوانیبا دەستی ماچ بکا، داوای پیرۆزکردنی لێکردبا.'

'ئۆو، تکایە وچانێکم بدەرێ.'

بێدەنگییێکی قورس کەوتە نێوانمان، منیش گومانم پەیدابوو نەبادا هێڵەکە پچرابێ، بۆیە خێرا گوێم لێبوو یونس تێهەڵچووەوە، 'پێموایە ئەویش بایی خۆی ژان و ناسۆری کێشابێ.'

من چاوەکانم داخستن، هەستم کرد خوێن لەدەمارەکانمدا دەکوڵێ. 'ئاخر چۆن ئەو قسەیە دەکەی؟ نەخێر ئەو هەرگیز بایی خۆی ئازاری نەکێشاوە. ئەو پیاوێکی خۆپەرست بووە، کەسێک بوو پوری خۆی کوشت، ئەو هەروا بە خۆپەرستیش سەردەنێتەوە.'

'ئاخر ئەو مێردمنداڵ بوو.'

'نەخێر ئەو مێردمنداڵ نەبوو! ئەوشتەی کردی هیچ پەیوەندی بە تەمەنەکەیەوە نەبوو. خۆ تۆش هەر منداڵ بووی. خۆ تۆ ئەوکارەت نەکرد. ئەوە کەسایەتی ئەو بوو.'

'بەڵام ئەو گەورەکە بوو،' یونس وای پێگوتمەوە. 'تۆ هەمیشە باسی ئەوە دەکەی، کە رەفتار لەگەڵ تۆ شتێکی جیاواز بووە، هەرلەبەر ئەوەی کیژ بووی، منیش وام دەبینی، کە کوریژگە بچکۆلەی ماڵێ بۆم قورس بوو. بەڵام ئایا ئەوە بەهەند هەڵناگری، کە رەوشەکە بۆ ئەسکەندەر قورستر بوو.'

'بەڵێ وایە، بوون بەسوڵتان شتێکی ئاسان نییە.'

ئەو ئاخێکی هەڵکێشا. 'خوشکم گوێبگرە، من دەبێ بڕۆم. هەر پێمکرا لەوێ دەبم. کاتێک گەڕامەوە بە درێژی قسان دەکەین و دەرچەیەک دەبینینەوە. وەک هەمیشەش هەر وامان کردووە، باشە؟'

زۆر بڕوام بە دەنگی خۆم نەکرد، ئاماژەیەکیشم بە سەرم کرد، وەک ئەوەی یونس لە بەردەمم بێ و بمبینێ. دوای ئەوەی تەلەفونەکەمان کۆتایی پێهات، چوومە گەرماوەکەمان دەموچاوم شوشت و هەندێ

ماكیاجم كرد. من لە یونس پەست بووم چونكە دەیتوانی لێخۆش بێ و بیبورێ، لە ئەسكەندەریش پەست بووم چونكە مناڵێتیە ئاساییەكەی لە ئێمە ستاند. هەستی ئاسودەیی ،ئارامی، خۆشەویستی و بەردەوامیی، تۆ لە ماڵباتەكەی خۆتدا وەریان دەگری بەرلەوەی كوێرەوەرییەكانی ئەم دنیا قەبەیەت بێتە سەر رێ. من پازدە ساڵان بووم كاتێ ئەسكەندەر هۆشی خۆی لەدەستدا، دوای ئەوە ژیانی ئاساییمان وەک من پێمزانی نەما و شیرازەكەی لێكترازا، بەردەوامیش ئازارەكەی لەناو دڵمدا هەر ماوەتەوە. ئەم دۆخە بۆ دایكیشم لە ئێمە پۆلكتر بوو.

ئەسكەندەر بە كوشتنی یەک كەس، كەسانی زیاتری كوشتن.

❖

ترومبێلم بەرەو بەندیخانەی شرێوزبێری لێخوڕی، بە نێو چیمەنی سەوز و گێڵگەكاندا رەتبووم. كات لەسەرخۆ دەڕوا. مێشكیشم گەڕایەوە سەر یونس. ئەو برا بچكۆلەیەم هەنوكە باش ناوبانگی دەركردووە. نادر پێیگوتم، كە خوێندكارەكانی گوێ لە موزیكی دەگرن و حەزی پێدەكەن. منیش شانازی پێوەدەكەم. لەماڵەوەش كە ساتەوەختێک لەگەڵ دەرونی خۆمدا راستگۆدەبم، ئێرەیی بە براكەم دەبەم. مەراق لەوە دەخۆم ئەگەر یەكێكی دیكەی یاریەكانی خواوەند بێ، بەوەی منێک، یەكێكی وا كارا و بەهرەمەند بكەومە نێو باوەشی ژیانێكی مامناوەندی خۆجێی، لەكاتێكدا یونس ئەو كورە هێمنە و حەوسەڵەدارە، بەدوای بەدیهێنانی خەونەكانیدا، جیهان تەی بكا. پێمـوایە كێبەركێی ئەو خوشک و برایەتییە هەرگیز كۆتایی نایە. تۆ كێبەركێ لەسەر خۆشەویستی دایباب دەكەی، تەنانەت ئەگەر ئەوان چیدیكیە لە ژیانشدا نەمابن.

كاتێكیش گەیشتمە بەردەم بەندیخانەی شرێوزبێری، لە دەرەوەی تەلارەكە وەستام، بەوەش سەرسام بووم، كە هیچ كەسێكم لەو ناوە نەبینی. نە مام تاریق، نە مامۆژنە مێرال، نە هیچ دراوسێیەک و نە هیچ دۆست و برادەر و ئاشنایەكیش. تۆبڵێی ئەوانە لە كوێ بن؟ دۆستە دێرینەكانی ئەسكەندەر لەهیچ كونێكەوە دیار نەبوون، تۆبڵێی هەموو ئەوانە، ئەویان فەرامۆش كردبێ؟

سعاتێک لە چاوەڕوانیم رابرد. هەواكەش خەریكبوو ساردی دەكرد، سڕییەكە هەموو دەنگەدەنگێكی كپ كردبوو. هەستم بە تێنوێتی كرد. خۆ ئەگەر چووبامە نێو بینایەی بەندیخانەكە، دەكرا ئەفسەرەكە لەگەڵم

دلۆڤان بێ و ئاوم بداتێ، لەوانەبوو پیاڵە چایەکیشی بۆ بانگ کردبام. بەڵام ئەوکاتیش دەکرا لێمبپرسێ ئاخۆ رەچاوی چی دەکەم، بەڵکو هەندێ شتی نوێ دەربارەی ئەسکەندەر دەربکەوێ. ئەوسا ئەو دەردەکەوت و دەبووایە لەبەردەم هەمووواندا یەکدیمان لەباوەش گرتبا یاخود تۆقەمان لەگەڵ یەک کردبایە. بۆیە بۆ خۆبەدورکردن لەو شتانە، واباشتر بوو لەدەرەوە چاوەڕیی بکەم.

لە کۆتاییدا دەرگا دوو دەریەکە کرایەوە. لەژێر تیشکی گڵۆپەکانیدا ئەسکەندەر بە پانتۆڵی جینز و قەمسەڵەیەکی کودەری دەرکەوت. ئەو لەگەڵ دواجار، کە بینیبووم زۆر جیاوازتر بوو. دیارە ئەو ماوەیە ئاگای لەخۆی بووە، بۆیە کەشخە و باریک بوو. رەوتی رۆیشتنەکەشی گۆڕا بوو. شانەکانی بۆ پشتەوە پاڵنەدابوو، سەریشی وەک جاران لێیڕاهاتبوو وا نەبوو. دوای چەند شەنقاوێک بۆ پێشەوە، ئیستێکی کرد و سەیرێکی ئاسمانە ساردوسڕەکەی کرد، هەروەک چۆن رەچاوم کرد، وایکرد.

ئینجا منی بینی. دەموچاوم بێ هەستوسۆز بوون. ئەو بە هێواشی بزوت، گەر حەزم کردبا کاتی ئەوەم هەبوو بگەڕێمەوە شوێنی پارکی ترومبێلەکەم، سلفێکی لێبدەم و بەڕێگای خۆمدا بگەڕێمەوە و لەوێ بەجێیبێڵم. کاتێکیش لێمنزیک کەوتەوە، منیش هەنگاوێک چوومە پێشەوە، دەستەکانیشم لەنێو بەرکەکانمدا بوون.

کەهاتە پێشەوە گوتی، 'سڵاو ئەسما.'

لەپڕێکەوە لە نادر و یونس و هەموو گیانەکانی ئەم سەر زەمینە توڕەبووم، کە قەناعەتیان پێهێنام بەدوایدا بێمە ئێرە. بەڵام هەوڵمدا دڕ بەتاریکی بدەم. ' سڵاو لە تۆش، برا.' دوا وشەم بە هەندێ لەسەروەستان گۆ کرد.

'چاوەڕێم نەدەکرد تۆ لێرە ببینم.'

'ئۆو، منیش پێموانەبوو بەخۆم بێم.'

'چاکە، من بەهاتنت دڵشادم.' ئەو وایگوت.

لە نێو ترومبێلەکەشدا هەستمکرد پێویستە شتێک بگوترێ تا ئەو بۆشاییەی نێوانمان پڕبکرێتەوە. 'پێموابوو مام تاریق بێتە دوات.'

'ئەو بەنیاز بوو بێ، من پێمگوت نەیەت.'

منیش دەستم لە سوکانەکە گیرتر کرد. 'بەڕاستی؟ ئەمە مایەی سەرنجە.'

ئەسکەندەر پشتی دایەوە، هیچ کۆمێنتی نەبوو. 'ئەرێ کچەکان و نادر چۆنن؟'
پێمگوت کچەکان ئەم وەرزە لە فێرگەیەکی موزیک دان، لەیلا دەبێتە ماسیە گۆرانی بێژەکە، بەڵام هێشتا نازاندرێ کامە جۆرە ماسی. لەوانەیە ماسی هاددۆک haddock بێ، هەرچەندە خۆیشی حەز بە دۆلفین دەکا. ئەویدیکەشیان بەشێک لە رۆڵی ژنی ماسیگرەکە وازی دەکا، ژنێکی خراپ و پیسکە بەڵام گرنگ. ئیدی لەم ساتەدا جۆرە کێبەرکێیک لەماڵدا هەیە. ماسیە گۆرانیبێژەکە لە بەرامبەر کەیبانوی ماسیگرەکە.
من هەموو ئەوشتانەم پێ گوت بێ ئەوەی ناوی جەمیلەم بهێنم، هەڵبەتە ئەویش ناوەکەی دەزانی. لەبەرەنجامدا گوتم، 'هەردووکیان بە جۆش و خرۆشن.'
منالی مەزنن.' ئەویش ئەمەی بە بزەیەکەوە گوت.
ئەو بێدەنگییەی بەدوایدا هات وەڕەزکەر بوو. کاسێتێکی گۆرانیەکانی ئابباABBAم خستە سەر کە لەگەڵ خۆمم هێنابوو، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێ ترسام دوگمەکەی دابگرم.
'دەتەوێ جگەرەیەک بکێشی؟'
ئەسکەندەر سەرێکی بادا. 'دەمێکە وازم لێهێناوە.'
'وازت لێهێناوە؟' بە تیلەی چاو لێمڕوانی. 'خۆ ئەگەر پێت ناخۆش نەبێ، دەمەوێ بپرسم ئاخۆ بەتەمای چی بکەی؟'
'ئەگەر بگرێ بەزوترین کات کوڕەکەم ببینم.'
من ئەوەم بۆباس نەکرد کە (**کاتی)** چەند رۆژێک بەر لەئێستا تێلی بۆکرد. ئەو هەنوکە لە شاری برایتن دادەنیشێ. مێردی بە فالچییەک کردووە. پیاوێک لەپی دەست دەخوێنێتەوە و سەیری دوارۆژی مرۆ دەکا، هەرچەندە من گومانم هەبوو لەوەی پێشبینی دۆستە کۆنەکەی ژنەکەی کردبێ، هەنوکەش سێ منداڵی هەن. کاتێ لە تەلەفوندا قسەمان بەیەکەوە دەکرد، نەمدەتوانی ئەو گومانە نەکەم، کە هێشتا (کاتی) خەمی براکەم دەخوا، بەڵکو هێشتا هەر خۆشی بوێ.
هەروەک ئەوەی ئەسکەندەر مێشکی منی خوێندبێتەوە لێیپرسیم، 'ئەدی **(کاتی)** چی دەکا؟'
'شادمانانە شوی کردووە.'

خۆ ئەگەر ئەم قسەیە ئازاری پێگەیاندبێ، نیشانەکەی دەرکەوت. 'ئەوە شتێکی زۆر نایابە. منیش بۆی کەیفخۆشم.'

***تۆبڵێی بەراستی مەبەستی ئەو وابێ؟***

'ئەوە چاکەیەکی خۆت بوو کە بەدوامدا هاتی.' ئەو وای پێگوتم، 'من نامەوێ زۆر بمێنمەوە. دەبێ شوێنێک بدۆزمەوە. ئیشێکیش پەیدا بکەم. سامریی چاکەخوازی باش هەن، کە یارمەتی کەسانی وەک من دەدەن. ئینجا...'ئیستێکی کرد. 'حەزم لێیە سەرێکی دایکەش بدەم.'
شتێکی پێشبینیکراو لە پشت وشەکانی هەبوو، کە لە هەوادا وەک ئەو هەڵمەی لە خواردنە (بۆرەک)ی دایکە هەڵدەستا. منیش گێڕی خێرایی ترۆمبێلەکەم گۆڕی، بە قورسیەوە پێمگوت؛ 'ئەو کۆچی دوایی کرد.'
ئەو بە بەتاڵی لێم نزبووەوە. 'بەڵام... بەڵام خۆ یونس پێیگوتم ـ'
'دەزانم ئەو چی پێگوتوی. ئەوەی پێگوتبووی ڕاست بوو.' من چاوەکانم سڕینەوە. 'شەش مانگ بەر لە ئێستا کۆچی دوایی کرد.'
'تەنیا بوو؟'
'تەنیا بوو.'
من پێم نەگوت چۆن مرد. دواتر بۆی باس دەکەم.
'من دەبووایە... من دەبووایە چووبام دەستیم ما....چ بکردبایە،' ئەو وایگوت هەندێ لاڵبوونیشی بە قسەکەوە دیاربوو. 'پێموابوو بە دیتنم قایل بێ.'
'من دڵنیام قایل دەبوو.' وام پێگوتەوە،چونکە شتەکە ڕاست بوو. 'من چەند نامەیەکی ئەوم لایە. هەندێکیان بخوێنەوە، ئەوسا دەبینی، کە چۆن هەمیشە پرسیاری کردووی.'
ئەسکەندەر سەری نەوی کرد، سەیری بازندەکانی دەستی کرد وەک ئەوەی هێشتا هەر کەلەپچە کرابن. ڕوی لە جامی پەنجەرەکە کرد و ئاهێکی هەڵکێشا، هەناسەکەی تەمێکی لەسەر جامەکە پەیدا کرد. جامی پەنجەرەکەی داهێنایە خوارەوە و سەری بردە دەرەوە، هەناسەیەکی توندی هەڵمژی. ئینجا لە پارچە کاغەزێکی گیرفاندا دەرهێنا و لەپەنجەرەکەدا فڕێیدایە بەر با.
'یەک شتی دیکەش،' کاتێک جامی پەنجەرەکەی هەڵکێشاوەیەوە پێمگوت 'نادر... مێردەکەم، هیچ نازانێ.'
'مەبەستت چییە؟'

'تەنها یونس و من، هەڵبەتە لەگەڵ تۆ بەو شتە دەزانن. هیچ کەسێک لە ماڵباتەکەمان نەیزانیوە، کە دایکمان لە ژیاندا مابوو، ناشبێ هیچ کەسی دیکە پێی بزانێ.'
ئەوەش سوێندێک بوو لەنێوان یونس و مندا. کاتێک لەوە تێگەیشتین هەموو کەس لە نێوان پورە جەمیلە و دایکمدا سەری لێتێکدەچێ، ئێمە سوێندمان بە قورئان خوارد، راستیەکە بۆ هیچ کەسێ ئاشکرا نەکەین. نە بۆ باوکمان، نە بۆ مام تاریق، نەبۆ مامۆژنە مێرال، نە بۆ ئێلیاس، تەنانەت بۆ هاوسەرەکانیشمان کاتێ ئەو ژنی هێنا و منیش شوم کرد، نابێ ئەو رازە بدرکێنین. تەنها ئەو دووانەمان نهێنیەکە لە سینگماندا هەڵدەگرین.
'کەواتە بۆچی بەمنتان گوت؟'
'ئەوە بیرۆکەی یونس بوو، نەوەک هی من. ئەو پێی وابوو کاتی هاتووە تۆش بیزانی. ئومێدی ئەوەی هەبوو بەڵکو هەردووکتان یەکدی ببینن و ئاشت ببنەوە، یونس دەیەویست لەوکاتەوە، کە پێی گوتی خۆت بۆ ئەو دیدارە ئامادە بکەی.'
ئیمە بە بەردەم گوندێکی نوستودا رۆیشتین بێ ئەوەی بنیادەمێک لە دەرەوە بێ. دوای نیوەڕۆ خەریکبوو دابێ، جیهانیش هەستی دەکرد تەواو عەیار و رەزامەندە. لە لای نیشانە سورەکە، ئاوڕێکی دایەوە و نیگاکانمان لەیەک چەقین. 'خوشکێ، تۆ لەگەڵ رازی زۆردا دەژی.'
'کامەیان دەڵێی،' من وام پێگوت و دەستم بۆ زەرفێک برد. 'دەتوانی ئەوەی تێیدایە بهێنیتە دەر؟'
بەهێواشی شتەکەی ناو زەرفەکەی هێنایەدەر، کە ئاماژەم بۆکردبوو. شتەکەش کتێبێک بوو دەربارەی ئالاسکا.
'تۆ سعات و نیوێکت لەبەردەمدایە تا هەموو شتێک لەبارەی ئالاسکاوە بزانی. ئاخر من ئەمەم بە کیژەکانم گوتووە، کە تۆ ئەو هەموو کاتە لە ئالاسکا بووی و لەوێ کار دەکەی.'
ئەسکەندەر بە غەمگینی بزەیەکی کرد و پەڕەکانی کتێبەکەی هەڵدایەوە. ئالاسکای چیای بەفرین، ورچە بۆرەکان، ماسی سەلەمۆنە سەماکەرەکانی نێو ئاو. لەپڕێکەوە بیرۆکەی شوێنەکە پێنەدەچوو خراپ بێ، بەڕاستیش خراپ نەبوو.

## خەون لەناو خەوندا
*شوێنێک نزیک روباری فرات. مای ١٩٩١*

سەری باولەکەی کردەوە، بەرماڵیکی نوێژانی لێدەرهێنا و گوێی لەو دەنگانە گرت، کە لە دۆڵەکەوە دەهاتن. ئەوەش شتێکی دیکە بوو، کە ژیان لێرە بەسەر ببەی. تا ئەوکاتەی با بەرەو ژور هەڵبکا، ئەوا دەنگی بانگی مزگەوتی گوند لە دورەوە لەگەڵ خۆی دێنێ؛ بەڵام هەر کاتێک ئاراستەی بایەکە بگۆڕێ، ئاستەم دەبێ بزانێ ئاخۆ کاتی نوێژەکانی چۆنە. ئەو کاتژمێرەی لە لەندەنەوە لەگەڵ خۆی هێنابوو، وەستابوو، ئیشی نەدەکرد، ئیدی وەک شتێکی کۆنینە لە قوژبنەکە کەوتبوو، ئەوەندە ئیشی کردبوو سوابوو. بەڵام خۆ ئەو پێویستی بەوە هەبوو کاتی نوێژەکانی بزانێ، چونکە زۆر شتی هەبوو بە خوای خۆی بڵی.

هەڵبەتە ئەوە تەمەنەکەی بوو وای لێکردبوو زیاتر وریا بێ، هەرچەندە پیریش نەببوو، تەمەنی لە ناوەڕاستی چلەکاندا بوو. بەڵکو لەبەر ئەوەش بووبێ، شوێنەکە پڕ بووبێ لە تارمایی گیانی ئەو کەسانەی لە ژیانیدا بینیبووی، زۆر داخ و کەسەری سالانی رابردوو. هەموو رۆژێ لەخوای خۆی دەپاڕایەوە یارمەتی خوشکە جمکەکەی بدا و بیباتە بەهەشتێ، کە بەدڵنیایی ئەو شوێنەیە جەمیلە بۆی چووبێ. لە هەندێ دوعاشیدا ناوی هەدیە، خوشکە دایکەکەی دەهێنا، وای بیر لێدەکردەوە لاشەیەکی پەنماوی ئەرخەوانی لەقنارەددراو نەبێ، بەڵکو کیژێکی بەکەیف و سەفا بێ، کە لەژیانیدا وابوو. هەروەها دوعای بۆ مێردەکەشی کرد، بیری لەهەموو ئەو شتانەی کردبوو یان و نەیانکردبوو، ئەو شتانەی بەیەکوە کردبوویان،کردەوە. ئینجا دوعای بۆ گیانی دایک و باوکی کرد کە لەمێژە کۆچی دواییان کردووە. خۆ ئەگەر تینو تاوی مابووایە ناوی ئەو سێ ریشسپییە گوندییانەشی

دەهێنـا ، کە تەمەنیـان گەیشـتبووە سـەد سـاڵ و لـەم دواییـانەدا یەک لەدوای یەک، دوا هەناسەیان دا.
کاتێک لە دوعاکردن بۆ مردوان دەبووەوە، ئینجا دوعای بۆ زینـدووەکان دەکرد. دوعاکەی بۆ هەردوو نەوەکـانی لەنـدەنی پڕبـاران دەسـتپێدەکرد، کە تەنهاش لە وێنەدا بینیبـوونی. دەپـاڕایەوە ***خوایە ڕێنوێنی کیژە سەر ڕەقەکە و مێردە مشورخۆرەکەی بکەی.*** بەدوایدا دوعایەکی پڕ وردەکاری بۆ یونس (هەندێ جار بۆ تیپەکەشـی) دەکـرد، بەوەی سـەربەرز و بەختیـار بن، بێئەوەی ناوناوبانگ لەخۆباییان بکا. پاشـان سـاتەوەختی دوعـای ئێلیاسیش دەهات. هیوای تەندروستی باش و ڕەزامەندی بۆ دەخواسـت، هیوای دەخواست کەسێکی دۆزیبێتەوە خۆشی بوێ. ئەوسا نـۆرەی دوعـا هەرە درێژەکەی دەهات، ئەویش بۆ ئەسکەندەر بوو، بۆ ***سوڵتانەکەی، بۆ شێرەکەی، بۆ بیلبیلەی چاوانی.***
لەوێدا کاتی واهەبوو تێدا مـابوو، تـۆبڵێی لەکـاتی خـۆی گەڕابێـتەوە و بڕیـارێکی راسـتی دابـێ. بەڵام پـاکیزەیی ئەو ژیـنگەیەی دەورەی دابـوو، وەک چۆن بەیـانیـان شـاڵەکە سـەروملی دادەپۆشـێ، ئیـدی خـۆ ئەمە لە راسـتی ڕەفتـارەکەی دڵنیـای دەکـاتەوە. ژیـان لەشـوێنێکی وا لاپەڕگەدا هەنگاوێکی کورتە بەرەو دێوانەبوون. ئەویـش هەوڵـی دەدا لەنـگەرەکەی خۆی بە سوپاسکردنی خودا لەسەر هەمـوو شـتێک، کە پێـی داوە و پێـی نەداوە، بـداتەوە. ئـاخر ئاسـتەمە تـۆ بەرەو شـێتبوون بـڕۆی کاتێـک دەرونت سوپاسگوزار بێ.
ئەو رۆژە بەرایيانەی لەندەن هەنوکە لێی ببوونە مەودايەکـی دوری نێـو خەون. یەکەمـین جـار کـاتێ سـواری پاسـە سـورە گەورەکـان بـوو، منـداڵەکانی خـۆی لەگەڵـدابوو، هێشـتاش یـونس لەدایـک نەببـوو. ئەو هەرگیـز ئەو زەوقەی لەبیـر نـاچێتەوە کـاتێ لەودیـو تەمـی پەنـجەرەی پاسـەکە کۆشـکی شـاژن و ئەو سـەربازە زیتـانەی ئەوی بینـی، بە وریـاییەوە بەسـەر پشـتی ئەسـپە کەڵەگەتەکـانەوە بـوون. کـاتێکیش گەیشتنە ئەو خانوەی (هاکنی) هەستی تەنیایی دایگرتبـوو، ئـاخر ئەوێ هەمیشە هەر باران و تەڕێتی بوو، ریزە خـانوە سـەر قرمیـدەکان لەپـاڵ یەک ریز ببوون، لە تەنیشتیشیانەوە باخچەیەکی بازنەیی هەبـوو. ئەو خــانوەی مێــردەکەی بۆیــانی گرتبــوو، پەڕپــوت بــوو، پێویســتی بە بـۆیەکردن هەبـوو. بەڵام خـۆ لای پەمبـێ کێشـەیەک نەبـوو، ئەو لەوە

ڕاهاتبوو گیان بە بەر شوێن و مەودا بچوکەکاندا بکا. ئەوەی لەگەڵی ڕانەهات، ئاوهەوا، باران و دڵتەنگی بوو. تۆپەڵە هەورە بۆرە ئاوسەکان بەرۆکی ئاسمانیان بەرنەدەدا. گەورەبوون لە لێواری فراتدا وای لێکردبوو بەرگەی تەڕوتوشی زستان و قرچەی گەرمای هاوین بگرێ، بەڵام ئاسان نەبوو لە لەندەنی هەمیشە ئاسمان هەور رابێ. هێشتاش ئەو حەزی دەکرد بچێتە بازاڕی ریدلی رۆود، سەیری خەڵک بکا چۆن سەودا دەکەن، ئاخر شەقامەکە لە خەڵکی فرۆشیار و کڕیار جمەی دەهات، هەروەک پورەی هەنگ وابوو. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لە بازاڕی ئیستەمبۆلی نەدەکرد، هەرچەندە جموجۆڵیشی تیدا هەبوو، ئەمەش مایەی خۆشی بوو. لەوێدا مرۆ توشی خەڵکانێکی رەنگی پێست جیاواز دەبووەوە، توشی رەشپێست و سپی پێست دەبوویەوە، لەو شوێنەی ئەو لێی بوو، بۆ ئەو هەر ناوی سەر نەخشەیەکی بولێڵ بوو.
ئەوە رێگای هاتوچۆ و راست و چەپی رۆیشتنی ترومبێلەکانی سەرجادە نەبوو، کە هەمیشە مایەی ترسانی بوو لە لەندەنییەکان. بەڵکو رەفتاری فەرمییانەی خانمە بەتەمەنەکان، بێ شەرمیی گەنجەکان، ئازادی کابانی ماڵێ، ئەو جۆرە متمانەیەی کە هەرگیز نەیبووە و پێشی وانەبوو دەتوانێ بەدەستی بێنێ، دەیسڵەماندەوە. ئەو سەرنجی لە ژنان دەدا بە خۆیان و تیشێرتە تەنکەکانیان کە گۆی مەمکیان تێدا دیاربوو، پرچە فرە رەنگەکانیان، کە لەبەر تیشکی رۆژ دەبریقایەوە، ئەو سەرسامییەی، کە چۆن ئەو شتە مێینانە (فێمینیستیانە) لەبەر دەکەن. جوتێک کچ و کوڕ لەسەر شەقام یەکدی ماچ دەکەن، جگەرە دەکێشن، دەخۆنەوە و مشتومڕ دەکەن. هەرگیز خەڵکانی وای لەژیاندا نەبینیوە، وا راشکاوانە و لەبەردەم خەڵکدا رەفتار بنوێنن. گوندنشینانی سەردەمی منداڵیی، خەڵکانێکی چەنەباز نەبوون، ئەویش بەخۆی کەسێکی سروشتکرد کەمدوو بوو. کەچی بۆ ئەو لەندەن نەتەوەی وشەکان بوو، زۆریش ماندوو دەبوو تا واتا شاراوەکانیان و نوکتە و پلارەکانیان تێبگا.
بەڵام ئەوە باڵندەکان بوون، لە شارە گەورەکاندا شایانی سەرنجدانی بوو، لە نێو هێلانە و درزەکاندا خۆیان حەشاردابوو، نەدەبینران، مەگەر ئەوکاتەی لەسەر یەک لەسەر شەقامەکان بەهۆی رۆکردنی هەندێ دان کەڵەکە دەبوون. مەلەکانی لێوارەکانی فرات وەک ئەو مەلانە

نەبـــوون. لەوێ زۆر جــۆرە نمــونەی مەل وەک لە بـــاخچەی ئـــاژەڵانی لەندەندا هەیە، نەبوون، بەڵام خۆ لای زێدی ئەو مەل ئازاد بوو.
لە لەندەن رقی لەوە دەبووە، کە بەر پەنجەرە و تاقەکان بزماری تیـژی چیمەنتـۆ وەک دڕک ودالێـک بـۆ ئـاژەڵان دانرابـوون، تـا رێ لەوەبگـرن مەلەکان لەو شوێنانە هەڵنەنیشنەوە جیقی پێدا نەکەن. لەوەش دژوارتر باخچەکانی بە بیردەهێنایەوە، کە سەر دیورەکانیان پڕ بـوون لەپـارچە شوشە وەک لە ئەستەمبۆلدا بینیبوی، گوایە رێ لە دز دەگرێ. تەنانەت بیرکردنەوە لەو شتە دەبووە مایەی دڵتەنگی. خـاوەن ئەو خـانوانە هەر ئەوەیان نەدەویست رێ لە لاساران بگرن، بەڵکو دەیانخواست دەست و پێشـیان بەو وردە شوشـانە برینـدار ببـێ. هـیچ حەزی بەو بزمـارانەی سـەرپەنجەرەکان، دیـوارە وردەشوشـەکانی باخچەکـان نەبـوو، یـاخود کەیفـی بەوەش نەدەهـات ئەوەی ژیـانی شـار بەرەبەرە بە خەڵـکەکەی دەکرد.

❖

دوای کوشتنەکە، پەمبێ بۆ ماوەی چەند مانگێک لە خانوی لانەوازەکـان مـایەوە. یـونس و ئەسـماش هەمیشـە بە پـارێزو وریـاییەوە سـەردانیان دەکرد، ئاگاشیان لەخۆیان بوو، کە هیچ شتێک بۆ مام و مامۆژنەکەیان نەدرکێـنن. تـا ئەوکـات، ئەسکەندەر گیـرا، راپێچـی زینـدان کـرا، بەڵام هێشـتاش پەمبـێ پەشـۆکا، ئـاخۆ دەربکەوێ یـان نـا. سـەرەتا لە بـێ لانەکان دەترسا نەبادا هۆکاری خۆشاردنەوەکەیان بۆ دەربکەوێ، کەچـی لەراســتیدا ئەوان بە دەگـــمەن چاویـــان بە رۆژنـــامە و گۆڤارەکانـــدا دەخشاند، لەوەش هەر گەڕێ، کە گوێیان بە بەنـدوباوی قسەوقسـەڵۆک نەدەدا، ئەمەش لە بەرژەوەندی پەمبێ بوو. هەر ئەوەش نەبوو، کە ئەو بێدەرەتانانە هەستیان بە کێشە نەدەکرد، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو شتەکە پەیوەنـدی بە دامودەزگـای نـاوخۆوە هەبـوو، ئەوانـیش دژی هەمـوو سـیمایەکی دەسـەڵاتدارن بـوون، بـۆیە ئەوان کەیفیـان بەوە هـاتبوو کەسێکی وا داڵدە بدەن، تەنـانەت دوای ئەوەی کە هۆکـاری راستەقینەی خۆشاردنەوەکەشیان بۆ دەرکەوت. یونس داوای لێکـردن یـارمەتی دایکـی بـدەن بەڵکـو هەنـدێ لە رواڵەتەکەشـی بگـۆڕن، ئەوانـیش گـورج ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە. ئەوان پرچـی پەمبێیـان کـورت کـرد و بە رەنگێکـی

سوری کاڵیان بۆیەکرد، هەروەک خانمەکانی ئیرلەندی دەرچوو. بە پۆشینی پانتۆڵۆنێکی جینز و چاویلکەی خڕ، وای لێهات نەناسرێتەوە.
لەگەڵ ئەوەشدا پەمبێ هەوڵێکی زۆری دا، بەڵام گەر هاتبا و یارمەتی خوشکە جمکەکەی نەبا لەو رۆژگارە تاریکەدا دەری نەدەبرد. شەوێکیان لە خانەی لانەوازاندا، ئەو لەبەردەم پەنجەرەکەدا دانیشتبوو، سەیری ئەو مەودا بەتاڵیەی بەردەمی دەکرد، لەپڕ شتێکی لە باخچەکەدا هاتە پێشچاوان، بێ هەستوقست بەڵام ئەو شەو بێدار بوو. ئای خۆ ئەوە جەمیلەی خوشکی بوو بەرەبەرە بەبێ ئەوەی قسەیەکی لەدەم بێتەدەرەوە، لێی نزیک دەکەوتەوە، خۆ هەر سیماکەی بۆ پەمبێ ئەوەندە بەس بوو کە دڵخۆشیێکی پێبدا. بەڵام بەڵام هەر زوو سیماکەی رەویەوە، هەروەک ئەوەی دڵۆپە شیرێک لەنێو ئاودا بتاوێتەوە، وایلێهات. کەچی ئەو دەرکەوتنە بەشێوەیەک لەشێوەکان پەمبێی لەوە دڵنیا کردەوە، کە خوشکە جمکەکەی هیچ ئازاری نییە و لە شوێنێکیشە هی ئەوە نییە مرۆ پێی نەگا. دوای ئەو رۆژە، هەمان تارمایی چەند جارێکی دیکەی لێدەرکەوتەوە و لەنێوان پەمبێ و ئەسکەندەر لە بەندیخانەدا دەهات و دەچوو.
کەمێک بەرلەوەی یونس و ئەسما وەرزی خوێندنەکەیان لە قوتابخانەیەک لە سوسێکس دەستپێبکا، پەمبێ بڕیاریدا بڕوا. ئەو بە تەوژمێکی تەواوەوە لەوە تێگەیشتبوو، کە رۆژگارەکەی لە ئینگلستان کۆتایی هاتووە و دەبێ بگەڕێتەوە. دەبێ بگەڕێتەوە لێواری فرات، ئەو زێدەی کە لێی لەدایک بووە، ئەمەش بە پێچەوانەی رەوشی ئێلیاس بوو. ئاخر ئەو رووەکێکی بەهەوادا هەڵواسراو نەبوو، ئەو پێویستی بەوەبوو بۆ رەگوریشەی بگەڕێتەوە و لەباوەشی بگرێ. یونس و ئەسماش پشتگیری نەخشەکەیان کرد، ئەوەشیان خستەسەر، کە دەتوانن لەوەرزی هاویندا سەردانی بکەن.
ئەوان هێشتا دۆستە کەهرەمانییەکە (مەبەست پارچە ئەڵماسەکەیە-وەرگێڕ) کە جەمیلە لەگەڵ خۆی هێنابوو، لەلابوو. جەمیلە لەنێو پاژنەی کلۆری پێڵاوەکەی شاردبووەوە، هێنابووی تا خوشکەکەی بۆی هەڵبگرێ. هیچ کامێکیشیان نەیاندەزانی ئاخۆ گەوهەرەکە چەند پارە دەکا. لە کۆتایشدا بە مەبەستی فرۆشتن، خانم پاول بە هاوکاری کاپتنی بە هانایانەوە هات، هەرچەندە یونس لەوپرسەدا بێ ئارام بوو.

لەوکاتەی خانم پاول خەریکی ڕێکخستنی گەشتەکەی پەمبێ بوو، پارچە ئەڵماسەکە فرۆشرا. بەشێکی پارەکە بۆ ئەسما و یونس بەلاوە نرا و بۆیان خرایە سەر حیساب بانکێک، بە باقیەکەش لانەوازان ئاهەنگی بە هەراوهوریای خۆیان پێ گێڕا، کە بۆ چەندان مانگ لە هاکنی باس هەر باسی ئاهەنگەکانی لانەوازان بوو. هەڵبەتە تاکە شت کاتێ سەودای فرۆشتنی پارچە ئەڵماسەکە لە هاتۆن گاردن ئەنجامدرا، ئەوبوو پەمبێ پەی بەوەنەبرد، کە ئەڵماسەکە دەکرێ بدرێ یان بکرێتە دیاری بەڵام نابێ بفرۆشرێ. ئاخر پێینەگوترا بوو، کە ئەڵماسەکە نەفرەتی لێکراوە؛ خۆ ئەگەر بشیزانیبایە، ئەو لەسەر نەخشەی فرۆشتنەکەی هەر بەردەوام دەبوو. ئاخر پەمبێ هەرچەندە تا سەر ئێسقانیش ژنێکی بڕوادار بەخورافیات بوو، بەڵام ئیدی لە ترسەکانی خۆی تەواو ماندوو ببوو.

کاتێکیش پەمبێ گەیشتە ئەو کۆلیەتەی خوشکەکەی لە دۆڵەکەدا هەیبوو، پێنەدەچوو لە روخسارە وێرانەکەی ئەوێ بترسێ. بەهۆی تێپەڕینی رۆژگار، بەهۆی بای چوار بایەکان، بەهۆی جەردەکان و بەگشتی پشتگوێخستنی بەشێکی ئەو خەڵوەتگایە ئارامەی جەمیل لەماوەی ژیاندا دروستی کردبوو، وێران ببوو.

جوتیارەکان بە گەڕانەوەی مامانە پاکیزەکە شادمان بوون، بەڵام هەرگیز لەوەش تێنەگەیشتن چیدیکە ژنەکە مامانی ناکا. لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتیان دا تا کۆڵیتەکەیان بۆ چاککردەوە. دەڤەرەکەش وەک جاران سەلامەت نەمابوو، بەڵکو ببوە شوێنێکی مەترسیدار. شۆڕشگێرە کوردەکان دژی میریی دەجەنگان و سەربازەکانیش بە رۆژ و شەو بەناوچەکەدا دەگەڕان. لەنێو ئەو هەموو شتانەشدا پەمبێ مایەوە، جێگەی جمکەکەی گرتەوە. لەوێدا کاتی واهەبوو لەسەر لێواری مەترسیدا بوو، بەڵام هەرگیز ئەمەی لە نامەکانیدا باس نەکرد. ئەو تەنها لەبارەی شتە جوانەکانەوە دەینوسی.

ئەو بەڵێنی بە منداڵەکانی دابوو، کۆچەکەی شتێکی کاتی دەبێ، ئەو هەر بۆ ماوەیەک دەمێنێتەوە، ئەوسا وەک ژنێکی نوێ دەگەڕێتەوە لایان، بەڵام هەر پێی نایەماڵی خوشکەکەی، دەستی بە رێکسختنی شتەکان کردەوە، پەمبێ بۆی دەرکەوت، کە نابێ لە رۆیشتنەوەیدا پەلە بکا.

## ئەسما

دەگوترێ ئەوکات لەدایکت دەگەی، کاتێک خۆت دەبیتە دایک، بەڵام بۆ من، نامەکانی پەمبێ یارمەتیدەرم بوون تا باشتر بیناسم.
ئەو بەردەوام نامەی بۆ دەنوسیم، بەکراوەیی زیاتر شتی لەبارەی خۆی پێدەگوتم لەوەی روبەڕوو پێم بڵێ. هەر جارێکیش زەرفە نامەی شین لەڕێگەی پۆستی فڕۆکەوە دەهات، حەجمانم لەبەر دەبڕا، ئەو کارە رۆتینییە هەفتانەییە دڵشادی دەکردم. ئیدی کە پۆستەکە دەگەیشت، چایەکم دێم دەکرد، لە سەر مێزی ناندینەکە دادەنیشتم و دەستم بە خوێندنەوەی نامە تازە گەیشتووەکە دەکرد، جارێک دەمخوێندەوە، پاشان چەند جارێکی دیکەش بەسەریدا دەچوومەوە، بەم ڕێگەیە دەمزانی دایکم باشە و لەسەرکەوتندایە.
کیژە خۆشەویستەکەم، چرای ژیانم لەم دنیایە و دنیاکەی دیکە،
من هەموو دەم بیرت لێدەکەمەوە. تکایە دەرگای دیدەنی بە روی براکەت دامەخە. ئەسما لێی خۆش ببە. هەر هیچ نەبێ هەوڵدە. من دەزانم ئەمە قورسە، بەڵام هەردەبێ وا بکەی. لەوەی دڵنیا بکەرەوە، کە تێبگا بەتەنها نەماوەتەوە. ئێمە هەرگیز بەتەنها نین. من لەخوا دەپاڕێمەوە یاوەرێکی بۆ بنێرێ، کەسێك کە حەز بە یاوەری ئادەمیزاد بکا، بشزانێ کە چەند نەزانە، بەڵام هێشتاش بەهەر شێوەیەك بێ خۆشیانی بوێ. هەموو رۆژ لە خوا دوعا دەکەم ئەو کەسە بدۆزێتەوە و بینێرێتە لای و لە زیندانەکەدا هاونشینی بێ.
خۆشەویستەکەم لێم قەڵس مەبە. نەڵێی تەنانەت ئێستاش من هەر لایەنگیری ئەوم. ئایا دەتوانی جیاوازی لە نێوان پەنجەکانتدا بکەی؟ ئیدی دایکیش ئاوایە. تۆ ناتوانی لەنێوان رۆڵەکانتدا پێشنۆرەیی بدەیتە یەکێکیان. ئەسکەندەر، یونس و تۆ بۆ من یەکسان و خۆشەویستن.

ئەم رۆژانە هەنـدێ قورسـە نـامە بە پۆسـتدا بنێـرم. گەر هـاتو مـاوەیەك هەواڵت نەزانیم، دڵتەنگ مەبە. دوێنێ شەو خەونێکی هەرە خۆشم دی. مـن لەیەك کاتـدا هەم لێـرە و هەم لەوێ لە لەنـدەنی شـاژن بـووم. بـارانیش دەباری، بەڵام ئەوەی جیاواز بوو، بـارانەکە رەنگـین بـوو، هەمـوو رەنگەکـانی تێدا بوون، ئەوەندەش بەجۆش بوو هەر دەتگوت یارییە ئـاگرینەیە بەڵام بـێ ئاگر. ئینجا بێداربوومە، بەڵام خۆ راستیش بـوو، هەمیشـە، مـن لەوێ لەگەڵ تۆم.
دایکی خۆشەویستت، پەمبێ

ئەمەیان دوا نامەی بوو، پێمگەیشت، ئەو نامەیەی کە جار لەسـەر جـار خوێنـدمەوە، لەبەر زۆر خوێنـدنەوەی کـاغەزەکە بـۆر ببـوو، جێـی پەنجەکانی بەسەردا دیاربوون، پەنجەکانم کەوتبوونە سەر جێ پەنجەی ئەو، وەک هێڵی تێکچڕژاوی چیرۆکنامەیەکی لێهاتبوو.
دواتـــر، دوای ئەوەی تـــوانیم بچـــمە تورکیـــا، گوندنشـــینەکان وردەکارییەکەیان پێگوتم، کەچی رویدا. ئەوان لەوە دڵنیایـان کـردمەوە، کە دایکم بەلای کەمی لەسەرەمەرگدا ئـازاری نەبـوو. نەخۆشیەکەشی لە ڤایرۆسـێکەوە بـوو، سـەرەتا لەسـەر پێسـتی مـل و باسکی وەک پـۆرگ سەریان هەڵدا، پۆرگی رەنگ پەمەیی بوون، هیچ شتێکی وا نەبـوو جێـی مەترسی بێ. بەماوەیەکی زۆر، بەرلەوەی نەخۆشەکە بلەرزێ و بکەوێتە سەر ئاو و ئارەقە، ئەگەر هاتباو چارەسەر نەکرابا، ئەو تایەکی قورس دایدەگرت لەپەلوپۆدەکەوت و بێهۆش دەکەوت، سییەکانی ئەوەنـدە لاواز دەکردن، هەرگیز هی ئەوە نەبوون جارێکی دیکە کارا ببـنەوە. پاشـان لە بەهاری ١٩٩٢دا ئاشکرا بـوو، کە ڤایرۆسـەکە لە ئـاژەڵەوە پەڕیـوەتەوە ئادەمیزاد و مانگانە نیو دەرزەنی خەڵکی ئەو دەڤەرەی کوشـتووە. دواتـر نەخۆشیەکە نەما، وەک ئەوەی هەرگیز شتێکی وا روی نەدابێ.
دیـاربوو دایکـم بـۆ شـتکڕین پەیوەنـدی لەگەڵ سەرنشـینانی گونـدەکەی (چـار بـا) کردبـوو، لەوێ تـوش ببـوو. ئەو سـەردانی مـاڵێکی کردبـوو، کابانی ماڵەکەش بۆ چا خواردنەوە فەرموی لێکردبـوو، داوای لێکردبـوو ئەو مافورەی نیشان بدا، کە بەگەنجی چنیبووی. کوڕێکی شەش ساڵانی ژنەکەش هەڵگـری ڤایرۆسـەکە بـووە، ئەو کـاتیش کەس نەیـدەزانی توشبووە، ئیدی ئەو لێی قوتاربوو دایکیشم بەهۆیەوە سەری نایەوە.

شەڕەف.........................................................

هەر ئەوکاتەش کە نامەکانی دایکم لێبڕان، لەوە تێگەیشتم، ئەو بۆ دووم و دواجار کۆچی دوایی کرد.

کۆتایی

# وشـــەدان

**ئـ**

**ئارایی:** پەیوەندی

**ئەوقبوون:** مەڕاقمان، حەپەسان.

**ئۆین:** فێڵ.

**ئاین و ئۆین:** فرتوفێڵ.

**ئارینۆک:** وردە نۆک، نۆکی هاڕدراو.

**ئالودە:** هۆگر، متو.

**ئاخنی:**خستنە ناو.

**ئاوەز:** هۆش، عەقڵ.

**ب**

**بەور:** پڵنگ، یان جۆرە پڵنگێکە.

**بەز:** چەوری سەر گۆشی ئاژەل.

**بادی:** دەفری ئاوتێداخواردنەوە.

**بیچم:** سەروکالۆخ. سیما.

**بریا:** خۆزگە.

**بلعات:** فرِوفێل.

**بەلبوون:** پەنمان، پفدان.

**بەرزاو و نیشتاو:** مەد و جەزری دەریا.

**بابۆڵە نان:** لەففە.

**بنەتەقە:** مین. لوغم.

**باول، باولۆکە:** سندوق

**بۆسە:** کەمین.

**بالیف:** سەرین.

**بەکاوەخۆ:** هێواش. لەسەرخۆ.

**بەساتی:** بە پەلە، بە تالوکە.

**بڵح:** ناشرین. ناقۆلا.

**بەڕەوانی کردن:** نێوانگیریکردن.

**بە سوێ:** بە ئازار.

**بەڵەد:** شارەزا. ئاشنا.
**بەدە و دوو:** بە زمان. لەبلەبان. بە قسە.
**بن کەوش:** بن هەنگڵ.
**بەردان، بەردا:** تەڵاق
**بیژمۆت:** بیژی. زۆڵ.
**بناولێدان:** مەلەی ژێر ئاو. چوونە ژێر ئاو. (غوص)
**بولێڵ:** بەرەو تاریک بوون.
**پ**
**پەلەسواندە:** گوێسەبانە.
**پەل:** تەخت، فلات. لق، قاچ
**پەژراندن:** قایلبوون، قبوڵکردن.
**پەنگر:** پشکۆ.
**پش:** هەناسە
**پۆلک، پۆلکتر:** خراپ، خراپتر. بەد، بەدتر.
**پێشنۆرە:** لەپێش شت(کەس)ی دیکەوە بێ. افضلیة
**پڕبابوون:** پەلاماردان.
**پڕژاندن:** رشاندن.
**پاشەبەرە:** دوا منداڵ.
**پۆڕ:** ئەو کەمەی پرچە لە پێشەسەر دەهێڵدرێتەوە.
**پێوەربوون:** بڵاوبوونەوە بەشوێنێکدا.
**ت**
**تێورپێچان:** پێچانەوە.
**تەواوعەیار:** فیت، کامل.
**ترپێ بنی:** بنی بنەوە. بندین.
**تێگیران:** کەسێک زمانی تەتەڵە بکا.
**تاژی:** سەگی راو.
**تیرۆک:** دارە باریکەکەی نانکردن، هەویری پێ پان دەکرێتەوە.
**تی:** شوبرا.
**تخونکەوتن:** نزیککەوتنەوە.

**ج**
**جزوە:** جزوەی قاوە.
**جۆداس:** شۆفان، جۆرە گەنمێکە.

شەڕەف........................................................................

***جێوبالینگان:*** *سەرین و چارپایە، شوێنی خەوتن و حەوانەوە.*

***خ***

***خاپاندن:*** *هەڵخەڵەتاندن.*

خۆماک: غەریزە.

***خاترجەم:*** *دڵنیابوون.*

***ختمکردن:*** *تەواوکردن، لێبوونەوە.*

***خۆهەڵدانەوە:****شانازی بەخۆکردن، فیزلێدان.*

***خۆڕسک:*** *خۆماک، سروشتی.*

***د***

***دایباب:*** *دایک و باوک.*

***دارِسان:*** *تەحەدا.*

***دەست بەڕوو وەنان:*** *وەڵامدانەوەیەکی نەرێنی. خواست بەجێ نەهێنان.*

***دەستەمۆکردن:*** *کەوی کردن، هێنانە پاڵ خۆ. قایلکردن.*

***دەسرۆک:*** *دەستەسڕ.*

***دەهریبوون:*** *توڕەبوون.*

***دوڕ:*** *ناو، نێو، ناواخن.*

***دابەستی:*** *ئەو ئاژەڵەی بۆ مەبەستی قەڵەوبوون بەخێودەکرێ.*

***دەستلایەز:*** *بەستەزمان، بێ وەی، هەژار.*

***دڵخەبەردان:*** هاجس.

***دۆدی و بۆدی:*** *فرتو فێڵ.*

***دەلینگ:*** *دەلینگی شلوار یان پانتلۆن.*

***دەرپەڕین:*** *خێرا دەرچوون.*

***دۆتمام:*** *کچە مام.*

دێمکردن: *چا لێنان و ئامادەکردن.*

***ر***

***رنی:*** *رۆچوونی کەویە بەفر، یان شاخ و زەوی.*

***ردێن تەمشولە:*** *سەکسوکە.*

***رێشمە:*** *رێشمەی وڵاخ بۆ بەرزەفتکردنی.*

***ز***

***زاری لێبەشبوو:*** *دەمی لە سەرسامیان کرایەوە.*

***زراو:*** *باریک.*

***زراوچوون:*** *ترسان، تۆقین.*

***زگورتی:*** *سەڵت.*
***زەندەقی چوو:*** *ترسا، توقی.*
***زریزە:*** *زنجیرە.*
***ڕەزەرەگوێز:*** *توێکی دەرەوەی گوێز کە هێشتا پێنەگەییوە.*
***زڕدایک:*** *باوەژن.*
***زاد:*** *نان.*
***زورانەوە***: ئێشان، ئازار.

***س***
***سەرشۆک:*** *مەغسەلە.*
***سواندە:*** *گوێسەبانە.*
***سەرەخۆرە:*** *ئاخرشەڕ.*
***سەنگرانەوە:*** *وەستانەوە. چەقین.*
***سەریان لەدوونا:*** *راویان نا.*
***سۆنە:*** *مراوی، یان جۆرێک لە مراوی.*
***سەرگۆزیلە:*** *سەرخڕ.*
***سەرجێیکردن:*** *لەگەڵ نوستن.*
***سەروکالۆخ:*** *بیچم، سیما.*
***سۆتەکە جگەرە:*** *پاشماوەی جگەرەی داگیرساو.*
***سوسەکار:*** جاسوس، سیخوڕ.
***ستەڕکەمێش:*** *هەنگەلان.*
***سەرکەبزۆت:*** *ئەو دارە سوتاوەی سەرەکەی بۆتە پشکۆ.*
***سوسکەئاسا:*** خێرا و تیژ.
***سەروسەکوت:****بیچم، سیما.*
***سەروکالۆخ:*** *بیچم، سیما.*
***ش***
***شیوشێلان:*** *دەستەوا. دەستڕەنگینی کەسێک لە شێولێناندا.*
***شەتوخوار:*** *گۆج، لار، خوار.*
***شاش:*** *هەڵە.*
شڕوشەپڕێو: ناپوت، ناڕێک.
***شێتوشور:*** *شێت، دین.*
***شین و شۆر:*** *شین و رۆڕۆ، داد و فیغان.*
***شێڕاندن:*** *قیژاندن، هاوارکردن.*

***شـڵـخە:*** *کـاتێ داکـانە مـێش لەبەهارانـدا زیـاد دەکـا و نەوی نـوێ لە ماکەکەیـان دەردەچن.*

***ف***

***فونگەفونگ:*** *دەنگی گریان.*

***فراژی بوون:*** *کامڵ بوون.*

***ق***

***قەلاقوپ کردن:*** *بێدەنگبوون.*

***قەیدی نەبوو:*** *هیچ نەبوو، کێشە نەبوو.*

***قرێژ:*** *پیسیی و پۆخڵی.*

***قەیرەکچ:*** *کچێکی بەتەمەن کە هێشتا شوی نەکردبێ.*

***قەفتەدار:*** *گوژمەدار، دەستەدار.*

***قەسرین:*** *لەسەرما رەقبوون.*

***قل:*** *دانە.*

***قولماتی نەکرد:*** *هیچی نەگوت.*

***قەندیلە:*** *چرایەکی کۆن، بەر لە فانۆس هەبوو.*

***قۆرت:*** *کەند، چاڵ، بیر.*

***قەپاڵ لێدان:*** *حەپلێگرتن.*

***ک***

**کارژیلە**: ئەوکارە(بەرخە)ی تازە زاوە.

**کاوڕ**: بەرخی قوربانی.

**کارانگاز**: کاریگەریی، باندۆر.

**کەتە**: زەبەلاح، قەبە.

***کسۆک:*** *سەگ.*

***کوێرباوەڕ:*** *پەڕگیر.*

***کۆش:*** *باوەش، ئامێز.*

***کڕبوون:*** *بێدەنگ بوون. کشومات بوون.*

***کەپەک:*** *توێکڵی ئەو گەنمەی لەئاش دەکرێ.*

کرێت: ناشرین، بلَح.

***کوریشک:*** *پێستی دەموچاو کاتێ لەبەر پیری وێکدێتەوە، ئیدی لوسایەتی نامێنێ.*

***کەزامزی:*** *ئەو شێوە زمان و زاراوەیەی کەس تێ‌ ناگا.*

***کیلۆن:*** *کیلۆنی دەرگا.*

***کێلبوونەوە، کێلکردنەوە:*** *قیتکردنەوە، راستکردنەوە.*

کنەی لێداوە: داڵغەی لێداوە، خوی پێوە گرتووە.
گ
گەف: هەڕەشە.
گاڵەدا: پێوەدانی دەرگاو داخستنی.
گاشەبەرد: گابەرد، بەردی گەورە.
گیر: عاسێ بوون، مانەوە.
گۆکردن: لەدەمدەرچوون، فۆنەتیک، تەلەفوز.
گاگۆڵەکردن: سەرەتای سەرپێ کەوتنی منداڵ.
گوفەکە: زبڵخانە.
گۆدبوون: سڕبوون، ئیفلیج بوون.
گوڕکردنە نێو شتێک: تێکردن. خستنە نێوو شتێک.
ل
لێوەشاوە: شایستە.
لەمەچێتر: جنۆکە.
لێنەبانکرد: خۆلی گێل کردن. بەسەروەنەچوون، لێ نەپێچینەوە.
لەوچەکردن: زۆربڵێی، چەلەحانێ.
لەواشەنان: جۆرە نانێکە ئەوندەی نانی تیرییە یان گەورەتریش.
لەترکزەبوون: ناسک. لەهەنجەت بوون.
لەڕەشەوە: لەگۆترەوە.
لایدە: غەریب، غەوارە.
لەقنارەدان:هەڵواسین، لەسێدارەدان.
لێ نزبوونەوە: دیققەت لێدان، لێڕامان.
لەتربردن: سەرپەلۆبردن، ساتمەبردن.
لێڕەوار: لێڕ، دارستان.
لەخۆبووەوە: کۆتایی هات.
لرفکردن: حەپەلوشکردن.
لە هارژندان: قیاندن، هاوارکردن.
لێخەوتان: بایەخ پێدان.
م
مەتارێزا: گۆرانی لادێی بۆ بوک گواستنەوە.
مسکەبوونەوە: خەندەبۆکردن، بزە.
مادۆنی: مۆڵەت.
متو: هۆگر، ئالودە.

**مێڵ:** نەیار، دوژمن.
**مەجمە:** سینی.
**مۆرە:** دایس. پول.
**ماک:** بنەڕەت. بنەما.
**منگەمنگ:** بۆڵەبۆل.
**ن:**
**ناکام:** منداڵێک بەهەشت مانگ لەدایک ببێ.
**ناوکەو:** ئەرزیەی خانو.
**ناوکەپەت:** ناوکەداو، الحبل السري.
**ناندین:** موبەق، مەتبەخی ماڵ.
**نەخاسمە:** بەتایبەتی.
**نزبوونەوە:** سەیرکردن، دیققەتدان.

**و**
**وشەدان:** جێگای وشە.
**وێکهاتن:** گرمۆڵەبوون.
**وەخران:** دواکەوتن.
**وردوهەڕابوون:** وردو خاش بوون.
**هـ**
**هەراش:** گەورە.
**هەتوان:** مەڵحەم.
**هاروهاج:** شێت و بزێو.
**هەڵتروکان:** لەشوێنێک کڕکەوتن.
**هەیڤ:** مانگ.
**هەژدەرهەژدەر:** خێرا خێرا، بەپڕتاو.
**هەڕەت:** لوتکەی پێگەیشتنی کەسێک یان شتێک.
**هەڵکڕاندن:** خوراندن، لێ تێگەیشتن.
**هەنوان:** شوێنێک کە بنمیچی هەبێ.
**هەڵگلۆفت:** دەستلێکدان، گوشین.
**هەیتە:** پۆلیس.

**ی**
**یەخەگیری یەکدی بوون:** پەلاماری یەکدییان دا.

## چاپکراوەکانی وەرگێڕ

1. نهێنییەکانی مۆساد، نوسینی گۆردۆن تۆماس، وەرگێڕان لە زمانی هۆڵەندییەوە، دووجار چاپکراوەتەوە؛ چاپی یەکەم ٢٠٠٨ چاپخانەی هێڤی، هەولێر. چاپی دووهەم دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤.
2. مادلین ئۆلبرایت، سیاسەتی ئەمریکا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سەنتەری نما ٢٠٠٩، هەولێر.
3. داود بنگۆریۆن، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل، نوسینی رۆبەرت سەنت یۆهن، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی هێڤی ٢٠١١، هەولێر.
4. کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنورە دەستکردەکاندا، نوسینی: هیسەر لێهر واگنەر. مێژوو. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە. چاپی یەکەم؛ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر ٢٠١٣. چاپی دووەم، ئاوێر ٢٠١٥.
5. وەرزێکی سپیی وشکوبرینگ، ئەندرێ برینک. رۆمان. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٣.
6. ژیانی من، چۆن ئیسرائیل دامەزرێنرا؟ گۆلدا مایەر، یاداشت، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر. ٢٠١٤.
7. ئینفێرنۆ، دۆزەخ، دان براون، رۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

**چەند سەردێڕێک لە ژیاننامەی وەرگێڕ**

- لە ١٩٦٨ لە گوندی گرتک لە دۆڵی روستێی دەڤەری باڵەکایەتی لە دایکبووە.
- لە ١٩٨٨دا بەکالۆریۆسی لە قانون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
- لە ١٩٩٧ەوە تا ٢٠١٢ ئاوارەی ئەوروپا (هۆڵەندا و بەریتانیا) بووە.
- لەپاڵ زمانی زگماکدا؛ زمانەکانی عارەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزی دەزانێ.
- لە ١٩٨٦ەوە هەوڵی نوسینی داوە. تا ئێستا هەشت کتێبی لە زمانەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕاون. دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی قانونی- سیاسیشی بڵاوکردونەتەوە.

شەڕەف.......................................................

# پێرست


یەک دوو قسەی وەرگێڕ ........................................ 3
ئەسما لەندەن، ١٢ سیپتێمبەر ١٩٩٢ ........................................ 5
ناوەکان وەک کڵۆی شەکرن گوندێک لە نزیک فرات، ١٩٤٥ ........................ 10
ڕەنگەکان گوندێک لە نزیک فرات، ١٩٥٣ ........................................ 15
ئەسکەندەر... ئەسکەندەر... گوندێک لە نزیک فرات ٧-١٩٦٢ ........................ 25
شازادەیەک لەسەر دار ئەستەمبول، ١٩٦٩ ........................................ 37
فوارەی مرازان شوێنێک لە نزیک فرات، ١٩٧٧ ........................................ 44
یادەوەرییەکان لەندەن، دیسێمبەر ١٩٧٧ ........................................ 54
زیندانی شریوزبێری، ١٩٩٠ ........................................ 66
پیاسەیەک لەبەر ڕۆژدا ئیستەنبول، ١٩٥٤ ........................................ 71
کەمێک لە ڕاستی لەندەن، دیسێمبەر ١٩٧٧ ........................................ 78
سوێندی گەورە لەندەن، ئۆکتۆبەری ١٩٧٧ ........................................ 82
زیندانی شریوزبێری، ١٩٩٠ ........................................ 92
ئەسما لەندەن، دیسێمبەری ١٩٩٧ ........................................ 99
پاکەتێک پاقلاوە گوندێک نزیک فرات، ١٩٦١ ........................................ 108
خۆشەویستی وەک ئەستێرەی کلکدارە شوێنێک نزیک ڕوباری فرات........... 119
هیچ هۆشمەندییەک بە بێ گەوجێتی نییە ........................................ 127
زیندانی شروسبێری ، ١٩٩١ ........................................ 134
ڕاسیزم و ئاردەبرنج لەندەن، دیسێمبەری ١٩٧٧ ........................................ 144
شۆخ و دەعباکە لەندەن، دیسێمبەری ١٩٧٧ ........................................ 158

بلوزە خوریێکی فشۆڵ لەندەن، ١٨ی دیسێمبەری ١٩٧٧ ........................... 166
پەڕجوەکان لەندەن، ٢٤ی دیسێمبەری ١٩٧٧ ........................... 172
زیندانی شروسبێری، ١٩٩١ ........................... 179
سمێڵەکە لەندەن، ١ی یانیوەری ١٩٧٨ ........................... 190
سەرسامییێکی بێدەنگ لەندەن، ٢ی یانیوەری ١٩٧٨ ........................... 195
شەرمەزاریی لەندەن، ٥ی یانیوەری ١٩٧٨ ........................... 201
بەشە ونبووەکە لەندەن، یانیوەری ١٩٧٨ ........................... 207
زیندانی شرێوزبێری، ١٩٩١ ........................... 212
شەڕێکی مەردانە لەندەن، مارتی ١٩٧٨ ........................... 222
دۆستێکی کەهرەمانەیی شوێنێک لە نزیک فرات، ئەپریلی ١٩٧٨ ........................... 229
ئەسما لەندەن، ئەپریلی ١٩٧٨ذ ........................... 240
دڵێک لە شوشە شوێنێک لەنزیک فرات، ئەپریلی ١٩٧٨ ........................... 247
کوڕێک لە مۆم لەندەن، مای ١٩٧٨ ........................... 254
هاڕونی قاچاخچی شوێنێک نزیک روباری فرات، مای ١٩٧٨ ........................... 256
زیندانی شرێوزبێری، ١٩٩١ ........................... 265
ئەسما لەندەن، مای ١٩٧٨ ........................... 276
زللەکە لەندەن، حوزەیرانی ١٩٧٨ ........................... 279
ماسیێکی خاتونەی قاوەیی گەورە لەندەن، تەموزی ١٩٧٨ ........................... 289
سەرداری ماڵێ لەندەن، سێپتێمبەری ١٩٧٨ ........................... 295
قەرزەکە لەندەن، ٣٠ سێپتێمبەری ١٩٧٨ ........................... 300
پیاوێک لەو دیوەوە لەندەن، ئۆکتۆبەری ١٩٧٨ ........................... 303
بڕیارەکە لەندەن، ئۆکتۆبەری ١٩٧٨ ........................... 311
دایک لەندەن، ئۆکتۆبەری ١٩٧٨ ........................... 315
زیندانی شرێوزبێری، ١٩٩١ ........................... 323
چڵ و قەفتەدارەکە لەندەن، ئۆکتۆبەری ١٩٧٨ ........................... 330
پەتەکە لەندەن، ئۆکتۆبەری ١٩٧٨ ........................... 343
بەردەلم ئەبوزەبی، نۆڤێمبەری ١٩٧٨ ........................... 335
ئەسما لەندەن، نۆڤێمبەری ١٩٧٨ ........................... 365
مەرەکەبی سەر ئاوریشم لەندەن، نۆڤێمبەری ١٩٧٨ ........................... 370
توشبوون لەندەن، ١٤ی نۆڤێمبەری ١٩٧٨ ........................... 375
عەبای خامۆشی لەندەن، ١ی دیسێمبەری ١٩٧٨ ........................... 381
کاتژمێرەکە ئەبوزەبی، ئازاری ١٩٨٢ ........................... 389
زیندانی شرێوزبێری، ١٩٩١ ........................... 399
وێنەی هاوشێوە لەندەن، ٣٠ نۆڤێمبەری ١٩٧٨ ........................... 404
دار لیمۆ لەندەن، ٣٠ نۆڤێمبەری ١٩٧٨ ........................... 409
ئەسما لەندەن، ١ی دیسێمبەری ١٩٧٨ ........................... 417

خاوێنکردنەوەکە لەندەن، ٥ی دیسێمبەری ١٩٧٨ ........................... 421
زیندانی شرێوزبێری، ١٩٩٢ ........................................... 420
ئەسما لەندەن، ١٢ی سێپتێمبەر ١٩٩٢ ........................................ 427
خەون لەناو خەوندا شوێنێک نزیک روباری فرات. مای ١٩٩١ ................. 442
ئەسما ................................................................. 448
وشـــەدان ............................................................ 451
چاپکراوەکانی وەرگێڕ ............................................... 458
چەند سەردێڕێک لە ژیاننامەی وەرگێڕ ........................................ 459